
# وێنەی
# هونەرمەند لە تافی لاویدا





رۆمان

# وێنەی
# هونەرمەند لە تافی لاویدا

نوسینی: جێمس جۆیس

د. ئازاد حەمە شەریف
لە ئینگلیزی یەوە کردوویە بە کوردی
عەتا قەرەداغی
پێشەکی بۆ چاپی دووەم نووسیوە

(چاپی بژارکراو)

هەولێر- ٢٠١٠



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا**
- نووسینی: جێمس جۆیس
- وەرگێڕانی: د. ئازاد حەمە شەریف
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- بەرگ: مەریوان زەندی
- ژمارەی سپاردن: (٨٣)
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ١٩٨٨
- چاپی دووەم : ٢٠١٠
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٤٣٣)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك


پێشەکی چاپی دووەم ............ ٩
دەربارەی نووسەر ............ ٢١
پێشەکی چاپی یەکەم ............ ٢٣
وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا ............ ٣١
پاری یەکەم ............ ٣٣
پاری دووەم ............ ٩٣
پاری سێهەم ............ ١٣٩
پاری چوارەم ............ ١٨٥
پاری پێنجەم ............ ٢١٥
فەرهەنگۆك ............ ٣١٣

## ئەم وەرگێڕانەم پێشکەشە بە:

- هونەرمەندانی راستەقینە کە پەیامی مرۆڤانەی خۆیان بە چنگێك پارە نافرۆشن.
- نووسەرانی رەسەن کە هەرگیز بە قسە و پارووی چەوری دەسەڵاتداران فریو ناخۆن.
- بە گەنجانی وڵاتەکەم کە ناسنامەی هونەری راستەقینەی مرۆڤایەتی لە جیاتی ناسنامەی حیزبایەتی دەخەنە گیرفانە بە تاڵەکانیان.

تێبینی: ئەم رۆمانەم لەو دەقە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە:

James Joyce, A Portrait of the Artist as aYoung Man,
(London: Heinemann, 1975)

# پێشەکی چاپی دووەم

**عەتا قەرەداخی**

رەنگە قسەکردن لەبارەی نووسەرێکی گەورەی وەکو جەیمس جۆیسەوە هەروا کارێکی ئاسان نەبێت بە تایبەتی لە نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا کە تاکو ئێستا بەشێکی کەم لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە دیارە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون و لەپاڵ ئەوەشدا تا مێژوویەکی نزیکیش بەرهەمی ئەم نووسەرە دیارە لە نێوەندی رۆشنبیری ئێمەدا وەکو بەشێك لە ئەدەبی بێهودە سەیرکراوە و بە بێ خوێندنەوەی جیدی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەش وەکو چەندین نووسەری تر لەخۆڕا و بەبێ هیچ بنەمایەك بەر نەفرەت کەوتووە. بێگومان ئەوەش ئاشکرایە بە هۆی هەژموونی ئەو عەقڵیەتە سیاسی و نامەعریفیەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا باڵادەست بووە و دەسەڵاتی بەسەر عەقڵیەتی رۆشنبیری ئێمەدا گرتووە ئێمەی وەها پەروەردە کردووە تەنیا یەك رەهەندی بینینمان بۆ دنیا هەبێت و هەر بیر و بۆچوونێك لەگەڵ روانین و فیکری ئێمەدا یەکنەگرێتەوە ئیتر بە نەیار و دژ و بێسوود سەیری بکەین. بێگومان ئەم روانینە دۆگماییە زیانێکی گەورەی لە نێوەندی رۆشنبیری ئێمە داوە و شوناسی داهێنانی لە پەیوەستبوون بە ئایدییۆلۆژیایەکی تایبەتەوە بەند کردووە و هەموو پێوانە هونەری و ئێستەتیکی و هەموو پرسیارە شووناسدارەکان و هەموو جۆرە جیهانبینیەکانی لە تاکە رستەیەکدا کۆکردۆتەوە کە ئەویش ئەوە بووە ئایا ئەم ژانرە ئەدەبی یان هونەرییە بە پێوانەی مارکسیزم یان ناسیونالیزم داهێنانە و بارگاوی کراوە بە توخم و رەگەزەکانی بەرگری یان نا. ئەویش بەرگری تەنیالا بە یەك پێوانەو یەك روانین کە ئەویش پێوانە و روانینی ئایدیۆلۆژیانە بووە ئایدیۆلۆژیایەك کە شوناسی ئایینی هەبووە.

بێگومان لە وەها زەمینەیەکی رۆشنبیریدا کە ئەویش خولقێنراوی ئەو هەموو نەهامەتی و بەدبەختیانە بووە کە بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا هاتووە ناشێت تەسەوری ئەوە کرابێت کە ئەدەبی نووسەرێکی خاوەن دیدی جیهانی و خاوەن پرسیاری مەعریفی و گەڕاو بە دوای نهێنیەکانی ژیاندا لە تونێلە تاریکەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵگادا هەروا بە ئاسانی لەم ناوەندە رۆشنبیرییەی ئێمەدا پێشوازی لێبکرێت. ئەمە سەرباری ئاستی لاوازی هۆشیاری ئێمە نەك



تەنیا وەکو نەتەوە بەڵکو وەکو نوخبەی خوێندەواریش بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی وەها ئەدەبێك و وەها هونەرێك کە پێویستی بە پاشخانێکی رۆشنبیری و مەعریفی دەوڵەمەند هەیە.

نووسەری بە ناوبانگی ئێرلەندی جەیمس جۆیس (١٨٨٢-١٩٤١) لە دەبلین و لە خێزانێکی گەورەدا لە دایك بووە و پەروەردە بووە و خوێندنی زانکۆیی لە فەلسەفە و زماندا بووە. سەرەتا بایەخی بە شیعر داوە و پاشان مەیلی بەلای شانۆدا چووە و دیارترین نووسینی سەرەتای جۆیس وتارێکە لەسەر شانۆگەری " کاتێ ئێمەی مردوو بە ئاگا دێین"ی نووسەری بە ناوبانگی نەرویجی هێنریك ئیبسن. لە راستیدا ئەم شانۆگەرییەی ئیبسن بەرجەستەکردنی ژیانی هونەرمەندێکە کە هەموو بەهاکانی جوانی و هەموو چێژەکانی جوانی و تەنانەت پاکژی و مرۆڤایەتیبوونی مرۆڤ لە هونەردا دەبینێ یان هونەرمەندانە هەموو بەها مرۆییەکان لە جوانیدا دەبینێت کە مەبەست لەوەش جوانی رۆح و ویژدانە کە لە ئاستێکی قوڵتردا مەبەستی لە گەوهەری راستەقینەی مرۆڤە وەکو بوونەوەرێك کە ویست و خواستی کۆنترۆڵکردنی گەردوونی هەیە. رووبەکی ئاشکرای کاریگەری جیهانبینی ئیبسن لەسەر جۆیس ئەوەیە کە بەرهەمی ئیبسن سەرباری ئەوەی کە رەخنەیەکی کۆمەڵایەتی توند و بێبەزەییانەیە لە کۆمەڵگا و دەسەڵات و چینی باڵادەست لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی هێماگەرییانە بەرجەستەی پەرتبوونی رۆحی مرۆڤ دەکات و لەوەشدا پێی وایە مرۆڤایەتی بە بێ رۆحێکی یەکگرتوو کە رۆحی راستەقینەی مرۆڤە ناتوانێت ئاسوودە بێت و وەکو مرۆڤ بژی. ئەم تێڕوانینە ئەنتۆلۆژییە کۆمەڵایەتیەی ئیبسن بە ئاشکرا کاری لە جۆیس کردووە و سەرەنجام سێبەری ئەم بۆچوونە ئیبسنیە لەسەر بەرهەماکانی جۆیس دیارە بە تایبەتی لەسەر رۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا. جۆیس بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرجەستەی ژیان و مەرگی رۆح دەکات ئەوەش لە میانەی بەرجەستە کردنی کێشەکانی هونەرمەندەوە نیشان دەدات. هەر لەو رێگایەوە ئەم نووسەرە دەیەوێت وێنەی ریالستانەی ژیان بە هەموو کێشەکانیەوە و بە شێوازێکی هێماگەرییانە بەرجەستە بکات و ئەو راستیە تاڵە دەربخات کە بریتیە لە هەڵسەنگاندنی ئیفلیجیە ئاکارییەکانی کۆمەڵگا یان ئیفلیجیە کۆمەڵایەتیەکان. لە راستیدا خەریك بوونی جۆیس بە ئیبسنەوە بە گشتی و بە شانۆگەری "کاتێ ئێمەی مردوو بە ئاگادێین"، بەتایبەتی روانینی جۆیسی ئاشکرا کردووە و ئەو روانینەش وەکو جیهانبینی ئەو سەیر دەکرێت و هەندێ لە رەخنەگران و توێژەرانی بواری جۆیس ناسی پێی دەڵێن" مانیفێستی جوانناسی و ئاکاری جۆیس". ئەمەش دەری دەخات کە جۆیس هەروا نووسەرێکی سادە و رووکەش نەبووە بەڵکو

روانینی تایبەتی خۆیی بۆ ژیان و بۆ مەسەلەی جوانناسی و بۆ رەفتار و ئاکاریش هەبووە و نەیتوانیووە لە دەرەوەی کۆمەڵگا باسی هیچ کام لەو مەسەلانە بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێی وابووە مرۆڤ وەکو تاك و وەکو کۆمەڵیش لە ژیانی ناسروشتی و نائاسایدا دووچاری کێشەی گەورە بووە کە ئەویش کێشەی پەرتبوونی رۆحە کە ئەوەش بەرەو ونبوون و تەمومژاوی بوونی ئایندە و چارەنووسی نادیاری دەبات. لێرەدا جۆیس لەگەڵ هیگڵ کۆکە کاتی باسی رۆحی رەهای کۆمەڵگا دەکات و پێی وایە تەنیا لە یەکگرتنی رۆح و بڵندبوونیدا مێژوو دروست دەکرێت کە ئەویش مێژووی بە مرۆڤبوونی مرۆڤە و ئەوەش لە بنیادنانی شارستانیدا بەرجەستە دەبێت. لە لای جۆیس رۆح پەرتبووە و بەوەش گەوهەر و ماهیەتی راستەقینەی خۆی ونکردووە و بەها جوانەکانی و بەها ئاکاریەکانی لەدەست داوە و ئەم لە بەرجەستەکردنەی وێنەی تاکە کەسی نوخبەدا کە ئەویش هونەرمەندە هەوڵدەدات لە لایەك لەو کێشە ترسناکە بدوێت کە یەخەی مرۆڤایەتی گرتووە و لە ئاستی نەگوتراویشدا هەوڵدان یان پرۆژەیەك بۆ جۆرێك لە بیناکردنەوە هەیە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە جۆیس بە جۆرە پەخشانێك یان هێلکارییەك دەست پێدەکات کە بە (Epiphany) ناو دەبرێت واتە بەیانکردن و ئاشکراکردن یان دەرخستن و خستنەروو و نیشاندانێکی بالاّ. کە ئەمەش لە راستیدا چەمکێکی ئاینییە و لە لایەن بیرمەندانی مەسیحیەتەوە بەکارهێنراوە بۆ دەرخستنی ئامادەبوونی خودا لە هەموو دنیای ئافریدەکراودا. هەندێ لە رەخنەگرانی دنیای جۆیس پێیان وایە سەرباری ئەوەی کە زارەوەی ئێپیفانی رەگ و ریشەیەکی ئایینی هەیە بەلاّم جۆیس لە رێگای پاڵەوانی وێنەی هونەرمەندەوە واتە ستیڤن ئەم زاراوەیە بۆ ئەزموونێکی عەلمانی دەگونجێنێت. ئەویش بەمەبەستی ئاماژە کردنی ئەزموونی تیشك خستنەسەرێکی لەناکاو و ئاشکراکردنی ئەوەی کە لە کاری پەیپێبردنی بابەتێکی ئاسایدا روودەدات. لە رۆمانی (وێنەی هونەرمەند)دا ستیڤن مەبەستی ئاشکراکردنێکی رۆحیە لە چرکەساتێکی چاوەڕوان نەکراو یان لە ناکاودا، واتە رۆح و چیەتی رۆح لە بەرگی سرووتی ئەزموونی ئەودا دەگەنە ئێمە واتە رۆحی هەرە گشتیترین بابەت وادەردەکەوێت بۆ ئێمە پرشنگ بداتەوە. بەرهەمەکانی جۆیس لە کورتە چیرۆك و رۆمانەکانی بەوە دەناسرێنەوە کە ژمارەیەك ئێپیفانیان تێدایە کە بەرزترینیان خستنەرووی ئەوەیە کە ستیڤن لە بەرچاوی کچێکی گەنج کە لە کەناری دەریاکەدا دەپەڕێتەوە ئەزموونی ئەو شتانە دەکات لە رۆمانی" وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا". جۆیس لە وەسفکردنی سادەترین شێوازی ژیاندا دەیەوێت



ئەوە بەرجەستە بکات کە خەڵکی مەبەستیانە شتێك لە بارەی گەوهەری ژیان و ئەو یاسایانەی کە بە رێوەی دەبەن بگوازنەوە. بێگومان مەبەستی جۆیس لەم شێواز بەکارهێنانە هەوڵدانی ئەوە بۆ یەکخستنی وەسفکردنی ریالیستانە و ناچرالیستانە پێکەوە و کۆکردنەوەیان لەگەڵ بەها سیمبۆڵیەکان. بەهەرحاڵ دەشێ بگوترێت (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا سەرباری ئەوەی وەکو ئۆتۆبیۆگرافیای جۆیس سەیر دەکرێت و ستیڤن بریتیە لە وێناکردنی جۆیس، دیسان دەتوانرێت بگوترێت ئەم رۆمانە لە پاڵ ئەوەدا کە لە ئاستی نادیاردا لە قەیرانی رۆح و پەرتبوونی رۆح و مردنی رۆح دەدوێت دیسان ئەو هۆکارانەش دەخاتە روو و کە بێ رەتکردنەوە بوون بە هۆی مردنی رۆح کە مەبەست لەوەش رۆحی گشتییە - ئەو رۆحە گشتیەی کە هیگڵ پێی وابوو لە بڵندبووندا شوناسی راستەقینەی مرۆڤ بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت و لە قۆناغە سادە و سەرەتاییەکانی ژیانەوە دەیگوازێتە بۆ قۆناغە بالاّکان ئەو قۆناغانەی کە مرۆڤ شایستەی ئەوەیە تیایاندا بژی و بیانگاتێ.

لەم رۆمانەدا جۆیس هەر ئەوە نییە کە بەسەرهاتی کەسێکی گەنجی ئێرلەندیمان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بۆ بگێرێتەوە  کە چۆن ئەو کەسە گەنجە پێدەگات و گەورە دەبێت، نەخێر بەڵکو لەگەڵ ئەم گێڕانەوەیەدا کە جۆرەها ئاشکراکردن و خستنە رووی تێدایە، جۆیس ئەو رێگایانە لەبەر دەگرێت کە بە هۆیانەوە رێگای تەواو ئالۆزی بوون بە هونەرمەند یان بوون بە شاعیر لە واقیعی ئێرلەندا و لەو کاتەدا نیشان بدات. لێرەوە زیاتر رووی ریالیستانەی (وێنەی هونەرمەند) لە بەرگێکی سیمبۆلیزمانەدا ئاشکرا دەبێت. جۆیس لە (وێنەی هونەرمەند)دا قۆناغ بە قۆناغ لە رێگای هەڵکشانی ژیانی پاڵەوانەکەیەوە ئەم گێڕانەوەیە دووبارە دەکاتەوە و سەرئەنجام وادەردەکەوێت کە ئەوەی دەیگێڕێتەوە بەسەرهاتی ژیانی خۆیەتی هەربۆیە بەهەڵەدا نەچووین ئەگەر پێمان وابێت (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا بەجۆرێك بریتیە لە ئۆتۆبایۆگرافیای جۆیس خۆی. جۆیس ژیانی منداڵی خۆی لە ناو خێزانەکەیدا وەها بەرجەستە دەکات کە وێنەی یان لاسایی کردنەوەی پێکهاتەیەکی گەورەترە کە ئەویش کۆمەڵگای ئێرلەندیی ئەو کاتەیە کە ئەم لە تافی منداڵیدا بووە. لەم رۆمانەدا جۆیس کۆمەڵێ شتی پێکەوە بەستراوی ژیانی خۆی و کۆمەڵگاکەی و واقیعی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئایینی و کەلتووری ئێرلەندا دەخاتە بەردەم لێدوانەوە و سەرەنجامیش وەکو تاکە کەسێکی سەر بە نوخبەی رۆشنبیر بەهەموو شتێك دەڵێ نا نەخێر، ئەوەش وای لێدەکات هەموو ئەو لایەنانەی کە ژیانی لاوێتی ئەمیان پێکهێناوە بۆ نیشتیمان بەجێ بهێڵێت. لە راستیدا جۆیس ژیانی

پاڵەوانەکەی کە لە ئاستێکی تردا بریتیە لە ژیانی منداڵی و لاوێتی خۆی بەم شێوانە و لەم بارودۆخانەدا بەرجەستە دەکات:

یەکەمجار خوێندن لە قوتابخانە و کۆلێژی یەسوعی و پەروەردەبوونێکی ئایینیانە و پێشنیارکردن لە لایەن خێزان و دەوروبەرییەوە بۆ ئەوەی فەرمانی پیرۆز بە روانینێکی ئایینیانە و لە روانگەی کلێساوە وەربگرێت بۆ ئەوەی سەرەنجام ببێت بە پیاوی ئایینی و رێنوێنیکەر و رێنیشاندەر. بەلاَم لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا جۆرێك لە گومانی ئایینی لای جۆیس درووست دەبێت و سەرئەنجام بڕوای بە ئایین لاواز و لەق دەبێت و لەوێوە بەدوای ئەڵتەرنایتیڤێکی تردا دەگەڕێت و پاشتر خۆی لە ناو رێکخستن و پێکهاتە و ئەڵقە ناسیونالیستەکانی ئێرلەندادا دەبینێتەوە، مانەوەش لە نێو ناسیونالیستی ئێرلەندەدا ناتوانێت جۆیس بگەیەنێتە یەقین و ئۆقرەی پێبگرێت بۆیە سەرسەختانە لەگەڕانی بەردەوامدا دەبێت - گەڕانێك کە خاسێتی سەرەکی داهێنەرە. لەوێوە جۆیس دەکەوێتە خۆپەروەردەکردن و دەگاتە ئەو بۆچوونەی کە دەبێ لە خودی خۆیەوە دەست پێبکات و گەڕانەکان زیاتر گەڕان بن لەناو بوونی خۆیدا پێش ئەوەی گەڕان لە دەرەوەی خۆی دەست پێبکات. بۆیە دەکەوێتە پەروەردەکردنی خۆی وەکو شاعیر و وەکو هونەرمەند و لەوێشەوە دەکەوێتە نێو دنیای عیشق و خۆشەوستیەوە و ئەوەش وای لێدەکات کە ژیان لە خۆشەویستیدا ببینێت و پێیوابێت هێزی عیشق و خۆشەویستی لە توانایاندا هەیە مرۆڤ بکەن بە مرۆڤ و ژیان بە ئاقارێکی راستتر و درووستتردا ببەن لەچاو ئەو شێوازەی ژیانی ئێرلەندە و کۆمەڵگای ئێرلەندیدا. سەرهەڵدانی ئەم جۆرە روانینە لەلای جۆیس دەبێتە سەرتایەك کە بەرەو ئەوەی دەبات ژیانی ئێرلەندا و کۆمەڵگای ئێرلەندی رەتبکاتەوە و بەدوای جۆرێکی تر لە ژیان و جوگرافیایەکی تر بۆ ژیان و کۆمەڵگایەکی تر بۆ تیادا ژیان بگەڕێت. ئەمەش سەرەنجام دەیگەیەنێتە بڕیارێکی چارەنووس ساز کە بەجێهێشتنی زێد و نیشتیمانی خۆیەتی واتە ئێرلەندا. هەرچەندە یەکەمجار ئێرلەندا بەجێدەهێڵێت و پاش ماوەیەك لەبەر نەخۆشی دایکی دەگەڕێتەوە بەلاَم دواتر بە یەکجاری کۆچ دەکات و ژیانی لە زیوریخ و فەرنسا بەسەر دەبات هەتا لەساڵی ١٩٤١دا کۆچی دوایی دەکات. لە راستیدا ئەمە ئۆتۆبایۆگرافیای جەیمس جۆیس خۆیەتی کە بەتەواوەتی لە ئاستی گوتراو و ئاشکرادا یان لە ئاستی نەگوتراو و لە شێوەی نادیاردا لە ئاستی بینراو و نەبینراوی دەقی رۆمانەکەدا بەرجەستە کراوە.

دیارە ئەوە ئاشکرایە کە لە رۆمانی کلاسیکدا نووسەر هەموو وردەکارییەکی ژیانی پاڵەوانەکەی باس دەکات و وێنەیەکی ئاشکرا و ناسراوی بەرجەستەکراوی پاڵەوانەکە و



دەوروبەر و پەیوەندی بە دەوروبەر و راستیەکانی ئەو واقیعەوە دەردەخات کە پاڵەوانەکەیی تێدا بەرجەستە دەکات و تێیدا دەیجولێنی یان پاڵەوانەکە خۆی تێیدا دەجولێت. بەواتا لە رۆمانی کلاسیکدا هەر لەسەرتاوە نووسەر شووناسی تەواوی پاڵەوانەکەی پێشکەش دەکات و خوێنەر بەئاسانی ئەو و تەنانەت کەسێتە لاوەکیەکانیش دەناسێتەوە. راستە هەندێ پێیان وایە کە جۆیس لە سەرەتای نووسین و بە تایبەتیش لە رۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا بە شێوەیەکی ریالیستانە دەنووسێت و ئالۆزی و تەموومژی زۆر لەسەر پاڵەوان و رووداوەکان نابینرێت بەلاَم ئەم قسەیە زۆر نزیك نییە لە راستیەوە چونکە لە (وێنەی هونەرمەند)دا بنەمای شێوازی نووسینی جۆیس ئاشکرا دەبێت و وەکو شێوازێکی نوێ و جیاواز سەیر دەکرێت کە دواتر لە رۆمانی (یۆلیسیس)دا ئەو شێوازە دەگاتە لوتکە و بەشێوازی جۆیسی دەناسرێتەوە. جۆیس لە بڕی پێشکەشکردنی ئەو هەموو وردەکارییەی نووسەرانی کلاسیك لەبارەی کەسێتی پاڵەوانەکانیانەوە دەیخەنە روو، لە بڕی گێڕانەوەی هەنگاو بەهەنگاوی ژیانی پاڵەوانەکەی دێت چرکەساتە گرنگ و دیار و حەساسەکانی ژیانی ئەو بەرجەستەدەکات و تەکنیکی ئیپیفانی و فلاش باك و شەپۆلی هۆش و مۆنۆلۆگی ناوەوە هەموویان یارمەتیدەرن بۆ زیاتر راوەستان لەسەر ئاشکراکردن و دەرخستنی ئەو چرکەساتە گرنگ و حەساسانە بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەر و پێشکەشکردنی وێنەیەکی کاریگەر بە مەبەستی ئامادەکردنی خوێنەر بۆ رۆیشتن لەگەڵ تەکنیکی جۆراو جۆری نووسینیدا کە ئەوەش هەمووی بۆ بەرزکردنەوەی پرسیارە گرنگ و پڕ ماناکانی مرۆڤە سەبارەت بە بوون و مردن یان سەبارەت بە یەکبوونی رۆح و کاریگەرییە نێگەتیف و ناجۆرەکانی پەرتبوونی رۆح و ونبوونی بەهاکانی جوانی و ئاکار کە ئەو ونبوونانەش لەکۆتاییدا دەبنە هۆکاری ونبوونی بەها مرۆییەکان کە ئەوەش ئەو قۆناغەیە مرۆڤایەتی بە ترس و گومانەوە سەیری دەکات. جۆیس وەکو نووسەرێکی خاوەن دید و بۆچوونی هونەرمەندانە لە دەرگای ئەو بابەتە هەستیارانە دەدات کە راستەخۆ پەیوەندیان بە کێشەکانی مرۆڤەوە هەیە چ لەسەر ئاستی تاکە کەس و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا.

وەکو گوتمان جۆیس هەندێ ساتی زۆر گرنگ و حەساس لە ژیانی پاڵەوانەکەی هەڵدەبژێرێت. لە رۆمانی (وێنەی هونەرمەند)دا مامەڵەیەکی وردی لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا کردووە و چەندین چرکەساتی حەساسی لە ژیانی ستیڤن بەرجەستە کردووە وەکو ئەوەی کە

"لێرەدا ستیڤن کوڕێکی بچووکە. خەڵکی چیرۆك بۆ ستیڤن دەگێڕنەوە. ستیڤن سەرسامە بە ئاوازی وشەکان. ئێستا ستیڤن دەبرێت بۆ کۆلێژ و کە دەگاتە ئەوێ لەبەر دەرگا گوێی لێدەبێت کە دایك وباوکی خواحافیزی لێدەکەن. ئێستا لە نێو هاوپۆلەکانیدا هەست بە بێئارامی و تەنیایی دەکات. سیستەمی قوتابخانە و خوێندن بۆ ئەو و بەلای ئەوەوە نادادپەروەرانە و پڕ لە سزایە. ستیڤن لە موناسەبەی جەژنی سەری ساڵدا دەگەڕێتەوە بۆ لای دایك و باوکی  بەڵام جارێکی تر ناچاردەبێت بگەڕێتەوە بۆ کۆلێژ و بۆ بەردەم سیستەمی بێسۆزی خوێندن و هەست بە تەنیایی کردن و سزا و پەرتبوونی رۆح و وردە وردە هەڵکشانی تەمەن و سەردانیماڵی ئافرەتە لەشفرۆشەکان بۆ یەکەم جار و لە تەمەنی شانزە ساڵیدا. پاشان ستیڤن هەست بە ئازاری سەختی ئەو یەکەم چرکەساتانە دەکات کە هەستکردن بە هەرەسهێنانی بڕوا بوونی بە ئایین دەست پێدەکات. ستیڤن هەست دەکات نیعمەتی ئیلهامی بەسەردا دەبارێت". ئەمانە بەشێکن لە چرکەساتە گرنگ و حەساسەکانی ژیانی ستیڤن رووداوی ناو رۆمانەکەن و ئێمە لێرەدا ئاماژەمان بۆ هەندێکیان کردووە و لە نێو چەندین رووداوی تری گرنگ و حەساسدا  هەڵمان بژاردوون.

یەکێکی تر لەو خاسێتە دیارانەی کە جۆیس لەم رۆمانەدا بەرجەستەی کردووە و بە پێچەوانەی رۆماننووسانی کلاسیکەوە کاری کردووە ئەوەیە لە رۆمانی کلاسیکدا چ لە ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنسی چ لە رۆمانی کلاسیکی روسیدا یاسایەك بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دنیا و هۆشیاری هەبوو کە بریتی بوو لە پەیوەندی هاوتای نێوان دنیا-مرۆڤ-هۆشیاری، جۆیس ئەو پەیوەندییەی هەڵگێڕایەوە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ — هۆشیاری- دنیا. ئەمەش ئەو راستیە نیشان دەدات کە لە رۆمانی تەقلیدی یان کلاسیکیدا  دنیا بە سەنتەر دانراوە و بایەخی مرۆڤ بە دنیاوە بووە و هۆشیاری و بەئاگایش لە ئاستی سێیەمدا دەهات بەڵام جۆیس مرۆڤ دەکات بە سەنتەر و هۆشیاری و بەئاگایش وەکو پێویستیەك لە دوای مرۆڤ راستەوخۆ دێت و دنیا دەکەوێتە کۆتاییەوە کە ئەمەش بایەخی بەرزی مرۆڤ نیشان دەدات و ئەوە بەرجەستە دەکات کە ئەوەی مانا و بایەخ بە دنیا دەبەخشێت تەنیا مرۆڤە و لە رێگای هۆشیاریشەوە دەگاتە ئەو ئاستەی کە ئەو بایەخە بە دنیا ببەخشێت ئەگینا دنیا بە بێ بوونی مرۆڤی هوشیار و بە ئاگا لەسەر هیچ بایەخێکی نییە.

(وێنەی هونەرمەند) کە لە پێنج بەش پێکهاتووە لە روانگەی مێژووی ئەدەبەوە وەکو سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە لە فۆرم و لە ناوەرۆکی ئەدەب بەگشتی و لە رۆماندا بە



تایبەتی سەیر دەکرێت کە تیایدا جۆیس روانیەنەکانی سەردەمی رۆمانی کلاسیك بۆ کەسێتی مرۆڤ هەڵدەگێڕتەوە و مرۆڤێکی وەها بەرجەستە دەکات کە هەموو نیگەرانی و کێشە و ئازارەکانی سەردەمەکەیی و ململانێ ناوەکیەکانی مرۆڤی هەڵگرتووە بەواتا ئەگەر تا ساتەوەختی جۆیس مرۆڤ تەنیا لە رووکەشی دەرەوە سەیر کرابێت و کەسێتیەکەی بەو شێوەیە و لەسەر رووی بینراو و ئاشکرای ئەو کەسێتیە هەڵسەنگێندرابێت ئەوا جۆیس مرۆڤ یان کەسێتی نێو رۆمانەکانی دەگێڕێتەوە بۆ ناو خودی خۆیان و بە جۆرێك دەیانکات بە خاوەنی شوناس کە بتوانن بیر بکەنەوە یان بە واتایەکی تر دەیەوێت ئەو چەمکە بە ناوبانگە بۆ بە دەستهێنانی شووناسی مرۆڤ بکات بە بنەما کە دەڵێت "من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم". بەهەرحاڵ جۆیس لە رۆمان و چیرۆکەکانیدا کەسێتێك بەرجەستە دەکات کە بگەڕێتەوە بۆ ناو دنیای تایبەتی خۆیی و لەوێوە سەیری دەرەوە بکات. وەك گوتمان ئەم رۆمانە لە پێنج بەش پێکهاتووە و ریزبەندی رووداوەکانیش جیاوازن لەو ریزبەندیەی کە بە پێی گەشەی بایۆلۆجیانەی پاڵەوان بەرجەستە دەکرێن، بەڵکو وەکو پێشتر باسمان کرد جۆیس گوڵبژێرێك لە چرکەساتە گرنگ و کاریگەر و حەساسەکانی ژیانی پاڵەوانەکەیی هەڵبژاردووە بۆیە گرنگ نییە چۆن ریز دەکرێن و چۆن رێکدەخرێن چونکە زۆربەی ئەو چرکەساتانەش لە گەڕانەوەی پاڵەوانەکەیدا بۆ یادەوەری رابردووی خۆی و بە فلاش باك دەهێنرێنەوە یاد و دەخرێنە بەرچاو یان بەردەم لێدوانەوە. دیارە هەندێ بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە پێیان وایە بنیادنانی (وێنەی هونەرمەند) لە پێنج بەشی درێژ لە ژێرکاریگەری سەرسامبوونی جۆیسدا بووە بە هێنریك ئیبسن و هەمان بنەمای شانۆگەرییەکانی ئەوی دووبارە کردۆتەوە لە بنیادنانی دەقی رۆمانی (وێنەی هونەرمەند) دا.

لە راستیدا جۆیس لە کۆی بەرهەمەکانیدا بە رۆمانی (وێنەی هونەرمەند)یشەوە سێ بابەتی گرنگ دەخاتە بەردەم لێدوان و قسەلەسەر کردنەوە کە ئەوانیش بریتین لە سیاسەت و ئایین و هونەر. لە یەکەمیاندا کۆمەڵگای ئێرلەندی و ناسیونالیزمی ئێرلەندی و مەسەلەی شووناس و بوون توخمە سەرەکیەکانی قسە لەسەر کردنی ئەو پێکدەهێنن. لە دووەمیاندا واتە ئایین مەسەلەی پەروەردەی ئایینی و خوێندنی لە کڵێسا و هەوڵدان و پێشنیارکردن بۆ ئەوەی ببێتە کاهین و مەسەلەی شلۆقبوونی بیرو باوەڕی بە ئایین و هەستکردن بە هەژموون و فشاری سەختی ئایین وەها دەبینێت کە بە جۆرێك ئازادییەکانی مرۆڤ بەرتەسك دەکەنەوە و رێگای بە کۆیلەبوونێکی هەمیشەیی والآدەکەن. لە بابەتی سێیەمیاندا کە پەیوەست بە کەسێتی داهێنەرانەی ئەو بایەخێکی زیاتری کە ئەویش هونەرە. بە شێوازێك هونەری کلاسیکی رۆمان

و تەنانەت کورتە چیرۆك دەخاتە بەردەم ئەزموونێکی نوێوە و لە دوو ئاستی هونەریدا شۆڕش بەرپا دەکات کە یەکەمیان لە ئاستی شێوازدایە و دووەمیشیان لە ئاستی جیهانبینی هونەریدایە. لە هەردوو ئاستەکەشدا هەوڵدەدات بە شێوازێکی جیاواز لە پێش خۆی سەیری ئیستەتیك واتە مەسەلەی جوانی و بەهاکانی جوانی هونەری و ئاستەکانی چێژی جوانی بکات و لە هەموو ئەمانەشدا بە ناوەندبوونی مرۆڤ دەکاتە پێوانە و تەنیا لەو روانگەیەشەوە هەم سەیری هونەر و هەم سەیری بەهاکانی جوانی و چێژی جوانیش دەکات.

بێگومان جۆیس لە تەکنیکی رۆمان و گێرانەوەدا بە یەکێك لە رابەرە دیارەکانی شەپۆلی هۆش و مۆنۆلۆگی ناوەوە دادەنرێت هەرچەند پێش جۆیس ئەم تەکنیکە بەکار هاتووە و هێنری جەیمس لە ساڵی ۱۸۹۰دا لە کتێبەکەیدا بە ناوی " بنەماکانی دەرونزانی" ئەم زاراوەی بە کار هێناوە بۆ وەسفکردنی پەیبردنی بەردەوام و لێکنەپچڕاوی حسی و یادەوەری و بیرکردنەوە و هەستکردن لە مێشکێکی بە ئاگا یان وروژاودا و ئەمەش بەکار هاتووە و کاری پێکراوە بۆ وەسفکردنی میتۆدێکی دیار و ئاشکرای گێڕانەوە لە رۆمانی نوێدا کە بە دوای هێنری جەیمسدا چەندین نووسەری دیاری بواری رۆمان و چیرۆکنووسین بە تایبەتی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا هەریەکە بە جۆرێك بە کاریان هێناوە لە ریزی پێشەوەی ئەوانەش جۆیس دێت. لە ناو نووسەرانی پێشەنگی بەکارهێنەری ئەم تەکنیکەی گێڕانەوەدا ناوی نووسەران ویلیەم جەیمس و ڤێرجینا وۆلف و کاترین مانیفیلد دێت بەلاّم ئاشکرایە رۆڵی جۆیس دیارتر و بالاّتر دیارە بە تایبەتی لە رۆمانی (یۆلۆسیس)دا.

بەهەرحاڵ قسەکردن لەسەر جۆیس هەمە لایەنە و فرە ئاراستەیە لەبەر ئەوەی ئەم نووسەرە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیی و شێوازی تایبەتی خۆیەتی و هەر بەو پێیەش دەقی جۆیس دەقێکی بارگاوی کراوە بە مەعریفەی جۆراوجۆر و گوتاری ئەدەبی ئەو گوتارێکی فرە رەهەندە و کۆی دەقەکانی بە دەقی کراوە دادەنرێن لەو روانگەیەوە کە بە رێگای جیاواز دەخوێندرێنەوە و هەڵدەگرن خوێندنەوەی هەمەجۆریان بۆ بکرێت. هەر ئەم فرە رەهەندی و فرە ئاراستەییە وەهای کردووە کە وەرگێڕانی دەقەکانی جۆیس هەروا کارێکی ئاسان نەبن . ئەم قسەیەش بۆ کۆی بەرهەمەکانی جۆیس راستە هەر لە چیرۆکەکانیەوە واتە کۆمەڵە چیرۆکی (دەبلینیەکان) تا دەگاتە (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا و تا دەگاتە (یۆلۆسیس) و (وەئاگاهاتنەوەی فینگیان). بێگومان زۆرێك لە وەرگێڕە دیارەکانی زمانی عەرەبی و تەنانەت فارسیش نەیانتوانیووە دەست بدەنە



وەرگێرانی بەرهەمەکانی جۆیس. ئەویش لەبەر ئەو هەموو ئاڵۆزی و نائاشکرایی و تەکنیکی چڕ و مامەڵەکردنی بەرزی لەگەڵ زمان و شێوازی نووسیندا. دیارە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی جۆیس بۆ زمانی کوردی کە وەکو خۆمان دەیزانین زمانی کوردی کارێکی ئەوتۆی پێنەکراوە لە بواری وەرگێڕاندا و نە لە رووی رستەسازی سینتاکسەوە بەشی ئەوە دەکات بە ئاسانی هەموو شتێکی پیێ وەربگێڕدرێت نە لە رووی زاراوەکانەوە دەتوانرێت زاراوەی گونجاو بۆ هەموو زارەوەکانی زمانانی تر بدۆزرێتەوە. دیارە هەر ئەم بۆچوونەشە وامان لێدەکات بڵێین تەنیا کاتێك زمانی کوردی دەوڵەمەند دەبێت کە پرۆژەی گەورەی وەرگێڕان لە زمانە زیندووەکانی دنیاوە بۆ سەر زمانی کوردی دەست پێبکات. دیارە تەنیا لە بارودۆخێکی وەهادا زمانی کوردی بە جۆرێکی ئەوتۆ دەوڵەمەند دەبێت کە بتوانرێت نەك هەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەرانی داهێنەری وەکو جۆیسی پیێ وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی بەڵکو پرۆگرامەکانی خوێندنیشی بە شێوەیەکی شایستە پیێ وەربگێڕدرێت و بنووسرێت.

هەوڵ و کۆششی دکتۆر ئازاد حەمە شەریف لە ریزی پێشەوەی ئەو هەوڵ و کۆششە بە ژمارە کەمانەیە کە دەبێ بە رێزەوە سەیریان بکرێت بە تایبەتی کە کاك ئازاد سەرباری ئەوەی لە ریزی پێشەوەی ئەو ژمارە کەمەی نووسەران و رۆشنبیرانی کوردە کە ئینگلیزی دەزانن، دیسان لە زمانی کوردیشدا دەوڵەمەند و بەسەلیقەیە. ئەو لە کاتێکدا دەستی دایە وەرگێڕانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا کەم کەس لە ناوەندی رۆشنبیری کوردیدا جۆیسیان دەناسی. ئەمەش کارێکە ناکرێت هەروا بە سادەیی سەیر بکرێت و بە رێکەوت دابنرێت بەڵکو پەیوەندی بە روانین و تێگەیشتنی دکتۆر ئازادەوە هەیە بۆ داهێنانی گەورە و بۆ هەستکردنی بە پێویستی ناوەندی رۆشنبیری کوردی بە ئەزموونە دیار و ناوازەکانی ئەدەب و هونەری جیهانی. بێگومان چاپی یەکەمی (وێنەی هونەرمەند) لە کاتێکدا کراوە کە تەمەنی کاك ئازاد لە نیوەی یەکەمی بیستەکاندا بووە. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە کە ئەو تەمەنە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەزموونی نووسین و وەرگێڕان تەمەنێکی کەمە بۆیە بۆ ئەو کاتە دەبێ دەستخۆشی لەو بکەین و بۆ ئەم چاپەی ئێستاش کە ئەزموونی کاك ئازاد لە بواری وەرگێڕان و نووسیندا دەوڵەمەنتر بووە و وەرگێڕانەکەی (وێنەی هونەرمەند)ی چەند جارێك بژارکردۆتەوە، دڵنیام هێز و پێزێکی زیاتری داوەتە وەرگێڕانەکەی و هیوادارم دکتۆر ئازاد تەندروست و سەرکەوتوبێت و لە ئایندەی نزیکدا

ببینین (پۆلۆسیس) و چەندین شاکاری تری ئەدەبی جیهانی لە سەردەستی ئەودا بکرێن بە کوردی و بکەونە بەر دیدەی خوێنەری خۆشەویستی نەتەوەکەمان. بەداخەوە، تاکو ئێستا ناوەندی رۆشنبیری کوردی بایەخی وەرگێران نازانێت لە کاتێکدا ناشێ و ناکرێت ئێمە وەکو کورد لە خەمی ئەوەدا بین بێینە ناو مێژووە و بە ئومێدی بنیادنانی کەسێتی مادی و مەعنەوی نەتەوەیی خۆمان بین و نەمانتوانی بێت پردی پێکەوەبەستن لە نێوان خۆمان و کەلتوری پێشکەوتووی رۆژئاوادا دروست بکەین کە بێگومان ئەو پردە تەنیا و بەس تەنیا لە رێگای وەرگێڕانەوە دەکرێت. وەرگێرانیش کاتێ نرخ و بەهاکەی دیار دەبێت کە لە زمانی یەکەمەوە وەربگێڕدرێت. بایەخی وەرگێڕانەکانی کاك ئازاد لە پلەی یەکەمدا ئەوەیە کە راستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوەیە کە زمانی ئینگلیزییە. لە کۆتایدا هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دکتۆر ئازاد دەخوازم و دەستخۆشی لێدەکەم.

**سلێمانی**

**٦ ی دیسەمبەری ٢٠٠٩**

# دەربارەی نووسەر

جێمس جۆیس لە (٢) ی ڕەشەمەی ساڵیٚ (١٨٨٢) لە شاری (دەبلن) چاوی بە خاکی ئێرلەندە هەڵهێنا. لە ناو خێزانێکی (شازدە - هەڤدە) کەسی دا گەورە بوو. خوێندنی پێش زانکۆی لە خوێندنگای (کلۆنگوۆز وود) و خوێندنگای (بیلڤیدیردا) تەواو کرد، لە خوێندنگادا قوتابیەکی زرنگ بوو و زۆر کەیفی بە هۆنراوە و زمانی لاتینی و زمانزانی دەهات. لە ساڵی (١٨٩٩) دا چووە (زانکۆی کاسۆلیکی دەبلن) و لەویٚ فەلسەفە و گەلیٚ زمانی تیا خوێند و لە ساڵی (١٩٠٢) دا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرت. هەروا لە شانۆیشدا مەیلی هەبوو و لە گۆڤاری (بەسەرکردنەوەی نیو مانگانە) دا وتارێکی لە سەر شانۆنامەی (کە ئێمەی مردوو لە خەو ڕادەبین) ی ئیبسن نووسی. لە ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٠٢) دا جۆیس چووە پاریس، بەڵام کە دایکی لە سەرەمەرگ دابووە بە ناچاری دوای ساڵێك گەڕایەوە دەبلن. لە خوێندنگایەکی هەرێمی (دەلکی) دا تا ساڵی (١٩٠٤) دا وانەی دەووتەوە، کاتێك (نورا بارنێکلٚ) ی بینی و حەزی لیٚ کرد و خواستی. پێکەوە چوونە (زیوریخ) و پاشتر چوونە (تریستا) کە جۆیس لەویٚ زانستی زمانی لە خوێندنگای (بێرلیتز) دەگوتەوە.

لە ساڵی (١٩١٢) دا گەڕایەوە دەبلن کە هەوڵێکی سەرنەکەوتووی دا تا کۆمەڵە کورتە چیرۆکی (دەبلنیەکان) بڵاو بکاتەوە، لە ساڵیٚ (١٩١٦) دا (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی)دا بۆ یەکەمجار لە شێوەی کتێب لە لایەن بڵاوکەرەوەیەکی نیۆیۆرکی بڵاوکرایەوە. لە ساڵی (١٩٢٢) دا ڕۆمانی (یولیسیس) و لە ساڵی (١٩٣٩) دا (واگاهاتنەوەی فینیگیان) ی تەواو کرد، ساڵی (١٩٤١) بوو کە لە (زیوریخ) گیانی خۆی بە خاکی دوورەوڵاتی سپارد.

# پێشەکی چاپی یەکەم

## چۆن ئەم رۆمانە دەخوێنیتەوە:

**ئازاد حەمە شەریف**

بەرلەوەی هیچ شتێك دەربارەی ئەم رۆمانە باس بکەم، بەپێویستی دەزانم کە بەلایەنی کەمەوە هەندێك شت دەربارەی باری رامیاری و کۆمەلاّیەتی و ئاینیی ئیرلەندە بخەمەڕوو، پاشان کاریگەری ئەوانە لەسەر جۆیس (یا ستیڤن دیدالۆسی پالّەوانی ئەم رۆمانە) دەربخەم و لە دواییش بێمە سەر تەکنیکی رۆمانەکە.

ئەگەر سەرنجێکی وورد لە مێژووی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی ئیرلەندە بدەین، دەبینین کە تووندوتیژترین ململانێ ی سیاسی و سەربازی ئەو ناوەی گرتۆتەوە. خۆ تەنانەت لەو کاتەی جێمس جۆیس لە دایك بوو ئەو کاتە خاکی ئیرلەندە گۆڕەپانی زۆرانبازی سیاسی بوو و گیانی نەتەوەیی گەلی ئیرلەندەیش لە واگاهاتنەوە بوو بۆ تێکۆشان لە پێناو هینانەدی سەربەستی دژ بە داگیرکەری ولاّتەکەیان - بەریتانیا. ئا لەو ساتەدا بوو کە پارنێلّ (١٨٤٦- ١٨٩١) ی پێشەوای میللی ئیرلەندە و (شایە تاج لە سەر نەنراوەکە)ی، وەك لەو ڕۆمانەدا بەوە ناوی دەبەن، خەریکی ڕێکخستنی سیاسی بوو و هەولّی دەدا گەلی ئیرلەندی یەك بخات و دژ بە حکومەتی زۆردار و چەوسێنەری بەریتانی دەجەنگا.

بەلاّم داگیرکەری بەریتانی زۆر زۆر لەو پیتۆلّ و کەمۆ و کارامەتر بوو. جا ئەو بەربەرەکانێ و دوژمنکاریە ئایینی یەی لە نێوان تیرە و دەستە ئایینی یەکان هەبوو، بە هەردوو ڕێبازی کاسۆلیك و پرۆتستانتەوە، ئەگەرچییش زۆربەی خەلّکی ئیرلەندە کاسۆلیکن و زۆربەی بەریتانیا پرۆتستانت؛ کە دەبوایە ئەوە هۆیەکی یاریدەدەر بوایە بۆ جەنگان دژ بە ئینگلیز - دوژمنی سەروخاك و ئایینی یان؛ بەلاّم حکومەتی بەریتانیا لە ڕێگای کڕینی هەندێ لە پیاوە ئایینی یە گەورەکان، وەك سەر ئەسقەف و ئەسقەف و قەشەکان، توانی ناوی پارنێلّ لە ناو کۆمەلّێ ئیرلەندی بزڕێنێ. بەم پێ یە ئایینی کردە داردەستێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی پارنێلّ، چونکی بەریتانیا زۆر چاك دەیزانی کە گەلی ڕەش و ڕووتی ئیرلەندی زۆر بڕوای بە ئاین هەیە. جا لە ئەنجامی ئەو کارەی حکومەتی بەریتانی گەلێك



لێکدابڕان لە ناو لایەنگیرانی (پارنێلّ) پەیدا بوو؛ ئەو جۆرە بەربەرەکانێ یەش بە ئاشکرا لە سەر هەموو شەقام و مالّێکی ئیرلەندی دەبینرا. حکومەتی بەریتانی هەر بەوەندە نەوەستا بەلّکو لەکەی ناڕەوشتی و داوێن پیسی یشی نایە پالّ پارنێلّ؛ ئەو حکومەتەی کە خۆی گالّتەی بە ڕەوشت دێ چونکی ناڕەوشتیترین و نامرۆڤانەترین شتی دنیا بریتی یە لە چەوساندنەوەی میللەتێك لە لایەن یەکێکی دیکەوە.

هەر بەم پێ یە ناووناتۆرەی وەك (ئاشقی کێتی ئۆشێ) و (دزی بانقی فەرەنسا) و گەلێ ناوی دییان دایە پالّ پارنێلّ. مەسەلەی (کێتی ئۆشێ) ئەوە بوو کە (کێتی) ژنی یەکێك لە ئەندامانی پەرلّەمانی بەریتانی بوو و ژنە لایەنگیری مەسەلەی ئیرلەندی بوو و پارنێلیّ خۆش دەویست؛ هەر مەپرسە ئەوەیان لە سەر پارنێلّ کردە چ شوورەییەك تا ناوی پێ بزڕێنن. بەلاّم مەسەلەی بانقی فەرەنسا ئەوە بوو کە (پارنێلّ) پارەی کۆمەلّەی نەتەوەیی ئیرلەندی لە بانقی فەرەنسا دانا بوو بۆ کاتی پێویستی و تەنگانە چونکی ئەو بیری لە شۆرشێکی درێژخایەن دەکردەوە، ئینگلیزەکان ئەوەیان بەهەل زانی بۆ ناو زڕاندنی پارنێلّ و بە دز دەرهێنانی، ئا بەم شێوەیە و بە گەلی شێوەی دیش توانیان هەر چونێك بێت (پارنێلّ) لەناوبەرن. لەناوچوونی (پارنێلّ)یش کۆستێکی گەورە بوو بۆ هەموو گەلی ئیرلەندی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئیرلەندی. ئەم کارەساتە ڕەشبینی و بێزاریەکی گەورەی لە دلّی زۆربەی خەلّکی بەجێ هێشت. ئەوساش تەمەنی جۆیس تەنها (٩) سالاّن بوو.

ئەمە بوو کورتەیەکی لایەنی مێژووی رامیاری ئیرلەندا. بەلاّم با بێینە سەر لایەنی کۆمەلاّیەتی.

ئەوەی راستی بێ ئیرلەندا پێش هەموو شتێك وولاّتێکی کشتوکالّیە و وولاّتێکە کە گەلێکی هەژار و داماو و چەوساوەی تێدا دەژیت و لە لایەنی رۆشنبیری یەوە باریان کەوتووە. ئەو هەمووانە ڕێگریك بوون لە بەردەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئیرلەندی.

کەچی لە لایەنی ئایینی یەوە، ئەگەرچی زۆربەی دانیشتوانی ئیرلەندە کاسۆلیکن، تەنها کەمێکیان نەبێ؛ کە ئەوەش بەردەوام دەبووە هۆی شەڕ و ناخۆشی لە نێوانیان و حکومەتی داگیرکەری بەریتانی سوودی لەو جیاوازیانە وەردەگرت. قسەی خۆشمان بێ چ ئەسقەف و چ کەشیشەکان ئەلّقە لە گوێ ی ئینگلیز بوون و ئەویش دەسەلاّتی بۆ دیار دەکردن و هەر ئەویش بوو کە فەرمانی پێ دەکردن ووتاری رۆژانە و هەفتانە و مانگانە تەرخان بکەن بۆ لێدان لە بزووتنەوە راستەقینە رزگاریخوازەکانی ئیرلەندە.

جا جۆیسێك کە گەورە بووی ناو ئەو ئاو و خاکە بێت و لە ناو باوەشی ئەو هەموو گێروگرفت و ئاژاوانە لە دایك بووبێ؛ ئەگەر ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە بنەماڵەی ئەو - بە تایبەتی باوکی کادیرێکی گەورەی سەردەمی (پارنێڵ) بوو بێ؛ ئاخۆ دەبێ ڕۆمانەکەی لەو زۆرانبازی یە رامیارییانە بە دەر بێ؟ یاخود دەتوانێت گوێ ی خۆی لە ئاست زۆرانبازی کۆمەڵایەتی و ئایینی کەڕ بکات؟

هەر لەبەرئەوەشە لە زۆر جێ ی ئەو ڕۆمانە دەبینین جۆیس شێوەی خستنەکاری (تطبیق) ئایین و کڵێسا رەت دەکاتەوە؛ چونکی دەبینێ ئەوانە لە ڕێ ی ڕاستی دەرچوون و لە خزمەتی مرۆڤایەتی دانین و بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لە سیاسەت و پەیامی مرۆڤ پەروەرانەی خۆیان لە پێناو بەرژەوەندی مادی دا وەلاوە ناوە و گەورەترین خزمەت بە داگیرکەران دەکەن.

سێ شت هەن کە مێشکی مرۆڤی سەدەی بیستەم بە بەردەوامی داگیر دەکەن - ئەوانیش بریتین لە: ڕامیاری، ئایین، سێکس. لەم ڕۆمانەدا ئەو هەرسێکانە لەپاڵ سەرپاکی مێژووی ئێرلەندا دەدۆزێتەوە و کاریگەری ئەو سێ یانەش بە ڕوونی بە سەر پاڵەوانەکەی (ستیڤن دیدالۆس - کە جۆیس خۆیەتی) دیارە.

زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە جۆیس نووسەرێکی بێ پەیام بووە و هەربۆیەش ئێرلەندەی جێ هێشت و چووە ئەورووپا.

پێش ئەوەی هیچ قسەیەك لەو بارەیەوە بکەم دەمەوێ وشەی (پەیامدارێتی) پێناسە بکەم و ئەو کاتە روون دەبێتەوە کە (جۆیس) نووسەرێکی پەیامداربووە یان نا؟ ئەوسا دەزانین جۆیس لە زۆربەی نووسەرانی دنیا و ئێرلەندا پەیامدارتر بووە و ئەوەی ئەو بۆ ئێرلەندا و گەلی ئێرلەندا کردی لەسەرووی کاری هەموو نووسەرانی ترەوە بوو.

بە پێ ی ڕوانینی من پەیامدارێتی لە نووسین یا هونەردا ئەوەیە لەگەڵ ژان و ئازارەکانی میللەتەکەت بژیت و بستێك لە کێشە سەرەکی و ناسەرەکی یەکانی دوور نەکەویتەوە و ئەو بابەتانە هەمیشە هەوێنی بیرت بن و ڕەخنە لە هەموو چەوتی و هەڵەیەکی کۆمەڵگە بگریت.

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی سەرەوە جۆیس یەکێك لە نووسەرە تەواو پەیامدارەکان بووە؛ چونکی هەر لە کورتە چیرۆکەکانی (دەبلنیەکان) و (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا) و (یولیسیس) و (واگاهاتنەوەی فینیگیان)ەوە بگرە تا هەر دێڕێك جۆیس نووسی بێ، هەر هەمووی دەربارەی ئێرلەندا و ئێرلەندی یەکان بووە. تەنانەت کە بە لاشەیش ئێرلەندای جێ هێشت بەڵام بە بیر دەبلن و ئێرلەندە و رووباری (لیفی) و کۆمەڵێ ئێرلەندی هەر لەگەڵی دەژیان.



بۆ دڵنیابوون لەو قسەیە با ئیشەکانی بخوێنینەوە. لە دوا لاپەڕەی (وێنەی هونەرمەند) کە دەیەوێ ئێرلەندە جێ بهێڵێ دەڵێ:

(من دەڕۆم تا بۆ ملیۆنەمین جار ڕووبەڕووی راستی ئەزموون ببمەوە و تا لە کوورەی ڕۆحمدا وێژدانە نەخوڵقاوەکەی نەتەوەکەم دابڕێژم).

ئەگەر ئەوە پەیامدارێتی نەبێ ئەدی پەیامدارێتی چییە؟

ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن پەیامدارێتی بریتی یە لە داواکرن بۆ گۆڕینی واقیع و تێکۆشانی ڕامیاری. ئەوەی جۆیس و بە تایبەتی ئەو ڕۆمانەی بەوردی بخوێنێتەوە لە هەموو لاپەرەیەکی هەست بەوە دەکات کە ئەو کۆمەڵگەیە پێویستی بە گۆڕان هەیە، بەڵام ئەگەر تێکۆشانی رامیاری جۆیس بکەن بە بەڵگەی بێ پەیامی جۆیس، ئەوە مەسەلەی نووسین نی یە، بەڵکو مەسەلەی سیاسەتە. وەنەبێ من لێرەدا پاکانە بۆ جۆیس بکەم، بەڵام جۆیسیك کە بە لاشە لاواز و بە چاو کت و کوێر بێ، وا بزانم ئەوەی لە دەستی هاتووە بۆ ئێرلەندەی کردووە و ئەوەندەیش ئەو ئێرلەندە و کێشەی ئێرلەندی بە دنیا ناساند؛ ئەگەر پێوەنانی پێوە نەبێ، باوەڕ ناکەم پیاوە رامیاری یەکان بارتەقای ئەویان کرد بێت.

بەڵام ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن و جۆیس بە نووسەرێکی بێ پەیام دادەنێن و رەخنە تووندو تیژەکەی جۆیس لە ئێرلەندە و کۆمەڵی ئێرلەندی؛ هەر لە پیاوانی رامیاری یەوە بگرە تا قەشە و مامۆستا و قوتابی و گوڵفرۆشەکان دەکەنە داردەستی خۆیان؛ ئەوانە بێ گومان بەرەواژ لە مەسەلەکە گەیشتوون. چونکی ئەگەر ئێمە بە چاوێکی کراوەوە بڕوانینە رەخنەکانی جۆیس ئەوانە لە خۆیان دا دەبنە مایەی مەزنی پەیامدارێتی جۆیس نەوەکا کەم کردنەوەی پەیامدارێتیەکەی: چونکە ڕۆمانی (سوور و رەش) ی ستاندال و (هێشووی ڕەق) ی شتاینباك و (سەدەیەك لە گۆشەگیری) ی مارکیز هەر لەبەر رەخنە گرتن و هەڵسەنگاندنی باری کۆمەڵگەکانیان بوونەتە شاکاری جیهانی. ئەمە لە سەرێکەوە، کەچی لە سەرێکی ترەوە تا ڕەخنە لە شتی کۆن و دارزاو و هیچ و پووچی هەر کۆمەڵگەیەك نەگیری، گۆمی مەنگی ئەو کۆمەڵگەیە هەرگیز پاك نابێتەوە، بەڵکو بۆگەنتر دەبێت. کەواتە بەپێ ی ئەو پێودانگە ڕەخنەکانی جۆیس هەم روخینەر و هەم بنیات نەریشن. چونکە تا کۆن لانەبرێ نوێ لە دایك نابێت. هەر بەو پێ یەش لای زۆربەی جۆیس ناسانی دنیا ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند) بەرهەمێکی نەمرە چونکە ڕۆمانێکی (رەسەنە) و بە شێوازی ریالیزمی رەخنەگرانە - ئەمان

به تێرو تەسەلی لە کۆمەڵگەی ئێرلەندی دواوە، لە گۆشەنیگای هونەرمەندێکی رەخنەگرەوە کە (ستیڤن دیدالۆس = جۆیس) خۆیەتی.

ئەوە بوو، بە کورتی، لایەنی ناوەرۆکی (وێنەی هونەرمەند). لە پاڵ ئەوانەی باسمان کردن زۆر مەسەلەی گرنگی هونەری و ئیستاتیکی و چەندین گۆرانی میللی و وێنەی خەڵکی سەر شەقام و شار و گوندانی ئێرلەندی دەبینینەوە.

لێرە پرسیارێك سەر قیت دەکاتەوە؛ بۆ ئەم رۆمانە لە پاڵ ئەو هەموو گێرمە و کێشەیە و ئەو هەموو دژ بە جۆیسانە بوو بە رۆمانێکی جیهانی؟

گەلێ شت بوونە هۆی ناووبانگ دەرکردنی ئەو رۆمانە: یەکیك لەوانە (تەوژمی هۆش)ە کە بۆ یەکەمین جار بەچەشنێکی هەرە کاریگەر وەك چەکی واژی کردنەوەی دەروونی پاڵەوانەکانی، لە لایەن جۆیس بەکار هێنرا.

وێڕای ئەوەش جۆیس لەم رۆمانەی دا سوودێکی یەگجار زۆری لە ئەفسانەی (دیدالۆس و ئیکارۆس) ی گریکی وەرگرتووە. ((ستیڤن)) پاڵەوانی ئەو رۆمانە، زۆر جار بە ناوی دیدالۆس بانگ دەکرێت. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو مەسەلە گرینگە باشتر وایە ئەفسانەکە بگێرمەوە:

(دیدالۆس کۆڵەر و پەیکەرتاش و تەلارسازێکی یۆنانی زۆر مەزن بوو. کۆشك و تەلاری (نیەهی) بۆ میر (مێنوس) ی کرێتی دروست کرد. پاشان میر مێنوس لێی دوودڵ دەبێ و خۆی و کوڕەکەی لە زیندان دەپەستێ. بەڵام دیدالۆسی زیرەك باڵ بۆ خۆی و ئیکارۆسی کوڕی لە لقی شۆڕەبێ و شەمێ و پەرۆ و پەڕاموو‌چە دروست دەکات. لە زیندان هەڵدەفرێ و بەرەو (سقلیا) دەکەوێتە رێ. لە ئاسمان بە کوڕەکەی دەڵێ: کوڕم بەرز مەفڕە چونکە باڵەکانمان لە شەمێ دروستکراون و تینی خۆر دەیان توێنێتەوە. بەڵام کوڕە سەرمەستی فڕین لە کەللەی دەدا و خوێنی جاحێڵی لە شادەمارەکانی کەف و کوڵ دەکات. یەگجار بەرز دەفڕێ. لە ئەنجام دا باڵەکانی دەتوێنەوە و پەڕەکانی هەڵدەوەرێ و بەردەبێتەوە ناو دەریای سپی ناوەڕاست و لەوێ دەمرێ. دیدالۆسی داماویش لاشەی کوڕە دەردێنێ و تێر تێر فرمێسکی بۆ هەڵدەبارێنێ).

با بزانین جۆیس چۆن سوودی لەو ئەفسانەیە وەرگرتووە. ستیڤن (نازناوی دیدالۆسە)؛ هەردوو دەوری ئیکارۆس و دیدالۆس لەو رۆمانە دا دەبینی، چۆن؟ دەوری ئیکارۆس لەوەی کە هونەرمەندێکی نەوجەوانە و خوێنی کەف و کوڵ دەکا و دەیەوێ بەزووترین کات بفرێتە پەڕەگەی ئاسمان؛ بەوەش کە باڵەکانی لە شەمین و ڕەنگە تینی خۆر (یان ئەو کۆمەڵگە پڕ دەردەسەری و کێشانەی لێ یان دواین) باڵەکانی لێ بتوێننەوە و مردنی رۆحی پێ ببەخشن.



هەروەها دیدالۆسە (بەوەی کە هونەرمەندێکی خولقێنەرە؛ دەیەوێ لە خۆڵەپۆکی وولاتەکەی جوانترین بەرهەم دروست بکات). بەڵام دروستکردنی ئەو بەرهەمە جوانە لە سەر حیسابی نەوجەوانی و وێران بوونی خێزانەکەی دەبێ (کە لە کۆتاییش ستیڤن وا دەکات). دیسان دیدالۆسە بۆ ئەوەی سەربەستی رۆحی و جەستەیی خۆی بەدەست بێنێ دەبێ واز لەو ولاتەی بێنێ کە شایەکی زۆرداری هونەرکوژی لێ یە، دەنا نەدەتوانێ ببیتە هونەرمەند و نەدەتوانێش ئازاد بێ. کەواتە داهێنانی هونەری ئەو هونەرمەندە بەندە بەو ئازادیەی کە چەندین کۆتی دەوڵەت و کلێسا و خێزان و کۆمەڵگەکەی رێ ی لێ دەگرن. هەر بەچەشنی دیدالۆس، ستیڤن (جۆیس) ئەوانە خڕیان بەجێ دێڵی و بەسەر هەموو ئەوانە دا هەڵدەفڕێ. ستیڤن ئیکارۆسە لەوەی کە بەگوێ ی ئەوانەی لە خۆی گەورەترن ناکات. هەربۆیەش لە دوورەولاتی دەمرێ.

ئێستا با بێنە سەر ڕازی قورسی ئەو رۆمانە بە مەبەستی کەمێك ئاسان کردنەوە و لێ تێگەیشتنی. لەم رۆمانەدا گەلێ تەکنیك بەکارهێنراون، کە بەبێ لێ تێگەیشتینان زەحمەتە ئەو رۆمانە خۆ بدات بەدەستەوە. تەکینکە هەر گرینگەکان ئەوانەن:

أ- فلاش باك: تەکنیکێکی سینەمایی یە بریتی یە لە گەڕاندنەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی رابردوو بە شێوەیەکی سەرنج راکێش و کت و پڕ.

ب- تەوژمی هۆش: ئەویش بریتی یە لە دابڕینێکی لە نکاوی مێشکی مرۆڤ لەو شتانەی کە لە دەوروبەری دەقەومێ و جڵەو بەردان بۆ خەیاڵ و مێشك و تەقینەوەی ئەو شتانەی کە لە ناو بێ ئاگایی مرۆڤ حەشاردراون.

ج- پچڕان و گوازتنەوەی کات و شوێن: ئەویش بەو شێوەیە دەبینین کە ڕووداوەکانی ئەم رۆمانە لە زنجیرەیەکی کاتی و شوێنی یەك بە دوای یەکتری دانایەن. زۆر جار ستیڤن، (پاڵەوانی وێنەی هونەرمەند) لە تافی گەنجی یە و ڕووداوێکی سەردەمی منالیێ دێتەوە یاد. یا زۆرجار شوێنێکی ئەو رۆمانە شوێنێکی دی دێنتەوە یاد، یا زۆرجار دەبینین رابردوو و ئێستا و ئایندە تێکەڵ بە یەك دەبن، یا ڕووداوێك بۆ جەمسەری رابردوو و داهاتوو لێك دەکێشرێ.

د- ئەم رۆمانە پڕاوپڕە لە وێنەی ئەندێشەیی و (ذهنی) و هەستی، هەر لەبەرئەوەشە خوێنەر وا بە ئاسانی پێ یان ناگیرێ، بەڵام بە کەمێك تێ فکرین و قوڵبوونەوە وێنەکان خۆدەدەن بە دەستەوە.

لەم ڕۆمانە دا هەموو شتێك بە چاوی ستیڤن دەبینرێ. شێوازی نووسینی ڕۆمانەکەش تا بەرەو پێشتر دەچێ بەرە بەرە لەگەڵ گەورە بوونی ستیڤن دەگۆڕێ. بۆ نموونە لە بەشی یەکەمدا بە زمانی منداڵێکی (٥-٩)ساڵان دەدوێ، پاشان بەرە بەرە زمانەکە ئاڵۆزتر دەبێ و تا گەورە تریش دەبێ زمانی نوسینەکەش هونەری تر دەبێ.

**خوێنەری بەڕێز:**

ئەم ڕۆمانەی وا لە بەر دەستتایە یەکێکە لە ڕۆمانە نوێ یە بە ناوبانگەکانی جیهان و یەکێکیشە لە ڕۆمانە قورسەکان، چونکە لە هەر لاپەرەیەکدا - نەخێر لە هەر دێڕ و وشەیەکدا کۆمەڵێك بیرۆکە خۆیان حەشارداوە و بە ئاسانی خۆیان نادەن بە دەستەوە. زمانی ئەم ڕۆمانە هێندە هونەری و ئاڵۆزو شیعری یە تەنانەت ئینگلیزەکانیش بەخۆیان بە ئاسانی لێ ی تێ ناگەن چونکە لەلای جۆیس زمانی نووسین یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی نووسەری بەهرەمەند. هەڵبەتە (ئێزرا پاوەند)ی شاعیر و هاوڕێی جۆیس لەو بارەیەوە زۆر جوانی گوتووە کە:

"ئەدەبی مەزن بەسادەیی زمانێکە تا ئەوپەڕەکەی بارگاوی کراوە بە مانا". ئەم قسەیەی (پاوەند) دەقاو دەق لەگەڵ بەرهەمەکانی گەورە ڕۆماننووسی دنیا (جێمس جۆیس) یەکدەگرێتەوە. هەر بۆیەش تکام لەخوێنەران وایە لە خوێندنەوەی دا پشووی کەمێك درێژ بێ و ناوە ناوە بوەستی و بیر بکاتەوە، نەوەك لە یەکەم ڕستەی قورس ڕابچەنی و بڕەویتەوە کتێبەکە فڕێ بدات و هێڵێکی ڕاست و چەپی بەسەردا بهێنی، چونکی منیش بیست قاتی خوێنەری ئازیز بە وەرگێڕانی ماندوو بوویم و نزیکەی (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد سەعاتی ڕەبەق لەگەڵ ئەو ڕۆمانە ژیاوم. ئیتر سوپاسم بۆ هەموو خوێنەرێکە و هیوادارم بەری ئەم ماندوو بوونەم گوڵێکی ناسکی باغی وەرگێڕان بێ و پێشکەشیش بێ بە کتێبخانەی کوردی.

**١٨/ ٨/ ١٩٨٥**



**سەرچاوەکانی ئەم پێشەکییە:**


1- S. Atherton, "Introduction to A Portrait" in James Joyce, A Portrait of the Artist as a Young Man (London:Heinnemann, 1975)

2- David Daiches, " James Joyce: The Artist as Exile" in Forms of Modern Fiction (ed.,) William Van O'Conner.

3- The Dictionary of Greek and Roman Mythology.

4- Ezra Pound, ABC of Reading (1951) p. 28.

# وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا

((ئینجا ئەو مێشکی خۆی بۆ هونەرە نەزانراوەکان تەرخان کرد))[1]
ئۆڤید ((گۆڕانەکان ٨، ١٨٨))

١. لێرەدا ئۆڤید مەبەستی لەوەیە (دیدالۆس)ی هونەرمەند مێشکی خۆی بۆ هونەرە نەزانراوەکان تەرخان کردووە. (بۆ زانین دەربارەی دیدالۆس تکایە بڕوانە پێشەکی کە لەوێوە بە دوورودرێژی باسی ئەفسانەی دیدالۆس و ئیکارۆس کراوە.)

# پاری یەکەم

رۆژێك لە رۆژان، ئەمان رۆژێكی خۆش، مانگایەك لە رێ یەکەوە دەهاتە خوارێ و ئەو مانگایەی لەو رێ یە دەهاتە خوار گەیشتە منداڵێكی بچووكی خنجیلانە كە ناوی بەبە (توكو) بوو.....

باوكی ئەو هەقایەتەی بۆ دەگێرایەوە؛ باوكی دەم و چاوێكی مووداوی هەبوو و بە چاویلكە تەماشای كوڕەكەی دەكرد.

ناوی منداڵەكە بەبە (توكو) بوو و مانگاكەش لەو رێ یەوە دەهاتە خوار كە ماڵی (بێتی بێرن) ی لێ بوو؛ ئەو ئافرەتەی گەرگەری بە لیمۆی دەفرۆشت.

**ئای كە (كولۆك)ە كێوی**

**لە شوێنی سەوز دەپشكوێ.**

ئەو گۆرانی یەی دەچڕی. ئەمە گۆرانی ئەو بوو:

**ئای كویوكە كێوی دەپشكوێ.**[۲]

هەر كە نوێنەكەت تەڕ دەكەیت بەرایی گەرمە دوایی هەست بە ساردی دەكەیت. جا دایكی موشەمای بۆ ڕادەخست كە بۆنێكی عەنتیكەی لێ دەهات.

بۆنی دایكی لە هی باوكی خۆشتر بوو و بە پیانۆ ئاوازی زەریاوانانی بۆ لێ دەدا تا سەما بكات و ئەویش دەكەوتە سەما:

**تەرە لا لا لا لا**

**تەرە لا لا لا لا**

**تەرەلا لا  تەرە لا لا دی**

**تەرە لا لا لا**

۲. ئەم رستەیە لە ئینگلیزی یەكەی دا بە زمانی منداڵێكی فسەزمان نوسراوە كە شێوە رێزمانی یەكەی ئاوایە: ((ئای.... گولۆكە كێوی دەپشكوێ.))



مامە چارلس و دانتی[۳] چەپڵەیان بۆ لێ دا. ئەوان لە دایك و باوكی بەتەمەنتر بوون، خۆ مامە چارڵس لە دانتێش بە تەمەنتر بوو.

دوو فلچە لە ناو دۆلابی دانتیّ دا هەبوون. ئەوەكەی كە پشتی بە پارچە قەدیفەیەكی رەنگ جەرگی داپۆشرا بوو هێمای (مایكلّ داڤێت)[٤] بوو، بەڵام ئەوەكەی قەدیفەی كەسك لە پشتی گیرابوو ئەویان هێمای (پارنێڵ)[٥] بوو. هەر جارێك ئەو پارچەیەك دەسەسڕی كاغەزی بدابایێ، دانتیّ هێندێك نوقڵی دەدایی.

بنەماڵەی (ڤانس) لە ئاپارتمانتی ژمرە حەفت دا بوون. دایك و باوكی ئەوان جودا بوون.

ئەوان دایك باوكی (ئایلین)[٦] بوون. كاتێك گەورە دەبن ئەو (ئایلین) دەخوازێت. ئینجا كە دایكی لێ ی بە دەنگ هات، ئەو خۆی لە بن مێزەكە شاردەوە:

- ئۆ، دەبێ ستیڤن داوای لێ بووردن بكات.

دانتێش گوتی:

- ئۆ، گەر وا نەكات، خەرتەل هەردوو چاوی هەڵدەكۆڵێت.

**چاوانی هەڵدەكۆڵێ**

**داوای لێ بووردن دەكات**

۳. وشەی دانتیّ گۆتنیكی منداڵانەی چەوتە بۆ وشەی (auntie)ی ئینگلیزی، كە مانای پلك یان پوور یا میمك دەبەخشێت.

٤. مایكلّ داڤێت: نەتەوەپەرستێكی ئێرلەندی بوو (١٨٤٦- ١٩٠٦)، دامەزرێنەری (كۆمەڵەی زەوی و زار) بوو و یەكێك لە پشتیوانە زووەكانی پارنێڵ بوو. بەڵام پاشان لەگەڵ پارنێڵ بووە ناكۆكی یان و لێ ی جیا بۆوە.

٥. پارنێڵ: ناوی چارلس ستیوارت پارنێڵە و پێشەوای نەتەوەیی ئێرلەندی بوو. لە ساڵی (١٨٤٦) دا لە دایك بووە و لە ساڵی (١٨٩١) گیانی پاكی بە خاك سپارد (بۆ زێتر زانین دەربارەی پارنێڵ و ئێرلەندە، بە وردی پێشەكی ئەم كتێبە بخۆێنەوە).

٦. ئایلین ڤانس: ناوی راستەقینەی كیژێكی بچووك بوو كە هاوسێ ی ماڵێ جۆیس بوو.

ئەوان لە ئاپارتمانتی ژمارە (٤) بوون نەك ژمارە (٧) وەك لە ڕۆمانەكە ووتراوە، لە مارتیلۆ تیراس، ناوچەی (برێ) ی دادەنیشتن. دانتیّ و دایكی ستیڤن هاوڕێ یەتی نێوان (ستیڤن) و ئایلین) یان بە پەسند نەدەزانی چونكە بنەماڵەی (ڤانس) پرۆتستانت بوون، كەچی هی (ستیڤن) كاسۆلێك بوون.

داوای لێ بووردن دەکات
چاوانی هەڵدەکۆڵێ

* * *

داوای لێ بووردن دەکات
چاوانی هەڵدەکۆڵێت
چاوانی هەڵدەکۆڵێت
داوای لێ بووردن دەکات.

* * *

یاریگە فراوانەکە لە منداڵ جمەی دەهات. تێکڕا هاواریان دەکرد و چاودێرەکانیش پڕ بەدەنگ هانیان دەدان. هەوای ئێوارە سارد و تەماوی بوو، پاش هەر هەڵمەتێکی یاریکەران تۆپە چەرمینەکە وەکو باڵدارێکی گەورە و قورس بۆ ناو ڕۆشنایی یە بۆرەکەی ئاسمان هەڵدەفڕی. کەچی ئەو لەسەر قەراغی هێڵەکەوە، دوور لە چاوی چاودێر و پا قورسەکان ڕاوەستا بوو، جارناجاریش وای نیشان دەدا کە غار دەدات. ئەو لە نێو کۆمەڵەی یاریکەراندا هەستی بە لاوازی و گچکەیی لەشی و چاوە کز و فرمێسکاویەکانی خۆی دەکرد. (ڕۆدی کیکهام) قەت وا نەبوو: هەموو هاوڕێ یەکانی دەیان گوت دەبێتە کاپتنی پۆلی سێهەم.

(ڕۆدی کیکهام) برادەرێکی قسەخۆش بوو، بەڵام (ناستی ڕۆشە) چەتوون بوو. ڕۆدی کیکهام بەلەك پێچێکی لەناو دۆلاب هەبوو و هەگبەیەکیشی لە خواردنگای (دێر) هەبوو. هەرچی (ناستی ڕۆشە) بوو دوو دەستی زلی هەبوو و ناوی لە شیرینەمەنی هەینی یان نابوو (سەگی ناو بەتانی). ڕۆژێکیان پرسی:

- ناوت چی یە؟

ئەویش وەڵامی دایەوە: ستیڤن دیدالۆس.

پاشان (ناستی ڕۆشە) گوتی:

- ئەوە چ ناوێکە؟

جا کە ستیڤن نەیتوانی وەڵام بداتەوە، ناستی ڕۆشە پرسی:

- باوکت چی یە؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە:

- پیاوە ماقوڵە.



ئینجا ناستی ڕۆشە پرسی:

- دادپرسە؟

ستیڤن کەوتە هاتوچۆ کردن لە جێگەیەکەوە بۆ یەکێکی دی لە تەك هێڵی یاریگەکە و جارناجارێ نەرمەغارێکی دەکرد. بەڵام دەستە تەزیووەکانی لە سەرمان دا شین هەڵگەڕابوون. بۆیە لە گیرفانی قاتە بۆرە قایشدارەکەی ئاخنین. ئەوە ئەو قایشە بوو کە لە دەوری بەرکەکانی سوڕابوونەوە. هەر ئەو قایشە بۆ لێدانیش بەکار دەهات. ڕۆژێکیان هاوڕێ یەك بە (کانتوێڵ) ی گوت:

- دەتوانم یەکسەر قایشێکی وات لێ بدەم.

کانتوێڵ وەڵامی دایەوە:

- بڕۆ لەگەڵ ئاوزەی خۆت بە شەڕبێ. لە (سیسیل سەندەر) بدە. ئەو کات حاڵت دەبینم. هەنگێ دەبینی چۆن بە لەقە زگت دەدڕێت.

ئەوانە قسەی جوان نەبوون. دایکی پێ ی گوتبوو لە خوێندنگا خۆی لە منداڵی سورتك نەگەیەنێت. ئەی دایکی شیرین! یەکەم ڕۆژ لە هۆڵێ خوێندنگا کە دایکی خواحافیزی لێ ی کرد، پێچەکەی هەڵداوە سەر کەپووی تا ماچی بکات؛ لووت و چاوی سوور ببوونەوە. بەڵام ئەو وای دەرخست کە ئاگای لێ نی یە دایکی دەگرێت. بەڕاستی دایکێکی قشت و ژیکەلە بوو، بەڵام کە دەگریا وانەدەما. باوکیشی دوو پێنج شلین ڕۆژانەی دابوێ. هەروا پێیشی گوتبوو هەرچی یەکی پێویست بوو بە نامە بۆی بنووسێ و هەرگیزاو هەرگیز نابێ زمان لە هیچ هاوڕێ یەکی خۆی بدات. ئینجا لەبەر دەرگای خوێندنگا بەڕێوەبەر چەپەکی لەگەڵ دایك و باوکی کرد و جلە شەپ و شۆڕەکانی بە بای شەماڵ دەشنانەوە و پاشان ئەو ئۆتومبێلەی دایك و باوکی تیا بوو ڕۆیشت. لە ناو ئۆتومبێلەکەوە هاواریان بۆ کرد و دەستیان بۆ هەڵشەقاند:

- خواحافیز، ستیڤن!

- خواحافیز، ستیڤن!

زۆری پێ نەچوو ئەو کەوتە نێو گەڕاپێچەی یاریکەران. جا لە ترسی چاوە زەق و پۆتینە قوڕاویەکان خۆی دانوشتاندەوە تا لە نێوانی لاقەکانیان ببینێ. قوتابییەکان لە ململانێ بوون و مڕەمڕیان لێوە دەهات و قاچیان لە زەوی دەخشاند و دەوەشاند و دەکوتا. پاشان پۆتینە زەردەکانی (جاك لۆتۆن) تۆپەکەی دەرپەڕاند و هەموو پۆتین و قاچەکانی تر بە دوای کەوتن. ئەویش ماوەیەك بە دوایان کەوت و پاشان وەستا چونکە ڕاکردن دادی نەدەدا. هەر بەم زووانە

بۆ پشوودان دەچنەوە ماڵ. هەر دوای ئەوەی دەچنە هۆڵیٚ خوێندنەوە، پاش نانی شێوان، نمرەی سەر مێزەکەی لە حەفتا و حەفتەوە دەکاتە حەفتا و شەش.

باشتر وایە مرۆڤ لە هۆڵی خوێندن بێت نەك لە دەرەوە سەرما لێی بدات. ئاسمان سارد و تەماوی بوو، بەڵام چەند تاڵە رۆشناییەك لە ساختمانی بەرێوەبەرایەتی خوێندنگاوە دەتروسکایەوە. لەخۆی دەپرسی ئاخۆ دەبیٚ (هاملتۆن رۆوان)[7] لە کام پەنجەرەوە کلاوەکەی تیٚ هەڵدابێتە سەر کەندە وشك بووەکەوە؟ یان دەبیٚ ئەو سات گوڵزار لە بن پەنجەرەوەکەوە هەبوو بێت؟ رۆژێکیان کە لە دوایان ناردبوو بۆ بەرێوەبەرایەتی خوێندنگا سەرنۆکەرەکە جیٚ ی گوللەی سەربازەکانی لە سەر دەرگا پیٚ نیشان دا و لەتەنانێکیشی دایێ کە تیرەی جێزوێتی یەکان[*] دەیان خوارد. دیتنی رۆشنایی لە بەرێوەبەرایەتی خوێندنگا گەرمی و شادی بە ناخی ئەو بەخشی. وەك وا بێت ئەو دیمەنەی لە پەرتووکێك دیتبێت. ویٚ دەچێت دێری (لایسیستەر) وا بێت. زۆر رستەی خۆش لە کتێبی تیپین کردنی دکتۆر کۆرنوێلٚ دابوو. ئەوان لە هۆزان دەچوون، بەڵام تەنیا رستە بوون بۆ فێر بوونی تیپین کردن.

**(وۆڵسی) لە دێری لایسیستەر دا مرد**
**کەشیش لە وێندەر ناشتیان.**
**خۆرەکە نەخۆشی رووەك**
**شێرپەنجەش هی گیانەوەرە.**

وای خۆشە لە بەر ئاگردان لەسەر بەرەیەك دابنیشی و سەرت بە سەر دەستەکانت دا لار بکەیتەوە و بیر لەو رستانەش بکەیەوە. موچڕکێکی پێداهات وەك بلٚیٚ ی چڵکاوێکی سارد بە سەر لەشی دا کرا بێت. (وێلٚز) لە کەمی خۆی بوو کە پاڵی دا ناو چاڵی پیساییی، چونکی ئەو (قوتی برنووتی یەکەی)[8] لەگەڵ وێلز — پاڵەوانی نیو چلان - بە شابەروو نەگۆڕیەوە. ئای کە ئاوەکە سارد و پیس بوو! جارێکیان قوتابی یەك جۆرجێکی گەورەی لە نێو ئەم چڵکاوە دیتبوو کە

٧. هاملتۆن رۆوان: (١٧٥١- ١٨٣٤) نەتەوەپەرستێکی ئێرلەندی بوو. دەڵێن کە سەربازی ئینگلیز راویان ناوە، خۆی لە ژوورێکی لاچەپی قەلای کلۆنگۆوز (کە ئێستا بۆتە خوێندنگای کلۆنگۆوز) حەشار دابوو و سەربازەکانی بەوە دەست خەڵەت دابوو کە شەپقەکەی فڕیٚ دابووە سەر خەندەکێکی پڕ لە ئاوەوە.

* جێزوێتی یەکان تیرەیەکی ئایینی زۆر سەختگیر بوون و کاروباری پەروەردەکردن لە ئێرلەندا زۆربەی جار بەوان دەسپێردرا لەبەر ئەو سەختگیریەیان.

٨. جۆرە قوتویەکە کە هاڕاوی توتنی تیٚ دەکریت.



جلیتانیٚ ی دەکرد. دایکم لەگەڵ دانتیٚ لە بەر ئاگر هەڵکوڕمابوون و چاوەڕیٚ ی (بریگید) بوون چایان بۆ بێنێت. پیٚ ی لە سەر لێوی ئاگردانەکە دانابوو و کەوشە مۆرووداری و رازاوەکانی ئەوەندە گەرم بوون و بۆنێکی هێگجار گەرم و خۆشیان لیٚ دەهات! دانتیٚ زۆر شتی دەزانی. ئەوی فێر کرد بوو کە کەناڵیٚ مۆزەمبیق لە کویٚ یە و درێژترین رووباری ئەمریکا کامەیە و بەرزترین چیای مانگ کیهایە. باوکە (ئارناڵ) لە دانتیٚ پتری دەزانی چونکی ئەو قەشە بوو، کەچی باوکی و مامە چارڵس دەیان گوت دانتیٚ ئافرەتێکی زیرەکە و باش پەروەردەکراوە. دوای فراوین کردن کە دانتیٚ دەنگێکی لیٚ بەرز بۆوە و دەستی دانا سەر زاری: ئەوە تەنها دڵەکزیٚ بوو.

دەنگێك لەو سەری یاریگەکەوە بەرز بۆوە:

- هەمموو بۆ ژوورەوە!

پاشان هەندێك دەنگی تر لە خوارتر و لە هێڵی سیٚ هەمەوە هاواریان دەکرد :

- بۆ ژوورەوە! بۆ ژوورەوە!

یاریکەرەکان خڕ بوونەوە و هەموویان سوور هەڵگەڕابوون و لە قوڕاو هەڵاتبوون، ئەویش چوە نێوانیان و کەیفی بەوە هات کە دەچنەوە ژووریٚ. (رۆدی کیکهام) تۆپەکەی بە قەیتانە لووسەکەوە هەڵگرت و قوتابییەك داوای لیٚ کرد دوایی بیداتە ئەو؛ بەڵام ئەو لە رۆیشتنی خۆی نەوەستا بە بیٚ ئەوەی وەڵامیشی بیداتەوە. (سایمۆن مونان) پیٚ ی ووت وا نەکات چونکە چاودێر تەماشای دەکردن. قوتابییەکەش رووی کردە سایمۆن مونان و پیٚ ی ووت:

- هەمووومان دەزانین بۆ تۆ قسە دەکەیت. چونکی تۆ منالٚی شیرمژی ماك گلادی.

((منالٚی شیرمژ)) وشەیەکی سەیر بوو. قوتابییەکە ئەو ناوەی لە (سایمۆن مونان) نا چونکە (سایمۆن مونان) خووی بەوەوە گرتبوو کە قایشە ساختەکانی سەر قۆلٚی چاودێر لە لای پشتەوە لە یەك ببەستیت، چاودێریش بەو ئیشە کەللەی لە سەرا نەدەما. بەڵام ئەو وشەیە هەر جوان نەبوو. جارێکیان پاش ئەوەی دەستەکانی لە چەشمەی ئوتێلی (ویکلۆ) شوشت، باوکی زنجیرێکی راکێشا و ئاوە پیسەکە بە ناو کونی گۆمیلکەکەوە چووە خواریٚ. پاش ئەوەی هەموو ئاوەکە لەسەرخۆ چووە ناو کونی گۆمیلکەکە دەنگێکی وەك ئەوەی لیٚ هات: سەك[9]، بەڵام کەمێك لەمە بەرزتر.

٩. وشەی (suck) بە ئینگلیزی مانای مژینە. ئەم ووشەیش لە گەل ناوی (سایمۆن مونان) کە پیٚ ی دەڵێن منداڵی شیرمژی ماك گلاند مانایەکی سێکسی تێدایە.

بە بیر هاتنەوەی ڕەنگی سپی پاتی ئاودەستەکە وای لێ کرد بەرایی سەرمای بێت و پاشان گەرم دا بگەڕێت. ئاودەستەکەش دوو شێرەی لێ بوو، کە بایانت دەدان ئاوی سارد و گەرم فییچقەی دەکرد. بەرایی هەستی بە ساردی کرد و پاشان کەمێك گەرم: بەچاکیش ناوە چاپکراوەکانی سەر شێرەکانی دەبینی. ئەوەش شتێکی یەگجار عەنتیکە بوو.

هەوای دالآنەکەش ساردی بە لەشی بەخشی. خۆ ئەویش سەیر و مەیلەو شێدار بوو. بەڵام هەر ئێستا چرا گازەکان پێ دەکرێن و لە کاتی هەڵبونیاندا دەنگێکی نزم بەشێوەی گۆرانیەکی هێواشی نەگۆڕ دەبیستریێت، هەمیشە بە هەمان شێوەیە: جا هەرکە قوتابییەکانی ژووری یاریکردن کڕ دەبن دەتوانیت دەنگەکە بە ئاسانی ببیسی.

هەنووکە کاتی وانەی ژمێریاری بوو. باوکە (ئارناڵ) ژمارەیەکی قورسی لە سەر تەختە نووسی و ئینجا ووتی:

- ئێستا بزانم، کێ ئازایە هەڵی بێنێت؟ دەست پێ بکە، یۆرك! دەی ئیوەش، لانکستەر!

ستیڤن هەموو توانای خۆی لێ خستە کار، بەڵام ژمارەکە زۆر گران بوو و شڵەژا: تەنانەت ئەو باجە ئاوریشمەی کە گوڵێکی سپی پێوە قایم کرابوو و بە دەمبوس لە بەرۆکی چاکێتەکەی درابوو کەوتە لەرزینەوە، ئەو لەوانەی ژمێریاری دا زیرەك نەبوو، بەڵام هەموو توانای خۆی لێ بەکار خست تا تیپی (یۆرك) نەدۆڕێنی. دەم و چاوی باوکە (ئارناڵ) لە هەژمەتان یەگجار ڕەش داگەڕابوو، لەگەڵ ئەوەشدا تووڕەیی لێ وەدەرنەدەکەت چونکە پێ دەکەنی. ئینجا (جاك لۆتۆن) چرکەیەکی لە پەنجەکانی وەهێنا و باوکە (ئارناڵ) ڕوانیە پەڕاوەکەی و گوتی:

- تەواوە، ئەی ئافەرین لانکستەر، گوڵی سوور دەباتەوە، دەهەنووکە بەردەوام بن (یۆرك) نۆرەی ئیوەیە!

(جاك لۆتۆن) تەماشایەکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد، پارچە ئاوریشمە بچووکەکە کە گوڵێکی سووری لەسەر بوو زۆر جوان خۆی دەنواند چونکە چاکێتێکی شینی دەریاوانانی کردبووە بەر. هەرکە ستیڤن بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەبی کامیان گرەوی یەکەمی ژمێریاری ببەنەوە؛ ئەو یان (جاك لۆتۆن)، دەموچاوی ئەویش سوور هەڵگەڕا. هەفتە وابوو (جاك لۆتۆن) کارتی یەکەمی دەبردەوە، هەفتەش وابوو ئەو دەیبردەوە. پارچە ئارموشەکەی بەرۆکی بەردەوام لە هەڵبەزو دابەزدا بوو کاتێك ئەو خەریکی شیکارکردنی ژمارەکەی تر بوو و دەنگی باوکە (ئارناڵ) یش لە گوێ ی دەزرینگایەوە. پاشان هەموو تاسەیەکی دامرکایەوە و هەستی کرد دەمو چاوی تەواو ساردە. وای بۆ دەهات کە دەبێ ڕوخساری سپی هەڵگەرا



بێت چونکە یەگجار سەرمای بوو، نەیدەتوانی ئەنجامی ژمارەکە بدۆزێتەوە، بەڵام ئەمە بەلایەوە گرنگ نەبوو، گوڵی سپی و گوڵی سوور: ڕەنگی قەشەنگ بوون بۆ بیرلێکردنەوە. خۆ کارتەکانی بە یەکەم و دووەم و سێهەم دەرچوونیش ڕەنگی جوان بوون: پەمبە و سپی پات و مۆر بوون. دەسا گوڵی پەمبەیی و سپی پات و مۆریش جوانن ئەگەر زەینیان بدەیتێ. ڕەنگە گوڵی کێویش هەمان ڕەنگی هەبێت، ئینجا ئەو گۆرانیەی بە بیرهاتەوە کە دەڵێ گوڵی کێوی لە شوێنی بچووکی سەوزایی دەڕوێت. بەڵام گوڵی سەوز دەست ناکەوێت، کەچی لە گوینە لەهەندێك شوێنی دنیا هەبێت.

ئاژیر لێ ی دا و پۆلەکان بەناو دالآن وەربوون و بەرەو خواردنگا ڕێچکەیان بەست. ئەویش دانیشت و لەو دوو پارچە کەرەیەی ناو قاپەکە رادەما، بەڵام نەیدەتوانی نانە نیمدارەکە بخوات. سەرپۆشی مێزەکەش نێمدار و نەرم بوو، چایە بێ ڕەنگە گەرمەکەی خواردەوە کە شاگردە گێلە بەروانکە سپی یەکە بۆی تێ کرد. لە خۆی دەپرسی ئاخۆ بەروانکەی شاگردەکەش نێمدارە یان هەر هەموو شتێکی سپی سارد و نێمدارە. (ناستی ڕۆشە) و (سۆرین) ئەو کاکاوەیان دەخواردەوە کە کەسوکاریان لە قوتوو بۆیانیان ناردبوون، ئەوان گۆتیان چایان پێ ناخورێتەوە؛ هەر دەڵێ ی چەلاوی بەردەمی بەرازانە. قوتابییەکانیش دەیان گۆت بابی ئەوان دادپرسە.

هەموو کور و کاڵەکان بە سەیری دەهاتنە بەرچاوی ئەو. ئەوان گشتیان خاوەنی دایك و باوك و دەنگی جودا بوون. ئەو حەزی دەکرد هەنووکە لە ماڵێ بوایە و سەری لەسەر کۆشی دایکی دانابوایە. بەڵام ئەمەی بۆ نەدەڕەخسا، بۆیە حەزی دەکرد کاتی یاری و خوێندن و نوێژ زوو بەسەربچێت تاوەکو بچێتە ناو جێ و بالینگانی خۆی. کوپێکی دی چای گەرمی خواردەوە و (فلێمینگ) پێ ی گۆت:

- چیتە؟ کوێت دێشێت، چیتە؟

ستیڤن ووتی: نازانم.

فلیمینگ گوتی: گەدەت نەساغە، چونکە دەم و چاوت دەڵێ ی پەلکە پیازە. هیچی نییە، هەر هەنووکە چاك دەبیتەوە.

ستیڤن گوتی: ئا وایە.

بەڵام ئەو نەخۆشی لە گەدێ ی نەبوو. وای بیردەکردەوە کە نەخۆشی یەکە هی دڵیەتی، ئەگەر مرۆڤ ئەوێ ی نەخۆش بکەوێت. بەراستی لە چاکەی خۆی بوو کە (فلێمینگ) لە حاڵی

ئەوی پرسی. ویستی کەمێك فرمێسك ببارێنی. ئانیشکەکانی دانا سەر مێزەکە و بە ناولەپەکانی دەستی کردە کردنەوە و داخستنەوەی گوێچکۆڵەکانی. هەرکە گوێچکەکانی دەکردنەوە هەراوهۆریای ناو خواردنگاکە هوروژمی بۆ دەهێنان کە هەر لە دەنگی شەمەندەفەری دەکرد لە شەودا. کەچی هەر دایانی بخستابایەوە دەنگەکە نەدەما وەك بڵێ ی شەمەندەفەرەکە دەچووە ناو کونێکەوە. ئەوێ شەوێ لە ناوچەی (دۆڵکی) شەمەندەفەرەکە ئەوها دەیزریکاند و هەرکە چووە ناو کونەکە زریکەی نەما، چاوەکانی قووچاند و شەمەندەفەر بەردەوام بوو، دەیزریکاند، ئینجا دەوەستا. دەیزریکاندەوە و دەوەستایەوە. ئای کە خۆشە گوێت لە زریکە و وەستانی ببێت و کە لە کونەوە دەربێت بزریکێنێتەوە و دیسان بوەستێتەوە.

ئینجا قوتابیانی پۆلە باڵاکان بەسەر رایەخەکەی ناوەراستی خواردنگا دەستیان کرد بە هاتنەخوار. (پادی راث) و (جیمی ماگی) و ئەو ئیسپانی یەی رێگای جگەرەکێشانی پێ درا بوو، لەگەڵ ئەو پورتوگالیە بچووکەی کە کڵاوێکی خوری لە سەر بوو لەوێ بوون. لەپشت ئەوانەوە مێزی پۆلە نزمەکان و پۆلی سێهەم دانرا بوو. خۆ هەر قوتابییەکیش لەمانە شێوەی تایبەتی خۆی لە رۆیشتن هەبوو.

ئەو لە سووچێکی ژووری یاری کردن دانیشت و وای دەنواند تەماشای گەمەی دۆمینە دەکات، جارێك یا دوانیش تەنیا بۆ تاوێك گوێ ی لە ئاوازە نزمەکەی چرا گازەکە بوو. چاودێر لەگەڵ چەند منداڵێك لەبەر دەرگا وەستا بوو و سایمۆن مونانیش خەریکی گرێدانی قۆڵە دەستکردەکانی بوو. ئەویش شتێکی دەربارەی قوتابخانەی (تولابێگ)[١٠] بۆ دەگێڕانەوە.

پاشان کە چاودێر لەبەر دەرگا لا چوو، (وێڵز) هاتە لای ستیڤن و گوتی:

ـ دەی دیدالۆس پێمان بڵێ، ئایا پێش نوستن دایکت ماچ دەکەیت؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە: بەڵێ.

(وێڵز) رووی لە قوتابییەکان کرد و گوتی:

ـ هۆێ، گوێ بگرن، ببینن ئەو قوتابییە هەموو شەوێ پێش نوستن دایکی ماچ دەکات.

قوتابییەکانی دیش لە گەمەکردن وەستان و بەپێکەنینەوە روویان بۆ ستیڤن وەرگێڕا، کە لە شەرمان سوور بۆوە و گوتی:

١٠. تولابێگ: خوێندنگایەکی دیکەی جێزوێتی بوو لە ئێرلەندا و لە ساڵی (١٨٨٦) داخرا و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و خوێندکارەکانی گوێزەرانەوە بۆ کلۆنگۆوز.



- نەخێر، واناکەم.

(وێڵز) گوتی:

- هۆی، گوێ بگرن، ببینن ئەو قوتابییە شەوان پێش نوستن دایکی ماچ ناکات.

دیسان هەموویان دایانەوە تریقەی پێکەنین. ستیڤن ویستی لەگەڵیان پێ بکەنێت. دەم و دەست هەستی کرد کە هەموو ئازای لەشی گەرم داگەڕاوە یەکسەر پەشۆکا. کەواتە دەبێ کام وەڵام راست بێت؟ ئەو دوو وەڵامی دایەوە کە چی (وێڵز) هەر پێ ی پێ دەکەنی. بەڵام دەبێ (وێڵز) وەڵامە راستەکە بزانێت چونکە ئەو لە پۆلی سێ یەمی ناوەندی بوو. ویستی بیر لە دایکی (وێڵز) بکاتەوە، بەڵام هەر نەشوێرا تەماشای دەم و چاوی بکات. ئەو کەیفی بە دەم و چاوی (وێڵز) نەدەهات. هەر ئەو (وێڵز)ەی کەلەچەمبەری بوو دۆینێ پاڵی دایە ناو چاڵی پیسایی چونکە ئەو قوتووی بڕنووتی یەکەی بە شابەڕووی وێلز - پاڵەوانی ناو چلان - سەودا نەکرد. ئای کە ئیشێکی نامەردانەی لەگەڵ کرد، خۆ هەموو قوتابییەکانیش دانیان بەمە دانا. ئای ئاوەکە چەند سارد و پیس بوو! خۆ جارێکیش قوتابییەك جورجێکی گەورەی لە ناو چڵکاوە بینی بوو کە جلیتانێ ی دەکرد.

سیان و چڵکاوە ساردەکەی چاڵی پیسایی سەرتاپای لەشی داپۆشی بوو، جا هەرکە زەنگی وانەخوێندن لێ درا، هەموو قوتابی یەکان لە ژووری یاریکردن دەهاتنە دەرەوە، ئەو وای هەست دەکرد کە هەوای ساردی نێو داڵان و سەرِ پەیژەکان وا لەناو لەشی ئەودان. کەچی ئەو هێشتا هەر بیری لەوە دەکردەوە کە کیهان وەڵام راستە. ئایا شتێکی بە جێ یە یان بێ جێ یە دایکی خۆت ماچ بکەیت؟ ئایا مانای ماچکردن چی یە؟ هەر ئەوە نی یە رومەتت ئاوا بەرز بکەیتەوە و بڵێیت شەو شاد و دایکیشت دەم و چاوی بێنێتە خوارەوە. ئەوەیە ماچکردن. دایکی لێوەکانی دادەنایە سەر کولمی: لێوی دایکی نەرم بوون و سەرکولمیان تەڕ دەکرد و نەرمە دەنگێکی لێوە دەهات: مرچ. دەبێ بۆ خەڵکی بە دەم و چاویان وا بکەن؟

کاتێك لە ژووری خوێندن بوو سەرەوەی مێزەکەی هەڵدایەوە و ژمارە پێوە قایمکراوەکەی ناوەوەی لە حەفتاو حەفتەوە کردە حەفتا و شەش. بەڵام هێشتا زۆری مابوو بۆ پشووی کریسمەس: کەچی هەر ئەو رۆژە دادێت چونکە زەوی لە سوڕانەوەیەکی هەمیشەیی دایە.

وێنەی گۆی زەوی لە لاپەرەی یەکەمی جوگرافیادا هەبوو: کە بریتی بوو لە تۆپێکی گەورە لەناوەراستی کۆمەڵە هەورێك دا. (فلێمینگ) دەستەیەك پێنوسی رەنگاوڕەنگی هەبوو. شەوێکیان لە کاتی بێ ئیشی دا دەستی کردە رەنگ کردنی زەوی بە رەنگی سەوز

و پەڵە هەورەکانیش بە رەنگی جەرگی. ئەو دوو رەنگە وەکو هی پشتی فلّچەکانی نێو دۆڵابی دانتیْ بوون. ئەو فلّچەیەی کە پشتی پارچە مەخمەرێکی کەسکی تێگیرا بوو ئەوە هێمای (پارنێڵ) بوو، کەچی ئەوەی بە ڕەنگی جەرگی بوو ئەوەیان هێمای (مایکڵ داڤیت) بوو. بەڵام خۆ ئەو بە فلیێمینگی نەگوتبوو بەو رەنگانە رەنگیان بکات. (فلیێمینگ) لەخۆوە وای رەنگ کرد بوو.

کتیبێ جوگرافیای کردەوە تا وانەکە بخوێنێت؛ بەڵام لە توانایدا نەبوو ناوی جێگاکانی ئەمریکا فێر ببێت. چونکی ئەوان هێشتا جێگای جودا بوون و ناوی جوداشیان هەبوو. هەموو ئەوانە لە وڵاتانی جیاواز دابوون و ئەو وڵاتانەش لە کیشوەر و ئەو کیشوەرانەش لە جیهان و جیهانیش لە ناو گەردوون دابوو.

گەڕایەوە سەر بەرگی کتێبی جوگرافیا و ئەوەی لەوێ ی نوسی بوو خوێندیەوە: کە دەربارەی خۆی بوو، ناو و شوێنی ژیانی:

**ستیڤن دیدالۆس**

**پۆلی ژمێرە**

**خوێندنگای کلۆنگوۆز وود**

**سالینز**

**هەرێمی کیلدار**

**ئێرلەندا**

**ئەوروپا**

**جیهان**

**گەردوون**

ئەمانە لە نووسینی خۆی بوون: بەڵام شەوێکیان (فلیێمینگ) هەر بۆ مەبەستی گاڵتەکردن لە لاپەڕەکەی بەرامبەری ئەو شتانەی نووسی بوو:

**ناوم ستیڤن دیدالۆسە**

**نیشتیمانم ئێرلەندایە**

**لە کلۆنگوۆز نیشتەجێم**

**ئاسمانیش ئاواتی منە.**



ئەو نووسینانەی لە دواوە بۆ پێشەوە خوێندەوە کەچی نەدەبوونە هۆنراوە. ئینجا دەستی کردە خوێندنەوەی پەڕی یەکەم لە ژێرەوە بۆ سەرەوە تا گەیشتە ناوی خۆی. ئا ئەوە خۆیەتی: جارێکی دیش پەڕەکەی تا خوار خوێندەوە. ئایا دوای گەردوون چی دێت؟ هیچ. بەڵام ئاخۆ دەبێ هیچ شتێك لەودیوی گەردوونەوە نەبێت تا کۆتایی یەکەی نیشان بدات بەرلەوەی بگاتە ئەو شوێنەی کە هیچە؟ ناشێ ئەو شوێنە دیوار بێت؛ بەڵام دەشێ لەوێ هێڵێکی یەگجار باریك دەوری ئەو هەموو شتانەی دابێت، شتێکی یەگجار گەورەیە مرۆڤ بیر لە هەموو شتێك و هەموو جێگایەك بکاتەوە. ئەوە تەنیا لە توانای خودا خۆی دایە. ویستی بیر لەوە بکاتەوە کە دەبێ ئەم جۆرە بیرکردنەوانە چەند گەورە بن. بەڵام ئەو تەنیا دەتوانێت بیر لە یەزدان بکاتەوە. یەزدان ناوی یەزدانە هەروەك چۆن ئەو ناوی ستیڤنە. بە فەرەنسی بە یەزدان دەڵێن (Dieu) و ئەوەش ناویەتی؛ جا کە یەکێك نوێژ دەکا و ڕوو لە خوا دەکا و دەڵێ (Dieu) ئەوا خوا دەست بەجێ دەزانێت ئەو کەسە فەرەنسییە. هەرچەندە لە چەندین زمانی جیاوازی ئەم جیهانەدا، چەندین ناوی جیاوازی خوا هەیە، هەمیشە خوا لەوانە تێدەگات کە بە زمانە جیاوازەکان چی دەڵێن لە کاتی نوێژ کردندا، هێشتاش خودا هەروەکو خۆی ماوەتەوە و ناوی راستەقینەشی هەر خودایە.

ئەم چەشنە بیرکردنەوانە تەواو هیلاکی یان کرد و وایان لێی کرد هەست بەوە بکات سەری قورسە. بەشەکەتی پەڕەکەی وەرگێرا و روانیە زەمینە خڕە سەوزەکە لە ناوەراستی پەڵە هەوری جەرگی دا. لەخۆی دەپرسێ ئاخۆ دەبێ کیهایان راست بێت: لەگەڵ سەوزدا بێت یان لەگەڵ رەنگی جەرگی دابێت، چونکی رۆژیکیان دانتێ ئەو پارچە مەخمەرە سەوزەی لە پشتی فلّچەکەی گیرا بوو، کە هیمای (پارنێڵ) بوو، بە قاچی هەڵپچڕی. هەروەها پێشی گوتبوو کە (پارنێڵ) مرۆڤێکی خراپە. دیسان لەخۆی دەپرسی: دەبێ دێسان لەماڵەوە گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن. ئا بەمەش دەگوترێ رامیاری. لەم گفتوگۆیەدا دوو دەستە هەبوون: دانتێ لە لایەکەوە بوو و باوکی و مستەر کیێسی لەلایەکەی تر بوون، کەچی دایکی و مامە چارڵس لەگەڵ هیچ لایەکیان نەبوون. هەموو رۆژێکیش رۆژنامە لەبارەی ئەو بابەتەی دەنووسی.

هەستی بەدڵتەنگی دەکرد چونکە بەچاکی نەیدەزانی مانای رامیاری چی یە و گەردوون لە کوێ کۆتایی دێت. لەبەرئەوەش بوو هەستی بە لاوازی و بچووکی دەکرد. کەنگێ ئەو وەك هاوڕێکانی لێ دێت لە هۆنراوە و رەوانبێژی دا؟ ئەوان دەنگیان گەورە بوو و پۆتینی گەورەشیان لەپێ بوو، هەروا زانستی سێ گۆشەشیان دەخوێند. بەڵام ئەو هێشتا زۆری مابوو بگاتە ئەوان.

بەرایی ماوەی پشوودان دێت و پاشان وەرزی دووەمی خوێندن دەست پێ دەکات، ئینجا پشوویکی دی و دیسان وەرزێکی دی خوێندن و دیسان پشوودان. ئەوە هەروەکو شەمەندەفەر بوو بچێتە کونێکەوە و لێ یەوە دەربچێت؛ وەیا لە دەنگە دەنگی منداڵانی ناو خواردنگاکەی دەکرد کە گوێچکەکانت بگریت و بیان کەیتەوە. وەرز، پشوو! کون، دەرچوون؛ دەنگە دەنگ، وەستان. ئای ئەو هیوایە چەند دوورە! باشتر وایە بچێتە ناو نوێنەکەی و لێ ی بخەوێت. هیچێکی ئەوتۆ نەماوە بێجگە لە نوێژی کلێسا، ئینجا خەوتن. ئەو هەڵلەرزی و باوێشکی هاتێ. بەراستی کە نوێنەکە کەمێك گەرم دادێت بەلەزەت و خۆشە. بەرایی یەگجار ساردە، جا کە بیری لەوە دەکردەوە لەرزی دەگرت. پاشان نوێنەکە گەرم دادێ و ئینجا دەخەوێت. چەند خۆشە مرۆڤ ماندوو بێت. دیسان باوێشکی هاتێ. نوێژی شەوان و پاشان چوونە ناو نوێن. دەستی کردەوە بە لەرزین و ویستی باوێشك بدات. هەر پاش چەند تاوێکی تر هەموو شتێك چاك دەبێت. هەستی بە گڕێکی گەرم و گوڕ دەکرد کە بە نیۆ نوێنە سارد و سڕەکانی دەخشا؛ بەرەبەرە گەرمتر دەبوو تا هەموو ئازای لەشی گەرم داگەڕا، لەگەڵ ئەوەش دا هەر کەمێك دەلەرزی و دەشیەویست باوێشك بدات.

زەنگی نوێژی شەوانە لێ ی دا و ئەو دوای هەمووان لە ژووری خویندن چووە دەرێ و پاشان چووە سەر پەیژەکە و بەدرێژایی داڵانەکەوە بەرەو کلێسا کەوتەڕێ. داڵانەکان کەمێك رووناك بوون، کلێساش هەر بەهەمان شێوە. هەر دەمێکی دی تاریکی ئەو ناوە دەتەنی و دەخەون. لە کلێسادا هەوای ساردی شەوان لە جم و جۆڵ بوو و شەوانیش بەردە مەڕ مەڕەکان رەنگی دەریایان دەنواند. دەریا بە شەو و ڕۆژ ساردە؛ بەڵام شەوان ساردترە. لە پشت شوورەیماڵی باوکیشی دەریا سارد و تاریکە. بەڵام لەوێ کتلی لە سەر سێ کوچکە دانراوە بۆ دروست کردنی شەرابی پەنج[11].

چاودێری کلێسا لە ژوور سەری نوێژی دەکرد و ئەویش ئەو قسانەی دەهاتەوە یاد:

**ئەی خودا لیۆمان بکەرەوە و**
**دەمان ستایشی تۆی لێ دەبارێت.**
**دەست بە باڵمانەوە بگرە خودایە!**
**زوو بگە هانامان خودایە!**

11. پەنج: جۆرە خواردنەوەیەکە لە ئارەق و شەکر و ماست و لیمو دروست دەکرێت.



کلێسا بۆنێکی ساردی لێ دەهات. بەڵام ئەوە بۆنێکی پیرۆز بوو. کەچی لە بۆنی ئەو پیرە جوتیارانە نەدەچوو کە لە کۆبونەوەی رۆژی یەکشەموان لە دواوەی کلێسادا کڕنووشیان دەبرد. بۆنی ئەوان بۆن بارانی تێکەڵ بە پنچك و جل و بەرگی پەمۆیی بوو. ئەوان بەراستی جوتیاری خواپەرست بوون. ئەوان لە پشت ئەوەوە هەناسەیان دەدا و لە کاتی نۆیژکردن دا ئاهیان هەڵدەکێشا. قوتابیەك دەیگوت: ئەوانە لە کۆختی گچکەدا لە ناوچەی (کلێین) دا دەژین و کە بە گالیسکە لە ڕێ ی سالینزەوە هاتبۆوە چاوی بە ئافرەتێك کەوتبوو کە لە بەردەرگای یەکێك لەو کۆختانە بوو و منداڵێکی بە ئامێزەوە بوو. ئای چەند خۆشە شەوێك لەو کۆختانە بەسەر بەریت لە پێش ئاگری دارودوودا، لە پێش ئەو قیچە رۆناکی یەی ئاگرەکە دابنیشی و بۆنی جوتیارەکان بە کونە کەپووتا بچێت کە تێکەڵ بووە بە بۆنی باران و بنچك و جلکە پەمۆیینەکانیان. بەڵام ئاخ، رێگای ناو درەختەکانی ئەوێ زۆر نووتەکە و مرۆڤ رێ ی لێ ون دەبێت. هەرکە بیری لەوانە دەکردەوە ترس دای دەگرت.

گوێ ی لە دەنگی چاودێری کلێسا بوو کە دوا نزاکانی دەگۆتەوە. ئەویش نزای کرد تا خوا لە نووتەکی نێو درەختەکان بیپارێزێت:

**خودا لێت دەپاڕێینەوە سەرێك لەم کونجە بدە و**
**لە فرۆفێڵ و تەڵەی دوژمنان چەپاڵەمان بدە.**
**دەبا فریشتە پیرۆزەکانت لێرە جێ بگرن و ئاسودەیمان بە سەردا ببارێنن.**
**با بەرەکەتی تۆ بە هۆی حەزرەتی مەسیحەوە هەر بە سەرمانا ببارێت.**

**ئامین.**

کاتێك لە بەشی ناوخۆیی دا جلەکانی دادەکەناندن، پەنجەکانی دەلەرزین. بە پەنجەکانی خۆی دەگوت پەلە بکەن. دەبوایە بەرلەوەی چرا گازەکە کز بکرێت، جلەکانی لەبەر بکاتەوە و کڕنوش ببا و نۆیژ بکا و بچنە نێو نوێنەوە تا ئەگەر مرد نەچێتە ناو ئاگری دۆژە. گۆرەویەکانی لە پێ کردنەوە و بەپەلە جلکی شەوی کردەبەر و لەنزیك نوێنەکەی کڕنووشی برد و خێرا نوێژی کرد نەوەکا چرا گازەکە کز بکرێت. هەستی کرد شانەکانی دەلەرزێن کە لەبەرخۆی قسەی دەکرد:

**خودا یە نیعمەتی خۆت بەسەر باوانم ببارێنە و بۆم بیان پارێزە!**
**خودایە نیعمەتی خۆت بەسەر خوشك و برا گچکەکانم ببارێنە و بۆم بیان پارێزە!**
**خودایە نیعمەتی خۆت بە سەر دانتێ و مامە چارڵس ببارێنە و بۆم بیان پارێزە!**

پاشان داوای پیرۆزی بۆ خۆی کرد و خێرا چووە ناو نوێنەکەی و دامەنی کراسی شەوانەی لوولدا ژێر پێ ی و خۆی لە ژێر نوێنە ساردە سپی یەکە کورژ کردەوە و دەستی کردە هەڵ لەرزین. بەڵام کاتێك ئەو دەمرێت نەدەچێتە ناو دۆزەخ و نەچی تریش هەڵدەلەرزێ. دەنگێك لە نوستنگاکەوە شەوباشی لە قوتابییەکان دەکرد. بۆ تاوێك سەرێکی لە بن نوێنەکەی دەرهێنا و بەدەوری خۆی دا رووانی، دیتی کە پەردە زەردەکان دەوری پێش و تەنیشت و هەموو لایەکی داوە و چراکەش بە نەرمی کز کراوە.

شاقاوەکانی چاودێر دوورکەوتنەوە، بڵێ بۆ کوێ؟ ئایا بۆ خوار پەیژەکە و ناو داڵانەکە، یان بۆ ژوورەکەی خۆی کە لەوسەری ساختمانەکەیە؟ تاریکی بینی. ئەرێ دەبێ ئەوە راست بێت کە دەڵێن ئەوە تارمایی پیاوکوژێکە. تەزووێکی درێژی ترس بە سەرتاپای لەشی داهات. بەر قەنتەرە تاریکەکەی خوێندنگای هاتە بەرچاو کە لەوێ پیرە نۆکەری بەرگ پەڕپووت لە ژووری ئوتوکردنی سەر پەیژەکە دەژیان. لەمێژ بوو ئەوان لەوێ بوون. نۆکەرەکانیش کڕ بوون. هەرچەندە ئەوێ ئاگری لێ هەبوو، کەچی هۆڵەکە هێشتا هەر تاریك بوو. کەسێك کە عەبایەکی مارشاڵی[١٢] لە خۆوە وەرگرتبوو لە هۆڵەکەوە بەسەر پەیژەکە کەوت؛ دەم و چاوێکی لاواز و نامۆی هەبوو و هەردوو دەستیشی لە ناوقەدی توووند کردبوو. بە چاوە عەنتیکەکانی تەماشای نۆکەرەکانی دەکرد. ئەوانیش تەماشای ئەویان کرد و بە رووخسار و عەباکەیەوە ناسیانەوە کە گەورەی خۆیانە و مەرگ دەستی خۆی لێ ی وەشاندووە. بەڵام تەنیا تاریکی لەو جێگەیە بوو کە ئەوان تەماشایان دەکرد: ئەویش تەنیا هەوایەکی ساردی کش و مات بوو. سەردارەکەیان لە شەڕی (پراگ)دا لەودیوی دەریاش دوورتر لە گۆڕەپانی شەڕدا تیری مەرگ ئەنگاوتبووی. لە مەیدانی شەڕ وەستا بوو و دەستەکانیشی لە تەنگەی خۆی قایم کرد بوو، دەم و چاوی کز و سەیر بوو و عەبایەکی سپی مارشاڵیشی لە خۆوە لوول دا بوو.

ئای چەند سارد و سەیرە گەر مرۆڤ بیر لەو شتانە بکاتەوە! هەموو جێگایەکی تاریك سارد و سەیرە و پڕە لە دەم و چاوی نامۆی لاواز و چاوی زلی بە قەد گڵۆپی ئوتۆمبیل. ئەوانە تارمایی

١٢. ئەفسانەیەکی وا هەبوو کە یەکێ لە بنەماڵەی (براون)، ئەوەی کە وەختێك خاوەنی قەڵای کلۆنگوۆز بوو، بە شێوەی تاپۆ (شبح) بۆ نۆکەرەکان لەو ماڵە دەردەکەوت، دەقاودەق لەو کاتەی کە لە شەڕی (پراگ) دا (١٧٥٧) کوژرا بوو. جا بە چەشنی مارشاڵێکی نەمساوی عەبایەکی سپی لەبەر لەسەر قادرمەکانەوە دەچووە ژووری خوشکەکانی، کەچی خوشکەکانی هیچیان نەدەدیت.



ئەو پیاوکوژانە یا هەیکەلی ئەو مارشاڵانە بوون کە لە جێگای دووری ئەوبەری دەریا مەرگ چەپۆکی خۆی لێ وەشاندوون. دەبێ بیانەوێ چ بلێن تا دەم و چاویان ئاوا نامۆیی لێ ببارێت؟

**خودایە لێت دەپاڕێمەوە سەرێك لەم کونجە بدە و**

**هەموو... لێ ببەدەر...**

گەڕانەوە ماڵ بۆ پشوو بەسەربردن[١٣]! قوتابییەکان پێ یان گوتبوو: ئای کە ئەمە خۆشە. بەیانیەکی زووی زستانە لە بەردەرگای خوێندنگا سواری پەیتوون ببیت و بەسەر چەوەکەدا لێژ ببیتەوە و هاوار بۆ بەڕێوەبەر بکەیت:

های! های! های!

کاتێك پەیتوونەکان بە کن کلێسادا ڕەت دەبن هەموو کڵاوەکان بەرز دەکرێنەوە. ئینجا بە شادی دەچنە سەر ڕێگای گوند: لێخوڕەکان بە قامچی نیشانە بۆ شاری (بۆدینسن) دەکەن، قوتابییەکان لە کەیفان هاوار دەکەن. هەرکە بە لای کێڵگەی (جۆلی فارمەر) دا تێ دەپەڕن هاوار لە دوای هاوار بەرز دەبێتەوە. بەسەر ڕێگای (کلێین) دا دەڕۆن و هەر هاوار هاواریانە. ژنە جوتیار نیوەیان لە دەرگا هاتۆتە دەر و پیاوەکانیش لەم لاو ئەولا وەستاون. بۆنێکی خۆش لەناو هەوای زستانە گەڕاوە: ئەوە بۆنی کلییێنە: بۆنی بارانی زستانەیە کە تێکەڵ بە بۆنی پنچکی هەڵکڕوزاو و جلکی پەمۆیین بووە.

شەمەندەفەر پڕی قوتابییە: شەمەندەفەرێکی درێژی ڕەنگ چوکلێتی یە کە پێشەوەکەی ڕەنگی کرێمی یە. پاسەوان دێن و دەچن دەرگا دەکەنەوە و پێوەدەدەنەوە. ئەوان جلکی شینی تۆخ و زیوینیان لەبەرە و فیت فیتەی زیوینیشیان بەدەستەوەیە، زڕوهۆڕی کلیلەکانیان ئاوازێکی خێرا پێك دەهێنێت: کلیك، کلیك. کلیك، کلیك.

شەمەندەفەرەکە بەسەر زەویەکی تەختایی تێپەڕی و لە گردی (ئالن) ڕەت بوو. دارتەلەگرافەکان بەبەردەوامی لێ ی تێدەپەڕن و شەمەندەفەرەکەش هەر لە ڕۆیشتن دایە و ڕێ ی خۆی پێ دەزانی. لەماڵی باوکیشی وایەری سەوز و گڵۆپ هەیە. ئاوێنەکەشیان بە لاولاوە و گوڵی سۆبڵەتی لە چواردەوری پەرژین کراوە.[١٤] هەروا لاولاوەی سەوز و سۆبڵەتی سوور دەوری

١٣. ئەو رستانەی دێن تەنها خەیاڵی ستیڤنن، چونکی ستیڤن هێشتا نەگەڕاوەتەوە ماڵ بۆ پشوو بەڵام ئەوەی ((بە بیر دێتەوە کە هاوڕێکانی بۆیان گێراوەتەوە.))

١٤. سۆبڵەتی و لاولاوە: بریتی یە لە درێژە پێدان و زێدە ڕۆیشتن لە سەر هەر دوو هێمای سوور و کەسك، کە لە دووەم لاپەرەی ئەم ڕۆمانە باسی لێ کراوە. زۆر گۆرانی سەدەکانی ناوەراست بە سۆبڵەتی و لاولاوەدا

چل چراکانیشیان داوه. خۆ هەموو وێنە کۆنەکانی سەر تاق و دیواریش بە سۆبڵەتی سوور و لاولاوەی کەسك رازێنراوەتەوە. هەروا سۆبڵەتی و لاولاوە بۆ خۆی و بۆ جەژنی کریسمەسیش.

بەڕاستی جوانە...

هەموو خەڵك: بەخێر بێیتەوە ستیڤن! هات و هاواری بەخێرهاتن. دایکی ماچی کرد. ئایا شتێکی بەجێ یە؟ ئێستا باوکی مارشاڵە: تەنانەت لە دادوەریش گەورەترە. بەخێر بێیتەوە، ستیڤن!

دەنگ و هەرا...

زرو هۆڕی پەردەی سەر سکەکان و ئاو رۆکردنە ناو ئامانەکان ئەو ناوەی پڕ کرد بوو. دەنگە دەنگی هەڵسانەوە و خۆ لەبەرکردن و خۆشوشتن لە نوستنگا: دەنگە دەنگی چەپڵە لێدان دەهاتە بەر گوێ ی کە چاودێر پێ دەگوتن گورج و گۆڵ بن. تیشکێکی زەرد لە پەردە زەردەکانەوە نوێنە لوول دراوەکانی بەدیار دەخست. نوێنەکەی ئەو زۆر گەرم بوو؛ دەم و چاو و لەشیشی هەر بە هەمان شێوە بوون.

لە خەو هەڵسا و لەسەر لایەکی نوێنەکەی دانیشت. زۆر بێ هێزبوو. ویستی گۆرەویەکانی هەڵکێشێ. گۆرەویەکان رەق و هیشك ببوون. هەتاوەکەش هەر سارد و سەیر بوو. فلێمینگ گوتی:

- خۆ نەساغ نیت؟

ئەو نەیدەزانی چی یەتی. جا فلێمینگ گوتی:

- برۆ بخەوەوە. من بە (ماك گلاد) دەڵێم کە تۆ نەساغیت.

- ئەو نەساغە.

- کێ؟

- بە (ماك گلاد) بڵێ.

- برۆ بخەوە.

- ئەرێ ئەو نەخۆشە؟

هەڵگوتراون، کە (پیاو و ژن) دەگرێتەوە. لێرەدا سوور و کەسك هەمە چەشنایەتی ژیان دەگەیەنێت، یا ململانێ ی نێوان ڕژیم و یاخی بوون — ئینگلتەرە و ئێرلەندە، یا لە نێوان شتی راستەقینە و ئەندێشەیی. خۆ بە گشتیش ئەو دوو ڕەنگە شتی دژ بە یەکدی دەگرێتەوە.



قوتابییەك بن پیلەکانی گرت هەرکە ئەو گۆرەویەی بە پێ یەوە شۆڕ ببۆوە هێنایە خوارەوە و ئینجا خۆی ئاخنیە ناو نوێنە گەرمەکەیەوە.

خۆی لە نێو نوێنەکەی گرمۆڵە کرد و زۆر حەزی لە گڕی ئەو گەرمی یە شلەتێنە بوو. گوێ ی لێ بوو کە قوتابی یەکان بۆ (ئاهەنگی پیرۆزی ماس)* خۆیان دەکردەبەر، لەناوخۆیان باسی ئەویان دەکرد. هەروا دەشیان گوت کە (وێلز) زۆر نامەردایەتی کرد بەوەی ئەوی فڕێ دایە ناو چاڵی پیسایی.

پاشان دەنگەکان کپ بوون، رۆیشتن. دەنگێك لە تەك نوینەکەی گوتی:

- دیدالۆس زمانمان لێ مەدە، دڵنیا بم لەوەی واناکەیت؟

دەم و چاوی (وێلز) لە نیگای چەقی. کە لێ ی وورد بۆوە زانی (وێلز) دەترسێت.

- بە ئەنقەست وام نەکرد. دڵنیا بم زمانم لێ نادەیت؟

باوکی پی ی گۆتبوو، هەرشتێك بکات، هەرگیز نابێ و نابێت زمان لە هیچ هاوڕێیەکی بدات، جا سەری خۆی لەقاندەوە و بە (نەء) وەڵامی دایەوە و ئەویش هەستی بە شادی کرد و گوتی:

ـ بە شەرەفم بە ئەنقەست وام نەکرد. تەنیا بۆ گاڵتەکردنم بوو. ببوورە.

هەنووکە نە دەنگی ما و نە ڕەنگ. داوای لێ بووردنی دەکرد چونکە دەترسا لەوەی تووشی نەخۆشیەك هاتبم. خۆرەك نەخۆشی داروەرەختە و شێرپەنجەش هی گیانلەبەرە، یان شتێکی جودا لەمە. ئەو کاتە زۆر لەمێژە کە ئەو لە کاتی زەردەی خۆرئاوادا لە یاریگەکەدا لە قەراغ هێڵی یاریکردنەوە لە جێگایەکەوە دەخشایە جێگایەکی دی و باڵندەیەکی قورسیش بەنزمی بە ناو رۆشنایی یە بۆرەکەدا هەڵدەفری. رۆشنایی ناو دێری لایسیستەر هەڵکرا. (وۆڵسی) مرد و رەبەنەکان بەدەستی خۆیان ناشتیان. ئەوجارە دەم و چاوی وێلز نەبوو بەڵکو هی چاودێر بوو لێ ی بەدەرکەوت. ئەو فڕوفێڵی نەدەکرد کەچی بەراستی نەخۆش بوو. هەستی کرد کە دەستی چاودێر لە سەر ئەنی یەیەتی و هەروا هەستی کرد کەوا نێوچەوانی لەبن دەستە سارده تەڕەکانی چاودێردا گەرم و تەڕە. بەهەمان چەشن جورجیش هەست بە چڵکاو و تەڕی و ساردی دەکات. هەموو جورجێکیش دوو چاوی هەیە تا شتی پی ببینێ. هەروا تووکێکی نەرمی قوڕاوی و پێی زۆر گچکەی هەیە بۆ بازدان و چاوی رەشی سیاناوی بۆ بینین. ئەوان دەزانن چۆن باز بدەن،

* ئاهەنگێکی کلێسای کاسۆلیکی رۆمانیەکانە، بەیادی دوا ژەمە خواردن دەگێڕدرێت کە حەزرەتی مەسیح لەگەڵ دواکەوتەکانی خۆی خواردبووی.

بەڵام مێشکیان سەرەدەری لە زانستی سێ گۆشەکاری دەرناکات. هەرکە دەشمرن دەکەونە سەر تەنکێشێ و تووکە نەرمەکەشیان ووشك هەڵدێ و دەبنە گیانێکی مردوو. دیسان چاودێرەکە هاتەوە لای و دەنگی ئەو بوو پێ ی دەگوت هەڵبسێ و جل بکاتە بەر هەروەك باوکە قەشە فەرمانی پێ ی کرد بوو بچێتە نەخۆشخانە. جا هەرکە ئەو ئەوەندەی لە توانای دابوو و خێرا جلی دەکردەبەر چاودێرەکە پێ ی گوت:

ـ دەبێ بچینە لای کرێڤ مایکل چونکە تۆ گەدەت نەساغە.

لە هەستبەرزی خۆی بوو وای پێ گوت. ئەمە بەس بوو تا بزە بێنێتە سەر لێوانی. بەڵام نەیدەتوانی پێ بکەنێت چونکە سەر کولم و لێوەکانی دەلەرزین: جا بۆیە دەبوایە بە تەنیا پێ بکەنێت.

چاودێرەکە هاواری کرد:

- خێرا برۆ! چەپ! راست!

پێکەوە لە پەیژەکە هاتنە خوارێ و بە ناو دالآنەکە تێ پەرین و لە گەرماوەکە رەت بوون. هەرکە لە دەرگاکە رەت بوو بە ترسێکی نادیارەوە گەرمی چالآوە بە پنچك رازێنراوەکان و هەوا نێمدارە گەرمەکە و هەراو هۆریای شلپ و هۆڕی بەبیر هاتەوە و بۆنی خاولیەکانی وەك دەرمان بە کونەکەپووی چزا.

کرێڤ مایکڵ لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکە وەستا بوو و لە دەرگای ژوورە تاریکەکەی دەستە راستی یەوە بۆنێکی وەك هی دەرمان لە بوتڵەکانی سەر رەفکەکەوە دەهات. چاودێرەکە لەگەڵ کرێڤ مایکڵ قسەی کرد و ئەویش وەڵامی دایەوە و بە گەورەم لەگەڵ چاودێرەکە دەدوا. ئەو پرچێکی سوورباوی کەڵ کەڵ بۆر و دەم و چاوێکی سەیری هەبوو. سەیر بوو کە ئەو هەمیشە بە کرێڤ بانگ دەکرا و سەیرتریش ئەوە بوو نەدەبوایە بە گەورەم بانگت بکردایە چونکە ئەو کرێڤە و سەروسیمایەکی جوداشی هەبوو. هەبێ و نەبێ ئەو بە قەد ئەوان پیرۆز نییە دەنا بۆ نەدەگەیشتە ئەوان؟

لە ژوورێ دوو جێگا راخرا بوو، لە سەر یەکێکیان قوتابییەك راکشا بوو. هەرکە چوونە ژوورێ، هاواری کرد:

- هەلەو! ئەوە دیدالۆسی گچکەیە! چیتە؟

کرێڤ مایکل ووتی: ئەوەی هەیەتی هەیەتی.

قوتابییەکە هی پۆلی سێهەمی رێزمان بوو. وەختێ ستیڤن خۆی دەگۆڕی، ئەو داوای لە کرێڤ مایکڵ کرد کە لەتەنانێکی بە کەرەی بۆ بهێنێت و گوتی:



ـ تو خوا بیهێنە!

کرێڤ مایکڵ ووتی: دیسان کەرە! هەر سبەینێ دکتۆر بێت کاغەزی دەرچوونت دەدرێتێ.

قوتابییەکە گوتی: بە ڕاست! بەڵام خۆ هێشتا چاك نەبوومەتەوە.

کرێڤ مایکڵ دووپاتی کردەوە: من پێت دەڵێم کاغەزی دەرکردنت لە مست دەنرێت.

داچەمایەوە تا ئاگرەکە گەش بکاتەوە. پشتێکی پانی هەبوو وەك پشتی ئەسپی عەرەبانە. زۆر بەسەنگینی ئەستیۆەکەی دەجولاندەوە و سەرێکیشی بۆ قوتابییەکەی پۆلی سێهەمی ناوەندی لەقاندەوە.

پاشان کرێڤ مایکڵ چووە دەرەوە و ئەوەندەی پێ نەچوو قوتابییەکەی پۆلی سێهەمی ناوەندی رووی بە لای دیواردا وەرگێرا و کەوتە باوەشی خەو.

ئا ئێرە نەخۆشخانەیە. کەواتە ئەو نەخۆشە. دەبێ بۆ دایك و بابیان نووسیبێت ئەو نەخۆشە؟ چاکتر وایە یەکێك لە قەشەکان بچێ و بە ماڵ رابگەیەنێت، یا نامەیەك بنوسێ و بداتە قەشەیەك بیگەیەنێت.

دایە گیان:

**من نەخۆشم. دەمەوێت بێمەوە ماڵێ. تکایە وەرە بمبەرەوە. من لە نەخۆشخانەم.**

کوڕی خۆشەویستت ستیڤن.

ئای ئەوان چەند دوورن! هەتاوە ساردەکە لە پشت پەنجەرەکەوە بوو. لەخۆی دەپرسی دەبێ بمرێت یان نەء. خۆ لەگوینە لەو رۆژانەی خۆریش بە دەرەوەیە مرۆڤ بە هەمان شێوە بمرێت. رەنگە پێش ئەوەی دایکی بگاتە سەری بمرێت. ئەوسا ئاهەنگێکی ماتەمینی بۆ لە خۆیندنگادا دەگێڕدرێت، دەق وەك ئەوەی کە هاورێکان بۆیان گێڕابۆوە کاتێك (لیتل)[15] مرد. خرِ قوتابییەکان لەم ماتەمەدا ئامادە دەبن و جلی رەش دەپۆشن و دڵتەنگی لە نیگای هەمووان دەرژێت. (وێلز)یش لەوێ دەبێ بەڵام هیچ قوتابییەك هەر تەماشایشی ناکات. بەڕیۆەبەریش. لەوێ دەبێت و عەبارەشە بەزێڕچنراوەکەی دەکاتە بەر و چەند مۆمێکی زەردی درێژ لە سەر

١٥. کاتێك جۆیس لە کلۆنگوۆز بوو، قوتابییەك ناوی (لیتڵ) بوو مرد و لەوێش نێژرا. لەو رۆمانەدا وا دەگێردرێتەوە کە ئەو کارەساتە پێش چوونی ستیڤن رووی داوە، لەسەرێکی ترەوە مردنی (پارنێڵ) لەو کاتە بوو کە جۆیس کلۆنگوۆزی جێ هێشت، لەو رۆمانەدا وا هێنراوەتەوە کە ستیڤن لە نەخۆشخانە بوو، هەرکە ئەو مردووە. کەواتە ئەو رۆمانە رووداوێکی دەقاودەقی ژیانی (جۆیس) نی یە.

قوربانگەکە و شوێن تەرمەکەی ڕێز دەکرێن. ئینجا بەکاوەخۆ دارەبازەکە هەڵدەگرن و لە کڵێسا دەیبەنە دەر و لە گۆڕستانە بچکۆڵەکەی تیرەکە دەینێژن لە دووری ئەو ڕێگا سەرەکی یەی بە ناو درەختی زەیزەفۆن دا دەچێت. هەنگی (وێڵز) هەست بە پەشیمانی دەکات لەسەرینی ئەو خراپیەی کردوویەتی، پاشان زەنگی کڵێسا بە نەرمی دەزرنگێتەوە.

ئێستا دەنگی زەنگ لێدانی بیست، ئەو گۆرانیەی (بریگید) فێری کرد بوو لەبەرخۆی دەگۆتەوە:

**دینگ دۆنگ! زەنگی قەلا!**
**دایەی شیرین ماڵئاوا!**
**لە گۆڕستانی دێرینی کڵێسا بمنێژن**
**لەتەك برا گەورەی خۆم.**
**با سندوقی تەرمەکەم ڕەنگی ڕەش بێت**
**شەش فریشتەش لە ژوور سەرم بن.**
**دوان گۆرانی بچرن و دوانیش هەر نوێژ بکەن**
**دوانیش بێن با گیانم لەگەڵ خۆ ببەن.**

ئای کە ئەوە جوان و خەمهێنە! ئای ئەو وشانە چەند جوان بوون کە دەیانگوت ((لە گۆڕستانی دێرینی کڵێسا بمنێژن!)) ترسێکی گەورە سەرتاپای لەشی داگرت.

ئای چەند جوان و چەند خەمهێنە! ویستی بەکوڕی فرمێسك هەڵباڕێنێت، نەك بۆ خۆی بەڵکو بۆ ئەو وشانەی بە قەد مۆسیقا جوان و خەمهێن بوون. زەنگ! زەنگ! ماڵئاوا! ئای ماڵئاوا!

تیشکە ساردەکەی خۆر کزتر ببوو و کرێڤ مایکڵ لە ژوور سەریەوە وەستا بوو و لەگەنێك چەلاوی گۆشتی لە دەست بوو. کەیف خۆش بوو بەوەی کە زاری وشك و گەرمە. گوێ ی لە دەنگی قوتابیەکان بوو لە یاریگە گەمەیان دەکرد. ژیانی ڕۆژانەی قوتابخانەش وەکو جاران بەسەردەچوو وەك وا بێت ئەویش لەوێیە.

ئینجا کرێڤ مایکڵ ڕۆیشت و قوتابیەکەی پۆلی سێهەمی ناوەندی پێ ی ووت کە کریف دەگەڕێتەوە بەدڵنیایی هەموو دەنگ و باسی ناو ڕۆژنامەی پێ دەڵێت. بە ستیڤنی گوت ناوی (ئاثایە) و باوکیشی کۆمەڵێك ئەسپی غاردانێ بەخێو دەکات کە لە پازدان بێ هاوتان. هەروەها باوکی بەخشیشێکی چاك دەداتە کرێڤ مایکڵ هەردەمێك بیەوێت، چونکە کرێڤ



مایکڵ زۆر خووبەرزە و هەموو جارێك هەواڵی ناو ئەو ڕۆژنامانەی دەگەنە خوێندنگا پێ ی ڕادەگەیەنێت. هەموو چەشنە دەنگ و باسێك لەو ڕۆژنامانەدا هەبوو: ڕووداوەکان، کەشتی تێك شکان، یاری و ڕامیاری.

ئەو ووتی: هەنووکە هەر هەمووی هەر باسی ڕامیاری یە. ئەرێ ماڵی ئێوەش دەربارەی ئەو بابەتە دەدوێن؟

ستیڤن ووتی: بەڵێ.

ئەو ووتی: ماڵی ئێمەش هەروان.

ئینجا تاوێك بیری کردەوە ووتی: تۆ ناوێکی عەنتیکەت هەیە، دیدالۆس. منیش ناوێکی سەیرم هەیە، ئاثای. ناوی من ناوی شارێکە، کەچی ناوی تۆ لە لاتینی دەچێت. پاشان ووتی: ئەرێ لە مەتەڵ هەڵهێنان زیرەکیت؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە: زۆر باش نیم.

ئینجا گوتی: دەتوانیت ئەم مەتەڵە هەڵبێنی. بۆ هەرێمی (کیلدار) لە کۆتایی لنگی پانتۆڵ دەچێت؟

ستیڤن بیری کردەوە دەبێ وەڵامی ئەمە چی بێت. پاشان ووتی:

- نازانم.

ئەو ووتی: چونکە (ڕانێکی) تێدایە. هەنوکە لە نوکتەکە گەیشتی؟ ئاثای[16] شارێکە لە هەرێمی کیلدار و مانای ئەو وشەیش ڕانە.

ستیڤن ووتی: ئۆ، تێگەیشتم.

ئەو ووتی: ئەوە مەتەڵێکی کۆنە.

پاش تاوێکی تر گوتی: دەڵێم!

ستیڤن پرسی: چی؟

گوتی: دەتوانرێت ئەم مەتەڵە بە چەشنێکی دی هەڵبگێڕدرێتەوە.

ستیڤن گوتی: تۆ دەتوانی؟

ئەو گوتی: داخۆ دەتوانیت هەر هەمان مەتەڵ بە شێوەیەکی دی هەڵبگێڕیتەوە؟

١٦. ڕەگەزدۆزی (جیناس) لە نێوان هەر دوو وشەی (Athy) و (a thigh) هەیە، کە یەکەمیان ناوی شارێکە، بەڵام دووەمیان بە مانای ران دێت و مانایەکی سێکسی هەیە.

ستیڤن گوتی: نەخێر.

ئەو گوتی: ناتوانی بە شێوەیەکی دی بیری لێ بکەیتەوە؟

کاتێ قسەی دەکرد لە پشت نوێنەکەیەوە لە ستیڤن رادەما. پاشان پالّی دایەوە سەر بالیفەکە و گوتی:

ـ ئەو مەتەڵە بە چەشنێکی دیش لێك دەدرێتەوە بەڵام من پێت نالّێم.

ئەرێ بۆ پێ ی نەگوت؟ باوکی کە ئەسپی غاردانێ ی هەیە دەبێ وەکو باوکی (سۆرین) و (ناستی رۆشە) دادپرس بێت. بیری لە باوکی خۆی دەکردەوە کە چۆن تێ ی هەڵدەکردە گۆرانی کاتێك دایکی مۆسیقای بۆ لێ دەدا، یا چۆن هەمیشە شیلینێکی دەدایێ کە ئەو داوای شەش پێنسی لێ ی دەکرد، بۆیە ئەویش سکی بە باوکی خۆی سووتا چونکە وەك بابی منداڵانی دی دادپرس نەبوو. کەواتە بۆ ئەویان ناردۆتە ناو ئەوانە؟ کەچی بابی پێ ی گۆتبوو لەوێ هەست بە نامۆیی ناکات چونکە پەنجا ساڵ لەمەوبەر مامی باوکی ووتارێکی پێشکەش بە رزگارکەری[17] ئەو شوێنە کردووە. مرۆ دەتوانی خەڵکی ئەودەمای بە جلکە کۆنێنەکانیان بناسێتەوە. ئەو ئەودەمای زۆر بە سەنگینی دەهاتە بەرچاو: جا لە خۆی پرسی دەبێ ئەو کات قوتابیانی کلۆنگوۆز کورتەکی شین و دوگمەی تووج و سوخمەی زەرد و کڵاوی کەوڵە کەروێشکیان لەبەر کردبێ و بە چەشنی گەوران بیرەیان هەڵقوڕاند بێ و تاژیان بۆ راوەکەروێشك راگرتبێت.

تەماشەیەکی پەنجەرەی کرد و بینی هەتاو کزتر بووە. هەنووکە تیشکی بۆری تەماوی دەکەوێتە سەر یاریگەکە. دەنگ چییە بلّێی لە یاریگەوە نەدەهات. دەبێ پۆلەکان ئێستا یان خەریکی شیکارکردنەوە بن یان لەگوینە باوکە ئارناڵ پەرتووکیان بۆ بخوێنێتەوە.

زۆر سەیر بوو هیچ جۆرە دەرمانێکیان پێی نەدابوو. لەوانەیە کە کرێڤ مایکل دەگەڕێتەوە لەگەڵ دەستی خۆی بیهێنێ. پێ یان گۆتبوو ئەوەی بچێتە نەخۆشخانە دەبێ مادەیەکی تام و بۆن ناخۆش بخواتەوە. بەڵام هەنووکە ئەو لەجاران باشتر بوو. زۆرخۆشە مرۆڤ لەسەرخۆ چاك ببێتەوە. ئەوسا ماوەی خوێندنەوەی پەرتووکێکت دەبێت. لە پەرتووکخانەدا کتێبێك لە بارەی هۆڵەندا هەبوو. ناوی بێگانەی خۆش خۆشی تێدا بوو لەگەڵ وێنەی سەیر سەیری شاران و گەشتی وا کە شادی بە دڵ و دەروون دەبەخشێ.

ئای تیشکی بەر پەنجەرە چەند کز بوو! بەڵام رەنگینیش بوو. سێبەری هاڵاوی ئاگرەکە بەرز دەبۆوە و شەپۆل ئاسا دەرژایە سەر دیوار. گوێ ی لە دەنگە دەنگ بوو و زانی کە کەسێك

١٧. مەبەست لە رزگارکەر (دانیاڵ ئۆکۆنێڵە (١٧٧٥- ١٨٤٧).



رەژووی تێ کردووە. ئەو دەنگە دەنگە شلّپ و هۆڕی شەپۆل بوو، یان شەپۆلەکان هەرکە بەرز و نزم دەبوونەوە لەگەڵ یەکتری دەدوان.

ئەو دەریاییێك شەپۆلی دیت، شەپۆلی درێژکۆڵەی تاریك کە هەڵدەستان و دەکەوتنەوە و لە ناو شەوی بێ مانگ دا رەش دەچوونەوە. تروسکەیەك لەبەر دەرگای لەنگەرگا دەدرەوشایەوە کە کەشتی لێ ی یەوە دێتە ژوورێ، هەروا ئەوەشی دیت کە کۆمەڵە خەڵکێك لە قەراغی ئاوەکە کۆبونەتەوە بۆ بینینی ئەو کەشتییەی دێتە ناو لەنگەرگایەکەوە. لەسەر پشتی کەشتی یەکە پیاوێکی کەڵەگەت وەستا بوو دەیڕوانیە زەوی یە تاریکە راستانەکەی ئەوبەر: هەروا لە بەر رۆشنایی شۆستەکە دەم و چاوی دیت، کە دەم و چاوە غەمناوی یەکەی کرێڤ مایکڵ بوو. دیتی کە دەستی بۆ لای خەڵك بەرز کردەوە و گوێ ی لێ بوو کە بە دەنگێکی بەرزی خەمبار لەوبەری ئاوەکە هاواری دەکرد:

ـ ئەو مرد. بە چاوی خۆمان دیتمان لە سەر دارەبازە درێژ کرابوو.

هاوار و ڕۆرۆ لە خەڵکی هەڵسا:

ـ پارنێل! پارنێل! مرد![18]

هەموویان کەوتنە سەرچۆکان و بە خەمباری دەنووزانەوە.

هەروا بینی کە دانتێ بە قاتە جلێکی مەخمەری رەنگ جەرگی و باڵابۆشێکی مەخمەری سەوزی بە سەر شان دادابوو و بە شانازی و بێ دەنگی بە لای ئەو خەڵکەی کە لەسەرچۆك لە گوێ ئاوەکە کەوتبوون رەت بوو.

* * *

ئاگرێکی گەورە بەرز و سوور دەسوتا و گڕی لە ناو مەقەڵەکەوە هەڵایسا بوو و مێزی کریسمەسیش لە ژێر چلچرا بە لاولاوە پەرژینکراوەکە دانرابوو. ئەوان درەنگ هاتبونەوە ماڵێ و هێشتا نانی ئێوارە ئامادە نەبوو بوو. بەڵام دایکی دەیگوت هێندەی پێ ناچێت ئامادە دەبێت. هەموویان چاوەڕێ ی ئەوە بوون کە نۆکەرەکان بەخۆو بە قاپی گەورە گەورەوە کە بە سەرقاپی قورسی کانزایی پۆشراون بە ژوور بکەون.

هەموویان چاوەڕی بوون: (مامە چارڵس) لە دووری ئەوانەوە لە بەر سێبەری پەنجەرە دانیشتبوو، (دانتێ) و (مستەر کیێسی) یش لە سەر کورسی نەرم لەمبەر و لەوبەری ئاگردان

١٨. ستیڤن بە چاوی خەڵك وا دەبینێت کە لاشەی پارنێل هێنراوەتەوە ئێرلەندە.

دانیشتبوون، ستیڤن لەسەر کورسی یەکی بچووك لە نیۆانیان دانیشتبوو و پیٚ یە کانیشی لەسەر کورسی یەکی گچکە دانابوو. مستەر دیدالۆس لە ئاوێنەی سەر پاساری ئاگردانەکەوە تەماشایەکی خۆی کرد و هەردوو سەری سمێڵەکەی بادا و پشتێنی پشتەوەی قاپووتەکەی لێك کردەوە و رابوو و پشتی لە ئاگرە گەشەکە کرد: هەر ساتە ناساتێك دەستێکی لە پشتەوەی قایشی قاپووتەکەیەوە دەکێشایەوە و بە سەری سمێڵیٚ دادەهێنا. مستەر کێیسی سەری بۆ لایەك لار کردبۆوە و بەزەردەخەنەیەکەوە بەهێواشی دەستی لە گریٚ ی ئەستۆی خۆی دەدا. ستیڤنیش زەردەخەنەیەکی هاتیٚ چونکی بۆی دەرکەوت کە ئەوە راست نی یە مستەر کێیسی جۆڕکێك زیوی لە گەروودایە. دیسان بزەیەکی دی هاتیٚ کە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن لەرە زیوینەکەی دەنگی مستەر کێیسی ئاوا خەڵەتاندبووی. جا کاتێك ویستی دەستی مستەر کێیسی بکاتەوە تا بزانێت ئایا جۆڕکە زیوەکە لە ناو دەستێتی دیتی کەوا پەنجەکانی گرمۆڵەن و ناکرێنەوە: هەروا مستەر کێیسی پیٚ ی ووت کە ئەو ئەم سیٚ پەنجە سەقەتانەی وەك دیاری رۆژی لە دایك بوون پێشکەشی شاژن ڤیکتۆریا کردووە.[19]

مستەر کێیسی بەکاوەخۆ دەستی لە گریٚ ی ملی خۆی دەدا و بە چاوێکی خەواڵوەوە بە ستیڤن دەخەنیەوە و مستەر دیدالۆس پیٚ ی ووت:

- بەڵیٚ، هەنکە باشە، گشتی تەواوە. ئۆە پیاسەیەکی باشمان کرد، وا نی یە، جۆن؟ بەڵیٚ... دەپرسم دەبیٚ لەوە بچێت ئەمشەو شام بکەین؟ بەڵیٚ... باشە ئەمڕۆ زۆر بۆنی (ئۆزۆن) مان هەڵمژی... ئا بەو خودایە.

ئینجا رووی کردە دانتیٚ و گوتی:

ـ ئەریٚ قەت بۆ خۆشی و رابواردن دەرناچیت، مسز رایۆردان؟

دانتیٚ رووی گرژ کردەوە و بە کورتی گوتی: نەخێر.

مستەر دیدالۆس لچکی پشتەوەی قاپووتەکەی بەردایەوە و بۆ لای مێزی نان خواردن کشا. گۆزەیەکی گەورەی بەردینی پڕ وێسکی لە دۆڵابەکە دەرهێنا و بەهێواشی سوراحی یەکەی لیٚ پڕ کرد، هەر ساتە ناساتێك خۆی خوار دەکردەوە تا بزانێت چەندی تیٚ کردووە. ئینجا گۆزەکەی داناوە ناو دۆڵابەکە و پاشان کەمێك ویسکی کردە ناو دوو پەرداخەوە و هەندێك ئاویشی کردە سەر و هێنایانیەوە بۆ لای ئاگردانەکە و گوتی:

١٩. کەسیتی مستەر کێیسی لە کەسێتی (جۆن کیللی) وەرگیراوە، کە لەبەر زۆری چالاکی سیاسی چەندین جار لە زیندان پەستراوە و پەنجەکانی لەویٚ سەقەت کراون.



ـ یەك قیچە خواردنەوە (جۆن) تەنها بۆ ئەوەی گەدەت بکاتەوە.

مستەر کێیسی پەرداخەکەی وەرگرت و خواردیەوە و لە سەر پاساری ئاگردانەکەی دانا و پاشان گوتی:

ــ باشە دەزانی من ناتوانم کریستۆفەری هاوڕێمان لە مێشکم بەرمەدەر- ئەوەی بەرهەمهێنەری...

دایە قاقای پێکەنین و دەستی کردە کۆخەکۆخ و گوتی:

ـ بەرهەم هێنەری ئەم چەشنە شامپانیایانەیە بۆ ئەو هاوڕیٚ یانە.

مستەر دیدالۆس بە دەنگێکی بەرز پیٚ دەکەنی و گوتی:

ـ ئەریٚ ئەوە کریستی یە؟ ئەوەندە فڕوفێڵەی لە بالووکەیەکی سەرە کەچەڵەکەی دایە زێترە لە هی کۆمەڵە ریۆی یەك.

سەری هێنا خوار و چاوەکانی نووقاند و بە نەوسنی لیۆی خۆی دەلێستەوە، ئینجا بە دەنگی ئوتێلچی یەکان کەوتە قسە.

- نازانیت کە لەگەڵت دەدویٚ دەم و لێویکی چەند شیرینی هەیە. خوا نەیبڕێت، خۆ بەرغەبابەشی هەمیشە تەڕ و ئاودارە.

هێشتاش هەر مستەر کێیسی لەگەڵ کۆخە و پێکەنینەکەی لە ململانیٚ دا بوو. ستیڤنیش کە هەم لە دەنگی و هەم لە رەنگی ئەوا شیۆەی ئوتێلچیەکی دەدیت، پێکەنی. مستەر دیدالۆس چاویلکەکەی کردەوە چاو و تەماشای کرد و بەهێواشی و نەرمی ووتی:

ـ هەی گوجیلەسەگ، ئەتۆ بە چی پیٚ دەکەنێت؟

نۆکەر هاتنە ژووریٚ و لەگەنەکانیان لەسەر مێزەکە دانا. مسز دیدالۆس لە دوایان هات و جێگاکان رێك خران و گوتی:

ـ فەرموون دابنیشن.

مستەر دیدالۆس چووە ئەوسەری مێزەکە و گوتی:

ـ دە ئیستا (مسز رایۆردن) دابنیشە. (جۆن) گیانەکەم دە تۆش دابنیشە.

سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد بۆ ئەو شوێنەی مامە چارڵسی لیٚ دانیشتبوو و گوتی:

ـ گەورەم هەنووکە ئەم باڵندەیە چاوەڕیٚ ی دەست و دەمتە.

هەرکە هەموویان لە جێگای خۆیان دانیشتن دەستی دانا سەر سەرپۆشەکە و ئینجا کە خەریکی لادانی بوو بەخێرایی گوتی:

– دەی ستیڤن.

ستیڤن لە جێ ی خۆی هەڵسایەوە سەرپێ یان نوێژی پێش نان خواردن بکات:

**خودایە نیعمەتی خۆتمان لێ بە زیاد و پیرۆز بکە کە بە بەخشندەیی خۆت بۆت ناردووین و ئێمەش بە هۆی مەسیحی سەروەرمان لێتمان وەرگرتووە. ئامین.**

هەموویان داوای بەرەکەتیان بۆ خۆیان کرد و مستەر دیدالۆسیش بە ئاه هەڵکێشانیکی شادەوە سەرقاپە قورسەکەی لە سەر خواردنەکە بەلانا کە هەندێك دڵۆپی وورشەداری بە قەراغەکانیەوە بوو.

ستیڤن ڕوانی یە قەڵەموونە قەڵەوەکەی سەر مێزی نانخوارنێ و بینی لە شیشە دراوە و باڵەکانی بەلەشییەوە نووساون. زانی باوکی ئەو قەڵەموونەی بە جونەیهێك لە بازاڕی جادەی (دی ئۆلێری) کڕیووە. کابرای فرۆشیار تووکی سەرسینگی دەرکێشا بوو تا پیشان بدات چەند نازدارە. هەروەها دەنگی پیاوەکەشی هاتەوە بیر کە دەیگوت:

– گەورەم ئەمەیان ببە. ئەوە چاکترینیانە.

دەبی راز لەوەدا چ بێت هەر کە (مستەر بارێت) ی خوێندنگای کلۆنگۆز قوتابیەك دارکاری دەکات پێ ی دەڵێت قەڵەموون؟ بەڵام کلۆنگۆز لێرە زۆر دوورە: بۆنە قورسە گەرمەکەی قەڵەموون و گۆشتی ڕانەبەراز و کەرەوز لە فەخفوری و لەگەنەکان هەڵدەسا و بڵێسەی گەش و سووریش لە ئاگردانەکە بەرز دەبۆوە و لاولاوەی کەسك و سۆبڵەتی سووریش چەشنە فەرامۆشی و شادیەکیان بە مرۆڤ دەبەخشی. کاتێکیش لە خواردن دەبنەوە تەڕە حەلوا بەتام و بۆکە دێنن بۆ ژووری کە بە دەنکە باوی نەخشێنراوە و بە گەلای سۆبلەتی رازێنراوەتەوە و گڕی شین دەوری ئەمانەی داوە و بەیداغێکی کەسکی گچکەش لە سەری سەرەوەیەتی.

ئەوە یەکەم کریسمەس بوو کە ستیڤن بەشداری نانی ئێوارەی لەگەڵ ئەوان کرد بێت. جا بیری چووە لای خوشك و برا گچکەکانی کە لە ژووری منداڵان چاوەڕێ یان دەکرد، هەروەك خۆی زۆرجار لەوێ چاوەڕێ ی کردووە تا تەڕە حەلوا دەهات. یاخە شۆڕ و پانەکەی لەگەڵ چاکێتەکەی خویندنگای (ئیتۆن) هەستێکی سەیر و پیرانەی پێ دەبەخشی، هەر ئەو رۆژەی کە دایکی خۆی بۆ ئاهەنگی قوربانی پیرۆز کردبووە بەر، لەگەڵ خۆی بردیە خوارەوە بۆ ژووری دانیشتن، باوکی فرمیسکی هەڵدەباراند چونکە باوکی خۆی کەوتبووە یاد. خۆ مامە چارڵسیش هەر هەمان شتی دەگوت.



مستەر دیدالۆس قەپاغی سەر خواردنەکەی لادا و دەستی کردە خواردن هەڵلووشین، پاشان گوتی:

ـ ئەی پیرە کریستی بەستەزمان، بڕوانە تەڵەکەبازی یەکەی تووشی چ ژانەسەرێکی کردووە.

مسز دیدالۆس گوتی: سایمۆن تۆ ساست نەدایە (مسز رایۆردان).

مستەر دیدالۆس تەبەقی ساسەکەی گرتە دەست و هاواری کرد:

ـ نەم داویەتێ؟ داوای لێ بووردنت لێ دەکەم (مسز رایۆردان).

دانتی بە دەستەکانی قاپەکەی خۆی داپۆشی و گوتی:

ـ نەخێر، سوپاست دەکەم.

مستەر دیدالۆس ڕووی وەرگێڕا لای مامە چارڵس:

ـ رات بە خواردنەکە چی یە گەورەم؟

ـ زۆر تەواوە، سایمۆن.

ـ ئەدی ئەتۆ، جۆن؟

ـ منیش هەروا. گوێ بە خواردنی خۆت بدە.

ـ بە مریەمە؟ ستیڤن، بگرە ئەوە بخۆ تا پرچت لوول بێت.

تەواوێك ساسی روو کردە ناو قاپی ستیڤن و ئینجا تەبەقە ساسەکەی دانایەوە سەر مێزەکە.

پاشان لە مامە چارڵسی پرسی داخوا خواردنەکە لە ناو دەمی نەرمە، بەڵام مامە چارڵس نەیتوانی وەڵامی بداتەوە چونکی دەمی پڕ خواردن بوو کەچی بە (بەڵێ) سەری بۆ لەقاندەوە.

دیسان مستەر دیدالۆس تێ ی هەڵکردەوە:

ـ ئەو هاوڕێ یەمان وەڵامێکی چاکی کلێسا و قەشەی داوەتەوە، تۆ چ دەڵێیت؟

مستەر کێیسی گوتی: من ئەوهام لەوڕا نەدەدیت.

مستەر دیدالۆس گوتی ئەو وتبووی:

ـ باوکە هەرچی یەکی دەتەوێ دەتدەمێ کاتێك واز لەوە دێنن ماڵی خوا بکەنە هۆڵی دەنگدان.

دانتێ گوتی: وای لەو وەڵامە چاکەی کە لە دەمی پیاوێکی وا بیتە دەرەوە کە خۆی بە کاسۆلیك دابنێت لە بەرامبەر قەشەکەی.

مستەر دیدالۆس بە نەرمی گوتی: نابێ ئەو قەشانە، هێت لە خۆیان، گازاندە لە کەس بکەن. جا ئەگەر گوێیش لە گێلێکی وەك من بگرن با تەنیا خەریکی کاری ئایینی خۆیان بن.

دانتێ گوتی: ئەوەی ئەوان دەیکەن کاری ئایینی یانە چونکی ئەرکی ئەوان بریتی یە لە ئاگادارکردنەوەی خەڵك.

مستەر کێیسی گوتی: ئێمە بەوپەڕی ملکەچی یەوە دەچینە ماڵی خودا تا نوێژ بۆ دروستکەرمان بکەین نەك بۆ گوێ گرتن لە ووتاری دەنگدان و هەڵبژاردن.
دیسان دانتێ هەڵی دایێ: ئەوەش هەر کاری ئایینە. ئەوان لە سەر راستین و ئیشیشیان ئەوەیە خەڵکی بەرەو رێ ی راست ئاراستە بکەن.
مستەر دیدالۆس پرسی: هەروا لە قوربانگەی پیرۆزیشەوە باسی رامیاری بکەن، وا نییە؟
دانتێ گوتی: بێ گومان، چونکە ئەوە مەسەلەی رەوشتی گەلە. هیچ قەشەیەك قەشە نییە ئەگەر رێ ی راست و چەوت بۆ خەڵك دیار نەخات.
مسز دیدالۆس چەنگاڵ و چەقۆکەی دانا و گوتی:
ـ بۆ خاتری خوا واز لە گفتوگۆی رامیاری بهێنن نەخوازەلا لەم رۆژە پیرۆزەی ساڵدا.
مامە چارلس گوتی: بە خوا خانم راست دەکات. دە ئێستا بیبڕەوە سایمۆن. با تاقە وشەیەکی دیت لە دەم نەبیستریێ.
مستەر دیدالۆس خێرا گوتی: بەڵێ، بەڵێ.
بە ئازایی سەرقاپەکەی لابرد و گوتی:
ـ هەنووکە کێ هەندێکی دی قەڵەموونی دەوێت؟
کەس وەڵامی نەدایەوە، دانتێ ووتی:
ـ ئای لەو زمانە خۆشەی کاسۆلیکی یەك بەکاری دێنێت!
مسز دیدالۆس گوتی: تکات لێ دەکەم (مسز رایۆردان) ئەم باسە ببڕەوە.
دانتێ رووی بۆ وەرگێرا و گوتی:
ـ من لێرە کرو کپ دابنیشم و گوێ یان لێ بگرم گاڵتە بەو زاتە پیرۆزانەی کلێساکەم بکەن؟
مستەر دیدالۆس گوتی: وشەیەك چی یە کەس پێ یان نالێت، ئەگەر دەست لە رامیاری وەرنەدەن.
دانتێ گوتی: کە ئەسقەف و قەشەی ئێرلەندا بدوێت دەبێت خەڵك سەریان بۆ دابنەوینێت.
مستەر کێیسی گوتی: دەبا ئەوان واز لە رامیاری بێنن دەنا رەنگە خەڵك واز لە کلێسا بێنن.
دانتێ رووی وەرگێڕا لای مسز دیدالۆس و گوتی: خۆ دەبیسییت؟
مسز دیدالۆس گوتی: مستەر کێیسی! سایمۆن! دەبەسە ئەم بابەتە ببڕنەوە.
مامە چارڵس گوتی: زۆر نەنگە! زۆر نەنگ!
مستەر دیدالۆس گوتی: ئێمە بە فەرمانی گەلی ئینگلیزی ئەو[20] بەجێ بهێلین؟

٢٠. مەبەست لێرە پێشەوای نەتەوەیی گەلی ئێرلەندا پارنێڵە.



دانتێ گوتی: ئەو چی دیکە شایەنی پێشەوایی نی یە، چونکە هەمموو کەس بە تاوانەکەی دەزانێت.
مستەر کێیسی گوتی: ئێمە هەمموان تاوانبارین... چ تاوانبارێکی رووڕەشیش.
(مسز رایۆردان) گوتی: **قوڕ بە سەری ئەو کەسەی گوناهی لە دەست دەقەومێت! باشتر وایە بەرداش بکەیتە ملی و فڕێ ی بدەیتە ناوەندی دەریا تا بخنکێت نەوەك بڕوادارێك لە رێ بباتەدەر. ئەمە زمانی رۆحی پیرۆز خۆیەتی.**[21]
مستەر دیدالۆس بەساردی گوتی: لێم بپرسی چلۆن زمانێکە، پێت دەڵێم زمانێکی زۆر بەدە.
مامە چارڵس گۆتی: سایمۆن! سایمۆن! ئەو منداڵە.
مستەر دیدالۆس گوتی: بەڵێ، بەڵێ من مەبەستم... بیرم لەو زمانە بەدەی کۆڵکێشی ئێستگەی شەمەندەفەر دەکردەوە. دەباشە، هەمووی تەواو. ستیڤن، کوڕە گچکەکەم دەی قاپەکەی خۆتم پێ نیشان بدە. دەی ئەوە بخۆ. خواردنی لەسەر قاپەکەی ستیڤن قووچ کردەوە و چەند پارچەیەکی گەورەی قەڵەموونەکە و چەند کەوچکێك ساسی دایە مامە چارڵس و مستەر کێیسی. مسز دیدالۆس کەمێکی دەخوارد، بەڵام دانتێ دانیشتبوو و دەستی لەسەر کۆشی دانا بوو و دەم و چاوی سوور هەڵگەڕا بوو. مستەر دیدالۆس لەوسەری قاپەکەیەوە بە چەنگاڵ پێ کۆڵی دەکرد و گوتی:
ـ پارچەیەکی زۆر بەتام هەیە کە ناوی کەپووی پاپایە، ئەگەر هەر خانمێك یا خاوەن رێزێك دەیەوێ....
بەنووکە چەنگالێکەوە پارچە گۆشتەکەی بەرزکردەوە، بەڵام کەس متەقی نەکرد ئینجا داینا ناو قاپەکەی خۆی و گوتی:
ـ با کەس نەڵێت پرسی پێ نەکردم. باشتر وایە خۆم بیخۆم چونکە لەو دواییانە تەندروستیم تەواو نی یە. چاوێکی لە ستیڤن قووچاند و سەرقاپەکەی داناوە سەر خواردنەکە و دیسان تێبەر بووە خواردن. هەرکە ئەو نانی دەخوارد، خامۆشی ئەو ناوەی گرتبۆوە. پاشان گوتی:
ـ دەباشە ئەوڕۆ رۆژ خۆشە و کۆمەڵە بێگانەیەکیش رژاونەتە ئەو ناوە.
کەس وورتەی لێوە نەهات. دیسان تێ ی هەڵچۆوە:
- وا بزانم بێگانەی کریسمسی ئەمساڵ لە هی پار زیاترن.
چاوێکی بە ئەوانەی دەوروبەری خۆی داگێڕا، کە بینی هەموویان سەریان بە سەر قاپەکانیان داگرتووە و کەس وەڵامی ناداتەوە، تاوێك راوەستا و بە تووڕەیی گوتی:

٢١. ئەم قسانە لە ئینجیلی (لۆقا) دان (بەندی هەڤدەم — دێری یەکەم و دووەم).

- باشە، هەرچۆنێك بێت ئاهەنگی کریسمسەکەمان تێکچوو.

دانتیێ گوتی: ئەوماڵەی کە ڕێزی قەشەی کڵێسای تێدا ناگیرێت، بەخت و بەرەکەتی ناکەوتیێ.

مستەر دیدالۆس بە تووڕەیی چەنگاڵ و چەقۆکەی فڕێ دایە ناو قاپەکەی و گوتی:

ـ ڕێز گرتن! ڕێزی ((بیللی)) لێودار بۆڕی گەدەی ((ئەرماگ)) بگرین؟[22] ڕێز گرتن!

مستەر کێیسی بە گاڵتە پێکردنێکی لەسەرخۆ گوتی:

ـ ئەو شازادانەی کڵێسا!

مستەر دیدالۆس گوتی: بەڵێ، بەڵێ، هی عەرەبانچیەکەی (لۆرد لایتریم)[23]یش؟

دانتیێ گوتی: ئەوانە نێراوی مەسیح و مایەی شانازی وڵاتەکەیانن.

مستەر دیدالۆس بە دەنگێکی گڕەوە گوتی: بۆڕی گەدە! با بە بیرت بێنمەوە کە دەنوویێت چ دەم و چاوێکی جوانی هەیە. ئای جۆنی، خۆزگە دەت دیت ئەو برادەرە لە ڕۆژانی ساردی زستان چۆن گۆشت بەراز و کەلەرمی لف دەکرد. دەم و چاوی خۆی موورِ کردەوە و شێوەی ئاژەڵانی پەڕییێ و ئێنجا بە مرچە مرچ لێوەکانی خۆی لێستەوە:

- ئەوەی ڕاستی بێت، سایمۆن، نابێ بەم چەشنە لە پێش ستیڤن بدوییێ.

دانتی بە دەمگەرمی ووتی: ئۆە، ئەو کە گەورە دەبێت هەمموو ئەوانەی لەبیر دەمێنێ - و هەروا ئەو زمانەی لەبیر دەمێنی کە دژ بە خوا و ئایین و قەشە لەو ماڵەدا بەکار هاتووە.

مستەر کێیسی لە مێزەکەی بەرامبەرەوە پێ ی گوت: با زمانی ئەو قەشە و داردەستانەشی لە بیر بمێنێت کە دڵی (پارنێڵ) یان پێ ی شکاند و وەکو تاژی تا بەردەرگای گۆڕ ڕاوەدوویان نا، با کە گەورە بوو ئەوەشی لە بیر بمێنێت.

مستەر دیدالۆس هاواری کرد:

---

۲۲. لێرەدا مستەر دیدالۆس باسی خاوەن شکۆ (ولیام ج. وۆڵش) کە سەر ئەسقەفی دەبلن بوو دەکات، لەگەڵ پایەبەرز (کاردینالٚ لۆگ) کە سەرئەسقەفی ئەرماگ بوو، ئەو دووە هەردووکیان دژی پارنێڵ بوون.

۲۳. لۆرد لایتریم: خاوەن زەویەکی گەورەی ناوچەی (کۆناوت) بوو. بەڵام زۆر کەس رقی لێ ی بوو. لە ساڵی (۱۸۷۷) دا لە ناو عارەبانەکەی خۆی کوژرا، لەگوینە پێشمەرگەی ئێرلەندی کوشتبیتیان، عەرەبانچیەکەشی ویستبووی بەرگری لێ بکات.



ـ ئەو سەگی کوڕی سەگانە! هەرکە ئەو لە تەنگانەدا بوو هەموویان شاڵاویان بۆ برد و ناپاکیان لەگەڵ دا کرد و وەك جورجی ناو چڵپاو لێکیان هەڵ تلیشاند. ئەو سەگە نامەردانە. سوێندم بە مەسیح ئەوان ئەویان رووخاند.

دانتیێ قیژاندی: ئەوان بە شێوەیەکی ڕاست ڕەفتاریان کرد. ئەوان گوێڕایەڵی ئەسقەف و قەشەی خۆیان بوون. بۆیەش مایەی شانازین.

مسز دیدالۆس گوتی: بەڕاستی شتێکی ترسناك و دڵتەنگ کەرە ئەگەر لە ساڵێکی ڕەبەقدا یەك تاقە ڕۆژ نەتوانین لەو شەڕەچەقە رزگارمان بێت!

مامە چارڵس بەشێنەیی دەستەکانی هەڵبڕی و گوتی:

ـ دەبەس بێ، بەس! ئایا ناتوانین بیروڕاکانمان بپارێزین بە بێ ئەوەی خووێکی نەنگ و زمانێکی بەدِ بەکار بهێنین؟ بەڕاستی ئەوە زۆر نەنگە.

مسز دیدالۆس بە دەنگێکی نزم لەگەڵ دانتی دوا، کەچی دانتیێ بە بەرزی گوتی:

- من ناتوانم بێ دەنگ بم. من پارێزگاری لە کڵێسا و ئایینەکەم دەکەم کە تووشی جوێن و گاڵتە پێ کردن دێت لە لایەن هەڵگەڕاوە کاسۆلیکیەکانەوە.

مستەر کێیسی ڕەمەکانە قاپەکەی پاڵ پێوەنا تا گەیشتە ناوەڕاستی مێزەکە، ئانیشکی دایەوە و بە دەنگێکی گڕەوە ڕووی کردە خانەخۆی:

ـ ئەرێ چیرۆکی تف لە ڕووکردنە ناودارەکەتم بۆ گێڕایەوە؟

مستەر دیدالۆس گوتی: نەخێر، جۆن.

مستەر کێیسی گوتی: جا بۆچی، ئەوە چاکترین چیرۆکە بۆ پەند لێ وەرگرتن. ئەو چیرۆکە ماوەیەك لەمەوبەر لە هەرێمی (ویکلۆ) کە هەنووکە ئێمە تیای دەژین ڕووی داوە.

قسەکەی بڕی و ڕووی وەرگێڕا لای دانتیێ و بە بوغزێکی لەسەرخۆوە گوتی:

ـ خانم با پێت بڵێم ئەگەر مەبەستت لە منە، من هەڵگەڕاوەیەکی کاسۆلیکی نیم. من کاسۆلیکیم هەرچۆن باوکم پێش من وا بوو و باپیریشم پێش ئەو و باوکی باپیرەشم بەر لەو وابوون، ئێمەش ئامادەین دەست لە ژیانمان هەڵبگرین نەوەك بڕوامان بفرۆشین.

دانتیێ گوتی: خۆ ئەو قسانە زێتر ئابڕووت دەبات.

مستەر دیدالۆس بەبزەیەکەوە گوتی: چیرۆکەکە، جۆن، هەرچۆنێك بێت چیرۆکەکەمان بۆ بگێڕەوە.

دانتیێ بە تەوسەوە دووبارەی کردەوە: بەڕاستی کاسۆلیکە! گەندەترین پرۆتستانتی ئەو وڵاتە بەو شێوە زمانەی ئەمڕۆ ئێوارە بیستم قسە ناکات.

مستەر دیدالۆس سەری خۆی دەهێنایە پێش و دەبردە پاش و بەچەشنی گۆرانی بێژێکی دێهاتی منگە منگی بوو.

مستەر کێیسی سوور هەڵگەڕا و ووتی: با جارێکی دیش پێت بڵێم کە من پڕۆتستانت نیم.

مستەر دیدالۆس هێشتا سەری دەلەقاندەوە و منگەمنگی خۆی دەکرد، ئێنجا بە مڕە مڕێکەوە دەستی کردە گۆرانی ووتن کە ئاوازەکە لە کونی لووتیەوە دەردەچوو:

**دەتێکڕا وەرن ئەی ئەو کاسۆلیکی یە ڕۆمانیانەی[24]**
**کە لە تاقە ئاهەنگێکی ماسدا بەشدار نەبوون.**

دیسان چەنگاڵ و چەقۆکەی هەڵگرتەوە بەکەیفخۆشی یەوە تێ بەربووە خواردن و بە مستەر کێیسی گوت:

- جۆن، دەی چیرۆکەکەمان بۆ بگێڕەوە چونکە یارمەتیمان دەدات خواردنەکە هەرس بکەین.

ستیڤن بەتامەزرۆیی تەماشای دەم و چاوی مستەر کێیسی کرد کە لەوبەری مێزەکەوە لە نێوان دەستە تێك پەڕیوەکانی تێ ی ڕادەما. ئەو حەزی دەکرد لە تەنیشت ئەم لەتەك ئاگردانەکە دابنیشی و بڕوانیتە دەم و چاوە تاریکە توند و تیژەکەی. بەڵام چاوەکانی هەرگیز کیۆیانە نەبوون و دەنگە نەرمەکەشی خۆش بوو بۆ گوێ لێ گرتن. ئەدی کەواتە بۆ ئەو دژی قەشانە؟ دەبێ لەبەرئەوە نەبێت کە دانتێ لەسەر ڕاستە. بەڵام ئەو لە باوکی خۆی بیستبوو کە دەیگوت ئەو ژنە رەبەنێکی سەر لێ شێواوە و خۆی لە دێری (ئەلیگانیز) کێشاوەتەوە کاتێك براکەی بڕێك پارەی لە هەندێ خەڵکی کێوی بە چەنگ کەوتووە بەرامبەر بە هەندێك ملوانکە و خشڵ. رەنگە هەر ئەوە هۆی ئەو رقە بێت کە لە (پارنێڵ)ی هەڵگرتووە. هەروەها ئەو حەز ناکات ستیڤن لەگەڵ (ئایلین) یاری بکات، چونکی ئەو پڕۆتستانتە، هەروا ئەو خۆی بە منداڵی گەلێ منداڵی دەناسین کە لەگەڵ پڕۆتستانتەکان گەمەیان دەکرد و پڕۆتستانتەکان بەردەوام گاڵتەیان بە نوێژی حەزرەتی مەریەمی داوێن پاك دەکرد. هەروەها بە تیزەوە دەیانگوت: (بورجی ماهی و خانووی زێڕین)! کوو ئافرەت دەبێتە بورجی ماهی و خانووی زێڕین؟ ئەدی کەواتە کیهایان ڕاستە؟ جا ئەو ئێوارەیەی هاتەوە یاد کە لە نەخۆشخانەی خوێندنگای کلۆنگوۆز راکشابوو، رەشایی ئاو و رۆشنایی یەکەی سەربەندەر و فیغان و رۆرۆی خەڵکیشی هاتەوە یاد کە ئەو هەواڵەیان بیست. دەستەکانی ئایلین سپی و درێژ بوون. ئێوارەیەکیان کە پێکەوە یاریان دەکرد دەستەکانی لەسەر چاوی

24. زۆربەی گۆرانی یەکانی سەر شەقامی ئێرلەندی بەو چەشنە دەست پێ دەکات کە دەڵێ: ((دەتێکڕا وەرن))



ستیڤن دانا کە درێژ و سپی و باریك و سارد و نەرمۆڵە بوون. ئا ئەمەیە ماهی کە شتێکی سارد و سپییە. ئا ئەوەیە مانای بورجی ماهی.

مستەر کێیسی گوتی: چیرۆکەکە زۆر کورت و بەتامە. رۆژێکی ساردی تووش بوو لە ناوچەی (ئارکلۆ) — کەمێك بەر لەوەی پێشەوا[25] گیانی پاکی بە خاك بسپێرێت. خوا بە بەخشندەیی خۆی بیبەخشێت!

ئینجا بە کەشەنگی چاوەکانی قووچاند و وەستا. مستەر دیدالۆس پارچە ئێسکێکی لە قاپەکەی هەڵگرت و بە ددان گۆشتی لێ دەڕنیەوە و گوتی:

- مەبەستت وایە پێش ئەوەی بکوژرێت.

مستەر کێیسی چاوی کردەوە و هەناسەیەکی هەڵکیشا و بەردەوام بوو:

- رۆژیکیان کەلە (ئارکلۆ) بووین بۆ کۆبوونەوە، پاش پایدۆستی کۆبوونەوە دەبوایە ئێمە رێ ی خۆمان بەناو قەڵەباڵغی یەکەدا بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر بکەینەوە. هەرگیز باع و بۆعی رق لێ بوونەوەی وات گوێ لێ نەبووە کە لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبۆوە، چ جوێنی پیسی لە دنیادا هەبوو ئەوان پێ یان داین. پیرێژنێکی پیر لەوێ بوو. بەڵام چ پیرێژنێکی سەرخۆشی شڕو شەپڕیۆی خوار و خێچ بوو کە هەموو رووی دەمی خۆی کردبووە من. لە ناو چڵکاوەکەوە بە تەنیشت منەوە دەستی کردە سەما و وەك شەست تیر جوێنی بە رووماندا دەتەقاندەوە و هاواری دەکرد: هەی راوکەری قەشان! بەرتیل خۆر و دزی بانقی پاریس! هەی مستەر رێوی! هەی کێتی ئۆشێ.[26]

مستەر دیدالۆس پرسی: ئەدی تۆ چیت کرد، جۆن؟

مستەر کێیسی گوتی: لێ ی گەرام بە کەیفی خۆی هاوار بکات. هەینێش رۆژیکی سارد بوو. جا تا داخی دڵی خۆمی پێ دابڕێژم (حاشا لە ڕووی جەنابتان، خانم) زارجوویەك تووتنم دەجووی و بێ گۆمان نەمدەتوانی تاقە وشەیەك چی یە بیڵێم چونکە زارم پڕی شیللەی تووتن بوو.

- ئینجا چی بوو، جۆن؟

25. مەبەست لە پارنێڵە.

26. گوایە دەڵێن پارنێڵ پارەیەکی نایاسایی لە بانقی پاریس دانا بوو بۆ کۆمەڵەی نەتەوەیی ئێرلەندی. (بۆ زیاتر شارەزایی لەم مەسەلەیە بگەڕێوە بۆ پێشەکێ ئەو کتێبە).

- باشە من لێ گەڕام تا داخی دڵی خۆی بە (کێتی ئۆشێ)[27] و شتی تریش دابڕێژێت تا لە کۆتاییدا جوێنێکی وای بەم ئافرەتەدا کە نەدەمەوێ ئاهەنگی کریسمەس، نەدەشمەوێت گوێ ی خانمی پێ گلاو بکەم و نەلێوەکانیشم دەتوانن ئەو قسانەی بڵێنەوە.

کەمێ وەستا. مستەر دیدالۆس سەری لە سەر ئێسکەکە بەرز کردەوە و پرسی:

- ئێ، جۆن، تۆ چیت کرد؟

مستەر کێیسی گوتی: چیم کرد! کە خەریکی جۆین باران بوو دەموچاوە پیسەکەی بە منەوە نووساند. منیش دەمم پڕ شیللەی توتن بوو. پاشان خۆم بۆی دا چەماندەوە و ئا بەم جۆرە بە تفێك روویم سواخ دا.

رووی کردە لایەك و رووداوی تف کردنەکەی دووبارە کردەوە:

- ئا ئاوا تفم لێ ی کرد و هەردوو چاوانیم پێ سواخ دا.

ئینجا هەردوو دەستی بە چاویەوە گرت و زیڕەیەکی پڕ ئازاری لێ بەرز بۆوە!

پیرێژن گوتی: ئەی مەسیح، مریەمە، یوسف! من کوێرایی یم داهات! کوێر بووم و خنکام! لە قاقای پێکەنین و کۆخە کۆخ وەستا و دووبارەی کردەوە:

- بە تەواوی مجڕۆ بووم.

مستەر دیدالۆس پڕ بەگەروو پێ دەکەنی و بە سەر کورسی یەکەدا پاڵێ دایەوە لە کاتێکدا مامە چارڵس سەری بۆ ئەملاو ئەولا دەلەقاندەوە.

دانتێ یەکجار تووڕە ببوو و کە ئەوان پێ دەکەنین ئەمەی دەگوتەوە:

- زۆر جوانە! ها! زۆر جوان!

تف کردن لە بەر چاوی ئافرەت شتێکی جوان نەبوو.

بەڵام ئەو جوێنە چی بوو کە ژنەکە بە (کێتی ئۆشێ) ی دا بوو و (مستەر کێیسی) یش نەیدەگۆتەوە؟ ئەو (مستەر کێیسی) هێنا بەرچاوی خۆی کە بەناو کۆمەڵە خەڵکێك تێ دەپەڕێت و لە ناو عەرەبانەیەکی گچکەوە وتار دەخوێنێتەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو لە زیندان نرا بوو و هەروا ئەوەشی کەوتە بیر چۆن شەوێکیان (چاوەش ئۆنێلێ) هاتەماڵیان و لە هۆڵەکە

27. کێتی ئوشێ: ئەمە جوێنێکە بە پارنێلی پێشەوا دەدرێت. مانای ئەوەیە کە گوایە دەڵێن پارنێلێ دڵداری لەگەڵ ژنی یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانی کردووە کە ناوی مستەر ئۆشێ بووە. هەر بەم تاوانەشەوە لەکەسایەتی پارنێڵیان دا و لە کڵێسا دەرکرا. (بەڵام بۆ زیاتر روونبوونەوەی ئەم مەسەلەیە پێشەکی ئەم کتێبە بخوێنەوە.)



وەستا، بە دەنگیکی نزم لەگەڵ باوکی دەدوا و بەدەمارگیریەوە خرێنکەی شەپقەکەی دەجووی. هەر ئەو شەوە (مستەر کێیسی) بە شەمەندەفەر نەچووە دەبلن، بەڵام ئۆتۆمبێلێك هاتە بەردەرگا و گوێ ی لێ بوو کە باوکی شتێکی دەربارەی ڕێگای (کابینتلی) پێ گۆت.

(مستەر کێیسی) و باوکی لەگەڵ ئێرلەندا و پارنێلێ دا بوون، وەختی خۆی دانتێش هەروا بوو. چونکە لە شەوێکدا کە تیپێکی مۆسیقی ئاهەنگی دەگێڕا، هەر لەو ئاهەنگەدا بوو کە دانتێ چەترێکی لە سەری پیاوێك کووتا چونکە پیاوەکە شەپقەکەی داگرت کاتێك تیپەکە ئاوازی ((خوا شاژن بپارێزێت)) ی لە کۆتایی ئاهەنگەکە لێ دا.

مستەر دیدالۆس مڕەیەکی تیزاوی کرد و گوتی:

- ئای، جۆن. ئەوان راست دەکەن کە ئێمە نەتەوەیەکی داماوین چونکە قەشە سواری کۆڵمان بووە و لە کۆنەوەش هەروا بووین و هەمیشە تا دنیا ماوە هەروا دەمێنین.

مامە چارڵس سەری خۆی دەلەراندەوە و گوتی:

- بەڕاستی شتێکی خراپە! شتێکی خراپ!

مستەر دیدالۆس دووبارەی کردەوە:

- نەتەوەیەکین کە قەشە فەرمانڕەواییمان دەکات و خواش پشتی تێ کردووین!

دەستی بۆ لای وێنەی باپیرەی درێژ کرد کە لەسەر دیواری لای دەستە ڕاست هەڵواسرابوو و گوتی:

- جۆن، ئەو پیاوە پیرەی ئەوێ دەبینیت؟ ئەو پیاوێکی ئێرلەندی یەکجار مەزن بوو کاتێك لەو پیشەیەدا پارە لە گۆڕێ نەبوو. ئەو فەرمانی مردنی بە سەرا درا چونکە سەر بە کۆمەڵەی (وایت بۆی)[28] بوو. بەڵام ئەو قسەیەکی دەربارەی هاوڕێ ئاینیەکانمان هەبوو، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز نایەڵێ یەکێك لەوانە پێ بخەنە ناو ماڵەکەیەوە.

دانتێ بە تووڕەیی قیژاندی:

- ئەگەر ئێمە نەتەوەیەك بین کە قەشە فەرمانڕەواییمان بکات دەبێت شانازی بەوەوە بکەین! ئەوان گلێنەی چاوی خودان. مەسیح دەڵێت: **دەستیان لێ مەدەن ئەوانە بیلبیلەی چاوی منن.**

مستەر کێیسی پرسی: کەواتە دەبێ نیشتیمانی خۆمان خۆش نەوێت، وا نییە؟ ئاخۆ دەبێ پشتی ئەو کەسە نەگرین کە هاتۆتە دنیا بۆ ئەوەی ببێتە پێشرەومان؟

28. کۆمەڵەیەکی یاخی بووی ئێرلەندا بوو، لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم دامەزرا. ئەو ناوەیان بەسەر دابڕا چونکە کە بە شەو بەسەر جێگایەکیان دادەدا، کراسیان لە سەر جلك دەکردەبەر.

دانتیێ وەڵامی دایەوە: ئەو ناپاکی لەگەڵ نیشتیمان کرد! ناپاك و زیناکەرە! قەشەکان لەسەر ڕاست بوون کە وازیان لێ ی هێنا. قەشەکان هەمیشە هاوڕێ ی دڵسۆزی ئێرلەندەن.

مستەر کێیسی گوتی: ئەرێ بە ڕاست ئاوان؟

کۆڵەمستێکی لە مێزی نانخواردن کوتا و ئینجا پەنجەکانی یەك یەکە بە تووڕەیی و ڕووگرژی کردنەوە:

- ئەدی هەر ئەسقەفەکانی ئێرلەندە نەبوون ناپاکیان لەگەڵمان کرد لە کاتی یەکێتی دا کە ئەسقەف (لانیگان) ووتارێکی دڵسۆزینامەی خۆی بۆ مارکیز کۆرنوالیس[29] پیشان دا؟ ئەدی هەر ئەسقەف و قەشەکان نەبوون کە ئاواتی نیشتیمانی خۆیان لە ساڵی ۱۸۲۹ دا فرۆشت لە بەرامبەر رزگارکردنی کاسۆلیکییەکان؟ هەر ئەوان نەبوون لە سەر مینبەر و ژووری دانپیانان دا شالاویان کردە سەر بزووتنەوەی (فینیان)؟ ئەدی هەر ئەوانیش نەبوون خۆڵەمێشی (تێرینس بیلوماك مانوس)[30] یان ریسوا و زەلیل کرد؟

لە تووڕەیی یان دەم و چاوی گەش دەچۆوە و ستیڤن هەستی کرد کە ئەو گەشێتی یە پەرپوەتە سەر ڕوومەتی ئەویش هەر کە ئەو ووشانە لەناخەوە دەیهەژاند. مستەر دیدالۆس بە قاقایەکی گڕی تیزاوی هاواری کرد:

۲۹ هەندێك راستی لەو قسەیەدا هەیە، بەڵام زۆریشی پێوەنراوە. لە ساڵی (۱۷۹۸) دا (کۆرنوالیس) کرا لۆردی ئێرلەندا، هەرێ ی رزگارکردنی کاثولیکانی دا بەرامبەر بە پشتگیریکردنی کلێسا لە یاسای یەکێتی (یەکێتی ئێرلەندا و ئینگلتەرا). بەڵام کە جۆرجی سێهەم ئەو یاسایەی بە شێوەیەکی رەسمی پەسند نەکرد، لە ساڵی (۱۸۰۱) دا لۆردا کۆرنوالیس وازی لە پایەی خۆی هێنا. هەر هەنگێ یش بوو کە ئەسقەف لانیگان نامەیەکی پشتگیری و دڵسۆزی بۆ (شا) نووسی، لەبڕی ئەوەی کاسۆلیکەکان لەو بارە ناهەموارەیان رزگار بن نەك گەلی ئیرلەندی. هەر سەبارەت بەوەش بوو کە هەموو کلێسا دژی بزووتنەوەی (فینیان) ی نەتەوەیی وەستا کە لە ساڵی (۱۸۵۰) دا دامەزرا بوو و ئامانجی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە دامەزراندنی کۆماری ئێرلەندی بوو بەزەبری چەك.

۳۰. تیرینس بیلو ماك مانوس: نەتەوەپەرستێکی ئێرلەندی بوو و لە ڕاپەرینی ساڵی (۱۸٤۸) دا زۆر چالاك بوو و لە تاراوگەدا (منفی) لە سان فرانسیسکۆدا مرد. تەرمەکەی هێنرایەوە دبلن و خۆ پیشاندانێکی گەورەی میللی تەقاندەوە و بە هەزاران کەس لە کۆڕەوەکەی دەڕۆیشتن.



- ئۆە، بۆ خاتری خودا. پیرە (پۆل گولین)[31] ی گچکەم لەبیر چوو، بیلبیلەیەکی دی چاوی خودا.

دانتیێ خۆی بە سەر مێزەکەدا چەماندەوە و قیژاندی:

- ئەوان لەسەر راستین! ئەوان هەمیشە لەسەر راستین! خودا و رەوشت و ئایین پێشی هەموو شتێك دێن.

مسز دیدالۆس کە ئەو هەڵچوونەی دیت پیێ ی گوت:

- مسز رایۆردان خۆت بە وەڵام دانەوەیان سەخڵەت مەکە.

دانتیێ هاواری کرد:

- خودا و ئایین پێش هەموو شتێك دێن! خودا و ئایین بەر لە دنیاش دێن!

مستەر کێیسی کۆڵە مستێکی بەرز کردەوە و بە توندی لە مێزەکەی کوتا و بە دەنگێکی گڕ هاواری کرد:

- زۆر باشە، ئەگەر ئیش بەو ڕادەیە بگات، ئەوا ئێرلەندا هیچ خوایەکی ناوێت!

مستەر دیدالۆس نەڕاندی و مێوانەکەی بە قۆڵی قاپووتەکەی راکێشا:

- جۆن! جۆن.

دانتیێ لەوبەری مێزەکە مووڕ بۆوە و سەر کولمەکانی دەلەرزین. مستەر کێیسی بەزەحمەت لە کورسی یەکەی هەڵسایەوە و خۆی بە سەر مێزەکەدا بۆ لای دانتیێ نوشتاندەوە و دەستێکی لە هەوادا گێڕا وەك بڵێ ی تەونی جاڵجاڵۆکە بدڕێنی و هاواری کرد:

- ئێرلەندا هیچ خوایەکی ناوێت! لە خۆمان زێتر خوامان هەبوون! با خواکان لێرە بڕۆن!

دانتیێ زیڕاندی و دەپەڕیە سەرپێ و ئەوەندەی نەما بوو تف بکاتە نێو چاوانی:

- هەی کافر! هەی شەیتان!

مامە چارڵس و مستەر دیدالۆس (مستەر کێیسی) یان راکێشایەوە سەر کورسی یەکەی خۆی. لە هەردوو لاوە بە ژێری لەگەڵی دەدوان. بە چاوە رەشە ئاگرینەکانی لە پێشەخۆی مووڕ بۆوە و دووبارەی کردەوە:

- من دەڵێم با خواکان لێرە دەرچن!

۳۱. پۆل گولین (۱۸٥۲-۱۸۷۸) یەکێك بوو لە سەرئەسقەفەکانی دەبلن. زۆر بەتووندی لە دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێرلەندی راوەستا و بە بزووتنەوەی دژ- بە کاسۆلیکی دەدا قەڵەم و داوای لە هەموو ئەسقەف و کەشیشەکان کرد دژی ئەو بزووتنەوەیە بن. هەولێشی دەدا نەیەڵن (ماك مانوس) بە چەشنێکی ئاشکرا بنێژرێت.

دانتێ بە تووندی کورسی یەکەی خۆی بەلانا و مێزەکەی جێ هێشت.

ئا لەو کاتەدا گرێ ی پەڕۆی سەرکۆشەکەی بەری وەرگێرا کە بە سەر مافوورەکەدا غل بۆوە تا گەیشتە نزیك پای کورسی یەکی گەورە و لەوێ کەوت. مستەر دیدالۆس بە پەلە هەڵسا و بەرەو دەرگا بەدوای کەوت. لەبەر دەرگا دانتێ بە تیژی ئاوڕێکی دایەوە و بۆ ناو ژوورەکە هاواری کرد کە سەر کوڵمەکانی لە تووڕەیی یان سوور ببوونەوە و دەلەرزین:

- شەیتان لە دۆزەخ هاتۆتەدەر! ئێمە سەرکەوتین! ئێمە ئەومان[٣٢] تێك شکاند! هەی شەیتان!

دەرگاکە لە دوایەوە شریقەی لێوەهات.

مستەر کێیسی قۆڵی خۆی لە دەستیان راپسکاند و لەپڕ سەری بەسەر دەستەکانی چەماندەوە و هەنسکێکی پڕ ئازاری هەڵکێشا و پڕ بە گەروو هاواری کرد:

- ئەی پارنێڵی بەسەزمان! ئەی شای کۆچ کردوومان!

بەدڵتەنگی و بەدەنگ هەنسکی دەدا.

هەرکە ستیڤن دەم و چاوە سام لێ نیشتووەکەی خۆی بەرزکردەوە بینی چاوەکانی باوکی بوونەتە دەریای فرمێسك.

* * *

قوتابیەکان پێکەوە لە کۆمەڵی بچووك بچووکدا دەدوان و یەکێکیان گوتی:

- ئەوانیان لە کن گردی (لیۆنز) گرت.

- کێ گرتیانی؟

- مستەر (گلیسن) و قەشە. ئەوان لە ناو پەیتوونێکدا بوون.

هەمان قوتابی هەڵیدایەوە قسان:

- قوتابیەکی پۆلە باڵاکان ئەوەی پێ گۆتم.

فلێمینگ پرسی: دەپیمان بڵێ بۆ ئەوانە رایان کرد؟

سیسیل ثەندەر گوتی: من دەزانم بۆ. چونکە هەندێك پارەیان لە ژووری بەڕێوەبەر دزی بوو.

- کێ دزی بووی؟

- برای کییکهام. بەڵام هەموویان لێ ی بەشدار بوون.

خۆ ئەمە دزی کردن بوو. چۆن توانیان شتی وا بکەن؟

٣٢. مەبەستی وایە ئێمە (پارنێڵ) مان تێك شکاند.



وێلز گوتی:

- ئەندەر تۆ بەشێکی زۆر لەم بابەتە دەزانیت، بەڵام من دەزانم بۆ ڕایان کرد.

- کەواتە پێمان بڵێ لەبەرچی؟

وێلز گوتی: پێم گوتراوە نەیدرکێنم.

هەموو گوتیان: دەپیمان بڵێ، وێلز. ئێمە بە کەسی ناڵێین.

ستیڤن سەری خۆی بردە پێشەوە تا ببیسێ. وێلز تەماشای دەوروبەری خۆی کرد تا بزانێت کەس نەهات. ئینجا بە دزیەوە گوتی:

- خۆ دەزانن بادەی قوربانگە لە ناو دۆڵابی کۆگا دادەنێن؟

- بەڵێ.

- دەباشە. ئەوان ئەو بادەیان خواردبۆوە و بە بۆنەکەی زانرا کێ وای کردووە. هەر لەبەرئەوەش بوو رایان کرد، ئەگەر راستیتان دەوێت.

ئەو قوتابیەی یەکەمجار قسەی کرد گوتی:

- بەڵێ، منیش ئەوەم لە قوتابیەکی پۆلە باڵاکانەوە بیست.

هەموو قوتابیەکان بێ دەنگ بوون ستیڤن لە نێوانیان وەستا بوو دەترسا قسە بکات، گوێ ی دەگرت. هەستێکی گچکەی پرسام وای لێ کرد هەست بە لاوازی خۆی بکات. ئەوان چۆن وێران شتی وا بکەن. کۆگا خامۆشە تاریکەکەی شتە پیرۆزەکانی بەبیر هاتەوە. ئەوێ دۆڵابی رەشی دارینی لێ بوو کە کۆڵۆانەی پیاوە ئاییینی یەکانی لێ لوول درا بوو. هەرچەندە ئەوێ کڵێسا نەبوو، بەڵام شوێنکی پیرۆز بوو بۆیە دەبوایە مرۆڤ بە سامەوە باسی ئەو شوێنە بکات. ئەو ئێوارەیەی هاتەوە یاد کە چوو بوو بۆ ئەوێ تا جلی بەلەم هەڵگر لەبەر بکات، سەر لە ئێوارەی کۆڕەوەکە بۆ قوربانگە گچکەکەی ناو دارستان. ئای کە شوێنێکی سەیر و پیرۆز بوو. ئەو منداڵەی بخووردانەکەی بە زنجیری ناوەڕاستەوە هەڵگرتبوو دەیهەژاندەوە تا رەژووەکە گەش ببێتەوە. بەمە دەگوترا رەژووی دار: لەسەرخۆ دادەگیرسا و هەرکە منداڵەکە دەیهێنا و دەیبرد نەرمە بۆنێکی تیژی لێ بەرز دەبۆوە. ئینجا کە هەموویان جلیان کردەبەر بۆ ئاهەنگ گێڕان، ئەو بەلەمەکەی بردە لای بەڕێوەبەر و ئەویش کەوچکێکی پڕ بخووری کردە ناویەوە و بخوورەکە لەسەر رەژووە داگیرساوەکە دەستی کردە ووزەووز.

قوتابیەکان لە کۆمەڵ کۆمەڵی گچکەدا لەملاو ئەولای یاریگەکەدا خەریکی ئاخافتن بوون. قوتابیەکان لەبەرچاوی ئەودا بچووکتر دیار بوون، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە دوێنی ئێوارە یەکێك

لەو قوتابیانەی غاری دەدا، کە لە پۆلی دووەمی ناوەندی بوو خۆی لیٚ دا بوو و بەری دابۆوە سەر زەوی. کاتێك پایسکلی قوتابییەکە بە نەرمی بەری دابۆوە سەر زەوی یاریگەکە، چاویلکەکەی ببووە سیٚ پارچە و هەندێك چەگل و قومی سەر زەویەکە دەمی پڕ کرد بوو. هەر لەبەرئەوەش بوو قوتابیەکان لەبەرچاوی بچووکتر و دوورتر دیار بوون و ئاسنی گۆلیش زۆر باریك و دوور دەهاتە پێش چاو و ئاسمانە بۆرەکەش هەر مەڵیٚ چەند بەرز دیار بوو. بەڵام ئەمڕۆ زەوی یاریگەکە چۆڵ بوو و چونکە خۆیان بۆ یاری (کریکێت) ئامادە کرد بوو. هەندێکیان دەیانگوت (بارنز) دەبێتە مەشقدەری تیپ، کەچی هەندێکی تر دەیانگوت (فلاوەرز) دەبێتیٚ. لە هەموو شوێنێکی یاریگەکە هەر لە تۆپ هەڵدان و تۆپ توورِدان بوو. لێرە و لەویٚ دەنگی ڕێکتەکانی کریکێت هەوا بۆرە خامۆشەکەی پڕ کرد بوو. دەنگەکە ئاوا دەهات: پیك، پاك، پۆك، پەك؛ هەر دەتگۆت دەنگی بەربوونەوەی دڵۆپە ئاوی گچکەی فەڵبەزەیە بۆ ناو جامێکی پڕ.

ئاثای کە تا ئێستا بیٚ دەنگ بوو بەکاوەخۆ گوتی:

- ئێوە هەمووتان بە هەڵەدا چوون.
- هەموویان بە تامەزرۆیی روویان تیٚ ی کرد:
- لەبەرچی؟
- دەزانی؟
- کیٚ پیٚ ی گوتیت؟
- ئاثای، دەی پێمان بڵیٚ.

ئاثای نیشانەی بۆ ئەو شوێنەی یاریگەکە کرد کە سایمۆن مۆنان بە تەنیا پیاسەی لیٚ دەکرد و سەرسمکی لە بەردێکی پێش خۆی هەڵدەدا. ئاثای گوتی:

- لەو بپرسن.

قوتابیەکان پێکەوە تەماشای ئەویٚ یان کرد و گوتیان.

- بۆ لەو بپرسین؟

ئەویش دەستی تێدا هەبووە؟

ئاثای دەنگی خۆی نوی کرد و گوتی:

- دەزانن بۆ ئەو قوتابیانە هەڵاتن؟ من پێتان دەڵێم، بەڵام نابێت وا پیشان بدەن کە دەزانن.
- دەپێمان بڵیٚ ئاثای، بەردەوام بە. ئەگەر دەزانیت پێمان بڵیٚ.

تاوێك وەستا، ئینجا بەشێوەیەکی شاراوە گوتی:



- شەوێك لە ئاودەسخانە لەگەڵ سایمۆن مونان و تەسکەر بۆیل گیران.

قوتابیەکان سەیریان کرد و پرسیان: گیران؟

- چی یان دەکرد؟

ئاثای ووتی: شتی قاچاغیان دەکرد؟[٣٣]

هەموو قوتابیەکان بیٚ دەنگ بوون و ئاثای گوتی:

- ئا لەبەر ئەوە بوو.

ستیڤن تەماشای دەم و چاوی قوتابیەکانی کرد، بەڵام ئەوان هەموویان سەیری ئەوبەری یاریگەکەیان دەکرد. دەیەویست پرسیار لە یەکێك بکات: مەبەست چی یە لەوەی کە لە ئاودەسخانە شتی قاچاغیان دەکرد: لەبەرچی پێنج قوتابی پۆلە باڵاکان لەسەر ئەوە هەڵاتن؟ ئەو وای زانی ئەوە نوکتەیە. سایمۆن مونان جلی جوانی لەبەر دەکرد. شەوێکیان ئەو تۆپەی لە شیرینەمەنی دروستکرا بوو کە قوتابیانی تیپی پیٚ ی نمرە پانزە لە ناوەندی خواردنگاکەوە بە سەر ڕایەخەکە بۆیان گلۆر کرد بۆوە کاتێك ئەو لە بەر دەرگا بوو، پیشانی ستیڤن دا. ئەوە لە شەوی یاریکردن بوو لەگەڵ تیپی (بێکتیف رینگەرز)، تۆپەکەش بەشێوەی سێوێکی کەسك و سۆر دروست کرا بوو، کە کردیەوە پڕی شیرینەمەنی بوو. هەروا ڕۆژێکیان (بۆیل) گۆتی فیل دوو کەڵبۆی هەیە لە جیاتی ئەوەی بڵێت دوو کەڵبی هەیە. هەر لەبەر ئەوەش بوو ناوی (کەڵبۆ بۆیل) ی بەدوا کەوت. بەڵام هەندێك قوتابی بە (خانم بۆیل) بانگیان دەکرد چونکە هەمیشە بە نینۆکەکانی یەوە خەریك بوو.

خۆ (ئایلین) یش دەست و پەنجەی درێژکۆڵەی باریك و سارد و سپی هەبوون چونکە ئەو کیژ بوو. دەستەکانی دەتگۆت ماهین تەنها لەو نەرمتر بوون. ئا ئەمە بوو مانای بورجی ماهی. بەڵام پرۆتستانتەکان لەوە تیٚ نەدەگەیشتن بۆیە گاڵتەیان بەوە دەهات. ڕۆژێکیان لە تەنیشتی وەستا بوو و چاوی دابووە عاردی ئوتێلەکە، خزمەتکارێك بەیداغێکی نەخشداری لەسەر دار ئاڵاکە بەرز دەکردەوە و تاژیەکیش لەسەر چیمەنە بەربەرۆژکە کە بەنەرمە غار دەهات و دەچوو. ئینجا (ئایلین) دەستی دانا ناو بەرکی ستیڤن کە دەستی ئەویشی تێدا بوو، ئەو کات هەستی کرد کە دەستی چەند سارد و ناسك و نەرمۆڵەیە. هەروا ئایلین دەیگوت گیرفان شتێکی سەیرە؛ ئینجا لە پڕ دایە قاقای پێکەنین و بەرەو خوار دەستی کردە راکردن بۆ لای نشێوە پێچاوپێچەکەی ڕێچکەکە. قژە نازدارەکەی لە پشتی دەفڕی و لەبەر هەتاو وەکو زێڕ

٣٣. مانای وایە شتێکی بەدرەوشتی یان دەکرد وەك دەستپەڕ یان شتی دی...

دەتریسکایەوە. ئەگەر مرۆڤ بەردەوام بیر لە (بورجی ماهی و خانووی زێرین) بکاتەوە، دەتوانێت لێ یان تێ بگات.

بەڵام بۆ لە ئاودەسخانە؟ مرۆڤ دەچێتە ئەوی بۆ کردنی شتێك. ئەوێ لە تاشە بەردی گەورە و ئەستوور دروستکراوە کە بەدرێژایی رۆژ ئاو لە ناو کونی بچووك فیچقە دەکات و هەمیشە بۆن ساردێکی پیسی لێ دێت. لە پشتی دەرگای یەکێك لەو کونجانە نیگاری پیاوێکی ریشدار کە جل و بەرگی رۆمانی لەبەر بوو و بە پێنوسی سوور کێشرا بوو و هەر دەستێکیشی کەرپووچێکی تیا بوو و لەژێریشەوە ناوی نیگارەکە نوسرا بوو:

**بالبۆس دیواری دروست دەکرد.**

هەبێ و نەبی قوتابیەك ئەوەی هەر بۆ نوکتە دروست کردووە. هەرچەندە نیگارەکە دەم و چاوێکی عەنتیکەی هەبوو، بەڵام زۆر بەپیاوێکی ریشدار دەچوو. خۆ لەسەر دیواری کونجێکی دی بە دەستخەتێکی جوان ئەوە نوسرا بوو:

**پۆلیۆس قەیسەر کالیکۆ بێلی نووسی.**

رەنگە ئەوان هەر لەبەر ئەوە لەوێ بوو بن چونکە ئێرە ئەو شوێنە بوو کە قوتابیان شتیان بۆ مەبەستی گاڵتە دەنووسی. ئەگەرچی ئەوەی ئاثای گوتی سەیر بوو و هەروەها شێوەی گۆتنیشی هەر سەیر بوو. ئەوان لەبەر نوکتە نوسین نەبوو هەلاتبوون. ئەویش لەگەڵ ئەوان تەماشای ئەوبەری یاریگەکەی کرد و جۆرە ترسێکی لێ نیشت.

لە کۆتایی دا فلێمینگ گوتی:

ـ ئەری ئێمەش سزا دەدەن لەباتی ئەو قوتابیانەی دی کە ئەو ئیشەیان کردووە؟

سیسیل ثەندەر گوتی: چی دی من نایێمەوە خوێندنگا، دەشبینن. دەبێ سێ رۆژ لە خوێندنگا ورتە لە زارمانەوە نەیەت لەگەڵ دارکاری کردنی ناوە ناوەش.

وێلز ووتی: وێرای ئەوەش پیرە ((باریێت)) رێ یەکی نوێیی بۆ لولدانی کاغەزی سزا دۆزیتەوە تا نەتوانیت کاغەزەکە بکەیتەوە و بزانیت چەند دارت لێ دەردێت. منیش نایەمەوە خوێندنگا.

سیسیل ثەندەر گوتی: بەڵێ، خۆ ئەمرۆ چاودێری وانەکانیش لە پۆلی دووەمی ناوەندی بوو.

فلێمینگ گوتی: با دەست بە یاخی بوون بکەین، ئامادەن؟

هەموو قوتابیەکان بێ دەنگ بوون. هەواکەش یەگجار خاموش بوو و دەتتوانی گوێت لە دەنگی رێکتەکانی کریکێت بێت، بەڵام کەمێك لە جاران هێواشتر بوو: پیك، پۆك.



وێلز پرسی: ئەرێ چی یان لێ دەکەن؟

ئاثای گوتی: سایمۆن مونان و تەسکەر دارکاری دەکرێن، کەچی قوتابیانی پۆلە باڵاکان دەبێ لە نێوان دارکاری و دەرکردن لە خوێندنگا هەڵبژێرن.

ئەو قوتابیەی یەکەم جار قسەی کرد پرسی: جا کیهایان هەڵبژاردووە؟

ئاثای وەڵامی دایەوە: هەموویان دەرکردنیان هەڵبژاردووە بێجگە لە (کۆریگان)، ئەویش مستەر (گلیسن) دارکاری دەکات.

سیسیل ثەندەر گوتی: دەزانم بۆ ئەو دارکاری هەڵبژاردووە، ئەو لەسەر راستە و ئەوانی دی هەڵەن، چونکە ئازاری دارکاری هەر دەمێکە و پاشتر هیچی نامێنێ، بەڵام ئەو قوتابیەی لە خوێندنگا دەردەکرێت بەدرێژایی ژیانی ئەشکەنجەی ئەو دەرکردنەی دەچێژێت. وێرای ئەوەش (گلیسن) بەتووندی دارکاری ناکات.

فلێمینگ گوتی: بەڵام چاکتر وایە واناکات.

سیسیل ثەندەر گوتی: من حەز ناکەم نەلە جێ ی سایمۆن مونان و نە لە جێ ی تەسکەر بم، بەڵام وا هەست ناکەم ئەوان لە فەلاقە بدرێن. کەچی پێ دەچێت هەموو رۆژێك دووجار نۆ داریان لێ بدرێت.

ئاثای گوتی: نەخێر، نەخێر، سمتی هەر دووکیان دەدرێتە بەر داران.

وێلز خۆی هەڵدەکراند و بەدەنگێکی گریاناویەوە گوتی:

- تکایە گەورەم لە من بگەرێ.

ئاثای گڕ بۆوە و قۆڵەکانی چاکێتەکەی هەڵکرد و گوتی:

**هیچ چار نی یە!**
**دەبی هەر وا بێت.**
**دەی شەرواڵت بێنە خوار**
**سمتت دەر بخە بۆ دار.**

قوتابیەکان دەخەنینەوە: بەڵام هەستی کرد کەمێکیش دەترسن. لەناو خامۆشی هەوا بۆرە کپەکەدا دەنگی رێکتی کریکێت لەو ناوە دەبیسترا: پۆك. ئەوە بەس دەنگ بوو دەبیسترا، بەڵام کە دارکاری دەکرێیت هەست بە ئازار دەکەیت. دەنگی دارکاریش دەبیسترێ، کەچی وەك ئەمە نی یە. قوتابیەکان دەیانگۆت قامچی یەکە لە هێسکی نەهەنگ و قایشی پڕ قورقوشم دروست کراوە. ئەویش لەخۆی دەپرسی دەبێ چلۆن ئازارێکی هەبێت. چەند دەنگێکی جۆراوجۆر

هەبوون. بۆ نمونە دەنگی ڕاوەشاندنی حەیزەرانێکی درێژی باریك هەردەڵێ ی فیتەیەکی تیژە. دیسان لە خۆی پرسی دەبێ ئێشی ئەو چتۆیی بێت. بیرکردنەوە لە شتی وا و لەوەی ئاشای گۆتی وای لێ کرد هەست بە سەرما و لەرزین بکات. بەڵام دەبێ چ لەمەدا بێت تا پێکەنینیان بهێنێت؟ ئەمە وای لێ کرد لەرز بیگرێت، بەڵام ئەوە لەبەر هەندێ بوو کە شەرواڵەکەت دێنیتە خواری، هەمیشە تەزوویەك بە لەشت دادێت. خۆ کە لە سەرشۆرکێش خۆت دادەکەنیت هەست بە هەمان شت دەکەیت. بلێ چۆن دڵیان بەروەست دەدات بەم مەسەلەیە بخەننەوە؟

تەماشایەکی قۆڵە هەڵکراو و دەستە گرمۆڵە مەرەکەبدارەکەی ئاشای کرد: قۆڵەکانی هەڵکرد بوو تا نیشان بدات چتۆیی مستەر گلیسن قۆڵەکانی بۆ سەرەوە هەڵ دەکات. بەڵام قۆڵەکانی مستەر گلیسن بریقەدار و لوول بوون، مەچەکی سپی و خاوێن و دەستەکانی گۆشتن و سپی و نینۆکەکانیشی تیژ و درێژکۆڵە بوون. ڕەنگە ئەویش وەك خانم بۆیلێ هەر خەریکی ڕێکخستنیان بێت. بەڵام نینۆکەکانی ئەو بە چەشنێکی ترسناك تیژ و درێژکۆڵە بوون. ئەوەندە درێژ بوون تەنانەت بێ بەزەییانە خۆیان دەنواند. بەڵام دەستە گۆشتنەکانی وەك ئەو بێ بەزەیی دەرنەدەکەوتن بەڵکو نەرم و نۆڵ بوون. هەرچەندە لە ترس و سەرمان لەرز دایگرت کە بیری لە نینۆکە درێژکۆڵە بێ بەزەیی و دەنگە فیتەیی یە بەرزەکەی حەیزەران و ئەو سەرمایەی لە دامەنی کراسەکەتەوە هەستی پێ دەکەیت هەر کە خۆت دادەکەنیت، کەچی نەرمە تەزووێکی شادبەخشی سەیر لە لەشیدا دەگەڕا هەرکە بیری لە دەستی سپی خرپن و خاوێن و بەهێز و نەرم و نۆڵ دەکردەوە. هەروا بیری لە قسەکانی سیسیل ثەندەر دەکردەوە کە مستەر (گلیسن) بە توندی لە کۆریگان نادات. فلێمینگیش گۆتی واناکات چونکە بۆ خۆی باشترە وا نەکات، کەچی ئەوە هۆی راستەقینە نەبوو.

دەنگێك لەو سەری یاریگە هاواری کرد:

- بۆ ژوورەوە!

هەندێك دەنگی تریش هاواریان کرد:

- بۆ ژوورەوە! هەموو بۆ ژووری!

ستیڤن لە وانەی نوسینەوەدا دانیشت بوو و دەستەکانی تێك پەڕاند بوو، گوێ ی لە دەنگی هێواشی لێ خشانی پێنوس بوو. مستەر (هارفۆرد) دەهات و دەچوو و بە پێنوسە سوورەکەی چەند  نیشانەیەکی گچکەی دەکرد و جار نا جارێك لە تەك قوتابییەك دادەنیشت تا فێری قەڵەم گرتنی بکات. ئەو هەوڵی دا سەردێرێك بۆ خۆی تیپێن بکات  هەرچەندە دەشیزانی کە ئەوە



دوا بابەتی کتێبەکەیەتی. ***خۆین گەرمی بە بێ ژێری وەك کەشتی یەکی ڕێ لێ وون بووە***. بەڵام دێری وشەکان وەك داوی نادیار دەهاتنە بەرچاوی و نەیدەتوانی سەر و سەکوتی پیتە گەورەکانیش بە تەواوی ببینێ بە بێ ئەوەی چاوی ڕاستە بە تەواوی بقوچێنێ و بە چاوی چەپە تەماشا بکات.

بەڵام مستەر هارفۆرد زۆر هەست بەرز بوو و هەرگیز تووڕە نەدەبوو. کەچی تووڕەییەکی ترسناك سەری لە هەموو مامۆستاکانی دی کرد بوو. بەس بۆ ئەوان لەجیاتی ئەوەی کە قوتابیانی پۆلە باڵاکان کردوویانە ئازار بدرێن؟ وێڵز گۆتبووی: ئەوان هەندێك بادەی پیرۆزی ناو دۆلابی کۆگای شت و مەکە پیرۆزەکانیان خواردبۆوە و کەسەکانیشیان بە بۆنەکەی دۆزیەوە. لەگوینە کاسە پیرۆزەکەی کلێساشیان دزی بێت تا لە شوێنێك بیفرۆشن. بێ گومان ئەوە گوناهێکی مەزنە، بەهیۆاشی شەوێ بەدزی بچیتە ئەوێ و دۆلابە ڕەشەکە بکەیتەوە و ئەو شتە بریقەدارە زێرینەی کە خوا لە ناویدا لە قوربانگەدا لە ناوەندی گوڵ و مۆم دا دانراوە تا بەرەکەتی خۆی ببارێنێت بدزیت، لەکاتێکدا کە بۆن و دووکەڵی بخوور وەك پەڵەهەور لە هەردوولاوە بەرز دەبێتەوە، کاتێك قوتابییەکە بخووردانەکەی دەلەراندەوە و (دۆمینیك کێلی) خۆی یەکەم بەشی گۆرانیەکەی لەگەڵ کۆرس دەچڕی. بەڵام بێ گومان کە ئەوان ئەو کاسەیان دزی خوای تێدا نەمابوو. کەچی هێشتاش هەر گوناهێکی گەورە و سەیر بوو هەر دەستیشی لێ بدەیت. بە سامێکی گەورەوە بیری لەوە دەکردەوە: ئای چ گوناهێکی سەیر و ترسناکە: ئەمە لە ناخەوە دەیهەژاند کە لە ساتە خامۆشەکان دا بیری لەوە دەکردەوە هەرکە پێنوسەکان بە نەرمی بە سەر کاغەزەکانا دەخشان. خۆ خواردنەوەی بادەی قوربانی لە دۆلابەکە و ئاشکرابوونی بەهۆی بۆنەکەیەوە، ئەویش هەر گوناه بوو، وەلێ یەگجار گەورە و سەیر نەبوو. ئەویش تەنها وای لێ دەکردی کەمێك سەرودڵت بە بۆنەکەی تێك بچێت. چونکە ئەو ڕۆژەی کە یەکەم جار بەشداری ئاهەنگی قوربانی پیرۆزی کرد، چاوەکانی نووقاند و دەمی کردەوە و کەمێك زمانی دەرهێنا، جا هەرکە بەڕێوەبەر خۆی نوشتاندەوە تا قوربانی پیرۆزی بداتی نەرمە بۆنێکی بادە لە هەناسەی بەڕێوەبەر دەهات پاش خواردنەوەی بادەی ماس. بەه بەه چ وشەیەکی جوانە: بادە. ئەم وشەیە پەردەی بیرت بۆ لای ڕەنگی مۆرێکی تۆخ رادەکێشێ، چونکە ئەو ووشی یە ترێیانەی کە لەبەر دەرگای ماڵە یۆنانی یەکاندا لە شێوەی پەرستگای سپی هەڵکەوتبوون، ڕەنگێکی مۆری تێریان هەبوو. بەڵام ئەو نەرمە بۆنەی لە هەناسەی بەڕیۆەبەر دەهات، وای لێ کرد هەر لە یەکەم بەیانی ڕۆژی قوربانی

پیرۆز هەست بە دڵ تێك چوون بكات. خۆ یەكەمین ڕۆژی قوربانی پیرۆز خۆشترین ڕۆژە لە ژیانی مرۆڤ دا. جارێك كۆمەڵە جەنەراڵێك لە ناپلیۆنیان پرسی: ئەرێ خۆشترین ڕۆژی ژیانت چی بوو؟ ئەوان وای بۆ چوون كە دەڵێ خۆشترین ڕۆژی ژیانی ئەو ڕۆژە بوو كە لە شەڕێكی گەورە بردیەوە یا لەو ڕۆژەی كرا ئیمپراتۆر. بەڵام ئەو گوتی:

- خانەدانان خۆشترین ڕۆژی ژیانم ئەو ڕۆژە بوو كە یەكەم قوربانی پیرۆزم وەرگرت.

باوكە ئارناڵ هاتە ژووری و وانەی لاتینی دەستی پێ كرد. ئەو هێشتا بە سەر مێزەكەیدا خۆی لار كردبۆوە و دەستەكانی تێك پەڕاند بوو. باوكە ئارناڵ پەڕاوی ئەركی دابەش كرد و گۆتی بەڕاستی ئەوەی نوسیوتانە ئابڕووبەرە و دەبێت هەمووی سەرلەنوێ بنوسرێتەوە و هەڵەكانیش ڕاست بكرێنەوە. لەهەمووی خراپتر پەڕاوی فلێمینگ بوو چونكە لاپەرەكان لەبەر پەڵە لەكە و مەرەكەب پێكەوە نوساون: باوكە (ئارناڵ) یش بە چمكێكەوە پەڕاوەكەی هەڵگرت و گوتی: بەكارهێنانی پەڕاوی ئاوا لە خۆیدا بێ ڕێزی كردنە بە مامۆستا. پاشان داوای لە جاك لۆتۆن كرد كە ناوی (mare) گەردان بكات بەڵام جاك لۆتۆن هەر لە تاكی بكەر وەستا و نەیتوانی (كۆ) كەی بزانێت. باوكە ئارناڵ بە توندی گوتی:

- دەبێ تۆ شەرم لە خۆت بكەیتەوە، تۆ ڕابەری پۆلیت.

پاشان لە قوتابیەكی تری پرسی و یەكێكی تر و یەكێكی تریش. كەس نەیزانی. باوكە ئارناڵ بەرەبەرە خاو دەبۆوە هەركە قوتابیەك هەوڵی دەدا وەڵام بداتەوە. بەڵام كەس نەیتوانی. لەگەڵ ئەوەی كە دەم و چاوی زۆر تاریك داگەڕابوو و چاوەكانی دەدرەوشانەوە، كەچی دەنگی یەكجار لەسەرخۆ بوو. پاشان لە فلیمێنگی پرسی و فلێمینگ گۆتی ئەو وشەیە ناوی (كۆ) ی نی یە. لە هیكڕا باوكە (ئارناڵ) پەڕتووكەكەی پێك داداوە و قیژاندی:

- دەی لە ناوەڕاستی پۆل چۆك دادە. بێ مێشك ترین كەسێكی تا ئێستا چاوم پێ كەوتبێت. ئەوانی دی هەموو سەر لە نوێ ئەركەكە بنوسنەوە.

فلێمینگ بەگرانی لە شوێنی خۆی هاتە دەرێ و لە نێو هەردوو كورسی یەكانی ئەوسەر چۆكی دا. قوتابیەكان سەریان بە سەر پەڕاوی ئەرك دا گرتبوو و دەستیان كردە نوسین. خامۆشی باڵی بەسەر ژووری خوێندن دا كێشابوو و ستیڤن بە ترس و لەرزەوە سەیرێكی دەم و چاوە تارەكەی باوكە ئارنالێ كرد، بینی كە لە تووڕەییان دا سوور هەڵگەڕاوە.

دەبێ گوناه نەبێت كە باوكە ئارناڵ ئاوا تووڕە دەبێت، یا خود دەبێ ئەو ڕێ ی پێ درا بێت كە تووڕە بێت لە كاتێكدا قوتابیەكان تەمبەڵن و ئەو تووڕەیی یەی وایان لێ دەكات



وانەكانیان بخوێنن، یاخود هەر ئەو بەخۆی بە تووڕە بوون ڕاهاتووە؟ ئەوەی ڕاستی بێت ئەو ڕێ ی پێ دراوە چونكە ئەو قەشە بوو و قەشەیش دەزانێت چ گوناهە تا نەیكات. بەڵام ئەگەر جارێك بە بێ دەستی خۆی گوناهێكی كرد، ئایا دەبێ چی بكات تا دان پیادا بنێت؟ لەوانەیە بچێتە لای قەشەی كڵێسا تا دان بە گوناهەكەی بنێت. خۆ ئەگەر قەشەی كڵێسایش گوناهێكی كرد دەبێ بچێتە لای بەڕیوەبەری خوێندنگا بۆ دان پیانان. بەڕیوەبەری خوێندنگەش دەچێتە لای سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی هەرێمیش بۆ لای سەرۆكی جێزوێتی یەكان. ئا ئەمە بوو پێڕەوی جیزوێتی. هەروا لە باوكی بیست بوو كە ئەوان هەموویان مرۆڤی زرنگن. هەموویان دەیانتوانی ببوانە پیاوی خاوەن پلەو پایە ئەگەر نەچووبانە ناو پێڕەوی جیزوێتی. جا لە خۆی دەپرسی ئایا باوكە ئارناڵ و پادی بارێت و مستەر ماك گلاد و مستەر گلیسن دەبوون بەچی ئەگەر نەچووبانە ڕێزی تیرەی جیزوێتی یەوە. زۆر زەحمەت بوو ئاوا بیر بكەیتەوە چونكە دەبوایە بۆ هەریەكێكیان شێوەی جیاواز و پانتۆڵ و قاپووتی جیاواز و ردێن و سمێلێ جیاواز و شەپقەی جیاواز ببینیتەوە.

دەرگاكە بە هێواشی كرایەوە و ئینجا پێوە درایەوە. پستە پستێكی خێرا بە ناو ژوورەكە وەر بوو: چاودێری وانەكان هات. تاوێك خامۆشی یەكی مردوو ئەو ناوەی گرتەوە، پاشان دەنگی داركاری لە لای مێزی ئەوسەرەوە دەبیسترا. لەترسان دڵی ستیڤن هەڵدەلەرزی. چاودێری وانەكان هاواری كرد: باوكە ئارناڵ چ قوتابیەكی تر شایەنی داركاریە؟ ئایا هیچ تەمبەڵێكی تەوەزەلی بێ مێشك لەم پۆلە هەیە تا داركاری بكەم؟

گەیشتە ناوەندی پۆلەكە و بینی فلێمینگ لەسەر چۆكانە. هاواری كرد:

- هوو هوو، ئەو كوڕە كێ یە؟ بۆ لەسەر چۆكانە؟ كوڕە، ناوت چی یە؟

- (فلێمینگ)، گەورەم.

- هوو هوو، (فلێمینگ)! هەڵبەتە تەمبەڵە. هەر لە چاوەكانتا زانیم. باوكە ئارناڵ، ئەوە بۆ لەسەر چۆكانە؟

باوكە ئارناڵ گوتی:

ئەركی لاتینی زۆر بەچەوتی نووسی بوو و تاقە پرسیارێكی ڕێزمانیشی وەڵام نەدایەوە.

چاودێری وانەكان هاواری كرد: هەڵبەتە وایە! هەڵبەتە! هەر بە تەمبەڵی لە دایك بووە. ئەوە لە سیلەی چاویەوە دەبینم.

بە توندی دارێكی لە مێزەكەدا و هاواری كرد:

- هەڵسەوە (فلێمینگ)! قیت بەوە، کورم!
(فلێمینگ) بە هێواشی راست بۆوە و چاودێری وانەکان گوتی: دەستت بکەوە!
(فلێمینگ) دەستی کردەوە و شریقە لە دارەکە هەڵسا: یەك، دووان، سێ، چوار، پێنج، شەش.
- دەستەکەی تر!
دیسان دارەکە شەش جار شریقەی لێوەهات.
چاودێری وانەکان قیژاندی: چۆك دادە!

(فلێمینگ) چۆکی دایەوە و دەستەکانی خستە ژێر هەنگلی و دەیانی گوشی و دەم و چاوی لەبەر ئازار و ئەشکەنجە وێك هاتبۆوە. بەڵام ستیڤن دەیزانی کە دەستەکانی (فلێمینگ) چەند رەقن چونکە هەمیشە مادەی جەوی تێ هەڵدەسوین. بەڵام رەنگە زۆر ئازاری پێ خواردبێت چونکە دەنگی دارەکان زۆر تۆقێنەر بوون. دیسان دڵی ستیڤن کەوتەوە لێدان و لەرزەلەرز.

چاودێری وانەکان هاواری کرد: بە ئیشی خۆتانەوە خەریك بن، هەمووتان. ئێمە قوتابی تەمبەڵ و تەوەزەلی بێ مێشکمان ناوێت، ئەی تەڵەکەبازی بێ مێشکی تەوەزەلینە. پێتان دەڵێم خەریکی کاری خۆتان بن. (باوکە دۆلان) هەموو رۆژێك دێت. باوکە دۆلان سبەیش دێت.
سەرە دارێکی خێواندە قوتابییەك و گوتی:
- کورە تۆ پێم بڵێ کەی باوکە دۆلان دێتەوە؟
دەنگی (تۆم فێرلۆنگ) گوتی: بەیانی، گەورەم.
چاودێری وانەکان گوتی: بەیانی و بەیانی. ئینجا بۆ خۆتان بیربکەنەوە. هەموو رۆژێك باوکە دۆلان دێت. دە خەریکی نوسین بن. کورە تۆ ناوت چی یە؟
دڵی ستیڤن یەکسەر داخورپا:
- (دیدالۆس)، گەورەم،
- بۆ وەك ئەوانی دی نانوسیتەوە؟
- من... ئەوەکەم....
لە ترسان قسەی پێ نەدەکرا.
- (باوکە ئارناڵ)، ئەوە بۆ نانوسێت؟
(باوکە ئارناڵ) گوتی: چاویلکەکەی شکاندووە. جا من لە ئەرك کردن دا لێم بوورد.
چاودێری وانەکان گوتی: شکاندی؟ ئەوە چ دەبیستم؟ ناوت چی یە؟
- (دیدالۆس)، گەورەم.



- دەرچە دەرەوە، (دیدالۆس). هەی فێڵبازی گچکەی تەوەزەل. لە دەم و چاوت فڕوفێڵ دەبینم.
- لە کوێ چاویلکەکەت شکاند؟

ستیڤن لە ناوەڕاستی پۆلەکە ساتمەی کرد، لەبەر ترس و پەلە پەلی تارمایی چاوی داهاتبوو. چاودێری وانەکان دووبارەی کردەوە: لە کوێ چاویلکەکەت شکاند؟
- لە سەر رێگای غاردانە.
چاودێری وانەکان قیژاندی: هوو هوو! لە رێگای غاردانە. ئێ چاك لە فێڵت گەیشتم.

ستیڤن بە سەرسوڕمانەوە چاوەکانی بەرز کردەوە و بۆ تاوێك دەم و چاوە بۆرە سپی پاتەکەی باوکە دۆلانی بینی کە پیر دیار بوو، لە دوو لای سەرە کەچەڵە بۆرە سپی پاتەکەشی چەند تووکێك قیت ببوونەوە و چوارچێوە پۆلایینەکەی چاویلکەکەی و چاوە بێ ڕەنگەکانی لە نیگای دەچەقین. ئەرێ بۆ گۆتی چاك لە فێڵت گەیشتم؟

چاودێری وانەکان هاواری کرد: هەی تەڵەکەبازی گچکەی تەمبەڵ و تەوەزەل. چاویلکەکەم شکا! ئەو فێڵێکی لە مێژی قوتابیانە! دەی زوو دەستت بکەوە.

ستیڤن چاوەکانی نووقاندن و دەستە لەرزۆکەکانی بەرز کردنەوە کە ناولەپی ڕوو لە ئاسمان بوو. هەستی کرد کە چاودێری وانەکان بۆ ساتێك سەر پەنجەکانی دەگرێت تا ڕاستیان بکاتەوە. پاشان هەستی بە وشەی سەر قۆڵی چاکێتەکەی کرد کە حەیزەرانەکەی هەڵبڕی بۆ لێدانی. ئێنجا هەستی بە ئازاری لێدانێکی گەرمی سوتێنەری بەسوێ کرد کە لە دەنگی بەرزی شکاندنی دارێك دەچوو، ئەم هەستە وای لە دەستە لەرزۆکەکانی کرد وەك گەڵای ناو ئاگر گرمۆڵە بن: جا هەر لەگەڵ ئەو دەنگ و ئازارەدا چەند فرمێسکێکی سوتێنەر لە چاوەکانی دەپەڕین. هەموو لەشی لە ترسان وەك شەنگەبی دەلەرزی. بازووی دەلەرزی و دەستە گرمۆڵە بووە سووتاوە زەرد هەڵگەڕاوەکانیشی بە چەشنی تاقە گەڵای بەردەم رەشەبا دەلەرزی. گریان لە گەرووی دا بوو و نزا و نوێژیش لەسەر زاری. هەرچەندە فرمێسك چاوانی دەسوتاند و ئازار و ترسیش پەلەکانی دەهەژاندەوە، بەڵام ئەو فرمێسکە گەرمانەی ڕاگرتن و گریانەکەشی خواردەوە کە گەرووی دەسوتاند.

چاودێری وانەکان قیژاندی: دەستەکەی تر.

ستیڤن دەستە راستە لەرزۆك و سڕبووەکەی کێشایەوە و هی چەپەی ڕاگرت. دیسان سەرقۆڵی چاکێتەکەی هەوای شەق کرد هەرکە دارەکەی هەڵبڕی و ئینجا دەنگێکی بەرزی تیژ لەگەڵ ئازارێکی سووتێنەری بەسوێ ی شێتکەر وای لە دەستی کرد وێك بێتەوە و

ناولەپ و پەنجەکانی بەلەرزۆکی و زەردهەڵگەڕاوی یەوە بگەنەوە یەکدی. فرمێسکە سووتێنەرەکان لە چاوەکانی دەپەڕین و لەنێو گڕی شەرم و ترس و ئەشکەنجەدا هەموو گیانی دەسووتا، پاشان بە ترسێکی گەورەوە دەستە لەرزۆکەکەی کێشایەوە و کەوتە ناو دەریای ئازارەوە. لەتاو شەرم و شڵەژان هەموو جەستەی دەلەرزی و هەستی کرد کە گریانە سووتێنەرەکەی هەوکی دەربوو و فرمێسکە سوتێنەرەکانیش لە چاوانی یەوە بەر دەبوونەوە سەر روومەتە گڕگرتوەکانی.

چاودێری وانەکان لێ ی قیژاند: چۆك دادە.

ستیڤن خێرا لەسەر چۆك دانیشت و دەستەکانی بە تەنکێشی یەوە دەگوشی. بیرکردنەوە لە دەستە لێدراو و هەڵدەفاوەکانی بە هۆی ژانکردنەوە دەست بە جی وای لێ کرد ئەوەندە بەزەیی پێ یان بێتەوە وەك بڵێ ی ئەوانە دەستی خۆی نین و هی یەکێکی ترن بەڵام ئەو دڵی پێ یان دەسوتێت. جا هەرکە چۆکی دا و دوا هەنسك لە گەرووی دا کپ دەبۆوە و ئازارە کونکەرە سوتێنەرەکەشی لە بن هەنگڵەکانی شاردبۆوە. بیری لە دەستەکانی دەکردەوە کە لە هەوا ڕایگرتبوون و ناولەپەکانیشی رووله ئاسمان بوون، هەروا بیری لەوەش دەکردەوە کە چاودێری وانەکان سەر پەنجە لەرزۆکەکانی راست دەکردەوە، پاشان مێشکی چووە لای ناو لەپ و پەنجە لێ دراو و هەڵدەفاوە سوور هەڵگەڕاوەکان کە بە نائومێدی لە هەوادا دەلەرزین.

چاودێری وانەکان لە بەر دەرگا لێ ی قیژاندن: هەمووتان خەریکی ئیشی خۆتان بن. باوکە دۆلان هەموو رۆژێك دێ تا بزانێت کیها تەڵەکەبازی گچکەی تەوەزەلی بێ مێشك پێویستە دارکاری بکرێت. هەموو رۆژێك و هەموو رۆژ.

دەرگاکە لە دوایەوە داخراوە.

پۆلە خامۆشەکە خەریکی ئەرك نوسینەوە بوو. باوکە ئارناڵ لەجێ ی خۆی هەڵسایەوە و چووە ناویان. بە قسەی شیرین یارمەتی قوتابییەکانی دەدا و هەڵەکانی پێ نیشان دەدان. دەنگەکەی زۆر نەرم و شیرین بوو. ئینجا گەڕایەوە لای جێگای خۆی و بە فلێمینگ و ستیڤنی گوت:

- ئێوە دەتوانن بچنەوە جێ ی خۆتان.

فلێمینگ و ستیڤن هەڵسانەوە و بەرەو جێگای خۆیان چوون و دانیشتن. ستیڤن لە شەرمان سوور هەڵگەڕابوو، بە دەستێکی لاوازەوە خێرا کتێبێکی کردەوە و دەم و چاوی بە پەڕتووکەکەوە نووساند بوو.



بەڕاستی کارێکی ناڕەوا و دڵڕەقانە بوو چونکە پزیشك پێ ی گۆتبوو بە بێ چاویلکە نەخوێنێتەوە و ئیمڕۆ بەیانی بۆ باوکی نوسی بوو کە چاویلکەیەکی نوێ ی بۆ بنێرێ. باوکە ئارنالێش پێ ی گوت نەخوێنێت تا چاویلکەکە دەگات. پاشان لەبەرچاوی پۆل بە فێڵباز ناوبرێ و دارکاری بکرێت لە کاتێکدا کە ئەو هەمیشە گرەوی بە یەکەم دەرچوون یا بە دووەم دەرچوونی وەرگرتوە و هەمیشە سەرکردەی تیپی (یۆرك) بووە! چاودێری وانەکان بەچی دەزانێت ئەوە فێڵە؟ هەنکە هەستی بە گرتنی پەنجەکانی چاودێر کرد کە دەستی راست دەکردەوە. بەرایی وای بیرکردەوە کە چەپەکی لەگەڵ دەکات چونکە پەنجەکانی نەرم و نەبزێو بوون. هەر پاشی ساتێك بۆی دەرکەوت کە قۆڵی چاکێتەکەی هەوا دەبرێت پاشان دەنگی تیژی دارکاری. بەڕاستی کارێکی ناڕەوا و دڵڕەق بوو کە لە ناوەڕاستی پۆڵەکە چۆك بدات. پاشان باوکە ئارناڵ بە هەردووکیانی گوت دەتوانن بچنەوە شوێنی خۆیان بە بێ ئەوەی هیچ جیاوازیەکیان لە نێوان بکات. گوێ ی لە دەنگە نزم و شیرینەکەی باوکە ئارناڵ گرت کە خەریکی راستکردنەوەی هەڵەی قوتابیەکان بوو. رەنگە ئەو هەنکە بەزەیی پی یان بێتەوە بۆیە دەیەوێ هەست بەرزی بنوێنێ کەچی ئەوە کارێکی ناڕەوا و دڵڕەق بوو. چاودێری وانەکان قەشە بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا دڵڕەق و زۆردار بوو. دەم و چاوە بۆرە سپی پاتەکەی و چاوە بێ ڕەنگەکانی ئەودیوو چاویلکە چوارچێوە پۆڵایینەکەی دڵرەق بوون چونکە بەرایی بە پەنجە نەرمە نەبزۆکەکانی دەستەکانی راست کردەوە تا باشتر و قایمتر لێ ی بدات. هەرکە قوتابییەکان دەستە دەستە بەرەو خواردنگا دەچوون، فلێمینگ لە دالانەکە گوتی:

- ئای چ کارێکی چەپەڵانەیە بە بێ گوناە لە قوتابییەك بدرێت.

ناستی رۆشە گوتی: چاویلکەکەت بە ڕێکەوت شکا، وانەبوو؟

ستیڤن هەستی کرد وشەکانی فلێمینگ دڵیان پڕکرد، بەڵام وەڵامی نەداوە.

فلێمینگ گوتی: بێ گومان بە رێکەوت بوو. ئەمن لە جێ ی ئەو بام خۆم پێ نەدەگیرا و یەکسەر لەلای بەڕێوەبەر سکاڵام لێ ی دەکرد.

سیسیل ثەندەر بە پەرۆشەوە گوتی: بەڵێ، بە چاوی خۆم دیتم دارەکەی لە شانی زیاتر بەرز دەکردەوە، کەچی رێ ی پێ نەدراوە وا بکات.

ناستی رۆشە پرسی: ئەرێ زۆر هێشا؟

ستیڤن گوتی: یەگجار زۆر.

فلێمینگ دووبارەی کردەوە: من بام لە کەچەڵێکی وا یان هەر کەسێکی ترم قبوڵ نەدەکرد. بە ڕاستی کارێکی گەوج و چەپەڵانەیە. هەر یەکسەر دوای نانی نیوەڕۆ دەچوومە لای بەڕێوەبەر و هەموو شتێکم لە نووکەوە بۆ دەگێڕایەوە.

سیسیل ئەندەر گوتی: بەڵێ بڕۆ: بەڵێ بڕۆ.

ناستی رۆشە گوتی: بەڵێ برۆ وا بکە. دیدالۆس برۆ لای بەڕێوەبەر چونکە گۆتی بەیانی دیسان دێتەوە و دارکاریت دەکات.

هەموو گوتیان: بەڵێ برۆ بە بەرێوبەر بڵێ.

هەندێك قوتابی پۆلی دووەمی ناوەندی لەوێ گوێ یان گرتبوو و یەکێکیان گوتی:

– ئەنجوومەنی ردێن سپی و گەلی رۆمانی بڕیاریان دا کە ستیڤن بێ گوناه سزا دراوە. بەڕاستی کارێکی نەنگ و ناڕەوا و دلڕەقانە بوو. هەرکە لە خواردنگا دانیشت هەر ساتە نا ساتێك ئازار ددانە زلەکانی لە گیانی گیر دەکرد و لە پەردەی بیری دا هەستی بە هەمان ریسوا بوون دەکرد و تا دەستی کرد بە لەخۆ پرسین: دەبێ شتێکی وا لە سەر دەم و چاوی هەبێت کە وای لێ بکات لە فێڵباز بچێت، بۆیە حەزی دەکرد ئاوێنەیەکی گچکەی لا ببوایە تا تەماشایەکی خۆی پێ بکردابایە. بەڵام نەیتوانی ئەمە بکات. خۆ ئەوەی ڕووی دا بریتی بوو لە کارێکی ناڕەوای دلڕەقانە.

ئەو نەدەیتوانی ئەو پارچە ماسی یە رەشانەی لە چوارشەممانی رۆژووی پیرۆزدا پێ ی درا بوو بخوات و نەئەو پەتاتانەی کە نیشانەی بێڵیان لەسەر کرا بوو. بەڵێ، چۆن قوتابیەکان پێ یان گوت ئاوا دەکات و دەچێتە لای بەڕێوەبەر و پێ ی دەڵێ: بە بێ گوناه سزا دراوە. ئیشێکی وا ئاسا پێشی ئەو پیاوێکی تر لە مێژوودا کردوویەتی: پیاوێکی مەزن کە وێنەی سەری لە کتێبی مێژوودا بوو. ئێنجا بەڕێوەبەر بڕیار دەدات کە ئەو بە بێ گوناه سزا دراوە چونکە ئەنجوومەنی ردێن سپی و گەلی رۆمانی هەمیشە ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە زۆر کەس ئاوا بێ گوناه سزا دراون. ئەوانیش ئەو گەورە پیاوانە بوون کە ناویان لە پەڕتووکی ((پرسیارەکانی ریکمال ماگناڵ))[34] دا بوو. هەموو مێژوو دەربارەی ئەو پیاوانە بوو، چیان کردووە، هەروەها ((چیرۆکەکانی پیتەر پارلی))[35] یش کە دەربارەی یۆنان و رۆما بوو هەر لەو چەشنە بابەتە

٣٤. وەختی خۆی کتێبێکی زۆر باو بوو لە لای قوتابی یە گچکەکان و پۆلە نزمەکانی کلۆنگوۆز، لە سەردەمی جۆیس لێ یان خوێند.

٣٥. چیرۆك بوو بۆ منداڵان لە بارەی مێژووی گریکی و رۆمانی. ئەو کتێبە لە نوسینی س. گ. گۆدریچ (١٧٩٣- ١٨٦٠) بوو. ئەویش هەر لە کلۆنگوۆز دەخوێنرا.



دەدوا. لە یەکەم لاپەڕەی کتێبەکە وێنەی (پیتەر پارلی) خۆی لێ درا بوو. لەو وێنەیەدا رێگەیەك هەیە کە بە ناو پاوەنێك دا دەڕوات، ئەو پاوەنەش بە گژو گیا داپۆشراوە و لەم لاو لەو لاش دەوەنی گچکە هەیە: (پیتەر پارلی) یش کڵاوێکی پانی لەسەرە لەوانەی قەشە پرۆتستانتەکان و گۆپاڵێکی گەورەشی بەدەستەوەیە. لە وێنەکەدا وا دیارە لە رۆیشتن دایە بەرەو یۆنان و رۆما.

ئەوەی دەبوا بیکات شتێکی ئاسان بوو. بەس چاوەڕێ بکات تا فراوین بکرێت و ئینجا بە ناو داڵانەکەدا بڕوات بۆ سەر پەیژەکە، دوایی بەلای دەستە راست دا بەرەو ئەو رێگایە بچێت کە دەیباتە لای بەڕێوەبەر. هیچ کارێکی تری نی یە بێجگە لەمە، بەلای دەستە راست دا روو وەربگێری و بە پەلە لە پەیژەکە سەر بکەوێت و لە ماوەی نیو خولەك دا دەگاتە داڵانە نزمە تاریکەکە کە بە نێو بەڕێوەبەرایەتی دا یەکسەر بەرەو ژووری بەڕێوەبەری دەبات. هەموو قوتابیەکان گوتیان ئەمە کارێکی ناڕەوا بوو. تەنانەت قوتابیەکەی پۆلی دووەمی ناوەندیش کە دەربارەی ئەنجوومەنی ردێن سپی و گەلی رۆمانی دوا هەمان رای هەبوو.

دەبی چی ڕوو بدات؟

گوێ ی لە دەنگی قوتابی پۆلە باڵاکان بوو کە لە خواردنگا هەڵدەستان و دەنگی هەنگاوەکانیشیانی دەبیست کە بەسەر رایەخەکە بەرەو خوار دەهاتن: ئەوە (پادی راث) ە و ئەوی دی (جیمی ماگی) و ئیسپانی و پۆرتوگالیەکە و پێنجەم کەس (کۆریگان) ی زل بوو کە مستەر گلیسن دارکاری دەکات. هەر لەبەر ئەوە بوو کە چاودێری وانەکان بە فێڵبازی ناو برد و بە بێ گوناه سزای دا: ئینجا پاش هەوڵێکی زۆر و ماندووکردنی چاوە کزەکانی کە فرمێسك هێزی لێ بڕ یبوون، شانە پانە گەورەکە و سەرە رەشە زلەکەی کۆریگانی بینی کە بە نێو پۆلەکەدا دەڕۆیشت. بەڵام خۆ ئەو کارێکی نەنگی نەکردووە و وێرای ئەوەش مستەر گلیسن قایم دارکاری ناکات: هەروەها بیری لەوە کردەوە کە دەبێ کۆریگان لە گەرماوی دا چەند زل بێت. پێستەکەی هەمان رەنگی چاڵاوە بە پنچك دا پۆشراوەکانی هەبوو کە لە پەڕگەیەکی تەنکاوی گەرماوێ دایە کاتێك ئەو لە لایەك دەڕۆیشت بەدەنگ پێکانی لە کەرپووچە تەڕەکان دەکوتا و لەگەڵ هەر شاقاوێك رانەکانی لە قەڵەویان دەلەرینەوە.

خواردنگا بە نیوە ببوو و هێشتاش قوتابی بەڕێزە دەهاتنە دەرەوە. دەیتوانی بەئاسانی لە پەیژەکە سەر بکەوێت چونکە لەبەر دەرگای خواردنگا نەقەشە و نەچاودێر وەستا بوون. بەڵام ئەو نەیدەوێرا بچێت، چونکە بەڕێوەبەر لایەنی چاودێری وانەکان دەگرێت و ئەمە بە فڕوفێڵی

قوتابیان دەزانێت. پاشانیش کە هەموو ڕۆژێك چاودێری وانەکان وەك جاران دێت، ئیشەکە پیستر دەبێت، چونکە پتر لەو قوتابییە دەهری دەبێت کە لە لای بەڕێوەبەر سکاڵای لێ کردووە. قوتابیان ئەویان هان دەدا بچێت، بەڵام ئەوان بە خۆیان نەدەچوون. هەنووکە ئەوان ئەو بابەتەیان هەر لە بیریش نەماوە. نەخێر، باشتر وایە بەتەواوی ئەو بابەتە لەبیر بکات، ڕەنگە چاودێری وانەکان هەر بە سەرزارەکی گوتبی کە هەموو ڕۆژێك دێتەوە. نەخێر، باشتر وایە خۆی لە ڕەشەبا بپارێزێت چونکە کە مرۆڤ گچکە و ساوا بوو دەتوانی خۆی دوور بخاتەوە.

قوتابییانی سەر مێزەکەی هەڵسان. ئەویش هەڵسا و بەڕێزە لەگەڵیان چووە دەرەوە. دەبوا بڕیار بدات. لە دەرگا نزیك دەبۆوە. ئەگەر لەگەڵ قوتابیان بچێتە دەرەوە، هەرگیز ناتوانێت بچێتە لای بەڕێوەبەر چونکە ناتوانێت یاریگە بۆ ئەم مەبەستە بەجێ بهێڵێت. خۆ ئەگەر چووە لای بەڕێوەبەر سەرباری ئەوەش کە دارکاری کرا ئەوە هەموو قوتابییەکان گاڵتەی پێ دەکەن و دەربارەی دیدالۆسی گچکە دەدوێن کە چووە لای بەڕێوەبەر تا سکاڵا لە چاودێری وانەکان بکات. بەسەر رایەخەکە بەرەو خوار دەچوو کە دەرگاکە ڕووبەڕووی وەستا. ئای کە ئەستەمە: هەرگیز زات ناکات. بیری لە سەرە کەچەڵ و چاوە بێ ڕەنگە بێ بەزەیی یەکانی چاودێری وانەکان دەکردەوە کە تەماشایان دەکرد و دەنگی چاودێری وانەکانی دوو جار بیست کە لێ ی دەپرسی، ناوی چی یە. دەبێ بۆچی ناوەکەی بە بیر نەهاتبێتەوە کە یەکەم جار پێ ی گوت؟ ئایا یەکەم جار گوێ ی لێ نەبوو یان دەیەویست گاڵتەی پێ بکات؟ خۆ پیاوە مەزنەکانی مێژووش ئەو جۆرە ناوانەیان هەبوو و کەس گاڵتەی پێ نەکردوون. دەبوایە گاڵتەی بە ناوی خۆی بکردایە ئەگەر مەیلی لە گاڵتەکردن بوو. دۆڵان؛ چتۆ ناوێکە! هەر لەناوی ئەو ژنە دەچوو کە جل شۆری دەکرد.

گەیشتە بەر دەرگا و بەپەلە بۆ لای دەستە ڕاست ڕووی وەرگێڕا و بە سەر پێ پلیکەکان سەرکەوت. جا پێش ئەوەی بڕیاری گەڕانەوە بەرەو دوا بدات، چووە ناو ئەو داڵانە نزمە تەنگە تاریکەی کە بەرەو بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگا- دەڕۆیشت. هەرکە لە ئەستانەی دەرگای داڵانەکە ڕەت بوو، بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، بینی ئەو هەموو قوتابییانەی بەڕێزە دەردەچوون تەماشایان دەکرد.

کاتێك بە ناو داڵانە تەنگ و تاریکەکەدا ڕۆیشت، بەلای چەند دەرگایەکی بچووك تێپەڕی کە ئەوان ژووران هی ئەندامانی ئەو تیرەیە بوون. تەماشای پێشی خۆی کرد و بەلای دەستە ڕاست و دەستە چەپ بە ناو تارمایی یەکەدا چاوی گێڕا، ئینجا بیری کردەوە کە دەبێ ئەوانە وێنە بن. بەڕاستی ئەو ناوە تاریك و خامۆش بوو، چاوە کزە فرمێسك کەشەنگ کردووەکانیشی



توانای دیتنیان نەمابوو. بەڵام بیری کردەوە کە دەبێ ئەمانە وێنەی پیاوی پیرۆز و گەورەی تیرەی جیزوێتی بن کە کاتێك بەلایان دا تێپەڕی بە بێ دەنگی تەماشایان دەکرد: حەزرەتی (ئیگناتۆس لۆیۆلا)[٣٦] کتێبێکی واڵا کرد بۆوە و نیشانەی بۆ ئەو ووشانە دەکرد:

((بۆ گەورەیی و مەزنی خودا))[٣٧]؛ حەزرەتی (فرانسیس ئەکسافیر) ی پیرۆز پەنجەی بۆ سەر سینگی خۆی درێژ کرد بوو و (لۆرێنزۆ ڕیکچی) بە چەشنی چاودێری پۆلەکان بێریەیەکی لەسەر نابوو، هەروەها سێ پشتیوانە پیرۆزە نەوجەوانەکان: کە حەزرەتی (ستانیسلاوس کۆستکا) و حەزرەتی (ئەلۆیسیس گۆنزاگۆ) و (جۆن بێرچمان) ی پیاوچاك بوون. هەرسێکیان دەم و چاوێکی گەنجانەیان هەبوو چونکە ئەوان بە جوانەمەرگی گیانیان سپارد، کەچی باوکە (پیتەر کێینی) لەسەر کورسی یەك دانیشتبوو و عەبایەکی فش و فۆلێ لە خۆی وەرپێچا بوو.

لەسەر پاگەی پەیژەکە وەستا کە دەکەوێتە پێش دەرگای هۆڵەکە. لەوێ سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. (هاملتن ڕۆوان) یش بێرەدا تێ پەڕیوە و شوێن گوللەی سەربازەکان بەسەر تەختەی دەرگاکانەوە دیار بوون. هەر لێرەش بوو پیرە نۆکەرەکان تارمایی یەکیان دی بوو کە عەبایەکی سپی مارشاڵی لە خۆی لوول دا بوو.

نۆکەرێکی پیر پاگەی پەیژەکەی دەماڵی. ستیڤن لێ ی پرسی ژووری بەڕێوەبەر لە کۆی یە، ئەویش نیشانەی بۆ دەرگایەکی ئەوسەر کرد و چاوەکانی لە ستیڤن نەکردەوە تا گەیشتە ئەوێ و لە دەرگای دا.

هیچ وەڵامێك نەبوو. دیسان قایمتر لێ ی دایەوە، ئینجا کە دەنگێکی نزمی بیست دڵی دا خورپا: وەرە ژوورەوە.

دەسکەکەی بادا و دەرگاکەی کردەوە. ئینجا بەهێواشی دەستی بۆ دەسکەکەی دیوی ژوورەوەی دەرگاکە گێڕا کە بە بەیازی سەوز داپۆشرا بوو. ئەویشی دیتەوە و پالێ پێوە نا و ئینجا چووە ژوورێ بینی بەڕێوەبەر لەسەر مێزێك دانیشتووە و خەریکی نووسینە. کاسەسەرێك لەسەر مێزەکەی بوو و بۆنێکی سەنگینی سەیر لە ژوورەکەی دەهات کە هەر لە بۆنی قایشی کورسی یە کۆنەکان دەچوو.

٣٦. حەزرەتی ئیگناتۆس لۆیۆلا و ئەوانی تر: ئەوانە هەموویان حەزرەتی جیزوێتی ین و بە پێ ی مێژوو یەك لە دوای یەك ڕیز کراون. هەتا دەگاتە حەزرەتی جۆن بێرچمان کە ستیڤن بە هەڵە پێ ی دەڵێت پیاوچاك چونکە ئەویش وەك ئەوانی دی حەزرەتە.

٣٧. ئەو قسانە دروشمی داروودەستەی جێزوێتی ین.

لەبەر خامۆشی و سەنگینی ئەو شوێنە، دڵی ستیڤن کەوتە کوتەکوت. سەیری کاسەسەر و ڕووە خۆشەکەی بەڕێوەبەری کرد.

بەڕێوەبەر گوتی:

- باشە، ئەی پیاوی گچکە چیت دەوێت؟

ستیڤن ئەوەی لە گەرووی دا بوو قووتی دا و گوتی: گەورەم چاویلکەکەم شکاند.

بەڕێوەبەر دەمی لێك کردەوە و گوتی: ئۆ.

پاشان بزەیەکی هاتی و گوتی: باشە ئەگەر چاویلکەکانمان شکا بۆ ماڵ دەنووسین تا یەکی دیمان بۆ بنێرن.

ستیڤن گوتی: بۆ ماڵەوەم نووسی و باوکە (ئارناڵ) یش ووتی نابێ بخوێنم و بنوسم تا چاویلکەکەم دەگات.

بەڕێوەبەر گوتی: زۆر چاکە!

ستیڤن شتەکەی دیسان قۆوت دایەوە و هەوڵی دا قاچ و دەنگی لە لەرزین بوەستێنێ:

- بەڵام، گەورەم...

- بەڵێ؟

- باوکە دۆلان ئەمڕۆ هاتە ژوور و دارکاری کردم چونکە ئەرکم نەدەنووسیەوە.

بەڕێوەبەر بەبێ دەنگی تەماشای کرد و هەستی کرد کە خوێن پەڕیە دەم و چاوی و فرمێسکیش لە چاوەکانی قەتیس ماون.

بەڕێوەبەر گوتی: ناوت دیدالۆسە، وانی یە؟

- بەڵێ، گەورەم.

- چاویلکەکەت لە کوێ شکا؟

- لە یاریگەی غاردانێ، گەورەم. قوتابیەك لە شوێنی پایسکلەکانەوە دەپەڕی و منیش بەربوومەوە و چاویلکەکەم شکا. ناوی قوتابیەکەش نازانم.

دیسان بەڕێوەبەر بە بێ دەنگی سەیری کرد و بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- ئێ باشە. ئەمە هەڵەیەك بوو کرا و دڵنیامە باوکە دۆلان ئەوەی نەزانیوە.

- بەڵام گەورەم من پێم گوت، لەگەڵ ئەوەشا هەر دارکاری کردم.

بەڕێوەبەر پرسی: پێت گوت بۆ ماڵەوەت نوسیووە چاویلکەیەکی ترت بۆ بنێرن؟

- نەخێر، گەورەم.



بەڕێوەبەر گوتی: دەباشە کەواتە باوکە دۆلان لە مەبەستت نەگەیشتووە. پێ ی بڵێ کە من تا چەند ڕۆژێکی تر لە ئەرکی وانەکان دەتبوورم.

لەترسی ئەوەی نەوەك دڵەکوتی ماوەی قسەی نەدات، ستیڤن خێرا گوتی:

- بەڵێ گەورەم. بەڵام باوکە دۆلان بەیانیش دێت تا دیسان دارکاریم بکات.

بەڕیۆەبەر گوتی: زۆر باشە، ئەوە هەڵەیەك بوو رووی دا. من خۆم لەگەڵ باوکە دۆلان دەدوێم، ئایا ئەوەت بەدڵە؟

ستیڤن هەستی کرد کە فرمێسکەکانی چاوی تەڕدەکەن، بە منگەمنگ گوتی:

- بەڵێ، گەورەم. زۆر سوپاس.

بەڕێوەبەر لە پشت ئەو مێزەی کاسەسەرێکی لە سەر بوو دەستی هێنایە پێش و ستیڤنیش دەستبەجێ دەستی خستە ناودەستی و هەستی بە ناولەپە ساردەکەی کرد.

بەڕێوەبەر کە دەستی خۆی کێشایەوە، خۆی چەماندەوە و گوتی: ڕۆژێکی شاد.

ستیڤن گوتی: ڕۆژێکی شادتر گەورەم.

ئینجا خۆی چەماندەوە و بە هێواشی لە ژوورەکە چووە دەرەوە. بەئەسپایی لەسەرخۆ دەرگاکەی داخست. هەردوای ئەوەی لە پیرە نۆکەرەکەی سەر پاگەی پێ پلیکەکە تێ پەری، دیسان کەوتە ناو دالانە نزمە تەنگ و تارەکەوە و دەستی کردە ڕۆیشتن خێراتر و خێراتر. بەورژاوی یەوە بەناو تاریکی یەکەدا بە پەلەتر ملی ڕێ ی گرتەبەر. ئانیشکی خۆی لە دوا دەرگا دا، بەپەلە لە پەیژەکە هاتەخوار و بەپەلە بە ناو هەردوو دالانەکەدا ڕۆیشت تا گەیشتە شوێنە بەرهەڵدایەکە.

ئێستا گوێ ی لە دەنگی هات و هاواری قوتابیانی یاریگەکە بوو. سوکە ڕاکردنێکی کرد، بەرە بەرە خێراتر، بە ناو شوێنی غاردانێ رای کرد تا گەیشتە یاریگەی پۆلی سێهەم هەناسەبڕکێ پێ کەوتبوو. قوتابی ئەویان دیبوو کە ڕای دەکرد. لە دەوری دا بازنەیەکیان بەست. بۆ بیستن قەرەپەستێ یان بوو.

- پێمان بڵێ! پێمان بڵێ!

- چی گوت؟

- چوویتە ژووری؟

- چی گوت؟

- پێمان بڵێ! پێمان بڵێ!

سەرتاپای ئەوەی خۆی و بەڕێوەبەر گوتیان بۆیانی گێڕایەوە. هەرکە مەسەلەکە تەواو بوو کڵاوی هەموو قوتابییەکان لە ئاسمان دەسوڕایەوە و هاواریان دەکرد:

- خەنی لە خۆمان!

کڵاوەکانیان گرتەوە و جارێکی دی لە ئاسمان دەسوڕانەوە و هاواریان دەکرد:

- خەنی لە خۆمان! خەنی لە خۆمان!

ئەوان دەستیان لە دەستی یەکتر قایم کرد و وەك بێشکەیان لێ کرد و ستیڤنیان لە ناودا بۆ ئاسمان بەرزکردەوە تا ئەو کاتەی خۆی لەبەر دەستیان قورتار کرد. هەر لێ یان رزگار بوو، ئەوان بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەوە و دیسان کڵاوەکانیان تێ هەڵدا ئاسمان. جا هەرکە کڵاوەکانیان لە ئاسمان دا مەیی بوون دەستیان کردە فیتە فیت و هاوار هاوار:

- هەی لە خۆمان خەنی!

سێ مرەیان بۆ دۆڵانی کەچەڵ کرد و سێ هاواری کەیف خۆشیش بۆ (کۆنمی). هەروا دەیانگوت ئەو هەست بەرزترین بەڕێوەبەرە کە کلۆنگوۆز بەخۆیەوەی دیتبێت.

هاواری کەیف خۆشی لە هەوا بۆرە خامۆشەکەدا کپ بوو. ئەو بە تەنیا مایەوە. ئەو دڵشاد و سەرفراز بوو: لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ چەشنێك شانازی بەوەی بەرامبەر باوکە دۆلان کرد بووی نەدەکرد. ئەو لە مەودوا زۆر هێمن و گوێڕایەڵ دەبێت و ئاواتەخواز بوو کە ئیشێکی چاکی بەرامبەر بکات تا بۆی بنۆینێ کە شانازی بە خۆیەوە ناکات.

هەواکە بۆر و نەرم و خامۆش بوو و ئێوارەش نەرمەنەرمە باڵی خۆی دەکردەوە. بۆنی ئێوارە لەناو هەواکە بڵاو ببۆوە، هەروا بۆنی کێڵگەی ئەو لادێ بیانەی کە زەویان پێ کۆڵ دەکرد بۆ سەلکێ توور تا سپی بکەن و بیخۆن لەکاتی پیاسە کردنیان بۆ ناوچەی (مێجەربارتۆن) دەهات، خۆ بۆنی دارستانەکەی پشت ڕەشماڵەکە کە پڕی دارمازووە[٣٨] دەهات.

قوتابییەکان خەریکی مەشقکردنی پەلاری دوور و سێرف لێ دانی بەرز و تێ هەڵدانی نەرم بوون. لەناو خامۆشی هەوا بۆرە نەرمەکەدا گوێ ی لە تەپەی لێدانی تۆپەکان بوو؛ هەروەها لە هەموو لایەك لە ناو هەوا کپەکەدا دەنگی ڕێکتی کریکێت دەبیسترا: پیك، پۆك، پەك. ئەو دەنگەش هەر لە دەنگی دڵۆپە ئاوی قەڵبەزەیەك دەچوو کە بە هێواشی بتکێتە ناو جامێکی مشتەوە.

٣٨. جۆرە درەختێکی کەژ و کێوانە مازوو و جەوت و گڵوان و هتد دەگرێت.

# پاری دووەم

مامە چارڵس خووی بە کیشانی جۆرە جگەرەیەکی وا خراپ گرتبوو تا سەرەنجام برازاکەی پێشنیاری کرد کە چێژ لە جگەرە کێشانەکەی لە کولانەیەکی گچکەی ئەوپەڕی باخچەکە وەربگرێت.

پیرەمێرد بەشێنەیی گوتی: زۆر باشە، سایمۆن. شوێنێکی تەواو خامۆشە، سایمۆن. لە هەر کۆی یەکی کی تۆ حەز بکەیت. کولانە بچکۆڵەکە سەرو زیادمە و ئەوێ زۆر تەندروستی تریشە.

مستەر دیدالۆس بە بێ پێچ و پەنا پێ ی گۆت: هەی نەفرەت لە خۆم. بریا بمزانیبایە چۆن دەتوانیت ئەم جۆرە تووتنە سامناکە پیسە بکێشیت، سوێند دەخۆی دەڵێ ی بارووتە.
پیرەمێردەکە وەڵامی دایەوە: بەڕاستی زۆر خۆشە، سایمۆن. تووتنێکی زۆر نەرم و خەفەتبەرە.

ئا بەم چەشنە مامە چارڵس هەموو بەیانی یەك بەرەو کولانە گچکەکەی دەخشا، بەڵام پاش ئەوەی وورد وورد قژەکەی پشتەوەی چەور و شانە دەکرد، شەپقە درێژەکەشی خاوێن دەکردەوە و دەینایە سەری. هەرکە خەریکی جگەرەکێشان بوو، تەنها سەری شەپقەکە و گۆمکی قەلنەکەی لە پشت چوارچیۆەی دەرگای کولانەکەی دیار بوو. ناوی لە کولانە گچکە پڕ بۆن و برینگەکەی نابوو کەپر کە پشیلە و ئامرازی باخچەش لەگەڵیا لێ ی بەشدار بوون، هەروەها قەوانیشی بەکار دەهێنا و هەموو بەیانی یەك بەکەیف خۆشی یەوە یەکێك لە چاکترین گۆرانی یەکانی لەبەرخۆ دەگوت، بۆ نمونە: (ئۆی.... کە پرێکم بۆ هەڵبەستن) یا (چاوی شین و پرچی زێرین) یا (بێستانی بلارنی)، لە کاتیکدا قەف قەف دووکەڵی شین و بۆر بەهێواشی لە قەلنەکەی بەرز دەبۆوە و لە ناو هەوای پاك و بێ گەرددا مێژووی خۆی وون دەکرد.

بەشی یەکەمی ئەو هاوینە مامە چارڵس هاوڕێ ی هەمیشەیی ستیڤن بوو لە (بلاك رۆك) دا. مامە چارڵس پیرەمێردێکی بەخۆوە بوو کە پێستی ئەسمەر بوو، سەر و سەکوتێکی تێك چەقیوو و سەر و ڕیشێکی سپی هەبوو. هەموو رۆژێکی هەفتە ئەو خەریکی هێنان و بردنی پەیام بوو لە نێوان ئەو ماڵەی کە لە کۆڵانی (کاریسفۆرت) بوو لەگەڵ ئەو دوکانانەی سەر



شەقامی گشتی کە خێزانەکەیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن. ستیڤن زۆر حەزی دەکرد لەو پیاسانە لەگەڵی بچێت چونکە مامە چارڵس زۆر چاوتێرانە چەنگێکی لە هەر شتێکی لە قەرتاڵە یا بەرمیلە سەر والاکان کە لەتەك مێزی پارەوەرگرتن دانرا بوو گیر دەکرد، جاری وا هەبوو چەنگێك ترێ یان ئاردەدار یان سێ چوار سێوی ئەمریکی پڕدەدایی و چاوتێرانە لەنێو دەستی کوڕی برازاکەی دەکرد و خاوەن دوکانیش بەنابەدڵی یەوە بزەیەکی کاڵی بۆ دەکرد. جا هەرکە ستیڤن بەدرۆ وای نیشان دەدا کە نایەوێت، ڕووی لێ گرژ دەکردەوە و دەیگوت:
- کوڕم دەی وەریان بگرە؟ ئەوانە بۆ ورگت باشن.

هەرکە لە کڕینی هەموو شتەکانی ناو لیستەکە دەبوونەوە بە جووتە دەچوونە سەیرانگە، لەوی هاوڕێ یەکی دێرینی باوکی ستیڤنیان دەبینی کە ناوی (مایك فلاین) بوو، لەسەر ئەسکەملێیك دانیشتبوو و چاوەڕێ ی دەکردن. پاشان ستیڤن بە چواردەوری سەیرانگەکە رای دەکرد و مایك فلاین لە نزیك دەرگای وێستگەی شەمەندەفەر رادەوەستا و سەعاتێکی لە دەست دەگرت و ستیڤنیش بەو شیۆەیە بە ناو سەیرانگەکە رای دەکرد کە(مایك فلاین) پەسندی دەکرد: سەری بەرەو سەرەوە، ئەژنۆکانی راست و ڕێك و دەستەکانیشی بەتەنیشتەکانی یەوە نوسا بێت. هەرکە مەشقی بەیانیان کۆتایی پێ دەهات، مەشقدەر ڕا و سەرنجەکانی خۆی دەردەبڕی و هەندێك جاریش بە خۆ و بە جووتە پێڵاوە قەنابە کۆنەکانی یەوە بەهۆی پێکۆڵ کردن بۆ ماوەی یەك یاردە سەرنجەکانی بۆ روون دەکردەوە. جار وابوو کۆمەڵە منداڵێك و دایەنی سەرسوڕماو لە دەوری بازنەیەکیان دەگرت بۆ تەماشا کردن، خۆ جاری واش هەبوو کە دادەنیشتنەوە لەگەڵ مامە چارڵس دەکەوتنە گفتوگۆ دەربارەی وەرزش و رامیاری، ئەوان هەر لەوێ دەمانەوە. زۆر جار ستیڤن لە باوکی بیست بوو کە هەندێك لە چاکترین ڕاکەرەکانی ئێستا لەبەردەستی (مایك فلاین) دەرچوون، بەڵام ستیڤن بەبەزەیی یەوە تەماشای دەم و چاوە چورچە قەسەلاویەکەی دەکرد کە بەسەر پەنجە درێژکۆڵە چڵکدارەکەیەوە شۆڕ دەبۆوە لەکاتی جگەرە لوول دان دا، هەروا لە چاوە شینە کزە کەمتێنەکانی وورد دەبۆوە کە لەپڕەوە سەری هەڵدەبڕی و بەتەماشایەکی شاراوەوە تەماشای ئاسمانی دەکرد لەوکاتەی کە پەنجە هەڵدەفاوەکانی لە جگەرە لوول دان دەوەستان و توتن و دارکەکەشی بەردەبوونەوە بنی کیسەکەیەوە.

زۆر جار لەسەر رێگای گەڕانەوەی ماڵدا مامە چارڵس سەرێکی لە کلێسا دەدا، جا لەبەرئەوەی کوپەکە لە بەژنی ستیڤن بڵندتر بوو، پیرەمێردەکە چەنگی دەبردە ناو ئاوەکە و

بەهێواشی بەسەر جلەکانی ستیڤن و سەکۆکەی دەپرژاند. مامە پیرە، لەکاتی نوێژ کردنا لەسەر دەسەسرە سوورەکەی کرنووشی دەبرد و بەدەنگێکی نزم لەبەرخۆی نزاکانی لە پەڕتووکە بە پەنجە-رەش بووەکە دەخوێندەوە کە وشە گرنگەکان لە دامێنی پەڕەکان چاپکرابوون بۆ سەنج راکێشان. (ستیڤن)یش لەتەك ئەوەوە کرنووشی دەبرد وەك نیشانەی رێزگرتن لە ئایین پەرستی، ئەگەرچی ئەو بارتەقای ئەم بڕوادار نەبوو. زۆر جار لەخۆی دەپرسی ئایا مامەپیرە بۆ چ مەبەستێك ئاوا بە جەرگسۆزی نوێژ دەکات. لەوانەیە نوێژ بۆ ئەو گیانانە بکات کە لە پەردەی ئەعراف دان یان بۆ ئەوەی خودا مەرگێکی شادی پێ ببەخشێت یان بۆ ئەوەی بەشکو خودا بەشێك لەو سامانە زۆرەی بۆ بنێرێتەوە کە لە (کۆرك) دا بە دەست بلاّوی خەرجی کردبوو.

هەموو یەکشەموان ستیڤن و باوکی و مامەپیرە دەچوونە پیاسەکردن. مامەپیرە پیاسەکەرێکی لەش سووك بوو سەرەڕای ئەو هەموو مێخانەی لە پێ ی هاتبوون زۆر جار دە تا دوانزە میلیان دەبڕی. دێ یە گچکەکەی (ستیلۆرگان) سەرسەدەیان بوو. ئینجا لەویۆە یان بۆ لای دەستە چەپ وەردەچەرخان بەرەو شاخەکانی دەبلن یان بەسەر ڕێگای (گۆتستاون) دا دەچوونە (دەندرەم) و لەوی بەرێی (ساندی فۆرد) دەگەڕانەوە مالێ. هەرکە پێ یان شل دەبوو و لە رۆیشتن هیلاك دەبوون یان لە لای یەکێك لە شوێنە گشتی یە خەفەتهێنەکان دەوەستان و باوك و مامی هەمیشە لەو بابەتانە دەدوان کە دلێان دەیخواست، بۆ نموونە دەربارەی رامیاری ئێرلەندا، مونستەر و داستانی بنەمالەکەیان، کە ستیڤنیش زۆر بەتامەزرۆیی گوێ ی بۆ شل دەکردن. ئەو وشانەش کە لێ یان تێنەدەگەیشت، لەبەرخۆی دەگوتەوە تا لەبەری دەکردن و لەرێ ی ئەوەوە تروسکایی یەکی دنیا راستەقینەکەیانی بۆ دەردەکەوت. هەروا هەستی دەکرد کە ئەو سەعاتەی ئەویش وەك ئەوان لە شانۆی ژیانی ئەم جیهانەدا بەشداری دەکات وا لە نزیك بوونەوەیە، جا بەنهێنی خۆی بۆ ئەو بەشە مەزنە ئامادە دەکرد کە چاوەرێ ی ئەوی دەکرد و بەئاستەمیش لە سروشتەکەی دەگەیشت.

ئێواران ملکی خۆی بوو و بەس: جا بۆیە بەوردی خۆی خەریکی خوێندنەوەی وەرگێڕانێکی پەڕپووتی رۆمانی (کۆنت دی مۆنتی کریستۆ)[39] دەکرد، کەسییتێ ئەو تۆلەسێنە بەربادە لە

٣٩. رۆمانێکی رۆمانتیکی یە کە (ئەلیکساندەر دۆما) نوسیویەتی. ستیڤن وا خەیاڵ دەکات کە خۆی لە جێی پالەوانی ئەو رۆمانەیە و شوێن پێ ی ئەو هەلدەگرێت. پالەوانی ئەو رۆمانە لە رۆژی مارەکردنی لە (مەرسیدس)ی جوان، ناپاکی لەگەلّ دەکرێ و پاش چەند سالّ مانەوە لە زیندان، ئەو زانیاریە بە دەست دێنێت کە گەنجینەیەکی



مێشکی ستیڤن ببوە هێمای هەموو ئەو شتە سەیر و سامناکانەی کە بەمندالی بیستبووی یا بە پیرۆزی دادەنان. شەوانیش، لەسەر مێزی دانیشتن وێنەی ئەشکەوتی دوورگە رەنگینەکەی لە کاغەزی شتە فرۆشراوەوەکان و گولی کاغەز و پەڕە کلینیسی رەنگاورەنگ و تیلمە کاغەزی زێڕین و زیوینی چوکلێت دروست دەکرد. هەرکاتێك ئەم دیمەنەی تێك و پێك دەدا و لە جوانی یە رووکەشەکەی بێزار دەبوو، نیگای گەشی مەرسیلیا و کەپر و ساباتە بەربەرۆچکەکە و دیمەنی نازداری مەرسیدس بەسەر پەردەی مێشکی تێ دەپەڕی.

لەو رێگایەی رووە و شاخ دەچوو، لە پەرگەیەکی (بلاك رۆك) دا، خانوێکی گچکەی سپی لە نێو ئەو باخچەیەی زۆر بنەگولی لێ بوو قێت ببۆوە. ئا لەو کاتەدا بەخۆی دەوت، لەم مالەش مەرسیدسێکی دی هەیە. لەکاتی چوونە پیاسە و بەرەومال بوونەوەدا دووری و نزیکیەکەی بەو نیشانەیە دەپێوا: لە دەریای ئەندیشەدا لە ناو زنجیرەیەکی دوورودرێژی گێچەل بازی دا دەژیا کە بارتەقای ئەوانەی ناو کتێبەکە سەمەرە و دلرفێن بوون و کە لە کۆتایی هەریەکێك لەو گێچەلانەی دا وێنەی خۆی پیرتر و خەفەتبارتر دەهاتە پێش چاو. جا کە لەگەل مەرسێدس لە ناو ئەو باخچەیەی بەر تریفەی مانگ وەستا بوون، کە چەند سالێك لەمەوبەر پشتی لە ئەوینی ئەو کرد بوو، بەروخسارێکی پڕ لە خەفەت و شانازی و رەت کردنەوەدا پێ ی دەگوت: هۆ خانمەکەم، من هەرگیز ترێ ی موسکەتیل ناخۆم.[40]

ستیڤن برادەرایەتی کوڕێکی دەکرد کە ناوی (ئۆبری میلز) بوو و پێکەوە دەستەیەکی چەتەکاریان لە کۆلان دامەزراند بوو. ئۆبری فیت فیتەیەکی هەبوو کە بە کونی قۆپچەکەی یەوە شۆر ببۆوە و لایتێکی پایسکلیشی لە قایشەکەی بەستابوو. کەچی ئەوانی دی دارێکی گچکەیان وەك خەنجەر لەبەر پشتینیان نابوو. ستیڤن کە دەربارەی سادەیی جل و بەرگی ناپلیۆنی خوێندبۆوە، وای بۆ خۆی هەلبژارد بە بێ خۆرازاندنەوە بێت و هەر بەوەش لە پایەکەی دا بەرز بۆوە بەوەی لەگەل ئەفسەرەکەی دا راوێژیان پێکەوە دەکرد پێش دەرکردنی هەر

گەورە لە دوورگەیەك شاردراوەتەوە. لە زیندان هەلدێ و بە ناوێکی شاراوە دەگەڕێتەوە و دوژمنەکانی لە ناو دەبات. پاشان خۆی بۆ مەرسیدس ئاشکرا دەکات و مەرسیدس پەشیمانی و خەفەتباری خۆی بەرامبەری دەردەبڕێ. بەلام مەرسیدس بە جێ دێلێ و لەگەل ئەو کەنیزەکە جوان شۆخە دەڕوا کە کڕیویەتی.

٤٠. ئەوە قسەی (کۆنت مۆنتی کریستۆ) یە لە رۆمانەکە بە مەرسیدس دەلێ: (ترێ ی مۆسکەتیل) ێش جۆرە ترێ یەکە کە تام و بۆنێکی زۆر خۆشی هەیە، بۆنی دەلێ ی بۆن مسکە.

فرمانێك. دەستە چەتەكە هێرشیان دەبردە سەر باخچەی پیرێژنان یان دەچوونە سەر قەڵا و لەوێ لە سەر تاوێرە زبرە پنچك دارەكان شەڕیان دەكرد، هەركە بەرەوماڵیش دەبوونەوە بەچەشنی گەڕۆكە هیلاكەكان بۆن ساردی كەنار دەریا لووتیانی پڕ كرد بوو و بۆن چڵكی رۆنی گیا ئاوییە وشك بووەكانیش بەسەر دەست و ناو پرچیان مابۆوە.

ماڵی ستیڤن و ئۆبری شیریان لە یەك پیاو دەكڕی و زۆر جار سواری عەرەبانەی كابرای شیرفرۆش دەبوون و پێكەوە دەچوونە (كاریك ماینز)، ئەو شوێنەی كە چێڵەكان لێ ی دەلەوەڕان. كە پیاوەكان بە مانگا دۆشینەوە خەریك بوون، ستیڤن و ئۆبری بە نۆرە سواری پشتی جوانووەكە دەبوون و سەراپای كێڵگەكەیان پێ لێك دەدا. بەڵام كە پاییز هات مانگا لە كێڵگە دەهێنرانەوە پەچە، جا یەكەم دیمەنی كاولە پیسەكەی (سترادبروك) و چاڵاوە سەوزە بۆگەن و شێلاوی ریخی چێڵەكەكان و كۆلە پڕ هەڵمەكانی كەپەك دڵێ ستیڤنیان پڕ لە دەرد و ئێش دەكرد. ئەو ماڵاتانەی كە لە لادێ دا لەو رۆژانەی خۆر بەدەرەوە بوو ئەوەندە دڵگیر بوون، هەنووكە بێزی لێ دەبوونەوە. تەنانەت بێزی نەدەهات تەماشای شیرەكەشیان بكات.

ئەم ساڵ هاتنی مانگی ڕەزبەر وەك ساڵان بێزاری نەدەكرد، چونكە ئەو ساڵ نەدەچۆوە (كلۆنگوۆز). خۆ مەشقی نیۆ سەیرانگەش نەما بەوەی (مایك فلاین) كەوتە خەستەخانە. ئۆبری بەخوێندنی خۆیەوە خەریك بوو و رۆژێ سەعاتێك یان دووانی ئێوارانی بەدەستەوە بوو، دەستە چەتەگەرەكەشیان هەڵوەشایەوە و چیتر نەهێرشی شەوانە ما و نە شەڕی سەر تاوێرەبەردان. ستیڤن هەندێك جار سەر لە ئێوارە سواری عەرەبانەی شیرفرۆشەكە دەبوو. ئەم پیاسە ساردوسڕانە یادگاری كاولە پیسەكانی لە مێشكدا سڕی یەوە، جا چی دی بێزی لەو دیمەنە نەدەبۆوە هەركە مووی مانگا یان كای لەسەر پاڵتۆی شیرفرۆش دەبینی. عەرەبانەكە لەبەر هەر دەرگایەك بوەستابایە، ئەو چاوەڕی ی دەكرد تا تروسكەیەكی ناندینە پاك و تەمیزەكە یا هۆڵە نیمچە رۆشنەكە ببێنی، یان بڕوانێ چۆن چۆنی كارەكەرەكە جامە شیرەكە هەڵدەگرێ و چۆن دەرگا دادەخاتەوە. بیری لەوە دەكردەوە كە گەشتی شیر دابەشكردنی ئێواران ژیانێكی خۆشە، بەس ئەگەر دەستەوانەی گەرم و جۆرێك ناوكە جەنجەفیلت لەگیرفان دا بێت و لەڕیگادا بیكرمێنێت. بەڵام زانیاری پێشتر كە دڵی پڕ دەرد كردبوو وای لێ كرد لەپڕەوە قاچەكانی بچەمێنەوە كە بەدەوری سەیرانگاكەدا غاری دەدا، هەر هەمان هەست بوو وای لێ كرد بە نابەدڵی تەماشای دەم و چاوە چورچە قەسەڵاویەكەی مەشق كەرەكە بكات كە بەگرانی بە سەر پەنجە قڕێژاویەكانی خۆی شۆڕ كرد بۆوە، ئەم هەستانە هەموو تروسكەیەكی روناكی



دوارۆژیان لە دڵ دەبردەدەر. بە ڕێگایەكی نادیار تێگەیشت كە باوكی تووشی تەنگ و چەڵەمەیەك بووە، هەربۆیەش نەنێرراوەتەوە (كلۆنگوۆز). تا ماوەیەك هەستی بە كەمە گۆڕانێك لە ماڵەوەدا كرد: ئەو گۆڕانانەی لەو شتانەی ئەو بە نەگۆڕی دادەنان چەند شڵەژانێكی گچكەی لە تێڕوانینی منداڵانەی ئەو بەرامبەر بە دنیا هێنانە كایەوە. ئەو ئارەزووەی كە هەندێك جار لە تاریكایی رۆحی یەوە هەستی پێ دەكرد، چ كەلەبەرێكی نەدەدۆزیەوە. تارماییەك لەوەی كە دنیای دەرەوەی داگرتبوو، مێشكی ئەوی تێك دا بوو هەركە گوێ ی لە دەنگی سمی ئەسپێك دەبوو كە بەسەر شاڕێ ی (رۆك) دا دەڕۆیشت و قوتووە گەورەكەی دوای دەهەژایەوە و تەقەتەقی بوو.

مێشكی چووە لای مەرسیدس و هەركە بەسەر وێنەی ئەودا دالغەی لێ دەدا، بێ ئارامی یەكی سەیر لەخوێنی دەگەڕا. هەندێك جار تایەكی گەرم هەموو ناخی دادەگرتەوە و وای لێ ی دەكرد ئێواران بەتاقی تەنیا بە كۆڵانە خامۆشەكە شۆر ببێتەوە. خامۆشی باخچە و رۆشنایی یە نەرمەكەی پەنجەرەكان، كارێكی ناسكی لە دڵە بێ ئارامەكەی دەكرد. دەنگە دەنگی منداڵان لە كاتی گەمە كردندا بێزاری دەكرد و دەنگە ناخۆشەكانیان واییان لێ ی دەكرد هەست بكات، تەنانەت لەو هەستەی لە (كلۆنگوۆز)یش هەیبوو قووڵتر، كە لەوانی تر جیاوازە. حەزی لە یاریكردن نەدەكرد. تامەزرۆی ئەوە بوو لە دنیای راستەقینەدا، چاوی بەو وێنە ئەندێشەییەی كە هەمیشە لە گیانی دا دەژیا، بكەوێت. ئەو نەدەیزانی لە كوێ و چۆن لە دوای ئەو وێنەیە بگەڕێت، بەڵام پێش هەستێك كە لەناخی دڵیەوە پاڵی دەنا، پێ ی دەگوت كە بە بێ ئەوەی بەهیچ ئیشێكی دیار هەڵبسێت، چاوی پێ ی دەكەوێت. بەهێمنی یەكتر دەبینن هەروەك وابێت یەكتر بناسن و ژوانیان هەبێت. ڕەنگە لەبەر دەرگایەك یان هەر شوێنێكی دی نهێنی بێت. ئەوان هەر خۆیان دەبن و شەوەزەنگ و هێمنی لە باوەشیان دەگرێت: هەر لەو ساتە بەرزە ناسكانەدا گۆڕانێكی تەواو بەسەر ئەوا دێت. لە ژێر كاریگەری تیشكی چاوەكانی دا ئەو دەبێتە شتێكی هەست پێ نەكراو و پاشان لە تاوێكدا گۆرانێكی تەواوی بەسەر دادێت. هەر لەو ساتە ئەفسوناویانەدا بێ هێزی و ترس و نەزانی لە جەستەی دا نامێنن.

❊ ❊ ❊

بەیانی یەكیان دوو لۆری گەورەی زەرد لەبەر دەرگا وەستان و هەندێ زەلام بە تەپەتەپ بەزۆرێ كەوتن تا ناوماڵەكە بڕوتێننەوە. ناوماڵەكەیان بە لای باخچەی پێشەوە كە پڕی باوەشە قەسەڵ و سەرەگوریس بوو بردە ناو لۆرییە گەورەكان. كاتێك هەموو شتێك بە سەلامەتی بار

كرا، لۆری یەكان بە دەنگە دەنگ بە كۆڵان دا چوونە خواریّ: هەروەها كە ستیڤن لەگەڵ دایكە چاو سورهەڵگەڕاوەكەی لە ناو شەمەندەفەر دانیشت بوو، ئەو لۆریانەی لە پەنجەرەوە بینی كە بە قورسی بە سەر ڕێگای (مێریۆن) دا دەڕۆیشتن.

ئەورۆ ئێواریّ ئاگری ژووری میوانان خۆش ناكرێتەوە، جا مستەر دیدالۆس ئەستێوەكەی لەتەك سیّ كوچكەی ئاگردانەكە دانا تا بلێسەی ئاگری بگاتیّ، مامە چارڵس لە قوژبنێكی ژووره نیمچە كەلوپەلدارەكە بۆرژا بوو و لە نزیكەوە وێنەی بنەماڵەكە بە دیوار هەڵپەساردرابوون. چرای سەر مێزەكە نزمە ڕۆناكی یەكی دادەڕژاندە سەر زەوی یە تەختەرێژەكە، كە بە پیّ ی كۆڵ هەڵگرەكان قوڕاوی ببوو. ستیڤن لەسەر كورسی یەكی گچكە لە تەنیشت باوكی دانیشتبوو و گویّ ی بۆ قسە دوورودرێژە پچڕپچڕەكەی شل كرد بوو. بەرایی كەمێك یان هیچ لە مەسەلەكە نەگەیشت، بەڵام بەرە بەرە وشیار بۆوە كە باوكی دوژمندارە و نزیكە شەڕ لەنێوانیان بقەومیّ. هەروەها هەستی كرد ئەویش لەو شەڕە بەشدار دەبیّ و هەندێك ئەركیش دەكەوێتە سەر شانی ئەوەوە. ئەو هەڵفڕینە ناكاوەی لە سەرفرازی و زیندە خەونەكانی (بلاك ڕۆك)؛ لەگەڵ ڕەت بوون بە ناو شارە تەم و مژاوی یە تاریكەكە؛ لەپاڵ بیركردنەوەی لەو ژیانەی كە ئێستا لە ماڵە چۆل و هۆڵە سارد و سڕەكەیدا بەسەری دەبات، بەجارێك دڵی یان گران كرد؛ دیسانیش مەزندەیەك و دڵ خەبەردانێك بەرامبەر بە دوارۆژی خۆی هاتە بەرچاو. هەروەها لەوەش تێگەیشت بۆچی نۆكەرەكان لە هۆڵەكە سەردەبەنە بن سەری یەكتری و چرپە چرپ دەكەن و بۆچی زۆر جار باوكی لەسەر رایەخی بەر ئاگرادانەكە دەوەستا و پشتی دەكردە ئاگرەكە و بە دەنگ لەگەڵ مامە چارڵس دەدوا و هانی دەدا دابنیشیّ و فراوین بكات.

مستەر دیدالۆس كە بە توندی ئاگرە كزەكەی تێك وەردەدا گوتی:

- هێشتا هەڕەتم تێدا ماوە ستیڤن، كوڕی گەورەم. كوڕم، هێشتا نەمردووین. نەخێر سوێند بە گەورەمان مەسیح (خوا ببووریّ) هەر لە مردنیش نزیك نین.

دەبلن لەلای ئەو جۆرە هەستیكی ئاڵۆز و نویّ بوو. مامە چارڵس ئەوەندە خرفا بوو كە چیتر نەدەكرا بنێررێت بۆ شت كڕین، هەروەها ئەو شپرزەییەی كە بە هۆی ماڵ گوازتنەوە بۆ ئەم خانووە نوێیە هاتبووە ئاراوە، سەربەستی یەكی پتری لەوەی (بلاك ڕۆك) بە ستیڤن بەخشی. بەرایی بەوە رازی بوو بە ترس و لەرزەوە لە گۆرەپانەكانی ئەو ناوە بسوڕێتەوە، وە یا زۆر زۆر بڕۆیشتایە تا ناوەڕاستی شەقامە لاچەپەكان دەچوو؛ بەڵام هەركە نەخشەیەكی هەیكەلی شارە نویّ یەكەی لە مێشكی خۆیدا كێشا بەئازایی ملی شەقامێكی سەرەكی گرت



تا گەیشتە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گومرگ. هەر لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو لە نێوان لەنگەرگا و شۆستەكانی و سەری لە بیّ شوماری ئەو پارچە تەپەدۆرانە سووڕمابوو كە چڵكێكی زەردی تۆخ دەوری تەنی بوون و بەسەر ئاوەكەوە مەلە مەلیان بوو. خۆ دیمەنی ئەو كۆمەڵە كۆڵ هەڵگرەی بەندەر و گژوهۆڕی عەرەبانەكان و پۆلیسە ریش درێژە شڕوشەپڕێوەكە لەلای سەمەرە بوو. پان و پۆڕی و سەمەرەیی ژیان بەو باروبەندەڵە بازرگانی یانەی كە بە دیوار هەڵپەساردرا بوون یا لە پاپۆڕ داگیرا بوون دەردەكەوت و دیسان هەمان ئەو بیّ ئارامیەیان لە دڵی واگا هێنا كە ئێواران پاڵی یان پێوە دەنا لەم باغ بۆ ئەو باغ بە دوای مەرسیدس دا بگەڕێت. جا لە ناوەراستی ئەو جۆرە ژیانە بیّ سەروبەرەی دا لەگوینە وا بزانیّ كە لە مەرسیلیایەكی ترە بەڵام لە ئاسمانی شین و ئەو ووشی یە تریّ یانەی كە لەبەر تیشك دەچریسكێنەوە بیّ بەش كراوە. هەركە تەماشای شۆستە و رووبار و ئاسمانە نەوی یەكەی دەكرد، لەناخی یەوە هەستێكی شاراوەی بێزاری چەكەرەی دەكرد، وێڕای ئەوەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەڕانەكەی بەملاو ئەولادا بەردەوام بوو وەك بڵیّ ی یەكێك خۆی لیّ دزیبیتەوە.

جارێك یان دووان لەگەڵ دایكی چوونە سەردانی خزمان: هەرچەندە لە ڕێگادا بە تەنیشت هەندێك دوكانی قەشەنگ ڕەت بوون كە بە بۆنەی كریسمەس رازێنرابوونەوە، بەڵام هەمیشە بیّ دەنگیەكی تاڵ باوەشی تیّ ی وەرگرتبوو. گەلێك شت ببوونە هۆی ئەوەی هەست بە بێزاری بكات: ئینجا چ دوور و چ نزیك. ئەو لەخۆی تووڕە بوو چونكە كە گەورە بوو ببووە نێچیری دەست كەلكەڵە پووچە بیّ سەر و شوێنەكانی، هەروا لە گۆڕانی چارەنووسی خۆی تووڕە بوو كە دنیای ئەوی سەر لە نوێ داڕشتبۆوە بە شێوەیەكی وا كە بە چەپەڵ و ناپاكی ببینێت. بەڵام ئەو تووڕەیی یە هیچێكی نەخستە سەر تێڕوانینەكەی. بە دان بەخۆگرتنەوە ئەوەی دەیبینی تۆماری دەكردن و خۆی لیّ دوورە پەرێز دەگرتن و بەدزی تامی ئەو ئازارە مەرگ بەخشەی دەچەشت.

ئەو لە ناندینی پلكی لەسەر كورسی یەكی بیّ پشت دانیشتبوو.[41] لەسەر دیوارە بریقەدارەكەی ئاگردان لەمپە و ئاوێنەیەك هەڵواسرا بوو و پلكی لەبەر ڕۆناكی یەكەی

٤١. ئەو سیّ پەرە گرافەی كە لەم سیّ پەڕەی داهاتوودا كە بە (ئەو...دانیشتبوو) دەست پێدەكەن و بەنیشانەی (*) دیاركراون، بریتین لە دالغە لێدان (Epiphany) نەك راستی. پەرەگرافی (٤١) و هی لاپەڕەكانی دواتر لەگەڵ ئەو دوو پەرەگرافەی وا دەست پێدەكات (ئەو لە ژوورە تەسك و...) بریتی ین لە سەردانیكردن بۆ لای خزمەكانی دایكی ستیڤن.

رۆژنامەی ئێوارەی لە سەر کۆش بوو و دەیخوێندەوە. پلکی ماوەیەکی باش لە وێنە بزەدارەکەی ناو رۆژنامەکە وورد بۆوە و بە خەوالّوییەوە گوتی:
- پەهـ ، لە (مێبل هەنتەری)[٤٢] جوان!
کیژێکی پرچ لوول لەسەر پەنجەی پێ وەستابوو تا وێنەکە ببینێ و بەنەرمی گوتی:
- ئەرێ ئەو کیژە لەناو چی دایە، قوڕ؟
- لە دیمەنێکی شانۆگەری بێ دەنگ دایە، گیانەکەم.
منداڵەکە پرچە لوولەکەی خستە سەر قۆڵی دایکی، کە لە وێنەکە وورد دەبۆوە، وەك بلێی وێنەکە دڵی گرتبێت لە ژێر لێوان گوتی:
- پەهـ ، لە (مێبل هەنتەری) جوان!
دەتگۆت وێنەکە دڵی گرتووە، بۆیە ماوەیەکی زۆر چاوی خستە سەر چاوە پڕگومانە بە گلەیی یەکانی و بە دڵسۆزی گوتی:
- ئەرێ کیژەکە ئادەمیزادێکی ناسك نی یە؟
ئەو کوڕەی لە شەقام هاتە ژوورێ کە لە ژێر بارێ خەڵووزی بەرددا[٤٣] چەمابۆوە و بە توندی و خواروخێچی هەنگاوی دەهاویشت، ئەو وشانەی گوێ لێ بوو. بە پەلە بارەکەی لە زەوی کوتاو بەغار چووە لای تا ببینێ. قەراغی کاغەزەکەی بە دەستە ڕەش و سوور هەڵگەڕاوەکانی گەچلاند، پاڵەسووی کیژەکەی دا و سکالای دەکرد کە هیچ نابینێ.
ئەو لە ژوورە تەسك و تریسکەکەی بەرچایی کردن دانیشتبوو کە لە سەرەوەی خانووە کۆنە پەنجەرە تاریکەکە بوو. تیشکی ئاگرەکە دەگەیشتە سەر دیوارەکە و مێمڵ ئاسا تارمایی یەکەی لەسەر رووبارەکەی ئەودیو پەنجەرەکە خۆی خڕ دەکردەوە. پیرێژنێك لە بەردەم ئاگرەکە خەریکی چا لێنان بوو، کە ئەو سەرقاڵی ئەو کارە بوو، بە دەنگێکی نزم ئەوەی گێڕایەوە کە قەشە و دکتۆر گۆتبوویان. هەروەها ئەوەشی گێڕایەوە کە لەو دواییە هەندێك گۆڕانیان لەو دیووە وەك قسە و کارە ناسازەکانی. ئەو دانیشت و گوێ ی لە قسەکانی دەگرت و ئەندێشەکەی بەدوای ڕووداوە سەیرەکانی سەرچلێ دا عەوداڵ بوو کە لەناو کۆمڕەکەی بەرچاوی کاڵ

٤٢. (مێبل هەنتەری جوان): بابایەکی ئەفسانەیی یە و ئەم سیفەتە بۆ هەر کەسێکی شۆخ و شەنگ بەکاردێت.
٤٣. ئەو کوڕەی توورەگە رەژووەکەی بە پشت دا داوە، ئامۆزای (ستیڤن)ە. ماڵی ستیڤن تەنها پارەی ئەوەیان هەیە (١٤) پاوەند ڕەژوو بکڕن. ئەوەش ئەوە دەردەخات کە ئەوان ئەوەندە هەژاران تەنانەت ناتوانن بە فەردە رەژوو بکرن.



دەبوونەوە؛ بۆ نموونە دیمەنی سەردەرە و گومەز و هەیوانە پێچاو پێچ و ئەشکەوتە نووك تیژەکانی دەهاتنە پێشچاو. لەنکاوڕا لە بەردەرگا هەستی بە بوونی شتێك کرد. لەناو تارمایی بەردەرگا کاسەسەرێکی دیت کە لە هەوادا دەجوولایەوە. گیانلەبەرێکی لاوازی وەك مەیمون لەوێ بوو، بەهۆی دەنگەکانی بەر ئاگرەکە بۆ ناوەوە کشا. نووزەیەك لەبەر دەرگا هات و پرسی:
- ئەرێ ئەوە (جۆزفین)ە؟
پیرێژنە سەرقاڵەکە بەڕووخۆشی لە بەردەم گۆڕکەکەوە وەڵامی دایەوە:
- نەخێر، (ئێلین) ئەوە (ستیڤن)ە؟
- ئۆ.... ئۆ. ئێوارەت باش، ستیڤن.
وەڵامی سەڵاوەکەی دایەوە و بزەیەکی کاڵ لەسەر رووخساری ئەوەی بەردەرگا دەبینرا.
پێیژنی بەر ئاگردان پرسی: هیچت پێ ناوێ، ئێلین؟
ئەو وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە و گووتی:
- وام زانی جۆزفینە. وام زانی جۆزفینی، ستیڤن.
کە ئەمەی چەند جارێك دووبارە کردەوە بە لاوازی دەستی کردە پێکەنین.
ئەو جارێکی دی لە (هارۆلدرز کرۆس) دا لە ناوەڕاستی ئاهەنگی منداڵان دانیشتبوو(*). ڕەفتارە کڕە وشیارانەکەی بەسەریدا زاڵ ببوو و کەم لە گەمە و یاری بەشداری دەکرد. منداڵەکان پارچەی تۆپ تەرەقەکانیان بەسەر جل و بەرگەوە مابوو و بەزم و هەرایان بوو، هەرچەند هەوڵی دەدا لە گەمەکانیان بەشداری بکات، کەچی هەستی دەکرد کە لە ناوەندی ئەو هەموو کڵاو و شەپقە دڵخۆشانەدا کەسێکی خاوەن مەینەتییە.
بەڵام هەرکە لە گۆرانی گۆتن بۆوە خۆی خشاندە گۆشەیەکی نادیاری ژوورەکە تا چێژ لە کامی تەنیایی یەکەی وەربگرێت. بەزم و هەراکەی سەرەتای ئێوارە کە پووچ و ساختە دەهاتە بەرچاوی، بووە هەوایەکی سارێژکەر و بە نەرمی هەستەکانی دەجولاندەوە، کە هەڵچوونە گەرمەکەی خوێنی خۆی لە خەڵکی دی دەشاردەوە کاتێك لەناو بازنەی سەماکەر و مۆسیقا و قاقای پێکەنیندا چاوەکانی ئەوی بۆ لای گۆشەکەی خۆی راکێشا و دڵی پەسن دەکرد و گازاندەی لێ دەکرد و بە دوای دا دەگەڕا و دەشی خرۆشاند.
ئەو منداڵانەی تا درەنگ لە هۆڵەکە مانەوە جلەکانیان دەکردەبەر: چونکە ئاهەنگ کۆتایی هاتبوو. کچەکە شاڵێکی کردەبەر و کاتێك پێکەوە دەچوونە لای ترامەکە، تنۆکی هەناسە گەرمە تازەکانی بە شادی دەرژایە سەر قژە پەخش و خاوەکەی و بەکەیفخۆشی پێڵاوەکانی لە جادە شوشەییەکە دەکوتا.

ئەوە دوا گالیسکە بوو. ئەسپە لاوازە قاوەیی یەکان بەوەیان دەزانــی جـا بۆیــە لــەو شــەوە سامالّەدا زەنگولّەکانیان دەزرنگاندەوە تا خەلّکی لەمە ئاگادار بکەنەوە. پلیـت بڕەکـە لەگـەڵ لێخوڕەکە دەدوا، زۆر جار پێکەوە لە ناو ڕۆشنایی سەوزی چراکەدا سەری خۆیان دەلەقانـدەوە. هەندێ پلیتی ڕەنگاورەنگ لەسەر کوشینە چۆلەکانی گالیسکەکە پەخش ببوونەوە، دەنگی هیچ پێ یەك لەسەر ڕێگـا نەدەبیـسترا. هـیچ چەشـنە دەنگێـك پـەردەی خامۆشـی ئـەو شـەوەیان نەدەدڕاند بێجگە لەوەی کە جار جارە ئەسپە لاوازە قاوەیی یـەکان لـووتی خۆیـان دەخورانـد و زنگولّەکانیشیان دەهەژاندەوە.

وا دیار بوو هەردووکیان گوێ یان شل کرد بوو، ئەو لە قاتی سەرەوە و کیژەکـەش لـە خوارێ. زۆر جار کیژکـە دەهاتــە لای و دەگەڕایــەوە شـوێنی خـۆی. لـەکاتی قـسەکردندا جارێك یا دوان بۆ چەند ساتێك لەتەنیشتی یەوە دەوەسـتا و لــە بـیری دەچـۆوە بـچێتەوە شوێنی خۆی و پاشان دەگەڕایەوە خوارەوە. دڵـی وەك پارچـە تەپـەدۆرێکی سـەر شـەپۆل لەگەڵ جوولانەوەی کیژەکە هەڵدەپەڕی. گۆی ی لێ بوو چاوەکانی لە ژێر برژانگ چی پـێ دەڵێن، هەروەها چاك دەیزانی کە ، چ بەڕاستی بێ یا زیندەخەون، چیرۆکی چـاوەکانی لـە ڕابردوویەکی تەڵخ دالـەوەوپێش بیـستووە. جـوانی یـە تـەفرەدەر و کەڵکەڵـە و کۆلۆانـە نایابەکەی و گۆرەویە ڕەشە درێژەکانی بینی و هەزار جـاریش دەبێـت خـۆی ژێردەسـتەیان کردووە. کەچی دەنگێك لە ناخی دڵیەوە لەسەرووی دڵە سەمادارەکەیەوە، پێ ی دەگـووت ئاخۆ ئەو دیاری یە وەردەگرێت کە پیۆیستی بە تەنها دەست درێـژ کردنێکـە. ئـەو ڕۆژەی هاتەوە بیر کـە خـۆی و ئـایلین تەماشـای عـاردی ئوتێلەکـەیان دەکـرد، خزمـەتکارەکان بەیداخێکی نەخشداریان لەسەر دارئالاکە بەرز دەکردەوە و تاژیەکیش لەسەر ئەو چیمەنەی کە هەتاو لێ ی دەدا بە نەرمەغار دەهات و دەچوو و چۆن ئـایلین لـەنکاوڕا دایـە قاقـای پێکەنین و بەرەوە خوار دەستی کردە غـاردان بـەرەو نـشێوە پێچاوپێـچەکەی ڕێـچکەکە. ئێستاش، وەك ئەوسا، بەبێ دەنگی لەشوێنی خـۆی وەسـتا وەکـو تەماشـاکەرێکی کـڕی دیمەنەکەی پێش خۆی. جا بیری دەکردەوە:

– بە خۆیشی حەزی دەکرد لە ئامێزی بگرم. هەربۆیەش لەگەڵم سواری گالیسکە بوو. کە دێتە لام دەتوانم بە ئاسانی لە باوەشی بکەم: کەس دیار نی یە و دەتوانم بیگـرم و تێـر تێـر ماچی بکەم.



بەڵام هیچیانی نەکرد: هەرکە بە تەنیا لەناو گالیسکە چۆلەکە مایەوە[٤٤]، پلیتەکەی جیڕ بـە جیڕ کرد و بەدڵتەنگی لە جێ پێ قۆرکراوەکەی گالیسکەکە مووڕ بۆوە.

ڕۆژی ئایینده بۆ ماوەی چەند سـەعاتێك لەسـەر مێـزی ژوورە چـۆل و هۆلەکـەی سـەرەوە دانیشت. پێنوس و مەرەکەبدان و پەڕاوێکی نۆی ی ڕاهێنانی لەپێش بوو. وەك خدوو پێوەگرتن لەسـەری سـەرەوەی لاپـەڕەی یەکـەم، پیتـە یەکەمـەکانی دروشمـی جـەزوێتی نووسـی بـوو: (ب.م.خ.گ)[٤٥]. لە یەکەم دێری لاپەڕەکەدا سەردێری ئەو هۆزانەی تۆمار کرد بوو کە دەیویست بینوسێ: بۆ(ئیێ.ك)[٤٦]. ئەو دەیزانی ڕاستە ئاوا دەست پێ بکات چونکە ناونیشانی وایـشی لـە کۆمەڵە هۆنراوەکانی (لۆرد بایرۆن) دا دی بوو. هەرکە ئەو سـەردێرەی نووسـی و هێڵێکـی بـۆ مەبەستی ڕازاندنەوە بە ژێریا کێشا، کەوتە نیۆ گێژاوی زیندەخەون و دەستی کردە هێڵ کێشان لەسەر بەرگی پەڕاوەکەی. خۆی وا هاتە بەرچاو کە لە (بریێ) لەسەر خوان دانیـشتووە، بـەیانی پاش گفتوگۆکەی کریـسمەس و دەیەویـست لەسـەر پـشتی یـەکێك لـە ڕۆژمێرەکـانی بـاوکی هۆنراوەیەك لەسەر (پارنێڵ) بنووسێت. بەڵام ئەو کاتە مێشکی توانای هەڵگرتنی ئەم بابەتـەی نەبوو، لە نوسین وەستا، لاپەڕەکەی بە ناوونیشانی هەندێك لە هاوپۆلەکانی پڕ کردەوە:

**ڕۆدریك کیکهام**

**جۆن لۆتۆن**

**ئەنتنی ماك سوینی**

**سایمۆن مۆنان**

ئێستاش وای زانی دیسان لە نوسین سەرناکەوێت، بـەڵام بـەهۆی رووچـوون بـە نـاخی ئـەم ڕووداوەدا، کەمێك وورەی هاتەوەبەر. لەو کاتەدا هەموو ئەو بابەتانەی بە ئاسایی و بێ سوودی دادەنان لە مێشکی خۆی وەدەرنا. ئینجا نە شوێنەواری گالیسکە و نە خاوەن گالیـسکە و نـە ئەسپەکە و تەنانەت نە خۆی و نە کیژەکەش بە ئاشکرا دەرکەوت. جا هۆزانەکە تەنیا دەربارەی

٤٤. ئەو رستەیە کۆتایی دالّغەکانێتیێ.

٤٥. (ب.م.خ.گ) مانای: بۆ مەزنایەتی خوای گەورە.

٤٦. (ئـیێ.ك) لـە کتێبەکـەی پێـشتری جـۆیس (سـتیڤنی پاڵـەوان) کەیەکـەم رەشنووسـی رۆمـانی (وێنـەی هونەرمەندە) ناوی کیژەکە (ئێما کلێری) یە. جا ڕیزکردنی ئەو سەر پیتانە لە تەنیشت (ب.م.خ.گ) جـۆرە لـە تەك دانانێکی تەوساوی یە.

شەو و شنەبای ناسـك و تریفـە شـۆخەكەی مـانگ بـوو. هەنـدێك خـەمی نادیـار لـەنێو دڵیٚ پاڵەوانەكانی هۆزانەكە شاردرابۆوە. ئینجا كاتێك بەهێمنی لەژێر درەختە بیٚ پەلكەكان وەسـتا بوون، كە ساتی ماڵئاوایی هات هەریەكە و لێوەكانی خـۆی هێنـا پێـشەوە. پاشـان پیتـەكانی (ه.س.خ)[47] لە ژێرەوەی لاپەڕەكە نووسرا. دوای شاردنەوەی پەڕاوەكـە، چـووە ژووری خـەوتنی دایكی و ماوەیەكی باش لە ئاوێنەدا لە دەم و چاوی خۆی ورد بۆوە.

بەڵام ساتە رەنگینەكەی سەرفرازی و سەربەستی بەرەو كۆتایی دەچوو. هەركە باوكی بەخۆو كۆمەڵە هەواڵێك گەڕاوە ماڵیٚ و بە درێژایی كاتی شام كردن زمانی لە گـۆ نەكـەوت. سـتیڤن چاوەڕیٚ ی گەڕانەوەی باوكی دەكرد چونكە ئەورۆ گۆشتی كوڵاویان هەبوو و دەیزانی باوكی رێی دەدات نانە بەچەڵاوەكەی بخوات. بەڵام تامی لەمەوە وەرنەگرت چونكە هەر لەگـەڵ ناوهێنـانی (كلۆنگۆز) چەڵاوی لیٚ بوو بە چڵپاو.

مستەر دیدالۆس بۆ چوارەمین جار گوتی: لەلای سووچیكی گۆڕەپانەكە یەكسەر چوومە لای.

مسز دیدالۆس گوتی: كەواتە وا بزانم دەتوانێت كاروباری خوێندنگای (بێلفیدێر) رێك بخات.

مستەر دیدالۆس گوتی: هەڵبەتە دەتوانی. پێم نەگوتی ئەو ئێستاكە ئـەو ئەنـدامێكی بـەرزی جێزوێتییە؟

مسز دیدالۆس گـوتی: مـن هـەرگیز لەگـەڵ ئـەو رایـە دانـیم بنێردرێتـە خوێنـدنگای برا مەسیحییەكان.[48]

مستەر دیدالۆس گوتی: نەفرەتی خوایان لیٚ بێت! بچێتە لای (پادی ستینگ) یـا (مێكـی مەد)؟ نەخێر بۆ خاتری خوا لیٚ گەریٚ با لەگەڵ جێزوێتی یەكان بمێنێتەوە مـادام لەگـەڵ ئـەوان دەستی پیٚ كردووە. لە ساڵەكانی ئایینـدەدا سـوودێكی باشـی پـیٚ دەگەیـەنن و دەتـوانن لـە شوێنێكی باشیٚ دابمەزرێنن.

- ئەوان ژیانێكی زۆر چاك دەبەنە سەر، وانی یە، سایمۆن؟
- یەكجار چاك. زۆر باش دەژین. خۆ خوانی كلۆنگووزت دیت: وەك كەڵەبابی شەڕ تێریان دەكەن.

مستەر دایدالۆس قاپەكەی خۆی پاڵدایە پێش (ستیڤن) و داوای لێكرد ئـەوەی تێـدا مـاوە تەواوی بكات.

٤٧. بە مانای هەمیشە ستایش بۆ خوا. (ه.س.خ).

٤٨ بەرایی ئەوانە دەستەیەك بوون بۆ فێركردنی منداڵی كرێكاران، بەڵام دوایی وانەیان بە هەموو كەسێك دەگوتەوە.



ئینجا گوتی: ئیستا، دەبـیٚ سـتیڤن، كـوڕە گەورەكـەم، شـانت بدەیتـە بـەر بـەرداش. پشوویێكی چاكت دا.

مسز دیدالۆس گوتی: من لەوە دڵنیام كە زۆر باش هەوڵ دەدات نەخوازەڵا كە (مـۆریس)ی برای لەگەڵە.

مستەر دیدالۆس گوتی: ئاە، سوێند بە حەزرەتی (پـۆل) مـن (مـۆریس)م لەبیرچـوو. وەرە ئێرە، مۆریس! ئەی دمۆری بیٚ مێشك! دەزانی دەمـەویٚ بتنێرمـە خوێنـدنگا و لـەویٚ تیپـێن كردنی وشەی: پ.ش.ە، پشەت فێر دەكەن. هەروا دەسەسرێكی جوانی عانە باویشت بۆ دەكـرم تا كەپووتی پیٚ بسرێت. ئایا ئەوە شتێكی خۆش نی یە؟

مۆریس بە باوكی و پاشان بە براكەی گرژیەوە. مـستەر دیـدالۆس چـاویلكەكەی كـردە چاوی و لە هەردووكیان وورد بۆوە. ستیڤن، بەبیٚ ئەوەی وەڵامی تەماشای باوكی بداتـەوە، نانەكەی دەجووی.

مستەر دیدالۆس لە كۆتایی دا گوتی: بەڕاست، بەرێوەبەر یان باشتر وایـە بڵـێم ئەنـدامی هەرێمایەتی جێزوێت سەرتاپای مەسەلەی تۆ و باوكە دۆلانـی بـۆ گێڕامـەوە. ئـەو گـوتی: تـۆ دزێكی بیٚ شەرمی!

- نەخێر سایمۆن، ئەو وای نەگوتووە!

مستەر دیدالۆس گوتی: خۆی نا. بەڵام ئەو ئەم بابەتەی لەسەریەوە تا بنی بـۆ گێڕامـەوە. ئێمە قسەمان دەكرد، قسە قسە ڕادەكێشیٚ. بەڕاست گۆتی دەزانی كیٚ دەكەن بـە فەرمانبـەری دەزگاكە؟ دوایی پێت دەڵێم. باشە كاتێك وەك هاوڕیٚ دەدواین ئەو لیٚ ی پرسیم ئایا ئەو هاوڕیٚ یەی ئێرە هێشتا چاویلكە لەچاو دەكات و پاشان سەرتاپای چیرۆكەكەی بۆ گێڕامەوە.

ـ ئەریٚ پەست ببوو، سایمۆن؟

ـ پەست بێت! نەخێر! تەنها بە پیاوی گچكەی ناو بردبوو!

مستەر دیدالۆس لاسایی گنەبییەكەی بەڕێوەبەری كردەوە:

ـ كاتیك شاممان دەخوارد ئەو چیرۆكەم بۆ مامۆستاكان گێڕاوە، من و باوكـە دۆلان یـەكجار زۆر بەمە پێكەنین. من پێم گۆت: ***باوكە دۆلان باشتر وایە ئاگات لە خـۆت بێـت دەنـا دیدالۆسـی گچكە تووشی سزای دووجار نۆ دار لێدانت دەكات.*** تێر تێر بەمە پێكەنین. ها! ها! ها!

مستەر دیدالۆس ڕووی وەرگێـڕا لای خێزانەكـەی و بـە دەنگـە سروشـتی یەكـەی دەسـتی كردە قسەكردن:

- ئا ئەوان بەم جۆرە گیانە لەگەڵ منداڵ دەجوولێنەوە. ئۆە ئەو جێزوێتی یانە چ جۆرە ژیانێك بەسەر دەبەن. ژیانێكی دیبلۆماسی یانە.

دیسان بە دەنگی بەڕێوەبەری خوێندنگا دووبارەی كردەوە: من لە كاتی شام كردن ئەو چیرۆكەم بۆ گێڕانەوە و من و باوكە دۆڵان پڕ بەدڵ بەمە پێكەنین.

ها! ها! ها!

* * *

ئەو شەوە هات كە تیایا شانۆیی یەك لە (جەژنی دروێنەدا) پێشكەش بكەن[٤٩] و ستیڤن لە پەنجەرەی ژووری جل گۆڕین دا تەماشای ئەو پاوەنە سەوزەی دەكرد كە ڕێزەیەك لۆكسی چینی لەناو پەخش كرا بۆوە. تەماشای ئەو میوانانەی دەكرد كە لە پەیژەی ماڵەكانەوە بەرەو شانۆ دەهاتن. نۆكەرەكان جلی ئاهەنگی شەوانیان كردبووە بەر و قوتابیە هەراشەكانی بێلڤیدێریش دەستە دەستە لەبەر دەرگای شانۆكە وەستا بوون و زۆر بەڕێز پێشوازی میوانەكانیان دەكرد. لەبەر رۆشنایی كتو پری یەكێك لە چراكان دەم و چاوە بزەدارەكەی قەشەیەكی ناسی یەوە. قوربانی پیرۆز لەكن كەپرەكە لابرابوو، هەندێك مێزیش بۆ پشتەوە پاڵنرا بوون بە چەشنێك كە بەردەمی سەكۆی قوربانگە بە چۆلی مابۆوە. كۆمەڵێك زەنگ و تۆبزی هیندی بە دیوارەكە هەڵپەساردرابوون: دەمبەڵۆزەكانیش لە سووچێك كۆمەڵ كرابوون. لەناوەڕاستیشدا گردێكی بێ شوومار لەپێڵاوی جیمناستیكی و فانیلە و سوخمەی وەرزش هەبوو كە لە چەند پریاسكەیەكی شڕوشەپڕێوی رەنگ قاوەیی دابوون. هەر لەوێشەوە ئەسپە چێوینە خرپنە بە قایش داپۆشراوەكەی وەرزش چاوەڕێ ی ئەوەی دەكرد كە بیرێتە سەر شانۆ و لە لای تیپی سەركەوتوو بوەستێت لە كۆتایی خۆ پیشاندانی جیمناستیكی دا.

لەگەڵ ئەوەی ستیڤن بە سكرتێری چالاكی وەرزشی هەڵبژاردرابوو بەهۆی ئەو زرنگیەی لە مەیدانی ووتارنوسیندا دەینواند، كەچی لە بەشی یەكەمی بەرنامەكەدا هیچ دەورێكی نەبوو،

٤٩. جیمس جۆیس (ستیڤن) دەوری بەڕێوەبەری لە شانۆی (بەراوپێچ)ی ئەنتسی دیوە، كە شانۆیی یەكی گاڵتە ئامێزە و لە بارەی باب و كوڕێكە و بەكاری جادوو جێ گوڕكێ یان پێ كراوە؛ باوكەكە دەچێتە خوێندنگا و كوڕەش دەچێتە فەرمانگەی باوكی. دەڵێن گۆیە جۆیس لەم شانۆیی یەدا كەسێتی بەڕێوەبەری بیلڤیدێر (خوێندنگای ئێستای) بەچەشنێكی كاریكاتۆری نواندووە و بەڕێوەبەرەكەش گوتویەتی ئەو نواندنەی جۆیسم بەدڵ بوو.



بەڵام لەو شانۆگەریەی كە بەشی دووەمی پێك دەهێنا دەورێكی سەرەكی هەبوو: ئەویش دەوری مامۆستای گاڵتەجاڕ بوو. ئەو لەبەر سەر و سەكوت و رەوشتە سەنگینەكەی ئەو دەوری پێ درا بوو، هەروا چونكە ئەو ئێستا لە دوا دواییساڵی دووەم دا بوو و هەروا دووەمی خوێندنگای (بێلڤیدێر)یش بوو.

كۆمەڵە منداڵێك بە دەرپێ قووتە و فانیلەی سپی بە هەراوزەنا هاتنە سەر شانۆ، لەوێشەوە بە ڕێچكەكەوە بەرەو كڵێسا چوون. سەر ڕێچكە و كڵێسا پڕاوپڕی قوتابی و مامۆستای تامەزرۆ بوون. مامۆستا كەچەڵە گۆشتنەكەی وەرزش تەختەی پازدانی ئەسپە چێوینەكەی بەپێ تاقی دەكردەوە، ئەو گەنجە لاوازەی كە پاڵتۆیەكی شۆڕی لەبەر بوو و دەورێكی زەحمەتیشی هەبوو لە تۆبز وەشاندندا، هات بەلەزەتەوە تەماشای هەموو شتێكی دەكرد و سەرە زیوین پۆشەكەی تۆبزەكەی لە گیرفانی تەنكێشی سەرەدیقانێ یان بوو. كاتێك تیپێكی دی خۆی بۆ چوونە سەرشانۆ ئامادە دەكرد دەنگی پێك كەوتنی كەل و پەلە دارینەكانی مەشقكردن دەبیسترا، یا تاوێكی تر چاودێرە پەشۆكاوەكە منداڵەكانی سەر ڕێچكەكەی وەك رەوە قازێك پێش خۆی دابوو و بە تووڕەیی قۆڵی چاكێتەكەی دەلەراندەوە و هاواری لە دواكەوتوەكان دەكرد پەلە بكەن. كۆمەڵێك لەوانەی كە دەوری جوتیارەكانی ناپلیۆنیان دەبینی لە پەڕگەی كڵێساوە مەشقی هەنگاونانیان دەكرد، هێندێكی دیكەیان دەستیان بەسەر سەریان دەسوڕاندەوە، كەچی هیندێكی تریش زەمبیلی پەڕی گوڵە وەنەوشەكانیان دەهەژاندەوە و بەرێز دەچەمانەوە. لەكونجێكی تاریكی كڵێسادا، لەتەك ئەو شوێنەی (ئینجیل) ی پیرۆز دادەنرێتە سەر قوربانگە، پیرێژنێك تەنوورەیەكی شەپ و شۆڕی لەبەر دابوو و كرنووشی دەبرد. كاتێك ئافرەتەكە قیت بۆوە بەژنێكی جل و بەرگ قەنەفلێ، كەزی زێڕینی لوول و كڵاوێكی كۆنی قەسەڵ و چاو و برۆ رەشكراو، كولم بە ئارایش و پۆدرە، بەدەركەوت. هەركە ئەو شۆخە دەركەوت، چرپە چرپێكی نزمی حەز بە ناسینكردن سەرتاپای كڵێسای گرتەوە. یەكێك لە چاودێرەكان بزەی دەهاتێ و سەری خۆی دەلەقاندەوە. لە كونجە تاریكەكە نزیك بۆوە و سەری خۆی بۆ پیرێژنەكە دانەواند و بە كەیفخۆشی یەوە گوتی:

- ئەوە چی یە مسز تالۆن، ئایا ئەوەی لەگەڵتە كیژە شۆخێكە یا بوكۆكەیە؟

پاشان كە خۆی چەماندەوە و لە ژێر كڵاوەكەوە دەم و چاوە بزەدار ئارایشت كراوەكەی لێ بەدەركەوت بە سەرسوڕماویەوە گوتی:

- نەخێر، سوێند بە خوا ئەمە (بێرتی تالۆن) ی گچكەیە!

ستیڤن لە شوێنی خۆیەوە لە نزیك پەنجەرەکەوە گوێ ی لێ بوو پیرێژن و چاودێر پێکەوە دەخەنینەوە. هەروەها گوێ ی لە چرپەی سەرسوڕمان بوو کە منداڵەکان دەیانکرد و خۆیان ڕەپێش دەکرد تا ئەو منداڵە ببینن کە بە تەنیا سەمای کلاّوانێ ی پێشکەش دەکات. تەزوویەکی بێ ئارامی دایگرت و سەرچمکێکی پەردەکەی بەرداوە و لەسەر ئەو مێزە هاتە خوارێ کە لەسەری وەستا بوو و لە کلێسا چووە دەرێ.

لە ساختمانی خوێندنگا دەرچوو و لە ژێر ئەو سێبەرە وەستا کە باخچەکەی دادەپۆشی. لە هۆلێ شانۆی بەرامبەری دەنگی هات و هاواری تەماشاکەران و هەندێ دەنگی لەهیکڕای براسی لە تیپی مۆسیقای سەربازی یەوە بەرز بۆوە. ڕۆشنایی لە بنمیچە شوشەیی یەکەی شانۆ بەرز بۆوە: تا وای لە شانۆکە کرد وەك کەشتی یەکی ڕازاوە دەربکەوێت کە بیەوێت لە بەردەرگا لەنگەر باوێت و بە یارمەتی تەڵە باریکەکانی یەوە بەرەو لەنگەرگاکەی جڵەوی رادەکێشێ. لەپڕ دەرگایەکی لاتەنیشتی شانۆ کرایەوە و چەند تیرێژیك بەسەر گژوگیاکەدا پەخش بۆوە. تێفە مۆسیقایەکی کت و پڕ لە کەشتی یەکەوە هەڵسا، کە پێشەکی مۆسیقای ڤاڵس بوو. هەر کە دەرگای لاتەنیشت داخرایەوە هێشتا دەتوانرا ڕەوتە نزمەکانی ئەم مۆسیقایە ببیسترێت. ئەو پارچە مۆسیقا پێشەکی یانە و بزووتنەوە نەرمانەی سۆزی وروژاندن و جۆرە هەڵچوونێکی وای لە گیان دا دروست کرد کە نادرکێنرێ — ئەو هەڵچوونەی کە بە درێژایی ڕۆژ ببووە هۆی بێ ئارامی و جێ هێشتنی شانۆ تاوێك لەمەوبەر. بێ ئارامی یەکەی وەکو شەپۆلی دەنگ لە گیانی یەوە دەهاتەدەر، لەسەر شەپۆلی مۆسیقا هەڵقوڵاوەکەدا کەشتی یەك لە گەشت کردندا بوو و ڕۆشنایی یش لە دوای دەخشا. پاشان هەرایەك وەك دەنگی تۆپی جنۆکان ڕەوتی ئەو بزووتنەوەیەی پساند. ئەوەش لە ئەنجامی ئەو چەپڵە کووتانە بوو کە پێشوازی لە هاتنە سەرشانۆی پاڵەوانانی دەمبەڵۆز دەکرد.

لەوسەری تاریکایی یەکەوە نوختەیەك ڕۆشنایی پەمبەیی لەسەر ڕێگاکە بەدەرکەوت. کاتێك ئەو بەپیری یەوە چوو هەستی بە بۆنێکی تیژی کز کرد. دوو منداڵ لە پەرسارگەی بەر دەرگاکەوە وەستا بوون و دووکەڵیان بەبا دەکرد. پێش ئەوەی بگاتە لایان (هیرۆن) ی بە دەنگ ناسی یەوە. بە دەنگیکی گڕی بەرز هاواری کرد:

- ئا ئەوە دیدالۆسی پایەبەرزە. بەخێر بێیت، هاوڕێ ی دڵسۆزمان!

ئەم جۆرە بەخێرهاتنە بەنەرمە پێکەنینێکی کاڵ کۆتایی پێ هات. پاش ئەوەی هیرۆن چەپەکی لەگەڵ کرد، بە حەیزەرانەکەی دەستی کردە خۆڵ تێك وەردان.



ستیڤن گوتی: بەڵێ خۆمم، وەستا و چاوی لە هێرۆن بۆ لای هاوڕێکەی گواستەوە. ئەوەکەی تری نەدەناسی بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئاگری جگەرەکەدا، توانی لە تاریکی دا دەم و چاوێکی لاواز و لووسکە ببینێ کە نەرمە بزەیەکی لەسەر بوو و پاڵتۆیەکی شەپ و شۆڕ و شەپقەیەکی لەسەر نابوو. هێرون خۆی بەوە تێك نەدا تا هاوڕێکەی پێ بناسێنێ. بەڵام لە جیاتی ئەوە گوتی:

- هەر ئێستا بە (والیس) ی هاوڕێمم دەگوت ئای کە بەختەوەر دەبووین ئەگەر هاتبا ئەمشەو لاسایی بەڕیوەبەرت بکردایەوە لە جیاتی مامۆستا. ئای چ نووکتەیەکی سەیر دەبوو!

هیرۆن هەوڵێکی سەرنەکەوتووانەی دا بۆ لاسایی کردنەوەی دەنگە گڕەکەی بەڕێوەبەر لە بەردەم واڵیسی هاوڕێ ی و بەم هەوڵە سەرنەکەوتووەی خۆی پێ دەکەنی و ستیڤنی هان دەدا وا بکات:

- دەی ستیڤن تۆ دەتوانیت بە وردی لاسایی ئەو بکەیتەوە کە دەڵێت: ئەوەی گوێ رایەڵیا فەرمانی کلیسەیا نەکا دەبێ بە کافرێکی بێ بڕوایا دابنرێت.

لاسایی کردنەوەکە بە هۆی گوزارەیەکی تووڕەیی لە لایەن والیسەوە بەربەست کرا کە جگەرەکەی لەسەر لیۆان چەقی بوو وەك هێمای ئەو تووڕەیی یەی. ئێنجا گوتی:

- نفرینی خوا لەم قەلنەیە.

لە دەمیەوە دەری هێنا و لە سەرەتادا بە بزەیەکەوە، پاشان بەڕووگرژی و دان بەخۆ گرتنەوە گوتی:

- هەمیشە ئاوا بە لیۆمەوە دەنوسێت، تۆ قەلنە بەکار دێنی؟

ستیڤن گوتی: من جگەرە ناکێشم.

هێرۆن گوتی: نەخێر دیدالۆس گەنجێکی نموونەیی یە. جگەرە ناکێشێ و ناچێتە بەزمگا و خۆشیرین ناکات و نەفرەت لە هیچ شتێك ناکات یا هەر نفرین ناکات.

ستیڤن سەری خۆی لەقاندەوە و بە دەم و چاوە سوور هەڵگەڕاوە لەرزۆکەکەی نەیارەکەی خەنیەوە کە لە دەنووکی باڵندەی دەکرد. زۆر جار بیری لەوە دەکردەوە کە (ڤێنسینت هێرۆن)[50] دەم و چاو و ناوێکی باڵندە ئاسای هەیە. چەنگە پرچێکی لاواز لە لای پێشەوەی سەریەوە بوو کە هەر لە پۆپیتەی کەڵەباب دەچوو. نیوچەوانی بچووك و ئێسك دەرپەڕیوو بوو و کەپوویەکی قەڵانگی باریك لە نێوان چاوە زەقە لێك نزیکە بریسکەدار و پڕواتاکانی ڕاستببۆوە. ئەو دوو

---

٥٠. هێرۆن: مانای باڵندەی شینەشاهۆیە. سەیر لەوەدایە کە ئەو کوڕە ناوی هێرۆنە و دەم و چاوێکی باڵندە ئاسای هەیە.

نەیارە هاوپۆل بوون. بەیەکەوە لە پۆل دادەنیشتن و لە کلێسا کڕنووشیان دەبرد و پاشی نوێژکردن لەسەر خوان پێکەوە دەدوان. لەبەر ئەوەی قوتابیانی پۆلی یەکەم هەموویان تەمبەڵ و بێ مێشك بوون، جا بۆیە ستیڤن و هێرۆن بە درێژایی ئەو ساڵە پێشڕەوی ڕاستەقینەی پۆلەکە بوون. هەر ئەوان بوون کە قسەیان لە لای بەڕێوەبەر دەڕۆیشت و داوای ڕۆژە پشوویەك یا لێ بووردنی قوتابیانیان لە ئەرك دەکرد.

هێرۆن لە پڕەوە گوتی: ئاه. بەڕاست باوکتم بینی هاتە نێو هۆڵی شانۆ.

زەردەخەنەی سەر لیوی ستیڤن وشك بوو. هەر پلارێك چ لە لایەن مامۆستایانەوە یان قوتابیان بۆ باوکی بکرابووایە هێمنی یەکەی لە یەك تاودا دەکردە شلەژان و پەشۆکان. بەکپی یەکی بەسامەوە چاوەڕێ بوو دەبێ پاشتر هێرۆن چی بڵێت. هەرچەندە هێرۆن ئانشکێکی ماناداری تێوەژەنی و گوتی:

- تۆ سەگێکی ئۆینبازی.

ستیڤن گوتی: لەبەرچی؟

هێرۆن گوتی: وا دەزانی دەتوانی مەسەلەکە لە ئێمە بشارێتەوە. بەڵام من دەڵێم تۆ سەگێکی ئۆینبازی.

ستیڤن گوتی: دەتوانم لێت بپرسم تۆ باسی چی دەکەیت؟

هێرۆن وەڵامی دایەوە: بێ گومان دەتوانیت. ئیمە کیژەکەمان بینی (والیس)، وانی یە؟ زۆریش دلڕفێنە. خۆ زۆریش بەپرسیارە! لە باوکتی پرسی: ***مستەر دیدالۆس، ستیڤن چ دەورێك دەبینێ؟ ئەرێ ستیڤن گۆرانی دەڵێت، مستەر دیدالۆس؟*** ئینجا باوکت بە سەرسوڕمانەوە لەپشت چاویلکەکەوە لێ ی وورد بۆوە. تەنانەت وام بیر کردەوە کە ئەو بە مەسەلەکەتی زانیووە. بەخوای ئەگەر لە جێگای تۆ بام بەلای کەمەوە هەندێك گوێم بەو مەسەلەیە دەدا. کیژەکە زۆر دلڕفێن بوو، وانی یە، والیس؟

والیس لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە کە جارێکی دی قەڵنەکەی دانایەوە لایەکی دەمیەوە و گوتی: خراپ نەبوو!

چەند ساتێکی تووڕەیی بەسەر مێشکی ستیڤن تێپەڕێ لە ئەنجامی ئەو پلارە ناشرینانەی لە نامۆیەکی بیستبوو. بە درێژایی ڕۆژ ستیڤن بیری لە هیچ نەدەکردەوە بێجگە لەو ساتانەی کە لە سەر قاڵدرمەی گالیسکەکە لە نزیك (هارۆلدز کرۆس) لێك جیادەبوونەوە، یا لەو تەوژمە بەسۆزانەی کە لە ناخی یەوە شەپۆلی دەدا، یا لەو پارچە هۆزانەی دەربارەی ئەو ساتە نوسی



بووی. بەدرێژایی ڕۆژ بیری لە چاوپێکەوتنێکی دی دەکردەوە چونکە ئەو دێ بۆ دیتنی شانۆگەری یەکە. دیسان هەمان بێ ئارامی پێشوو لە سینەیدا سەری هەڵدا هەروەك ئەوەی شەوی ئاهەنگ وا بوو، بەڵام ئەم جارە بە هۆزان نوسین دانەمرکایەوە. دوو ساڵ گەورە بوون و ژیر بوون کەوتبووە نێوان ئەو دوو ڕووداوە و مەودای قورتار بوونی نەدەدایی. بەدرێژایی ڕۆژ ئەو تەوژمە ناسکە خەمماوی یە لەناخی یەوە هەڵدەقولا کە سەراوگەکەی لە خۆیەوە دەستی پێ دەکرد بەڵام لە کاتی بەرەو پاش گەڕانەوەی دا بە ناو لێژگە و گێژەنێکی تاریك بەرەو ڕووی دەهات: ئەوەندە بەدەستی یەوە هیلاك بوو تا لە ئەنجام دا گاڵتە و گەپی چاودێر و منداڵە گچکە دەم و چاو ئارایشت کراوەکە لەو قیسکە تەنگی یەی رزگار کرد.

هێرۆن لە قسەکانی بەردەوام بوو:

- جا لەوانەیە تۆش دان بەوەدا بنێیت. ئەم جارە رازەکەتمان بەتەواوی هەڵماڵی و چی دی ناتوانیت لەبەر چاوی من و خۆت وەك پیاوێکی خوایی نیشان بدەیت و بە تەواوی لەوە دڵنیام.

نەرمە پێکەنێیکی کاڵ لە دەمی ستیڤن دەرپەڕی و وەك جاران سەری خۆی بەرەو خوار داگرت، ئینجا ئەو بەنەرمی حەیزەرانێکی لە بەلەکی ستیڤن دا وەك وا بێت بەگاڵتە سەرزەنشتی بکات.

ساتە تووڕەیی یەکانی ستیڤن بەسەرچوون. ستیڤن نە بە قسەکانی فریوی خوارد و نە خۆیشی تێك دا، بەڵام بە ساکاری حەزی دەکرد ئەم گاڵتەبازی یە کۆتایی بێت. ئەم قسە قۆڕ و ڕەقانەی لە بەر دڵ زۆر گران نەبوو، چونکە چاك دەیزانی ئەو سەرچڵی یەکەی لەگەڵ ئەو کیژە لەسەر پەردەی مێشکیەتی لە مەترسی ئەو وشانە بەدوورە: هەروەها بزەی درۆیاوی نەیارەکەی لە روخساری ئەودا دەبینرا.

هێرۆن کە حەیزەرانەکەی لە بەلەکی ستیڤندا دیسان دووبارەی کردەوە: دانی پێ دابنی!

ئەم دارلێدانەشی هەر بەگاڵتە بوو، بەڵام لە یەکەمیان قایمتر بوو. ستیڤن هەستی کرد کە پێستی کەمێك سوور بۆتەوە و دەزوورێتەوە بەبێ ئەوەی ئازاری بدات. بەملکەچی و گاڵتەوە، لەسەر هەمان شیوەی هاوڕێکەی ئەویش دەستی کردە نوێژی (دان پیانان) .[٥١] ئەم دیمەنە بە

---

٥١. نوێژی دان پیانان: نوێژێکە لە ئاهەنگی ماس دا دەکرێت و نوێژکەر ئەو قسانە دەڵێت: ((دان پیادەنێم کە من زێدە لە پێویست لە بیر کردنەوە و قسە و کرداردا... گوناهم کردووە.)) ئەم پەرەگرافە (فلاش باك) ە لە ناو مێشکی ستیڤن دا.

باشی کۆتایی پێ هات، چونکە هێرۆن و والیس پڕ بە دەم دایانە پێکەنین بەوەی کە ستیڤن گاڵتە بەو پیرۆزانە دەکات.

دانپیانان لەسەر لێوی ستیڤن بوو کاتێك ئەوان خەریکی قسەکردن بوون، یادگارێکی لەناکاو بەرەو دیمەنێکی دی هەڵگرت وەك بڵێ ی بە هۆی ئەفسوون ئەمە ڕووی دا بێت. هەر لەگەڵ قۆرتە بێ بەزەیی یەکانی سووچی لێوە بزەدارەکانی هێرۆن و حەیزەران لێ دان لە بەلەکی، ستیڤن وشە بە هەڕوگیفەکانی گۆرینێ ی هاتە بەرگۆی:

- دان پیا بنێ!

بەرەبەری کۆتایی هاتنی وەرزی یەکەمی خوێندنگا بوو کە ئەو لە پۆلی شەشەم بوو. سروشتی هەستە ناسکەکەی هێشتا هەر گورج و گۆڵ بوو لە ژێر چەپەڵۆکی ڕێگا ناپیرۆزە چڵکنەکەی ژیان. گیانیشی هێشتا بێ ئارام و خەفەتبار بوو لە ژێر دیاردە بێ تامەکانی دەبلن. پاشی دوو ساڵ ژیان بەسەربردن لەژێر کاریگەری ئەفسوونی زیندەخەون خۆی لە ناو دیمەن و ڕووداو و کەسانی نۆی دۆزییەوە کە بەتەواوی کاریان تێ ی دەکرد و ورەیان دەڕووخاند و فریوویان دەدا. جا فریوودەر بن یا وورەڕووخێن، ئەوانە هەمیشە ناخیان پڕ دەکرد لە تەوژمی بێ ئارامی و بیرکردنەوەی جەرگبڕ. هەموو کاتی بی ئێشی خۆی لە خوێندنگادا بە خوێندنەوەی نووسەرە وێرانکەرەکان بەسەر دەبرد کە گاڵتەبازی و تووندوتیژی نوسینەکانیان ببووە هەوێنی مێشکی بەر لەوەی ببێ بە مادەی خاوی نوسینەکانی.

وتار نووسین ئیشی سەرەکی هەفتانەی ئەو بوو. هەموو سێ شەمموانێك کە لەماڵەوە بەرەو خوێندنگا دەچوو، چارەنوسی خۆی لەنێو ڕووداوەکانی ڕێگا دەخوێندەوە و هانی خۆی دا لە دژی ئەوەی پێش خۆی خێراتر هەنگاو باوێ تا پێشی بکەوێت بەرلەوەی بگەنە ئەو شوێنەی مەبەستیان بوو، یان دەبوا بەوردی لەو شوێنانەی ڕێچکە هەنگاو بهاوێت کە پینە و پەڕۆن و بەخۆی دەگوت ئایا لە ووتاری هەفتانەدا بە یەکەم دەردەچێت یان نەء.

سێ شەممۆویەك سەرکەوتنەکانی لەو مەیدانەدا بەرەو لێژی چوو. مستەر تێت، مامۆستای زمانی ئینگلیزی پەنجەی بۆ ئەو کێشا و بەدڵڕەقی گوتی:

- وتاری ئەو هاوڕێ یە کوفری تیایە.

خامۆشی بەسەر پۆلەکەدا باری. مستەر (تێت) نەیبڕیەوە کەچی تۆختری کرد هەرکە دەستەکانی خستە نێوان ڕانەکانی و جل و بەرگە ئەستوورە کەتانەکەی لە نزیك مل و بازووی جیرە جیڕی لێوە دەهات. ستیڤن سەری بڵند نەکرد. بەیانیەکی سارد و سوری سەرەتای بەهار بوو و چاوەکانی هێشتا لاواز و بە ژان بوون. ئەو ئاگای لە سەرنەکەوتن و ئاشکرابوونی خۆی



هەبوو، هەروەها ئاگاداری بێ مێشکی خۆی و ماڵەوەی بوو، ئینجا هەستی بە قەراغە ڕەقە وەرگەڕاوە چڵکنە دڕاوەکەی پشت ملی دەکرد.

کورتە پێکەنینێکی بەرزی مستەر (تێت) گیانێکی بەبەر پۆلەکە هێناوە و گوتی:

- لەوانەیە خۆت هەستت بەمە نەکرد بێت.

ستیڤن پرسی: لە کوێ؟

مستەر (تێت) دەستە شاراوەکەی کێشایەوە و وتارەکەی کردەوە:

- لێرە. کە باسی دروستکەر و گیان دەکەیت. **مم....** **مم.....** ئاها! کە دەڵێ ی:

**بە بێ ئەوەی چی دی توانای نزیك بوونەوەی هەبێت. ئەوە کوفرە.**

ستیڤن بە منگە منگ گوتی:

- من مەبەستم لەوە ئەوەیە: ((بە بێ ئەوەی چی دی لە توانادا بێت هەرگیز پێ ی بگەیت.))

ئەمە خۆ بەدەستەوەدان بوو و مستەر (تێت) یش هێمن بۆوە و وتارەکەی لوولداوە و بۆی ڕەوانە کرد و گوتی:

- ئۆ... ئاها! هەرگیز پێ ی بگەیت. ئەمە باسێکی دیکەیە.

بەڵام پۆلەکە وا زوو هێمن نەبۆوە. هەرچەندە کەس لە دەرەوەی پۆل باسی ئەم مەسەلەیەی نەکرد، بەڵام ئەو هەستی بەخۆشی یەکی گەورەی نادیاری چەپەڵ دەکرد.

چەند شەوێك پاش ئەم سەرزەنشت کردنە گشتی یە، هەرکە ستیڤن بەرێگای (درەمکۆندرا) دا دەڕۆیشت و نامەیەکی لە دەستبوو کە گوێ ی لە دەنگێکی بەرز بوو:

- بوەستە!

ئاوڕی دایەوە و بینی سێ هاوپۆلی لەناو تاریکی یەکەوە بەرەو ڕووی دێن. ئەوەی هاواری کرد (هێرۆن) بوو کە لە نێوان دوو هاوپۆلەکەی هەنگاوی دەنا و هەوای بەردەم خۆی بە حەیزەرانە باریکەکەی شەق دەکرد کە لەگەڵ هەنگاوەکانی هاوڕەوت بوو. (بۆلاند) ی هاورێییشی بەتەنیشتیەوە هەنگاوی دەنا، کە گرژینەوەیەکی گەورەی لەسەر لێو بوو، کەچی (ناش) چەند هەنگاوێك لە پاش ئەوان بوو. لە کاتی هەنگاونانندا مشەمشی لێوە دەهات و سەرە سوورە گەورەکەی دەلەقاندەوە.

هەرکە منداڵەکان بۆ لای (کلۆنلیف رۆد) بایانداییەوە، کەوتنە قسە دەربارەی پەڕتووك و نووسەران، ناوی ئەو پەڕتووکانەیان دەهێنا کە دەیانخوێندنەوە یا چەند پەڕتووك لە پەڕتووکخانەی باوکیان لە ماڵەوە هەیە. ستیڤن بە واق وڕماوی یەوە گوێ ی بۆ شل کرد

بوون چونکە (بۆلەند) گەمژە بوو و (ناش) یش تەمبەڵترین قوتابی پۆلەکە بوو. ئەوەی ڕاستی بێت، پاش ماوەیەك لە گفتوگۆ کردن دەربارەی چاکترین نووسەر، (ناش) گوتی (کاپتن ماریات) مەزنترین نووسەرە.

هێرۆن گوتی: قسەی قۆڕ! لە دیدالۆس بپرسە. دیدالۆس، کێ مەزنترین نووسەرە؟

ستیڤن بە دەنگێکی گاڵتە پێ کردنەوە گوتی:

- مەبەستت لە نووسەری پەخشانە؟
- بەڵێ.
- وا بزانم (نیومان) ە.

بۆلاند پرسی: مەبەست (کاردینال نیومان) ە؟

ستیڤن گوتی: بەڵێ.

گرژینەوەی سەر دەم و چاوە زیپکەدارەکەی (ناش) فراوانتر بوو کە ڕووی بۆ لای ستیڤن وەرگێڕا و گوتی:

- ئەرێ تۆ کەیفت بە (کاردینال) دێت، دیدالۆس؟

هێرۆن بۆ مەبەستی روونکردنەوە بە هاوڕێکانی گوت:

- ئۆه، زۆر هەن دەڵێن (نیومان) چاکترین شێوازی لە پەخشان نوسیندا هەیە. هەڵبەتە ئەو هۆزانڤان نی یە.

بۆلاند پرسی: ئەدی کی چاکترین هۆزانڤانە، هێرۆن؟

هێرۆن وەڵامی دایەوە: هەڵبەتە (لۆرد تێنیسن) ە.

(ناش)گوتی: ئۆ، بەڵی لۆرد تێنیسن. لە ماڵێ سەرتاپای هۆنراوەکانیمان هەیە. ئا لێرەدا ستیڤن ئەو سوێندەی قسەنەکردنی لەبیرچۆوە کە خواردبووی، بۆیە بە ڕوویان تەقیەوە:

- (تێنیسن) هۆزانڤانە! نەخێر.... ئەو تەنیا هۆنەرە نەك شاعیر.

هێرۆن گوتی: ئۆ، کڕبە! هەموو کەس دەزانێت (تێنیسن) مەزنترین هۆزانڤانە.

بۆلاند ئانیشکیکی لەوەی تەنیشتی کوتا و پرسی: ئەدی تۆ کێ بە مەزنترین هۆزانڤان دادەنێت؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە: هەڵبەتە، (بایرۆن).

بەرایی هێرون و پاشان هەرسێکیان پێکەوە بەگاڵتە پێکردنەوە دایانە قاقای پێکەنین.

ستیڤن پرسی: ئەوە بە چی پێ دەکەنن؟



هێرۆن گوتی: (بایرۆن) مەزنترین شاعیرە! ئەو هۆزانڤانی نەزانەکانە.

بۆلاند گوتی: لەگوینە شاعیرێکی چاك بێت!

ستیڤن ئازایانە ڕووی تێ کرد و گوتی: تۆ هەر دەمت دابخە. چونکە هەموو ئەوەی تۆ دەربارەی هۆنراوە دەیزانی لەوە پتر نی یە کە لە سەر تەختەی یاریگا دەینوسی و پاشانیش لەسەری دارکاری دەکرێی.

ئەوەی ڕاستی بێت دەڵێن بۆلاند لە سەر تەختەی یاریگە ئەو دوو دێرە هۆنراوەیەی لەسەر ئەو هاوپۆلەی نووسی کە زۆرجار بە سواری پشتی جوانوویەك دەچۆوە ماڵێ:

**کە (تایسن) بە سواری چووە ئۆرشەلیم**

**بەربۆوە و زیڕاندی وەی بابە تەقیم.**

ئەو پەلارە دووان لە هاوپۆلەکانی دەمکوت کردەوە، بەڵام هێرۆن بەردەوام بوو:

- هەر چۆنێك بێت بایرۆن کوفرکەر و بەدڕەوشت بوو.

ستیڤن بە گەرمی هاواری کرد: بە لای منەوە گرنگ نی یە ئەو چی بوو.

ناش گوتی: گوێ بەوە نادەیت ئەگەر کوفرکەر بوو بێ یان نەء؟

ستیڤن قیژاندی: تۆ چی لەم بابەتەوە دەزانیت؟ بە درێژایی ژیانت هەرگیز یەك دێری پەڕتووکێك بە بێ وەرگێڕان و راڤە نەخویندۆتەوە. بۆلاندیش هەروا.

بۆلاند گوتی: من دەزانم (بایرۆن) مرۆڤێکی بەد بوو.

هێرۆن هاواری کرد: خێرا کەن، دەی ئەو کافرە بگرن.

دەم و دەست ستیڤن خۆی بە گیراوی دیتەوە. (هێرۆن) هەڵی دایێ:

- ئەوێ ڕۆژێ (تێت) بە دەرخستنی کوفری ناو وتارەکەت پفی دایت.

بۆلاند گۆتی: سبەی ئەوەی پێ دەڵێم.

ستیڤن گوتی: بەڕاست؟ هەر لە ترسان ناوێری لێوت لێك بترازێنی.

- لە ترسان؟
- بەڵێ لە رۆحی خۆت دەترسیت.

هێرۆن گوتی: ڕێزی خۆت بگرە. ئینجا حەیزەرانێکی قایمی لە لاقی ستیڤن دا.

ئەوە نیشانەی دەست پێ کردن بوو. (ناش) لە دواوەڕا قۆڵەکانی (ستیڤن)ی گرت و (بۆلاند)یش لە ناو چلکاوەکە قونکە کەلەرمێکی درێژی هەڵگرتەوە. هەرکە ئەوان بە حەیزەران و قونکە گرنج گرنجەکە لێ یان دەدا، ستیڤن خۆی رادەتەکاند و پێ ی لە زەوی دەکوتا، ئینجا (ستیڤن)یان پاشەوپاش کشاندەوە تا لەشی کەوتە سەر پەرژینێکی تێلی دڕکاوی:

- دان بەوە دابنیٚ کە (بایرۆن) هیچ باش نەبوو.
- نەخێر.
- دان پیادابنیٚ.
- نەخێر.
- دان پیابنیٚ.
- نەخێر، نەخێر.

ئینجا دوای چەند تەکانێکی بەهێز خۆی لە بەردەستیان راپسکاند. ئازاردەرەکانی بە پێکەنین و گاڵتە پێکردنەوە، بە ئاراستەی (جۆنز رۆد) ملی ریٚ یان گرت. لەکاتێکدا چاوەکانی ئەو ڕۆندك کوێری کردبوون، ساتمەی دەکرد و شێتانە دەستەکانی خۆی هەڵدەگوشی و هەنسکی دەدا.

هەرکە ئەو هێشتا (دان پیانان)ە کەی دووبارە دەکردەوە، گوێگرەکانی وەخت بوو لە پێکەنینا بتەقن. هەرکە دیمەنی ئەو ڕووداوە چەپەڵانە هێشتا تیژ و خێرا بەسەر پەردەی بیری تیٚ دەپەڕین لە خۆی دەپرسی: ئەریٚ بۆچی ئەو هیچ جۆرە کینەیەك لە ئازاردەرەکانی هەڵناگریٚ. خۆ هێشتا تۆزقالێك لە نامەردی و دڵڕەقی ئەوانی لەبیر نەچووبۆوە، کەچی یادی ئەوانە هیچ جۆرە تووڕەیی یەکیان پیٚ ی نەدەبەخشی. جا بۆیە هەموو ئەو شتانەی لە پەڕتووکەکان دەربارەی ئەڤین و ڕقی گەورە نوسرابوون لە لای ئەو شتی ناڕاست بوون. تەنانەت لەو شەوەی کە بە ساتمە کردن لە ریٚگای (جۆنز رۆد) ەوە بەرەومالٚ دەبۆوە، هەستی کرد کە هێزێکی ئەوتۆ هەیە بەئاسانی ئەو تووڕەیی یە کتوپڕە چنراوەی لیٚ دادەمالیٚ وەك دامالینی پەلك لە مێوەیەکی نەرمی گەییوو.

لەپەڕگەی ساختمانەکەوە لەگەڵ دوو هاوڕێکەی بە پیۆە مایەوە و بە تەوەزەلی یەوە گویٚ ی دەدایە قسەکانیان یان شریخەی چەپڵەرێزانی ناو شانۆ. لەویٚ کیژەکە لەنێوان ئەوانی دی دانیشتبوو، لەگوینە چاوەڕیٚ ی دەرکەوتنی ئەو بکات. ویستی وێنەکەی بێنێتە بەرچاوی خۆی بەڵام نەیدەتوانی. تەنیا توانی ئەوەندە بێنێتە بەرچاوی خۆی کە پارچە شاڵێکی لەسەری بەستووە وەکو سەرپۆش و چاوە رەشەکانی بەخێرهاتنی دەکەن و خاوی دەکەنەوە. لە خۆی دەپرسی: دەبیٚ ئەویش وەك خۆی بیر لەو بکاتەوە. پاشان لە تاریکی دا بە بیٚ ئەوەی ئەو دووە ببینن، سەرپەنجەی دەستێکی دانا ناو لەپی دەستەکەی ئەو، جار جارە بە ئاستەم دەیگرتن. بەڵام پاڵەپەستۆی پەنجەکانی کیژەکە لە هی ئەو هێواشتر و رێکتر بوو. لەنکاو یادگاری ئەو دەست گەمانە وەك شەپۆلێکی نادیار بە ناو مێشك و لەشی دا دەگەڕا.



منداڵێك لە پەسارگەکەوە بە ڕاکردن بەرەو روویان هات، مناڵەکە شێواو و هەناسە بڕکیٚ ی پیٚ کەوتبوو. هاواری کرد:
- دیدالۆس، دۆیلٚ لەبەر تۆ لەسەر ئاو و ئاگرە. هەر دەبیٚ ئێستا برۆیت و جلت بگۆڕیت بۆ پێشکەش کردنی شانۆگەریەکە. باشتر وایە پەلە بکەیت.
هێرۆن بە دەم خوارکردنەوەیەکی لووتبەرزانەوە بە پەیامهێنەکەی گوت:
- هەر ئێستا ئەگەر حەز بکات دێت.
منداڵەکە رووی بۆ هێرۆن وەرگێڕا و دووبارەی کردەوە:
- بەڵام (دۆیل) لەسەر ئاو و ئاگر.
هێرۆن وەڵامی دایەوە: لەگەڵ هەموو رێز و سوپاسم بۆ (دۆیلٚ) دەتوانیت پیٚ ی رابگەیەنی کە من نفرینی لیٚ دەکەم.
ستیڤن کە کەم گویٚ بە مەسەلەی پایەبەرزی دەدا گوتی: باشە. دەبیٚ هەر ئێستا بڕۆم.

هێرۆن گوتی: گەر من لە جیٚ ی تۆ بام نەدەچووم. نفرینم لیٚ بێت ئەگەر بچووبام. ئەوە شێوەی ناردن نی یە بە دوای قوتابی پۆلە باڵاکاندا. بە ڕاستی لەسەر ئاو و ئاگرە! وا بزانم کەیفیشت بەوە دیٚ کە لە شانۆگەری یە کۆنە چەپەڵەکەی بەشداری دەکەیت.

ئەو رۆحە جینگزەی کە بەم دوای یە لە ناحەزەکەی هەستی پیٚ کردبوو نەیدەتوانی ستیڤن فریو بدات و ڕایەڵە هێمنەکەی لەبیر بباتەوە. بڕوای بەم ئاژاوەیە نەبوو، گومانی لە دڵسۆزی ئەو جۆرە هاوڕیٚ یەتی یە دەکرد کە نیشانەی بەرایی قۆناغە بەسویٚ یەکەی گەورەبوون بوو. ئەو مەسەلەیەی پایەبەرزی کە لێرە سەری هەڵدا، وەکو هەموو مەسەلەیەکی لەم بابەتە، بە شتێکی هیچ و پووچ دادەنا. کاتێك مێشکی ئەو بە دوای ئەم ئەندێشە نادیارانە کەوتبوو و کە بەنابەدڵی یەوە ڕووی وەردەگێڕا لەو بەدواداچوونانە لە دەوروبەری خۆی گویٚ ی لە دەنگی بەردەوامی باوکی و مامۆستاکانی بوو کە هانیان دەدا پێش هەموو شتێك ببێتە پیاوماقول و هەروەها هانیان دەدا ببێتە کاسۆلیکی یەکی چاك بەر لە هەموو شتێك. ئێستا ئەم دەنگانە وەك قسەی بۆش لە گویٚ ی دەزرنگانەوە. هەرکە بەرنامەی جیمناستیکی کرایەوە دەنگێکی تر هانی دەدا ببێتە پیاوێکی بەهێز و جوامێر و تەندروست. کاتێك بزووتنەوەی زیندووکردنەوەی نەتەوەیی لە خوێندنگادا هەستی پیٚ دەکرا دەنگێکی دی داوای لیٚ دەکرد دڵسۆز بێت بەرامبەر نیشتیمانەکەی و هەوڵ بدات زمان و کەلەپووری نەتەوەکەی بژیێنێتەوە. هەروەك لەوەوپێش هەستی پیٚ کرد بوو، لەو جیهانە چەپەڵەدا، دەنگێکی دنیایی فەرمانی پیٚ دەکرد کە بە رەنج و

تەقەڵای خۆی سامانی رووخاوی باوکی بەرز بکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا، دەنگی هاوخوێنەکانی هانیان دەدا ببێتە قوتابییەکی خووبەرز و هەوڵبدات ئەوانی دی لە سەرزەنشی بپارێزێت و نێوانیان بۆ بکات و هەموو توانای خۆی لە پێناو پشوو بۆ قوتابیان بخاتەکار. هەراوزەنای ئەو هەموو دەنگە بۆشانە بوو کە وای لێ دەکرد بە نابەدڵی لە بەدواداچوونی ئەم ئەندێشانە بوەستێت. تەنیا بۆ ساتێك گوێ ی بۆ شل دەکردن، بەڵام زۆر بەختەوەر دەبوو کاتێك لێ یان دوور دەکەوتەوە و لە مەودای دەنگیان بچێتە دەرەوە و لەگەڵ هاوڕێ ئەندێشەیی یەکانی تەنها بێت.

لە ژووری جل گۆڕین دا جیزۆێتییێکی دەم و چاو تەڕوبڕی گۆشتنی لەگەڵ پیاوێکی بە تەمەن دی، کە پۆشاکی شینی کۆنیان لەبەردا بوو لە تۆزی رەنگ و تەباشیردا نقووم ببوون. ئەو منداڵانەی ئارایشتیان تەواو دەبوو، دەڕۆیشتن یا بەشەرمەوە دەوەستان و بەدزی و ئاگادارییەوە سەرپەنجەیان بە سەر دەم و چاویان دادەهێنا. لە ناوەڕاستی ئەم ژوورەدا جێزوێتییکی گەنج - کە ئەو کاتە بە سەردان هاتبووە خوێندنگا، لەسەر یەك رەوت لە سەر سەرپەنجە و پاشیانی پێ ی و بەپێچەوانەش خۆی دەلەراندەوە و دەستەکانیشی پەستا بووە ناو گیرفانی تەنیشتەکانی. سەرە گچکەکەی بە پرچی تریسکەداری سوور داپۆشرا بوو، دەم و چاوە تازە تاشراوەکەی زۆر جوان لە جلکە بێ گەردە نایابەکەی و پێتاوە بریسکەدارەکەی دەوەشایەوە.

هەرکە ستیڤن سەیری ئەو هەیکەلە لەرزۆکەی دەکرد، هەولێ دەدا لە داستانی بزە گاڵتە ئامێزەکەی قەشەکە بگات و قسەیەکی باوکی بەبیر هاتەوە کە پێش ئەوەی بنێررێتە (کلۆنگوۆز) پێ ی گۆتبوو هەموو دەم دەتوانیت جیزوێتێك بە شێوەی جلەکانی بناسیتەوە. هەر دەم و دەست بیری کردەوە کە جۆرە وێکچوونێك لە نێوان شێوەی بیرکردنەوەی باوکی و ئەو قەشە بزەدارە رێك پۆشەدا هەیە؛ هەستی کرد کە ئەو کابرایە بەم چەشنە رەفتارەی ناوی پیشەی قەشایەتی یا هی ئەنجوومەنی کڵێسا دەزڕێنێ بەوەی کە ئێستا خامۆشی یەکەی پڕ بووە لە هەراوزەنای گفتوگۆ و گاڵتەبازی و بۆنی گاز و گریس.

هەرکە پیرەمێردەکە لۆچ و گرژی لە ئەنی یەی دا دروست دەکرد و رەنگی رەش و شینی لە لاشەویلاکەکانی هەڵدەسووی، ئەو بە پەشێوی گوێ ی بۆ دەنگی گەنجە جێزوێتی یە گۆشتنەکە شل کرد بوو کە داوای لێ دەکرد قسە بکا و وشەکان بە روونی دەربڕێت. گوێ ی لێ بوو تیپەکە تێفە مۆسیقای (گوڵە سوسێنی کیلارنی) لێ دەدا و دەیزانی پاش چەند تاوێکی دی



پەردە دەکرێتەوە. هەستی بە هیچ جۆرە سامێکی سەر شانۆ نەدەکرد، بەڵام هەستی بە خۆنزمی دەکرد بەهۆی ئەو دەورەی کە دەبوایە بیبینێ. بیرکەوتنەوەی چەند دێڕێکی دەورەکەی دەم و چاوە ئارایشت کراوەکەی سوور هەڵدەگەڕاند. چاوە ورشەدارە مەنگەکانی کیژەکەی لە نێوان تەماشاکەرانەوە بینی کە تێ ی ڕادەما، وێنەی ئەو چاوانە هەموو چەشنە پەریشانیەکی لە دڵ بردەدەر و بڕواکەی بە پتەوی هێشتەوە. وای بۆ دەرکەوت کە سروشتێکی دی دراوەتێ، گڕی گەنجی و خرۆشان چووە جەستەیەوە، تەواوی سروشتە بێ بڕواکەی گۆڕی. لە تاوێکی دەگمەن دا وای بۆ دەرکەوت کە بەڕاستی جل و بەرگی منداڵی کردۆتە بەر، پاشان کە لەگەڵ ئەکتەرەکانی دی لە پشتپەردە وەستا بوو، بەشداری هەمان خۆشی کرد کە لە ناوەندی ئەو خۆشی یەی دا دوو قەشەی بە هێز بەتەکان و خوار و خێچییەوە پەردەیان کردەوە.

چەند تاوێك پاش ئەوەی خۆی لە نێوان چرا گەش و دیمەنە تارەکان دیتەوە، لە پێش خەڵکێکی بێ شوومار دەوری خۆی بینی. ئەوەی سەری سوڕماند ئەوە بوو کە لە کاتی پرۆڤەکردندا شانۆگەریەکە وەك پارچەی هەڵوەشاوەی بێ گیان دەردەکەوت، لەپڕ ژیانی وەبەرداکرا. وا دەردەکەوت کە شانۆگەری یەکە بەخۆی خۆی دەنوێنی و ئەو و ئەکتەرەکانی دیکەش تەنها بەنواندنی دەورەکانیان یارمەتی دەدەن. هەرکە پەردە بە سەر دوا دیمەن دادرایەوە هەستی کرد کە ئەو ناوە پڕ بووە لە دەنگی چەپڵەرێزان، لە کونی پەردەوە بینی ئەو جەستە ساکارەی پێش نواندن ئێستاکە وەك بڵێ ی ئەفسون تێکی شکاندبێت دەهاتە بەرچاو و بۆشایی نێوان دەموچاوەکانیشیان هەڵدەوەشاندەوە و دەبوونە کۆمەڵ کۆمەڵی سەرقاڵ.

خێرا شانۆکەی جێ هێشت و خۆی لە مۆرکی لاسایی کردنەوە داماڵی و بەناو کڵێساکەدا چووە نێو باخچەی خوێندنگا. هەنووکە شانۆگەریەکە کۆتایی پێ هات و دەمارەکانیشی داوای سەرچلێ یەکی دیکەیان دەکرد. بەپەلە پەل کەوتەڕی وەك بڵێ ی بیەوێ پێ ی بگات. هەموو دەرگاکانی هۆڵی شانۆ کرابوونەوە و تەماشەکەران بەگوڕ لێ یەوە دەهاتنە دەرەوە. لەسەر رێگاکانەوە جێ لەنگەری کەشتی یەکانی دەهێنا بەرچاوی خۆی کە چەند چرایەکیان لەسەر هەڵواسرا بوون و لەگەڵ شنەبای شەو بە شادی نەرم نەرم دەسوتان، بەپەلە لە پەیژەی باخچەکەوە سەرکەوت، تامەزرۆی ئەوە بوو نەوەکا هەندێك نێچیر لەدەستی دەربچن. رێگای خۆی لەناو هۆڵەکە کردەوە و لە پشت ئەو دوو جێزوێتی یە وەستا کە تەماشای دەرچوونی خەڵکیان دەکرد و سەریان بۆ میوانەکان دا دەنواند و چەپەکیان لەگەڵ دەکردن. بەگوڕ تەکانی بەرەو پێش دەدا، وای دەنواند کە زۆر درەنگیەتی و هەستی بەو بزە و تێڕامان و ئانیشك

لێدانانەی خەڵکی دەکرد کە دیمەنی سەرە پۆدرەدارەکەی دەخولڤاند. هەرکە گەیشتە سەر پەیژەکان، دیتی ماڵی ئەوان لەلای یەکەم چرا چاوەڕێ ی دەکەن. بەچاو پیاخشاندنێکا تێبینی کرد کە بیچمی هەموان لە لای ناسراون و بە تووڕەیی لە پەیژەکان چووە خوار و بە پەلە بە باوکی گوت:

- من ئیشێکی گرنگم لە شەقامی (جۆرج) دا هەیە. دوای ئێوە دێمەوە ماڵێ.

بە بێ ئەوەی چاوەڕێ ی پرسیارەکانی باوکی بکات بە خێراییەکی شێتانە بەناو ڕێگاکەدا غاری دەدا و لە گردەکەوە بەرەو خوار بۆوە. خۆشی نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێت. تاسە و ئاوات و بەخۆوەنازین وەك گژوگیای هارڕاو لە دڵییەوە هەڵمی بخووری شێت بوونیان بەسەر پەردەی بیری دادەباراند. کە لەگردەکەوە شۆڕ بۆوە و هەنگاوی نا بە ناو هەڵمەدووکەی کتوپڕی خەڕۆیی یە بریندار و ئاواتە رووخاو و تاسە ڕێ لێ گیراوەکەی دادەچوو. ئەوانە لەبەر چاوە پڕژانەکانی وەکو چڕەدووکەڵێکی سەرشێت بەرەوژوور تەکانیان دەدا و بەسەر ئەوەدا تێ دەپەڕین تا لەکۆتایی دا هەمدیسان هەواکە سارد و خاوێن بۆوە.

توێژێك لەمانە هێشتا بەرچاوی داپۆشیبوو، بەڵام چی دی نەیدەسووتاند. هێزێك، زۆر نزیك لەوانەی کە دڵتەنگی و تووڕەیی لە مێشکیا دەسڕیەوە، هەنگاوەکانی خاوکردەوە. بەبێ جوولە وەستا و سەیرێکی تارمە تارەکەی تەرمگاکەی دەکرد و پاشان ڕوانیە کۆڵانە پڕ بەردەبازە تاریکەکەی تەنیشتی: لەسەر دیواری کۆڵانەکە بینی وشەی (لۆتس)[٥٢] نوسراوە، ئینجا بەهێواشی هەناسەیەکی لە هەوا قورسە بۆگەنەکە هەڵکێشا. بیری کردەوە و گوتی:

- ئەوە بۆن میزی ئەسپ و قەسەڵی رزیوە. بەڕاستی بۆنێکی خۆشە و دڵی گەرمم فێنك دەکاتەوە.

ئێستا دڵم بە تەواوی فێنکە. وا بەرەودوا دەگەڕێمەوە.

❊ ❊ ❊

دیسان ستیڤن لە تەك باوکی لە سووچی فارگۆنێکی شەمەندەفەری (کینگز بریج) دانیشتبوو. لەگەڵ باوکی بە شەمەندەفەری شەو بەرەو (کۆرك) کەوتبوونەرێ. شەمەندەفەرەکە لە وێستگە دەرچوو، سەرسوڕمانی منداڵانەی چەند ساڵێك لەمەوبەر و هەموو رووداوەکانی یەکەم رۆژی (کلۆنگوۆزی) بە بیرداهاتەوە. بەڵام ئێستا هەستی بە هیچ جۆرە سەرسوڕمانێك نەدەکرد.

---

٥٢. لۆتس: گەڕەکێکە لە دەبلن.



زەویە تاریکەکانی دەبینی لێ ی تێ دەپەڕین، هەروا هەموو چوار چرکە جارێك دارتەلەگرافە بێ دەنگەکان لێ ی رەت دەبوون و شەمەندەفەرەکە وێستگە روناکە گچکەکان کە چەند پاسەوانێکی هێمنی لێ بوو بە دوای خۆی دا تووڕ هەڵدەدا بە چەشنی دەنکی ئاگر کە قۆشمەکەرێك بە دوای خۆی دا تێ ی هەڵدەدات.

بە ساردی گوێ ی لە چیرۆکەکانی باوکی دەگرت کە دەربارەی کۆرك یا تافی لاوی بوون و لە ناوەڕاستیانا هەناسەیەکی هەڵدەکێشا یا قومێکی لە بوتڵەی نیۆ بەرکی دەدا هەرکە وێنەی هاوڕێ یەکی مردووی دەهاتەوە یاد، یا هەرکە چیرۆکخوان لەنکاوڕا مەبەستی راستەقینەی ئەو سەردانەی خۆی بەبیر دەهاتەوە. ستیڤن گوێ ی بۆ شل کرد بوو بەڵام ئەمانە سۆزیان نەدەبزواند. وێنەی هەموو مردووەکان لە لای ئەو نامۆ بوون، بێجگە لە هی (مامە چارڵس)، ئەویش کە لەو دوا دوایی یەدا بەرەبەرە لەبیر دەکرا. هەرچۆنێك بێت دەیزانی سەروسامانی باوکی هەڕاج دەکرێت. جا بۆیە ستیڤن لەم بێ بەری بوونەی لە سامان هەستی دەکرد کە دنیا خەو و خەیاڵەکانی بەدرۆ دەردەهێنێ.

لە (ماری بۆرۆ) کەوتە کرخەو. هەرکە هۆشیار بۆوە شەمەندەفەرەکە لە (مالۆ) رەت ببوو و باوکیشی لە سەر کورسی یەکەی راکشا بوو. تیشکە ساردەکانی بەرەبەیان دادەرژانە سەر هەرێمەکە؛ سەر کێڵگە چۆلەکان و کۆختە داخراوەکان. ترسناکی خەوتن شەیدای کردبوو کە تەماشای گوندە خامۆشەکانی دەکرد یان ناوە ناوە هەناسەیەکی قوولێ باوکی یا بزووتنەوەیەکی کتوپڕی خەواوی گوێ لێ دەبوو. نوستووە نەبینراوەکانی ئەو دەوروبەرە سامێکی سەیریان بەسەردا دەڕشت، وەك بڵێ ی ئازاری بدەن، بۆیە دەپاڕایەوە کە زوو رۆژ ببێتەوە. پاڕانەوەکەی، کە نەبۆ خوا و نەبۆ پیاوچاکان بوو، بەلەرزێکەوە دەستی پێ کرد، کە شنەبای ساردی سەحەر لە کونێکی دەرگای فارگۆنەکەوە بەسەر پێ ی دا تێ دەپەڕی، جا ئەو پاڕانەوەیە بە کۆمەڵێك وشەی بێ مانا و بێ سەروبەر کە لەگەڵ رەوتی شەمەندەفەرەکە رێکی خستبوو، کۆتایی پێ هات، پاشان بەخامۆشی هەر چوار چرکە جارێك دارتەلەگرافەکان نۆتە بەرزەکانی مۆسیقاکەیان لە نێوان خۆیاندا رێك دەکرد. ئەم مۆسیقا پڕجۆشە سامەکەی کەمکردەوە و خۆی بەسەر چوارچێوەی پەنجەرەکەوە چەماندەوە و دیسان چاوەکانی لێك نان.

بە پەیتونێك چوونە ناو (کۆرك). کەچی هێشتا بەرەبەیانیەکی زوو بوو، بۆیە ستیڤن دیسان لە ژوورێکی ئوتێلی ڤیکتۆریا کەوتە خەوەوە. تیشکە گەرمە بەشەوقەکە لە ناو پەنجەرەکەوە سەری دەکرد و گوێشی لە هەراو هۆریای هاتوچۆی دەرەوە بوو. باوکی لەبەر مێزی جل گۆڕین

وەستا بوو و زۆر بەوردی لە پرچ و دەم و چاو و سمێلیٚ خۆی دەخەفتی و ملـی بـەملاو ئـەولادا دەهێنا و دەبرد تـا باشـتر خـۆی ببێنـی. هەرکـە خـەریکی ئەمـە بـوو بەنـەرمی لەبـەرخۆی بەدەنگێکی غەریب و سەیر گۆرانی دەچڕی:

**((گەنجی و گەوجی**
**وا لە لاو دەکا ژن بێنیٚ،**
**جا گیانەکەم**
**چی دی چارەی من نابینی.**
**بیٚ گۆمان، ئەو شتەی چار ناکریٚ**
**دەبیٚ بیٚ خش زامدار بکریٚ،**
**هەر بۆیەشە**
**سەری خۆم هەڵدەگرم و**
**دەچمە ئەمریکای.**

❋ ❋ ❋

**((دولبەری من قەشەنگە**
**دولبەری من ئێسکنە**
**هەر دەڵیٚ وێسکی نویٚ یە**
**بە بیٚ هاوتاو هاوڕەنگە.**
**بەڵام کە پیر دەبیٚ**
**تینی گەرمی تیا نامینیٚ**
**وەك شەونمی چیا دەتوێتەوە و**
**لە ساتەوەختیٚ نامێنیٚ.**

هەستکردن بە شارە گەرمە پڕهەتاوەکـەی ئەوبـەری پەنجـەرە و دەنگـە ناسـکە لەرزۆکـەی باوکی کە ئاوازە نامۆ خەماوی یـە خۆشـەکەی دەلەرانـدەوە، تـوانی تـەم و مـژی بەسـەرهاتە ناخۆشەکانی شەو لە مێشکی ستیڤن بسڕێتەوە. خێرا هەڵسایەوە تا خۆی لەبەر بکات. کاتێـك گۆرانی کۆتایی هات گوتی:

- ئەو گۆرانی یەت خۆشترە لە هەموو گۆرانی یەکانی ترت کە بە (تێکڕا وەرن) دەست پیٚ دەکەن.



مستەر دیدالۆس گۆتی: ئا ئەوە ڕای تۆیە؟

ستیڤن گۆتی: زۆرم پیٚ خۆش بوو.

مستەر دیدالۆس کە سەری سمێڵەکانی بادەدا گوتی: ئەم نەوایـە ئـاوازێکی خۆشـی کۆنـە. ئاه، بەڵام دەبوایە گوێت لە (ماك لاسی) ببوایە کە دەیچڕی. ئەی (ماك لاسی) بەسەزمان! زۆر ناسك هەڵی دەدایێ و ئاوازی ناسکی دەخستە سەر کە من ناتوانم بیانڵێمەوە. ئەو کوڕی ئـەوە بوو گۆرانی (تێکڕا وەرن) بچڕیٚ، ئەگەر دەتەویٚ ئەوە بزانیت.

مستەر دیدالۆس دۆغەوای داوا کرد بوو بۆ قاوەڵتی کردن. لەکاتی نان خواردن دا دەربارەی هەواڵەکانی ناوخۆیی لە خزمەتچی یەکـە پرسـی. لـەکاتی قـسەکردندا، قـسەکانیان تێکـەڵ و پێکەڵ دەکرد، کەچی هەرکە ناوێك لە ناوەکان هاتە گۆڕی، دیار بوو خزمەتچی یەکە مەبەستی لەوەی ئێستا بوو، بەڵام هی مستەر دیدالۆس لەوەی کاتی باوکی یا باپیرەی بوو.*

مستەر دیدالۆس گۆتی:

- باشە، ئاواتەخوازم کە کۆلیژی شابانوویان نەگواستبێتەوە، چونکە دەمەویٚ بـەم گەنجـەی نیشان بدەم.

بەدرێژایی ڕێگای (ماردیك) درەختەکان پشکووتوو بوون. چـوونە نـاو کۆلیـژ و دەرگاوانـە زۆربلیٚ یەکە بەلای گۆڕەپانە چوارگۆشەییەکەیانی دابرد. بەڵام دوای چەند دەرزنە شـاقاوێك یـا لەو بابەتە، بەهۆی پرسیاری دەرگاوانەکە لەڕێگا چەوینەکە دەوەستان:

- پیٚم بڵیٚ، ئەریٚ (پۆتل بێڵی) بەسەزمانیش مرد؟

- بەڵیٚ، گەورەم. مرد، گەورەم.

لە کاتی ئەو وەستانانەدا ستیڤن بەپەشۆکاوی لەدوایانەوە دەوەستا، لەو بابەتە بێزار ببوو و بەبیٚ ئارامی چاوەڕیٚ ی دەکرد دەست بکەنەوە رۆیشتن. هەرکە لە شوێنە چوارگۆشەیی یەکـەوە رەتبوون بێئارامی یەکەی لیٚ بوو بە تا. لەخۆی دەپرسـی کـە بـاوکی بـە بیرتیـژی و وردبینـی ناسراوە، چۆن بە قسە پووچەکانی ئەو دەرگاوانە فریـوو خـواردوو ببـوو. هـەروەها ئـەو زاراوە خواروەی کە بەدرێژایی ئەو بەیانییـە شـادی بـە گـویٚ ی دەبەخـشی ئێـستا مێـشکی لیٚ ی ئەستوور ببوو.

* ئەم تێکەڵ و پێکەڵ بوونە بۆیە روودەدات چونکە لە زمانی ئینگلیزی دا باپیر و باوك و کوڕ هەر هەموویان هەر بە هەمان ناوی بنەماڵە بانگ دەکرێن.

چوونە ناو هۆڵی تاقیگەی توێکاری، دەرگاوانەکە یارمەتی دا تا لەو مێزە بگەڕێت کە یەکەم پیتی ناوی ئەوی لە سەرە. ستیڤن پشتگوێ خرا. تاریکی و خامۆشی ناو هۆڵەکە و هەواکەی کە مۆرکی خوێندنە گران و ناخۆشەکەی پێوە دیار بوو، لە جاران زێتر دڵتەنگکەر بوو. لەسەر پشتی مێزێك بینی وشەی (ئاوڵەمە) چەند جارێك لەسەر تەختەیەکی ڕەشی چڵکن هەڵکەنراوە. ئەم داستانە کتوپڕە خوێنی بە تەوژم خست، وای دەهاتە پێش چاو قوتابی یە نادیارەکانی کۆلیژ دەوریانداوە، بۆیە خۆی لە هاوڕێیەتیان دەکێشایەوە. ئەو وشە هەڵکەنراوە سەرتاپای تێڕواینی ژیانی قوتابییەکانی بۆ دەردەخست کە وشەکانی باوکی لە بەرامبەر راستبوونەوەیان بێ توانا بوو. وای هاتە پێشچاو کە قوتابییەکی چوارشانەی سمێڵ فش بە قەڵەمبڕێکی بچووکەوە زۆر بەجەرگسۆژیەوە خەریکی هەڵکەندنی ئەم وشەیەیە، هەندێ قۆتابی دیش لە دەوری وەستا بوون یا دانیشتبوون و بەو کارەی دەخەنینەوە و یەکیان ئانیشکێکی لەوەی دیدا. قوتابییە گەورەکە کە جلێکی بۆری بەرینی لەبەر بوو و پۆتینەکانیشی سپی ببوونەوە بە ڕووگرژی ئاوڕی دایەوە.

ناوی ستیڤن بانگ کرا. بەپەلە لە قاڵدرمەی هۆڵی تاقیگە چووەخوارێ تا چەندی بتوانی لەم دیمەنە دوور بکەوێتەوە. بە وردی تەماشای سەرپیتی ناوی باوکی دەکرد و دەموچاوە سوور هەڵگەڕاوەکەی دەشاردەوە.

بەڵام وشە و دیمەن لەبەر چاوی هەڵدەپەڕینەوە کاتێك بە تەنیشت گۆڕەپانە چوارگۆشەییەکە بۆ لای دەرگای خوێندنگا دەڕۆیشتن. ئەوە بەتەواوی شڵەژاندی کە شوێنەواری ئەو شتەی کە تاکو ئێستا ئەو بەنەخۆشی یەکی تایبەتمەندی مێشکی خۆی دادەنا لە جیهانی راستەقینەشدا بدۆزێتەوە.

زیندەخەونە فەلامەرزەکانی بەگوڕ خۆیان دەپەستا ناو بیرەوەریەکانی. ئەوانیش لەنکاوڕا بەتووڕەیی لەبەرچاوی هەڵدەبەزینەوە هەرچەندەیش لە وشەی رووت زێتر نەبوون. دەم و دەست دەرگای لێکردنەوە و لێ یان گەڕا بە نیۆ مێشکی گوزەر بکەن و سووك و چرووکی بکەن. هەمیشە لەخۆی دەپرسی ئایا ئەو خەونانە لە کوێ دێن و لە دیمەنی کام ئەشکەوتی ترسناکەوە هەڵدەقوولێن. هەرکە دەبووە دیلی ئەو خەونانە بەرامبەر خەڵکی دی لاواز و ڕیسوا دەبوو و بێ ئارام و لە گیانی خۆی وەڕس دەبوو.

مستەر دیدالۆس هاواری کرد.

– ئەی بابە! ئەوە بێ گومان هەمان دوکانداری جارانە! زۆر جار گوێت لێم بووە کە ئەو باسانەم بۆ کردووی، وانی یە ستیڤن؟ زۆر جار ئێمە پێکەوە دەچووینە ئەو خوارە پاش ئەوەی ناوی



خۆمان دەنووسی. ئێمە کۆمەڵێك بووین: (هاری پیرد) و (جاك ماونتنی بچووك) و (بۆب دیاس) و (مۆریس مۆریاتی فەرەنسی) و (تۆم ئۆگاردی) و (میك لاسی) کە ئەوڕۆ بەیانی باسیم کرد، (جۆی کۆربێت) و (جۆنی کێفەرزی تانتایلزی) دڵنەرمی بەسەزمانی گچکە.

گەڵای درەختەکانی سەر ڕێگای (ماردیك) دەلەرانەوە لەگەڵ تیشکی خۆر چرپە چرپیان بوو. تیپێکی یاری کریکێت تێ پەڕی، گەنجی کۆکبوون و فانیلە و تراکسۆتی خووریان لەبەر دابوو. یەکێکیان جانتایەکی درێژکۆڵەی سەوزی هەڵگرتبوو. لە شەقامێکی لاپەڕی خامۆش تیپێکی مۆسیقای ئەڵمانی کە لە پێنج مۆسیقاژەن پێك هاتبوون و هاوپۆشاکێکی کاڵیان لەبەر دابوو بە ئامرازە دەنگ بەرزە براسی یەکانیان بۆ هەندی عەرەب و منداڵە بێ ئیشەکانی گەڕەك مۆسیقایان لێ دەدا. نۆکەرێك کە کڵاو و بەروانکەیەکی سپی لەبەر دابوو هەندێك دەوەنی سەر پاساری پەنجەرەیەکی ئاودەدا. پاسارەکە لەژێر هەتاوە گەرمەکە وەك تاشە بەردی کالیسیۆم دەدرەوشاوە. لە پەنجەرەیەکی دیکەوە کە بۆ مەبەستی هەواگۆڕین کرابۆوە، دەنگی پیانۆیەك دەهات کە پێ بە پێ بەرز بۆوە تاگەیشتە دوندی ئاوازەکە.

ستیڤن لە تەك باوکی لە رۆیشتن بەردەوام بوو. گوێ ی بۆ ئەو چیرۆکانە شل کردبوو کە لەمەوبەر بیستبووی، دیسان گوێ ی لە ناوی فشەکەرە پەرش و بڵاو و مردووەکان بۆوە کە هاوڕێ ی تافی لاوی باوکی بوون. کەمێك بێ ئارامی لە دڵی جۆشی سەند. ئەویش یادی هەمان باری خۆی کردەوە لە (بیلڤیدێر)، کە کوڕێکی بەڕەڵڵا بوو، پێشەوایەك بوو لە دەسەڵاتی خۆی دەترسا، بەگومان و هەست ناسك و لەخۆڕازی بوو، کە دژ بە چەپەڵی ژیان و ئاژاوەی ناو مێشکی خۆی دەجەنگا. وشە هەڵکەنراوەکەی سەرپشتی تەختەی مێزە چەپەڵەکە لێ ی مووڕ دەبۆوە و گاڵتەی بەلاوازی جەستە و خوێنگەرمی یە پووچەڵەکەی دەکرد و وای لێ دەکرد کە بیر لەخۆی و تامەزرۆیی یە چەپەڵ و شێتانەکەی بکاتەوە. تف بە جۆرێك لە گەرووی دا تاڵ و پیس ببوو کە نەتوانێ قووتی بدات. ئەو کەمە بێ ئارامیەی پێشتر بەرەو مێشکی دەخشا، تەنانەت وای لێ کرد تاوێك چاوی بقوچێنێ و لە تاریکی دا رێ بکات.

هێشتا گوێ ی لە دەنگی باوکی بوو کە دەیگوت:

– ستیڤن، کاتێك پێ دەنێیتە ناو شانۆی ژیان، ئەو رۆژە هەر دادێ، ئەوەت لەبیر بێت هەرچی یەکی کردت تەنیا لەگەڵ خانەدانان هەڵسە و دابنیشە. کە من لە تەمەنی تۆ بووم بەوە چێژم لە ژیان وەردەگرت لەگەڵ هاوڕێ ی هەست بەرزی چاك تێکەڵ دەبووم. هەریەکێکمان بە شتێکەوە خەریك بووین. یەکێکیان دەنگی خۆش بوو، ئەوی دی یان ئەکتەرێکی چاك بوو،

ئەوی تریان گۆرانی بێژێکی گاڵتەجار بوو، یەکێکی تریان سەوڵ لێدەرێکی چاك یا یاریکەرێکی راکێتی چاك بوو، یەکێکی تر چیرۆك خوانێکی باش بوو، ئا بەم چەشنە تاوێکی ژیانی خۆمان بە فیڕۆ نەدەدا و چاك لە بنج و بناوانی ژیان گەیشتبووین. بەڵام ئێمە هەر هەموومان خانەدان و خۆوبەرز بووین، ستیڤن، یا هەر هیچ نەبێ ئاواتەخوازم وا بوو بین - هەروەها ئێرلەندی رەوشتبەرز و دڵسۆزیش بووین. ئا من دەمەوێ لەگەڵ ئەم چەشنە هاوڕێ یان هەڵسوکەوت بکەیت ستیڤن- هاوڕێ ی خووبەرز. ستیڤن، من وەك هاوڕێ یەك لەگەڵت دەدوێم. من بڕوام بەوە نی یە کە دەبێ کوڕ لە باوکی بترسێت. نەخێر، من بەو شێوەیە لەگەڵت دەجولێمەوە کە باپیرەت لەگەڵم جوولایەوە، کاتێ منداڵ بووم. ئێمە زیاتر لە برامان دەکرد، نەك باوك و کوڕ. هەرگیز ئەو رۆژەم لە بیر ناچێتەوە کە منی لەسەر جگەرە کێشان گرت. من و هەندێ هاوتەمەنی خۆم لەوسەری شەقامی (ساوث تێریس) وەستا بووین و باوەرمان بەخۆمان هەبوو کە گەورە بووین چونکە قەلنەکانمان دانابووە سووچێکی لێومان. لەنکاوڕا باوکم بەوێ دا تێ پەڕی. تاقە وشەیەکی نەزەلاند، خۆ بڵێ ی هەر نەش وەستا. بەڵام رۆژی پاشتر کە یەکشەمە بوو پێکەوە چوینە دەرەوە بۆ پیاسە کردن، کە بەرەو ماڵ بووینەوە و پاکێتی جگەرەکەی دەرکرد و گوتی:

- بە ڕاست، سایمۆن، ئەوە تازە بزانم جگەرە یا شتی لەو بابەتە دەکێشیت. (هەڵبەتە هەوڵم دا چەندی بتوانم ئەوە نەدرکێنم) — ئێنجا گوتی: ئەگەر دەتەوێت جگەرەی باش بکێشی یەکێك لەوانە تاقی بکەرەوە. دوێنێ شەو لە (کوینزتاون) کاپتنێکی ئەمریکی پێشکەشی کردم.

ستیڤن گوێ ی لێ بوو باوکی دایە قاقای پێکەنین، بەڵام پێکەنینەکەی پتر لە هەنسك دەچوو:

- سویند بە خوا ئەو قۆزترین پیاوی ئەودەمای (کۆرك) بوو. هەرکە بە جادەدا تێ دەپەڕی ئافرەت دەوەستان و تا رەت دەبوو تەماشایان دەکرد.

گوێ ی لێ بوو کە هەنسکەکە بە دەنگ لە گەرووی باوکی دەچووە خوارێ و ئینجا بەچوستی چاوەکانی کردەوە. ئەو تیشکانەی لەپڕ بەسەر دەم و چاوی دەشکانەوە، لە ئاسماندا پەڵە هەورەکانی دەکردە جیهانێکی کۆمەڵ کۆمەڵی ئەندێشەیی کە لە ناوەندیانەوە بۆشایی تاریکی دەریاچە ئاسایی هەبوون و بە تیشکی گوڵڕەنگ نەخشێنرا بوون. ئێستا کە مێشکی نەساغ و بێ هێز بوو، بەزەحمەت دەیتوانی نووسینی سەر تەختەی دوکانەکان لێکبداتەوە. بەو شێوە ژیانە پووچەڵە وادەردەکەوت کە ئەو خۆی لەودیو سنووری راستەقینەی ژیان داناوە. هیچ شتێکی جیهانی راستەقینە نەیدەبزواند و نەشی دەدواند تەنیا ئەگەر لە ناو ئەوانەدا گوێ ی لە



دەنگدانەوە هاوارە تووڕەکانی ناخی خۆی نەبووایە. نەیدەتوانی وەڵامی داواکاری مرۆڤ یا زەمین بداتەوە، هەروەها ئەو لە بەرامبەر بانگەوازی هاوین و خۆشی و هاوڕێیەتی دا لاڵ و بێ هەست بوو و لە بەرامبەر دەنگی باوکیشی ماندوو و رووخاو بوو. بەئاستەم دەیتوانی بزانێت تێروانینی خۆی کیهایە و بەهێواشی لەبەرخۆی دووبارەی دەکردەوە:

- ناوم ستیڤن دیدالۆسە. لە تەك باوکم رێ دەکەم کە ناوی سایمۆن دیدالۆسە. ئێمە لە (کۆرك) ین لە ئێرلەندادا. کۆرك شارە. ژوورەکەمان لە ئوتێلی ڤیکتۆریایە. ڤیکتۆریا و ستیڤن و سایمۆن. سایمۆن و ستیڤن و ڤیکتۆریا، ناون.

لەنکاوڕا یادگاری منداڵیێ لەبەر چاوی تاریك داهات. هەوڵی دا چەند تاوێکی دلڕفێن بێنێتە بەرچاوی خۆی، بەڵام نەیتوانی. تەنیا ئەو ناوانەی بەبیر هاتەوە: دانتێ، پارنێل، کلێین، کلۆنگوۆز. منداڵێکی گچکە کە پیرێژنێك فێری جوگرافیای دەکرد، ئەو پیرێژنە دوو فڵچەی لە دۆڵابدا هەبوو. پاشان لە ماڵەوە نێررا خوێندنگا، لە یەکەم قوربانی پیرۆز بەشداری کرد و لوقمێکی درێژی لە ناو کڵاوی کریکێت پێ درا، هەروا سێبەری رۆناکی یەکەی دەبینی کە لە هەڵبەزودا بەزدا بوو لە سەر دیواری ژوورە گچکەکەی خەستەخانە و خەونی بینی کە مردووە. بەڕیوەبەرەکە، کە عەبایەکی رەشی بەزێڕنەخشێنراوی لەبەردا بوو، نوێژی مردووی لەسەر کرد. ئێنجا لە گۆڕستانە گچکەکەی تیرەکەی جیزوێتی دوور لەو رێگایەی کە بە ناو داری لێمودا دەچێ، ناشتیان. بەڵام هەنگی ئەو نەمرد. پارنێل مرد. نە پێڕەوی ئایینی و نە هیچ چەشنە کۆڕەوێکی لە کڵێسادا بۆ نەکرا. ئەو نەمرد، بەڵام لەبەر تیشکی خۆر وەك تەم بزر بوو. ئەو وون ببوو یان لە بووندا چوو بووە دەرەوە چونکە چی دی نەمابوو. چەند سەیرە بیر لەو بکەیتەوە کە بەم شێوەیە لە بووندا وون ببیت، نەك بە هۆی مردن، بەڵکو بە هۆی توانەوە لە بەر تیشکی خۆر یا بە هۆی وونبوون یا بە بیرچوونەوە لە شوێنێکی ئەم گەردوونەدا! ئای کە سەیر بوو دیسان بەس بۆ تاوێك لاشە گچکەکەی دەربکەوێتەوە: منداڵێکی گچکە لە ناو قاتێکی بۆری قایشداردا. دەستەکانی لەناو بەڕکی تەنیشتەکانی بێ و پانتۆڵەکەی لەسەر چۆك بە لاستیك قایم کرا بێت.

ئێوارەی ئەو رۆژەی کە سامانی باوکی تیا فرۆشرا، ستیڤن بەشەرمەوە بەدوای باوکی کەوتبوو و بەناو شاردا لە مەیخانەیەکەوە بۆ یەکێکی دی شاردا دەگەڕا. مستەر دیدالۆس هەمان چیرۆکی بۆ هەموو فرۆشیارەکانی ناو بازار، کوڕ و کیژی مەیگێڕی بارەکان و تەنانەت ئەو دەرۆزەکەرانەی کە دەستیان بۆ پان دەکردەوە دەگێڕایەوە کە ئەویش یەکێکە لە دانیشتوانە

دێرینەکانی شاری (کۆرك) و ماوەی سی ساڵە لە دەبلن هەوڵ دەدات خۆی لە شێوەی قسەکردنی (کۆرك) ی رزگار بکات و ئەو (پیتەر پیکاکە فلاکسە)[*] ی لە تەنیشتی دەڕوات یەکێکە لە گەنجەکانی دەبلن.

لەگەڵ گەردی بەیانی لە چاپخانەکەی (نیو کەمب) ەوە دەستیان پێ کرد، کە کوپەکەی مستەر دیدالۆس بەتووندی بەژێر پیاڵەکە دەکەوت، ستیڤنیش هەوڵی دەدا ئەو نیشانە ئابڕووبەری خواردنەوەی دوێنی شەوی باوکی بە خشەخشی کورسی و کۆخەکۆخ داپۆشێت. ریسوابوون یەك بە دوای ئەوی دی دا دەهات- بزەی درۆزنی فرۆشیاران و خۆبادان و چاو قوچاندنی کیژەکانی بار کە باوکی چاوبازی لەگەڵ دەکردن، وشەکانی پەسن و تیغ تیغەدانی هاورێکانی باوکی- خەر ئەمانە رسیوایی یان دادەباراندە سەری. ئەوان پێ یان دەگوت کوڕەکەی لە باپیرەی دەکات بەلام مستەر دیدالۆس دەیگۆت کەم پێك دەچن. ئینجا شوێنەواری زاری کۆرکی یان لە قسەکانی دۆزیەوە و وایان لێ ی کرد دان بەوە دابنێت کە رووباری (لی) جوانترە لە ڕووباری (لیفی). یەکێکیان بۆ ئەوەی زانیاری لاتینی یەکەی تاقی بکاتەوە داوای لێ کرد کە چەند کورتە پەرە گرافێك لە (دیلیکتۆس)[٥٣] وەربگرێت و لێ یان پرسی کامیان راستترە بیلێ ی:

Tempora mutantur nos et mutantur in illis و

یان: . Tempora mutantur et nos mutantur in illis[٥٤]

یەکێکی تر کە پیاوێکی پیری گورج و گۆڵ بوو، مستەر دیدالۆس بە (جۆنی کاشمان) بانگی دەکرد بە تەواوی پەشۆکاندی بەوەی لێ ی پرسی: ئایا کیهایان دڵگرترن کیژی دەبلن یان کیژی کۆرك.

مستەر دیدالۆس گوتی: وازی لێ بێنە. ئەو بەم جۆرە پەروەردە نەکراوە. ئەو منداڵێکی هۆشکراوەی سەنگینە کە مێشکی خۆی بەم شتە پووچانەوە خەریك ناکات.

---

* واتە ئەو گەنجەی یان ئەو کەسەی.

٥٣. دیلیکتۆس: کتێبی رستەسازی لاتینی یە. لە ساڵی (١٨١٦) دا لە لایەن (ریچارد ڤەلپی) یەوە بلاوکراوەتەوە. تا ساڵی (١٨٨٠) کان لە کلۆنگۆۆز دەخوێنرا.

٥٤. مانای هەر دوو رستە لاتینی یەکە ئەوەیە. ((سەردەم دەگۆڕێ و ئێمەش لەگەڵی دەگۆڕێین.)) بەلام جیاوازی هەر دوو رستە لە دانانی شوێنی وشەی (nos)ـە.



پیرەمێردە قووتەکە گوتی: کەواتە کوڕی بابی خۆی نییە.

مستەر دیدالۆس بە بزەیەکەوە لەسەرخۆ گوتی: نازانم. لەوە دڵنیام.

پیرەمێردە قووتەکە بە ستیڤنی گوت: دەزانی وەختی خۆی باوکت ئازاترین بەزمکەری شاری کۆرك بوو؟

ستیڤن تەماشای خوارەوەی دەکرد و لەزەوی یە کەرپووچرێژەکەی بارەکە وورد دەبۆوە.

مستەر دیدالۆس گوتی:

- ئەو جۆرە بیرکردنەوانە مەخە مێشکی یەوە. لێ ی گەڕێ بو خوای خۆی.

پیرەمێردە قووتەکە بە دیدالۆسی گوت:

- کرپە، من هیچ چەشنە بیرێکی ناخەمە مێشکی یەوە. سەرباری ئەوەش من بە باپیرەی دەشێم. خۆ بەڕاستیش هەر باپیرەم. پێرەمێردەکە بە ستیڤنی گوت:

- ئەرێ ئەمە دەزانیت؟

ستیڤن پرسی: بەڕاستتە؟

پیرەمێردە قووتەکە گوتی:

- سویند بە یەزدان دوو کوڕەزام هەن کە لە (ساندێ ی وێڵ) ن. هەنوکە تۆ تەمەنم بە چەند دادەنێت؟ من ئەو کاتم لەبیرە کە باپیرەت پاڵتۆیەکی سووری لەبەر دەکرد و دەچووە ڕاو و تاژی بە دواوە بوو. ئەوە پێش ئەوەی تۆ ببیت.

مستەر دیدالۆس گۆتی: بەڵێ، تەنانەت پیش ئەوەی بیری لە شتی وا کردبێتەوە.

پێرەمێردە قووتەکە دووبارەی کردەوە:

- سویند بە یەزدان لەمەش زێترم لەبیرە، من باوکی باپیرەشتم بەبیر دێتەوە، پیرە (جۆن ستیڤن دیدالۆس). ئای کە پیرە ئاگر قوتدەرێکی فەلامەرز بوو. دەبزانە، چ زەینێکم هەیە.

یەکێك لە هاورێکانی هەڵی دایێ و گوتی: ئەمە سێ چوار پشت لەمەوبەرە. ئەی پیرە (جۆن کاشمان)، خۆت لە سەدەیەك دەدەیت.

پیرەمێردە قووتەکە گوتی: باشە، با ڕاستتان پێ بلێم. من تەنیا تەمەنم بیست و حەوت ساڵە.

مستەر دیدالۆس گۆتی:

- ئێمە بارتەقای ئەوەی هەستی پێ دەکەین پیرین. ئەوەی لە دەستتە تەواوی بکە با نۆرەی یەکێکی دی بێت. دەی (تیم) یا (تۆم) یان ناوت هەرچی یەکی ترە، دیسان هەمان شتمان پێ بدەرەوە. سوێند بە خوا من وا هەست دەکەم تەمەنم لە هەژدە ساڵ پتر نی یە. ئەوە کوڕەکەمە کە تەمەنی بەقەد نیوەی تەمەنم نابێت کەچی هەمموو رۆژێکی هەفتە من لەو چاکترم.

ئەو پیاو ماقولەی پێشتر قسەی کرد گوتی:

- هێواش بە دیدالۆس. وا بزانم کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێیتەوە پاش.

مستەر دیدالۆس بەبڕواوە گوتی:

- نەخێر سوێند بە خوا، من دەرقەتی دێم چ لە گۆتنی ئاوازی (تێنۆر) بێت یا پازدان بە سەر پێنج دەروازەدا یان بە دوای تاژی کەوتن لە سەراسەری گوند هەروەك چۆن سی ساڵ لەمەوبەر وامدەکرد لەگەڵ (کیری بۆی) کە چاکترین پاڵەوانی ئەم مەیدانە بوو، وام دەکرد.

پیرەمێردە قووتەکە کە شەپی لە نیوچەوانی خۆی دەدا و پەرداغەکەی بەرز کردەوە تا چکی بکات گوتی:

- بەڵام لەوە دەتبەزێنی.

مستەر دیدالۆس گوتی:

- باشە، من هیوادارم کە لە ژیاندا وەکو باوکی پیاوێکی چاکی لێ دەربچێت. ئەوە گشت ئاواتمە.

پیرەمێردە قووتەکە گوتی: ئەگەر کوڕی بابی خۆی بێت وادەردەچێت.

مستەر دیدالۆس گوتی: جۆنی، زۆر سوپاس بۆ یەزدان کە ئێمە ئەو تەمەنە درێژەمان بەسەر برد بە بێ ئەوەی ئازاری مێشولەیەك بدەین.

پیرەمێردەکە بەسەنگینییەوە گوتی: خۆ گەلێك کاری چاکەشمان کرد. دەبێ سوپاسی خوا بکەین کە ئەو تەمەنە درێژەمان بەسەر برد و ئەوەندە کاری چاکەمان کرد.

ستیڤن بینی کە سێ پەرداخ لە سەر مێزەکە بەرز کراوەتەوە و باوکی و دوو هاورێ پیرەکەی بە یادی رۆژانی ڕابردوو دەخۆنەوە. گێژەنی چارەنووس یان سەلیقە ئەوی لەوان دادەبڕی. وا دەردەکەوت مێشکی لە هی ئەوان بە تەمەنترە: مێشکی ئەو بەساردی تیشکەکانی دادەڕژاندە سەر خەبات و شادی و پەشیمانیان بەچەشنی تریفەی مانگ بۆ سەر زەمینێکی خۆشتر. ژیان و گیانی لاوی لە لەشیدا وەك هی ئەوان نەدەبزووت. هەرگیز هەستی بە کامی هاورێیەتی لەگەڵ خەڵکی تر و هێز و هەرەتی نێرانە و ڕێزگرتنی کورێنیتی خۆی نەدەکرد. هیچ شتێك لە گیانییەوە نەدەبزوا بێجگە لە شەهوەتێکی سارد و سڕی دلڕەق و بێ خۆشەویستی. سەردەمی منداڵی مرد یان بزر بوو. لەگەڵ ئەوانیش توانای چێژ وەرگرتن لە شتی گچکە سڕایەوە، جا بەوێڵی لە ناوجەرگەی ژیان وەك قەپێلکی مانگی نەزۆك دەسوڕایەوە.



**ئەری تۆ رەنگ زەردی دەستی**

**ماندوویێتی بە ئاسمان هەڵگەڕان و سەیرکردنی زەویت**

**لەو گەشتە تەنیاییانەتا.....؟**

ئەو پارچە هۆنراوەیەی (شێللی) لەبەرخۆی دەگوتەوە. بە داوای یەکترهاتنی سستی یە مرۆڤانە جەگبڕەکان لەگەڵ چالاکی یە نامرۆڤانە بێ ئەندازەکان جەرگی دەتەزاند و خەمە ناچالاکە مرۆڤانەکەی خۆی لەبیرچۆوە.

* * *

دایکی ستیڤن و براکەی و یەکێك لە ئامۆزاکانی لە کونجێکی خامۆشی (فۆستەر پلێیس) چاوەڕێ یان دەکرد، لەکاتێکدا ستیڤن و باوکی بە پەیژەی پانەڕێ ی درەختەکانەوە سەرکەوتن کە پاسەوانی (هایلاند) خەریکی نمایش کردنی سەربازی بوون. پاش ئەوەی چوونە ناو هۆڵە مەزنەکە و لەبەردەم مێزی پارەگۆڕەوەکە وەستان، ستیڤن چەکەکەی دەرهێنا کە لەلایەن بەڕێوەبەری بانقی ئێرلەندا مۆرکرا بوو کە دەبێ **٣٣** پاوەنی بدرێتێ کە ئەمەش خەڵاتی ئەو وتارە بوو کە لە پێشبڕکێ دا پێشکەشی کرد بوو. پارەگۆڕەوەکە خێرا ئەو هێندە پارەیەی لەسەر شێوەی پارەی کاغەزو خوردە پێ دا. پارەکەی بەهێمنی یەکی رووکەشەوە خزاندە نێو بەرکەکانی و پارەگۆڕەوەکەشی بەوە ماندووکرد کە دەستی لەودیو مێزەکەیەوە درێژ بکات بۆ چەپەك کردن لەگەڵی، لەکاتێکدا کە کابرا لەگەڵ باوکی خەریکی ئاخافتن بوو و ئاواتی سەرکەوتنی دوارۆژی بۆ دەخواست. ئەو لە قسەکانیان زۆر پەست بوو و تەنانەت لەهەژمەتان خۆی پێ ڕاگیر نەدەکرا. پارەگۆڕەوەکە ئیشی خەڵکی ڕاگرتبوو تەنها تا ئەوە بە باوکی ستیڤن بڵێ سەردەمەکەمان زۆر گۆڕاوە و هیچ شتێك لەوە چاکتر نییە گەر پیاو بتوانێت ڕۆشنبیری یەکی زۆر چاك بۆ کوڕەکەی بەدەست بهێنێت، جا هەرچەندێك پارە لەپێناو ئەوەدا خەرج بکات. مستەر دیدالۆس لە هۆڵەکە خۆی بەپاش دەدا و لە دەوروبەری خۆی و بنمچەکە وورد دەبۆوە، هەرکە ستیڤن هانی دەدا بچنە دەرەوە، ئەو پێ دەگوت ئەوان ئێستاکە لە ئەنجومەنی گەلی پەرلەمانی کۆنی ئێرلەندا[٥٥] وا وەستاون. ئەو بە سەنگینی و پەرستنەوە گوتی:

٥٥. هەرکە پەرلەمانی ئێرلەندی تێکچوو ساختمانە جوانەکەی فرۆشرا بانقی ئێرلەندا و تا سەردەمی جۆیسیش ئەوان هەر لەوێ بوون.

- خوا یارمەتیمان بدات! ئاە ستیڤن کاتێك مرۆڤ بیر لە پیاوانی ئەو سەردەمە دەکاتەوە وەکو (هێلی هوتکینسن) و (فلەد) و (هێنری گراتان) و (چارلس کیندەڵ بوش)[٥٦] و ئەو پیاو ماقولانەی ئێرلەندای ئەمرۆ هەیەتی، کە پێشەوای گەلی ئێرلەندەن، چ لەناوەوە بن یا دەرەوە، سوێند بە خوا ئەوان شایستەی ئەوە نین و مخابنە ئەوانە هەموویان لە گۆڕستانێکی دە (ئەکری)[٥٧] دا بنێژرێن. نەخێر، ستیڤن کوڕی گەورەم، من لەو گۆرانیە پەشیمانم کە هوڕینەم بە بەیانیەکی جوانی جۆزەردان لە مانگە خۆش و بە کەیفەکەی خەرمانانداا دەکرد.

ڕەشەبایەکی تیژی مانگی گەلاڕێزان لە دەوروبەری بانقەکەوە دەیگڤاند. سێ کەس لە قەراغی ڕێچکەیەکی قوڕاوی وەستا بوون کە روومەتی چرچ و چاوی ریپۆقداریان هەبوو. ستیڤن دیتی کە دایکی جلی سووکی لەبەرە، بۆیە بەبیری هاتەوە کە چەند رۆژێك لەمەوبەر پاڵتۆیەکی لە ناو جامخانەی فرۆشگای (بەرناردۆ) دی بوو کە نرخی بیست (جونەیە) بوو.

مستەر دیدالۆس گوتی: باشە، لەوەش بووینەوە.

ستیڤن گوتی: چاکتر وایە فراوین بکەین. لە کۆی؟

مستەر دیدالۆس گۆتی: فراوین، باشتر وایە، تۆچ دەڵێ ی؟

مسز دیدالۆس گوتی: با بچینە شوێنێکی وا کە زۆر گران نەبێت.

- بچینە شوێنی نەبوونەکان.

- بەڵی. شوێنێکی هێمن.

ستیڤن خێرا گوتی: با برۆین. گرانی و هەرزانی گرنگ نی یە.

ستیڤن بە چەند هەنگاوێکی کورتی چوست لە پێشیان دەخەنیەوە. ئەوانیش هەوڵیان دەدا پێ ی بگەن و بەتامەزرۆیی ئەو دەخەنینەوە. باوکی گوتی:

- وەك گەنجێکی چاك بەو خۆت تێك مەدە. هێشتا نیو میل نەڕۆیشتووین، وانی یە؟

پارەی خەلاتەکە، لە ماوەیەکی پڕ بەزم و ڕەزمی کورتدا، بەناو پەنجەکانی ستیڤندا چووە خواری. لەگەڵ خۆی پریاسکەی پڕ خواردن و نوقڵ و میوەی ووشك کراوەی لە شار بۆ دەهێنانەوە. هەموو رۆژێك پلیتی هاتوچۆی بۆ خیزانەکەی دەکڕی و هەموو شەوێك سێ

٥٦ ئەو کەسانە هەموویان ئەندامی پەرلەمانی ئێرلەندی بوون و بە زمان پاراوی و رەوان بێژی ناویان دەرکردووە.

٥٧. هەر (ئەکرێك) دەکاتە. (٤٨٤) یاردەی دووجا.



چوارێکیانی دەبردە شانۆ بۆ دیتنی (ئینگۆمار)[٥٨] یان (خانمی لایۆنز)[٥٩]. پارچە چوکلێتی ڤییەنایی لە بەرکی پاڵتۆی بۆ میوانەکانی هەڵدەگرت، کەچی گیرفانەکانی پانتۆڵی بە پارەی زیوو و سفر هەڵدەفابوون. دیاری بۆ هەمووان کڕی، ژووری خۆی پڕی شتی جوان کرد، زۆر پرۆژەی رێك دەخست، کتیبەکانی لەسەر رەفکە دادەنا، لە لیستەی بەهاکان وورد دەبووە، دەولەتێکی گچکەی لە خێزانەکەی پێکهێنا کە هەر ئەندامێك بە هەڵسوڕاندنی کارێك خەریك بوو، سندوقێکی قەرزی لە بانق بۆ کردنەوە و پارەی بە قەرز دەدا ئەوانەی بە ئارەزووی خۆیان لێ ی قەرز دەکەن تا چێژ لە نووسینی پسوولەی قەرز و قازانج ژماردن وەربگرێ. پاش ئەوەی هیچ نەما خۆی پێوە خەریك بکات، بە سواری ترام کەوتە گەڕان بە نێو شار. وەرزی شادی کۆتایی پێ هات. قوتووی بۆیە گوڵ ڕەنگەکە نەما و ئەو تەختەدارانەی کە دیواری ژووریان دادەپۆشی بە نیوەچڵی و بێ بۆیاغی مانەوە.

ژیانی خێزانەکەی گەڕایەوە سەرباری پێشووی. دایکی هیچ جۆرە بیانوویەکی نەما تا چی دیکە ستیڤن لەسەر دەستبلاوی سەرزەنشت بکات. ئەویش هاتەوە سەر هەمان شێوەی ژیانی خوێندنگای و پرۆژەکانی هەڵوەشانەوە. دەوڵەتە خۆماڵیەکەشی ڕووخا، بانقی قەرزیش دەرگای

٥٨. (ئینگۆمار) میلۆدرامایەکە لە نوسینی (فریدریش هان)ە و لە ساڵی (١٨٥١) دا مسز گ. وو.لۆفیڵ وەری گێراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و پاش لەندەن، لە (دەبلن)دا گەلێ جار پێش کەش دەکرا. پاڵەوانی میلۆدرامایەکە کە ئینگۆماری بەربەری یە، لە کۆتایی دا خۆشەویستی خانمێکی بەگزادە دەباتەوە کە لەوەو پێش بێزی لێ دەکردەوە: ئەو شانۆنامەیە هیچ بەهایەکی ئەدەبی ئەوتۆی نییە.

٥٩. میلۆدرامایەکی شیعری یە لە نووسینی (لۆرد لیتن)، یەکەمجار لە ساڵی (١٨٣٨) دا دەرهێنراوە. ئەو شانۆنامەیە بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵ بووە بابەتێکی گەلی (شعبی). ستیڤن خۆی بە (کلۆد میلنۆت) ی پاڵەوانی ئەو شانۆنامەیە دەچوێنی. ئەو مرۆڤە شاعیرێکی ئازای جوانی گیرفان بەتاڵە و (پۆڵین) ی خۆش دەوێت کە کیژی خاوەن بانقێکی دەوڵەمەندە. لە ئاهەنگێکی دەمامك دان و خۆگۆڕین دا، لە نائومێدی خۆی، خۆ دەکاتە شازادە و داوای دەستی پۆڵین دەکات. دوای زەماوەند کردنیان لایەنی هەستی مرۆڤانە بە سەریدا زاڵ دەبێ و لێ دەگەڕێ باوانی کیژەکە ببەنەوە. بەخۆیشی دەچێتە ناو سوپای ناپلیۆن و ناوێکی نەزانراو لە خۆی دەنی. لە ئەنجامی ئازایەتی و پاڵەوانێتی دا ناووبانگ دەردەکات. هەرکە دەگەڕێتەوە دەبێتە پێشەوایەکی دەوڵەمەند، تەنانەت لەسەر لێوی ئەوەیە کە دیسان پلانێکی دیکەی ناکەس بەچانە دابنێ بەوەی باوکی پۆڵین بە قومار قرغ بکات، بەڵام هەر دەستبەجێ لەمە پاشگەز دەبێتەوە و خۆی بۆ پۆڵین ئاشکرا دەکا و پۆڵینیش ئەوەی بۆ دەدرکێنی کە ئەو تاقە دەزگیرانێتی.

قاسەکەی داخستەوە و کتێبەکانی باش زەرەرمەند بوون. هەروەها بناغەی ئەو چەشنە ژیانەی مێشکی رایەڵی بۆدانا بوو لەتوپەت بوو.

ئای کە ئامانجەکانی چەند پووچ بوون! هەوڵی دەدا کە بەربەستێك لە پێڕەو و رێکوپێکی لە ڕووی تەوژمە چڵکنەکەی ژیان قیت بکاتەوە، هەروەها دەیویست دووپات بوونەوەی ئەو تەوژمانە بە هۆی پێڕەوی ڕەفتار و پەرژەوەندی چالاکانە و پەیوەندی یە کوڕینیە نوێ یەکەی، لە دڵی خۆی وەدەربنێت. سوودی نەبوو. چونکە لە دەرەوە و لە ناوەوە ئاوەکە بەسەر ئەم بەربەستە کەوت و جارێکی دیش تەوژمی ئاوەکە بەسەر بەربەستە شکاوەکەدا شەپۆلی دەدا.

هەروەها زۆر بەڕوونی دەیبینی کە تەنانەت گۆشەگیریەکەشی بێ سوودە. خۆ تەنانەت تاقە هەنگاوێکیش لەو چەشنە ژیانە نزیك نەبووەوە کە بەدوای دا دەگەڕا و نەشیتوانی لە پردی شەرمەزاری و کینەی بێ ئارام بیەڕێتەوە کە بە هۆیەوە لە دایك و برا و خۆشکی دابڕا بوو. بەزەحمەت هەستی بەوە دەکرد کە لەگەڵ ئەوان هاوخوێنە بەڵام وا دەهاتە بەرچاوی کە خزمایەتیەکی هاوشیری دوور بەیەکیان دەبەستێتەوە و ئەو مندالّی شیر و برای شیری ئەوانە.

ڕووی وەرگێرا تا تاسە گەرمەکانی دڵی دابسەکنێن، ئەو تاسانەی کە هەموو شتێکی لە بەرچاو دەکردە شتێکی نامۆ و هیچ و پووچ. گوێ ی بە گەورەترین گوناه نەدەچوو، هەروەها گوێشی بەوە نەدەدا کە ژیانی تەونێکە لە فڕوفیلّ و درۆ. جگە لەو ئارەزووە دڕندانەی لە ناخەوە پالّی دەنا ئەو خراپە گەورەیەی مێشکی تەنی بوو بە جێ بگەیەنێت، هیچی دیکە لەلای ئەو پیرۆز نەبوو. بەتیزەوە ئەو یاخی بوونە شاراوە ئابڕووبەرانەی بەخۆوە دەگرت و زۆر بەپشووەوە بەگلاوکردنی ئەو وێنانەی دلّیان رادەکێشا شاگەشکە دەبوو. بە شەو و بە رۆژ بەنێو دیمەنە قۆپاوەکانی ژیاندا هاتوچۆی دەکرد. ئەو وێنەی کە بە ڕۆژ سەنگین و بێ گوناه دەبینی، لە شەودا بە ناو تاریکی یە پێچاو پێچکەی خەودا دەهات و دەم و چاوەکەی بە ئایین و ئۆینی هەشەریەتی تێك دەشێوا و چاوەکانیشی لە کامی دڕندانە بە پڕشنگ دەکەوتن. تەنها سبەینە بە یادگارە لێڵەکەی یاخیبوونە پڕ جۆشە تاریکەکەی و هەستکردن بە ڕیسوایی و سەرشۆڕی ئازاریان دەدا.

دیسان خووی بە گەڕان و سووڕان گرتەوە. ئێوارەی لێلی خەزانان لە جادەیەکەوە ئەوی دەئاژوا جادەیەکی تر، هەروەکو چەند سالێك پێشتر دەیانبردە ناو کۆڵانە خامۆشەکانی (بلاك



ڕۆك). بەڵام ئێستا کە نە دیمەنی باغە رێکەکانی بەرمالان و نە تیشکی ناسکی پەنجەرەکان دڵی فەرامۆش دەکرد. تەنیا هەندێك جار، لەو کاتەی تاسەکانی خامۆش دەبوونەوە، هەرکە حەزە مرۆڤ رەتێنەکانی رێی هەندێك فەرامۆشی ناسکیان دەدا، وێنەی (مەرسیدس) بە ناو بنەبانی یادەکانی تێ دەپەڕی[٦٠]. دیسان خانووە سپی یە گچکەکە و باغی گوڵانی سەر ئەو رێگایەی بینی کە رووەو چیا دەچوو، دیسان هەمان گرێشمەی رەتکردنەوەی خەرۆیی پڕ خەمی هاتەوە یاد کە لەگەڵ کیژەکە لەناو باغی بەر تریفەی مانگەشەو وەستا بوون پاش چەندین سالّ لە غوربەت و گیانبازی. لەو ساتانەدا قسە شیرینەکانی (کلۆد میلنۆت) بەسەر لێوەکانی تێپەڕین و ئەمەش کەمێك بێ ئارامیەکەی لابرد. دڵ خەبەردانێکی نەرمی ئەو ژوانەی چاوەڕێ ی دەکرد بزواندی، لەپالّ ئەو راستی یە سامناکەی کە لە نێوان ئاواتی هەنگی و ئێستادا هەبوو، کە دەربارەی ئەو دیدەنە پیرۆزەی ئەوسا خەیالّی بۆ دەکرد بە هۆیەوە لاوازی و شەرمنی و بێ ئەزموونی لە جەستە و گیانی هەڵدەوەرن.

ئەو ساتانە بەسەرچوون و دیسان ئاگرە وێرانکەرەکەی شەهوەت سەری هەڵدایەوە. دێڕی هۆنراوەکان بەسەر لێوی تێپەڕ بوون و هاواری پچڕ پچڕی وشە دڕندە نەگۆتراوەکان لە مێشکی دەردەپەڕین تا کەلەبەرێك بدۆزنەوە. خوێنی کەف و کولێ دەکرد. بە ناو شەقامە قوڕاوی یە تاریکەکان پیاسەی دەکرد و چاوی دەبڕیە دوڕ تاریکایی کۆڵان و دەرگاکان و بەتامەزرۆیی گوێی بۆ هەموو دەنگێك شل کرد بوو. دەنگێك لە ناخی یەوە دەینالاند وەکو ئاژەلێکی پەڕاگەندەی سەرلێ شێواو. دەیویست یەکێکی دی لە ڕەگەزی خۆی بەشداری ئەو گوناهەی بکات و لەگەڵ ئەودا لە خۆشی ئەو گوناهە خۆیان تێر بکەن. هەستی دەکرد کە شتێکی تاریك بە بێ حەجمان لەو تاریکیەدا بەسەر سەریەوە هات و چۆ دەکات، ئەو شتە بوونەوەرێك بوو ناسك و بەخوڕە خوڕ وەکو لافاو و هەموو ناخی پڕ کرد بوو. خوڕە خوڕی ئەو بوونەوەرە وەکو پرخەی خەوتوویەك ئابلۆقەی گوێچکەکانی دابوو، تەوژمە ناسکەکانیشی رۆحیان کون دەکرد. دەستەکانی بەتووندی گرموڵە دەبوون و ددانەکانیشی پێکدا دەقرسان هەرکە ئازاری رۆح کون بوون پێ ی دەگەیشت. لە ناوەندی شەقامەکە ئامێزی خۆی کرد بۆوە تا ئەو هەیکەلە هۆش بەرە ناسکە توند بگرێتە باوەش کە فریوی

٦٠. مەرسیدس: کیژەپالەوانی رۆمانی (کۆنت دی مۆنتی کریستۆ)یە لە نووسینی ئەلێکزاندەر دۆماس. ستیڤن لەناو زیندەخەونەکانی دا وێنەی مەرسیدس و پۆلێن (کیژەپالەوانی خانمی لایۆنز) پێکەوە گرێدەدات.

دەدا و دەیخرۆشاند: جا ئەو هاوارەی چەند لەمێژ بوو لە گەرووی خۆی خنکاندبووی لە لێوەکانی دەرپەڕین. ئەو هاوارە وەك نووزەی نائومێدی ئازارچەشتووەکانی ناو دۆژە لێ ی بەرز بۆوە و تا لەناو نووزەی پاڕانەوەیکی بەجۆشدا توایەوە، هاواری کۆچی بە ناهەق، هاوارێك کە بریتی بوو لە زایەڵەی ئەو نوسینە ئابڕووبەرەی کە لەسەر دیواری چەشمە دڵۆپەدارەکەی خوێندبۆوە.

لەنیۆ ونگەی جادە پیس و تەنگەبەرەکان پیاسەی دەکرد. لە کۆڵانە پیسەکانەوە گوێی لە دەنگی زڕی هەراوهۆریا و گاڵەگاڵ و دەمەقاڵی سەرمەستەکان بوو کە گۆرانیان دەگوت. هێشتا بە بێ ترسی بەرەو ژوور کشا، لە خۆی دەپرسی دەبێ لای دابێتە گەرەکی جوولەکان. ئافرەت و کیژەکان جلی رەنگینی درێژیان کردبووە بەرو ماڵە و ماڵیان دەکرد. بەشێنەیی هات و چۆیان دەکرد و بۆنیان رۆژە ڕێ یەك دەڕۆیشت. دڵە خورپەیەك دایگرت و بەرچاوی تاریك بوو. گڕی زەردی چراکان لەبەر چاوە تێك شێواوەکانی بەرەو ئاسمانی پڕ هەڵم هەڵدەکشان، وەك بڵێ ی لە بەرامبەر قوربانگەن ئە ئاوا دەسووتان. لەبەر دەرگا و هۆڵە ڕۆشناکان کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵك خۆیان رازاندبۆوە هەر دەتگوت خۆیان بۆ پێڕەوێکی ئایینی تەیار کردووە. ئەو لە دنیایەکی دی دەژیا: تازە لە خەوی شیرینی چەندین سەدە واگا دەهاتەوە.

لە چەقی رێگا بەبێ جوولە وەستا: دڵی لە ناو قەفەزی سینگی دا دەستی کردە فڕك و هۆڕ. ئافرەتێکی شۆخ کە جلێکی پەمبەیی درێژی لەبەر بوو دەستی دانا سەر قۆڵی تا گلی بداتەوە و لە دەم و چاوی وورد بۆوە و گوتی:

- شەو باش، گیانەکەم، ویلی!

ژوورەکەی گەرم و ڕۆناك بوو. لەسەر کورسی یەکی گەورە، لە تەنیشت نوێنەکەی بوکۆکەیەکی گەورە دانیشتبوو و لاقەکانی تەواو لێك کرابوونەوە. ستیڤن ویستی کەمێك قسە بکات تا ئارام بێتەوە، جا هەرکە ئافرەتەکە خۆی رووت دەکردەوە، ئەو سەیری جوولانەوە وشیارە پڕشانازیەکەی سەرە بۆندارەکەی دەکرد.

کاتێك ئەو بە بێ دەنگی لە ناوەندی ژوورەکە وەستا بوو، ئافرەتەکە هاتە لای و بەسەنگینی و کەیف خۆشیەوە لە ئامێزی کرد. باسکە خڕەکانی ئەوی توند گرتبوو و بەخۆیەوەی نووساند بوو. کاتێك بینی دەموچاوی ئافرەتەکە بەهێمنی یەکی سەنگین بۆ لای ئەو بەرز بۆتەوە، هەستی بەوەکرد هێمنی یەکی گەرم لە مەمکەکانی بەرز و نزم دەبێتەوە، هێندی پێ نەچوو لەپڕ دایە پرمەی گریانێکی هیستیری. رۆندکی شادی و فەرامۆشی لە



چاوە بەکەیفەکانی هەڵدەوەرین، هەرچەندە لێوەکانی لێك بوونەوە بەڵام تاقە وشەیەکیان نەدرکاند.

شۆخەکە دەستە زڕینگەدارەکانی بە ناو پرچی ستیڤن دابرد، بە دمۆری گچکە بانگی کرد. شۆخەکە گوتی: ماچێکم بدەرێ.

لێوەکانی دانەدەهاتنەوە بۆ ماچ کردن. ئەو حەزی دەکرد شۆخەکە بەتووندی لە باوەشی بگرێت و نەرم نەرم بیهەژێنێ. لە باوەشی ئەودا هەستی کرد یەکسەر هێزی هاتۆتەبەرو بۆتە چاونەترس و خاوەن بڕوا. بەڵام لێوەکانی دانەدەهاتنەوە تا شۆخەکە ماچ بکەن.

بە جوولەیەکی لەپڕ شۆخەکە سەری ستیڤنی نەوی کرد و لێوەکانی دانا سەر لێوی ستیڤن و ئەویش مانای ئەو جۆرە بزووتنەوانەی بەروونی لە چاوە ڕووەو هەورازەکانی دەخوێندەوە. ئەمە لە توانای ئەو بەدەر بوو. ئینجا ستیڤن چاوەکانی قووچاند و خۆی بە جەستە و مێشکەوە هاویشتە ناو بەختی ئەو، ئاگای لە هیچ شتێکی ئەو دنیایە نەما بێجگە لە قورسایی تاریکی لێوە کراوەکانی. ئەو لێوە ناسکانە چۆن لێویان دەپەستا بە هەمان قورساییش مێشکیان دەگوشی، وەك بڵێ ئەوە تاقە رێگایەك بێت بۆ گەیاندنی قسە پڕرازەکان؛ هەر لە نیۆان لێوەکانیشیەوە بوو کە هەستی بە پاڵەپەستۆیەکی سرکی نادیار دەکرد، تاریکتر لە تاڵی گوناه و ناسکتر لە دەنگ و بۆن.

# پاری سێهەم

تاریکی یە تووندەکەی بەفرانبار بەشڕوشەپڕیۆی بە دوای ڕۆژە ناخۆشەکەی داهات. هەرکە ستیڤن لە چوارگوشە دزێوەکەی پەنجەرەی پۆلەوە تەماشای دەرەوەی کرد هەستی کرد کە تامەزرۆی خواردنە. ئارەزوومەند بوو کە ئیمرۆ چێشتی مزەورەیان هەبێت تا توور و گێزەر و پەتاتەی پلقاوە و پارچە گۆشتی قەڵەوی بەراز لە ناو چەلاوی مزەورەکە دەرهێنێت کە بیبەر و ئاردی بە چاکی تێکراوە. ورگیشی پێ ی دەگوت، ئەم هەمووە بئاخنە ژووریٚ.

ئەمشەو شەوێکی نووتەکی پڕ نهێنی دەبێت. هەر شەو ڕاشکا، لە گەڕەکە چەپەڵەکەی بەزمکەراندا چرای زەرد لەمبەر و ئەو بەردا هەڵدەکرێت. ئەویش ملی ڕێگا پێچاو پێچەکەی شەقامەکە دەگرێت تا بەرە بەرە بە تەزووی ترس و شادی هەنگاوەکانی لەنکاو دەیگەیەننە کونجێکی تاریك. بەزمکەرەکان تازە لە ماڵ دێنەدەر و خۆیان بۆ شەو ئامادە دەکەن، بەتەوەزەلی پاش لە خەوهەڵسان باوێشك دەدەن و تۆقەکانیان لە کەزی سەریان دەدەن. ئەو بەهێمنی بەلایاندا ڕەت دەبێت و چاوەڕێ ی بزوتنەوەیەکی کتوپڕی ئەڤانی خۆی دەکات یا چاوەڕێی بانگێکی لەنکاوی لاشە بۆنخۆشە نەرمەکانیانە بۆ گیانە گوناه پەرستەکەی. جا هەرکە ئەو گوێ ی بۆ ئەو دەنگانە ووشت کرد بوو و هەستەکانیشی لە تامەزرۆییان سڕ ببوون و بەوردی سەرنجی ئەو شتانەیان دەدا کە زامداری دەکەن یا ریسوای دەکەن. چاوەکانی تارمایی کۆمەڵە کوڵ هەڵگرێك لەسەر مێزێکی بێ سەرپۆش یا وێنەی دوو سەربازی ووشتی وەستاو یان پلیتی ڕەنگاورەنگی ئاهەنگیان دەهاتە بەرچاو و گوێچکەکانیشی هەراوزەنای بەخێر هاتنی دەبیست.

– هەڵەو بێرتی، چی باشت لە مێشك دایە؟
– ئەوە تۆی، کۆترە باریکە؟
– برۆ نمرە دە، (نێللی) تەڕوناسك چاوەڕوانتە؟
– شەوباش مێردەکەم! نایەیت ساتێك پێکەوە ڕابوێرین؟

ئەو هاوکێشەیەی لەسەر پەڕاوەکەی نووسی بوو کلکێکی درێژی لێ پەیدا بوو کە وەکو هی تاوس پڕ بوو لە چاو. ئەستێرەی توانەکانی لابرد، دیسان ئەو کلکە هاتەوەیەك. دەرکەوتن و



وونبوونی توانەکان بریتی بوون لە چاوکردنەوە و قوچاندن. ئەو چاوانەی دەقوچان بریتی بوون لەو ئەستێرانەی لەدایك دەبوون و دەکوژانەوە. ئەو بازنە فراوانەی ژیانی ئەستێران مێشکە هیلاکەکەی دەگەیاندە ئەوپەڕی قەراغی دەرەوە، لەناوەوەشڕا دەیگەیاندە چەق، مۆسیقایەکی دووریش لەگەڵ ئەم هاتوچۆیەی دەرەوە بەردەوام بوو. بەڵام چتۆ مۆسیقاییێ؟ هەرکە دەنگی مۆسیقاکە نزیك دەکەوتەوە وشەکانی (شێللی) دەهاتەوە یاد کە دەربارەی مانگی وێڵی بێ هاوڕێ ی ڕەنگ زەردی دەستی هیلاکی بوو. ئەستێرەکان هەڵدەوەرین و نەرمە هەورێکی تۆزە ئەستێرە بەسەر ئاسماندا کشا.

تیشکە کزەکە ناسکتر دادەرژا سەر لاپەڕەکە، ئینجا هاوکێشەیەکی دی بەکاوەخۆ خۆی دەردەخست و کلکە پانەکەی بڵاو دەکردەوە. ئەمە گیانی ئەو بوو کە بەرەو ئەزموون دەڕۆیشت، یەکەیەکە گوناهەکانی خۆی دەکردەوە، تیشکی بەدی ئەستێرە کڵپەدارەکانی پەخش دەکردەوە، ئینجا دیسان خۆی دەپێچایەوە و لەسەرخۆ دەتوایەوە و تیشك و ئاگرەکانی خۆی دەکوژاندەوە. خڕیان کوژانەوە: تاریکییە ساردەکەش ئەم بێ سەروبەرییەی تەنییەوە.

بێ باکی یەکی ناسك هەموو گیانی داگرت. هەر لەگەڵ یەکەم گوناه کردنی بەتین هەستی کرد کە شەپۆلێك تین لە ناخی یەوە فرتکەی دەدا و لەوە دەترسا نەکا لە ئەنجامی پێ داگرتن لەو ئیشە گیان و لەشی پەك بخات. کەچی لەجیاتی ئەوە هەرکە تەوژمە بەتینەکە بەرەو سنگی دەخشا و پاشان دەگەڕاوە پاش: هیچ بەشێکی گیانی یا لەشی لەکار نەکەوت بەڵام خامۆشی یەکی تاریك کەوتە نێوان ئەو دووەوە. ئەو ئاشوب و بۆشاییە یەی کە گڕی ڕۆحی تیا دەکوژایەوە بریتی بوو لە هەستکردنێکی سارد بە بێ باکی خۆی. چاك دەیزانی نەك جارێك بەڵکو زۆر جار گوناهی مەزنی کردووە، لەکاتێکدا دەیزانی تەنها بە هۆی یەکەم گوناه لە دەریای نەفرەتی یەکجاری نقووم دەبێت و هەر گوناهێکی تریش سزاکەی دووقات دەکاتەوە. نە ڕۆژوگرتن و نە ئیش و بیرکردنەوەکانی نەیان دەتوانی بە هیچ چەشنێك لێ بووردنی بۆ بەدەستبێنن، چونکە کانی ی پیرۆزی لێ بووردن چکی کرد بوو تا گیانی پاك بکاتەوە. ئەوپەڕەکەی بە هۆی خێرکردن بەو دەرۆزەکەرانەی کە بەرەکەتی خوایان پێوە نەماوە، بە ماندوویی ئاواتەخواز بوو کە کەمێك بەرەکەتی ڕاستەقینە بۆ خۆی وەدەست بهێنێ. پەرستنکاریەکەی کەوتبوو بەردەم ڕەشەبا. نوێژکردن چ سوودێکی هەبوو، کاتێك چاك دەیزانی کە گیانی تامەزرۆی وێرانکردنی خۆیەتی؟ چەشنە شانازی و چەشنە سامێك ڕێگای لێ دەگرت لە پێشکەش کردنی تاقە نوێژێکی شەوان بۆ خوا، هەرچەندە زۆر چاك دەیزانی کە خوا لە

دەستی دێت لەکاتی خەوتن ژیانی لێ بسەنێتەوە و گیانی سەربەرەوژوور فڕێ بداتە ناو دۆژە تەنانەت پێش ئەوەی داوای بەزەیی لە خوا بکات. شانازی کردن بە گوناهەکەی و سامە بێ خۆشەویستی یەکەی خوا، پێ یان دەگوت کە گوناهە گەورەکەی لەوە مەزنترە کە خوا چ لە کەمێکی یا لە هەمووی ببورێت چونکە ئەو ڕێگایەکی درۆزنانەی گرتۆتەبەر بەرامبەر ئەو خودایەی کە گشت بین و گشت زانە.

- باشە، (ئینیس) با پێت بڵێم تۆ سەرت پێوەیە هەروەك گۆپاڵەکەشم هەیەتی! دەتەوێ بڵێ ی نازانی کوێرە ڕەگی دووجا چی یە؟

وەڵامە چەوتەکە رق و کینەی هەموو قوتابیەکانی بزواند. بەرامبەر ئەوان نە هەستی بە ترس و نە شەرم دەکرد. بەیانی یەکشەموان کە بەلای دەرگای کڵێسادا رەت دەبوو بە ساردی تەماشای کۆمەڵە نوێژکەریکی سەرکۆتی دەکرد کە چوار چوار لەبەردەرگا وەستاون و بەدڵ ئامادەی ئەو (ماس) ە دەبن، کەچی نە هیچ دەبینن و نە هیچیش دەبیستن. خواپەرستی یە گەوجانەکە و بۆنی ئەو ڕۆنە هەرزانەی پرچیان پێ چەور دەکرد وای لێ کرد تەنانەت نفرین لەو کڵێسایەش بکات کە لەبەر دەرگای نوێژیان دەکرد. ئەو بەناو دەریای بەدی دووڕوویی بەرامبەر خەڵکی دی ڕووچوو بوو و لە پاکێتی ئەوان بە گومان بوو و بەئاسانی دەیتوانی پەی بەمە ببات.

لەسەر دیواری ژووری خەوتنی دا تۆمارێکی رازاوە هەڵواسرابوو، کە ئەمەش بڕوانامەی بە چاودێری هەڵبژاردنی بوو لە (کۆمەڵەی حەزرەتی مریەم) لە خوێندنگادا. بەیانی یەکشەموان کە لە کڵێسادا ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە کۆدەبوونەوە بۆ ئاهەنگی چڕینی لاوژە و سروودی ئایینی، جێگای ئەو لەسەر مێزێکی کوشیندار بوو لە لای دەستەڕاستی قوربانگەکە کە لەوێ پێشنوێژی کۆمەڵەکەی دەکرد. درۆزنی ئەو پایەیەی هەیبوو ئازاری نەدەدا. هەرچەندە هەندێك جار هەستی بەوە دەکرد کە لە شوێنە پایەدارەکەی خۆی هەڵبسێ و بچێت لەپێش هەموان دان بەوە دا بنێت کە ئەو شایەنی ئەو پایەیەی نی یە و دەیەویست کڵێسا جێ بهێڵی، بەڵام کە سەیری دەم و چاوی ئەوانەی دەوروبەری خۆی دەکرد لە بڕیارەکەی پەشیمان دەبووە. وێنەکانی ناو سترانی پێغەمبەرایەتی شانازی یە نەزۆکەکەی خاو دەکردەوە. ((نەمری مریەم))[61] گیانی

٦١. ناوی کتێبێ بوو لە نوسینی حەزرەتی ئەلفۆنس لیگۆری، هەروەها ئەوە ناوی کتێبی ئامۆژگاری ئایینی (کاردینالّ نیومان) یشە.



بەند کرد بوو: گوڵی سپایکەنارد و میر و بخووردی بۆنخۆش هێما و دروشمی ڕەچەڵەکی شاهانەی بوون، دروشمەکانیشی بریتی بوون لەو دەوەنانەی درەنگ گوڵ دەردەکەن و ئەو درەختانەی درەنگ دەپشکوون، ئەمانەش هەموویان هیمای گەشەکردنی بەرەبەرەی پیرەوەکەی بوون لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤدا. هەرکە کاتی خوێندنەوەی وانەکە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا هات، بە دەنگێکی شاراوەوە لەگەڵ مۆسیقا دەیخوێندەوە و لایلایەی بۆ وێژدانی خۆی دەگوت:

- Quasi cedrus exaltata sum in Libanon et quasi cupressus in monte Sion. Quasi palma exaltata sum in Gades et quasi plantatio rosae in Jericho. Quasi uliva speciosa in campis et quasi plantanus exaltata sum juxta aquam in plateis. Sicut cinnamomum et balsamum aromatizans oderem dedi et quasi myrrah electa dedi suavitatem odoris.[62]

ئەو گوناهەی کە لەبەرچاوی خوا بزری کرد بوو بەرەو پەناگەی گوناهکارانی دەبرد. وا دیار بوو چاوەکانی (مریەمە) بە بەزەییەکی ناسك لێ یان دەڕوانی: ڕۆشناییەکە کز کز لەسەر جەستە ناسکەکەی دەسوتا، وای لەو گوناهکارە نەکرد هەست بە سووکی خۆی بکات کە لێ ی نزیك دەبۆوە. ئەگەر رۆژێك هات وازی لە گوناهەکەی هێنا و لەو کەڵکەڵەیەی پەشیمان بۆوە، ئەوا بە هۆی ئارەزووی بوون بە موریدی ئەو زاتە پیرۆزەیە. ئەگەر رۆژێك گیانی بەشەرمەزاری هاتەوە ناو کونجەکەی دوای ئەوەی تای تامەزرۆیی جەستەی دادەمرکێتەوە، ئەوا ڕوو دەکاتە ئەو زاتە پیرۆزەی کە دروشمی ئەستێرەی بەورشە و جریوەداری بەیانیە کە باسی ئاسمان دەکات و فەرامۆشی بە رۆح دەبەخشێت. ئەوە ئەو کاتە ڕوودەدات کە لێوەکانی بەنەرمی ناوی ئەو بچرپێنن - ئەو لێوانەی کە تا ئێستاش وشە چەپەڵ و ئابڕووبەرەکانیان لەسەرە، ئەو لێوانەی کە تا ئێستا تامی ماچە تامەزرۆکانیان پێوە ماوە.

ئای کە سەیر بوو: بیری کردەوە چۆن وا دەبێ. بەڵام تاریکی زەردەپەڕ بەرە بەرە ژوورەکەی قوت دەدا و پەردەی مێشکیشی دادەپۆشی، زەنگەکە لێ درا. مامۆستا ئەرکی بۆ وانەی ئایندە نیشان کرد و پۆلی جێ هێشت.

٦٢. ئەوە سێ یەم گۆرانی یە لە (لاوژە و سروودی ئایینی) ماناکەی بەم شێوەیە: ((پیرۆزم وەك دار کاژ لە لوبنان، نارەوەنی سەر چیای زایۆن، دار خورمای قودس، دەوەنی گوڵی جیریکۆ، دار زەیتونی جوانی دەشتان، دار چناری قەراغ ئاوان. بۆنێکی خۆش وەکو دار چین و بەلسەم و چاکترین دار میر دەبەخشمەوە.))

(هێرۆن) لە تەك ستیڤن بە بێ ئاواز لەبەر خۆی دەستی کردە گۆرانی گوتن:

**چاکترین هاوڕێم بۆمباداس**[٦٣]

(ئێنیس) کە لە گۆڕەپانەکە گەڕایەوە گوتی:

- نۆکەری ماڵ لە دوای بەڕێوەبەر دەگەڕێ.

کوڕێکی کەڵەگەت لە پشت ستیڤن دەستەکانی لێك خشاند و گوتی:

- ئەوە لە خۆشبەختی خۆمانە. بەدرێژایی ئەو کاتژمێرە یاری دەکەین، تا پاشی سەعات (٣٠: ٢) ناگەڕێتەوە. پاشان دەتوانیت چەند پرسیارێکی دەربارەی ڕێنمایی ئایینی لێ بکەیت، دیدالۆس.

ستیڤن خۆی بە پشتدا گێڕا بوو و بەکەمتەرخەمی یەوە خەریکی هێڵ کێشان بوو، گوێ ی بۆ قسەکانی دەوروبەری خۆی شل کرد بوو. هێرۆن، هەر ساتە ناساتێك قسەکانی پێ دەبڕین و دەیگوت:

- کڕ بن. واز لەو هەراو هۆریایە بێنن!

ئەویش هەر سەیربوو کە جۆرە خۆشی یەکی بێ تامی لە پاراستنی پەیرەوییە وشك و برینگەکانی کلێساوە وەربگرێ و ڕووبچیتە ناو هێمنی یەکی نەزانراو تا زیاتر ببیسێ و قوڵتر هەست بە گوناهە مەزنەکەی بکات. ئەو رستەیەی حەزرەتی جێمس کە دەڵێ ئەوەی گوناهێکی کرد، مانای وایە هەموو گوناهێکی کردووە، پێشتر وەکو رستەیەکی پووچ و بێ مانای دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئێستا بە هۆی ئەو تاریکی یەی ئەو تیایدا بوو لە سەرتاپای ماناکەی گەیشت. لە دەنکە تۆوێکی تامەزرۆیی بەدفەڕ هەموو گوناهە مەزنەکانی تر رسکان: شانازی بەخۆکردن و خەڵك بەهیچ زانین، دەستبڵاوی لە پارە خەرج کردن بۆ دەستگیرکردنی خۆشی قەدەغە کراو، ئێرەیی بردن بە وانەی گوناهیان لە هی خۆی کەمتر بوو، پاشملە قسە کردن لەسەر بڕواداران، نەوسنی یەکی بێ تام لە خواردندا، تووڕەیی یەکی چەپەڵ کاتێك ئارەزووی شتێکی کردابا، هەروەها سەرباری ئەو هەموانەش چڵکاوی تەوەزەلی جەستەیی و گیانی کە هەموو ئازای لەشی تێدا نقووم ببوو.

کاتێك لەسەر کورسی یەکەی دانیشتبوو، لەسەرخۆ لە دەم و چاوە وشکە تیژەکەی بەڕێوەبەر ڕادەما و مێشکی لەدەست ئەو پرسیارانەی ئاراستەی دەکران ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد. ئەگەر مرۆڤێك لە گەنجی دا پاوەندێکی دزی و ئەو پاوەندەی کردە

---

٦٣. ئەوە دێری گۆرانی یەکە لە شانۆنامەیەکی پانتۆمایمی دەبلن.



دەستمایە بۆ پێکەوەنانی سامانێکی مەزن، جا دەبێ چەندێك بگەڕێنێتەوە: ئەو پاوەندەی کە دزیبووی یا پاوەندەکە و قازانجی ئەو ماوەیەی کە بەسەر دزیەکەدا تێ پەڕبووە یان هەموو سامانەکەی؟ ئەگەر یەکێك لەکاتی بەناوکردنی منداڵێکدا ئاوە پیرۆزەکەی پێش گۆتنی وشەکانی بەناوکردن ڕشت، ئایا ئەو منداڵە بەناوکراوە؟ یان بەناوکردن بە ئاوی کانزایی دەبێت یان نەء؟ ئەی ئەمە چۆن دەبێت کە ئایەتێك بەڵێن دەداتە هەژارە دڵ پاکەکان کە بەهەشتی ئاسمانیان پێ دەبەخشرێ، کەچی ئایەتێکی دی بەڵێن بە گوێڕایەڵان دەدات کە دەبنە خاوەنی زەوی؟ ئەدی بۆچی قوربانی پیرۆز بەس بە نان و بادە دەبێت مادام یەسوعی مەسیح چ جەستە و چ خوێن، چ گیان و چ خواوەندێتی بەتەنیا لە لەتەنانێك یا قوومە بادەیەك دایە؟ ئایا پارچەیەکی بچووکی نانی پیرۆز گشت جەستە و خوێنی مەسیح یا تەنیا بەشێك لە جەستە و خوێنی ئەوی تیایە؟ ئەگەر بادەکە بووە سرکە و قوربانی یە پیرۆزەکەش بۆگەن بوو پاش ئەوەی پیرۆز کرا، ئایا هێشتا یەسوعی مەسیح چ وەك خوا و چ وەك مرۆڤ لە ناوی دەمینێتەوە؟

- ئا ئەوە هاتەوە! ئا ئەوە هاتەوە!

یەکێك لە قوتابییەکان لە شوێنی خۆی لە پەنجەرەوە بەڕیوەبەری دیت کە لە بەڕێوەبەرایەتی دەهاتە دەرەوە. هەموویان کتێبی ڕێنمایی ئایینیان کردەوە و بەکڕی سەریان بەسەر داگرت. بەڕێوەبەر هاتە ژوور و لە جێگای خۆی لەسەر مێزەکە دانیشت. قوتابیە کەڵەگەتەکەی پشت ستیڤن بە سەرسمکێك هانی ستیڤنی دا پرسیارێکی قورس بپرسێت.

بەڕیوەبەر داوای کتێبی ڕێنمایی ئایینی نەکردبوو تا وانەکەی بۆ بخوێننەوە. دەستەکانی لێك گیر کرد و گوتی:

- پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە لە سەر شەرەفی حەزرەتی (فرانسیس زافیر) خلوەت دەگرین کە رۆژی شەموان ئاهەنگی جەژنی ئەوە. خلۆەتەکە لە چوارشەممەوە تا رۆژی هەینی دەخایەنێت. پاش نیوەڕۆی هەینی بۆ (دانپیانان) تەرخان دەکرێت، بەڵام دوای لێ بوونەوە لە تەسبیحکاری، ئەگەر یەکێك لە ئێوە قەشەیەکی تایبەتی هەیە و لە لای (دانپیادەنێ) چاکتر وایە نەیگۆڕێ. ئاهەنگی (ماس) لە کاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی رۆژی شەممە دەست پێ دەکات و کۆڕێکی گشتیش بۆ هەموو خوێندنگا ساز دەکرێ. رۆژی شەممە بۆ پشوودانە. یەکشەمەش هەروا. بەڵام لەگوینە هەندێ قوتابی وابزانن کە دوشەممەش رۆژی پشووە. لەم هەڵەیە ئاگاداربن. وابزانم (لۆولێس) تۆ دەکەویتە ناو ئەم هەڵەیەوە.

– من گەورەم؟ بۆچ، گەورەم؟

بزە کاڵەکەی بەڕێوەبەر کورتە شەپۆلێکی شادی بە قوتابیانی پۆلەکە بەخشی. دڵی ستیڤن بە هێواشی لە ترسان وێك دەهاتەوە و بەچەشنی گوڵێکی ژاکاو دەتوایەوە.

بەڕێوەبەر بە سەنگینی گوتی:

– وا بزانم هەمووتان سەرگوزشتەی ژیانی حەزرەتی (فرانسیس زافیر) چاك دەزانن کە شوانکارەی خوێندنگاکەتانە. لە بنەماڵەیەکی ئیسپانی بە ناوودەنگی کۆن هاتۆتە دنیاوە، خۆ ئەوەشتان لەبیر ماوە کە گوتمان یەکەمین یاوەری (ئیگناتۆس) بوو. ئەوان لە پاریسدا یەکتریان ناسی کە (فرانسیس زافیر) لە زانکۆی ئەوێ پرۆفیسۆری فەلسەفە بوو. ئەم پیاوە پایەبەرزە ڕۆشنبیرە گەنجە، بەدڵ و گیان خۆی هاویشتە باوەشی بیرۆکەی دامەزرێنەری مەزنمان. هەڵبەتە ئەوەش دەزانن کە لەسەر داوای خۆی حەزرەتی (ئیگناتۆس) ناردیە هیندستان بۆ هێنانە سەر ڕێ یان. هەروەکو دەزانن ئەو بە نێراوی هیندیەکان ناونراوە. ئەو لە ڕۆژهەڵات لە وڵاتێکەوە دەچووە یەکێکی دی، لە ئەفریقیاوە چووە هیندستان و لە هیندستانەوە چووە یابان، تەنها بۆ هینانە سەرڕێ ی خەڵکی. هەروەها دەڵێن لە ماوەی یەك مانگدا دە هەزار بتپەرستی هێناوەتە سەرڕێ. دەڵێن دەستی ڕاستی لەکار کەوت لەبەرئەوەی ئەوەندەی بەسەر سەری خەڵکیدا هێناوە کاتی هێنانە سەرڕێ یان. ئینجا دەیویست بچێتە چینیش تا هەندێك گیانی دی بۆ لای خوا ڕابکیشێت، بەڵام بە گرانەتیێ لە دوورگەی (سانشیان)[64] گیانی سپارد. ئای کە حەزرەتێکی مەزن بوو، حەزرەتی فرانسیس زافیر! چ سەربازێکی مەزنی خودا بوو! بەڕێوەبەر کەمێك وەستا و پاشان دەستە بەیەك نووساوەکانی لەپێش خۆی جولاندەوە و بەردەوام بوو:

– بڕوایەکی وای هەبوو کە چیای دەلەرزاند. لە مانگێکدا دەهەزار گیانی هێنا سەرڕێ! بەڕاستی پێشەوایەکی راستەقینە بوو، لەگەڵ دروشمی پێڕەوەکەی سەرڕاست بوو: بۆ پایە بەرزی خودای مەزن. ئەوە لە یاد مەکەن کە حەزرەتێکی خاوەن توانای مەزنە لە ئاسمان، توانایەکی وای هەیە کە لەکاتی دڵتەنگی بەهانامانەوە بێت، توانایەکی وای هەیە کە ئەو شتانەمان بۆ بەدەست بهێنێ کە داوای دەکەین ئەگەر بێ و بەس لە خزمەتی گیانمان بێت، توانایەك کە لەسەرووی هەمووانەوە، شادی پەشیمان بوونەوەمان بخاتە دڵ و دەروون ئەگەر گوناهێکمان کرد؛ بەڕاستی حەزرەتی (فرانسیس زەفیر) پیاوێکی مەزن بوو! ئای چ ڕاوچی یەکی مەزنی ڕۆح بوو!

٦٤. دوورگەیەکە دوور لە کەنار ئاوی چینی.



لە قسەکردن وەستا تا دەستە بەیەك نووساوەکانی هەڵشەقێنێ، ئینجا لە سەر هەنی یەی خۆی دانان. بە چاوەرەشە تیژەکانی بەووردی تەماشای گوێگرەکانی دەستە ڕاست و دەستە چەپی خۆی کرد.

لە ناو ئەو خامۆشی یەدا ئاگری پۆلەکەیان تارمایی یەکەی دەکردە گڕێکی بۆر ڕەنگ. دڵی ستیڤن وەك گوڵێکی بیابان توایەوە کە لە دووررا هەست بە هەڵکردنی ڕەشەبای گڕە بکات.

* * *

– تەنیا بیر لە دوا ڕۆژ بکەنەوە هەرگیز ناکەونە ناو داوی گوناهەوە.

– ئەی برایانی ئایینی گچکەی ئازیزم، ئەم وشانە لە پەڕتووکی ئایین پەرستی، بەندی حەوەتەم، ئایەتی چلەم دایە. بە ناوی باوك و کوڕ و گیانی پیرۆز، ئامین.

ستیڤن لە مێزی پێشەوەی کڵێسا گچکەکە دانیشت. باوکە ئارناڵ لەسەر مێزێکی لای دەستە چەپی قوربانگەکە دانیشت، باڵاپۆشێکی گەورەی بەسەر شانەکانی دادا بوو، دەم و چاوە لاوازەکەی دەرپەڕی بوو و دەنگەکەی لە بەر تف و بەڵغەم نوسا بوو. هەیکەلی مامۆستا کۆنەکەی، کە زۆر بەسەیری وەستا بوو، ژیانی جارانی کلۆنگۆزی هێنایەوە یاد، یاریگە فراوانەکانی کە جمەی لە منداڵ دەهات، چاڵی ئاودەسخانە، گۆڕستانە گچکەکەی لاچەپی سەر ڕێگا سەرەکی یەکەی ناو دار لیمۆکان کە لە خەویا وا بوو لەوێ نێژراوە، روناکی ئاگری سەر دیواری ئەو نەخۆشخانەیەی تیایدا خەوتبوو و دەم و چاوە بەخەمەکەی کرێڤ مایکل. کە ئەو یادگارانەی دەهاتەوە یاد گیانی دیسان دەبۆوە گیانی منداڵێکی ساوا.

– ئیمرۆ لێرە کۆبوینەتەوە، ئەی بچکۆڵە نازدارەکان، ئەی برا ئایینەکانم، بۆ ئەوەی تاوێکی کورت دوور لە هەراو هۆریای دنیای دەرەوە، ئاهەنگ بە بۆنەی ڕێز و پایەی مەزنترین حەزرەتمان، رەوانکراوی هیندیان، شوانکارەی چاکی خوێندنگاکەتان حەزرەتی فرانسیس زافیر بگێڕین. خوێندکارانی ئەم خویندنگایە ساڵ لە دوای ساڵ لە زۆر لەمێژەوە کە نە ئێوە و نە منیش بە بیرم دێت لەو هەمان کڵێسایەدا کۆبوونەتەوە تا خلۆەتی ساڵانە بگرن پێش داهاتنی جەژنی شوانکارەی پیرۆزیان حەزرەتی فرانسیس. کات بەسەرچوو و گۆڕانیشی لەگەڵ خۆی هێنا. تەنانەت لەم چەند کەمە ساڵەی دوایی دا کیهاتان بە بیرتان نایەت کە چەند گۆڕان ڕووی داوە؟ لەوانەیە زۆربەی ئەو منداڵانەی چەند ساڵێك لەومەبەر لەو کورسی یانەی پێشەوە دادەنیشتن، ئێستا لە هەندەران بن، لە ناوچە یەکسانە گەرمەسێرەکان بن، یان لەناو ئەرکی گرانی خۆیاندا یا کۆڕ و کۆڕبەستندا نقووم بوو بن، یا لە گەشتی بێ کۆتایی دا بن، یا دوور

نییە خوا ژیانی لێ سەندبنەوە و لەبڕی ئەوە هی دوایی پێ دابن و لە ئازار و ئەشکەنجەی ئەو ژیانەی رزگار کرد بن. لەگەڵ تێپەربوونی ساڵ گەلێك گۆڕان روو دەدات جا چاك بن یان خراپ. کەچی سەرلەبەر خوێندکارانی خوێندنگای ئێمە هەر یادی حەزرەتی مەزنیان دەکەنەوە و هەموو ساڵێك لەو رۆژانەی کە دەکەونە پێش ئەو جەژنەی دایکی مەزنی کڵێساکەمان دیاری کردووە خڵوەت دەگرن، تا بۆ هەموو سەدەکانی داهاتوو ناو و ناوبانگ و پایەبەرزی یەکێك لە مەزنترین رۆڵەکانی ئیسپانیای کاسۆلیکی بپارێزرێت.
- ئێستا با بزانین مانای وشەی خڵوەتگرتن چییە و لەبەرچی هەموو کەس بە چاکترین ڕێگای دادەنێت بۆ هەر یەکێك بیەوێت ژیانێکی مەسیحی راستەقینە بەرامبەر خوای خۆی و خەڵکی دی بەسەر ببات؟ رۆڵە ئازیرەکانم، خڵوەتگرتن خۆ بەدوورگرتنە لە کێشەکانی ژیان بۆ ماوەیەك، کێشەی ئەم دنیا پڕ ئەشکەنجەیە، تا باری وێژدانمان ئەزموون بکەین و تا بیر لە ڕازەکانی ئایینە پیرۆزەکەمان بکەینەوە، تا باشتر تێ بگەین بۆچی ئێمە لەو دنیایەین. لەو چەند رۆژە کەمانەی دادێت نیازم وایە هەندێك بیرۆکەتان دانێمە بەرچاو کە پەیوەندی بە چوار شتە هەرهەری یەکەوە (ابدی) هەیە. ئەو چوار شتانە هەروەکو لە کتێبی رێنمایی ئایینەوە دەزانین بریتین لە: مەرگ، لێ پرسینەوە، دۆژە و بەهەشت. لەو کەمە رۆژانەی دادێ هەوڵدەدەین بە قووڵی لەمانە تێ بگەین بۆ ئەوەی لە ئەنجامی ئەو تێگەیشتنەمانەوە هەندێك سوودی هەمیشەیی بۆ گیانمان لێ یەوە هەڵهێنجین. ئەوەتان لەبیر نەچێت، رۆڵە ئازیزەکانم، کە خوا ئێمەی هێناوەتە ئەم دنیایە بۆ یەك مەبەست، بۆ تاقە مەبەستێك کە ئەویش بریتی یە لە جێ بە جێ کردنی ئەڤانی پیرۆزی خوا و رزگارکردنی گیانە نەمرەکەمان. هەموو شتێکی دی بێ سوودە. تەنیا تاقە شتێك پێویستە ئەویش بریتی یە لە رزگارکردنی گیان. دەبێ چ سوودێکی هەبێت ئەگەر مرۆڤ هەموو دنیا هی خۆی بێ و گیانە نەمرەکەی بدۆڕێنێ؟[65] ئاه، رۆڵە ئازیزەکانم، لەو دنیایە ئومێدبڕەدا هیچ شتێك نی یە شوێنی ئەو شتە دۆڕاوە بگرێتەوە.
- جا بۆیە، ڕۆڵە نازدارەکانم، داواتان لێ دەکەم لەو چەند رۆژە کەمەدا هەموو چەشنە بیرێکی دنیایی لە مێشکتان ببەنەدەر، چ دەربارەی خوێندن بێت، چ دەربارەی گەمە بێت یا دەربارەی ئاوات خواستن بێت و بەتەواوی مێشکتان بە باری گیانتانەوە خەریك بکەن. ئەوەش پێویست ناکات بە بیرتان بێنمەوە کە دەبێ هەر یەکێك لە ئێوە لەو ماوەی خڵوەتگرتندا رەفتارێکی

٦٥. دەبێ چ... بدۆڕێنێ؟ ئەم پرسیارە لە ئینجیلی مارك دایە (بەشی ٨: دێری ٣٦)



هێمن و بڕوادارانە بنوێنێ و خۆی لە هەموو جۆرە گەمە و وازێکی نەشیاو بەدوور بکرێت. هەڵبەتە، دەبێ قوتابیە هەراشەکان چاودێری پاراستنی ئەو رەوشتانە بکەن، منیش بە شێوەیەکی تایبەتی داوا لە چاودێر و ئەندامانی "کۆمەڵەی خانمە پیرۆزەکەمان" و "کۆمەڵەی فریشتەی پیرۆز" دەکەم ببنە پێشڕەوی نموونەیی قوتابیانی دی.
- کەواتە با هەوڵ بدەین ئەم خڵوەتە بە دڵ و گیان بە بۆنەی ڕێز و پایەبەرزی حەزرەتی (فرانسیس) بگرین. جا ئەوسا فەڕی خوا بەسەر وانەکانتان بەدرێژایی ساڵ دادەبارێت. بەڵام لەوسەر و لەوبەری گشت شتێکەوە با وا بکەین ئەم خڵوەتگرتنە ببێتە شتێکی وا لە ساڵانی ئایینەدەدا کە لە خوێندنگا دوور دەکەونەوە و لە نێوانێکی دی ژیان دەژین، بەچاوی ڕێز و بەختەوەرەی یەوە سەیری بکەین و سوپاس و ستاییشی خواش بکەین کە ئەو بۆنەیەی پێ بەخشیووین بۆ چەسپاندنی یەکەم بەردی بناغەی ژیانی سەربەرزی و پڕ لە گەرم و گوڕی مەسیحایەتی. جا ئەگەر لێرە — لە گوینە واش بێت- هەر کەسێکی بەسەزمان لەم ساتەدا بەهۆی بەختی ڕەشیەوە لە بەزەیی و فەڕی پیرۆزی یەزدان بێ بەری بوو بێت و کەوتبێتە باوەشی گوناهێکی مەزنەوە، من پڕ بەدڵ و بەبڕواوە هیوادارم کە ئەم خڵوەتگرتنە ببێتە پنتی گۆڕان لە ژیانی ئەو گیانەدا و منیش لە خوا دەپاڕێمەوە و نزا دەکەم کە بۆ خاتری پایەبەرزی بەندە خۆین گەرمەکەی (فرانسیس زافیر) ەوە، ئەو کەسە بخرێتە سەر رێگای پەشیمان بوونەوەیەکی راستەقینە و تا تفەڕکی پیرۆزی رۆژی فرانسیسی پیرۆزی ئەم ساڵە ببێتە پەیمانی هەتا هەتایەی پەشیمان بوونەوە لە نێوان خودا و ئەو گیانەدا. رەنگە ئەم خڵوەتگرتنە چ لە لای دادپەروەر و چ زۆردار، چ حەزرەت و چ گوناهبار ببێتە رۆژێکی لەبیر نەچۆوە.
- یارمەتیم بدەن، ئەی برا ئازیزە گچکەکانی ئایینم، یارمەتیم بدەن بە گوێگرتنێکی بڕوادارانە، بەخۆ بەختکردنتان، بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتتان. هەموو تەرزە بیرێکی دنیایی لە مێشکتان ببەنەدەر. بیر لە هیچ مەکەنەوە بێجگە لە شتە هەر هەری یەکان: مەرگ، لێ پرسینەوە، دۆژە و بەهەشت. لە کتێبی ئاییندارى دا دەڵێ: ئەوەی ئەوانەی لەبیر بێت هەرگیز گوناه ناکات. ئەوەی ئەو شتە هەر هەری یانەی لەبیر بێت بیریان لێ دەکاتەوە و بەپێ ی ئەوانە ئیش دەکات و هەمیشە ئەوانەی لەبەر چاوە. ژیانێکی چاك دەباتە سەر و مردنێکی باشیش دەبێتە بەشی، بیر لەمە بکەنەوە و بڕوا بەوە بهێنن ئەو کەسەی لە ماوەی ژیانی دا زۆر شتی لە ڕێ ی خوا بەختکردووە، ئەوا لە ژیانی دوایی دا سەدقات و هەزار قاتیش زیاتر لە ناو شانشینی هەتاهەتایە چاکەکەی دەدرێتەوە— ئەوە نیعمەتێکە، رۆڵە ئازیزەکانم، کە هیوادارم کەستان لێ ی بێ بەری نەبن، دەسا تێکرا با بڵێین بە ناوی باوك و کوڕ و گیانی پیرۆز، ئامین.

کاتێك ئەو لەگەڵ چەند هاوڕێ یەکی هێمن بەرەوماڵ دەبۆوە، وای هەستکرد کە تەمێکی چڕ ئاسمانی مێشکی داگرتووە. لەو تاوە بێ ئاگایی یەی مێشکی چاوەڕێ ی ئەوە بوو ئەو تەمە لا بکەوێت تا ئەوەی شاراوەتەوە بۆی دەربکەوێت. بەتامەزرۆیی یەوە فراوینی کرد و هەرکە ژەمەکە کۆتایی پێ هات و قاپە چەورەکان بە بۆشی لە سەر مێزەکە مانەوە، هەستا و ڕووی کردە لای پەنجەرەکە، چەوراتی دەم و لێوی بە زمان لێستەوە. بەم جۆرە چووە ریزی ئەو ئاژەڵە دڕندانەی کە پاش گۆشت ڕنینەوە دەکەونە لێستنەوەی دەم و لەوچیان. ئا ئەمە کۆتایی یەکەی بوو: تاڵە ترسێکی لاواز بە ناو تەمی مێشکیا ڕوو چوو. دەم و چاوی خۆی بە مینای پەنجەرەکەوە نوساند و دەیڕۆنیە شەقامە تاریکەکە. چەند کەسێك بە ناو رۆشنایی یە کزەکە تێ پەڕین. ئا ئەوەش ژیان بوو. پیتەکانی ناوی (دەبلن) قورسایی یان دەختەسەر مێشکی، هەریەکەیان زۆر بەڕەمەکی لەسەرخۆ پاڵەسووی پیتەکەی دی دەنا. رۆحی هەڵدەدەفا و دەمەیی تا دەبوو بە پارچە بەزێکی دزێو، پتر بەناخی ترسە گەوجانەکەی ڕوودەچوو بۆ ناو تاریکییە هەڕەشەکەرەکەی دڵتەنگی، لەکاتێکدا ئەو جەستەیەی کە پەسارگەی بوو، بە بێ جوولە و بەشەرمەزاری یەوە وەستا بوو و بەچاوە تاریکەکانی لە دنیا ڕادەما. شەکەت و پەریشان دەهاتە بەرچاو. تەنیا لەبەرچاوی خودایەکی گائاسا دەوێرا بە چاوێکی مرۆڤانە لە خۆی ڕابمێنێ.

ڕۆژی ئاینده مەرگ و لێ پرسینەوەی لەگەڵ خۆی هێنا و رۆحیشی بەکاوەخۆ لەناو نائومێدیە خامۆشەکەی دەجوولایەوە. تاڵە لاوازەکانی ترس هەڵدەزۆپان و ترسێکی مەزن کە گشت ڕۆحی دەتەنی هەرکە دەنگە زڕەکەی ڕێنماکەر تۆوی مەرگی لە رۆحا دەوەشاند. هەستی بە ئەشکەنجە دەکرد. هەستی دەکرد کە سەرمای مەرگ بە سەر پەلەکانیا دەخشێ و بەرەو دڵی پەلوپۆ داوێ، تەمی مەرگ بەرچاوی گرت، پنتە رۆناکەکانی مێشکی یەکە یەکە وەك چرا دەکوژانەوە، دوا دڵۆپی ئارەقی مەرگ بە سەر پێستی دا دەهاتنەخوار، بێ هێزی قاچە مردووەکانی، وشەکانی چڕ دەبوونەوە و لە گەرووی دا دەگەڕان و بەردەبوونەوە، دڵی هێواشتر لێ ی دەدا، هێواشتر و هێواشتر، هەمووی کپ بوو: هەناسە بەستەزمانەکەی، گیانە بەستەزمانە بێ هێزەکەی مرۆڤ، هەنسکی دەدا، ئاخی هەڵدەکێشا و لە گەرووی دا غرەغری دەهات و پەنگی دەخواردەوە. چار نی یە! چار نی یە! ئەو- خۆی — ئەو جەستەیەی خۆی دابووە دەستی مرد. بیخەنە گۆڕەوە تەرمەکەی بخەنە سندووقێکەوە و بزمار ڕێژی بکەن. لە ماڵەوە بە سەر شانی کرێگرتەکان بیبەنەدەر. لە بەرچاوی مرۆڤی بزر بکەن و فڕێ بدەنە ناو



قۆرتێکی زەوی، نیۆ گۆڕێکەوە، تا برزێت، تا کۆمەڵە کرمێك لێ ی تێر بخۆن و با جورجە زگ تێرکەکانیش هەڵی لووشن.

لەو دەمەی هێشتا هاوڕێکانی بە چاوی پڕ فرمێسکەوە لە ژوورسەری وەستا بوون، گیانی ئەو گوناهکارە سزا درا. لە دواساتی وشیاری دا، سەرتاپای ژیانی دنیا هاتە بەرچاوی رۆحی، تەنانەت پێش ئەوەی ماوەی بیرکردنەوەی هەبێت، جەستە دەمرێ و رۆحیشی بە ترسێکی مەزنەوە لە بەردەم کورسی لێ پرسینەوەدا دەوەستێت. خودا، کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خاوەن بەزەیی و میهر بووە، هەنووکە دادپەروەری دەنوێنێ. ماوەیەکی دوورودرێژ سەبری گرت، مۆڵەتی دا گیانە گوناهکارەکەی پەشیمان ببێتەوە، ماوەیەکی زیاد لەخوێشی مۆڵەتی دا بوو. بەڵام ئەو کاتە ڕابرد. کاتی هەبوو گوناه بکات و چێژ وەربگرێت، کاتی هەبوو گاڵتە بە خوا و ئامۆژگاریە پیرۆزەکانی کڵێسا بکات، کاتی هەبوو ململانێ لەگەڵ خاوەن شکۆ بکات و سەرپێچی لە فرمانەکانی بکات و هاوڕێکانی فریو بدات و گوناه یەك لە دوای یەك بکا و پووچەڵێتی خۆشی لە خەڵکی دی بشارێتەوە. ئا کاتی هەبوو. بەڵام ئەو کاتە ڕابرد. ئێستا نۆرەی خودایە: ئێستا کەس ناتوانێ خوا فریو بدات یان بیخڵەتێنێ. ئێستا گوناهەکان یەکە یەکە لە پەسارگەی خۆیانەوە دێنە دەرێ، هەر لە مەزنترین گوناهی یاخی بوون لە ئەڤانی خودا تا دەگاتە چەپەڵترین گوناهی سروشتە پووچەڵە بەستەزمانەکەمان، بگرە تەنانەت گچکەترین چەوتی و خەوش و بەدێتیشمان. چ سوودێکی هەیە ئەگەر ئیمپراتۆرێکی مەزن یا ژەنەراڵێکی مەزن یان داهێنەرێکی مەزن یا زانای زانایان بیت؟ هەمووی لەبەردەم کورسی خوای مەزن هەریەکن. خوا چاکەکەران خەڵات دەکا و پیاوخراپان سزا دەدات. یەك تاقە چرکە بەسە بۆ لێ پرسینەوەی رۆحی مرۆڤ. یەك تاقە چرکە پاش مردنی جەستە، رۆح دەخرێتە ناو تەرازوو. کە ئەم لێ پرسینەوە تایبەتە بەسەر دەچێ، ڕۆحەکە یان دەنێررێتە بارەگای کامەرانی یان زیندانی پەردە یان سەراوئخوون دەکرێتە ناو دۆژە.

کار هەر بەوەندە کۆتایی نایەت. دەبێ دادپەروەری خوا لە پێش چاوی مرۆڤ ساغ بکرێتەوە: دوای لێپرسینەوەی تایبەتی هێشتا لێپرسینەوەی گشتی ماوە. ئەوە رۆژی دوایی هات. رۆژی زیندووبوونەوە نزیکە. ئەستێرەی ئاسمان وەك هەنجیری بەردەم رەشەبا بەردەبنەوە سەرزەوی. خۆر، مەزنترین روناکی بەخشی گەردوون، وەك جواڵی لە موو دروستکراوی لێ دێت. مانگ ڕەنگی وەکو خۆین هەڵدەبزڕکێ. ئاسمان وەکو گلۆڵە دەپێچرێتەوە. (میکایل) ی سەر فریشتە، میری میوانانی ئاسمان، بەسام و نەمری لە ئاسمان دەردەکەوێت. پێ یەکی لەسەر دەریایە و

ئـەوی تـری لەسـەر زەوی یـە. فـوو دەکاتـە نـاو کـەڕەنا گەورەکـەی فریـشتانەوە و مـەرگی راستەقینەی کات رادەگەیەنێ. سێ جار زیڕەی ئەم فریشتەیە لە سەرانـسەری گـەردوون دەنـگ دەداتەوە. کات هەیە، کات هەبوو، بەڵام چی دی کات نامێنێت. هەر لەگەڵ دوا زیڕە رۆحی خڕ مرۆڤی گەردوون دەردەپەڕن و بەپەلە بەرەو (جیهۆشافات) دەکەونەڕێ، ئێنجا دەوڵەمەند بن یان هەژار، سەردار بن یان بەندە، ژیر بن یان گێل، باش بن یا خراپ. لـەم رۆژە پـیرۆزەدا، گیـانی گشت مرۆڤێك لە هەر چ کاتێکـەوە بـوو بێـت، لەگـەڵ گیـانی هـەموو ئەوانـەی کـە هێـشتا نەهاتوونەتـە رووی دنیـا، گـشت کـوڕ و کیـژەکانی ئـادەم، کـۆ دەبنـەوە. هـاوار، رۆژی لێ پرسینەوەی گەورە هات! چیتر نە بەرخی گچکەی خودا، نەپشتیوانانی یەسوعی (نەزاریـشی)، نە پیاوی خەم و پەژارە، نەشوانکارەی چاك ماوە، کەچی هەنووکە لە پـشت هەورەکانـەوە، بـە سام و توانایەکی مەزنەوە، بە خۆ و بە نۆ کۆرسی فریشتان، فریشتە و سەرفریشتە، میر و توانا و ئاکاری پاك، تەختدار و هێزدارەکان، کیروبیەم و سیرافیم لەگەڵ خودای گـشت توانـا و هـەتا هەتایە دەردەکەون. خودای مەزن دێتە قسە: دەنگی لە دوورترین کونجی ئاسمـان و لـە قـوڵترین کارکاڕەی بێ بن دەبیسترێت. باڵاترین دادپرس دێتە گوفتار، ناتوانرێت قسە لە قسەی بکـرێ و بگوترێ چۆن وا دەبێت و چۆن ئەوە ڕوو دەدات. چاکەپەرستان گاز دەکاتە لای خـۆی و داوایـان لێ دەکات بچنە شانشینەکەی، ئەو نیعمەتە هەتاسـەرەی کـە خـوا بۆیـانی ئامـادە کـردووە. خراپەکارانیش لە خۆی دوور دەخاتەوە و لە تاو ئەوانەی خراپـەیان لەگـەڵ کـردووە بـە دەنگـە بەسامەکەی هاوار دەکات: ((جیێم بهێڵن، ئێوە ئـەی نفـرین لێ کـراوان. فـرێ یـان بدەنـە نـاو ئاگرێکی هەمیشەیی کە بـۆ شـەیتان و یـاوەرانی ئامـادە کـراوە)).[٦٦] ئـاه، ئـەو گوناهکـارە بەسەزمانانە چ ئەشکەنجەیەك دەکێشن! هاوڕێ لە هاوڕێ ی جیا دەبێتەوە، منداڵ لـە بـاوانی، مێرد لە ئافرەتەکەی. گوناهکەرە بەسەزمانەکان باوەش بۆ ئەو کەسانە دەکەنەوە کە لە ژیـانی ئەو دنیایەدا خۆشیانی دەویست، بۆ ئەوانەی کە گاڵتەی بە ئاینداری و خواپەرستیان دەکـرد و دەیانەویست بیانهێننە سەر ڕێ ی ڕاست، بۆ برایەکی دڵسۆز، خۆشکێکی میهرەبـان! بـۆ ئـەو باوك و دایکەی کە ئەویان زۆر خۆش دەویست. بەڵام کات ڕابرد: چاکەپەرسـتان ڕوو لـە گیانـە نفرین لێ کراوە بەدبەختەکان وەردەگێڕن کە هەنووکە ڕەوشتی چەپەڵ و بەدیان لە پـێش چـاوی هەمووان ئاشکرایە. ئوە، ئەی دووڕووەکان، ئۆە، ئەی گۆڕە سپی یەکان — ئـەی ئەوانـەی کـە

٦٦. ئەو قسەیە لە (ئینجیلی ماتیو) دایە. (بەش ٢٥، دێڕی ٤١).



ڕوویەکی بزەداری ناسك بۆ جیهان دەخەنە ڕوو لە کاتێکدا گیانیان زۆنگاوێکی گوناه و پـۆخڵی یە. ئایا لەو رۆژە ترسناکە دا چ دەڵێن؟

ئەو رۆژە دێت، هەر دێت، دەبێ بێت: رۆژی مردووان و رۆژی لێ پرسینەوە. لـە چـارەی مرۆڤ نوسراوە دەبێ بمرێت و پاش مردنیش هەق و حسێبی لەگەڵ بکرێـت. مـردن شـتێکی دڵنیایە. کاتی مردن و چۆنیەتی مردن شتێکی نەزانراوە، ئاخۆ بە نەخۆشییەکی درێژخایەن یا بە ڕووداوێکی کتوپڕ دەمرێت، رۆڵەی خوا لە کاتێکی وا دێت کە هەرگیز ئێمە بیریـشی لێ ناکەینەوە. جا بۆیە هەموو ساتێك ئامادە بە، وا بزانە لـە هـەموو تاوێکـدا دەمرێـت. مردن رێگای هەمووبانە. مـردن و لێ پرسـینەوە کـە بـە هـۆی گونـاهی بـاوك و دایکـە گەورەکەمانەوە هاتە نـاو جیهانـەوە، ئـەو دەرگـا تاریکانـەن کـە بوونمـان لـەو زەوییـەدا دادەخەن. هەروەها ئەو دەرگایانەن کە بـە ڕووی شـتی نـەزانراو و نـەبینراودا دەکرێنـەوە، دەرگایەکە کە دەبێ هەموو گیانێك بە ناویدا رەت بێـت، بـە تـەنیایی، بـە بـێ یارمـەتی بێجگە لە کردەوە چاکەکانی، بە بێ ئەوەی هاوڕێ یا بـرا یـا دایـك و بـاوك یـا مامۆسـتا یارمەتیت بدات. بەتەنها و بەترس و لەرزەوە. جا ئەگەر ئەوە هەمیشە بهێنینـە بەرچـاوی خۆمان هەرگیز گوناه ناکەین. مردن کە تـرس لـە دڵـی گوناهکـاران دەنیـشێنێ، دەبێتـە ساتێکی پڕ لە کامەرانی لەلای ئەوانەی ڕێ ی ڕاستیان گرتۆتەبەر و ئەو ئەرکانەی لە ژیـان پێ یان سپێرراوە بەجێ دەگەیەنن و هەموو بەیانی و ئێوارەیەك بەرێکی نزای خۆیان دەکەن و ناوە ناوە بە پیرەوەکانی قوربانی پیرۆز هەڵبسن و خووی یـان دابێتـە کـاری چـاکە و بـە بەزەیی. لەلای کاسۆلیکییەکی بڕوادار و خواپەرست، لەلای مرۆڤـی چاکەپەرسـت، مـەرگ هیچ جۆرە ترسێك لەگەڵ خۆی ناهێنێ. هەر نووسەری مەزنی ئینگلیزی (ئەدیـسن) نـەبوو کە لە ئاوزینگا بوو بەدوای نەوجەوانە بەدەکە (ئێرلی وارویك) دا ناردی بێت تا بـە چـاوی خۆ ببینێ چۆن مرۆڤی مەسـیحی لـە بەرامبـەر مـەرگ دەوەسـتێت؟ مەسـیحی بـڕواداری خواپەرست تەنیا ئەو کەسەیە بتوانێ پڕ بە دڵ بڵێت.

**کوا سەرکەوتنت، ئەی گۆڕ؟**

**کوا چزووت، ئەی مەرگ؟**

هەموو وشەیەك، گشت تووڕەیی یەزدان ئاراستەی گوناهە شاراوە گڵاوەکانی ئەو کرا بوون. چەقۆی ڕێنماکەرەکە بەناخی ویژدانی شاراوەی ئەودا نقووم دەبوو و دەیدایە بەر نەشتەر، ئێستا هەستی کرد کە گیانە گوناهکارەکەی لە ناو ژەهرا نقووم بووە. بەڵێ قـسەی ڕێنماکـەر راسـت

بوو، هەنووکە نۆرەی خودایە. گیانی وەك ئاژەڵێکی دڕندە خۆی لە لانەکەی هەشاردرا بوو، کەچی زریکەی کەڕەنای فریشتە لە ناو پەسارگەی تاری گوناه بەرەو رووناکی دەئاژۆت. وشەکانی رۆژی لێ پرسینەوە کە فریشتەکە ڕای دەگەیاند لەساتێکدا دڵی خامۆشی یە تاریکەکەی دەشکاند. رەشەبای ڕۆژی دوایی بە ناو مێشکی دا هەڵی دەکرد، گوناهەکانی، بەزمکەرە چاو گەوهەرینەکانی ئەندێشەی، لەبەردەم گەردەلوولەکە ڕایان دەکرد وەك مشکی تۆقیوی بەر پێ ئەسپان دەیانزریکاند.

هەرکە لە گۆڕەپانەکە رەت بوو و بەرەومالْ بۆوە نەرمە پیکەنینی کیژێك گەیشتە بەرگۆی سوتاوەکانی. ئەو دەنگە ناسکە خۆشە لە زیڕەی کەڕەنای فریشتان بە هێزتر دڵی دەهاڕی، چونکە نەدەوێرا چاوی بەرز بکاتەوە، هەر بە رۆیشتنەوە ڕووی لە لایەك کرد و ڕوانیە سێبەری دەوەنە تێکچڕژاوەکان. شەرم لە دڵە سمراوەکەیدا سەری دەکرد تا سەرتاپای لەشی داپۆشی. وێنەی (ئێما) لەبەرچاوی دەرکەوت، جارێکی دی لافاوی شەرمەزاری لەژێر کاریگەری چاوەکانی هێرشی هێنا. ئاه ئەگەر تەنیا دەیزانی مێشکی چۆن ئەو کیژەی بەربەڵا کردووە یا چۆن تامەزرۆیی یە دڕندانەکەی ئەو، پاکێتی کیژەی دڕاندووە و پێ شێل کردووە! جا توو خوا ئەوەیە ئەوینی نەوجەوانان؟ توو خوا ئەوەیە سوارچاکی و مێرخاسی؟ ئەمەیە هۆنراوە؟ هێشتا بۆن بۆگەنی دیمەنە چەپەڵەکەی هەوەسبازی لە پێش کەپووی دەهات. ئەو پاکەتە تەنیاویەی وێنەکان کە لە ناو دوکەڵکێشی ئاگردانێ شاردبوویەوە، کە چەندین سەعاتی بە دیار ئەو وێنە ئابڕووبەرە هەوەس بزوێنانە بەسەر دەبرد، چ بەبیر و چ بەکردەوە تووشی گوناهیان دەکرد: خۆ خەونە ترسناکەکانیشی پڕ مرۆڤی مەیمون ئاسا و بەزمکەری وا بوون کە چاویان وەك گەوهەر دەدرەوشایەوە: ئەدی ئەو نامە دوور و درێژە چەپەڵانەی کە لە سەرمەستی دان پیانانی گوناهەکانی نوسیبوونی و بەدزی چەند رۆژێك هەڵی گرتبوون بەس بۆ ئەوەی لە تاریکە شەودا فڕێ یان بداتە کونجی کێڵگەیەکی سەوز یا بن دەرگای ماڵێك یا دەلاقەی شوورەیێك تەنیا بۆ ئەوەی کیژێك لە رۆیشتندا بە ڕێکەوت چاوی پێ یان بکەوێ و بەدزی بیانخوێنێتەوە. ئای لە شێتی ئەو! وای لە شێتی ئەو! دەبێ ئەو شتی وای کرد بێت؟ ئارەقەیەکی ساردی شەرمەزاری بەسەر تەوێڵیەوە هاتەخوارێ کە یاردگاری ئەو کارە چەپەڵانە لە مێشکی چڕ دەبوونەوە. کاتێك لە دەست ئازاری شەرمەزاری قورتار بوو، هەوڵی دا رۆحی لە چنگ ئەو شەکەتی یە گلاوە دەر بهێنێت. خودا و مریەمی پیرۆز زۆر لەوەوە دوور بوون؛ خوا یەگجار مەزن و توندوتیژ بوو، کەچی مریەمی پیرۆز ئەوپەڕی پیرۆز و پاك بوو. بەڵام ئەو وای هاتە بەرچاو کە لە زەویەکی پان



و پۆڕ و بەرهەڵدا دا لە تەك (ئێما) وەستاوە و بە خۆ بەکەم زانین و ئەسرین رشتنەوە خۆی دانەواندووە تا ئەنیشکی قۆڵی ماچ بکات.

لەم زەوی یە بەرهەڵدایەدا، لە ژێر ئاسمانی بەورشەی نەرمی ئێوارەدا، پەڵەهەورێك لە ناوەراستی دەریای سەوزی کاڵی ئاسمان رووەو رۆژئاوا دەکشا، ئەوانیش — ئەو دوو منداڵە گوناهکەرە- بە یەکەوە وەستا بوون. گوناهی ئەوان زۆر بەقووڵی ئازاری شکۆمەندی خوای دەدا، هەرچەندەش لە گوناهی دوو منداڵ پتر نەبوو. بەڵام هەرگیز ئازاری حەزرەتی مریەمی نەدەدا کە ((هیچ جوانی یەکی دنیایی نایگاتێ و کەس ناوێرێ تەماشای بکا و هەر لە ئەستێرەی بەرەبەیان دەکات کە دروشمەکەیەتی و پڕیشە لە جریوە و باق و بریق.)) چاوی ئەو نازدارە کە تەماشای دەکردن نە سەرزەنشت و نەخراپەی تێدا بەدی دەکرا. دەستی ئەوانی لە ناو هی یەکترنا و لەگەڵ دڵیان کەوتە قسە:

- ستیڤن و ئێما دەست لە ناو دەستی یەك بنێن: ئەمڕۆ ئێوارە ئاسمان جوانە. ڕاستە ئێوە گوناهباران، بەڵام هەمیشە رۆڵەی منن. ئەمە دڵێکە کە دڵێکی تری خۆش دەوێت. دەست لە ناو دەستی یەکتر بنێن، رۆڵە شیرینەکانم. ئێوە دڵتان بە یەکتر خۆش دەبێ و دڵتان یەکتر دەخوازێت.

کڵێساکە پڕ بوو لە رەنگی قورمزی تەڵخ، کە لە کەلێنی پەردە داکشاوەکاندا دەهاتە دەرەوە؛ لەو درزە گچکەیەی نێوان پەردە و چوارچێوەی پەنجەرەکەوە تیرێژێکی کز وەك سەری ڕم چوو بە ژووردا و کەوتە سەر مسی مۆمدانە نەخشێنراوەکەی سەر قوربانگەکە، دەتگۆت ئەوە زریێ ی فریشتانە لە کاتی جەنگ دا.

باران بەسەر کڵێسا و باخچە و خوێندنگادا دەباری. هەتا هەتایە هەر بەبێ دەنگی دەبارێت. ئێنجا ئاوی باران پێ بە پێ بەرز دەبێتەوە و گیا و دەوەن دادەپۆشێ، پاشان درەخت و خانوو، ئینجا کۆتەڵ و دۆندی چیاکان دادەگرێ. پاشان لەسەرخۆ هەموو رووکارێکی ژیان قڕ دەکرێت: باڵندە، مرۆڤ، فیل، بەراز و منداڵ، بەهێواشی تەرمەکانیان سەر ئاو دەکەوێت لە ناو هەموو شتە هەپڕوون بە هەپڕوون بووەکانی جیهاندا. چل شەو و چل رۆژ باران یەکبینە دەبارێت تا ئاو بەتەواوی سەرتاپای زەوی دادەپۆشی.

لەگوینە وا رووبدات. بۆچ نەء؟

- ((دۆژە گیانی خۆی لێك دەکێشێتەوە و بە بێ سنوور زاری لێك دەکاتەوە))- برا ئازیزە گچکەکانی ئایینم، ئەم وشانە لە کتێبی (ئیسەیا))، بەشی پێنجەم ئایەتی چواردەهەم وەرگیراوە. بە ناوی باوك و کوڕ و گیانی پیرۆز، ئامین.

ڕێنماکەرەکە سەعاتێکی بێ زریزەی لە گیرفانی پاڵتۆکەی دەرهێنا، بۆ تاوێك بە هێمنی سەیری میلەکانی کرد، ئینجا بە ئەسپایی لەسەر مێزەکەی پێش خۆی دانا.

بە دەنگێکی لەسەرخۆوە دەستی کردەوە قسە کردن:

– ئادەم و حەوا، ئەی ڕۆڵە ئازیزەکانم، هەروەك ئێوە دەزانن، باوك و دایکە گەورەمانن، هەڵبەتە ئەوەش دەزانن کە خوا ئەوانی دروست کرد تا ئەو کورسیانەی کە بە هۆی دەرکردنی (لوسیفەر)[٦٧] و فریشتە یاخی بووەکانی بۆش ببوون پڕ بکاتەوە. هەروەك بۆمان گێردراوەتەوە، لوسیفەر(کوڕی کازێوە) بووە، فریشتەیەکی بە هەڕەت و پرشنگدار بووە، کەچی کەوتە خوار، بەخۆ و بە سێ یەکی دانیشتوانی ئاسمان کەوتە خوار، بە خۆی و بە فریشتە یاخی بووەکانەوە سەرانگرێ کرانە ناو دۆژە. گوناهەکەی چی بوو، ئێمە نایزانین. ئایین زانەکان وا لێکدەدەنەوە کە گوناهەکەی خۆ بە گەورە زانین بوو، لە تاوێکدا بیری گوناهەکە لە لای پێ گەیشت کە: خزمەت ناکەم بوو. ئا ئەم ساتە بووە هۆی رووخانی. ئەو بە هۆی بیرە گوناهە یەکساتی یەکەی دژی مەزنیتیێ خوا وەستا، خوداش هەتا هەتایە فڕێ ی دایە ناو دۆژە.

– جا خوا ئادەم و حەوای دروستکرد و لە بەهەشتی عەدەنی دانان، لە ناو دەشتایی دیمەشق دا، ئەو باغە جوان و ورشەدارانە کە تیشکی خۆر بە هەزار ڕەنگ دەیان نەخشێنێ، کە پڕاوپڕە لە گژو گیا و دەوەنی هەمەچەشنی نایاب. زەوی بەپیتییش فەڕی خۆی پێ بەخشین: ئاژەڵ و باڵندە بوونە نۆکەری گوێڕایەڵیان. ئەوان هیچ شتێکیان لەبارەی ئەو نەساغیانەی تووشی ئێمە دێن وەکو نەخۆشی و هەژاری و مەرگ نەدەزانی. ئەوەی خوای بەخشندە و مەزن لە دەستی هات بۆی کردن. بەڵام خوا تاقە مەرجێکی بە سەردا سەپاندن: ئەوەیە گوێڕایەڵی قسەی خوا بکەن و نابێ بە هیچ چەشنێك لە دارە قەدەغەکە بخۆن.

– بەڵام مخابن، ڕۆڵە ئازیزەکانم، ئەوانیش کەوتنە خوارەوە. شەیتان کە کاتی خۆی فریشتەیەکی پرشنگدار بوو، کوڕی کازێوە بوو، ئێستا بووە ئەفریتێکی دزێو، لەسەر شێوەی مار کە فێڵبازترین گیانلەبەری دنیایە، هاتە لایان. ئەو ئێرەیی پێ دەبردن، چاوی پێ یان هەڵ نەدەهات. ئەو کە بەو مەزنی خۆیەوە دەرکرا، نەیدەتوانی دان بە خۆیدا بگرێت کە دەبیینی مرۆڤی لە قوڕدروستکراو ئەو جێ یەی ئەو لەبەر گوناه لێ ی سەندرابۆوە بگرێتەوە. هاتە لای ئافرەتەکە، کە گیانێکی لاوازترە، ژەهری زمانپاراوی خۆی رژاندە گوێچکەکانی و بەڵێنی پێ

٦٧. لوسیفەر: ناوی شەیتانە.



دا- ئۆه لەو بەڵێنە کافرانەیەی! — کە ئەگەر هاتوو خۆی و ئادەم لە مێوە قەدەغە کراوەکەیان خوارد وەك خوایان لێ دێت، نەخێر هەر دەبنە خوا. حەوا خۆی خستە ناو داوی گەورەی فریودەران. حەوا سێوەکەی خوارد و دایە ئادەمیش، ئەویش ئەو ئازایەتی یە ڕۆحی یەی نەبوو رەتی بکاتەوە. جا زمانە ژاراویەکەی شەیتان کاری خۆی کرد و کەوتنە خوارێ.

– پاشان دەنگی خوا لە ناو باخەکە دەبیسترا، بانگی دروستکراوەکانی دەکرد بۆ لێپرسینەوە. دوایی، میکایل، میری خەڵکی ئاسمان، بەخۆ و بە شمشێرێکی بڵێسەدارەوە لەبەردەم گوناهکەرەکان دەرکەوت و لە بەهەشتی عەدەن دەری کردنە سەر زەوی، زەوی نەخۆشی و هیلاکی، زەوی دلڕەقی و نائومێدی، زەوی ڕەنج دان و ئەشکەنجە، تا نانی خۆیان بە ئارەقی نێو چەوانیان پەیدا بکەن. تەنانەت پاش ئەو هەموو شتەش چەند خاوەن میهر بوو خودا! بەزەیی بە دایك و باوکە بەسەزمانە دەرکراوەکان داهاتەوە و بەڵێنی دانێ کە کاتی خۆی هات یەکێك لە ئاسمان دەنێرێتە خوارەوە تا رزگاریان بکات. جارێکی دی بیان کات بە ڕۆڵەی خوا و خاوەنی شانشینی ئاسمان. ئەو کەسەش، رزگارکەری مرۆڤی دەرکراو، تاقە کوڕی خوا بوو، دووەم کەس لە سێ بینەی هەرە پیرۆز، کە خاوەنی وشەی نەمر بوو.

– ئەو هات. ئەو لە مریەمی پاك و بێ گەردا هاتە دنیاوە، لە مریەم؛ دایکی بێ گەرد. لە ناو پەچەی مانگایان لە (جودیا) لە دایك بوو. ماوەی سی ساڵی ڕەبەق وەك دارتاشێکی گچکە ژیا تا ئەو کاتەی پەیامی بۆ هات. لەو کاتەی کە دڵی پڕ خۆشەویستی بوو بەرامبەر مرۆڤ داوای لە خەڵکی کرد بێن گوێ بگرن لە موژدەی نوێ (ئینجیل).

– ئایا گوێ یان لێ ی گرت؟ بەڵێ، گوێ یان لێ ی بوو بەڵام گوێ یان لێ ی نەگرت. بەچەشنی تاوانبارێکی مەزن دەوریان گرت و وەك شێت گاڵتەیان پێ ی دەکرد. پارەیان بۆ گرتنی تەرخان کرد وەك جەردەیەکی نەقۆڵا، پێنج هەزار قامچیان لێ ی دا، تاجی دڕکاویان لە سەری نا، بە شەقامان دا بە نیو مێگەلە جوولەکە و سەربازی ڕۆمانەکاندا بردیان. هەموو جلیان لەبەری زیواڵ بە زیواڵ کرد، بەسەر سێدارەوە هەڵیانواسی و هەموو تەنکێشیان بەرم هەنجن هەنجن کرد. بەردەوام خۆین و ئاو لە لەشی گەورەمان سەری دەکرد.

– تەنانەت لە کاتی بەرزترین ئازار و ئەشکەنجەدا، دڵی رزگارکەرە خاوەن بەزەیی یەکەمان هێشتا پڕ میهر و خۆشەویستی بوو بەرامبەر مرۆڤ. کەچی هەر لەو کاتیشدا، لەسەر گردی (کالڤەری)[٦٨] کڵێسای پیرۆزی کاسۆلیکی دامەزراند، کە بەڵێنی ئەوەی دەدا، ئاگری دۆژە

٦٨. ناوی ئەو گردەیە کە مەسیح لە سەری یەوە لە خاچ دراوە، لە دەوروبەری قودسە.

ناوێری لە ئاستیا دەم بکاتەوە. لەسەر تاوێرە بەردی دێرین دامەزراند و پیرۆزی خۆیشی پێ بەخشی، سەرباری شتی پیرۆز و قوربانی. هەروا هەرێ ی دا ئەگەر مرۆڤ گوێڕایەڵی فرمانی کڵێساکەی بکات هێشتا ماوەی ئەوە ماوە دەرگای ژیانی نەمری لێ بکرێتەوە. خۆ ئەگەر پاش ئەو هەمووەی لە پێناویان کرا، هێشتا هەر لەسەر خراپەکاری خۆیان بەردەوام بن، ئەوا ئەشکەنجەیەکی هەتا هەتایە چاوەڕوانیانە — کە ئەویش ئاگری دۆژەیە.

دەنگی ڕێنماکەرەکە کز بوو، تاوێك وەستا، ناو لەپی بەیەکەوە نوساند و ئینجا لێکی کردنەوە و هاتەوە سەر قسەکانی خۆی:

- دەبا هەنکە تاوێك هەوڵ بدەین بەقەد توانای خۆمان، سروشتی ئەو بارەگایەی کە دادپەروەری خودای خراپە لەگەڵ کراو کە بۆ نفرین لێکراوانی ئامادە کردووە بێنینە بەرچاوی خۆمان، کە بۆ سزادانی هەتایەی ئەو گوناهکارانەی داناوە. دۆژە بریتی یە لە زیندانێکی تەنگ و تاری بۆن بۆگەنی، بارەگای شەیتان و گیانە وێڵەکانە، پڕی ئاگر و چڕەدووکەڵە، خودای مەزن خۆی پلانی دروستکردنی ئەم زیندانە تەسك و توریسکەی داناوە بۆ سزادانی ئەوانەی سەرپێچیان لە یاساکانی کردووە. لە زیندان دا بەندی بەسەزمان هەر هیچ نەبێت کەمێك سەربەستی بزووتنەوەی هەیە ئەگەر لە نێوان چوار دیواری ژوورەکەی یا لە بەر دەرگای زیندانەکەی بێت. بەڵام لە دۆژەدا ئەوەندەش نی یە. لەوێ بەندی بەشێوەیەکی سامناك لەسەر یەك کۆمەك کراون. هەروا دەڵێن ئەستووری دیواری ئەم زیندانە چوار هەزار میل دەبێت. خۆ نەفرەت لێکراوەکان ئەوەندە بە توندی بەستراونەتەوە و شەکەت بووینە هەروەك حەزرەتی پیرۆز (ئەنسلیم) لە کتێبی (وێکچوونەکان) دا نوسیویەتی، ئەوان تەنانەت توانای ئەوەیان نی یە ئەو کرمانە لا ببەن کە چاویان دەکۆڵن.

- ئەوان لە شەوەزەنگێکی هەمیشەیی دا دەژین. چونکە لەبیرتان بێت ئاگری دۆژە هیچ ڕۆناکی نابەخشێت. هەروەکو دەزانین کە ئاگری بابل بە فرمانی خوا گەرمی خۆی ون کرد نەك رووناکی یەکەی؛ جا بە فرمانی خوا ئاگری دۆژە کە گەرمی یە بە تینەکەی دەپارێزێت، تاسەر لە تاریکی دا دەسوتێت. ئەو شەوەزەنگە دەبێتە ڕەشەبایەکی بێ کۆتایی، ئەو ناوە هەر بڵێسە و چڕەدووکەڵی تاری گۆگردە کە لاشە لە ناویدا لە سەر یەك کۆمەك کراون و بە قەد کونەدەرزیەك کەلێنی تێدا نییە. لەناو ئەو هەموو دەردانەی کە دڵی خاکی فیرعەونیان دەسمی هیچ شتێك لە شەوەزەنگ بەربادتر نەبووە. ئەدی چ بەو شەوەزەنگەی دۆژە بڵێین کە نەك سێ ڕۆژ بەڵکو تا سەر بەردەوام دەبێت؟



- ئەشکەنجەی ئەم زیندانە تەنگ و تارە بە بۆنی بۆگەنیش سامناکتر دەکرێت. سەرتاپای زبڵ و پیسایی و بۆگەنی دنیا بە نۆینێکی چڵکن دا دەڕژێتە دۆزەخ پاش ئەوەی ئاگرە مەزنەکەی ڕۆژی دوایی سەر زەمین پاك دەکاتەوە. ئەو گۆگردەی لەوێ بە چەندان تۆن دەسوتێت دۆژە پڕ دەکات لە بۆنێکی ناخۆشی خنکێنەر. جا هەرکە لاشەی ئەو نفرین لێ کراوانە هەناسە دەدەنەوە. بۆنێکی ئاوا ژەهراوی لە هەناسەیانەوە دێت، هەروەك حەزرەتی (یۆنەفێنتەر) دەڵێ، "تەنها تاقە هەناسەدانەوەیەکیان بەسە بۆ ئەوەی هەموو دنیا پڕی میکرۆب و نەخۆشی بکات". ئەو هەوا پاکەی دنیای ئێمە دەبێتە هەوایەکی بۆگەن ئەگەر تەنها ماوەیەك بەربەست بکرێت. ئینجا هزر بکەن دەبێ هەوای دۆژە چەند پیس و بۆگەن بێت. ئەوە بێننە بەرچاوی خۆتان کە لاشەیەك دەڕزێت و بۆگەن دەبێ و شی دەبێتەوە لە گۆڕدا، چ شلەیەکی لووس و چڕی بۆگەن پێك دەهێنێ. بێننە بەرچاوی خۆتان ئەو لاشەیەی کە دەبێتە نێچیری ئاگرە بڵێسەدارەکان- ئاگری گۆگرد هەڵی بلووشی و تێکی بشێلێ و لەگەڵ چڕەدووکەڵی خنکێنەر تێکەڵ بێت، دەبێ چ شلەیەکی پیسی بۆگەنی لێ دەربچێت. دە ئینجا ئەو بۆن بۆگەنیە ناخۆشە بێننە بەرچاو کە ملیۆن ملیۆن جار ئەوەندەی لاشەی ڕزیوو و گەنیوو لە ناو ئەو تاریکیە پڕدووکەڵە لە سەر یەك کۆمەك کراوە، کە وەك کوارگی رزیوو لەلاشەی مرۆڤ هەڵدراوەتەوە. ئەمانە هەموو لە بەرچاو بگرن ئینجا دەزانن بۆنی دۆژە چەند ترسناك و بەسامە.

- بەڵام ئەو بۆن بۆگەنە ئەوەندە بەسام و ترسناك نی یە، هەرچەندە واشە، لەچاو مەزنترین ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی کە ئەو نفرین لێ کراوانە پێ ی دەتلێنەوە. ئێش و ئازاری ئاگر مەزنترین ئەشکەنجەیە کە هەر زۆردارێك بیەوێت هاوڕێ ی خۆی پێ ئازار بدات. تەنیا یەك تاو پەنجە بخەنە سەر بڵێسەی مۆمێك ئینجا ئێشی ئاگر دەزانن. بەڵام ئاگری دنیا خوا وای لێ کردووە بۆ سوودی مرۆڤ بەکار بێت، تا تیشکی ژیان تیایدا بپارێزێ و یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ دروستکردنی شتی بەکەڵك. کەچی ئاگری دۆژە لە جۆرێکی ترە و خوا بۆ سزادان و ئازاردانی گوناهکارە پەشیمان نەبووەکانی دروست کردووە. هەروەها ئاگری دنیاییمان سوتەمەنی یەکەی بەقەد توانای گڕگرتنی مادەکەی لە هێواشی و یان خێرایی هەڵدەلووشێت. تا ئەوکاتەی کە زیرەکی مرۆڤ لە داهێنانی ئامادەکراوی کیمیاوی سەرکەوت بۆ نەهێشتن یا کەمکردنەوەی شوێنەواری ئاگرەکە. کەچی ئاگری دۆژە لە جۆرە گۆگردێکی وا هەڵایساوە کە هەتاهەتایە بە بڵێسەداری و لەسەر هەمان تین و توانای پێشووی بمێنێتەوە. سەرباری ئەوەش، ئاگری دنیایی ئەو شتە لەناو دەبات کە دەیسوتێنێ، خۆ چەندیش بە تێنتر بسوتێ ماوەکەی کەمتر دەبێ،

بەڵام ئاگری دۆژە خاسیەتێکی تایبەتی هەیە ئەویش ئەوەیە ئەو شتە دەپارێزێ کە دەیسوتێنێ، هەرچەندیش بە گڕتر بسوتێت، ئەوا گڕی پتر دەبێ و هەتا هەتایە دەسوتێت.

- هەروەها ئاگری دنیا هەرچەندە بەتین و گەورە بێت ماوەکەی سنوورداره، بەڵام دەریاچەکانی ئاگری دۆژە بێ سنوورە و نەسەری هەیە و نەبن. لەسەر تەختەی شەیتان خۆیدا نوسراوە: جارێکیان سەربازێك دەربارەی ئەو ئاگرە لێی پرسی، ئەویش هیچی لە دەست نەما بێجگە لە دان نان بەوەی کە ئەگەر چیایەك بە بتوونی فڕی بدەیتە ناو ئەو ئاگرەوە لە تاوێکدا وەك پارچە مۆمێك دەتوێتەوە. ئەو ئاگرە سامناکە نەك تەنیا لە دوورەوە ڕا جەستەی نەفرەت لێ کراوان دەسوتێنێ، بەڵکو هەموو گیانێکی وێل دەبێتە دۆزەخێکی تایبەتی و هەمان ئاگریش لە ناو شادەمارەکانیان دەسووتێ. ئای سەرەنجامی ئەو بێ بەختانە چەند ترسناکە! خوێن لە ناو دەماریان دەکوڵێ و دەبرژێ و مێشکیش لە ناو کاسەسەر و دڵێش لە سینەدا دەسوتێ و هەڵدەقرچێت، ورگیش دەبێتە شتێکی سووربۆوەی وەك پەنگر و چاوە ناسکەکانیش وەك تۆپی تواوە بڵێسیەیان لێ هەڵدەسێ.

- ئەوەی تا ئێستا دەربارەی تین و خاسیەت و بێ سنووری ئەو ئاگرەم گوتووە، وەك هیچ وایە لەچاو چڕی و تواناکەی، ئەوەندە بە تین و گورژمە وەك بڵێ ی خوا بەخۆی نەخشەی ئەمەی کێشابێت بۆ سزادانی گیانی و جەستەیی. ئەو ئاگرە ڕاستەوخۆ لە تووڕەیی خواوە هەڵدەقوڵێت. لەخۆی هەڵناقوڵێت بەڵکو وەك ئامرازێك بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوا. هەروەك چۆن ئاوی بەناوکردن گیان و جەستە پاك دەکاتەوە، ئاگری سزاش بە هەمان چەشن جەستە و گیان ئازار دەدات. هەموو هەستەکانی لەش ئازار دەدرێت و هەموو تواناکانی گیانیش لەگەڵ ئەوان ئازار دەکێشن: چاو بە شەوەزەنگێگی یەگجار نووتەك، لووت بە بۆن بۆگەنی، گوێ بە هاواری نفرین لێ کردن، چەشە بە مادەی پیس و پیسایی رزیوو و چڵکە گڕووە بێ ناوەکان، هەستی گرتن بە بزمار و نەقیزەی سوورکراوە و زمانەی بڵێسەدار. لەئەنجامی ئەو ئازارانەی کە هەستەکان تووشی دێن، گیانی نەمریش هەتا هەتایە لەناوەڕاستی چەندین فەرسەخی ئاگری بڵێسەداردا ئەشکەنجە دەکێشێ کە لەناو گێژەنێکی بێ بن هەڵدەکرێ بە هۆی خاوەن گشت توانای گوناه بەرامبەرکراو، هەروەها هەناسە تووڕەکەی خودای مەزن ئەو ئاگرە باوەشێن دەکات تا بەردەوام بەتێنتر بێت.

- لە کۆتایی دا ئەوە بێننە بەرچاوی خۆتان کە ئازاری ئەم زیندانە دۆژەیی یە بەهۆی نەفرەت لێکراوان خۆیان ڕوو لە زیادیە. هاوڕێ ی بەد لەسەر زەوی ئەوەندە زیانبەخشە تەنانەت ڕووەك



دەڵێی بەوارِسك هەست بەمانە دەکەن، خۆ لەو بەدە زیانبەخشانە دەکێشنەوە: لە دۆژەدا هیچ بیرێکی خێزان یا نیشتمان یا خزمایەتی یا پەیوەندی نی یە. نەفرەت لێکراوان لەوێ بە ڕووی یەکتردا دەقیژێنن و ڕۆڕۆیانە. ئازار و ئەشکەنجەکانیان روو لە زیادیە بە هۆی ئەوانەی لە تەکیان هەمان ئازار و ئەشکەنجە دەکێشن. هەموو هەستێکی مرۆڤانە لەوێ بزر دەبێ. هاوار و زیڕەی گوناهکارە ئەشکەنجەدراوەکان لە دوورترین کونجی ئەو گێژەنە دەبیسترێت. دەمی ئەو نەفرەت لێکراوانە پڕە لە کفر دژی خوا و کینە بەرامبەر هاوڕێ ئەشکەنجەدراوەکانیان و نفرین کردن لە هاوڕێ ی گوناهیان. لە دێرەزمانەوە پیرەو وابوو باوك کوژ: ئەو مرۆڤەی کە دەستی یاخی بوون لە ڕووی باوکی بەرز دەکاتەوە، بەم جۆرە سزا بدەن، بیخەنە ناو گونیەییێکەوە لەگەڵ کەڵەبابێك و مەیمونێك. ئینجا فڕی یان بدەنە ناو جەرگەی دەریاوە. نیازی یاسادانەران لەم یاسایە ئەوە بوو، هەرچەندە هەنکە ئەمە بە ناڕەوا دەبینرێ، کە تاونبارەکە لەگەڵ گیانلەبەرە زیانبەخش و دڵرەقەکان پێکەوە سزا بدەن. بەڵام تووڕەیی و کینەی ئەو گیانلەبەرە لاڵانە هەر هیچ نی یە لە چاو ئەو نفرین و قسە پیسانەی کە لە لێو و گەرووی زامداری نفرین لێکراوانی ناو دۆژە بەڕووی هەڤاڵە گوناهکارەکانیان دەباری — ئەوانەی کە یارمەتیان داون و بەشداریان کردوون لە گوناه، ئەوانەی وشەکانیان یەکەم تۆوی بیرکردنەوەی بەد و ژیانی بەدی لە مێشکدا ڕوواندوون، ئەوانەی پێشنیارە بێ شەرمەکانیان بەرەو رێگای خراپی بردن، ئەوانەی کە چاوەکانیان فریوی داون و لە ڕێ ی خووبەرزیدا لای دان، ئەوان ڕوودەکەنە ئەو هاوڕێ یانەیان و سەرزەنشتی و نفرینیان دەکەن. بەڵام ئێستا بێ ئومێد و بێ چارن. ئێستا زۆر درەنگە بۆ پەشیمان بوونەوە.

- دوای هەموو شتێك بیر لەو ئەشکەنجە سامناکەی گیانە نفرین لێکراوەکان بکەنەوە- فریودەر و فریودراو وەك یەکن، هاوڕێ ی شەیتانن. ئەو شەیتانانە بە دوو شێوە ئازاری نفرین لێکراوان دەدەن: بەوەی کە لەبەر چاویانن و سەرزەنشتیان دەکەن. ئێمە ناتوانین بزانین کە ئەو شەیتانە چەند چەپەڵ و سامناکن. جارێکیان حەزرەتی (کاثرینی سینا) شەیتانێکی دیتبوو و دەربارەی ئەوە نووسی بووی کە پێ ی خۆشە بەدرێژایی تەمەنی لەسەر رێگایەکی پۆلیە ڕەژوو بڕوات نەوەك جارێکی دی تەنیا بۆ تاوێك چارەی ئەو دڕندە ترسناکە ببینێ. ئەو شەیتانانە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان فریشتەی جوان بوون، ئەوەندە چەپەڵ و ناشیرینن بارتەقای ئەوەی کە وەختی خۆی جوان بوون. ئەوان گاڵتە و قەشمەری بەو گیانە وێڵانە دەکەن کە بەرەو رووخان رایان کێشاون. هەر ئەوان شەیتانە چەپەڵانە لە ناو دۆژە دەنگی وێژدان دەنوێنن. بۆ گوناهت کرد؟ بۆ گوێت بۆ

قسه فریوده‌ره‌كانی هاوڕێكه‌ت شل كرد؟ بۆ پشتت كرده ئیشه چاك و بڕواكانت؟ ئه‌ڕا هه‌رگیز وازت له گوناه نه‌ده‌هێنا؟ بۆچ گوێت نه‌ده‌دا ئامۆژگاری ئه‌و كه‌سه‌ی له لای دانت به گوناه ده‌نا؟ بۆچی ته‌نانه‌ت پاش یه‌كه‌م گوناهت یا دووه‌م یا سێهه‌م یا چواره‌م یا سه‌ده‌م له كرده‌وه به‌ده‌كانت په‌شیمان نه‌ده‌بوویه‌وه و ڕووت نه‌ده‌كرده خوا كه چاوه‌ڕێ ی ئه‌وه بوو ته‌نیا په‌شیمان ببیته‌وه و ئه‌ویش له گوناهت خۆش ببێت؟ ئێستا كاتی په‌شیمان بوونه‌وه رابرد. ئه‌وه‌تا كاتی ئێستا و كاتی رابردوو، به‌ڵام هه‌رگیز داهاتوو نابینن! كاتت هه‌بوو بۆ گوناهكردن به دزی، نقووم بوون له ته‌وه‌زه‌لی و له خۆبایی بوون بۆ كردنی تامه‌زرۆیی شتی قه‌ده‌غه‌كراو، بۆ ئه‌وه‌ی خۆت بكه‌یته دیلی ده‌ستی سروشته نزمه‌كه‌ت و وه‌ك ئاژه‌ڵی ناو كێڵگه بژیت، نه‌خێر ته‌نانه‌ت له‌وانیش خراپتر چونكه هه‌ر هیچ نه‌بێت ئه‌وان ئاژه‌ڵن و مێشكیان نی یه به‌ڕێوه‌یان ببات. له ڕابردوودا كاتت هه‌بوو به‌ڵام هه‌رگیز داهاتوو نایه‌ت. خوا به‌چه‌ندین ده‌نگ له‌گه‌ڵت ده‌دوا كه‌چی تۆ گوێت پی ی نه‌ده‌دا. تۆ كینه و له‌خۆباییبوونی ناو دڵت تێك نه‌ده‌شكاند، تۆ ئه‌و شتانه‌ی به‌ناڕه‌وا ده‌ستتكه‌وتن نه‌ت گه‌ڕاندنه‌وه، تۆ ملكه‌چی فرمانی كڵێسا پیرۆزه‌كه‌ت نه‌ده‌كرد، ئه‌ركی ئایینیت به ته‌واوی به جێ نه‌ده‌گه‌یاند، تۆ وازت له هاوڕێ ی به‌دكار و چه‌په‌ڵ نه‌ده‌هێنا، تۆ له‌و ته‌فره‌ده‌ره ترسناكانه دوور نه‌ده‌كه‌وتیته‌وه. ئا به‌م شێوه زمانه شه‌یتانه‌كان خه‌ڵكی ئازار ده‌ده‌ن. وشه‌ی سه‌رزه‌نشت و لۆمه كردن، وشه‌ی پڕ له كینه و ئابڕووبه‌ر- به‌ڵێ، ئابڕووبه‌ر! به‌ڕووی خه‌ڵكدا ده‌ده‌ن. چونكه ئه‌و شه‌یتانانه، كاتێك گوناهیان كرد، گوناهێكی وایان كرد كه له سروشته فریشتانه‌كه‌یان ده‌وه‌شایه‌وه، كه یاخیبوونی بیره: ته‌نانه‌ت ئه‌وان، ئه‌و شه‌یتانه چه‌په‌ڵانه كه بیر له‌و جۆره كرده‌وه ئابڕووبه‌ر و سوكانه ده‌كه‌نه‌وه روویان لێ وه‌رده‌گێڕن و بێزیان لێ ده‌كه‌نه‌وه، چونكه ئه‌و كرده‌وه و گوناهانه‌ی كه باس ناكرێن په‌رستگه‌ی پیرۆز گڵاو و ئه‌تك ده‌كه‌ن و خۆشیان به هه‌مان شێوه ریسوا و گڵاو ده‌بن.

- ئۆه، ئه‌ی رۆڵه ئازیزه‌كانم، ئه‌ی برای ئایینم، هیوادارم هه‌رگیز گوێمان له‌و زمانانه نه‌بێت! یا خوا قه‌ت نه‌ی بیستین! له دوارۆژی لێ پرسینه‌وه‌دا پڕ به‌دڵ له خوا ده‌پاڕێمه‌وه كه تاقه گیانێك له‌وانه‌ی ئیمڕۆ له‌و كڵێسایه‌دان نه‌كه‌ونه ناو ئه‌و دروستكراوه به‌دبه‌ختانه‌ی كه دادوه‌ری خودای مه‌زن فرمان بكات هه‌تا هه‌تایێ له به‌رچاوی گوم بن. هیوادارم هیچ یه‌كێك له ئێمه ئه‌و ڕسته سامناكه‌ی ده‌ستبه‌ڕوونانه‌وه‌ی له گوێ نه‌زرنگێته‌وه: ((لێم دوور بكه‌ونه‌وه، ئێوه ئه‌ی نفرین لێ كراوان، بیان به‌نه ناو ئه‌و ئاگره هه‌تاهه‌تایه‌ی كه بۆ شه‌یتان و هاوڕێكانی دانراوه)).

ستیڤن له باریكه‌ڕێ ی كڵێساكه‌وه به‌ره‌و خوار ده‌هات، لاقی ده‌له‌رزی و ته‌پڵی سه‌ری ده‌هه‌ژایه‌وه وه‌ك بڵێ ی ئه‌جنده ده‌ستیان لێ وه‌شاندووه. له په‌یژه‌كه سه‌ركه‌وت و به ناو



ڕاڕه‌وه‌كه‌دا رۆیشت به ته‌ك ئه‌و دیواره‌ی كه پاڵتۆ و فه‌روای پێوه هه‌ڵواسرابوو به‌چه‌شنی له سێداره‌دراوێكی بێ شێوه كه ئاوی لێ بتكێته‌وه. له‌گه‌ڵ هه‌ر هه‌نگاونانێكدا ده‌ترسا كه مردبێت و رۆحی له كالانی له‌شی هه‌ڵكێشرا بێ و ڕووه‌و ئاسمان هه‌ڵبه‌زێته‌وه.

پێ ی زه‌وی نه‌ده‌گرت و به قورسی له سه‌ر مێزه‌كه‌ی دانیشت و تورك و توخوا په‌ڕتووكێكی كرده‌وه و سه‌ری به‌سه‌ر داگرت. هه‌موو وشه‌یه‌ك ڕووی ده‌میان له‌وه‌وه بوو! زۆر ڕاسته، خوا به توانایه. خوا ده‌توانی ئێستا بانگی بكات، بانگی بكات كه له‌سه‌ر مێزه‌كه‌ی دانیشتووه، ته‌نانه‌ت پێش ئه‌وه‌ی ئاگای لێ بێت بانگ كراوه. خودا بانگی كردووه. به‌ڵێ؟ چی؟ به‌ڵێ؟ هه‌موو له‌شی كورژ بۆوه كه هه‌ستی به نزیك كه‌وتنه‌وه‌ی زمانه‌ی گڕه برسیه‌كه كرد. هه‌ركه هه‌ستی به گه‌رده‌لووله خنكێنه‌ره‌كه‌ی ده‌وروبه‌ری كرد له جێ ی خۆی مه‌یی. ئه‌و مرد، لێ پرسینه‌وه‌شی له‌گه‌ڵ كرا. شه‌پۆلێك ئاگر به ناو جه‌سته‌ی دا ده‌چوو، ئه‌وه یه‌كێك. دیسان شه‌پۆلێكی دیش. مێشكی سوور بۆوه، ئه‌مه‌ش یه‌كێكی تره. مێشكی له‌ناو كاسه‌سه‌ره شه‌قاڵ به شه‌قاڵه‌كه‌یا كه‌وته گژه‌گژ و ووژه‌ووژ. بڵێسه‌ی ئاگر، وه‌ك بڵێ له ناو ئینجانه‌ی ڕووه‌ك بێته ده‌ر ده‌یان زریكاند:

- دۆزه‌خ! دۆزه‌خ! دۆزه‌خ! دۆزه‌خ!

چه‌ند ده‌نگێك له نزیكه‌وه ده‌یانگوت:

- بۆ دۆژه.

- وا بزانم مێشكی ئێوه‌ی باش ماندوو كرد.

- بێ گومان وایه. ترسێكی گه‌وره‌شی بۆ ئێمه هێناكایه‌وه.

- ئێوه‌ش ئه‌وه‌تان ده‌وێت، با زیتر بێ تا كار بكه‌ن.

به‌بێ هێزی خۆی له سه‌ر مێزه‌كه‌ی به پشتدا گیرا. ئه‌و هێشتا نه‌مردووه. هێشتا خوا مۆڵه‌تی داوه. هێشتاش هه‌ر له دنیای خوێندنگای گۆرینی یه. مسته‌ر تێت و ڤێنسێت هێرۆن له‌به‌ر په‌نجه‌ره وه‌ستان و قسه‌یان ده‌كرد، گاڵته ده‌كه‌ن و ته‌ماشای بارانه غه‌ماوی یه‌كه ده‌كه‌ن و سه‌ر باده‌ده‌ن.

- به ئاواته‌وه‌م هه‌وا خۆش بكاته‌وه: چونكه له‌گه‌ڵ چه‌ند هاوڕێیه‌كم بڕیارم داوه به پایسكل بچمه سه‌یران بۆ (مالاهاید). به‌ڵام رێگاكه یه‌ك چۆك قوڕی گرتووه.

- گه‌وره‌م، له‌گوینه خۆش بكاته‌وه.

ئه‌و ده‌نگ و وشه باوانه‌ی چاك ده‌ناسینه‌وه. هه‌نووكه كه ئه‌و ده‌نگانه وه‌ستان و هۆڵه‌كه كپ بوو، خامۆشی ئه‌و ناوه پڕ بوو له ده‌نگه ناسكه‌كانی ماڵات كه خه‌ریكی گیا خواردن بوون،

لە کاتێکدا مناڵەکانیش خواردنیان دەجووی، ئەم دەنگە ناسکانە لایەلایەیان بۆ رۆحە ژانگرتووەکەی دەگوت.

هێشتا کاتی بە دەستەوە مابوو. ئۆه، ئەی مریەمە، ئەی پەناگەی گوناهکاران، داوای لێ بووردنی بۆ بکە! ئۆ ئەی پاکی بێ گەرد، لە کەنداوی مەرگ رزگاری بکە!

وانەی ئینگلیزی بە گێرانەوەی بەسەرهاتی مێژوویی دەستی کرد. کەسانی شاهەنشاهی، وڵگەکان، پیلانگێڕەکان، ئەسقەفەکان، لە ژێر پەردەی ناوەکانیان بەڵاڵی مێمڵ ئاسا بە پێشی دا تێ پەڕین. هەموو مرد بوون: لێ پرسینەوەیان لەگەڵ کرا بوو. چ سوودێکی هەیە مرۆڤ هەموو دنیای هەبێ و گیانی ون بکات؟ لە کۆتایی دا لەمە گەیشت: ژیانی مرۆڤ لەبەرچاوی وەك پەردەی شانۆ کرایەوە و دەشتێکی کپ و هێمن کە مرۆڤ وەکو مێرووڵە برایانە لە سەری ئیش دەکەن و مردووەکانیشیان بە بێ دەنگی لە بن گردە خۆڵێك خەوتوون. ئانیشکی هاوڕێکەی پێ ی کەوت و ناودڵی هێنایە ژان: هەر کە دەمی کردەوە تا وەڵامی پرسیاری مامۆستاکەی بداتەوە، گوێ ی لە دەنگی خۆی بوو کە مۆرکی هێمنی و پەشیمانی و دڵشکاوی پێوەیە.

رۆحی پڕ نقوومی نێو ئەو خامۆشی یە پڕ پەشیمانی یە بوو. هیچی دی توانای ئەوەی نەبوو بەرگەی ئەشکەنجەی ترس بگرێت. هەرکە ڕوو دەچوو، نزایەکی لاوازی لێ هەڵسان. ئاه، بەڵێ هێشتا ماوەی بەدەستەوەیە لە دڵ ڕا پەشیمان ببێتەوە و خواش دەیبەخشێ: ئینجا ئەوانەی سەرەوە ئەوانەی لە ئاسمانن، دەبینن چی یەك لەباتی ژیانی رابردوو دەکات: هەموو ژیانی: هەموو ساتێکی ژیانی. تەنها چاوەڕێ ی بن.

– هەموو ژیانی، خودایە! هەمووی! هەمووی!

پەیکێك هاتە بەر دەرگا تا رابگەیەنێ کە هەنکە لە کڵێسادا کاتی (دان پیانان) هاتووە. چوار کەس ژووریان جێ هێشت، گوێشی لێ بوو هەندێکی دی لە داڵانەکە بەرەو خوار دەچوون. سەرمایەکی کوشندە لەسەر دڵی هەڵی کرد، کە لە نەرمە رەشەبایەك دەچوو، لەگەڵ ئەوەش دا بە هێمنی گوێ ی دەگرت و ئازاری دەکێشا. وا پێ دەچوو کە گوێ ی دانابێتە سەر ماسولکەکانی دڵی، هەستی بە کورژ بوون و هەڵلەرزینی دەکرد، هەروەها فڕکە فڕکی ناخیشی بە ئاسانی دەبیست.

چار نی یە. دەبێ هەر دانپیابنێ. ئەوانەی کردوویەتی و بیری لێ کردۆتەوە دەبێ بە وشە بیدرکێنێ و گوناه بە گوناه بیڵێ. چۆن؟ چۆن؟

– باوکە، من....



ئەم بیرە وەك قلنجێکی ساردی بریسکەدار لە جەستەیدا ختم دەبوو: دان پیانان. بەڵام هەرگیز لە کڵێسا گچکەکەی خوێندنگا دانپیانانێت. ئەو زۆر بەسەر ڕاستی دان بە هەموو گوناهێکی کرد بێت یا بیری لێ کردبێتەوە دەنێت. بەڵام نەك لە پێش چاوی قوتابیان. لە شوێنێکی دوور لێرە، لە شوێنێکی تاریك وشە ئابڕووبەرەکانی خۆی دەدرکێنێ و بە ملکەچی یەوە لە خودا دەناورێتەوە کە لێی تووڕە نەبی کە ناوێرێ لە کڵێسای خوێندنگا دان پیابنێ. هەروا بە گەردن کەچی یەکی رۆحی تەواوەوە بەکپی تامەزرۆی گەردن ئازادی ئەو دڵە ساوایانە بوو کە لە دەوری بوون.

کات رابرد.

دیسان لە ریزی پێشەوەی کڵێسا دانیشت. تیشکی خۆر لە دەرەوە بەرەو کزی دەچوو. هەندێ تاڵەتیشك بە کەلێنی پەردە سوورە تەڵخەکە بە نەرمی سەریان دەهێنا ژوورەوە، وای هاتە بەرچاو کە خۆری رۆژی دوایی لە ئاوا بوونە و هەموو رۆحەکانیش کۆکراونەتەوە بۆ لێ پرسینەوە.

– **(من لە بەرچاوی تۆوە تێ هەڵدراوم)**، رۆڵە ئازیزەکانم، برایانی گچکەی ئاینیم، ئەم وشانە لە کتێبی(گۆرانی یە پیرۆزەکان)، بەشی سی یەم، ئایەتی بیست و سێ یەم وەگیراون. بە ناوی باوك و کوڕ و گیانی پیرۆز، ئامین.

ڕێنماکەر بە دەنگێکی هاوڕێیانەی هێواش کەوتەوە قسەکردن. رووی زۆر خۆشبوو و بەنەرمی پەنجەی دەستەکانی بە یەکتریەوە نوساند و سەرپەنجەکانی شێوەی قەفەسێکی باریکیان پێکهێنا.

– ئەوڕۆ بەیانی لە ئەنجامی بیرکردنەوەمان لە دۆزە هەوڵمان دا شتێك روون بکەینەوە کە دامەزرێنەری پیرۆزمان لە کتێبەکەی دەربارەی مەشقی گیانی ناوی ناوە: جێگا پێکهێنان. هەوڵماندا بە هۆی هەستەکانی مێشك ئەوە بهێنینە بەرچاوی خۆمان کە خاسیەتە مادیەکانی ئەو شوێنە چین و ئەو ئەشکەنجە جەستەیی یانەش چین کە هەموو ئەوانەی ناو دۆزەخ تووشی دێن. ئەم ئێوارەیە چەند تاوێك بیر لە سروشتی ئەشکەنجە گیانیەکانی دۆزەخ دەکەینەوە.

– لە بیرتان بێت کە گوناه تاوانێکی دووسەرە. ملکەچی یەکی چەپەڵانەیە بەرامبەر سروشتە بەدەکانمان بۆ خۆدانەدەست واڕسکە نزمەکان– بۆ ئەو شتانەی کە ڕەمەکی و ئاژەڵین. هەروەها ڕوو وەرگێڕانیشە لە ئامۆژگاری سروشتە باڵاکانمان، لە هەموو ئەو شتانەی کە پاك و پیرۆزن، لە خوای پیرۆزیش. جا هەربۆیە تاوانە مەزنەکان لە دۆزەدا بە دوو چەشنە سزای جیاواز: کە جەستەیی و گیانی یە سزا دەدرێن.

مەزنترین ئازاری گیانی بریتی یە لە ئازاری هەست بە دۆڕان کردن، لە ڕاستی دا، ئەمە ئەوەندە مەزنە، کە بە مەزنترین ئازاری هەمووان دادەنرێ. حەزرەتی (تۆماس)، مەزنترین پزیشکی کلێسا، کە بە پزیشکی فریشتەیی ناوی دەبەن، دەڵێت: خراپترین نەفرەت لەوەدایە هەرکە تێگەیشتنی مرۆڤ لە تیشکی خوایی بێ بەری بکرێت و بە کەللەڕەقی ڕوو وەربگێرێت لە سۆز و بەزەیی و چاکەی خوا. ئەوەتان لە بیر بێت کە خوا خاوەن بوونێکی یەگجار چاکە، جا بۆیە لەدەست چوونی ئەم بوونە چاکە لە خۆیدا ئەشکەنجەیەکی بێ ئەندازەیە. ئێمە لەو دنیایەدا هیچ بیرێکی تەواومان لە بارەی ئەو جۆرە لەدەست چوونە نی یە، بەڵام نەفرەت لێکراوانی ناو دۆژە بە هۆی گوناهەکانیان بەتەواوی لەم لەدەست چوونە تێ دەگەن و دەزانن ئەو زیانانەی گوناه لێ یان داون هەتاهەتاییێ بۆیان ناگەڕێتەوە. هەر لەو تاوەی مەرگ باڵی خۆی بە سەرمان دادەکێشێ پەیوەندی نێوان جەستە و گیان هەپڕوون بە هەپڕوون دەبێت و یەکسەر گیان بەرەو خوا دەفڕێت وەك وا بێت بەرەو ناخی خۆی بکێشێت. ئەوەتان لە بیر بێت، ڕۆڵە گچکە ئازیزەکانم، کە گیان تامەزرۆی ئەوەیە لەگەڵ خودا دابێت. ئێمە لە لای خواوە هاتووین، بەهۆی ئەوەوە دەژین و موڵکی ئەوین. خوا بە ئەوینێکی خوایانەوە ڕۆحی هەموو مرۆڤێکی خۆش دەوێت و ڕۆحی هەموو مرۆڤێکیش بەهۆی ئەو دەژیت. چۆن بەشێوەیەکی دی دەبێت؟ هەموو هەناسەیەك کە وەری دەگرین، هەموو بیرێکی مێشکمان، هەموو تاوێکی ژیانمان لە چاکەی لەبن نەهاتووی خواوە هەڵدەقوڵێ. ئەگەر دایکێك لە جیابوونەوەی ڕۆڵەکەی ئازار بکێشێ، یا پیاوێك لەسەر ماڵ و ئاگردانی خۆی دەربەدەر بکرێ و بنێررێتە هەندەران، یا هاوڕێیەك لە هاوڕێکەی دابڕێت، دە ئێستا بیر بکەنەوە دەبێ چ ئازار و ئەشکەنجە و ژانێك بەسەر ئەو گیانە بەسەزمانە دابڕژێت کە لە بەرامبەر خوای پڕ خۆشەویستی و چاکەی مەزنەوە تێ هەڵبدرێت — ئەو خوایەی کە گیانی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون و ژیان و یارمەتی داوە و بە بێ ئەندازەش خۆشی ویستووە. جا کاتێك ئەو گیانە لە خوای هەرە چاك هەتاهەتایە دادەبڕێ تا هەست بە ژانی ئەم لێ دابڕانە بکات و لاشی ئاشکرا بێت کە ئەم بارە تاسەر وەك خۆی دەمینێتەوە؛ ئا ئەمە مەزنترین ئازارێکە کە گیانی دروستکراو بتوانێت خۆی لەبەر بگرێت: (paena damni) کە ئەویش ئازاری لە دەست چوونە.

دووەم ئەشکەنجە کە ئازاری ڕۆحی نفرین لێکراوانی ناو دۆژە دەدات ئازاری وێژدانە. هەروەك چۆن جەستەی مردووەکان لە ئەنجامی ڕزین و بۆگەن بوون کرم هەڵدێنێ، ئاوا گیانە وێڵەکان ئازاری پەشیمانی بەردەوام دەکێشن لە ئەنجامی ڕزین و بۆگەن بوونی گوناه؛ پاپا



(ئینسنت)ی سێهەم ناو لەو پیوەدانەی وێژدان دەنێت کرمی سێ چزوودار. یەکەم پێوەدانی ئەم کرمە دڵڕەقە بریتی یە لە یادگاری کامەرانی ی ڕابردوو. ئای چ یادگارێکی تاڵ و سامناکە! لە ناو دەریاچەی گڕ و بڵێسەدا کە هەموو شتێك هەڵدەلووشی شای لە خۆبایی کۆشك و تەلارە کەشخەکەی بە بیردادێتەوە، پیاوە بەدە ژیرەکان پەڕتووکخانە و کەل و پەلی لێکۆڵینەوەیان، جوانپەرستەکان داتاشراوی مەڕمەڕ و گەنجینە هونەریەکانیان، کاسەلێسەکان ئاهەنگی دڵگر و قاپی خواردنی ڕازاوە و بادەی هەڵبژاردەیان دێتەوە یاد، قرچۆکەکان بارە زێڕەکانیان، چەتەکان سامانی یاساغیان، پیاوکوژە دڵ پڕ کینە و زۆردارە بێ بەزەیی یەکان کردارە خوێناوی و دڕندەکانیان بە بیر دێتەوە کە دڵیان پێ ئاودەدرا، بەزمکەر و هەشەری یەکان بەزمە چەپەڵە لە باس نەهاتووەکانیان دێتەوە یاد کە دڵیان پێ دەگەشایەوە. ئەوان هەموو ئەو شتانەیان دێتەوە یاد و بێز لە خۆیان و گوناهەکانیان دەکەنەوە. چونکە ئەو خۆشیانە گەلێك چەپەڵ و گڵاو دێنە بەرچاوی گیانیان کە لەسەرینی ئەوانەوە چەندین سەدە لە ناو ئاگری دۆژە ئازار دەدرێن. ئای کوو ئاگریان تێ بەر دەبێ و هەناویان داغ دەبێت کاتێك هەست بەوە دەکەن کە بەختەوەری ئاسمانیان لەباتی چڵکی زەوی لە دەست داوە، لەباتی چەند پارچە کانزایەك، لەبڕی یەی پلەو پایەیەکی پووچ، لەپێناو حەسانەوەیەکی جەستەیی، یا سەرمەستی یەك. ئێستا پڕ بە دڵ پەشیمان دەبنەوە، ئەمەش دووەم پێوەدانی کرمی وێژدانە، کە ئەمەش پەشیمانی یەکی درەنگ و بێ سوودە لەو خراپانەی کردوویانە. دادوەری خوایی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە هەمیشە بیری ئەو یاخی بووە بەدبەختانە بخاتە سەر گوناهەکانیان. وێڕای ئەوەش، هەروەك حەزرەتی (ئۆگستین) دەڵێ، خوا زانیاری تایبەتی خۆی لە مەڕ گوناه پێ یان دەبەخشێت تا گوناهەکانیان بە هەموو چەپەڵیەکەوە ببینن کە خودا دەیانبینێت. ئینجا گوناهەکانیان بە هەموو گڵاوی و دزێویەوە دەبینن و پەشیمان دەبنەوە، بەڵام کاتی پەشیمان بوونەوە ڕابرد، ئینجا ڕۆ ڕۆ بۆ ئەو هەلە بەنرخانە دەکەن کە لەدەستیان چووە بەبێ ئەوەی گوێ ی پێ بدەن. ئەمەش دوا پێوەدانی کرمی وێژدانە بەڵام لە هەمووان قووڵتر و بێ بەزەیی ترە. وێژدانیان پێ یان دەڵێ: ئێوە کات و هەلی پەشیمانبوونەوەتان بۆ ڕەخسا بەڵام واتان نەکرد. دایك و باوکتان ئێوەیان لەسەر پێڕەوێکی ئایینی پەروەردە کرد، هەموو پیرۆزی و بەزەیی و ئامۆژگاریەکی کلێسا بۆ یارمەتی دانی ئێوە تەرخان کرا بوو. نوێنەری خوا هەبوون تا ڕێنمایی تان بکەن و بتان گەڕێننەوە سەر ڕێ ی ڕاست کە گومڕان، تا لە گوناهتان ببورن- گرنگ نی یە چەند بووبن یان چەند گڵاو بووبن تەنیا بهاتایە دانتان پیابنایە و پەشیمان ببوانەوە. نەخێر، بەڵام واتان نەکرد. گاڵتەتان بە

قەشەی ئایینی پیرۆز کرد، پشتتان کردە دانپیانان، تا دەهات زێتر بە ناو زۆنگاوی گوناه و خراپەکاری دا ڕوو دەچوون. خودا داوای لێ کردن، گەفی لێ کردن، باوەشی بۆ کردنەوە تا بگەڕێنەوە لای. ئای لەو ئابڕوو چوون و بەدبەختی یە! فەرمانڕەوای گەردوون بە جەرگ سۆژیەوە داوای لە ئێوەی لە قوڕدروستکراو کرد ئەو کەسەتان خۆش بوویت کە ئێوەی دروستکردووە و یاساکانی بپارێزن. نەخێر، بە گوێیتان نەکرد. هەنووکە هەموو دۆزەخ لە فرمێسکی پەشیمانی نقووم بکەن- ئەگەر توانای گریانتان مابێ- ئەو دەریا فرمێسکەی پەشیمانی بارتەقای یەك تاقە ڕۆندکی ڕاستەقینەی پەشیمانی ژیانی دنیا نابێت. ئێستا دەپاڕێیتەوە بۆ تاقە تاوێکی ژیانی دنیایی تا پەشیمان ببیتەوە. بەڵام بێهودەیە. کات بەسەر چوو - ڕابرد هەتا هەتایی.

- پێوەدانی سێ لایی وێژدان ئە ئاوایە- مارێکە بە کانگای دڵی بەدبەختانی ناو دۆژەوە دەدات و پڕی سۆیی دۆژەیی دەکات تا وایان لێ دەکات نفرین لە خۆیان بکەن لەبەر بێ مێشکیان و نفرین لەو هاوڕێ چەپەڵانەشیان بکەن کە تووشی ئەو داماویەیان کردن، هەروا نفرین لەو شەیتانانە دەکەن کە لە ژیان تەفرەیان دان و لەو شوێنە هەتاهەتاییەدا گاڵتەیان پێ دەکەن. تەنانەت نفرین و جوێن لەو خوایە مەزنە دەکەن کە گاڵتەیان بە چاکی و پشوودرێژی دەکرد بەڵام ناتوانن لە چنگ دادپەروەری و هێزی دەرباز بن.

- ئازارێکی دیکەی ڕۆحی کە نەفرەت لێکراون دەیچێژن بریتی یە لە ئەشکەنجەی بێ کۆتایی. لەم دنیایەدا مرۆڤ چەندی بتوانێت کاری بەد و خراپ بکات، ناتوانێت هەموویان پێکەوە بکات، چونکە هەر چەوتی یەك یەکێکی دی ڕاست دەکاتەوە یا کاریگەریەکەی پووچ دەکاتەوە، هەروەك چۆن ژەهرێك کاریگەری ئەوی تر ڕاست دەکاتەوە. بەڵام لە دۆژەدا ئەم شتە بە پێچەوانەیە، چونکی ئەشکەنجەیەك لە جیاتی ئەوەی کاریگەری ئەوی تر لا ببات، هێزێکی مەزنتری پێ دەدات، وێڕای ئەوەش هەروەك دەزانین هەستی ناوەوەی مرۆڤ کاملترن لەوانەی دەرەوە، جا بۆیە ئەوان پتر توانای ئازار چێژتنیان هەیە. هەروەك چۆن هەر هەستێك بە جۆرە ئازارێکی تایبەتی ئازار دەچێژێت، هەموو توانا ڕۆحی یەکانیش بە هەمان شێوە ئازار دەدرێن: ئەندێشە بە دیمەنی تۆقێنەر، توانای هەست بە تامەزرۆیی و هەڵچوونی یەك بە دوای یەك، مێشك و تێ گەیشتن بە شەوەزەنگی ناوەوە کە تەنانەت زۆر ترسناکترە لە شەوەزەنگی دەرەوە کە باڵی بە سەر ئەو زیندانە تاریکە داگرتووە. لەپاڵ لاوازی ئەو کینەیەی کە بەسەر ئەو ڕۆحە شەیتانانەدا زاڵە، ئەوە هەرگیز سنووری بۆ نی یە و بێ ئەندازە بەردەوامە و لە بارێکی



خراپەکاری بەسام دەتوێنەوە کە ئێمە بە دەگمەن دەتوانین هەستی پێ بکەین، ئەگەر دزێوی گوناه و ڕقە گەورەکەی خوا نەهێنینە پێش چاوی خۆمان.

- لە بەرامبەر ئەشکەنجەی بێ کۆتایی، ئەشکەنجەی چڕو پڕ هەیە کە پاڵپشتی یەتی. هەروەك دەزانین دۆزەخ بارەگای هەموو خراپەیەکە، ناوەڕاستی هەموو شتێکیش لە پەڕگەکانی چڕوپڕترە. لە دۆزەخدا هیچ جۆرە دژایەتی یا تێکەڵبوونێکی ئەشکەنجە نی یە بۆ کەمکردنەوە یا هێواشکردنەوەی یەکتری. نەخێر، ئەو شتانەی لەخوێدا چاکن لە دۆزەخدا دەبنە شتی زیانبەخش. هاوڕێ، کە لە هەموو شوێنێك سەرچاوەی دڵدانەوەی داماوانە، لەوێ دەبێتە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی ئازار چێژتن. زانست کە چاکترین سامانی مێشکە و هەموو کەسێك بە حەزرەتی یەوەیە، لێرەدا پتر لە نەزانین ڕق هەڵسێنە. ڕوناکی: کە هەموو خاوەن گیانێك بە پەرۆشی یەوەیە هەر لە خواوە تا نزمترین دەوەنی دارستان: لە دۆژەدا پڕ بەدڵ بێزی لێ دەکرێتەوە. لەم ژیانەماندا ئازارمان یان زۆر درێژخایەن نی یە یان زۆر بەهێز نی یە، ئەویش لەبەر ئەوەیە سروشت یان بەلێ ڕاهاتن بە سەریدا زاڵ دەبێت یان بە چۆك دادانی یەگجارەکی لەبەردەمیا. بەڵام ئازاری دۆژە بەلێ ڕاهاتن دەستبەردار نابێت، چونکە لەوکاتەی کە لە چلەپۆپەی تیژی دایە بە چەندین شێوە دەگۆڕێت و هەر ئازارێك تین لەوەی تر وەردەگرێت و دووەمیشیان ئاگرێکی وا بە یەکەمیان دەبەخشێت کە لە گڕ و بڵێسە لەوی پێشوو توند و تیژترە. هەر بەم چەشنە سروشت ناتوانێت خۆ لەم ئازارە تیژە هەمە چەشنانە ڕزگار بکات بە چۆك دادان لەبەر دەمیا چونکە گیانی ناو دۆژە بە هۆی گوناهەکانیەوە دەپارێزری و دەهێلڕێتەوە تا ئازارەکە مەزنتر بێت. ئازاری ئەشکەنجەی بێ کۆتایی، ئێش و ئازارێکی باوەڕنەکراو، ئازاری گۆڕانی بەردەوام — ئا ئەوەیە کە مەزنێتی خوا لەو گوناهکارانەی کە ڕقیان هەڵساندووە داوا دەکات. ئا پیرۆزی ئاسمانیش کە گاڵتەی پێ کراوە و پشتگوێ خراوە بۆ تامەزرۆیی و خۆشیە کەمەکانی جەستەی چەپەڵ، هەر ئەمە داوا دەکات و هەر لەبەرئەوەش چونکی خوێنی بەرخی بەسەزمانی خوا[٦٩] ڕژێنرا بۆ خۆشبوون لە گوناهەکانیان، بەڵام ئەوان بە هۆی چەپەڵترین چەپەڵی پێ شێلیان کرد.

- دواترین و مەزنترین ئازار بریتی یە لە شوێنە سامناکە هەتا هەتایەکەی دۆژە. هەتا هەتاییێ! ئای لەو وشە دڵتەزێن و سامناکە! هەتا هەتاییێ! ئایا مێشکی چ مرۆڤێك لەوە

٦٩. مەبەست لە مەسیحە.

تێدەگات! ئەوەشتان لەبیر بێت کە ئەوە ئازاری هەتا هەتاییشی لەگەڵە. تەنانەت ئەگەر ئازاری دۆژە ئەوەندەش ترسناك نەبێت وەك دەیزانین بەڵام کە دەبێتە ئازارێکی بێ پایان و هەتا هەتایە ئەوا سامناکتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەی ئەو ئازارانە هەمیشەیین، لە هەمان کاتیشدا هەروەك دەیزانین یەکجار توند و درێژخایەنیشن. ئەگەر بێ و ئازاری پێوەدانی یەك مەگەز هەتا هەتاییێ بێت و ببێتە ئازارێکی سامناك، ئەگەر ئازارە هەمەچەشنەکانی دۆژە هەتا هەتاییێ بکێشیێ دەبێ چۆن بێت؟ هەتا هەتایە! هەتاسەر! نەك بۆ ساڵێك یان چاخێك بەڵکو هەتا هەتاییێ. هەوڵ بدەن ئەو مانا ترسناکەی ئەمە بێننە بەرچاوی خۆتان. زۆر جار قۆمەتە قومتان لە قەراغ دەریا دیوە. دیوتانە دەنکی چەند وردە! دەبێ چەند لەو دەنکە قومە وردانە گۆلێکی گچکەی منداڵ پێك بێنن کاتێك دەیگرنە دەست بۆ گەمە کردن. ئێستا چیایەك لەو قومە بێننە بەرچاوی خۆتان کە ملیۆن میل بەرز بێ — لە زەوی یەوە بگاتە کەشکەلانی فەلەك، هەروەها بە پانایی ملیۆن میل- کە دەگاتە ئەوپەڕی زەوی و بە ملیۆن میلیش ئەستوور. ئێستا بێننە پێش چاوی خۆتان کە ژمارەی بێ شوماری ئەو دەنکە قومە وردانە دەکاتە دوو قاتی پەلکەداری ناو دارستان، دلۆپە ئاوی دەریالووشی مەزن، پەڕامووچەی باڵندان، پوولەکەی ماسی، تووکی گیانداران، ئەتۆمی ناو هەوای پان و پۆڕ. ئەوە بێننە بەرچاوی خۆتان کە باڵندەیەکی گچکە پاش تێپەر بوونی هەر ملیۆن ساڵێك دێتە سەر ئەو چیایە و بە دەنووکەکەی دەنکێك لەو قوومە وردە هەڵدەگرێت. دەبێ چەند ملیۆن سەدە بەسەر بچێت تا ئەو باڵندە گچکەیە تەنها تاقە پێ یەکی دووجا لەم چیا مەزنە ببات، ئاخۆ دەبێ چەند ئایۆنی[٧٠] چاخەکان بەسەر بچێت پێش ئەوەی هەموو ئەو چیایە بەرێت؟ کەچی پاش کۆتایی هاتنی ئەو هەموو کاتە مەزنە ناتوانین بڵێین تاقە تاوێکی ئەو سەرمەدیەتە بەسەر چووە. لەپاش بەسەرچوونی ئەو هەموو بلیۆن و تریلیۆن ساڵانە هێشتا سەرمەدی یەت هەر دەستیشی پێ نەکردووە. ئەگەر ئەو چیایە جارێکی دی پاش تەواو بوونی بەرز بۆوە، ئەگەر باڵندەکە دیسان هاتەوە و گەرد بە گەرد بردی، ئەگەر ئەم رووداوە بە قەد ئەستێرەی ئاسمانان، گەردی هەوا، دلۆپە ئاوی دەریا، گەڵای درەخت، پەڕامووچەی باڵندان، پوولەکەی ماسی، تووکی گیانداران بەردەوام بوو، پاش ئەو هەموو گوازتنەوە و بەرزبوونەوەی بێ ژماری ئەو چیا پان و پۆڕە هێشتاش ناتوانین بڵێین کە تاقە تاوێکی سەرمەدی یەت بەسەرچووە. بەڵام پاشی بەسەرچوونی ئەو هەموو ماوەیە، پاش

٧٠. ئایۆن: ماوەیەکی یەکجار دوورودرێژ.



ئەوەندە ئایۆن لە چاخ کەوا لە مرۆڤ دەکات هەست بە سەرسوڕان بکات بەس ئەگەر بیری لێ بکاتەوە، هێشتا سەرمەدیەت هەر دەستیشی پێ نەکردووە.

- حەزرەتێکی پیرۆز(وا بزانم یەکێك لە باوکەکانمان بوو) جارێکیان دیمەنێکی دۆژەی روون کردەوە. وای هاتە بەرچاو کە لە ناوەڕاستی هۆڵێکی مەزن وەستاوە کە شەوەزەنگ و خامۆشی ئەو ناوەی گرتۆتەوە و بێجگە لە تکە تکی کاتژمێرێکی گەورە هیچی دی نابیسرێت. بە بێ وەستان تکە تك بەردەوام بوو: حەزرەتەکە وای هاتە بەرچاو کە دەنگی تکە تکەکە دووبارەکردنەوەی بەردەوامی ئەم وشانە بوو: هەمیشە، هەرگیز، هەمیشە، هەرگیز. هەمیشە لە دۆژەدا دەبی و هەرگیز ناچیتە ئاسمان. هەمیشە لەبەرچاوی خوا دوور دەخرێیتەوە، هەرگیز دیمەنی فریشتەیی خوا نابینی: هەمیشە ببە خۆراکی بڵێسە و جێ گازی کرم و بە سنگی ئاگرین نەقیزەت لێ بدرێت، هەرگیز لەو ئازارانە رزگار نابیت: هەمیشە وێژدانت سەرزەنشتت بکا و بیرت ئازارت بدات و مێشکت پڕ تاریکی و نائومێدی: هەرگیز لە دەست ئەوانە دەرباز نابیت. هەمیشە جۆین و نفرین دادەبارێنیتە سەر ئەو شەیتانە گلاوانەی کە زۆر بەتامەزرۆیی یەوە لە داماوە فریوخواردووەکان ورد دەبێتەوە، هەرگیز پۆشاکی رەونەقدار بەرۆحتەوە نابینی: هەمیشە لە ناو ئەو دەریاچە ئاگرینەدا هاوار و رۆڕۆتە تا خوا تاقە تاوێك لەم ئاگرە رزگارت بکات، تاقە تاوێك، تەنیا تاقە تاوێکیش چی یە لەم ئازارە سامناکەی سەرەمەرگ رزگار نابی و خوا لێت نابوورێت: هەمیشە ئازار دەکێشی و هەرگیز شادی نابینی، هەمیشە نفرین لێ کراویت؛ هەمیشە، هەرگیز: هەمیشە، هەرگیز: ئای لەو سزایە سامناکە! ئازارو ئەشکەنجەی سەرمەدی بێ کۆتایی، ئازاری جەستەیی و دەروونی بێ سنوور، بە بێ ئەوەی بایی گەردێك تروسکەی ئاواتت هەبێت، بە بێ ئەوەی تاوێك لەو ئازارە تیژە بێ ئەندازەیە پشوو بدەیت — لەو ئازارەی کە بەردەوام دەگۆڕێ — ئەو ئازارەی کە هەمیشە ئەو شتەی هەڵی دەلووشێت دەپارێزێت. ئەو ژانەی کە هەمیشە چڕنووك لە گیان دادەگرێ و جەستە دەهاڕێت. هەمیشەیی، ئای کە هەر تاوێکی لە خوێدا ئەشکەنجەیەکی هەمیشەیی یە. ئا بەم چەشنە خودای دادپەروەر و بەتوانا سزای ئەو کەسانە دەدات کە دڵی خۆیان لە ناو تاوانە مەزنەکان دەنێژن.

- بەڵێ، خودا دادپەروەرە! ئەو مرۆڤەی کە مێشکی لە سنووری بیرکردنەوەی مرۆڤانە پتر بڕ ناکات سەری لەوە سووڕدەمێنی کە خوا ئەو سزا هەمیشەیی یە بێ پایانەی لە ناو ئاگری دۆژە بۆ ئەو کەسانە ئامادە کردووە کە تاقە تاوانێکی بەرباد دەکەن. ئەوان وابیردەکەنەوە چونکە ئەندێشەی چەپەڵی جەستە و شەوەزەنگی تێگەیشتنی مرۆڤ ناتوانیت گڵاوی ئەو تاوانە

گەورەیەی ببینێ. ئەوان وا بیردەکەنەوە چونکە ناتوانن لەوە تێ بگەن کە تەنانەت گوناهێکی گچکە سروشتێکی ئەوەندە چەپەڵ و کرێتی هەیە کە تەنانەت ئەگەر خوا کۆتاییی بە هەموو کارێکی بەد و نەنگ لەم ژیانەدا بهێنێت وەك جەنگ، نەخۆشی، چەتەکاری، تاوان، مەرگ و کوشتار، ئامادە نی یە لێ بگەڕێت تاقە گوناهێکی گچکە بە بێ سزادان بڕوات، جا ئەوە گوناهێکی سادەی وەك درۆیەك یا تەماشایەکی بە ڕق یا تاوێك تەوەزەلی بەئەنقەست بێت. خوای خاوەن گشت توانا ناتوانێت چاو لەو گوناهانە بپۆشێت چونکە گوناە کردن چ بە کردەوە بێت یا بیر لێکردنەوە، بریتی یە لە سەرپێچی کردن لە یاسای خوا. خۆ خوداش خوا نابێت ئەگەر سزای سەرپێچی کەران نەدات.

- یەك تاقە تاوان، تاوێك یاخی بوونی خەڕۆیی بیر، بووە هۆی بەربوونەوەی لوسیفەر و سێ یەکی خەڵکی ئاسمان و لەدەستچوونی سەربەرزیان. تاقە گوناهێك لە گەوجی و لاوازی بووە هۆی دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشتی عەدەن و هاتنی مەرگ و ئازار و ئەشکەنجە بۆ سەرڕووی جیهان. جا بۆ رزگار بوون لە ئەنجامی ئەو تاوانە، تاقە رۆڵەی خوا هاتە سەر ڕووی زەوی و ژیا و ئەشکەنجەی چێژت و بە دەم گەورەترین ئازارەوە گیانی سپارد، دوای ئەوەی سێ سەعاتی خشت بە سەر خاچ مایەوە.

- ئۆه، ئەی بچکووڵە ئازیزەکانم، ئەی برایانی ئایینیم، دەشی ئێمە خراپە بەرامبەر رزگارکەرە چاکەکەمان بکەین و ڕقی هەڵبسێنین؟ ئایا دەبێ جارێکی دی جەستە گوشراوە پارچە پارچە کراوەکەی پێ شێل بکەین؟ دەشی تف بکەینە سەر ئەو رووە پڕ خۆشەویستی و خەفەتە؟ ئایا دەبێ ئێمەش وەك جوولەکە دڵڕەق و سەربازە دڕندەکان گاڵتە بە رزگارکەرە خانەدان و میهرەبانەکە بکەین کەلە پێناوی ئێمەدا خۆی خستە ژێر بەرداشی ئازارەوە؟ هەموو وشەیەکی گوناه برینێکە لە تەنکێشە نازدارەکەی دەکەین. هەر کردەوەیەکی گوناه دڕکێکە دەچەقێتە مێشکی. هەموو بیرکردنەوەیەکی ناپاك، کە پڕبەدڵ خۆمان دەدەینە دەستی، ڕمێکی نووکتیژە دەچەقێتە ناخی ئەم دڵە پڕ خۆشەویستی یەی. نەخێر، نەخێر. شتێکی ئەستەمە کە هیچ مرۆڤێك شتێکی وا بکات بە قوولێ ئازاری شکۆ خوایانەکەی بدات کە شایەنی سزای هەتاهەتایەیە، کە دیسان رۆڵەی خوا لە خاچ دەداتەوە و گاڵتەی پێ دەکات.

- لە خوا دەپاڕێمەوە وشە لاوازەکانم کاری خۆیان کرد بێت لە بەهێزکردنی ڕەگی پیرۆزی لە دەروونە ناسکەکان و بەهێزکردنی وورەی ڕووخاویان و ئەو گیانە وێڵانە بگەڕێننەوە سەر ڕێگای ڕاست. ئەگەر کەسێکی وا لێرە هەبێت ئەوا من لە خودا دەپاڕێمەوە، ئێوەش لەگەڵ من لە خوا



بپاڕێنەوە تا لە گوناهەکانمان پەشیمان ببینەوە. هەنووکە داواتان لێ دەکەم، ئێوەش لەدوای من ئەو وشانەی پەشیمان بوونەوە بڵێنەوە و لە ناو ئەو کڵێسا بچکۆڵەماندا لە بەردەم خوای مەزن کڕنووش ببەن. خوا لەناو ئەو پەرستگایەدا لە پێناوی خۆشەویستی مرۆڤ دادەگیرسێ و ئامادەیە بۆ دڵدانەوەی داماوان. هەرچەند گوناهتان بێ شوومار و چەپەڵ بن، تەنها ئەگەر پەشیمان ببنەوە خوا لێتان خۆش دەبێت. لێ مەگەڕێن هیچ جۆرە شەرمێکی دنیایی ڕێگای پەشیمان بوونەوەتان لێ بگرێت. خودا خاوەن میهر و بەزەیی یە و حەز بە مەرگی سەرمەدی گوناهکاران ناکات بەڵکو حەز بە گەڕانەوەیان بۆ سەر ڕێی ڕاست و ژیانیان دەکات.

- ئەو داواتان لێ دەکات بچنە لای. ئێوە مولکی ئەون. ئێوەی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون. ئەوها خۆشی ویستوون مەگەر بەس خوا وای خۆش بوێن. هەرچەند گوناهتان دژی ئەو کردووە، بەڵام هێشتا باوەشی بۆتان کردۆتەوە. ئەی گوناهکارە وێڵە پووچەکان، بەرەوڕووی بچن. ئێستا وەختی خۆیەتی. هەنکە وەختی پەشیمان بوونەوەیە.

قەشەکە هەڵسایە سەر پێ و بەرەو قوربانگەکە رووی وەرگێڕا و لە ناوەڕاستی ئەو تاریکی یەدا لە سەر سەکۆی پەرستگاکە کڕنووشی برد. چاوەڕێ ی کرد تا هەموویان کڕنووشیان برد و هەموو دەنگێك خامۆش بوو. پاشان سەری هەڵبڕی و بە خوێنگەرمی وشەی پەشیمان بوونەوەی ڕستە لە دوای ڕستە دووبارە دەکردەوە: زمانی لە گەرووی دا وشك ببوو و سەری داگرت و لە دڵەوە دەپاڕایەوە:

- ئەی خودایە! -

- ئەی خودایە! -

- من پڕ بە دڵ پەشیمانم —

- من پڕ بە دڵ پەشیمانم —

- لەوەی خراپەم لەگەڵتا کرد —

- لەوەی خراپەم لەگەڵتا کرد —

- من ڕقم لە گوناهەکانمە —

- من ڕقم لە گوناهەکانمە —

- لە سەرووی هەموو خراپەکانم —

- لە سەرووی هەموو خراپەکانم —

- چونکە تۆ پەست دەکەن — خواکەم —

- چونکه تۆ پەست دەکەن — خواکەم —

- تۆ ئەی ئەوەی شایەنی —

- تۆ ئەی ئەوەی شایەنی —

- گشت خۆشەویستی یەکی منی —

- گشت خۆشەویستی یەکی منی —

- من بەدڵنیایی نیازم وایە —

- من بەدڵنیایی نیازم وایە —

- بە هۆی بەزەیی پیرۆزت-

- بە هۆی بەزەیی پیرۆزت —

- چی دی خراپەت لەگەڵ نەکەم —

- چی دی خراپەت لەگەڵ نەکەم-

- بگەڕێمەوە سەر ڕێ ی ڕاست-

- بگەڕێمەوە سەر ڕێ ی ڕاست-

❊ ❊ ❊

پاش فراوین کردن چووە ژوورەکەی خۆی تا لەگەڵ ڕۆحی خۆی تەنیا بێت، لەگەڵ هەر شاقاوێکدا ڕۆحی هەنسکی دەدا، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا گیانی لەگەڵ پێ ی بەرز دەبۆوە، لە کاتی بەرز بوونەوە بە ناو شوێنێکی تاریکی خزۆکدا هەنسکی دەدا.

لە بەردەرگاکە وەستا؛ دەسکە فەخفوری یەکەی دەرگاکەی گرت و خێرا کردیەوە. بە ترسەوە چاوەڕێ ی دەکرد، ڕۆحیشی لە ناخەوە دەتوایەوە و هەرکە هەنگاوی بە سەر ئەستانەکەدا دەنا، لەبەرخۆی نزای دەکرد تا پەنجەی مەرگی نەگاتێ و ئەو شەیتانانەی لە تاریکی دا دەژین بە سەریدا زاڵ نەبن. هێشتا لەسەر ئەستانەکە چاوەڕێ ی دەکرد وەك لەبەر دەرگای ئەشکەوتێکەوە وەستا بێت وا بوو. ناو ژوورەوە پڕ بوو لە دەم و چاو کە تەماشایان دەکرد و چاوەڕێ یان دەکرد.

- هەڵبەتە ئەوەمان چاك دەزانی کە ئەوەی هەر بە تەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەڵام کێشەیەکی گەورەی دێتە ڕێ تا هەوڵ بدات ڕکێفی دەروونی خۆی بەهێز بکات، جا بۆیە ئەوەمان چاك دەزانی.

ئینجا هەندی دەم و چاوی بینی کە بە چرپەوە تەماشایان دەکرد؛ دەنگی چرپە چرپەکان بۆشایی ئەشکەوتەکەیان پڕ کردبوو. ترسیکی گەورە جەستە و گیانی داپۆشی. بەڵام نەبەردانە



سەری بەرز کردەوە و بەبڕواوە چووە ژووری. هەمان دەرگا و هەمان ژوور و هەمان پەنجەرە، بەنەرمی بەخۆی دەگوت ئەو وشانەی بە چرپە لە تاریکی یەوە بەرز دەبوونەوە هیچ مانایەکیان نی یە. بەخۆی دەگوت کە ئەمە دەرگای ژووری خۆیەتی و هەمان دەرگای والآیە.

دەرگای پێوەدایەوە و بەئەسپایی بۆ لای نوێنەکەی کشا، لە تەکیەوە چۆکی دادا و بە پەنجە دەم و چاوی خۆی داپۆشی. دەستەکانی سارد و شی دار بوون، پەلەکانی بە ئێش و تەزیوو بوون. بێ ئارامی یەکی جەستەیی و ساردی و هیلاکی بە جارێك بڕستی لێ بڕی بوو و مێشکیشی شاش کردبوو. ئەرێ ئەوە بۆ لێرە وەك منداڵ چۆکی داداوە و نزای ئێواران دەکات؟ تا لەگەڵ ڕۆحی تەنیا بێت و وێژدانی خۆی تاقی بکاتەوە و ڕووبەرووی گوناهەکانی بوەستێ و کات و شێوە و دۆخیان بێنێتەوە بیری خۆی و فرمێسك بە سەریان هەڵبارێنی. بەڵام نەیدەتوانی بگریت. نەشی دەتوانی بیانهێنێتەوە یادی خۆی. تەنیا هەستی بە ژانیکی جەستەیی و ڕۆحی دەکرد، گشت ئازای لەشی، بیری، ئەڤانی ی، تێگەیشتنی، لاشەی، سڕو شەکەت بوو.

ئا ئەمە ئیشی شەیتان بوو کە مێشکی پەرش و بڵاو دەکردەوە و وێژدانی قورس کرد بوو و لە پەنا جەستە ترسنۆکە گوناه ڕزاندوویەکەوە هێرشی بۆ دەهێنا: بە ترس و لەرزەوە لە خوا دەناورایەوە کە لەو لاوازیەی ببورێ. پاشان بەرەو نوێنەکەی خزی و بەتانیەکانی لەخۆی لوولدا دیسان بە دەستەکانی دەم و چاوی خۆی داپۆشیەوە. ئەو گوناهی کردووە. ئەو ئەوەندە بە قووڵی بە ناخی گوناهدا رووچووە و دژ بە ئاسمان جەنگاوە و تەنانەت شایەنی ئەوە نییە لە بەرامبەر خودا بە کوڕی خوا ناو ببرێت.

ئایا دەبێ ئەو - ئەو ستیڤن دیدالۆس - ە ئەو هەموو شتانەی کرد بێت؟ لە کاتی وەڵام دانەوەدا وێژدانی ئاخی هەڵدەکێشا. بەڵێ، ئەو ئەم شتانەی بە دزی و زۆر بە چەپەڵیش، جار لە دوای جار کردووە و لە بەرامبەر ئەو گوناهە پڕبەدڵانەی ڕۆحی ببووە بەرد و تۆ بڵێ چۆن زاتی کرد دەمامکی پیرۆزی لەبەردەم پەرستگای پیرۆز بکاتەبەر لە کاتێکدا کە ڕۆحی یەك پارچە گڵاوی ساغ بوو؟ ئەدی چۆن بوو خودا لەناوی نەبرد؟ کۆمەڵە گوناهە گوڕیەکانی لە دەوری بازنەیان دەبەست، فوویان بە سەردا دەکرد و لە هەموو لایەکەوە خۆیان بە سەریدا دەنووشتاندەوە. دەیکرد و دەیکۆشا تا بە نزا لەبیر خۆیانی بباتەوە، چوار پەلەکانی وێکهێنایەوە و پێلوی چاوەکانی خستە سەر یەك: بەڵام هەستەکانی ڕۆحی نابەسترێنەوە، لەگەڵ ئەوەش کە چاوەکانی نوقاند بوون، کەچی ئەو شوێنانەی دەدیت کە گوناهی تێدا کردبوون، هەرچەندەش گوێچکەکانی بە تەواوی داخستبوون کەچی هێشتا هەر دەیبیست. پڕبەدڵ حەزی

دەکرد نەشت ببینێ و نە بیشی ببیسێت. ئەوەندە بەهەژمەت ئارەزووی لەمە بوو هەتا گشت جەستەی لەژێر قورسایی ئەم ئارەزووەدا دەستی کردە هەڵلەرزین و تا تەنانەت هەستەکانی ناوەوەشی داخران: بەڵام بەس بۆ تاوێك داخران و ئینجا کرانەوە. پاشان شتی بینی.

کێڵگەیەك دەوەنی وشك و دڕك کە سەرتاپای ڕەگی گژوگیای دڕکاوی زیانبەخشە. لە نێوان ڕەگە چڕەکانی ئەم دەوەنە وشکە بۆگەنانە قوتووی بەتاڵ و خوێنی مەییوو و تەڵخە پیسایی وشکی خڕ دەبینرا. لەناو ئەو پیسایی یە و ئەو دەوەنە هەڵبزڕکاوە بۆرکەلانەوە، تاڵە تیشکی ناو زۆنگاو دەیەویست بەرەو سەرەوە هەڵبچێ. بۆنێکی پیس وەك تیشکەکە لاواز و پیس بوو بە نەرمی لەو قوتوو و تەڵخە پیسایی یە بۆگەنانەوە بەرەو سەرەوە پێچی دەخوارد.

لەناو ئەو کێڵگەیەدا گیانلەبەر هەبوون؛ ئەوە یەك، سێ، شەش گیانلەبەر لەوانە لەنێو ئەم کێڵگەیەدا بۆ ئێرەو ئەوێ دەچن. گیانلەبەری بزن ئاسا[71] کە دەموچاوی مرۆڤیان هەبوو، برۆیان قۆچ ئاسا و ریش درێژ بوون، ڕەنگیشیان وەك لاستیکی هیندستان بۆر دەچۆوە. کینەی خراپەکاری لەناو چاویان دەدرەوشاوە و هەرکە دەچوونە ئێرە و ئەوێ کلکیان لە دوای خۆیان دەلەقاندەوە. ناو دەمە پڕ کینەکانیان رووخسارە پیرە ئێسکنەکانیانی بۆر هەڵێنابوو. یەکێکیان لچکی سوخمەیەکی دڕاوی لە پەراسووی خۆی وەرگرتبوو، کەچی ئەوی تریان بە بێزارییەوە سکاڵای لە دەست ئەوە بوو کە ریشە درێژەکەی لە دەوەنە دڕکاویەکان ئاڵاوە. قسەی نەرم بەناو لێوە وشك هەڵگەڕاوەکانیان دادەهات هەرکە لە بازنەی لەسەرخۆ بەناو کێڵگەکەدا دەسوڕانەوە و کلکە درێژەکانیان بە تەقەتەق بە سەر قوتووەکاندا دەکێشا. ئەوان لەناو بازنەی هێواش دەسوڕانەوە، بەرەبەرە بازنەکەیان وێکدەهاتەوە، ئەو قسە نەرمانەی سەر لێوە وشك بووکانیان و کلکە گەلاشکە درێژەکانیان لەو پیسایی یە وەردرا بوو و دەم و چاوە ترسناکەکانیشیان رووە و هەوراز هەڵدەبڕی...

- فریام کەون!

شێتانە بەتانی یەکەی لەسەرخۆ فڕێ دا تا دەمو چاو و گەردنی ئازاد بکات. ئەمە بوو دۆژەی ئەو. خوا وای لێ کرد ئەو دۆژە ببینێ کە بۆ گوناهەکانی تەرخان کراوە، کە دۆزەخێکی ئاژەلانەی بۆگەنی پڕ کینەیە؛ دۆژەیەکە پڕ شەیتانی بزن ئاسای هەشەری یە. ئەم دۆژەیە بۆ ئەوە! ئەوە!

٧١. بزن: هێما و نموونەی هەوەسبازی و هەشەریەتە.



لە ناو نوێنەکەی دەپەڕی و بۆن بۆگەنیەکە دادەڕژایە ناو گەرووی، کە ناو هەناوی هەڵدەچواند و تێکی وەردەدا. هەوا! هەوای ئاسمان! بە ساتمە کردنەوە بەرەو پەنجەرەکە چوو، لە نەساغیدا دەینالاند و ئەوەندەی نەما بوو لە هۆش خۆی بچێت. لەلای دەست شۆرکەکەوە سەرسوڕانێکی تەواوی گرت. شێتانە پڕی دایە ئەنی یەی خۆی و بە ئازار چەشتنەوە یەگجار رشایەوە.

هەرکە ئەمە بەسەرچوو بە بێ هێزی بۆ لای پەنجەرەکە کشا و ئینجا چاوەکانی پەنجەرەکەی کردەوە، لە سووچێکی پەنجەرەکەوە دانیشت و ئەنیشکی دانا سەر قەراغی پەنجەرەکەوە. باران کڕی کردبۆوە؛ شارەکە لەنێو ئەو هەڵمە بزۆکەی لە شوێنێکەوە دەچووە شوێنێکی دی، چنراوێکی ئارمووشی تەنکی زەردی لەخۆی دەپێچا. ئاسمان خامۆش و کەمێك رۆشن بوو، هەواکە ئەوەندە شیرین بوو دەتگوت هەوای پەڵە گەنمێکە کە تێر باران بوو بێت. لەناو ئەو خامۆشی و تیشکە پرشنگدار و بۆنە ناسکەدا پەیمانێکی لەگەڵ دڵی خۆی دەبەست.

بەنزاوە دەناورایەوە:

**- ((جارێکیان ئەو نیازی وا بوو بەو هەموو شکۆ ئاسمانی یەیەوە بێتە سەر زەوی بەڵام ئێمە گوناهمان کرد؛ جا بۆیە بەدڵنیاییەوە نەیتوانی سەردانمان بکات، هەر لەبەرئەوەش لە شکۆیەکی شاراوە و رۆشنایی یەکی داپۆشراوەوە هات چونکە ئەو خودا بوو. جا بۆیە ئەو بە بێ هێزی هات نەك بەهێز و هەڕەتەوە. هەربۆیەش ئەتۆی نارد، ئەتۆی دروستکراوی لە جیاتی خۆی، بەو هەموو شۆخی و رۆشناییەی کە شایەنی ئێمەیە. هەنووکە، ئەی دایکی شیرینم، دەم و چاو و شێوەت دەربارەی ژیانی هەتاهەتاییێ مان بۆ باس دەکات، کە وەك جوانی سەرزەمین نی یە و مرۆڤ ناوێری تەماشای بکات کە هەردەڵێ ئەستێرەی بەرەبەیانە و ئەوەش هێما و دروشمی خۆتە، ورشەدار و بەجلیوە، کە پاکژی دەهێنێ و دەربارەی ئاسمان دەدوێ و فەرامۆشی بە دڵ و دەروون دەبەخشێ. ئۆ، ئەی پێشبینیکەری رۆژ! ئەی رۆناکی حاجیان! رابەرمان بە وەك چۆن رێنماییت کردووین. رێنماییمان بکە لەو شەوەزەنگە تاریکە و بەناو ئەو چۆلایی یە دڵتەنگەوە بمانگەیەنە لای گەورەمان مەسیح، بەرەو خانووچکەکەمان ببە.))**[72]

چاوەکانی بە ئەشك تاریك داهاتبوون، بە گەردن کەچی یەوە تەماشای ئاسمانی دەکرد، دەگریا بۆ لەدەستچوونی پاکێتی خۆی.

٧٢. (جارێکیان ئەو نیازی وابوو...) ئەو پەرەگرافەی ئێرە نێزیکەی بە بێ گۆڕین لە دوا پەرەگرافی وتاری ((پیرۆزی مریەم)) ی کاردینال نیومان وەرگیراوە.

کە ئێوارە باڵی بەسەر ئاسمان داکێشا ماڵەوەی جێهێشت. لە یەکەم ساتی هەستکردن بە هەوا تاریکە شیدارەکە و دەنگی پێوەدانی دەرگا لەدوایەوە، وێژدانی ئازاری دەدا و فرمێسك و نزا هێوری دەکردەوە. دانپیابنێ! دانپیابنێ! ئەوەندە بەس نەبوو تا وێژدانی بە فرمێسك و نزا هێور بکاتەوە. پێویستە لە بەردەم نوێنەری ڕۆحی پیرۆز کڕنووش ببا و گوناهە شاراوەکانی بەڕاستگۆیی و پەشیمانی یەك لە دوای یەك بڵێت. پێش ئەوەی جارێکی دی گوێ ی لە دەنگی کردنەوەی دەرگا بێت کە بۆ پیشوازی کردنی ئەو دەکرێتەوە، تەنانەت پێش ئەوەی جارێکی تر لە سەر خوانی ناندین دابنیشێ بۆ شام کردن، هەر دەبێ کڕنووش ببا و دانپیابنێت. ئەمەش شتێکی زۆر سانا بوو.

ئازاری وێژدانی وەستا و بەئەسپایی بەناو شەقامە تاریکەکە بەرەو پێش دەچوو. گەلێك جێ ی بەیداغ لە سەر شۆستەی ئەو شەقامە هەبوون، گەلێك شەقامیش لەم شارە هەیە و گەلێك شاریش لە دنیادا هەیە. بەڵام سەرمەدیەت بێ کۆتاییی یە. ئەو لە ناو تۆڕی گوناهێکی مەزندایە. تەنها جارێکیش بێ هەر گوناهێکی مەزنە. لەگوینە لە تاوێکدا ڕوو بدات. بەڵام چۆن وا بە خێرایی؟ بە بینین یان بیرکردنەوە لە بینین. چاو شت دەبینێ بەبێ ئەوەی بەرایی ئارەزووی بینینت هەبێت. پاشان لە ساتێکدا ڕوو دەدات. بەڵام ئایا ئەو بەشەی جەستە لەوە تێ دەگات یان چۆن؟ مار، فێڵبازترین گیانلەبەری کێڵگە، دەبێ لەو شتە تێ بگات کە لە تاوێکدا ئارەزووی دەکات، پاشان سات لە دوای سات درێژە بە ئارەزووەکەی دەدات، بەڵام بە شێوەیەکی گوناهکارانە. ئەو هەست دەکاو تێ دەگا و ئارەزوو دەکات. ئای لەو شتە سامناکە؟ کێ بەو چەشنەی دروست کردووە، بەشە دڕندەکەی جەستە لە توانایدایە بە شێوەیەکی دڕندانە تێ بگات و بە شێوەیەکی دڕندانەش ئارەزوو بکات؟ ئەی کەواتە دەبێ ئەو یان هەرشتێکی نامرۆڤانە گیانێکی نزم هانی بدات؟ ڕۆحی بەجۆرێکی ئەوتۆ دەردەدار دەبوو کە بیری لەو ژیانە سستە پڕ تەڵەکەیە دەکردەوە کە لەسەر کرۆکە ناسکەکەی ژیانی دەژیا و لە چڵکی تامەزرۆیی خۆی قەڵەو دەکرد. ئاخ بۆ ئەمە وایە؟ ئاخ لەبەرچی؟

ئەو لە ناو سێبەری بیری خۆی خۆی کورژ کردبۆوە و لە ترسی سامی ئەو خودایەی کە گشت شتێك و گشت مرۆڤێکی دروست کردووە، بیری لە خۆی دەکردەوە. ئەوە شێتی یە. کێ وا بیردەکاتەوە؟ بە ملکەچییەوە لەناو تاریکی یەکەدا خۆی کورژ کردبۆوە، بە بێ دەنگی لە فریشتەی فریاڕەس دەپاڕایەوە بە شمشێرەکەی ئەو شەیتانانە ڕاوبنێ کە بە گوێ ی دەچرپێنن. چرپە وەستا و ئێستا بە ڕوونی لای ئاشکرا بوو کە ڕۆحی تووشی گوناهێکی بەئەنقەست بووە، چ بە بیرکردنەوە بێ



یا بە وشە یا بە کردار بە هۆی جەستەیەوە. دان پیابنێ! هەر دەبێ دان بە گوناهەکەی بنێت. چۆن دەتوانێ ئەوەی کردوویەتی بۆ قەشە بگێڕێتەوە؟ هەر دەبێ دان پیابنێ، هەر دەبێ یان چۆن دەتوانێ بۆی ڕوون بکاتەوە بە بێ ئەوەی لە ئارەقەی شەرمەزاری دا بخنکێت؟ ئەدی چۆن بە بێ شەرم توانی ئەم چەشنە شتانە بکات؟ پیاوی شێت! دان پیابنێ! ئەو دەبێ دان پیابنێ تا دیسان سەرفراز و بێ گوناه بێت! لەگوینە قەشە بە گوناهەکەی بزانێت. ئاه ئەی خودای مەزن!

هەر لە ڕۆیشتن بە ناو شەقامە کەم ڕۆشنەکان بەردەوام بوو. نەدەوێرا بۆ تاوێك بوەستێ نەوەك لە پەشیمان بوونەوەکەی پاشگەزببێتەوە، هەروا لە ئارەزووەکانی خۆیشی دەترسا. دەبێ ئەو ڕۆحە پاکە چەند جوان بێت کە خوا بە چاوی پڕ لە خۆشەویستی تەماشای دەکات!

کیژی شڕوشەپڕێو لەسەر شۆستەکانەوە لە پشت زەمبیلەکانیان دانیشتبوون، پرچە تەڕەکانیان بەسەر برۆیان هاتبووە خوارێ. ئەوان جوان نەبوون چونکە لەناو ئەو چڵپاوە هەڵتووترکابوون. خوا گیانیان دەبینێ، ئەگەر خاوەنی گیانێکی پاك بن ئەوا ورشەدارن و خواش حەز بە دیتنتان دەکات.

هەناسەیەکی ڕیسوایی وێرانکەر بە ساردی بە سەر ڕۆحی هەڵی کرد هەرکە بیری لەوە دەکردەوە چۆن کەوتە داوەوە، یان کە هەستی دەکرد کە ڕۆحی ئەوانە لە هی ئەو لەلای خوا خۆشەویستترە. ئەو کزە هەناسەیە بەسەر ڕۆحی ئەو و هەزاران ڕۆحی دیش هەڵی کرد کە خۆشەویستی خوا هەندێك جار زۆر و هەندێك جار کەم دەرژا، ئەستێرەی ڕۆحیشیان جار وا بوو بەورشە و جاریش وا بوو تاریك دادەهات، بەرز دەبۆوە و دەکەوت. ڕۆحە بریسکەدارەکانیش تێ دەپەڕین، بەردەبوونەوە و دەکەوتن و لەناو ئەو کزە هەناسەیەدا هەڵدەهاتن. گیانێك وون بوو: گیانێکی گچکە؛ ڕۆحی ئەو. جارێکیان تروسکەی دا و پاشان کوژایەوە - لەبیرچۆوە و وون بوو. ئەوە کۆتاییەکەیەتی: خاکەوێرانیکی چۆڵ و سارد و تاریك.

هەستکردن بە شوێن دیسان بەنەرمی شەپۆلی دەکردە سەر پارچەیەکی بەربڵاوی کات، کە دوورە لە ڕۆشنایی و هەست و ژیانیش: ئەم دیمەنە چەپەڵە ئابلۆقەی دەدا؛ دەنگە باوەکانی سەرشەقام، چرا گازیەکانی سەرشەقام، بۆن ماسی و ئاردەداری تەڕ، ژن و پیاوە ڕێبوارەکان. پیرێژنێك خەریك بوو لە شەقامەکە بپەڕێتەوە کە قووتوویەك نەوتی لە دەستبوو. ستیڤن خۆی بۆ نوشتاندەوە و لێ ی پرسی ئاخۆ لەو ناوەدا کڵێسایەك هەیە.

- کڵێسا، گەورەم؟ بەڵێ گەورەم کڵێسای شەقامی (کێرچ) هەیە.

- کێرچ؟

ئافرەتەکە قوتووەکەی بە دەستەکەی دی گرت و نیشانی دا: هەرکە دەستی بۆ هەڵبڕی دەستە چرچە چڵکنەکەی راستی لە ژێر لچکە چارۆکەکەی بینی، ستیڤن پتر خۆی بۆ نوشتاندەوە و بە دەنگەکەی خەفەتبار و هیۆر بۆوە.

– سوپاس.

– زۆر بەخێرهاتی، گەورەم.

مۆمی سەر قوربانگەی بەرز کوژابوونەوە. بەڵام هێشتا بۆنی بخوورد شەوەزەنگەکەی پڕ کردبوو. هەندێك کرێکاری ردێن درێژ کە دەم و چاوێکی خواپەرستانەیان هەبوو تەختێکی کووللەداریان لە دەرگای تەنیشتەوە بۆ ناوەوە دەبرد و مجێورەکەش بە گرێشمە و وشەی لەسەرخۆ یارمەتی دەدان. هێشتا هەندێ بڕوادار هەر خەریکی نوێژکردن بوون لەبەردەم قوربانگەکانی لاتەنیشتدا، یان لەتەك شوێنی دان پیانان دا کڕنووشیان دەبرد. ستیڤن بە ترس و لەرزەوە چووە پێش و لە ریزی دواوەدا کرنووشی دەبرد و زۆر سوپاسمەندی خامۆشی و هێمنی و سێبەرە بۆندارەکەی کلێسابوو. ئەو شەپکەدارەی کە ئەو کڕنووشی لەسەر دەبرد باریك و داڕزاو بوو، خۆ ئەوانەی تەنیشتیشی کە کڕنووشیان دەبرد بڕێتی بوون لە یاوەرە بێ فیزەکانی مەسیح. مەسیح بە خۆی لە خێزانێکی هەژار هاتۆتە دنیاوە لەلای دووکانی دارتاشێك شاگردی کردووە، داری دەبڕیەوە و لە ڕەندەی دەدا. یەکەم جاریش بۆ ماسیگرێکی هەژار باسی شانشینی خوای کردووە. هەروەها هەموو مرۆڤێکیشی وا پەروەردە دەکرد کە لووت بەرزو لە خۆبایی نەبێت. سەری بەسەر دەستەکانی نوشتاندەوە و داوای لە دڵی خۆی دەکرد کە ساکار و نەرم بێت بۆئەوەی وەکو ئەوانە بێت کە لەتەکیەوە کرنووش دەبەن و خواش وەك ئەوان نوێژەکەی لێ وەربگرێت. ئەو لەتەك ئەوان نوێژی دەکرد بەڵام ئەوەی لەلا گرانبوو. رۆحی ئەو بە گوناه بەرباد ببوو و نەدەوێرا بەبڕوایەکی سادەوە وەك ئەوانەی کە مەسیح بە رێگا پڕپرازەکەی خوا بانگی کردن بۆ خۆی، داوای لێ بووردن بکات، بە چەشنی دارتاش و ماسیگر و ئەو مرۆڤە هەژار و ساویلکانەی بە پیشەی نزمەوە خەریکن وەکو داربڕین و لێك قایمکردنی یا چاکردنەوەی تۆڕ بە بێن درێژی. نیگایەکی کەڵەگەت لە کەلێنی پەرگەی کلێساوە بەرەو خوار هات و جم و جۆڵێك لە نێو پەشیمان بووەکان بینرا و لە دواتاودا بەخێرایی چاوێکی بەم ناوەدا خشاند. ئەو پیاوە ردێنێکی درێژی بۆر و دەستەجلێکی کاپۆشینی رەنگ قاوەیی لەبەر دابوو. قەشەکە چووە ناو سەندوقێکەوە و لە بەرچاو نەما. دوو لە پەشیمان بووەکان هەڵسان و هەریەکەی لە لایەکەوە چووە شوێنی دان پیانان. تەختەدارێك راکێشرایەوە و چرپەچرپێکی نزم خامۆشی ئەو ناوەی دەشکاند.



خوێنی ناو دەمارەکانی ستیڤن کەوتە چرپە چرپ وەك شارێکی گوناهبار کە لە شیرین خەوەوە واگایانهێنابێ تا ئامادە بێ بۆ رۆژی لێ پرسینەوە. پۆلووە ئاگری گچکە و وردە مشکی ی بە هێواشی دادەباریە سەرماڵی خەڵکی. ئەوان لە جوولە جوول دابوون، لە خەو واگاهاتبوون و هەوا گەرمەکەش بێزاری دەکردن.

پارچە تەختەکە هاتەوە جێ ی خۆی و هەردوو پەشیمان بووەکان لەملا و ئەولای ژوورە دارینەکە دەرچوون. پارچە تەختەکەی پەرگە راکێشرا، ئافرەتێك بە هێمنی و چوستی چووە ئەو شوێنەی کە یەکەم کەسە پەشیمانەکە کڕنووشی تیا بردبوو. دیسان هەمان چرپەی نزم دەستی پێ کردەوە.

هەنووکەش دەتوانێ کلێسا بەجێ بێڵێت. دەتوانێت هەڵسێتەسەر پێ و پێ یەك لە پێش ئەوی دی دابنێت و بەئەسپایی بڕوات، پاشان بەخێرایی بە ناو شەقامە تاریکەکاندا رابکات. هەنووکەش دەتوانێت لەو ئابڕووچوونە رابکات. خۆزیا هەر تاوانێکی سامناکتر بوایە بەس ئەو گوناهە نەبوایە! کاشکا پیاوکوژی بوایە! چەند پۆلووە ئاگرێکی تر بەسەر هەموو ئازای لەشی داباری، بیرکردنەوەی ئابڕووبەر، وشەی ئابڕووبەر، کرداری ئابڕووبەر. شەرم هەموو لەشی داپۆشی وەك ئەو مشکی یە گەشەی کە سەرلەبەر دەکەوتە خوارەوە. گوناهەکانی بە قسە بڵێت! هەر بەجاریێ رۆحی دەوەستێ و هیلاك دەبێ و دەخنکێ.

پارچە تەختەکە لەنکاوڕا هاتەوە جێ ی خۆی. لەوپەڕی ژوورە دارینەکەوە پەشیمان بوویەك دەرچوو. پارچە تەختە نزیکەکە ڕاکێشرا، پەشیمان بوویێك لە جێ ی ئەوی دی چووە ژوورێ. دەنگی چرپەیەکی نەرم بەچەشنی هەورێکی هەڵمین لە ناو ژوورەکە دەهاتە دەرێ. ئەوە ئافرەتەکە بوو: تەنکە هەورێك لە چرپەچرپی نەرم، هەڵمی چرپەچرپی نەرم، کە دەیانچرپاند و وون دەبوون.

بە سەرکزیەوە کۆڵەمستێکی خێواندە سینگی خۆی، ئەوا بەدزی لە ناو ئەو ژوورە دارینە دەبێ. هەر ئێستا بەتەنیا لەگەڵ خوا و ئەوانی دی دەبێت. ئەو هاوسێ ی خۆی خۆش دەوێت. ئەو خوایەی خۆش دەوێت کە ئەوی دروست کردووە و ئەوی خۆش دەوێت. ئەو لەگەڵ ئەوانی دی کڕنووش دەبا و نوێژ دەکا و بەختەوەر دەبێت. خوا تەماشای ئەو و ئەوانی دی دەکا و خۆشی دەوێن.

زۆر سانایە ببیت بە پیاوی چاك. نیری گوێڕایەڵی خوا سووك و خۆشە. باشتر وابوو هەرگیز گوناهی نەکردایە و هەر بەمنداڵی بمابایەوە، چونکە خوا منداڵی ساوای خۆش دەوێ و ئازاریان

دەدا تا خۆیان باوێنە باوەشی. ئای کە شتێکی سامناک و خەفەتهێنە گوناھ کردن. بەڵام خوا بەبەزەیی یە لەڕاست ئەو گوناهبارە بەسەزمانانەی لەدڵەوە پەشیمانن. ئای ئەوە چەند راستە! ئەمەش لە خۆیەوە چاکی یە.

لەنکاوڕا تەختەکە وەلانرا. پەشیمان بووەکە هاتەدەرەوە. ئێستا نۆرەی ئەوە. بە ترس و لەرز هەڵسا سەرپێ و وەك کوێر ملی رێگای ژوورە دارینەکەی گرتە بەر. لەکۆتایی دا هەر هات. لەتاریکی یە خامۆشەکەدا کڕنووشی برد و چاوی بەرز کردەوە لای ئەو خاچە سپی یەی بەسەر سەریەوە هەڵواسرابوو. خوا دەبینی ئەو پەشیمانە. هەموو گوناهەکانی یەکە یەکە دەڵێ. دان پیانانی ئەو درێژە دەکێشێ، ئەمان درێژە کێشان. پاشان هەموو کەسێکی نێو ئەم کڵێسایە دەزانن ئەو چتۆ گوناهکارێکی نەقۆڵایە. دەبا بزانن. ئەوە راستی ی ئەوە. بەڵام خوا هەرێ ی داوەتێ تەنها ئەگەر پەشیمان ببێتەوە لێ ی دەبووریت. ئەویش هەنووکە پەشیمانە. دەستەکانی لێك گیرکردن و بۆ لای دیمەنە سپی یەکەی بەرز کردنەوە و بەچاوە تارەکانی نوێژی دەکرد، بەجەستە لەرزۆکەکەی نوێژی دەکرد. بەچەشنی ئاژەڵێکی لە مێگەل ونبوو، سەری بۆ ئەملا دەهێنا و دەبرد و بە لێوە لەرزۆکەکانی نوێژی دەکرد.

- پەشیمانم! پەشیمانم! پەشیمانم!

تەختەکە ڕاکێشرا. دڵی لە نێو سینەی دا گیری خوارد. دەم و چاوی قەشەیەکی پیر لەودیو کونەکەوە بەدیار کەوت. رووی لەم نەبوو و بەسەر دەستێکی خۆی نوشتاندبۆوە. نیشانەی خاچێکی کێشا و داوای لە قەشەکە کرد کە فەڕی خۆی پێ ببەخشێ چونکە ئەو گوناهبارە. پاشان سەری دانەواند و بەترس و لەرزەوە وشەکانی (دانپیانان) ی دەگوتەوە. کە گەیشتە وشەکانی (چەپەڵترین گوناهم) وەستا و هەناسەبڕکێ ی پێ کەوتبوو.

-دوا دان پیانانت کەنگێ بوو، رۆڵەکەم؟

- زۆر لەمێژە، باوکە.

- مانگێك دەبێت، رۆڵەم؟

- زێترە، باوکە.

- سێ مانگە، رۆڵەم؟

- پترە، باوکە.

- شەش مانگە؟

- هەشت مانگە، باوکە.



دەست پێ کردنەکەی ئا ئاوا بوو. قەشەکە پرسی:

- پاش هەنگێ چێت لەبیرماوە؟

دەستی کردە دان نان بە گوناهەکانی: ئەو ئاهەنگە ئایینیانەی (ماس) کە لەدەستی داون، ئەو نوێژانەی نەیکردوون و ئەو درۆیانەی هەڵی بەستوون.

- چی دی ماوە، رۆڵەم؟

گوناهی رق لە خەڵك هەڵگرتن، ئێرەیی بە خەڵکی بردن، چاوچنۆکی، پووچێتی و لە خۆبایی بوون و یاخی بوون.

- چی دی، رۆڵەم؟

چار نی یە. بە چرپەوە گوتی:

- باوکە.... من.... گوناهی ناپاکیم کرد.

قەشەکە رووی بۆ وەرنەگێڕا.

- لەگەڵ خۆت، رۆڵەم؟

- .....لەگەڵ خەڵکی دی.

- لەگەڵ ئافرەت، رۆڵەم؟

- بەڵێ، باوکە.

- بەمێرد بوون، رۆڵە؟

ئەو نەیدەزانی. گوناهەکانی لەسەر لیۆی رێچکەیان بەستبوو. تنۆك دوای تنۆك دڵۆپی شەرمەزاری بە چەشنی کێم و زلزڵە کە لە قونێرێکەوە دەربێت، لەرۆحی دەچۆڕایەوە. یەك تەوژم گوناهی چڵکنی لێ دەربوو. دوا گوناهەکانی بە خاوی و پیسی لێ ی دەچۆڕانەوە. چی دی لە ناخی دا نەما بیڵێ. سەری دانەواند، بڕستی لێ بڕابوو.

قەشەکە بێ دەنگ بوو، پاشان پرسی:

- رۆڵە، تەمەنت چەندە ؟

- شانزە ساڵ، باوکە.

قەشەکە چەند جارێك دەستی بەسەر روومەتی داهێنا. پاشان هەنیەی خستە سەر دەستی و خۆی بە سەر دەلاقەکەدا چەماندەوە، کە هێشتا چاوەکانی روویان لە لایەکی دی بوو، لەسەرخۆ دوا، دەنگی مۆرکی شەکەتی و پیری پێوە دیار بوو. ئینجا گوتی:

- رۆڵەم تۆ هێشتا زۆر منداڵی، لێت دەناورێمەوە واز لەو گوناهەت بێنی. دەزانی چتۆ گوناهێکی سامناکە، گیان و جەستە دەفەوتێنێ. هەر ئەمەیە گەلێك تاوان و ماڵوێرانی لەگەڵ خۆی دێنێ.

ڕۆڵەم، لە ڕێ ی خوا داوات لێ دەکەم واز بێنیت. ئەمە کارێکی شورەیی یە، ناپیاوەتی یە. تۆ نازانیت ئەو خدووە خراپە بۆ کوێت دەبا و چیت بەسەردێنێ. ڕۆڵەم، تا ئەو ئیشانە پیشەت بێت، لای خوا نرخت بای گەردێك نابێت. لە مریەمی دایکمان بپاڕێوە تا بە هاناتەوە بێت. وێ یارمەتیت دەدات، ڕۆڵەم. هەرکە بیری ئەو گوناهانە دەکەوێتە مێشکتەوە نوێژ بۆ خانمی پیرۆزمان بکە. دڵنیام نوێژ دەکەیت، وا نی یە؟ لە هەموو گوناهەکانت پەشیمان دەبیتەوە، لەوەش هەر دڵنیام. هەر لە ئێستاوە بەڵێن دەدەیتە خوا کە بەیارمەتی بەزەیی یە پیرۆزەکەی چیتر بەو گوناهە کرێتەت ئازاری نادەیت. تۆ ئەو بەڵێنە پیرۆز و مەزنە دەدەیت، وا نی یە؟

- بەڵێ، باوکە.

ئەو دەنگە پیرو شەکەتە وەك نەرمە باران دادەباریە سەر دڵە تێنووە پڕ لەرزەکەی. ئای چەند شیرین و خەفەتهێنە!

- ڕۆڵە بەسەزمانەکەم، وا بکە. شەیتان ڕێ ی لێ وون کردوویت. کاتێك دەیەوێ فریوت بدا و ئاوا جەستەت گلاو بکات، بەرەو دۆژە راوی بنێ — راوی ئەو گیانە چەپەڵە بنێ کە ڕقی لە خوامانە. هەر ئێستا گفت بدە خوا کە واز لەو گوناهە چەپەڵە دێنی.

هەردوو چاوی لەبەر فرمێسك و میهر و بەزەیی خوا تاریك داگەڕابوون. سەری خۆی دانەواند و گوێ ی بۆ وشە سەنگینەکانی پەشیمان بوونەوە هەڵخست و بینی دەستی قەشە وەکو هێمای لێ بووردن بەسەر سەریدا بەرز بۆتەوە.

- خوا پیرۆزی خۆی بە تۆ ببەخشێ. ڕۆڵەم نزام بۆ بکە.

لە سوچێکی کڵێسا تاریکەکەدا کڕنووشی برد تا نزای پەشیمانی بکات؛ نزاکان لە دڵە بێ گەردەکەیەوە وەك شەپۆلی بۆن و بەرام کە لە ناخی گوڵی سپی دەردەچی، بەرەوە ئاسمان بەرز دەبوونەوە.

شەقامە قوڕاویەکان کەیفخۆش بوون. شاقاوی گەورەی بەرەو ماڵێ دەهاویشت. هەستی دەکرد کە پیرۆزیەکی نادیار لە لەشی پەرت دەبێ و قاچەکانی سووك دەکەن. سەرەڕای ئەو هەموو شتانەی کە کردبووی، پاشی دان پیانان خوا لێ ی بوورد. جارێکی دی ڕۆحی جوان و پیرۆز بۆوە، پیرۆز و شاد.

چەند خۆشە ئێستا بمرێت ئەگەر خوا مەیلی لێ بێت. ئای خۆشە لە ناو شکۆی خوایی ژیانێکی خامۆش و خووبەرزی و دڵنەرمی لەگەڵ خەڵکی بەسەر بەریت.

لەپێش ئاگری ناندینەکە دانیشت و لە خەنی خۆشیانا قسەی پێ نەدەکرا. تا ئەو ساتە نەیدەزانی ژیان چەند خۆش و هێمنە. کاغەزە سەوزەکەی دەوری چرا سێبەرێکی ناسکی دادەڕژاند. لەسەر کۆمەدینەکە قاپێك گوشتاو و تەڕەحەلوای سپی هەبوو، لەسەر ڕەفکەکەش



هێك هەبوو. ئەوانە بۆ بەرچایی ین و دوای قوربانی پیرۆز لە کڵێسای خوێندنگادا دەبەخشرێتەوە. تەڕەحەلوای سپی و هێلکە و گوشتاو و پیاڵە چایەك. ئای ژیان چەند ساکار و ڕەنگینە! ئێستا ژیان بەتەواوی باوەشی بۆی کردبۆوە.

لە خەونیدا بوو خەوت: لە خەونیدا بوو هەڵساو بینی بەیانی یە. لە خەونە هەڵساوەکەیدا بەو بەیانی یە بەرەو خوێندنگا دەڕۆیشت.

هەموو منداڵەکان لەوێ بوون، لەجێ ی خۆیان کڕنووشیان دەبرد. ئەویش لەناو ئەوانەوە کڕنووشی دەبرد، خەنی و شەرمەزار بوو. کۆمەڵێك چەپکە گوڵی سپی بۆنخۆش لەسەر قوربانگەکە بوو؛ بڵێسەی کزی مۆمی ناو گوڵە سپی یەکان لەبەر هەتاوی بەیانی وەك ڕۆحی ئەو پاك و خامۆش بوون.

لەگەڵ هاوپۆلەکانی لەبەردەم قوربانگەکە کڕنووشی برد. ئەویش لەگەڵ ئەوان ئەو پەرۆکە کەسکەی قوربانگەی گرت کە بە سەر ریزە دەستێکی زیندوودا بڵاوببۆوە. دەستەکان دەلەرزین و ڕۆحی ئەویش دەلەرزی کاتێك گوێ ی لەوە بوو قەشەکە پەرداخەکەی قوربانی لە دەستی یەکێکەوە دەدا یەکێکی تر.

- Corpus Domini nostri .[٧٣]

دەبێ ئەوە بەڕاست وابێت؟ لەوێ بەکزۆڵەیی و بە بێ گوناهیەوە کڕنووشی دەبرد: قوربانی پیرۆزی پێ دەدرێ و خواش دەچێتە ناو جەستەی پاکی.

- In vitam eternam Amen .[٧٤]

ژیانێکی دی! ژیانی پاکی و خووبەرزی و بەختەوەری! بەڵێ ئەوە ڕاستە و خەون نی یە تا لێ ی واگابێتەوە. ئەوەی چوو چوو.

- Corpus Domini nostri.[٧٥]

پیاڵەی قوربانی پیرۆز گەیشتە کن ئەو.

---

٧٣. مانای ئەو نیوە ڕستەیە وایە ((یاخوا جەستەی خوامان....)) هەڵبەتە ئەو رستەیە لەگەڵ ڕستە لاتینی یەکانی دواتر مانای تەواو دەبێ، کە بەم چەشنەیە:

٧٤. ((ڕۆحتان لە ناو ژیانیکی سەرمەدی دا بپارێزێ)).

٧٥. دووبارە کردنەوەی هەمان نزایە کە دەڵێ: ((یاخوا جەستەی خوامان....)).

# پاری چوارەم

ڕۆژی یەکشەم تەرخان کرا بوو بۆ رازی سێینەی پیرۆز، دوشەم بۆ رۆحی پیرۆز، سێشەم بۆ فریشتە فریاڕەسەکان، چوارشەم بۆ حەزرەتی یوسف، پێنج شەم بۆ پیرۆزترین کۆڕبەستنی قوربانگە، هەینی بۆ یەسوعی ئازاردراو، شەممە بۆ مریەمی داوێن پاکی پیرۆز.

هەموو بەیانی یەك لە نویٚ خۆی پیرۆز دەکردەوە بەوەی دەچووە بەردەم وێنەیەك یا رازێکی پیرۆز. پالّەوانانە رۆژەکانی خۆی تەرخان دەکرد بەوەی هەموو تاوێکی بیرکردنەوەی یا کردارەکانی لە پێناوی پاپای خاوەن دەسەلاٚت و (ماس) ی بەیانیان دادەنا. هەوا خاوەکەی سبەینان پتر ئەوی لە خواپەرستی یەکەی تیژ دەکردەوە. زۆر جار کە لەگەلٚ هەندێك خواپەرست لە قوربانگەی پەڕگەوە کرنووشی دەبرد، گویٚ ی بۆ چرپەچرپی قەشەکە شل دەکرد کە پەڕتووکێکی نوێژی لە دەست بوو و داوێکی قەدیفەی تێدا بوو، ئینجا تاوێك چاوی هەلّدەبڕیە لای ئەو شێوە داپۆشراوەی کە لە تاریکی دا لە نێوان دوو مۆم قیت بۆتەوە، کە ئەویش (بەلّێنی کۆن و نۆی) بوون، جا ئەوەی وا دەهاتە بەرچاو کە لە ئاهەنگی (ماس)ی ناو گۆڕستاندا کڕنووش دەبات.

ژیانی رۆژانەی بۆ خواپەرستی تەرخان کردبوو، تیٚ دەکۆشا بە نزا و نوێژەکانی جێگای چەند سەدەیەك لە رۆژوو و چلە و سالّی ئەو رۆحانەی وا لە پەردەدان پاك بکاتەوە، لەگەلٚ ئەوەشدا ئەو سەرکەوتنە رۆحیەی کە هەستی پیٚ دەکرد لە کاتی بەئاسانی جیٚ بە جیٚ کردنی ئەوەندە چاخە ئەندێشەیی یەی لیٚ بووردنی کلّێسا، هیچ گوڕ و خوێنگەرمی یەکی تەواوی نوێژ کردنی پیٚ نەدەبەخشی، چونکە هەرگیز نەیدەزانی کە چەند گیانی ئازاردراوی بەنزا و نوێژەکانی لە سزای وەختی رزگار کردووە، جا ترسی ئەوەی لیٚ نیشت کە نەوەکا نزاکانی لە دلّۆپە ئاونگێك بەتینتر نەبن لە ناو ئاگری پاکژبوونەوەدا کە هیچی لە ئاگری دۆژە کەمتر نی یە جگە لەوەی کە ئەویان شتێکی هەتاهەتایە، هەر بۆیەش زۆری لە رۆحی خۆی دەکرد پتر خۆی لەپێناو ئەم مەبەستە هیلاك بکات.

هەموو بەشێکی رۆژەکانی بە پیٚ ی ئەوەی ئەو ناوی نابوو ئەرکەکانی ژیان دابەش کردبوو، هەموو بەشێکیشی بە دەوری ووزەی رۆحی دەخولایەوە. وای بۆ دەردەکەوت کە ژیانی لە



سەرمەدی یەت نزیك کەوتۆتەوە. هەموو بیرکردنەوەیەکی، وشە و کردارێکی، هەموو تاوێك لە بەئاگایی دەتوانرێت وای لیٚ بکرێت بە روناکی لە ئاسمان بزرنگێتەوە؛ هەندێك جار هەستکردن بەو دەنگدانەوە دەست و بردە لای ئەوەندە زیندوو دەبوو تەنانەت وای لیٚ دەکرد کە هەست بەوە بکات رۆحی بەو خواپەرستی یەی بۆتە پەنجە و پالٚ بە کلیلی قاسەیەکی گەورەوە دەنیٚ تا بزانیٚ تا ئێستا بایی چەندی لە ئاسمان کڕیوە، نەك لەسەر شێوەی ژمارە، بەلّکو لەسەر شێوەی دەنکە بخووردی باریك یان گولّی ناسك ناسك.

ئەو تەسبیحکاریەی - کە بەردەوام خەریکی بوو- چونکی ئەو دەنکە تەسبێحی دانەدانەشی لە گیرفانی پانتۆلّەکەی دانا بوو تا لە ڕۆیشتن لە شەقامیش بتوانێت تەسبێحات بکات - خۆیان دەکردە چەپکەگولّێکی وا کە بەهیچ شێوەیەك لەوانەی سەرزەمین نەکەن، جا لەبەرچاوی بیٚ ڕەنگ و بیٚ بۆن دەبوون هەروەك بیٚ ناون. هەر یەکێك لە سیٚ تەسبیحکاریەکانی رۆژانەی بۆ بە هێزکردنی توانای رۆحی پێشکەش بە یەکێك لە سیٚ چاکەکارییە ئاینییەکان دەکرد؛ یەکەمیان بۆ بەهێزکردنی بڕوای بەو باوکەی کە ئەوی دروست کردووە، دووەم بۆ هیوای ئەو رۆلّەیەی کە ئەوی رزگار کرد، سیٚ یەمیان بۆ خۆشەویستی رۆحی پیرۆز کە ئەوی پیرۆز کردووە، جا بەم چەشنە هەموو رۆژیٚ لە ڕیگای مریەمەوە سیٚ جار سیٚ قات نوێژی بۆ ئەو سیٚ کەسانە دەکرد؛ بە ناوی رازە نەمر و خەفەتهێن و بەختەوەرەکانیەوە.

وێرای ئەوەش، هەموو رۆژێکی هەفتە نوێژی بۆ یەکێك لە هەفت دیارییەکانی گیانی پیرۆز[٧٦] دەکرد تا بەسەر گیانی بیانبارێنیٚ و ئەو هەفت گوناهانەی وەختی خۆی رۆحیان گلاٚو کردبوو لە گیانی بباتەدەر. بۆ هەر دیارییەك لەمانە لە رۆژێکی دیاریکراودا نوێژی دەکرد، لەوەش دلّنیا بوو کە بەسەری دادەبارێت، هەرچەندە زۆر جار لە لای سەیربوو کە ژیری و تێگەیشتن و زانست سروشتیان ئەوەندە لێك جوودایە تا بۆ هەر یەکێکیان بە تەنیا نوێژ بکات. کەچی لەگەلٚ ئەوەش دا وا بیری دەکردەوە کە لە قۆناغێکی ئایینددا کاتێك رۆحی بەرەو پێش دەچیٚ ئەم ناخۆشی یە لادەچێت وەختیٚ رۆحە پڕگوناهەکەی هەلّدەکشیٚ و رۆشن دەبێتەوە بە هۆی سیٚ یەم کەسی پیرۆزترین سیٚ یینە. ئەوەندەی دی بڕوای بەمە زیادی کرد، بەلاٚم بە ترس و لەرزەوە، ئەوەش لەبەر ئەو خامۆشی و تارمایی یە خوایی یە بوو کە گیانە پیرۆزە شاراوەکەی تیادا دەژیت ـ کە هێمای ئەو کۆتر و رەشەبایە، خۆ ئەو کەسەی گوناهیشی بەرامبەر بکات

٧٦. حەوت دیارییەکانی رۆحی پیرۆز ئەوانەن: ((ژیری، تێگەیشتن، ئامۆژگاری، خۆراگری، زانیاری، خواپەرستی، و ترسی خودا.))

ئەوا لیٚ بووردنی بۆنی یە، ئـەو بوونـەوەرە شـاراوە پـڕرازە سـەرمەدیەی کـە هـەموو سـالٚێك قەشەکان (ماس) ێکی بۆ ئامادە دەکەن — هەروەك بۆ خوداش دەکەن — و جلی قورمزی وەکـو زمانەی ئاگر لەبەر دەکەن.

لەو کتێبە ئایینیانەی ئەو دەیخوێندنەوە بە شێوەیەکی شاراوە و تەماوی وێنـەی سروشـت و لێك نزیکی هەر سیٚ کەسی سیٚ بینەی پیرۆزیان دەردەخست — باوك کاملیٚ یە پیرۆزەکـەی لـە سەرمەدی یەتی هەمیشەیی وەچەنگ دێنیٚ، هەروەك لە ئاوێنەدا خوورد ببێتـەوە ئـە ئاوایـە، ئـەویش سـەرمەدی یەتـە هەمیـشەیی یەکـەی بـە رۆلٚەکـەی دەبەخـشێت، گیـانی پیرۆزیـش سەرمەدیەتی خۆی لە باوك و رۆلٚەوە وەردەگرێت[77] — زۆر هاسانتر لەوە تیٚ دەگەیـشت گەرچـی ئەوە یەگجار ئالٚۆزتریش بوو، لەو ڕاستی یە ساکارەی کە دەلٚیٚ خـوا هـەر لـە سـەرمەدیەتەوە رۆحی ئەوی خۆشویستووە، تەنانـەت چـەند چـاخێکیش پـێش ئـەوەی ببـیٚ و تەنانـەت چـەند چاخێکیش بەرلەوەی دنیا هەبێت.

گویٚ ی بۆ ناوی سۆزەکانی خۆشەویستی و کینە شل کـرد بـوو کـە قەشـەکە بەسـەنگینی لەسەر مینبەر و لەسەر تەختەکەوە دەیدرکاند؛ یان کە لەناو پەڕتووکەکانی دەدۆزینەوە، لەخۆی دەپرسی بۆ دەبیٚ گیانی ئەو ناتوانێت تەنانەت ساتەوەختێك ئەو سۆزانە بـەخۆوە بگرێـت، یـان زۆری لە خۆی بکات لێوەکانی بـە بـڕواوە ئەوانـە بلٚێـت. زۆرجـار تـووڕەیی یـەکی کەمخایـەن دایدەگرت بەلاٚم هەرگیز نەیدەتوانی بیکاتە سۆزێکی بەردەوام؛ هەمیشە هەستی دەکرد کـە لـە بازنەی ئەو سۆزە دەهاتە دەرەوە، وەك وا بێت بەئاسـانی پێـستە یـان پـەلکی دەرەوەی لەبـەر دامالٚن. هەستی بەبوونێکی نادیاری بەچرپە دەکرد کە ڕوودەچووە ناو گیانی و ماوەیـەکی کـەم دەیسوتاند و تامەزرۆیی دەورژاند؛ ئەویشی هەر پیٚ نەگیرا و مێشکی بە هێمنـی و بـیٚ بـاکی جیٚ هێشت. وای بۆ دەرکەوت ئا ئەمـە تاقـە سـۆزێکی خۆشەویـستی یـا کینـەن کـە رۆحـی لەنگەریان تیاباویٚ.

بەلاٚم چی دی نەیدەتوانی بڕوا بە خۆشەویستی نەکات مادام خوا خۆی ڕۆحـە تاقانەکـەی ئەوی بە خۆشەویستی یەکی خوایانەوە هەر لە بوونەوە خۆش ویستووە. بەرە بەرە کە رۆحـی پڕ بوو لە زانیاری گیانی، دیتی هەموو دنیا تاقە دەربڕینێکی هاوسـەنگی فراوانـی هێـز و

[77]. لیرەدا جۆیس باسی پەیوەندی نێوان هەر سیٚ کەسی سیٚ بینەی پیرۆز (الثالوث المقدس) لە مەسیحی یەتدا کە پیرۆزی هەریەکەیان لە ئەوی ترەوە هەلٚدەقۆلٚیٚ و هەریەکەیان بەشێکی تەواوکەرە لە ئەوی دی، لـە هـەمان کاتیشدا بوونێکی سەربەخۆشە. ئا ئەمەیە بنچینەی بیری ئایین ناسی مەسیحی.



خۆشەویستی خوا دەردەخات. ژیان لە لای ئەو بووە خەلاٚتێکی خوایانـە بەرامبـەر بـە هـەر تاوێك یا هەر هەستێك؛ جا ئەوە دیمەنی تاقە پەلکی سەر لقی دارێك بێـت، دەبوایـە رۆحـی ئەو ستایش و سوپاسمەندی خەلاٚتکەرەکەی بێت. دنیاش بەو هەموو مادە رەق و ئالٚۆزیەی لە بەردەم رۆحی ئەو لە بیردۆزێکی هێز و خۆشەویـستی و یەکایـەتی خـوایی پـتر نـەبوو. ئـەو هەستکردنە بە مەبەستی خوایی لە سروشتدا ئەوەندە تەواو و پـڕ بـڕوا بـوو کـە بـە رۆحـی بەخشرا بوو تەنانەت بەدەگمەن لەوە تیٚ دەگەیشت ئایا بۆ دەبیٚ هەرچۆنێك بێـت لـە ژیـان بەردەوام بێت. کەچی ئەوە بەشێك بوو لە مەبەستی خوایی کـە ئـەو نەیـدەوێرا لـە سـوودی بپرسیٚ، نەخەسەلە ئەوێك کە ئاوا بە قوولٚی گوناهی کردووە و ئەوەنـدەش بـە چـەپەلٚی دژی مەبەستی خوا گوناهی کردووە. جارێکی دیش رۆحی لە ئەنجامی هۆشیاربوونەوەیەکی کەچانە و خۆبەکەم زانین لە بەرامبەر تاقە راستی یـەکی هەرهـەبوودا، بـاری خواپەرسـتی و چـوونە کۆڕی ئایینی و نزا و شتی پیرۆز و ئازاردانی جەستەیی بە کۆلٚی خۆی داداوە. پاش نیشتنەوە بەسەر رازی مەزنی خۆشەویستی بۆ یەکەم جار لە ناخەوە هەستی بە جوولانەوەیـەکی گـەرم کرد کە بەبزووتنەوەی ژیانێکی نویٚ یا خووبەرزی رۆح دەچوو. هەلٚوەستەی سەرمەست بـوون لە هونەری خواپەرستی دا، دەستە بەرزکراوە پانکراوەکان و لێوە بەش و چاوە زەقەکان کە لە هی یەکێك دەچن کە خەریکە لەخۆ بچێت، لەبەرچاوی بوونە وێنەی ئەو گیانەی بـە تـرس و لەرزەوە بەرامبەر بە کردگاری خۆی نزا دەکات.

بەلاٚم ئەو پێشتر لە مەترسی ئەو سەرمەستی یە رۆحی یانـە ئاگـادار کرابـۆوە و ریٚ ی بـە خۆی نەدەدا کە دلٚەڕاوکیٚ لە گچکەترین یا نزمترین شێوەی خواپەرستی بکات، هەروا بە هـۆی ئازاردانی جەستەی خۆی هەولٚی دەدا رابردووە پڕشوورەییەکەی بسڕێتەوە نەك پیرۆزیەکی بەردەم هەڕەشەیەکی سامناك. هەر یـەکێك لـە هەسـتەکانی خـستبووە ژێـر پێڕەوێکـی قـورس. بـۆ مەبەستی ئازاردانی هەستی بینین رێڕەوێکی دانا ئەویش ئەوە بوو لە رۆیشتندا چاوی لـە زەوی بیٚ و نە بۆ لای راست و نە بۆ چەپ و نە بەرەو دوا ڕوو وەربگێرێت. نەدەبوایە چاوی بـە چـاوی هیچ ئافرەتێك بکەوتایە. هەرکاتە ناکاتێکیش چاوەکانی بەوە ئازار دەدان بـە سـەربەرزکردنەوە لە ناوەڕاستی رستەیەکی تەواو نەبوو و داخستنەوەی کتێبەکە. بۆ ئازاردانی هەسـتی بیـستنی هیچ هەولٚێکی نەدەدا دەست بە سەر دەنگە گڕە زیقنەکەی دابگرێت، نە گۆرانی دەگـوت و نـە فیکەشی لیٚ دەدا و نە هەولٚیشی دەدا لە دەست ئەو دەنگـە گـویٚ کاسـکەرانە رزگـاری ببێـت وەکو دەنگی چەقۆ تیژکردنەوە یا دەنگی دەنکە چەو لە سەر ئەسـتێو یـان جیڕەی رایـەخ. بـۆ

ئازاردانی هەستی بۆن کردن بە زەحمەت دەیتوانی وا بکات چونکی ئەو بێزی لە بۆنی پیس نەدەبۆوە، جا چ بۆنی پیسی دەرەوە بێ وەکو بۆن گوو یان قیڕ یان بۆنە پیسەکانی خۆی کە زۆر جار بە سەیری بەراوردی پێ دەکردن و ئەزموونی لەسەر دەکردن. لەئاکامدا گەیشتە ئەو سەرەنجامەی کە ئەو شتەی بێزی هەڵبسێنێ بریتی یە لە بۆنی جۆرە ماسی یەکی تایبەتی کە لە بۆن بۆگەنی میزی وەستاو دەکات؛ ئینجا چەندی دەیتوانی دەچوو کەپووی خۆی تێر تێر پڕی ئەو بۆنانە دەکرد. بۆ مەبەستی ئازاردانی هەستی چەشتن، چەند خووێکی زەحمەتی لە کاتی نان خواردن دا دووبارە کردەوە، یان بەوردی پارێزگاری ئەو ڕۆژانەی دەکرد کە کڵێسا دەیانی سەپاند، یان بە هۆی خۆپەشۆکاندن مێشکی خۆی لە تام و بۆی خواردنی جودا گێل دەکرد. بەڵام تەنیا لە میانی ئازاردانی هەستی گرتندا کارامەیی و سەرکەوتن و پایەبەرزییێکی گەورەی بەدەست هێنا. هەرگیز لە خەوتندا بەئەنقەست باری نوستنی خۆی نەدەگۆڕی، یا بەوپەڕی خوارو خێچی و ناڕەحەتی دادەنیشت، یان بە پشت ئەستوری یەوە بەرامبەر هەر ژانێك یا خورشتێك دانی بەخۆدا دەگرت، خۆی لە گەرمایی بە دوور دەگرت، لە هەموو (ماس)ە کاندا بێجگە لە (ماس) ی مزگینی لەسەر چۆك دادەنیشت یان بەشێکی دەستی یا دەم و چاوی بە تەڕی دەهێشتەوە تا هەوا بیتووزێنێتەوە، یان هەرکاتێك خەریکی تەسبێحکاری بوایە بە توندی دەستەکانی بە خۆدا شۆڕ دەکردەوە وەکو غاردەرەکان و هەرگیز لە گیرفانی نەدەنان یان لە پشت خۆی تێکی وەردەهێنان.

چی دی فریو نەدەدرا بۆ کردنی گوناهە مەزنەکان. ئەوەی سەری دەسوڕماند ئەوە بوو کە چەندی ئەو سەرکەوتنی مەزنی لە پرۆگرامە ئاڵۆزەکانی خواپەرستی و خۆگرتندا بەدی دەهێنا، هەمیشە خۆی لەبەردەم شاڵاوی نەکامڵی منداڵی و ساکارێتی هیچ و پووچدا دەدۆزیەوە. ئەو هەموو نوێژ و ڕۆژووانەی زۆر کەم بەهانای دەهاتن بۆ سەرکوتکردنەوەی تووڕەیی یەکەی هەرکە گوێ ی لە پڕمینی دایکی دەبوو یا کاتێك پەرستنکاریەکەیان لێ تێکدەدا. ئا ئەوە هەوڵدانێکی یەگجار گەورەی ئەڤانی دەویست تا بتوانێت ئەم جۆرە قیسکەتەنگی و تووڕەیی یە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە: هەنووکە هاواری تورەیی یە بێ ماناکەی مامۆستاکانی دەهاتەوە یاد کە دەمیان بە یەکدا دەقرمساند و لێویان دەکردنە کوونە دەرزی و ڕوومەتیان سوور هەڵدەگەڕا: هەرکاتێك خۆی لەگەڵ ئەوان بەراورد دەکرد بە جارێك وورەی دەڕووخا، هەرچەندەیش هەموو توانا و وزەی خۆی لە پێناو ئەو ڕاهێنانە دەروونی یە ئامادە کردبوو. پێك بەستنەوەی ژیانی خۆی لەگەڵ تەوژمی ژیانی سەرپاکی خەڵکی لەلای ئەو لە هەموو جۆرە نوێژ و ڕۆژوویەك



گرانتر بوو، جا سەرنەکەوتنی لەم مەیدانەدا بەو جۆرەی دڵی دەیخواست بووە هۆی هەستکردن بە وشك و برینگی ڕۆحی و لە هەمان کاتیشدا تۆوی دوودڵی و گومانی لە دەروونی دا رووانـد. ماوەیێك ڕۆحی بە نەزۆکی و رووتەنی دەژیا، کە تەنانەت شتە پیرۆزەکان وەك شتی وشك و برینگ دەهاتنە بەرچاوی. خۆ هەر ئەو دانپیانانەی بوو بووە دەروازەی راکردن لەو گومان و کەم و کوڕیانەی کە هێشتا لێ یان پەشیمان نەببۆوە. وەرگرتنی قوربانی پیرۆز نەبووە هۆی خۆبەدەستەوەدانی راستەقینە بە چەشنی ئەوەی کە هەندێك جار بە هۆی کوڕی ڕۆحی و ئەو توفەڕکانەی پێ ی دەدرا لە پاش سەر لێ دان لە یەکێك لەرازە پیرۆزەکان. ئەو کتێبەی لەگەڵ خۆی دەبردە ئەو سەردانانە کتێبێکی کۆنی پشتگوێ خرا بوو کە حەزرەتی (ئەلفۆنسۆس لیگۆری) نوسیبوی، پیتەکانی ئەو کتێبە چووبوونەوە و پەڕەکانیشی وشك و زەرد هەڵگەڕا بوون. بە خوێندنەوەی ئەو پەڕانەی کە لاوژەی ئایینی تێك هەڵکێشراو بە نوێژی کۆڕگێرەکان، دنیایێکی کاڵبۆوەی پڕ لە ئەڤینی ئاگرین و پاکیزە لە بەردەم ڕۆحی زیندوو دەبۆوە. دەنگێکی نەبیستراو کەوا پێ دەچوو ڕۆحی هێور بکاتەوە، دەهاتە گوێ ی کە باسی ناو و نەمری ڕۆحی بۆ دەکرد و داوای لێ دەکرد هەڵسی و بکەوێتەڕێ وەك ئەوەی بەرەو ئاهەنگی زەماوەند بڕوات، پێ ی دەگوت وەك بوکی (ئامانا) یان چیای پلینگان بمینێتەوە؛[٧٨] واش پێ دەچوو کە ڕۆحی بە هەمان دەنگی نەبیستراو بە خۆ بەدەستدانەوە وەڵامی دەدایەوە:

Inter ubera mea commorabitur.[٧٩]

ئەو بیرۆکەیەی خۆبەدەستەوەدانە ئێستا مێشکی دەخستە ژێر فریودانێکی ترسناك، چونکە هەستی دەکرد دیسان دەنگە هەتەرەکەی لەشی بێزاری دەکا و دیسان لە کاتی نوێژکردن و وردبوونەوەدا بە گوێ ی دا دەچرپێنێ. ئەمەش هەستێکی بەتینی وای پێ دەبەخشی کە دەتوانێت بە تاقە کردەوەیەك یان تاوێکی بیرکردنەوە ئەو هەمووەی هەڵی ناوە لە چاوقووچانێکدا وێرانی بکات. وای هەست دەکرد کە لافاوێك بەکاوەخۆ بەرەو پێ یە خواسەکانی دێت، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە بوو کە یەکەم شەپۆلۆکەی شەرمنی لاواز و کپ پێستە گڕگرتووەکەی دابمرکێنێتەوە. پاشان هەرکە ئەوەندەی نەمابوو شەپۆلەکە پێ ی بگات، لەسەر لێوی خۆ هاویشتنە باوەشی گوناهەوە، وشیار بۆوە و بینی لەسەر کەنارێکی وشك و برینگ

٧٨. ئەو قسانە لە (گۆرانی یەکانی سولەیمان) وەرگیران کە بە سەر حەزرەتی مریەمەش دا دەسەپێ کە دەڵێ: ((وەرە ئەی هاوسەرم... لە دوندی (ئامانا) وە وەرە... لە چیای پڵینگانەوە وەرە)).

٧٩. مانای ئەو رستە وایە: ((ئەو لە ناو دڵم دا دەژێت)) لە ((گۆرانی یەکانی سولەیمان)) سوورەتی (١) دێری: (١٢).

دوور له لافاوەکه وەستاوە؛ لەگوینه ئەوە به کردارێکی کتوپڕی ئەڤانی یان خۆتیێ هەڵدان رووبدات؛ دیسان هەمان تاڵه زیبوینی لافاوەکەی دیت که له دوورەوەڕا بەکاوەخۆ بەرەو پێکانی دەکشیێ، هەنووکه دڵەکوتیێ ی بەهێزی و رازی بوون رۆحی دەهەژاند که زانی هێشتا بەتەواوی خۆی بەدەستەوە نەداوە و هەموو خواپەرستی یەکەی تەفروتونا نەکردووە.

کاتێك ئا بەم شیۆەیه چەند جارێك لافاوی تەفرەدانی دەستخەڵەتدا، شێوا و لەخۆی پرسی: دەبیێ ئەو پیرۆزییەی ئەو نەیدەوەیست له دەستی بچێت هێواش هێواش لیێ ی نەچۆڕابێتەوە. دڵنیایی تەواوی بەرامبەر خۆڕاگرتنەکەی بەره بەره تارمایی بەسەردا دەڕژا و ترسێکی نادیاریش به دوای ئەوە داهات که رۆحی ئەو به تەواوی ڕووخاوە به بیێ ئەوەی هەر هەستیشی پیێ کردبێت. زۆر به زەحمەت خۆی بەوە دڵنیا دەکرد که هەمان باری پیرۆزی گۆرینیێ ی ماوە که به خۆی دەگوت لەگەڵ هەر شالاوێکی فریودان نوێژی بۆ خوا کردووە و خوداش ئەو پیرۆزییەی ئەو نوێژی بۆ کردووە بارتەقای نوێژەکان پیێ ی دەبەخشیێ. جا گورژم و دووبارەبوونەوەی ئەو فریودانانه راستی ئەو چیرۆکانەی هێناوە یاد که حەزرەته پیرۆزەکانی پیێ تاقی کراونەتەوە. ئەو شالاوانەی فریوی بەردەوام و توندوتیژ نیشانەی ئەوە بوو که هێشتا سەنگەری رۆحی نەڕووخاوە- هەربۆیەش شەیتان تێدەکۆشی بیڕووخێنیێ.

زۆر جار هەرکه دانی به گومان و دوودڵیەکانی دەنا- وەك تاوێك بیێ ئاگایی له کاتی نوێژ کردندا، یا هەڵایسانی رقێکی بیێ مانا له گیانی دا، یان ئەنقەستی یەکی به ئاین و ئۆین له قسه و کرداردا- قەشەکه داوای لیێ دەکرد گوناهێك لەوانەی رابردوو بێنێتەوە یادی خۆی پێش ئەوەی لیێ ی ببوردرێت. به گەردن ملکەچی و شەرمەزاری یەوە ناویانی دەبرد و جارێکی دی لیێ یان پەشیمان دەبۆوە. ئەوەی تووشی شەرمەزاری و ڕیسوایی دەکرد ئەوە بوو هەرکه بیری دەکردەوە که هەرگیز ناتوانێت بەتەواوی له چنگیان رزگار بیێ، هەرچەندەش به پاکی و پیرۆزی یەوە ژیان بەرێته سەر و هەرچەندیش خووبەرزی و کامڵی بەدەست بهێنیێ. هەستکردن بەبیێ ئارامی گوناه هەرگیز له کۆڵی نەدەبۆوە، ئەو دان پیادەنیێ و پەشیمان دەبێتەوە و پاك دەبێتەوە، دیسان دان پیادەنیێ و پەشیمان دەبێتەوە و دەبێتەوە، بەبیێ ئەوەی هیچ ئەنجامێك بەدەستبهێنیێ. لەگوینه یەکەم دانپیانانه بەپەلەکەی که ترسی دۆژه له دڵی هەڵکەنرا شتێکی راست و دروست نەبووێیت؟ خۆ رەنگیشه ئەو هەر لەترسی سزای چارەنووسه سامناکەکەی دانی پیانابێت نەك لەبەر ئەوەی بەڕاستی لیێ یان پەشیمان بۆتەوە؟ بەڵام دڵنیاترین نیشانەی ئەوەی که دان پیانانەکەی شتێکی دروستبوو و بەڕاستی له گوناهەکانی پەشیمانه ئەوە بوو که دەیزانی ژیانی خۆی چاك کردووە. جا له خۆی پرسی:



- من ژیانی خۆم چاك کردووە، وانی یه؟

❊ ❊ ❊

بەڕێوەبەر لەبەر پەنجەرەکه وەستا بوو و پشتی کردبووە رۆشناییەکه و ئەنیشکی دابۆوە سەر پەردە قاوەیی یەکەی پەنجەرەکه، جا هەرکه دەدوا یان دەخەنیەوە، لەسەرخۆ داوی پەردەکەی تری بۆ ئەم لا ڕادەکێشا. ستیڤن له پێشی وەستا بوو، چاوەکانی به دوای تیرێژەکانی خۆری هاویندا گرِدەدا که دەڕژانه سەر زەوی یەکه یان له جوولانەوە کارامەکانی قەشەکه وورد دەبۆوە. دەم و چاوی قەشەکه به تەواوی له سێبەر دابوو، بەڵام تاڵه تیشکه لاوازەکان که له پشت قەشەکەوە خۆیان دەدزیەوە، بەسەر کاسەسەرە کونجڕ کونجڕە پێچ پێچەکانی دەکەوتن. هەروا ستیڤن گویێ ی بۆ دەنگ و وەستانەکانی قەشەکه شل کردبوو که بەسەنگینی و نەرمی له چەند بابەتێکی جیاجیا دەدوا، بۆ نمونه: لەبارەی ئەو پشوودانەی که کۆتایی پیێ هات، یا خوێندنگاکانی تیرەی جیزوێت له هەندەران، یا گواستنەوەی مامۆستایان. ئەو دەنگه سەنگین و شیرینه بەنەرمی له گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەردەوام بوو، هەرکه دەشوەستا ستیڤن بەردەوامی پیێ دەدایەوە بەو پرسیارانەی بەڕێزەوە لیێ ی دەکرد. ستیڤن دەیزانی ئەوە تەنیا پێشەکی چیرۆکەکەیه جا بۆیه مێشکی تامەزرۆی کۆتایی یەکەی بوو. هەر لەوساتەی ستیڤن فرمانێکی له لایەن بەڕێوەبەرەوە بۆ دەهات، مێشکی دەکەوته مشت و مڕ بۆ دۆزینەوەی مانای ئەو فرمانه. هەموو جارێك که بەبیێ ئارامی یەوە له هۆڵی چاوەڕێکردندا چاوەڕیێ ی هاتنی بەڕێوەبەری دەکرد، چاوی له وێنەیەکی سەنگین دەگوازتەوە بۆ یەکێکی دی که لەسەر دیوار هەڵواسرابوون و مێشکی له مەزەندەیەکەوە دەچووە سەر یەکێکی دی تا لەئەنجامدا نزیکەی مانای هەموو له دواناردنەکانی لەلا روون دەبۆوە. لەپاشان، هەرکه ئەو ئاواتی دەخوازت که هۆیەکی نادیار ڕیێ له هاتنی بەڕێوەبەر بگرێت، یەکسەر گویێ ی له دەنگی بادانی دەسکی دەرگا دەبوو و ووششەی جله شەپ و شۆڕەکەی دەهات.

بەڕێوەبەر دەستی کردە قسەکردن دەربارەی تیرەی (دۆمینیکان) و (فرانسیسکان) و ئەو هاوڕیێ یەتی یەی له نێوان حەزرەتی (تۆماس) و حەزرەتی (بۆناڤینتر) هەبوو. هەروا بیری کردەوە که پۆشاکی (کاپۆشینی)[٨٠] کڵێسایی یەگجار...

٨٠. کاپۆشینەکان لقێك بوون له داروەستەی فرانسیسکانی که له ئێرلەندە جلی قاوەیی دەستەکەیانیان لەبەر دەکرد، کەچی فرانسیسکانەکان جلی رەشی ئاسایی کڵێسایان لەبەر دەکرد.

روخساری ستیڤن وەڵامی زەردەخەنە شیرینەکەی قەشەی دایەوە و بە نیشانەیەکی نادیاری سەر لێو وای دەرخست کە حەز ناکات ڕای خۆی لەسەر ئەمە بدات.

بەڕێوەبەر لە قسە کردن بەردەوام بوو:

- وا بزانم هەنووکە لە ناو (کاپۆشین) لەبەرەکان هەندێك قسە هەیە دەربارەی ئەوەی واز لەو پۆشاکە بهێنن و وەك (فرانسیکان)ەکان جل لەبەر بکەن.

ستیڤن گوتی:

- وا بزانم ئەو جۆرە جلانە تەنیا لەناو دێر دەکەنەبەر؟

بەڕێوەبەر گوتی: ئاه، بێ گومان. ئەو جلەیان بۆ دێر ناو سەروزیادە. بەڵام باشتر وایە لە سەر شەقام وازی بهێنن. رای تۆ چی یە؟

- وابزانم بۆ دەرەوە جلێکی بێزارکەرە.

- بێ گومان وایە. بێ گومان تەنیا بیر بکەرەوە، کە لە بەلچیکیا بووم دەم بینین لە هەموو ساردی و گەرمی یەکدا بەو جلانە دەسوڕانەوە کە لەسەر چۆکیانە. بەراستی زۆر عەنتیکە بوو! بە بەلچیکی پێ یان دەگوت: فستان.

- چی پێ دەڵێن؟

- فستان.

- ئاه.

دیسان ستیڤن بزەیەکی کرد بۆ وەڵامی ئەو بزەیەی کە نەیدەتوانی لەسەر دەم و چاوەکەی بەر سێبەری قەشە ببینێ؛ بەڵام تەنیا وێنەکەی یا شەبەنگێکی خێرای بەسەر مێشکیدا تێ پەڕێ هەرکە دەنگە نزمە شیرینەکەی بەسەر پەردەی گوێ یدا رەت دەبوو. بەبێ دەنگی تەماشای پێشی خۆی دەکرد کە ئاسمانێکی تەماوی بوو و کەیفی بە هەوا فێنکەکەی ئێوارە و ئەو تروسکە زەردە کزە دەهات کە بڵێسەی سەر کوڵمەکانی دەشاردەوە.

ناوهێنانی ئەو جل و بەرگانەی ئافرەت بەکاری دێنن یا ئەو داودەرمانە ناسکانەی خۆیان پێ دەڕازێننەوە، هەمیشە بۆنێکی ناسکی گوناهی داویشتە کەللەی. بە منداڵی وای بیر دەکردەوە کە ئەو ڕێشمەیەی ئەسپی پێ ڕادەکیشن لە تاڵە ئاوریشمی نەرم دروست کراوە، بەڵام هەر کە لە (ستراد برووك) دەستی دا ڕێشمەکە بە جارێ شڵەژا کە دیتی لە قایشی چەورکراو دروست کراوە. هەروەها ئەوەش یەگجار شڵەژاندی کە بۆ یەکەم جار بە پەنجە لەرزۆکەکانی دەستی دایە چنراوێکی ناسکی گۆرەوی ئافرەتان؛ خۆ ئەوسات هیچ شتێکی لەبیر نەما کە



خوێندبووی بێجگە لەوەی کە وەك زایەڵەیەك یا پەیامێکی ئەو بارەی ئەو تیای بوو لە مێشکی دا دەزرنگایەوە، هەر نەشدەوێرا بە هیچ شێوەیەك بیر لە رۆح یان لەشی هیچ ئافرەتێك کە خاوەن ناسکی یەکی ئەوتۆیە بکاتەوە بێجگە لەوەی بیخاتە ناوەڕاستی وشەی نەرم و چنراوی پەڕەگوڵ ئاسا.

بەڵام رستەکانی سەر لێوی قەشە راست نەبوون، چونکە دەیزانی نابێ قەشە دەربارەی بابەتێکی وا ئاوا بەساکاری بدوێت. ئەو وشانە بەئەنقەست وا بەساکاری دەگوتران، چونکە هەستی کرد کە دەموچاوی خڕاوەتە بەر ئەزموون بەهۆی ئەو چاوانەی بەر سێبەرەکە. هەر شتێکی لەبارەی کاروکردەی جێزوێتەکانی بیستبوو یان خوێندبووی بەلای نا چونکە لەگەڵ ئەزموونی تایبەتی ئەو ڕێك نەدەکەوتن. تەنانەت ئەو مامۆستایانەی خۆشیشی نەدەویستن بە زرنگ و جەرگسۆژ و چاودێری بەهێز و هەڕەت و ورەبەرز دادەنان. ئەو وای بۆ دەچوو کە ئەوان بەچوستی بە ئاوی سارد خۆیان دەشۆن و جلکی کەتانی ساردی پاکژ لەبەر دەکەن. بەدێژایی ئەو هەموو ساڵانەی کە لە کلۆنگوۆز و بێلڤیدێردا ژیانی لەگەڵ بردبوونە سەر تەنیا دوو جار دارکاری کرابوو، ئەگەرچی ئەو دوو جارەش بە ناڕەوا بوون، چاك دەیزانی کە گەلێ جار خۆی لە دەست سزادان دەرباز کردووە. بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانەی، هەرگیز وشەیەکی ناماقوڵی لە مامۆستاکانی نەبیستبوو. هەر ئەوان بوون فێری رێبازی مەسیحیان کرد و هانیان دەدا ژیانێکی چاك بەسەر بەرێت، کاتێکیش کەوتبووە داوی گوناهی مەزنەوە هەر ئەوان بوون هێنایانەوە سەر رێ ی پیرۆزی و خاوێنی. هەر بوونی ئەوان بوو کە لە کلۆنگوۆز و بیلڤیدێردا گەمژەیەك بوو وایان لێ کرد شەرم لە خۆی بکاتەوە. هەر ئەم هەستەیش بوو کە تا دوا ساڵی بەردەوام بوونی لەو خوێندنگایە لەگەڵی مایەوە. ئەو هەرگیز تاقە جارێکیش سەرپێچی لە فرمان نەکردووە و هەرگیز رێ ی بە هاوڕێ بزۆزەکانی نەدەدا لە ڕێ ی دەر بکەن و لەو گوێڕایەڵیە هێمنەی وازی بهێنن، خۆ تەنانەت کە گومانی لە ڕستەیەکی مامۆستاکەی بکردایە، هەرگیز وای دەرنەدەخست کە گومانی لێ یەتی. لەکۆتایی دا هەندێك لە ڕاکانی زۆر منداڵانە دەهاتنە بەرچاوی و هەستی بە پەرێشانی و دڵتەنگی دەکرد هەرکە بە هێواشی لەو دنیایەی کە لێ ی ڕاهاتبوو بەکاوەخۆ هەنگاوی بەرەو دەوەرە دەهاویشت و دواجار زمانی ئەو دنیایەی دەبیست. رۆژێکیان کە هەندێك قوتابی لە دەوری قەشەیەك لە سێبەری نزیك کلێساکە خڕ ببونەوە گوێی لە قەشەکە بوو دەیگوت:

– من وا بیر دەکەمەوە کە لەگوینە (لۆرد ماکۆلی) لە ژیانیا هیچ گوناهی مەزنی نەکردبێت، مەبەستم وایە گوناهی مەزنی بەئەنقەست.

پاشان هەندێك قوتابی لێ یان پرسی داخوا ڤیکتۆر هۆگۆ کەڵەنووسەری فەرەنسا نییە. قەشەکە لەوەڵاما گوتی: کە ڤیکتۆر هۆگۆ دوای ئەوەی لە کڵێسا هەڵگەڕایەوە نیو ئەوەندەی کە کاسۆلیکی بوو بە جوانی نەدەنووسی. قەشەکە بەردەوام بوو:

– بەڵام گەلێك رەخنەگری مەزنی فەرەنسی هەن وادادەنێن کە ڤیکتۆر هۆگۆ بەو هەموو مەزنی یەوە هەرگیز خاوەنی ئەو شێوازە پاکیزەیە نی یە کە (لویس ڤیلیو)[81] هەیەتی.

ئەو تروسکە کزەی کە بە پلاری قەشەکە لەسەر کوڵمی ستیڤن دا داگیرسا بوو جارێکی تر وون بۆوە، هێشتا چاوەکانی بە هێمنی لە ئاسمانە بێ ڕەنگەکە رادەمان. بەڵام گومانێکی دانەسەکناو بە سەر ئاسمانی مێشکی باڵەفڕێ ی بوو. یادگارە دەمامکدارەکان بەخێرایی بە پێشی دا تێ پەڕین. دیمەن و کەسەکانی دەناسینەوە بەڵام دۆخی پڕ جم و جۆڵی ئەوانی بەبیر نەدەهاتەوە. وای هاتە بەرچاو کەوا لە دەوری یاریگەی کلۆنگۆز دەسوڕێتەوە و تەماشای یاریەکان دەکا و حەلوا لە ناو کڵاوی کریکێتدا دەخوات. هەندێ جێزوێتیش بە دەوری گۆڕەپانەکە لەگەڵ چەند خانمێك پیاسەیان دەکرد. زایەڵەی چەند زاراوەیەکی تایبەتمەند بە کلۆنگۆز لە ناو ئەشکەوتە لاچەپەکانی مێشکی دەزرنگانەوە.

لەناو خامۆشی هۆڵی چاوەڕوانی دا گوێ ی بۆ زایەڵەی ئەو دەنگانە شل کردبوو جا هەرکە واگاهاتەوە بینی قەشەکە بە دەنگێکی جیاواز لەگەڵی دەدوێت.

– ستیڤن ئەمڕۆ لە دواتم نارد تا بابەتێکی زۆر گرنگت لەگەڵ باس بکەم.

– بەڵێ، گەورەم.

– قەت هەستت بەوە نەکردووە کە دەنگێکی خوایی بانگتی کرد بێت؟

ستیڤن لێوەکانی لێك کردەوە تا بە (بەڵێ) وەڵام بداتەوە، پاشان لەپڕەوە وشەکەی قووت دایەوە. قەشەکە چاوەڕێ ی وەڵام بوو، لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیشت:

---

٨١. لویس ڤیلیۆ(١٨١٣- ١٨٨٣) رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی یە. سەرنووسەری رۆژنامەی (I univers) بوو، کە رۆژنامەیەکی کاسۆلیکی سیاسی بوو و پشتی زەبر و دەسەڵاتی کاتی پاپای دەگرت و دانی بەوەوە دەنا کە کڵێسا مافی ئەوەی هەیە بچێتە ناو کاروباری دانیشتوانانەوە. شێوازێکی هەرە نایابی لە رۆژنامەنووسی دا هەبوو.



– مەبەستم وایە، ئایا هەرگیز لەناختەوە، لەرۆحتەوە حەز دەکەیت ببیتە ئەندام لە تیرەکەمان؟ بیر بکەرەوە.

ستیڤن گوتی: هەندێك جار بیرم لەوە کردۆتەوە.

قەشەکە داوی پەردەکەی بە لایەکدا بەردایەوە، دەستەکانی خستە ناو یەکتری و بەسەنگینی چەناگەی بەسەریانا چەماندەوە و لەگەڵ خۆی دەدوا. پاشان گوتی:

– لەگوینە لە خوێندنگایەکی ئاوا قوتابیەك یا دوان یان سێ هەبن کە خوا داوایان لێ بکات بچنە ناو ژیانی ئایینیەوە، ئەو قوتابیەش بە خواپەرستی لەوانی دی جیا دەکرێتەوە، بەوەی کە دەبێتە نموونەیەکی چاك بۆ خەڵکی دیکە. خەڵکیش بەچاوی رێزەوە تەماشای دەکەن و لەوانەشە لە لایەن هاوڕێکانیەوە بە چاودێری کۆمەڵەکانیش هەڵبژێردرێ. جا ستیڤن تۆ ئەو کەسەی کە لەو خوێندنگایەدا چاودێری کۆمەڵەی (خانمی پیرۆزمان) ی و ڕەنگە تۆش ئەو قوتابیە بیت کە خوا بۆ لای ئێمە بانگت دەکات.

دەنگە بە هێزە مەندە پڕشانازیەکەی قەشەکە وای لە دڵی ستیڤن کرد لەوەڵام دانەوەدا خێرا بێت. قەشەکە بەردەوام بوو:

– وەرگرتنی ئەم جۆرە داوایە، ستیڤن، مەزنترین سەربەرزی یە کە خودای مەزن بە مرۆڤی ببەخشێت. لەسەر زەوی دا نە شاه و نە ئیمپراتۆر ئەوەندەی قەشەی خوا دەسەڵاتی هەیە. لەئاسمانیشدا، نە فریشتە و نە سەرفریشتە، نە هیچ حەزرەتێك، خۆ تەنانەت مریەمی پیرۆزیش دەسەڵاتی قەشەی خوای نی یە. کلیلی لێ بووردن و لێ نەبووردن لە گوناه لە دەست ئەوە، دەسەڵاتی دەرکردنی رۆحی خراپی هەیە، توانای ڕاونانی ئەو رۆحە بەدانەی هەیە کە دەستیان بەسەر مرۆڤدا دەشکێ، هێزو توانای ئەوەیان هەیە وا لە خوای ئاسمان بکەن دابەزێتە سەر قوربانگە و شێوەی نان و بادە وەربگرن. ئای چ هێزێکی پڕ سامە، ستیڤن!

تروسکەیەکی دی لەسەر روومەتی ستیڤن داگیرسا کە لەنێوان ئەو قسە پڕ لە شانازیانەی بەو هەڵدەگۆتران زایەڵەی حەزە لەخۆ بووردووەکەی خۆی بیست. ئای چەند جار خۆی وەك قەشە دیوە کە هێزە سامناکەکەی خۆی خستۆتە کار بۆ ئەوەی فریشتە و پیاوچاك بەرێز لەبەردەمی بوەستن! رۆحی حەزی دەکرد بەدزی لەو ئارەزووە وردەبێتەوە. خۆی وەك قەشەیەکی جاحێڵی هێمن هاتە بەرچاو کە بەئەسپایی بەسەر پەیژەکانی قوربانگەوە دەچووە شوێنی دان پیانان، بخووردی دادەگیرساند و چۆکی دەچەماندەوە و یا ئەو پێرەوە پڕرازانەی قەشەکانی دەکرد کە لەراستی نزیکە و لەهەمان کاتدا دووریشە و

بەختەوەری پێ دەبەخشی. لەو ژیانە تاریکەی کە لەباوەشی حەز و خوزگەکانی دا دەژیا، ئەو شێوە دەنگ و بزووتنەوانەی بەکاردەهێنا کە لە چەند قەشەیەکی جیا جیا تێبینی کردبوون. چۆك چەمێنەی وەك یەکێکیان دەکرد و بخووردەکەی بەئاستەم دەهەژاندەوە وەکو یەکێکی دی، وەك یەکێکی دی جوببەکەی دەکردەوە کە رووی بۆ قوربانگە وەردەگێڕا دوای ئەوەی پیرۆزی بە خەڵکی دەبەخشی. لەسەروو هەموویانەوە پتر دڵی بەوە خۆش بوو کە شوێنێکی مام ناوەنجی لەناو ئەو دیمەنە ئەندیشەییانە بەدەست بهێنێت. لە سامی پایەی رێنماکەری سەرەکی دەترسا چونکە لەوە بێزار دەبوو: هەموو مەزنایەتی یەکی شاراوە بە ئەوەوە پابەند بێ، یان ئەو لەو پایە دیارە بێ ئەندازەیە بەرپرسیاری هەموو پێڕەوێکی ئایینی بێت. ئەو حەزی لە پایەی گچکە دەکرد، حەزی دەکرد ببێتە جێگری شەڵماشە و لە ماسە باڵاکاندا سوخمەیەکی درێژ بکاتە بەر، دوور لە قوربانگە بوەستێ و خەڵکی هەست بە بوونیشی نەکەن، کۆڵوانەیەك بداتە سەر شانی و لەگەنی پیرۆزی پێچراو هەڵبگرێ یا لەکاتی پێشکەش کردنی قوربانی وەکو شەڵماشەیەك بەخۆ و بەقاتە (دەلماتیکە) کەی پایەیەك لەژێر رێنماکەر بوەستێ و دەستەکانی لە سەر یەك دابنێ و ڕووی لە خەڵك بێ و گۆرانی پیرۆزی (Ita missa est)[82] بڵێ. خۆ ئەگەر جارێکیش خۆی وەك رێنماکەرێك هاتە بەرچاو ئەوە لە سەر هەمان دەستوور دەبێ کە لە کتێبی (ماس) ی منداڵان دایە، لە کلێسایەکدا کە نوێژکەری لێ نەماوە، بێجگە لە فریشتەی قوربانی، لەبەردەم قوربانگەیەکی رووت و قووتدا کە بەردەستێکی کەمێك لە خۆی گەورەتر یارمەتی دەدات وای دەبینی کە ئەڤانی یەکەی تەنیا لە کاتی پێشکەشکردنی نادیاری قوربانی یا موتفەڕکدا حەز بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ راستی دەکات، ئامادەنەبوونیشی لە پێشکەشکردنی ئەرکێکی دیاری کراودا پاڵی پێوەدەنا کەمێك مۆرکی سستی پێوە دیار بێت، جا ئەگەر بە بێ دەنگی ئەو تووڕەیی یە یا شانازییەی داپۆشێ یا ئازاری سەرکوت کردنەوەی لە ئامێزگرتنیان بچێژێت.

ئێستا بە بێ دەنگی یەکی پڕ لە رێزەوە گوێ ی بۆ داواکانی قەشە شل کردبوو. لەناو وشەکانی یەوە زۆر بەڕوونی گوێ ی لە دەنگێك بوو کە داوای لێ دەکرد بێتە پێشەوە تا زانستی شاراوە و هێزی شاراوەی پێشکەش بکات. ئینجا ئەو وەختە دەیزانی کە گوناهی

82. واتە: ((تۆ لە لای خواوە نێرراوی)).



(سایمۆن ماگوس)[83] چی بوو و گوناهی دژ بە گیانی پیرۆز چی یە کە هەرگیز لێ بووردنی بۆ نییە. شتی شاراوە و نەزانراوی وا دەزانێت کە خەڵکی دی نایزانن- ئەوانەی لە ئافرەت بووبن و رۆڵەی رقن نەیزانن. هەموو گوناهێك دەزانێت: ئارەزووی گوناە و بیری کرداری گوناهی خەڵکی دی، کە لەکاتی دان پیانان دا بە گوێ ی دەچرپێنن و لەبەر سێبەری شەرمەزاری کلێسا تاریکەکە لێوی ئافرەت و کیژۆڵان بە گوێ ی دا دەچرپێنن؛ بەڵام بەوەی کە کراوەتە قەشە فریو ناخوا و دەست بەسەر سەریان دادێنێ و ئینجا جارێکی دی رۆحی بەپاکی دەگەڕێتەوە ناو قوربانگەی سپی بێ گەرد. هیچ شوێنەوارێکی گوناە لەسەر دەستی نامێنی کە قوربانی پیرۆز بەرز دەکاتەوە و بەسەر خەڵکدا دەیبەخشێتەوە؛ هیچ شوێنەوارێکی گوناە لەسەر لێوی نامێنی کە نوێژ دەکا و نەفرەت لە چەپەڵی خۆی دەکات و ئاگای لەوە نی یە کە خوا لە جەستەی دایە. ئینجا زانیاری نەزانراو و هێزی نەزانراو لەناو چنگی خۆی دەپارێزێ و دەبێتە مرۆڤێکی بەستەزمانی بێ گوناە و هەتا هەتایێ دەبێتە قەشە بە پێ ی پێڕەوی (مێڵچیسیدیك).

بەرێوەبەر گوتی:

- ئاهەنگی (ماس) ی سبەی بەیانی بۆ تۆ تەرخان دەکەم دەشقەم خوای مەزن ئەڤانی پیرۆزی خۆیت بۆ دەربخات. ستیڤن بۆیە دەبێ نۆمینە[84] بۆ حەزرەتە شوانکارە پیرۆزەکەت بگریت، کە یەکەمین شەهیدە و لەلای خودا زۆر بەدەسەڵاتە، بەشکەم مێشکت رۆشن بکاتەوە. بەڵام ستیڤن دەبێ تۆ لەوە دڵنیا بێت کە بۆ ئەو پایەیە دەست دەدەیت دەنا ئەگەر پاشتر بۆت روون بۆوە دەست نادەیت ئیتر مەسەلەکە یەکجار ئاڵۆز دەبێت. ئەوەشت لە بیر نەچێت کە بوویتە قەشە ئەوە هەتاهەتایی وادەمێنییتەوە. خۆ لە کتێبی رێنمایی ئایینی ئەوەش دەزانیت کە مرۆڤ تەنیا جارێك پێڕەوی پیرۆزی باڵابوونی[85] پێ دەدرێ، ئەویش نیشانەیەکی وا لەسەر رۆحی مرۆڤ بەجێ دێڵێت کە هەرگیز ناسڕێتەوە؛ هەربۆیەش پێوسیتە پێشتر بیر بکەیتەوە نەك پاشترە ستیڤن، ئەوە مەسەلەیەکی گەورە و سامناکە، چونکە رزگاربوونی رۆحە نەمرەکەت لەسەر ئەوە دەوەستێت. بەڵام هەردووکمان پێکەوە نوێژ بۆ خوا دەکەین تا ئەو مەسەلەیە بەخێر بگێڕێت.

83. سایمۆن ماگۆس: ئەو جادووگەرە بوو کە ویستی دەسەڵات و هێزی نێرراوانی خوا بکڕێت. نووسەرانی سەدەکانی ناوەڕاست ئەو چیرۆکەیان بەوە رازاندۆتەوە کە تاوانی ئەو کابرایە دژ بە گیانی پیرۆزە و بۆیە تاوانێکی بێ لێ بووردنە.

84. نۆمینە: نۆ ڕۆژ لە خواپەرستی. (novena)

85. واتە: پێڕەوی بوون بە قەشە.

دەرگای هۆڵی چاوەڕوانی کردەوە و دەستی بۆ ستیڤن درێژ کرد وەك بڵێ ی دەست بۆ هاوڕێ یەکی رۆحی درێژ بکات. ستیڤن چووە سەر سەکۆوە فراوانەکەی سەر پەیژەکە و هەستی بە شنەی نەرمەبای ئێوارە کرد. چوار گەنج قۆڵێیان لە قۆڵی یەکتر نابوو و بەرەو کڵێسای (فیندلێتەر) هەنگاویان دەنا و سەریان دەلەراندەوە و لەگەڵ نەوا بەزەوقەکەی ئۆکۆردێونی سەرچۆپی کێشەکەیان هەنگاویان دەنا. مۆسیقاکە لەتاوێکدا خامۆش بوو، هەروەك یەکەم لەرەی کت و پڕ کە هەمیشە بەسەر چنراوی ئەندێشەیی مێشکی دا ڕەت دەبێت و بەهێمنی و بەبێ ئازار دەیان توێنێتەوە، وەکو چۆن شەپۆلێکی لەنکاو ئەو قۆمەتە قومانە دەتوێنێتەوە کە منداڵان لە رۆخ دەریا دروستی دەکەن. هەرکە بەو نەرمەبایە بزەی دەهاتێ چاوەکانی بەرەو ڕووی قەشەکە هەڵبڕی و رەنگدانەوەی ئەو رۆژە رووچووەی لەسەر چارەی ئەو دەدیت، جا لەسەرخۆ دەستی کێشایەوە و بەزەحمەت بەو هاوڕێیەتی یەی رازی بوو.

هەرکە لە پەیژەکە دەچووە خوارێ، ئەو سەرنجەی کە خۆدوانە ناخۆشەکەی سڕیەوە دەمامکێکی بێ زەوق و رەوق بوو کە مۆرکی ئەو رۆژە خنکاوەی ئەستانەی خوێندنگای لەسەر دیار بوو. ئینجا سێبەری ژیانی خوێندنگا بەقورسی بەسەر هۆشی دا تێ پەڕی. ئەو ژیانەی کە چاوەڕێ ی دەکرد بریتی بوو لە ژیانێکی مەندی رێکوپێکی بێ بەری لە سۆز- ژیانێکی دوور لە تەنگ و چەڵەمەی ماددی. لە خۆی دەپرسی چۆن یەکەم شەوی نۆمینە بەسەر ببا و یان بە چ دڵتەنگیەکەوە یەکەم سبەینە لە شیرین خەو هەڵبسێت. بۆنی ناخۆشی ناو داڵانی کلۆنگۆزی هاتەوە یاد و چرپەی ئاشکرای چراکانی لە گوێ ی دەزرنگانەوە. دەم و دەست بێ ئارامی هەموو جەستەی داگرت. پاشان دڵەکۆتی یەکی توند گرتی و هەراو زەنای وشە قۆڕەکان بیرە رێك و پێکەکانی ها لێرە و ها لەوێ سەراودوو دەنا. سیپەلاکەکانی بەرز و نزم دەبوونەوە وەك بڵێ ی هەوایەکی شێداری یەگجار گەرمی هەڵمژیبێت، دیسان هەمان بۆن و بەرامەکەی گەرماوی کلۆنگوۆزی هاتەوە بەر کەپوو، کە شیدار و گەرم بوو و ئاوەکەشی مەنگ و سەوزرەنگ بوو.

لەگەڵ ئەو یادگارانە هەندێك وارِسك لە ناخی یەوە واگا هاتن کە لە زانست و ئایین پەرستی بەهێزتر بوون، جا هەرکە لەو ژیانە دەچووە پێش وارِسکێکی ناسك و دژوار ئەوی تیخ تیخە دەدا کە بەم ژیانە قایل نەبێت. بێزی لە ساردوسڕی پێرەوی ژیانی ئایینی دەبۆوە. خۆی وا هاتە پێش چاو کە بەو بەیانی یە ساردە هەڵدەسێ و لەگەڵ ئەوانی تر لە رێزە دەوەستێت بۆ ئامادە بوون لەو ماسە زووەدا و بە بێ هوودەییش هەوڵ دەدات بە نوێژکردن دەست بەسەر گەدە تێك هەڵاتن دابگریت. هەروا خۆی لەگەڵ ئەندامانی تیرەی خوێندنگا بینیەوە کە لەسەر خوان دانیشتبوون بۆ



کێشت خواردن. ئەدی شەرمنی یە رەگاژویەکەی چی لێ هات کە وای لێ دەکرد رقی لە خواردن و خواردنەوە ببێتەوە لە بن سەربانی هەموو نامۆیەکدا؟ ئەدی شانازی یە رۆحی یەکەی چی لێ هات کە وای لێ دەکرد هەموو کاتێك وا بزانێت لەگەڵ خەڵکی دی جیاوازە؟

بەرێز ستیڤن دیدالۆس: ك. ج[٨٦]

لەم ژیانە نوێ یەدا پیتەکانی ناوی لەبەر چاوی هەڵدەپەڕینەوە، جا بەدوای ئەمانە هەستێکی وا بە مێشکی داهات کە نە ڕەنگ و نە شێوەیەکی روخسار ناسراوی هەیە. رەنگەکە کاڵ بوو و پاشان تۆخ بۆوە وەك رەنگی بڵێسەی گۆڕاوی کەرپووچێکی سووری کاڵ. دەبێ ئەوەش هەر رەنگی سووری کاڵ بێت کە زۆر بەیانی زستانان لە سەر روومەتی تازە تاشراوی قەشەکانی دەبینی؟ روخساریان بێ چاو و ترشاو بوو مۆرکی خواپەرستی دیار بوو- سووریش دەبۆوە بەو تووڕەیی یە خنکێنراوەی کە لەناخیانەوە هەڵدەقولا. دەبێ دەم وچاویان تاپۆیەکی ئەندیشەیی دەم و چاوی جێزوێتیەك نەبێت کە هەندێك منداڵ پێ یان دەگوت (شەویلاکی لۆکس) و هەندێکی دی پێ یان دەگوت (زەنگولەی ئۆردوگای رێویان)؟

لەم ساتەدا بە پێش ساختمانی جێزوێتی یەکاندا لە شەقامی (گاردنەر) دەڕۆیشت و بەشێوەیەکی نادیار لە خۆی دەپرسی کیها پەنجەرە دەبێتە هی ئەو ئەگەر چووە ناو ئەو پێڕەوەوە. پاشان سەری لە بێ سەروبەری ئەو لەخۆپرسینەی سوڕما، دوور لە رۆحی خۆی و لەو شوێنەی ئەو تا ئێستا بە پەناگەی خۆی دادەنا، هەروەها سەری لەو خۆڕاگرتنە ناسکەی سوڕما کە بە چەندین ساڵ لە رێك و پێکی و گوێ رایەڵی بەدەستی هێنا بوو، کەچی بە تاقە کردەوەیەکی دیار و رەت نەکراوە خەریکە هەموو ئەوانە کۆتایی پێ بێت ئێستا و هەتا هەتایەش هەڕەشە لە ئازادیەکەی دەکات. دەنگی بەڕێوەبەر بە داوا پڕشانازیەکانی کڵێسا و دەسەڵات و رازی شاراوەی قەشایەتی هانی دەدا و ئەو دەنگانەش بەخاوی لە مێشکی دەزرینگانەوە. رۆحی ستیڤن لەوێ نەبوو تا ئەوە ببیسێ و بەخێرهاتنی لێ بکات، ئێستا زانی کە ئەم هاندانەی ئەو گوێ ی بۆ شل کردبوو بە تەواوی لەلای ئەو بۆتە چیرۆکێکی ڕەمەکی بێ سوود. ئەو هەرگیز وەك قەشان لە پێش پەرستگا بخوورد ناهەژێنێەوە. چارەنووسی ئەو ئەوەیە کە لە هەموو رێکخراوێکی ئایینی یا کۆمەڵایەتی خۆ دوور بگرێت. زیرەکی داوای قەشەکە کاری لە رۆحی نەدەکرد. چارەنووسی ئەو وا نوسراوە کە زیرەکی خۆی

٨٦. ك.ج: کورت کراوەی وشەی (کۆمەڵەی جێزوێتی)یە.

دوور لە خەڵکیەوە فێرببێ و یان لەخۆوە فێری زانیاری خەڵکی ببێت بەوەی کە بە نیۆ داو و تەڵەکانی ئەم دنیایەدا بسورێتەوە.

تەڵەکانی ئەم دنیایە رێگا جۆراوجۆرەکانی گوناھ بوون. ئەو دەکەوێت. راستە ئەو هێشتا نەکەوتووە، بەڵام لەساتێکدا بە بێدەنگی دەکەوێت. نەکەوتنی مرۆڤ زۆر گرانە، یەگجار گران، هەستی بەکەوتنە بێ دەنگەکەی رۆحی دەکرد، ئەو تاوەش هەردێ تیایا دەکەوێت و بەردەبێتەوە، بەڵام تا ئێستا نەکەوتووە، هێشتا بەرنەبۆتەوە، کەچی ئەوەندە نەماوە بکەوێت.

بەسەر پردی زێ ی (تۆلکا) دا پەڕیەوە بۆ ماوەی تاوێك بە ساردی چاوی کردە لای گڵکۆ شینە کاڵبۆوەکەی (مریەمی پیرۆز) کە وەکو باڵندەی سەر دارتەلێك لە ناوەراستی ئۆردوگای گەڕەکی هەژارانی وەك ڕانەبەراز هەڵکەوتوو هەڵنیشتبوو. پاشان بەرەو لای چەپە بای دایەوە و ملی ئەو رێچکەیەی گرت کە بەرەو ماڵێ ی دەبرد. ئێستا بۆن ترشایەکی کز لە سەلکە کەلەرمی رزیوی ناو ناندینی باخچەی ئەو ماڵانەی لە سەر رووبار بوون دەهاتە بەر کەپووی. بزەیەکی هاتێ کە بیری لەو هەموو هەراو هۆریا و بێ سەروبەرییەی ماڵی بابی و ژیانی ئەو هەموو سەوزەواتە دەکردەوە، کە دەبوایە دەلاقەیەك لە ڕۆناکی رۆژ لە رۆحی بکاتەوە. پاشان بزەیەکی کورت کەوتە سەرلێوی کە بیری لەو جوتیارە تەنیایەی کە لە باخچەی شینایی ئیشی دەکرد ناویان لێ نابوو (پیاوە شەپقە لەسەرەکە) دەکردەوە. دووەم خەنینەوە، کە لەیەکەمەوە دەستی پێ کردەوە، بەڵام پاشی وەستانێکی کەم، لەخۆڕا هاتە سەر لیوی، کە بیری لەوە دەکردەوە پیاوە شەپقە لەسەرەکە چۆن ئیش دەکات، دوای ئەوەی کە چاوی بە هەر چوار سووچی ئاسماندا تووڕ دەداو پاشان بە دڵتەنگی خاکەنازەکەی لە زەوی نقووم دەکات.

بەپالێك دەرگا بێ سورگی یەکەی تارمەی کردەوە و بە ناو هۆڵە چۆل و هۆلەکەدا بەرەو ناندین رۆیشت. کۆمەڵێك لە خوشك و براکانی لە دەوری خوان دانیشتبوون. ئەوەندەی نەما بوو لە چاخواردنەوە ببنەوە و تەنیا بەرماوەی دووەم چای تێوەرکراو لە بنی قۆغەکان یا قووتی مورەبا مابۆوە کە کردبوویانە پیاڵەی چاخواردنەوە. چنکەنان و قەتماغە نانی بە شەکر کە بە چا قاوەیی ببوون لە سەر مێزەکە پەرش و بڵاو ببۆوە. پنتکە چای گچکە لەسەر مێزەکە رژا بوو و چەقۆیەکی دەسك عاجینی شکاویش لە ناوەندی پارچە ناسکەنانێکی کەلکراو چەقێنرا بوو.



تاڵە تیشکی بۆری خامۆشی خەمباری خۆری ئاوا بوو لە درزی پەنجەرە و دەرگا واڵاکە دەهاتە ژوورێ و پەشیمانی یە واڕسکاوی کتوپڕەکەی وێژدان ستیڤنی دادەپۆشی و هێور دەکردەوە. هەموو ئەوەی کە خوشك و براکانی لێ ی بێ بەشبوون بە پێ پانە درابووە ستیڤن چونکە ئەو نۆبەرە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاڵە تیشکە خامۆشەکانی ئێوارە هیچ نیشانەیەکی کینە هەڵگرتنی لەسەر ڕوویان بۆی دەرنەخست.

لە تەکیان دانیشت و پرسی دایك و باوکی لە کوێن. یەکێکیان وەڵامی دایەوە:

- ڕۆیشتوون زێ زێ تەماشای زێ زێ خانوویەك زێ زێ بکەن زێ زی *.

دیسان ماڵ گواستنەوە! لە بێلڤیدێردا منداڵێك ناوی (فالۆن) بوو زۆر جار بە پێکەنینێکی بێ ماناوە لێ ی دەپرسی بۆ ئەوەندە ماڵیان دەگۆزنەوە. رووگرژیەکی پڕ لە ڕق و کینە ئاسمانی تەوێڵی تەنی کە دیسان گوێ ی لە پێکەنینی پرسیارکەرەکە بۆوە.

ئەو لێ ی پرسی:

- ئەوە بۆ دیسان دەگوازنەوە، ئەگەر رێم بدەیت ئەو پرسیارە بکەم؟

- چونکە زێ زێ خاوەن خانوو زێ زێ دەرمان دەکات زێ زێ. *

گۆی ی لە دەنگی برا هەرە گچکەکەی بوو کە لەوسەری ئاگردانەکەوە ئاوازی (زۆر جار لەخامۆشی شەودا)ی دەگوت. یەك بە دوای یەك دەستیان کردە گوتنەوەی ئەم ئاوازە تا کۆرسێکی تەواویان پێك هێنا. هەر بەم تەرزە چەند سەعاتێك گۆرانی دەڵێن - ئاواز لە دوای ئاواز و هەڵبەست لە دوای هەڵبەست تا دوا تاڵە تیشکی کز لە ئاسۆدا رۆح دەسپێرێ، تا یەکەم هەوری تاری شەوانە پەردەی خۆی بە سەر ئاسماندا دەکێشێت.

چەند تاوێك چاوەڕێ ی کرد، گوێ بۆ شل کردن پێش ئەوەی بەشداری گۆرانی گوتنیان بکات. ئەو گوێ ی بۆ ئەم ئەشکەنجە رۆحی یانەی ئاوازە شەکەتەکەیان گرتبوو کە لە پشتیانەوە دەنگە ناسکە بەسەزمانەکانیان دەبیسترا. خۆ تەنانەت پێش ئەوەی دەست بە گەشتی ژیانیان بکەن وا دەردەکەوت لەو رێگایە بێزارن.

* ئەم رستانە بەشێوە گۆتنێکی منداڵانەوە گوتراون و بۆیەش ئەوە وا دەگوتریت تا هەموو کەس لێ یان تێ نەگات چونکە ماڵی باوکی ستیڤن هێندە هەژار ببون هەر رۆژەی لەبەر نەدانی کرێ خانوو دەبوایە لە گەڕەکێك بن و ماڵ زوو زوو بگوازنەوە.

گوێ ی لە دەنگی ئەو کۆرسە بوو کە لەناندین دەنگی دەدایەوە و لەناو لەرەیەکی بێ کۆتایی دا دووقات دەبۆوە، دەنگی کۆرسە نەپساوەکەی چەندەها نەوەی منداڵان لەناو ئەو دەنگانە دەنگی دەدایەوە و ئاوازە دووبارە بۆوەکەش زایەڵەی ئازار و ئەشکەنجەی لێ هەڵدەسا.

وادەردەکەوت هەموویان، بگرە پێش ئەوەی بچنە ناو ژیان بێزارن. هەروا ئەوەشی هاتەوە یاد (نیومان) یش ئەو ئاوازەی لە ناو دێرە شکاوەکانی (ڤێرگیل) بیستبوو بوو، ((وەك دەنگی سروشت لە و ئازار و بێزاری یە دەدوا، لەگەڵ ئەوەشدا هیوای شتی چاکتریشی تیا دەبینرا کە ئەمەش ئەزموونی منداڵانن لە هەموو ئان و ساتێکدا)).

* * *

لە وزەی دا نەما بوو چی دی چاوەڕێ بکات.

لەبەردەم دوکانی مەیفرۆشی بایرۆنەوە بۆ بەردەرگای کلێسای (کلۆنتارف) دەڕۆیشت و ئینجا لەبەردەم کلێسای (کلۆنتارف)ەوە بۆ بەر دەرگای دوکانی مەیفرۆشی بایرۆن دەگەڕایەوە، دیسان دەچووە لای کلێسا و ئینجا جارێکی دی بۆ بەر دوکانی مەیفرۆش. بەرایی بەکاوەخۆ شاقاوی هەڵدەهێنا، بەوردی هەنگاوەکانی لە چوارگۆشەی شۆستەکە گیر دەکرد، پاشان کاتی هەنگاو هاویشتنی خۆی لەگەڵ ئاوازی هۆنراوەیەك هاوڕەوت دەکرد. سەعاتێکی خشت رابرد لەو کاتەوە کە باوکی لەگەڵ مامۆستا (دان کرۆس بی) رۆیشت بۆ پێکهێنانی هەندێ شتی تایبەت بە ئەو لەزانکۆدا. یەك سەعاتی رەبەقە ئەو زەوی یە دەکوتێتەوە و چاوەڕێ دەکات. بەڵام لە وزەی دا نەما بوو چی دی چاوەڕێ بکات.

یەکسەر بەرەو ناوچەی (بوڵ)[87] کەوتەڕێ، بەتالووکە دەڕۆیشت نەکا فیتە تیژەکەی باوکی بانگی بکاتەوە، لەماوەی چەند تاوێکدا لە پێچەکەی پۆلیسخانە وەرچەرخا و بە سەلامەتی بۆی دەرچوو.

بەڵێ، دایکی دژی ئەو ڕایە بوو، هەروەکو لە بێ دەنگی یە تەواوەکەی ئەودا ئەوەی دەخوێندەوە. ئەو گومانەی دایکی وەکو مار گازی لێ دەگرت تەنانەت تیژتریش لە لووت بەرزی یەکەی باوکی و هەروا بە ساردی بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو بڕوایەی لە دڵی ئەودا دەتوایەوە، لەبەر چاوی دایکی بە تێنتر رەگی دادەکوتا. هێزێکی دژواری تارێك لەناخی ئەودا خۆی گرد دەکردەوە و مێشکی کردە پارچەیەك شەوەزەنگ بەرامبەر بە گوێڕایەڵی نەکردنی

87. دورگەیەکی درێژکۆڵەی نزمی قوومەڵانە و بەنداوێکە لە ڕێژگەی رووباری لیفی لە ئێرلەندە.



دایکی. هەرکە ئەو هەورە تاریکە لەسەر مێشکی لاچوو، مێشکی جارێکی دی بە هێمنی و گوێڕایەڵی بەرامبەر بە دایکی مایەوە، هەر ئەوەش یەکەم جار بوو کە بە شێوەیەکی نادیار و بێ دەنگ لێك دابڕانی ژیانی هەردووکیانی هەست پێ دەکرد.

زانکۆ! کەواتە لەبەردەستی ئەو پاسەوانانە رزگاری بوو لە کاتی منداڵی دا وەك دایەن دەوریان دابوو و دەیانەویست هەر لەلای خۆیان بمێنێتەوە و لەبەردەستی ئەوان بێ و خزمەتی ئامانجی ئەوان بکات. دوای لە خۆڕازی بوون شانازی لەناخی دا بە چەشنی شەپۆلێکی هێواشی درێژ سەری هەڵدا. ئەو ئامانجەی کە ئەوی لە پێناودا پەروەردە کرا بوو و بەجێ ی نەگەیاند، رێگایەکی نەزانراوی هەڵاتنی بۆ دەست نیشان کرد، ئێستا جارێکی دی مزگێنی ئەوەی دەدایێ کە ئەوەندەی نەماوە دەرگای سەرچڵییەکی نوێ ی بۆ بخرێتە سەرپشت. وای بۆ دەرکەوت کە ئاوازی مۆسیقایەکی نارێك دەبیسێ کە تا دوند بەرز دەبێتەوە، ئینجا دێتەوە سەر ئاوازێکی نزم، پاشان بە تەواوی بەرز دەبێتەوە و دێتەوە سەر سێیەکی سەرەکی، دەق وەکو ئەو بڵێسە نارێکە سێ زمانەیەی کە بڵێسە لە دوای بڵێسە بە نارێکی لە دارستانێکی نووتەك بەرز دەبێتەوە. ئەمە پێشەکی مۆسیقایەکی شەیتانی بوو، بێ شێوە و بێ کۆتایی، جا هەرکە تیژتر و خێراتر دەبوو، بڵێسەکان سنووری کاتیان دەشکاند، ئەمەش وای دێنا بەرچاو کە لەژێر گژوگیا و چلی دارودەختان دا گیانداری دڕندە پێشبڕکێ دەکەن و دەنگی پێ یشیان دەقاودەق لە دەنگی دەنکەباران دەچوو کە بەردەبێتەوە سەر پەلکی دار. پێیەکانیان بە هەراوزەنایەکی گەورە پێ کۆڵێیان لە مێشکی دەکرد. ئەوان پێ یان هی کەرۆیشکە کێوی بوون، پێ ی ئاسکەنێر و ئاسکەمێ و بزنەکێوی و ماڵی بوون، جا ئەو دەنگانە بەرە بەرە نزم بوونەوە تا هیچی نەما بێجگە لە ئاوازێکی بەرز و نزمی پڕ شانازی قسەکانی (نیومان) ی هاتە بەر گوێ:

- پێ یان دەتگوت پێ ی ئاسکەمێ یە بەڵام چەکێکی هەتاهەیەیان لە بن دا شاردراوەتەوە.[88]

شانازی ئەم وێنە تارە پایەبەرزی ئەو پلە و پایەیەی هێناوە یاد کە دەستی بەڕوویەوە نابوو. بەدرێژایی تەمەنی منداڵێتی بیری لەو شتانە دەکردەوە کە هەمیشە بە چارەنووسی خۆی دادەنا. بەڵام کە وەختی ئەوە هات گوێڕایەڵی ئەو داوایە بکات پشتی تێ کرد و بەدوای

88. جۆیس ئەو قسانەی لە وتارێکی نیومان وەرگرتووە بە ناونیشانی: (The Idea of a University)

وارسکێکی سەرپێ ی کەوت. ئێستا کات کەوتە نێوانیانەوە؛ هەرگیز رۆنی پێرەوی بوون بە قەشە لە لەشی هەڵناسوورێت. ئەو دەستی بەرووی ئەو داوایەوە نا، ئەرێ بۆ؟

ڕووەو دەریا ملی ڕێ گرت و لەرێگای (دۆڵی ماونت) ەوە کەوتەرێ، هەرکە بەسەر پردە دارینە تەنکەکە دەپەڕی یەوە، هەستی دەکرد کە شەپکە دارەکان لە بن پێ یە قورسەکانی دەهەژێنەوە. تیپێك لە برا مەسیحی یەکان لەرێگای لای (بۆڵ)ەوە دەگەڕانەوە و دوو بە دوو بەسەر پردەکە پەڕینەوە. یەکسەر پردەکە کەوتە لەرزینەوە و جیڕ و هۆڕ. دەم و چاوە بار لێ نیشتوەکانیان دوو دوو بەپێشی ڕەت دەبوون، ئەو دەم و چاوانەی کە هاڵاوی دەریا بە پەڵەی سوور یان زەرد یان مۆر بۆیانی نەخشاندبوو، جا کاتیك ویستی بەشێنەیی و بێ باکی سەیریان بکات، لەکەیەکی شەرم و بەزەیی پەڕی یە سەر ڕووی خۆی. لەگیانی خۆی وەڕس بوو و ویستی دەم و چاوی خۆی لێ یان بشارێتەوە بە چاوداگرتن و تەماشاکردنی گێژەنی تەنکاوی ژێر پردەکە بەڵام هێشتاش هەر دیمەنی کڵاوە قورسە ئارموشەکانیان و یاخە ساکارە تیلم ئاسا و جلە فش و فۆڵە کلێساییەکەیانی لە ناو ئاوەکە دەدیت.

- ئا ئەوە کرێڤ هیکی یە.
- ئەوەش کرێڤ کوەیدە.
- ئەوەی دی کرێڤ ماك ئاردڵە
- ئا ئەوەش کرێڤ کوێهە.

خواپەرستی ئەوانە وەکو ناوەکانیانە، وەکو دەم و چاویانە، وەکو جلەکانیانە، جا شتێکی بێ مانایە بەخۆی بڵێت کە دڵە ساکار و پەشیمانەکانیان، ڕۆژێك لە ڕۆژان خەڵاتێکی لەهی ئەو باشتریان لەبڕی ئەو خواپەرستی یەیان بدرێتێ، یان خەڵاتێکی دەقاتی هی ئەویان لەجیاتی خواپەرستی یە درێژخایەنەکەیان پێ دەدرێت. ئەوەشی هەر بەشتێکی هیچ و پووچ دادەنا بەزەیی پێ یان دا بێتەوە، یان بەخۆی بڵێ ئەگەر ئەویش بچووبایە سەر ڕێگای ئەوان و وازی لەو کەپوو بڵندیەی خۆی هێنابا و جلی دەرۆزەکەرانی لەبەر بکردابا ئەوان بەزەیی یان پێ ی دادەهاتەوە و بەقەد خۆیان خۆشیان دەویست. ئەوەش هەر شتێکی بێ مانا و دڵتەنگ کەر بوو کە دژ بەو دڵنیاییە یە بێ سۆزە بدوێیت کە فرمانی ئاییینی لە بارەی خۆشەویستی یەوە نەیگوتوە دەبێ هاوسێ ی خۆمان بە هەمان ئاست و گەرم و گوڕی خۆشبوێت، بەڵکو دەڵێ وەکو خۆمان بە هەمان چەشن خۆشمان بووێت.

لەگەنجینەی یادگاریەوە رستەیەکی دەرهێنا و بەنەرمی لەبەرخۆی دەگوتەوە:



- ڕۆژێکی پڕ پەڵە هەوری ڕەنگاورەنگی دەریایی.[89]

رستەکە و ڕۆژەکە و دیمەنەکە هاوسەنگ و هاوڕەوت بوون. وشەن. دەبێ ئەو هاوڕەوتی یە بەهۆی ڕەنگەکانەوە بوو بێت؟ لێ گەڕا ئەو ڕەنگانە گەش ببنەوە و بکوژێنەوە، ڕەنگ لە دوای ڕەنگ، کازێوەی زێڕین، ڕەزە سێوە زەرد و سەوزەکان، شەپۆلە کەوەیی یەکان، لێواری بۆری هەورە خۆر ڕەنگەکان. نەخێر، بەهۆی ڕەنگەکانەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی هاوسەنگی و هاوڕەوتی رستەکە بوو. کەواتە ئەو پتر حەز لە هەڵبەز و دابەزی وشە ڕەوتدارەکان دەکات لە پابەند بوون بە داستان و ڕەنگەکانیان؟ یاخود بەهۆی چاوکزی و شەرمنی یەکەی کەمتر لەزەت لە دنیای هەستی گەش وەردەگرێت لە ناو ئاوێزەی زمانێکی فرەڕەنگی دەوڵەمەند لەوەی لە وورد بوونەوە لەناخی سۆزە تاکەکان وەردەگرێت کە بە تەواوی لەناو پەخشانێکی ڕوون و نەرم و نیاندا ڕەنگ بداتەوە؟

دیسان لە پردێکی لەرزۆکەوە بەرەو زەوی یەکی پتەو و ڕەقان کەوتەرێ. لەو تاوەدا، هەروەك وای هاتە بەرچاو کە هەواکە سارد داهات، بەپەستی لە ئاوەکە ڕادەما کە بینی گەرداوێکی تیژڕەو ئاوەکە تار دەکا و لەگەڵ خۆی ڕای دەدات. خورپەیەکی گچکەی ناو دڵی و جوولەیەکی گچکە لە گەرووی پێ ی دەگوت کە چۆن جەستەکەی دیسان لە بۆنە ژێر مرۆڤانە ساردەکەی دەریا سامگرتوو بوو؛ لەگەڵ ئەوەشدا بۆ لای پاوەنەکەی دەستە چەپ پێچی نەکردەوە بەڵکو بەسەر ئەو تاوێرانەی ڕوویان لە لێژگەی ڕووبارەکە بوو ملی ڕێ ی گرت.

تاڵە تیشکێکی کز بەئاستەم ڕووی ئاوە بۆرەکەی ڕۆشن دەکردەوە لەو شوێنەی کە ڕووبارەکە پەنگی خواردبۆوە. لە دوورەوەڕا، بەدرێژایی ئاوەڕۆی ڕووباری (لیفی) هێواش ڕەو، دارتەلی باریك ئاسمانی داگرتبوو، لەویش دوورتر تەونی شارە تاریکەکە لەناو تەم و مژەکەدا لەسەر دەم ڕاکشابوو. تەونی ئەم شارە لە دیمەنی نەخشێنراوی سەر قوماشێکی گرانبەهای دەکرد و بەقەد ماندوویی مرۆڤ پیر بوو، وێنەی حەوتەم شاری مەسیحی[90] لە ناو هەوا لەکات بەدەرەکەی بۆ دەرکەوت کە نە پیرتر و نە ماندووتر نە کەم پشووتر بوو لە ڕۆژانی کۆیلایەتی

٨٩. ئەو رستەیە لە کتێبی هۆگ میللەرەوە (گەڤاهنامەی تاشەبەردان) کە لە ساڵی (١٨٦٩) دا چاپکراوە وەرگیراوە. میللەر لەو کتێبەی دا بیرۆکەی داستانە شیعرێك دەنووسێ تا زانیاری جیۆلۆجی و ئینجیل دەربارەی خوڵقاندن بە یەك بگەیەنێت.

٩٠. حەوتەم شاری مەسیحی: مەبەست لە شاری دەبلنە.

پەرلەمانی دانیمارکی. لەم کاتەدا بەنابەدڵی چاوی بەرەو پەڵە هەورە ڕەنگاورەنگە دەریاییە هیۆاش ڕەوەکان هەڵبڕی. دیتی ئەوانە لە بیابانی ئاسماندا بەچەشنی کۆمەڵە کۆچەرێك خەریکی بارگە تێکنان بوون و بەسەر خاکی ئێرلەندەدا ڕووەو ڕۆژئاوا کەوتبوونەرێ. ئەو ئەوروپایەی کە ئەوان لێیەوە هاتبوون کەوتبووە ئەوبەری دەریای ئێرلەندی؛ ئەو ئەوروپایەی پڕ زەمانی سەیر سەیر و پڕ دۆڵ و بەدارستان داپۆشراو و پڕی قەڵا و سەنگەر و پڕی نەتەوەی داگیرکراو بوو. لەناخی خۆیەوە مۆسیقایەکی شپرزە و بێ سەروبەری دەبیست کە هی ئەو یادگار و ناوانە بوو ئەو هەستی پێ دەکردن بەڵام بلێ ی تاقە ناوێك چی یە نەیدەتوانی لەمێشکیا بیانگرێت؛ پاشان مۆسیقاکە بەرە بەرە دەکشایەوە، دەکشایەوە و دەکشایەوە؛ لەگەڵ هەر لەرەیەکی کشانەوەی ئەو مۆسیقا نادیارەدا بەردەوام ئاوازی هاوارێکی درێژ دەهاتە گوێ کە بە چەشنی ئەستێرەیەك ناخی ئەو تاریکی یە خامۆشەی دەبڕی. دیسان! دیسان! دیسان! دەنگێك لەوبەری دنیاوە بانگی دەکرد.

- هەلەو ستیفانۆس!

- ئا ئەوە دیدالۆس هات!

- ئۆه..... ئێ ه (دوایەر) واز بێنە، پێت دەڵێم واز بهێنە. دەنا مستێکت لە ناودەم دەدەم....ئۆ!

- زۆر چاکە (تاوزەر)، نقوومی بکە!

- وەرە پێش دیدالۆس! ئەی ستیفانۆمینۆس! ئەی ستیفانیفۆرۆس![91]

- نقوومی بکە! زگاوی بکە، تاوزەر!

- فریام بکەون! فریام کەون! ئۆ...

دەنگەکانی بە کۆمەڵ ناسینەوە پێش ئەوەی دەمو چاویان بناسێتەوە. کە ئەو دیمەنە بێ سەروبەرەی منداڵە ڕووت و قووتە تەڕانەی دیت هەتا سەر ئێسکی تەزی. لەشیان بە ئاوی دەریا دەبریسکایەوە؛ لەشی یان یا وەك لاشەی مردوو سپی بوون یان لەبەر تیشکی زێڕینی کز زەرد دەچۆوە. یان بەڵەك ببوون لە بەر خۆرانگازی. ئەو بەردەی وەك خشخشۆکە بەکاریان دێنا و خۆیان بە سەردا غژۆل دەکردەوە، لەسەر بنکەیەکی قایم بەند ببوو هەرکە خۆیان هەڵدەدا ناو

91. مانای ئەو رستەیە بە گریکی وایە: ((وەرە پێش دیدالۆس، ئەی گای گوڵبەند لە مل. ئەی گا، ئەی گوڵبەند لە مل!)) هەڵبەتە لێرە هاورێکانی ستیڤن بە زمانی گریکی گاڵتە بە ناوی ستیڤن دەکەن.



ئاوەکە لە بن پێ یان دەهەژایەوە، خۆ ئەو تاشە بەردە تیژانەی دەم لێژگەکە کە وەك ئەسپۆکەی منداڵان بەسەریان هەڵدەگەڕان بە ورشەیەکی سارد و تەڕ دەچریسکایەوە. تەنانەت ئەو پەشتەماڵانەی کە لەشی خۆیان پێ وشك دەکردەوە بە ئاوی ساردی دەریا قورس ببوون و دڵۆپە ئاوی سارد لە دامێنە بادرایەوەکانیان دەچۆڕایەوە.

بەقایل بوونەوە بە بێ جوولە بەرامبەر بانگ کردنیان وەستا و بەقسەی ئاسایی خۆی لە قسە تیزاویەکانیان بەدوور دەگرت. ئای چەند بەبێ کەسایەتی دیار بوون؛ (شۆلی) بەبێ یاخە پان و فش و فۆڵەکەی، (ئێنس) بەبێ قایشە قورمزیە ئاوەزێنە مارئاساکەی، (کۆنۆڵی) بەبێ کورتەکە بەرکدارە بێ سەربەرکەکانی! دیتنیان شتێکی خەفەتهێن بوو، ئای چ خەفەتێکی جەرگبڕە ماکی هەرزەکاریان وا لە ڕووتی یە بەزەیی هێنەکە بکات لەبەر چاوت دزێو بێت. لەگوینە ئەوان ترسی دڵی خۆیان بەو گەلەکۆمەکی و هەراوهۆریایەیان بڕێژن. بەڵام ئەو، دوور لەوان و بەهێمنی، ئەوەی هاتەوە بیر کە لەناو چ ترسێکی پر لە ڕازی جەستەی خۆی دا دەژیت.

- ستیفانۆس دیدالۆس! ستیفانۆمینۆس! ستیفانیفۆرۆس!

ئەو گاڵتانە لەلای ستیڤن شتێکی نوێ نەبوون، هەر ئەوەش بوو کە وای لێ دەکرد هەست بە دەسەڵاتی پڕشانازی خۆی بکات. هەنووکە، کە هەرگیز ئاوا نەبووە، ناوە سەیرەکەی وەکو پەیامێکی خوایی دەدیت. هەوا گەرمە بۆرەکەی ئەوەندە لەکات بەدەر دەبینی و خۆ خوو و خێماکیشی ئەوەندە نەرم و نامۆ دەدیت کە تەنانەت هەموو چاخەکان لە بەرچاوی وەك یەك بوون. هەر تاوێك لەمەوبەر بوو کە تاپۆی قەڕاڵی دانیمارك لە ناو چارۆگە تەماویەکەی شار هاتە بەرچاوی. ئێستا کە ناوی پیشەزانە ئەفسانەیی یەکەی[92] دەبیست هەستی دەکرد کە گوێ ی لە دەنگی شەپۆلی نادیار دەبێ و نیگایەکی باڵدار دەبینێ کە بەسەر ئەو شەپۆلانەوە دەفڕێت و بەهێواشی بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە. ئەرێ مانای ئەوە چی یە؟ دەبێ ئەوە هێمایەکی ڕازدار نەبێت کە لاپەڕەی کتێبێکی سەدە ناوەندیەکان لەبارەی هێما و پەیامی خوایی لەپێشی والا بکاتەوە، پیاوێکی هەڵۆئاسا ڕووەوخۆر بەسەر دەریادا هەڵدەفرێ و موژدە و پەیامی ئەو ئامانجەی کە ئەو لە پێناویا هاتۆتە دنیا ڕادەگەیەنێ، ئەو ئامانجەی کە ئەو بەناو تەم و مژی منداڵی و نەوجەوانی

92. ناوی ستیڤن دیدالۆس دوو مانا دەگرێتەوە، یەکەمیان مانا ئەفسانەیی یەکەی کەلە پێشەکی ئەم کتێبە دا بە دووروودرێژی باسی لێوە کراوە. دووەمیش حەزرەتی (ستیڤن) ە کە یەکەم شەهیدی مەسیحیەتە.

بەدوای کەوتبوو، هێمای هونەرمەندێك کە لەکوورەی کارگەی ڕۆحی یەوە ڕۆح بە بەر مادە سست و خاوەکانی زەمین دێنێتەوە و دەیانکاتە بوونەوەرێکی نوێ ی لە ئاسمان خوول خواردووی هەست پێنەکراو و نەفەوتێنراو؟

دڵی ڕاچڵەکی و هەناسەی خێراتر دەهات و دەچوو و گیانێکی کێوی چووە ناو پەلەکانیەوە وەك بڵێ ی ڕووەوخۆر خوول بخوات وای لێ هات. دڵی لە سەرمەستی ئەو ترسەی تیایدا بوو ڕادەچڵەکی و گیانیشی لە فڕین دا بوو. ڕۆحی لە هەوادا لەودیوی ئەو دنیایە خوولی دەخوارد و جەستەکەشی بە هەناسەیەك پاكژ بۆوە و لە دوودڵی و گومان ڕزگار ببوو و بە بریقە خرا بوو و لەگەڵ توخمەکانی ڕۆحی ئاوێتەی یەکتری دەبوون. سەرمەستی فڕین چاوەکانی بە بریسکە خستبوون، هەناسەی خێرا کرد بوو و پەلە بابردەڵەکانی بە پڕشنگ خستبوون.

- یەك! دوو!..... ئاگاداربە!

- ئۆهـ، کریپس خنکام!

- یەك، دوو، سێ، دەی!

- ئەوی تر! ئەوی تر!

- یەك!.... ئاخ!

- ستیفانیفۆرۆس!

گەرووی بە تاسەی هاوارێکی پڕ بەدەنگ هاتبووە ژان، بەڵام چتۆ هاوارێك! هاواری هەڵۆ یا خەرتەل کەلە کەشکەلانی فەلەکدایە، هاوارێکی تیژ بەوەی چۆتە ناو باوەشی ڕەشەبا. ئا ئەمە هاواری ژیان بوو بۆ ڕۆحی نەك دەنگە زڕە ناخۆشەکەی دنیای ئەرك و نائومێدی، نەك ئەو دەنگە نامرۆڤانەیەی کە داوای لێ دەکرد خزمەتی ووشکی قوربانگە بکات. ساتێك لە فڕینی کیۆی هەڵی گرت و هاواری سەرکەوتن کە بە سەر لێوەکانیەوە پەنگی خواردبۆوە مێشکی شەق دەکرد.

- ستیفانیفۆرۆس!

هەنووکە ئەوان چین جگە لەو کفنەی کە بەسەر لاشەی مردووەوە دەلەرزێت — ئەو ترسەی کە شەو و ڕۆژ چڕنووکی لە ڕۆحی گیر دەکرد، ئەو دوودڵیەی کە هەموولایەکی لێ تەنی بوو، ئەو شەرمەی کە لەناخەوە و دەرەوە ریسوای دەکرد- تەنها کفن بوون، جلکی گۆڕ؟

ڕۆحی لەناو گۆڕی منداڵیەوە ڕاست بۆوە و جلکی گۆڕی لەبەر خۆی دادەکەناند. بەڵێ! بەڵێ! بەشانازی یەوە لەو ئازادی و توانا ڕۆحی یەی بەچەشنی ئەو پیشەزانە مەزنەی کە



ناوی ئەوی هەبوو، شتێکی زیندوو، شتێکی نوێ و باڵا و جوان و هەستپێ نەکراو و نەمر دروست دەکات.

بە دەمارگرژیەوە لەناو تاشە بەردەکان دەرپەڕی، چونکە چی دی نەیدەتوانی ئەو گڕەی کە لەنیۆ شادەمارەکانی کلپەیان سەند کپ بکاتەوە. هەستی دەکرد کە گۆناکانی گڕ دەگرن و گەرووشی پڕی گۆرانی یە. لاقەکانی تامەزرۆی گەڕان و سوڕان بوون تا ئەمسەر و ئەوسەری دنیا بکوتنەوە. دڵی هاواری دەکرد. دەی! دەی! ئێوارە بە تارێکی دادەڕژێتە سەر دەریا و شەو بەسەر دەشتەکان دادێت و کازیۆە بەڕووی گەڕۆك دەکرێتەوە و چەندین کێڵگە و گرد دەم و چاوی نامۆیان پیشانی دەدەن. لە کۆی؟

ڕووەو باکوور بۆ لای (هۆث) چاوی هەڵبڕی. دەریاکە لە نزیك ڕێزەی گژوگیا دەریایی یەکان، لە شوێنە تەنکاوەکاندا پەنگی خواردبۆوە، ئاوی قۆنگرەکانیش بەخێرایی بەدرێژایی کەنار دەریاوە ڕوو لە زیادی بوو. لەناو ئاوەکەدا لێرە و لەوێ دورگۆکەی قومەڵانی گەرم هەبوون، کە لە سەر تەنکاوەکەدا دەدرەوشانەوە، لە تەك ئەو دورگۆکانە و لە نزیك کەنار ئاوە درێژەکە و لە ناو جۆگە تەنکاوەکەی قەراغ دەریاوە خەڵکی نیمچە ڕووت هەبوون خۆیان لە ئاوەکە دەدا و خۆیان نقووم دەکرد.

پاش چەند تاوێك پێ ی خۆی خواس کرد، گۆرەویەکانی لوولدا و هاویشتیە ناو بەرکەکانی و پێڵاوە خێوەتەکانی بە قەیتانەکانی یەوە بەشانی خۆی شۆڕ کردبوونەوە، ئینجا دارێکی نووك تیژی لەناو هێلکە شەیتانۆکەی نێوان تاوێرەکان هەڵگرتەوە کە خوێاوی دەریا دایڕزاندبوو، دواتر لە نشێوەکەی تەك پەنگاوەکە چووە خوارێ.

چۆمێکی درێژ لەکەنار دەریاکە هەبوو، هەرکە بەهێواشی خۆی لە ئاوەکەدا، سەری لەو کۆمەڵە گژوگیا دەریایی یە بێ ئەندازەیە سوڕما، کە ڕەنگیان سەوزی پیرۆزەیی و ڕەش و زەرد و زەیتوونی بوو و لە بەردەم تەوژمی ئاوەکە دەهاتن و دەچوون. زۆر و زەبەندی ئەو گژوگیایانە ئاوی چۆمەکەی تاریك کردبوو و دیمەنی هەورە تیرەکانی تێدا دەشکایەوە. هەورەکانی سەر سەری بەخامۆشی کۆچیان دەکرد و ئاوی دەریاکەی ژێریشی لە ڕۆیشتن بوو. هەوا بۆرە گەرمەکەش خامۆش بوو و ژیانێکی کێوی نوێ لە ناو شادەمارەکانی گۆرانیان دەگوت.

ئەرێ ئێستا منداڵی ئەو چی لێ هات؟ ئەدی کوا ئەو ڕۆحەی کە چارەنووسی خۆی جێ هێشت، تا بە تەنیایی بەسەر شەرمەزاری زامەکانی هەڵبنیشێتەوە و لە کونجە گڵاو و پڕفێڵ و

ئایین و ئۆینەکەی ژیان بەسەر ببا و تاج لەسەر ئەو کفنە رزیوو و گوڵانە بنێت کە لەگەڵ یەکەم پەنجە پێ کەوتن هەڵدەوەرن؟ ئەدی بەخۆی لە کوێ یە؟

بەتەنیا بوو. کەس ئاگای لەو نەبوو، بەختەوەر بوو و لە رۆخ دڵە کێویەکەی ژیان بوو. ئەو تەنیا و گەنج و بە ئەڤانی و دڵ کێوی بوو- بە تەنیا بوو لە ناوەڕاستی خاکەوێرانێکی هەوای کێوی و ئاوی شۆڕ و ئەو هێلکە شەیتانۆکانەی دەریا دروێنەی کردبوون و تاڵە تیشکی تەماوی تێکچرژاوی بۆر و کوڕ و کیژی نیمچە ڕووتی کەیفخۆش لەوناوە بوون و دەنگی کوڕ و کیژان لەناو هەواکەدا دەزرنگایەوە.

کیژێك بە تەنیا و بێ جوولە لە ناوەندی تەوژمەکە لەپێش ئەو وەستا بوو لە دەریا ڕادەما. واپێ دەچوو ئەفسوون کاری لەو کیژە کردبێ و نیگای باڵندەیەکی دەریایی جوان و کەس نەدیدەی پێ بەخشیبێت. قاچە رووتە باریکە درێژەکانی دەتگۆت قاچی قورینگن و زۆر سپی بوو، جگە لە کەڵەگیایەکی دەریایی پیرۆزەیی کە خۆی بە گۆشتەکەی وەنوساند بوو و لێ ببووە نیشانە هیچی تری پێوە نەبوو. رانەکانی خرپن و نەرمۆڵە بوون بە ڕەنگی عاج، تا لای نێکی رووت بوو و لێوی دەرپێ سپی یەکەشی هەردەتگۆت تووکی سپی نەرمی باڵندەی سپی یە. تەنوورە شینەکەشی بە گورجی لە پشتەخۆی لوولدا بوو و وەك شاپەڕی کلکی کۆتری لێ هاتبوو. سینگیشی لە سینگی کۆتر دەچوو؛ نەرم و ناسك؛ ناسك و نەرم وەکو سینگی کۆترێکی پەڕ تۆخ، پرچە نازدارە درێژەکەی کیژانە بوو؛ کیژانە بوو و بەسەر ئەو روومەتە نازدارەی دا شۆڕ ببووە کە پیاو سەری لە ئاست ئەو جوانی یە دنیایی یە سووڕدەما.

کیژەکە بەتەنیا و بێ جوولە بوو، لە ئاوی دەریاکە رادەما؛ جا کاتێك کیژەکە هەستی بە بوونی ئەو و پەرستنی ناوچاوەکانی کەوت بە قایل بوونێکی هێمن، بەبێ شەرم و بەبێ دەستی خۆی چاوەکانی بۆ لای ئەو وەرگێڕا. تا ماوەیەکی درێژ؛ چاوی لە دوڕچاوی ئەو چەقاند و پاشان بەهێواشی چاوی بۆ لای تەوژمەکە هێنا خوارێ و نەرم نەرم ئاوەکەی بەپێ بڵاو دەکردەوە. یەکەم دەنگی نەرمۆکەی لاوازی ئاو بڵاوکردنەوە دڵی خامۆشیەکەی شکاند، ئەو دەنگە نزم و لاواز و بەچرپە بوو؛ نزم وەکو زەنگوڵەی خەو، لێرە و لەوێ دەزرنگایەوە، دەزرنگایەوە و کپ دەبوو؛ ئینجا گڕێکی ناسك سەرکوڵمەکانی دەهێنایە لەرزانە.

رۆحی ستیڤن بە شادومانیەکی دنیایی یەوە هاواری دەکرد:

- ئاه... خودای ئاسمان!



دەستبەجێ رووی وەرگێڕا و بەرەو کەنارەکە هەنگاوی هەڵێنا. سەر روومەتەکانی دەسووتان؛ گڕ لە جەستەی بەر ببوو؛ پەلەکانی دەلەرزین. هەنگاو لەدوای ئەوی دی هەنگاوی دەنا، بەسەر قومەکە تەواوێك ڕەت ببوو و بە سەرمەستی گۆرانی بۆ دەریا دەگوت، هاواری دەکرد بۆ پێشوازی کردنی ئەو ژیانەی بەهاوارەوە بانگی دەکرد.

وێنەی کیژەکە هەتا هەتایە رووچووبووە ناو رۆحی و هیچ وشەیەك نەیدەتوانی خاموشی ئەو سەرمەستی یەی بشکێنێ. چاوی کیژەکە بانگی دەکرد و رۆحی ئەویش لەگەڵ ئەو بانگ کردنەدا هەڵدەپەڕی یەوە. گازی دەکرد بێ بژین، هەڵە بکات، بکەوێت، بباتەوە و لەنۆێ ژیان لە ژیان بخولقێنێتەوە! فریشتەیەکی کێوی بۆی دەرکەوت، فریشتەی نەوجەوانی و جوانی دنیایی[٩٣]، پەیکی مەیدانە جوانەکانی ژیان، تا لە تاوێکی سەرمەستی دا دەرگای هەموو رێگایەکی هەڵە و نەمری لە پێشی بخاتە سەر پشت. لە هەنگاونان هەر بەردەوام بوو! بەردەوام بوو! بەردەوام بوو!

لەنکاوڕا وەستا و بە هێمنی گوێ ی لە دەنگی دڵی خۆی بوو. دەبێ چەند دوور رۆیشتبێت؟ دەبێ سەعات چەند بێت؟

نیگای هیچ مرۆڤێك لە نزیکی نەبوو و هەواکەش هیچ دەنگێکی بۆ نەدەهێنا. خێزاوەکە ئەوەندەی نەمابوو بکشێتەوە و رۆژیش لەسەر ئاوا بوون بوو. بەرەو وشکانی وەرچەخا و بەسەر کەنارەکە نەرم نەرم غاری دەدا، ئینجا بەبێ ئەوەی ئاگای لە نووکی تیژی تاشەبەردەکان بێت بە هەورازەکە هەڵگەڕا، گردۆکە قومێکی لەناو بازنەی چەند گردێك دۆزیەوە و لەوێ لێ ی دانیشت بەڵکو کپی و خامۆشی ئێوارە خوێنە پڕجۆشەکەی هێور بکاتەوە. لە ژوور سەریەوە هەستی بە گومبەتێکی بێ باك و جوولەی نەرمی تەنە ئاسمانی یەکان دەکرد: هەروا ئەو زەویەی ژێری، ئەو زەویەی ئەو تیایدا هاتۆتە دنیاوە بۆ باوەشی خۆی ڕایدەپێچا.

چاوەکانی لە گرانایی خەوهاتندا لێك دەنان. پێڵوەکانی وەك بڵێ ی هەستیان بە بزووتنەوەی فراوانی بازنەی زەوی کردبێت هەڵدەرزین و دیدەکانیشی وەك بڵێی رۆشنایی یەکی عەنتیکەی

---

٩٣. ئەو قسانە ئاماژەن بۆ وەسفی دانتێ هەرکە چاوی بە (بیاتریس) ی دولبەری کەوت کە نمونەی جوانی بێ هاوتا و تاکە. ئەو رستانەش سەرەتای (La vita Nuova – ژیانی نوێ) ن کە کتێبێکی هەرە نایابی دانتێ ئەلیگریە لە پاشی (کۆمیدیای خوایی).

دنیایەکی نوێ یان دیبێت ئەوانیش دەلەرزینەوە. ڕۆحی خەریك بوو لەخۆ بچێ و بچێتە ناو دنیایەکی نوێ، دنیایەکی ئەندێشەیی، تەماوی و نادڵنیا وەك ئەوەی ژێر دەریا، کە پڕاوپڕی شێوە و بوونەوەری هەورئاسایە. دنیایەك، ورشەیەك یان گوڵێك؟ دەبریسکێتەوە و دەلەرزێتەوە، دەلەرێتەوە و دەکرێتەوە[٩٤]، تیشکێکی شکاوە، یا گوڵێکی پشکوتوو کە بەتەواوی دەپشکوێ دەکرێتەوە و دەبێتە سوورێکی گەش پاشان کە پتر دەکرێتەوە ڕەنگی کاڵ دەبێتەوە و دەبێتە سیسترین گوڵ، پەڕەگوڵ لە دوای پەڕەگوڵ و تاڵەتیشك لە دوای ئەوی دی تا هەموو ئاسمان بە تیشکە ناسکەکانی دەنەخشێنێ، هەر گەشبوونەوەیەکیش لەوەی پێشتر قووڵترە. هەرکە واگاهاتەوە ئێوارە باڵی خۆی لێك نابوو؛ نە قوومەکە و نە ئەو گیا وشکانەی ئەو لەسەری ڕاکشابوو دەدرەوشانەوە. لەسەرخۆ هەڵسایەوە و دەیەویست خەوە خەوناویە خۆشەکە بێنێتەوە یادی خۆی، لە کەیف خۆشیان هەنسکی دەدا.

بەسەر پۆپەی گردە قوومەکە هەڵگەڕا و چاوی بەدەروبەری خۆی توورڕدا. ئێوارە باڵی خۆی لێك نابوو و قەراغێکی مانگی شۆخ کەناری بیابانی ئاسمانی ڕەنگ زەردی شەق دەکرد، قەراغی کەوانە زیوینەکە لە ناو قوومە بۆرەکە ختم ببوو؛ خیزاوەکەش بەتالووکە بەرەو وشکانی تەکانی دەدا و چرپەیەکی نزمی شەپۆلەکانی لەگەڵ خۆی دەهێنا و گەمارۆی هەندێك کەسی ناو چاڵاوە دوورەکانی دەدا.

---

٩٤. دەشێ ئەوە وەسفی ڕوانینی (دانتێ) مان بۆ خوا بهێنێتەوە یاد، کە دەڵێ خوا وەکو گوڵێکی فرە پەلکە و پەلك پەلك دەکرێتەوە (بەهەشت: سروودی: ٣٣).

# پاری پێنجەم

سێیەم پەرداغی چاپە زەردەکەی تا خڵتاوەکە هەڵقوڕاند، ئینجا کەوتە جوینی ئەو چنکە نانە برژاوانەی لەسەر مێزەکە پەرش و بڵاو ببوونەوە. پاشان لە ناو چاپەستە تاریکەکە مووڕ ببۆوە. دڵۆپە زەردەکان وەکو ئاوی زۆنگاوێك لێ ی دەچۆڕانەوە. دیمەنی ئەو چاڵاوەی بنی چاپەستەکە وێنەی ئاوە تاریکە بە گژوگیا داپۆشراوەکەی گەرماوی (کلۆنگۆز) ی بەبیر هێنایەوە. هەر ئێستا ناو سندووقی کاغەزی بارمتەکردنی پشکنی کە لە لای ئانیشکی بوو و بەبێزاری بە پەنجە رۆناویەکانی یەك لە دوای یەك لیستە شین و سپی یەکانی ئاودیو دەکرد- ئەو لیستانە بەناڕێکی نووسرابوون، گەچراو و تۆزاوی ببوون و ناوی ئەو کەسانەیان پێوە بوو کە شتیان لەلا بەبارمتە دانابوون وەکو (دالی) یان (ماك ئێڤۆی):

یەك جووت بووت.

یەك پاڵتۆی تۆخ.

سێ پارچە کەل و پەل و پێویستی.

یەك دەرپێ ی پیاوانە.

ئینجا ئەوانەی بەلانا و لەقەپاغی ئەو سندوقە ورد بۆوە کە پڕی وێنەی ناشیرین بوو و بەشێوەیەکی نادیار پرسی:

- دەبێ ئەو کاتژمێرە چەند لەپێش بێت؟

دایکی کاتژمێرە کۆنە زەنگدارەکەی سەرتەنیشتێ کە لەسەر رەفکەکەی ئاگردان وەرگەڕابوو راست کردەوە تا میلەکانی کاتژمێرەکە لەسەر دوانزەی کەم چارەکێك وەستان، ئینجا دیسان داینا‌وە سەر تەنیشت. دایکی گوتی:

- ئەو کاتژمێرە سەعاتێك و بیست و پێنج خوولەك لەپێشە. بەڵام لە راستی دا کات ئێستا دە و بیست خوولەکە. خوا دەزانێ ئەگەر هەوڵ بدەیت رەنگە بە وانەکانت رابگەیت.

ستیڤن گوتی: جوڕمەکەم بۆ پڕ بکەن تا خۆم بشۆم.

- کێتی، جوڕمەکە بۆ ستیڤن پڕ بکە تا خۆی بشوات.



- بوودی، جوڕمەکە بۆ ستیڤن پڕ بکە تا خۆی بشوات.

- دەچم هەندێك جل سپی کەرەوە دەکڕم. ماگی، تۆ بۆی پڕ بکە.

کە لەگەنە چینکۆکە لە ناو جوڕمە پڕ ئاوەکە دانرا و لیفکە کۆنەکەی خۆشتن لە تەنیشتی دانرا ستیڤن رێ ی دایکی دا مل و ناو کوونە گوێ و کوونە کەپوو و ژێر کەپووی بۆ بشوات. دایکی گوتی:

- شتێکی دڵتەنگ کەرە کە قوتابی زانکۆ ئەوەندە پیس و چڵکن بێت تا دایکی بیشوات.

ستیڤن لەسەرخۆ گوتی: بەڵام تۆ خۆت پێت خۆشە بم شۆیت.

فیتەیەکی گوێ کاسکەر لە سەربانەکەوە بیسترا، ئینجا دایکی پەشتەماڵێکی نێمداری دایە دەستی و گوتی:

- بۆ خاتری خوا خێرا خۆت وشك بکەوە.

دووەم فیتە لەتووڕەییان درێژ کرابۆوە، کیژێکی هێنایە سەر پایەیەکی پەیژەکە:

- بەڵێ، بابە؟

- برا دێڵە سەگەکەت ڕۆیشتووە یان نەء؟

- رۆیشتووە، بابە.

- دڵنیایت؟

- بەڵێ، بابە.

- همم!

کیژەکە گەڕایەوە و نیشانەی بۆ ستیڤن کرد خێرابێ و بەئەسپایی لە دەرگای پشتەوە دەربچێت، ستیڤن پێکەنی و گوتی:

- باوکم عەنتیکە لە زایەندام گەیشتووە، ئەگەر وابزانێت دێڵ نێرە و مێ نی یە.

دایکی گوتی:

- ستیڤن، شەرمەزاری و ریسوایی بۆ تۆیە. رۆژێك هەردێت لەو شوێنە پەشیمان ببیتەوە کە بۆی چوویت. دەزانم زانکۆ چەند خوو و ڕەوشتی گۆڕیوویت.

ستیڤن گوتی: بەیانیتان باش. دواتر بە پێکەنینەوە سەرقامکەکانی خۆی ماچ دەکرد وەکو نیشانەی خوداحافیزی.

کۆڵانی پشت ماڵی ستیڤن قوڕ و چڵپاو بوو و زۆر بەزانایی شاقاوەکانی لە عارد گیر دەکرد و پێ ی لە سەر قۆمەتە وشکەکانی دادەنا و گوێشی لە ڕەبەنێکی شێت بوو کە لە پشت دیواری شێتخانەی رەبەنان دەیقیژاند:

- ئەی یەسوع! ئەی یەسوع! ئەی یەسوع!

بە سەرلەقاندنەوەی توورە و پەلەکردن لە ڕۆیشتن ئەو دەنگەی لە مێشکی خۆی بەدەردەنا، سەرسمکی لە زبلێ و زاری کۆڵان گیر دەبوو و دڵی لەبەر بێز لی بوونەوە و رق پڕی ژان ببوو. فیکە فیکی باوکی و پندەوپۆرەی دایکی و هاوار و قیژەی شێتە نادیارەکە هەنووکە لەلای ببوونە کۆمەڵە دەنگێکی وا کە ئازاریان دەدا و هەڕەشەیان لە فیزی گەنجانەی ئەو دەکرد مل کەچ بکەن. تەنانەت زایەڵەی ئەو دەنگانەشی بە رق و کینە لە دڵی خۆی وەدەردەنا. بەڵام هەرکە لە کۆڵانەکە دەهاتە خوار هەستی بەوە دەکرد کە تاڵە تیشکە بۆرەکانی سپێدە بەناو دارە ئاو لێ چۆڕاوەکان دا تێ دەپەڕی و بۆنێکی سەیری کێوی تۆیکلێ و گەڵا تەڕەکان بە بن لووتی دا دەهات و دڵتەنگی یەکەی ڕۆحی ستیڤنیش خاو بۆوە.

درەختە پڕ بارانەکانی کۆڵان لە ناخی ئەودا وەك هەموو جارێکی تر یادگاری کیژۆڵە و ئافرەتانی شانۆنامەکانی (جیرهارت هاوپتمان)[95] ی دەوروژاند؛ هەروەها یادگاری ئەو خەمە کاڵانە و بۆنی لقە تەڕەکان لەناو شادیەکی خامۆش ئاوێتەی یەك دەبوون. پیاسەی سەرلە سبەینانەی ستیڤن دەستی پێ کرد؛ هەروەها ئەو پێش وەخت دەیزانی هەرکە بەسەر زەوی یە لێژەکەی باخی (فێرڤیو) دا تێ دەپەڕێ بیر لە پەخشانە پیرۆزە هەیواناوی یە دەمار زیوینەکانی (نیومان) دەکاتەوە، هەروا کە بەسەر ڕیگای (نۆرث ستراند) دا بڕوات، بە بێزاری تەماشای جامخانەی دوکاندارەکان دەکات، هەمان بزە و خێماکێ (گیدۆ کاڤالکانتی) ی دێتەوە یاد، یان کە بەلای کارگەی بەردتاشی (بێرد) دا بێت کە لە (تالبوت پلێیس) ە ڕۆحی ئیبسن[96] وەك ڕەشەبایەکی تیژ بە ناخی دا هەڵدەکات، کە ڕۆحێکی ناسکی منداڵانەی خاوەن باوەڕە، یان هەرکە بەلای دوکانە چەپەڵەکانی دەریاوانان تێ بپەڕێ کە لەوبەری رووباری (لیفی) یە گۆرانی یەکەی بێن جۆنسن[97] لەبەرخۆی دەڵێتەوە کە دەڵێ:

**هەرگیز لەوە شەکەتتر نیم کە ڕادەکشێم**

٩٥. جیرهارت هاوپتمان(١٨٦٢- ١٩٤٦) شانۆنامەنوسێکی جەرمانی یە، شێوازی نوسینی لە نێوان ڕۆمانسی و ریالیزمی دایە.

٩٦. مەبەست لە شانۆنامەنووسی نەروێجی لە دنیا ناسراو (هێنریك ئیبسن)ە.

٩٧. بین جۆنسن شانۆنامەنووس و هۆزانڤانێکی بە ناوبانگی ئینگلیزی سەردەمی شێکسپیرە.



هەرکاتێك مێشکی ماندوو دەبوو لە گەڕان و سوڕان بەدوای نەژادی جوانی لە ناو وشەکانی ئەرستۆ و ئەکوینەس[98] زۆر جار هەر بۆ هەوەس رووی دەکردە لای گۆرانیە شیرینەکانی ئەلیزابثیەکان. مێشکی ئەو هەمیشە بە جلکی رەبەنە دوودڵەکان لەبەر سێبەری پەنجەرەی ئەو سەردەمە ڕادەوەستی، گوێ ی بۆ مۆسیقا سەنگینە گاڵتەجارەکەی عودلێدەرەکان یان بۆ پێکەنینێکی ئاشکرای سوخمە لەبەرەکان شل دەکات تا نەرمە پێکەنینێك یا دەستەواژەیەکی ڕەنگ چۆوە بەهۆی کات، هی سەربەرزیەکی درۆزن یان هی ناو ئەنجوومەن خەرۆیی یەکەی دەگەزێ و لە پەسارگەکەیەوە دەری دەپەڕێنی.

ئەو زانیاریانەی کە دەشێ چەندین رۆژ بەسەریانەوە کوورك بووبێت تا ئەوا ڕادەیەی کە لە هاوڕێ نەوجەوانەکانی دادەبڕا، پتر نەبوون لە گۆلمێك رستەی ناسك لە کتێبی هونەری هۆنراوە و سایکۆلۆژی ئەرەستۆ و کتێبی ((کورتەیەك لە فەلسەفەی سکۆلائی)).[99] بیرکردنەوەی پارچەیەك بوو لە تەم و مژی گومان و دوودڵی کە هەندێك سات بە چەخماخەی مەزنەدە هەڵدەکرا، بەڵام بلاچەی وا پرشنگدار کە لەم ساتانەدا هەموو زەمین لەبەر پێ ی دەتوایەوە وەك بڵێ ی ئاگر هەڵی لووشی بێت، پاشان زمانی گران دەبوو و رووبەرووی چاوە بێ وەڵامەکانی خەڵکی دەبۆوە و وای هەستدەکرد کە ڕۆحی جوانی ی وەك پاڵتۆیەك تێ ی وەرگیراوە و هەر هیچ نەبێت لە ناو زیندە خەونەکانی دا خۆی بەنەمری ئاشنا کردووە. بەڵام هەرکە ئەو شانازیە کورتخایەنەی خامۆشی خۆی لێ دەدزیەوە، پێ ی خۆشبوو هێشتا خۆی لەناو ژیانێکی ئاسایی ببینێتەوە و بەبێ ترس بەڕێ ی خۆی دا بەدڵێکی سووك و بێ خەفەت بە ناو پیس و پۆخڵی ئەو شارەدا بڕوات.

لەتەك پەرژینی جۆبارەکە پیاوە سیلدارەکەی بینی کە رووخسارێکی بووکۆکانەی هەبوو و کلاوێکی خڕی لەسەر بوو، بەکاوەخۆ لە لێژایی نزیك پردەکەوە رووبەڕووی دەهات، پیاوەکە زۆر توونە خۆی لەناو پاڵتۆ حەلواییەکەی وەرپێچابوو، هەروەها سەیوانە لوولدراوەکەی لە دەستبوو و وەکو داری نقوورڤانی بستێك یا دوانی لەپێش خۆی ڕاگرتبوو. وای بیرکردەوە کە دەبێ ئێستا سەعات یانزەی خشت بێت، ئینجا تەماشایەکی کارگەی شیرەمەنی کرد تا بزانێت سەعات

٩٨. حەزرەتی تۆماس ئەکوینەس (١٢٢٧ – ١٢٧٤) خاوەنی کتێبێکی مەزنە بە ناوی (Summa Theologica)، لەو کتێبەدا ئەکوینەس تاووتۆ لەگەڵ هەموو زانیاری مرۆڤ دەکات لەگەڵ ئایین زانی پێك دەگرێت. ئەو کتێبە تا ئێستا بناغەی ئایین ناسی کاسۆلیکی یە. جۆیس لە شیعرێك دا وا خۆی وەسف دەکات کە (لە ناو قوتابخانەی پیرە ئەکوینەسدا ڕۆحی ئەو داڕێژراوەتەوە.)

٩٩. ئەو کتێبە لە نوسینی بەرێز حەزرەتی تۆماس ئەکوینەسە.

چەندە. کاتژمێرەکەی کارگە وای ڕادەگەیاند کە پێنجی پێنج خوولەکی دەوێت. بەڵام کاتێك ئاوڕێکی ئەملا و ئەولای دایەوە، لە سەعاتێکی نێزیك خۆی، بەڵام نەیدەزانی لەکوێ، کاتژمێر یانزە جار بەڕێکی لێی دا. کە ئەمەی بیست پێکەنینی هات چونکە(ماککانی) هێناوە بیری، کە بەخۆو بەچاکیتی راو قۆنداغە لەدەست هەڵتووترکاوە و چەناگەیەکی ریشداری هەیە، کە لەسەر سووچی (هۆپکینز) لەبەر ئەو رەشەبایە وەستا بوو و گوێ ی لێ بوو دەیگوت:

- دیدالۆس تۆ مرۆڤێکی کۆمەڵ نەویستی، خۆت لەناو چوار دیواردا زیندان کردووە. من وانیم. من کەسێکی دیموکراسیخوازم و لەپێناوی هێنانەدی سەربەستی و یەکسانی کۆمەلایەتی لە نێوان هەموو چین و رەگەزەکانی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەورووپای دوارۆژ ئیش دەکەم و تێ دەکۆشم.

کاتژمێر یانزەیە! کەواتە درەنگ داهات بۆ ئەو وانەیەش. ئەمڕۆ چ رۆژێکە؟ لەلای رۆژنامەفرۆشێك وەستا تا سەردێری یەکێك لە رۆژنامەکان بخوێنێتەوە. ئێ پێنج شەمەیە. لە کاتژمێر دەوە بۆ یانزە: وانەی ئینگلیزی هەیە؛ لە یانزەوە بۆ دوانزە: وانەی فەرەنسی و لە دوانزەوە بۆ یەك: فیزیای هەیە. وانەی زمانی ئینگلیزی هێنا بەرچاوی خۆی، تەنانەت لەو دوورەشەوە هەستی بەبێزاری و هیلاکی دەکرد. هاوپۆلەکانی خۆی بینی بەملکەچی یەوە سەریان بەسەر پەڕاوەکانیان داچەماندبۆوە و ئەو سەرنج و تێ بینیانەیان تێدا دەنوسینەوە کە فرمانیان پێ دەکرا وەکو: پێناسەی ناو، پێناسە پێویستەکان و نموونە و بەرواری لەدایك بوون و مردن، بەرهەمە سەرەکیەکان، لەگەڵ رەخنەی پیاهەڵدان و داشۆرین یەك لەتەك ئەوی دی. بەڵام ئەو سەری خۆی دانەنەواندبوو چونکە مێشکی ئەو بەدەرەوە خەریك بوو، جا یان مێشکی بە پۆلە گچکەکە، یان بە باخچە چۆل و هۆلەکەی ئەودیوو پەنجەرەکەوە خەریك بوو کە جار جار بۆن سارد و بۆگەنی بن بێڤەکە هێرشی بۆ دەهێنا. سەرێکی دی بێجگە لە هی خۆی رێك لە ڕیزی یەکەمی پێش ئەو، لەنێوان سەرە چەماوەکانی هاوڕێکانی قیت ببۆوە کە هەر لەسەری قەشەیەك دەچوو کە بەخەرۆیی یەوە لەبەر پەرستگا بپاڕێتەوە بۆ خواپەرستە رۆح سوکەکانی چوار دەورەی خۆی. ئەوە بۆ کە بیری لە (کرێنلی) دەکردەوە قەت نەیدەتوانی وێنەی تەواوی ئەو بێنێتە بەرچاوی خۆی بێجگە لە روخسار و سەرکی؟ خۆ تەنانەت ئێستا لەناو پەردەی تەماوەی سپێدەدا ئەوی هاتە پێش چاو بەچەشنی تاپۆیەکی ناو خەون، دەم و چاوی لە هی سەرێکی بڕاو یان دەمامکی مردن دەچوو، کە لەسەر تەوێڵی یەوە قاقۆلی پرچێکی قیتی رەش قیت ببۆوە بەچەشنی تاجێکی ئاسنین. دەم و چاوی دەق لە هی قەشە دەچوو، لاوازیەکەی، کوونە لووتە



فشەکانی، قۆرتایی ناو چاو و بن شەویلاکی، لێوە درێژ و کەم خوێن و بزە کاڵەکانی؛ پاشان ستیڤن خێرا بەبیری هاتەوە کە چۆن هەموو خورپە و تاسە و نیگەرانی دڵی خۆی بۆ(کرێنلی) هەڵڕشتبوو، کە چۆن رۆژ لە دوای رۆژ و شەو لە دوای شەو پێ ی دەتلێتەوە، بەڵام هاوڕێکەی بە گوێ گرتنێکی بێ دەنگ وەڵامی دەدایەوە- ستیڤنیش بەخۆی دەگوت دەم و چاوی (کرێنلی) لە هی قەشەیەکی گوناهبار دەچێ کە گوێ ی لە دان پیانانی ئەو کەسانە دەبێت، کە دەسەڵاتی ئەوەی نی یە بیان بووری، خۆ ئەمە دیسان چاوە ژنانیەکەی (کرێنلی) ی هێنایەوە یاد.

لەناو ئەو وێنەیەوە تروسکاییەکی تاریکی سەیری لە ئەشکەفتی وردبوونەوەدا بەدی دەکرد، بەڵام یەکسەر رووی لێ وەگێڕا و هەستی کرد هێشتا کاتی چوونەژوورەوەی نەهاتووە. بەڵام سێبەری شەوانەی بێ دەنگی هاوڕێکەی وا دەردەکەوت کە خۆی لە هەواکە ئالاندووە و لە دەوروبەری ئەودا هەستی بە هەناسەدانەوەیەکی نەرم و مردووانە کرد، خۆی وا هاتە پێش چاو کە بەسەرسامی یەکی یەکجار گەورەوە چاو لە وشەیەکی رێکەوت بۆ لای یەکێکی دی دەستە ڕاست یان دەستە چەپ دەگێڕێ و دەبینی کە بەهێواشی لە مانا یەکسەریەکانیان بەتاڵ کراون تا ئەو رادەیەی کە هیچ و پووچترین داستانی ئەم فرۆشگایانە وەکو وشەی سیحر لە مێشکی وڕکاون و رۆحیشی لە پیریان وێك دێتەوە و هەنسك دەدا کە بە ناو کۆڵانی ئەو کۆمەڵە زمانە مردووانە رەت دەبوو. هۆشیاری ستیڤن دەربارەی زمان دەکشایەوە ناو مێشکی و دەچۆڕایەوە ناو ئەو وشانەی کە لە ناو رەوتێکی بزۆکدا خۆیان رێك دەخست و هەڵدەوەشانەوە:

**لاولاوە لە سەر دیوار دەناڵێنێ،**
**دەناڵێنێ و خۆی لە دیوار دەئاڵێنێ،**
**لاولاوە زەردی سەر دیوار،**
**لاولاوە، لاولاوەی نازدار.**

ئەرێ کەس هوڕێنەی وای بیستووە؟ ئەی خوای توانا بەدەست! کێ بیستوویەتی لاولاوە لە سەر دیوار بناڵێنێ؟ لاولاوەی زەرد جوانە، هەروەها ماهی زەردیش، بەڵام چ بڵێین دەربارەی لاولاوەی ماهی ڕەنگ؟[١٠٠]

١٠٠. لێرەدا رەگەزدۆزی لە نێوان دوو وشەی (ivy- لاولاوە) و (ivory- ماهی) دا لە زمانی ئینگلیزی هەیە کە لە کوردی دا ئەو رەگەزدۆزی یە نامێنێ.

هەنوکە ئەو وشەیە لە مێشکی دا دەدرەوشایەوە و جوانتر و ورشەدارتر لە هەموو چەشنە عاجێکی پنتك پنتکی کەڵبی فیل. Ivory, ivoire, avorio, ebur[101]. جا یەکەم نموونە کە لە زمانی لاتینی فێرکرابوو وابوو: India mittit ebur[102] هەروەها دەم و چاوە باکوورییەکەی بەڕێوەبەری هاتەوە یاد کە فێری کردبوو و چۆن کتێبی (گۆڕانەکان) ی (ئۆڤید) بگۆڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی پەتی؛ ئەو دەم و چاوی پڕی هەوەس دەبوو کە ناوی بەرازی دابەستە و پارچە تاسولقەی شکاو و پارچە گۆشت بەرازی دەهێنا.

ستیڤن دەیزانی کە کەمە زانیاری یەك لەبارەی دەستوورەکانی هۆنراوەی لاتینی دەزانێ، ئەو کەمۆکەشی لە کتێبێك فێر ببوو کە قەشەیەکی پورتوگالی داینابوو، لەوێ نوسرابوو:

[103]Contrahit orator, variant in carmine vates.

سەرتاپای مێژووی رۆمانی بەسەرکەوتن و دۆران و پەیمان شکاندنیانەوە بەو سێ وشەیە لەبەرچاوی دەرکەوت: in tanto discrimine[104] و هەولێشی دابوو لەڕێ ی ئەو وشانەوە: implere ollam denariorum کە بەڕێوەبەر پڕ بەدەنگ ماناکەی وا لێکدایەوە کە مەنجەڵێکە پڕە لە ژمارەی کەرتی بڕوانێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی شاری شاران. هەرگیز کتێبە داڕزاوەکەی (هۆراس) لەبەر پەنجەکانی سارد نەبوو، تەنانەت ئەگەر سەرپەنجەکانیشی تەزیبووان، چونکە ئەوانە لاپەڕەی ژیانی مرۆڤێك بوون کە پەنجا ساڵ لەمەوبەر پەنجەی (جۆن دەنکەن ئینڤێرنیتی) و براکەی هەڵگێڕ و وەرگێڕی کردووە. بەڵێ ئەو ناوە نەمرانە لەسەر ڕووپەڕی بەرگە تۆخەکە نوسرابوون، بەڵام ئەو هۆنراوە تەماویانە — تەنانەت بۆ کەسێکی وەك ئەو کەمزان لە لاتینی- ئەوەندە بۆندار بوون دەتگۆت ئەو هەموو ساڵانە لەناو دڵی مورتك و لاوندەر و گوڵە مینا هەڵگیراون؛ بەڵام ئەوەی برینی دەکولاندەوە ئەوە بوو کە خۆی لە میوانێکی شەرمن پتر نەدەبینی لەسەر خوانی رازاوەی کەلتووری جیهان، خۆ ئەو زانیاری

١٠١. ناوی ماهی لە زمانە جیاوازەکاندا وا دەنوسرێ.

١٠٢. (ماناکەی: ((هیندستان ماهی دەنێرێتە دەرەوە.))

١٠٣. واتە: ((دواندەر قسەکانی کورت دەکاتەوە، کەچی شاعیر دەیڕازێنێتەوە.))

١٠٤. مانای ئەوەیە: ((تا ئەو ئاستە لێك جیاوازن.))



یە رەبەنانەیەی کە ئەو لەرێگایەوە تێ دەکۆشا فەلسەفەیەکی جواناسی لە هونەردا بخولقێنێ، لەو چەرخەی ئەو تیایا دەژیت نرخی لەو هەراوهۆریا بێ مانایەی مۆدیلبازی و ڕاوی باز پتر بۆ دانانرێت.

ساختمانە بۆرکەڵەکەی (ترینیتی) کە لەلای دەستە چەپی بوو و بەقورسی لەناو نەزانی شارەکە بەچەشنی قاشێکی ناشیرینی ناو ئەنگوستیلەیەکی ڕەزاقورس چەقێنرابوو، مێشکی بەرەوخوارەوە ڕادەکێشا هەرکە ئەو هەوڵی دەدا پێیەکانی لە سەندمی وێژدانە چاکسازی تیاکراوەکەی رزگار بکات، گەیشتە لای کۆتەڵە عەنتیکەکەی شاعیری میللی ئێرلەندە.[105]

بە بێ رق کەمێك تێ ی ڕاما، هەرچەندەش تەوەزەلی لەشی و رۆحی وەکو کرمێکی نەبینراو پێ ی هەڵدەگەڕا؛ بەسەر قاچە زلەکانی، لۆچی عەباکەی و سەرکە کۆیلانەکەی، وادیاربوو کە ئەو کرمە زۆر بە سانایی ئاگای لەو ریسوایی یە بوو، ئەویش (فێربۆلگ)[106] یەکە لە عەبای خوازراوەی (میلیسیان)[107] دا، هەروەها ستیڤن بیری لە (دێڤین) ی هاوڕێ ی – ئەو قوتابی یە دەشتەکی یە دەکردەوە. ئەوە نازناوێك بوو هەر بۆ گاڵتە لە نێوان خۆیان بەکاریان دەهێنا، بەڵام گەنجە دەشتەکی یەکە کەم گوێ ی بەوە دەدا:

– ئۆ ستیڤی، تۆ بە کەللەرەق ناوم دەبەیت. قەیدی نی یە کوو حەزدەکەی وا بانگم بکە. ستیڤن زۆر بەوە دڵخۆش بوو کە هاوڕێکەی بە ناوی ماڵەوە بانگی کرد چونکە ئەو یەکەم جار بوو کە هاوڕێیەکی وا بانگی بکات، لەبەر ئەوەی هەڵس و کەوتی ستیڤن لەگەڵ هەموو هاوڕێکانی فەرمی بوو و ئەوانیش هەروا بوون لەگەڵ ئەو. زۆر جار ستیڤن کە لە ژووری (دێڤین) لە (گرانثام ستریت) دادەنیشت سەری لەو هەموو پووتە نوێ و چاکانەی هاوڕێ یەکەی سوڕدەما کە جووت جووت بە دیوارەوە هەڵواسرابوون. زۆر جار ستیڤن بە بن گوێ یە ساکارەکەی هاوڕێکەیدا هۆنراوە و ئاوازی خەڵکی دی دەچرپاند کە تاسە و پەژارەی خۆی تێدا دەردەکەوت، مێشکە ڕەمەکەکەی (فێربۆلگ) ی گوێگری بیری ستیڤنی بۆ لای خۆی رادەکێشا و پاڵی پێوە دەنایەوە، دیسان بەهۆی شێوە گوێگرتنە پڕ رێز و دەنگە خۆڕسك و قسە

١٠٥. مەبەست لە پەیکەری (تۆماس مۆر)ی شاعیرە کە عەبایەکی کلاسیکی لەبەرە.

١٠٦. فێربۆلگ: ڕەگەزێکی نیمچە ئەفسانەیین کە رەش و کورتەبالآن و دانیشتوانی ناڕەسەنی ئێرلەندەن.

١٠٧. میلیسیانەکان: ئەوانیش هەروا ڕەگەزێکی نیمچە ئەفسانەیین کە درێژ و جوانن و دەڵێن گوایە لە ئیسپانیاوە هاتوونەتە ئێرلەندە.

عەنتیکەکانی ئینگلیزی کۆن یا بەهۆی کەیفخۆشی بەوەی کارامەیی جەستەیی هەیە مێشکی ستیڤنی رادەکێشایەوە- چونکە (دێڤین) شاگردی (مایکل کۆساك)ی گێیلی[108] بوو. کە لەنکاورا یان بەئەسپایی بەزیرەکی یە گەوجانەکەی خۆی ، یان بە دەبەنگی هەستەکانی یان بە مووڕبوونەوەیەکی پڕ ترسی چاوەکانی، ترسی رۆحی ئەو ئاوایی یە ئێرلەندیانەی لە برسان دەمردن و کە ئێستاش ئاژێرلێدان ترسی شەوانەیانە لێ دوور دەخستەوە.

شان بە شانی یادگاری ئیشە نەبەردانەکەی (مات دێڤین) ی مامی کە وەرزشەوان بوو، ئەم گەنجە دەشتەکی یە داستانە جەرگبڕەکانی ئێرلەندەی دەپەرست. قسە و قسەلۆکی ئەو هاوڕێ قوتابیانەی تێ دەکۆشان بەهەر نرخێك بێت ژیانە بێ تامەکەی کۆلێژ بگۆڕن بە شتێکی مانادار حەزیان دەکرد ناوی لێ بنێن (فینیان) یَکی نەوجەوان.[109] دایانەکەی فێری زمانی ئێرلەندی کردبوو و ئەندێشە رەمەکی یەکەشی بە تروسکەی ئەفسانە ئێرلەندی یەکان ئاودا بوو. بەچەشنێکی وا بەرامبەر ئەو ئەفسانانە رادەوەستا کە مێشکی هیچ کەسێك تاقە دێرێکی جوان چی یە تیایدا نەیدەدەیت کە چیرۆکەکانی ئەو ئەفسانانەش پێکەوە نەدەگونجان و بەدرێژایی هەموو چاخەکان لە دژایەتییێکی هەمیشەیی دابوون و هەمان هەڵویستی یان بەرامبەر ئایینی کاسۆلیکی رۆمانی هەبوو، کە ئەویش هەڵویستی کۆیلەیەکی دڵسۆزی دەبەنگ بوو. جا هەر چ بیرێك یان هەستێك لە ئینگلتەراوە یان لە رێ ی کەلەپووری ئینگلیزی یەوە هاتبا مێشکی چەك بەدەست لە رووی دەوەستا و تەنها ملکەچی ئەو وشانە بوو کە دەیناسینەوە؛ هیچ شتێکیشی لەبارەی دنیای ئەودیو ئینگلتەرا نەدەزانی بێجگە لە لەشکری بیانی فەرەنسا کە بەبڕواوە دەیگوت خزمەتی تیادا دەکەم.

بە لێکترگیرکردنی ئارەزوو و خووی ئەو گەنجە، ستیڤن زۆر جار بە قازی کەوی بانگی دەکرد. ئەو ناوە ئاشکرایە تەنانەت مۆرکی جاڕس بوونیشی پێوە بوو کە ستیڤن هەمیشە لەو هاوڕێیەی رق بوونەوە لە قسە و ئیشکردنی دەدیت، کە ئەمانە لە رێگای مێشکی ستیڤنی تامەزرۆ بۆ وردبوونەوە و رێگا نادیارەکانی ژیانی ئێرلەندا دەوەستا.

شەوێکیان کە ستیڤن دەیەویست بە زمانە پاراو و بەهێزەکەی لە دەست بێ دەنگی یە ساردوسڕەکەی شۆڕشە فیکریەکەی رزگاری ببێ، ئەمە گازی لە رۆحی ئەو گەنجە دەشتەکی یە

١٠٨. گێیلی یەکان: دانیشتوانی رەسەنی ئێرلەندا و باپیرە گەورەی راستەقینەی نەتەوەی ئێرلەندین.

١٠٩. فینیان: کۆمەڵەیەکی ئێرلەندی بوو بۆ دەرکردنی ئینگلیز لە ئێرلەندای داگیرکراودا.



گیر کرد و دیمەنێکی زۆر سەیری لە پێش مێشکی ستیڤن دەرخست. ئەوە ئەو کاتە بوو کە هەردووکیان لەسەرخۆ بەناو کۆڵانە تەنگ و تاریکەکەی جوولەکە هەژارەکان بەرەو ژووری (دێڤین) دەکشان.

- ستیڤی، دوا دوای پاییزی پار و بەرەبەری زستان شتێك لێم رووی دا کە تا ئێستا بۆ هیچ کەسێکم نەگێڕاوەتەوە و تۆ یەکەم کەسی کە پێت دەڵێم. لەبیرم نەماوە گەلاڕێزان بوو یان سەرماوەز. بەڵێ گەلاڕێزان بوو چونکە ئەو شتە پێش ئەوە رووی دا کە بێمە ئێرە و لە زانکۆ وەربگیرێم.

ستیڤن چاوە بەبزەکانی لە نیگای هاوڕێکەی چەقاند، زۆر کەیفی بەوە هات کە جێ ی بڕوای هاورێکەیەتی و شێوە ساکارەکەی قسەکردنی بەرەبەرە سۆزی لێ ستاند.

- بە درێژایی ئەو رۆژە لە ماڵ نەبووم و لە (بۆتیڤانت) بووم ـ نازانم ئەو ناوچەیەت دیوە یان نەء

- چووبووم تا قاشۆیانێ ی نێوان (تیپی منداڵانی کرۆك) و (تیپی شیرلی چاونەترس) ببینم. سوێند دەخۆم، ئا بەو خودایە، ستیڤی لە ململانێ یەکی تیژدا بوون. (فۆنسی دێڤن) ی ئامۆزام، جل چی یە بلێ ی هەمووی لەبەر شیتاڵ بە شیتاڵ ببوو و گۆلی بۆ لامێریکس دەگرتەوە و زۆربەی کات لە پێشەوەی یاریگەکە بوو و وەك شێت هاواری دەکرد. هەرگیز ئەو رۆژەم لەبیر ناچێتەوە. یەکێك لە یاریکەرانی (کرۆك) دارێکی وای تێ ی گرت، لەبەردەم خودا گەڤاهی دەدەم کە تەنها یەك قیچی مابوو بە لاچاوی بکەوێ و جێ ی کاری خۆی بگرێت. بەو خودایەی تاکە ئەگەر پێ ی بکەوتایە ئێستا لە دنیایەکی تردابوو.

ستیڤن بە پێکەنینەوە گوتی:

- زۆرم پێ خۆش بوو کە پێ ی نەکەوت. بەڵام بێ گومان ئەوە ئەو شتە عەنتیکە نی یە بەسەر تۆ هاتووە؟

- باشە، وابزانم تۆ حەزت لەوە نی یە، بەڵام هەر هیچ نەبێت پاشی ئەو یاریە هەراو هۆریایەکی یەگجار گەورە رووی دا تا بە هیچ شەمەندەفەرێك رانەگەیشتم و هیچ پەیتونێکیشم دەست نەکەوت تا پێ ی بگەڕێمەوە ماڵ. بەڵام بەختم رەشی بۆ هێنام کە لەو رۆژەدا کۆبوونەوەیەکی ئایینی گەورە لە (کاسل تاون رۆش) دەگێڕرا و هەموو ئۆتۆمبێلەکان لەوێ بوون. هیچ چار نەبوو بێجگە لەوەی شەو لەوێ بمێنەوە یان بە پێ یان بگەڕێمەوە ماڵ. چار چی یە ملی رێم گرت و بە بەردەوامی رێم دەکرد. هەرکە گەیشتمە گردەکانی (باڵی هۆرا) شەوم بەسەردا هات، ئەوێ دە میل لە (کیل مالۆك) دوور بوو، ئینجا پاشتر رێگایەکی درێژی چۆل لە دوای دێت.

بەدرێژایی ئەو ڕێگایە نە نیشانەی خانووێکی مەسیحی و نە دەنگێك دەبیسی. تەنیا شەوەزەنگ و نووتەك دەبینی. جارێك یان دووان لەژێر دەوەنی سەر ڕێگاگە وەستام تا قەلنەکەم سوور بکەمەوە[110]، هاتبا شەونم ئەو ناوەی دانەپۆشیبا لەوێ ڕادەکشام و لێ ی دەنووستم. لەئاکامدا، لەلای پێچی ڕێگاکەوە خانووێکی گچکەم دیت کە ڕۆناکی لە پەنجەرەی دەردەچوو. چووم بۆ ئەوێ و لە دەرگام دا. دەنگێك پرسی کێ یە و منیش وەڵامم دایەوە و گوتم لە یاری (بۆتڤانت) بووم و ئەوا دەگەڕێمەوە ماڵێ و زۆر سوپاسمەندم ئەگەر پەرداخێك ئاوم بداتێ. پاش ماوەیەك ئافرەتێکی شۆخ دەرگاکەی کردەوە و گۆزەیەکی گەورە شیری دامێ. ئافرەتەکە نیوە ڕووت بوو، وەك ئەوەی ویستبێتی بخەوێت کە لە دەرگام دا، خۆ قژیشی بەسەر شانیدا بەملاو ئەولادا پەخش و پەرێشان بوو. هەرکە لە بەژن و باڵام ڕوانی و بە ڕەنگی چاوەکانیشی دەردەکەوت بە خۆمم گوت ئەو ئافرەتە دەبێ ئاوس بێت. ماوەیەکی تەواو لەبەر دەرگا بە قسان ڕایگرتم. منیش ئەوەم زۆر سەیر هاتە بەرچاو چونکە سینگ و سەرشانی ڕووت و قووت بوون. ئافرەتەکە لێ ی پرسیم داخوا ماندوو نیم و حەز ناکەم ئەمشەو لە ماڵیان بەسەر ببەم. ئافرەتەکە گوتی ئێستا ئەو لە ماڵێ تەنیا باڵە و مێردی ئەمڕۆ بەیانی چۆتە (کوینز تاون) بۆ بەڕێ کردنی خوشکی، بە درێژایی ئەو کاتە قسەی لەگەڵێ دەکردم و چاوی بڕیبووە دوڕ چاوانم و ئەوەندە لێم نزیك ببۆوە تەنانەت گوێم لە دەنگی هەناسەی بوو، ستیڤی. هەرکە لە کۆتایی دا گۆزەکەم بۆی گەڕاندەوە دەستی گرتم و لە بەر دەرگاکەوە بۆ ژوورێ ڕایدەکێشام و دەیگوت: ((وەرە ژوورێ، ئەوشۆ لێرە بەسەر ببە، هیچ مەترسە، بێجگە لە خۆمان کەس لێرە نی یە...)). من نەچوومە ژوورێ، ستیڤی. سوپاسم کرد و دیسان ڕێ ی خۆم گرتەوە بەر و هەموو ئازای لەشم گەرم داگەڕابوو. لە یەکەم پێچی ڕێگاکە تەماشایەکی دواوەم کرد و بینیم هێشتا لەبەردەرگا وەستاوە.

دوا وشەکانی چیرۆکی (دێڤین) لە ناو مێشکی ستیڤن دەزرنگایەوە و هەروەها وێنەی ئەو ئافرەتەی هێنا بەرچاوی کە لەناو وێنەی ئافرەتە دەشتەکی یەکانی دی دەشکایەوە، کە لەبەر دەرگای ڕێگای (کلێین) ڕادەوەستان هەرکە پەیتوونی خوێندنگا بەوێ تێ دەپەڕی، کە ئەمەش نموونەی ڕەگەزی ئەو ئافرەتە و خۆیشی بوو- کە ئەویش ڕۆحێکی شەمشەمەکوێرئاسایە و لەناو تاریکی و نهێنی و تەنیا باڵێ دا هۆشی دێتەوە بەرخۆی، کە

١١٠. ئێرلەندی هەرگیز ناڵێن قەلنە دادەگیرسێنم، هەر دەڵێن سووری دەکەمەوە.



بە چاو و دەنگ و گرێشمەی ئافرەتێکی ساویلکە و بەسەزمان داوا لە بێگانەیەك دەکات بچێتە سەر نوێنەکەی و لەگەڵی بخەوێت.

دەستێك دانرا سەرشانی و دەنگێکی جاحێڵ هاواری کرد:

- ئاه، خانەدان، گەورەم ئەو چەپکە گوڵە بۆ یارەکەت بکڕە. ئەمە یەکەم چەپکە، ئەم چەپکە گوڵە ناسکە دەکڕیت، گەورەم؟

- ئەو گوڵە شینانەی بۆ لای ئەوی بەرز کردەوە، لەگەڵ چاوە شینە نەرمەکانی لەو تاوەدا نموونەی ساویلکەیی و بەسەزمانی یان دەهێنایە بەرچاوی؛ ڕاوەستا تا ئەو دیمەنەی لەبەرچاو ون بوو، ئەوەی لەبەرچاوی مابوو لانەدەچوو جلە دافەتاو و شەپرپۆەکەی و قژ زبرە تەڕ و ڕوخسارە ڕەق و تەقەکەی بوو.

- دەبیکڕە، ئەی خانەدان! یارەکەی خۆتت لە بیر بێت، گەورەم!

ستیڤن گوتی: هیچ پارەم پێ نی یە.

- ئەو گوڵە ڕەنگینانە بکڕە. دەیکڕیت، گەورەم؟ تەنیا بە پولێکە.

ستیڤن سەری بۆ لای چەماندەوە و گوتی: نەت بیست چیم پێ گوتی؟ پێمگوتیت هیچ پارەم نییە. ئەوا دیسان دووبارەم کردەوە.

کیژەکە پاشی ساتێك وەڵامی دایەوە: باشە گەورەم لە خوا داواکارم کە ڕۆژێك پارەت هەبێت.

ستیڤن گوتی: لەوانەیە، بەڵام باوەڕ ناکەم وابێت.

خێرا کیژەکەی بەجێ هێشت لە ترسی ئەوەی نەوەك قسە نەرمەکانی بڕەونەوە، بۆیە حەزی دەکرد ڕێگاکە بەربدات پێش ئەوەی کیژەکە گوڵەکان پێشکەش بە گەڕۆکێکی ئینگلیزی یا خوێندکارێکی کۆلێژی ترینتی بکات. شەقامی (گرافتن) کە ئەو پێ ی دا دەچووە خوارێ تاوێك چی یە بڵێ ی کلۆڵی و هەژاری و جەرگ تەزێنی لەبیر نەدەبردەوە. لەسەری شەقامەکە تاشەبەردێك دانرابوو بۆ بیرەوەری (وۆلف تۆن)[111] و ئەوەی بەبیردا هاتەوە کە خۆی و باوکی لەوێ بوون هەرکە دایان دەنا. بەوە زۆر دڵتەنگ بوو کە بینی دیمەنی ئەو تابلۆیە زۆر بەبێزەوەری کێشراوە. هەر لەوێ چوار نوێنەری فەرەنسی لەناو پەیتوونێك بوون کە ئەسپێك

١١١. وۆلف تۆن پێشەوای ڕاپەڕینی ئیرلەندی (١٧٩٨) بوو، ئەو لە (بۆدینس تاون) نێژراوە کە لە خوێندنگای کلۆنگوۆزەوە زۆر دوور نییە.

رایدەکێشا، یەکێکیان لاوێکی گۆشتنی دەم بەخەندە بوو بەیـداخێکی بەسـەری حەیزەرانەکـەی هەڵواسی بوو کە ئەو وشانەی لەسەر نوسرابوو: بژی ئێرلەندا!

دار و درەختی سەیرانگای (ستیڤن گرین) بۆنی بارانی لێ دەهات. زەوی یە تێـر ئاوەکـەش بۆنێکی دنیایی دەبەخشی یەوە، نەرمە هـەڵمێکیش لـە کرۆکـی کەسـتەکەکانەوە هەڵدەچـوو. گیانە گەندەڵە قۆزەکەی شار هەروەك پێشینان وایان پێ ی دەگوت، بە بەسەرچوونی کات بۆتـە بۆنێکی لاوازی دنیایی کە لە عاردەکەوە هەڵدەستا، ستیڤنیش چاك دەیزانی کـە دەچـێتە نـاو کۆلیجە تاریکەکە و لەماوەی تاوێکدا رووبەڕووی جۆرە گەندەڵیەکی دی دەبێتەوە کە لـە بـۆنی (بەك ئیگان) و (بێرن چاپڵ ویلی)[112] جودایە.

درەنگ بوو بۆ چوونە سەرەوە و گەیشتن بە وانەی فەرەنسی. لـە هۆڵەکـە ڕتبـوو و داڵانـی دەستە چەپی گرتەبەر کە دەیبردە لای هۆڵی تاقیگەی فیزیا. داڵانەکـە تاریـك و خـامۆش بـوو بەڵام بێ چاودێر نەبوو. ئەرێ بۆ ئەو وای هەست دەکرد بە بێ چاودێر نی یە؟ ئایا لەبـەر ئـەوە بوو چونکە بیستبووی سەردەمی (بەك و ویلی) پەیژەیەکی شاراوەی تیایە؟ یا لەبەرئەوەیـە کـە خانووی جێزوێتیان لە دەرەوەی ئەو هەرێمەیە و ئێستا ئەو بە ناو بێگانانداهات و چۆ دەکات؟ وای هەست دەکرد کە ئێرلەندەی (تۆن) و (پارنێڵ) ئێستا لە پاشەکشێ دایە.

دەرگای هۆڵی تاقیگەی کردەوە و لەبەر ئەو تیشکە بۆرە سـاردە وەسـتا کـە لەگـەڵ پەنجـە تۆزاویەکان لە جەنگان دابوو. باڵایەك لەبەر ئاگردانە گەورەکە خۆی کورژ کردبۆوە و بە رەنگـە بۆرەکەی و لاوازیەکەی ناسیەوە کە ئەوە راگری لێکۆڵینەوەیە و خەریکە ئاگر گەش دەکاتـەوە. لەسەرخۆ دەرگاکەی لە دوای خۆی پێوەدایەوە و لە ئاگر دانەکە نزیك بۆوە.

- بەیانیت باش، گەورەم! ڕێم دەدەیت یارمەتیت بدەم؟

قەشەکە خێراچاوی هەڵبڕی و گوتی:

- مستەر دیدالۆس تاوێك بوەستە، ئەوسا دەزانیت ئاگرکردنەوەش هونەرە. ئێمە هونەری باڵا و هونەری سوودبەخشمان هەیە. ئەوە یەکێکە لە هونەرە سوودبەخشەکان.

ستیڤن گوتی: هەوڵ دەدەم فێری ببم.

کاتێك راگرەکە بەچاپووکی بەئیـشەکەی خـەریك بـوو گـوتی: زۆر رەژوو دامـەنێ، ئەمـە یەکێکە لە رازەکانی ئەو هونەرە.

١١٢. دوو کەسی دەبلنی عەنتیکەی سەدەی هەژدەم بوون.



لە گیرفانی ئەملاو ئەولای چاکێتە کلێسایی یەوە چوار قونکە مۆمی دەرهێنا و بەشـێنەیی لە نێوان رەژوو و کاغەزە پێچراوەکانی دانان. ستیڤن بەکرێ تەماشای دەکرد، کە قەشەکە ئـاوا خۆی بەسەر ئاگردانەکە چەماندبۆوە بۆ گەشکردنەوەی ئاگرەکە و کە خۆی خەریکی ڕێکخستنی جێ ی لوولکەی کاغەز و قونکە مۆمەکان کردبوو وەکـو خزمـەتکارێکی سـاویلکەی دەهاتـە بەرچاو کە شوێنی قوربانی دان لە پەرستگایەکی چۆل و هۆلدا- کە بریتی یە لە کونجی پـیرۆزی خودا- خۆش بکات. جلکە کلێسایی یە رەنگ چۆوە کۆنەکەی دەتگۆت رۆبی پیاوە پیرۆزەکانـە لە کەتانی رەق دروست کرابوو، ئەو جلە دامەن بە زەنگوڵەیەی ختووکەی دەدا و بێزاری دەکرد، باڵا چەماوەکەی داپۆشی بوو. ئەو پیاوە جەسـتەی خـۆی لـەپێناوی خزمـەت کردنـی خـودادا تواندبۆوە — بەوەی ئاگری لە قوربانگە هەڵدەکرد، پەیامی نهێنی دەگەیاند، ئاگای لە کەسـانی دنیایی دەبوو، بەوەی کە فرمانی پێ دەکرا گورج رایدەپەڕاند — کەچـی لەگـەڵ ئـەوەش دا نـە پیرۆزی و نە جوانی ئەسقەفانی پێ بەخشرابوو. نەخێر، رۆحی ئەو لەناو ئـەو خزمەتگوزاریەیـدا توایەوە بەبێ ئەوەی نە بەرۆشنایی و نە بەجوانی بگات و نە بۆنە پیرۆزەکەشی بڵاو بکاتـەوە — جەستە پیرەکەی خاوەنی ئەڤانی یەکی کوژراو بوو کە چیتر نە لە بەرامبەر گوێڕایەلی دەهـەژێ هەروەك چۆن لە بەردەم ئەڤین و ململانێ دا نایەتە هەژان، لاشەیەکی چەرمە چەقاڵتەی پڕدەمار بوو و لەژێر تووکە سەر زیوینەکان بۆر دەچۆوە.

راگرەکە چوار چمکی دانیشت و تەماشای گڕگرتنی چـیلکەکانی دەکـرد. تـا خامۆشـیەکە بشکی ستیڤن گوتی:

- من لەوە دڵنیام کە ناتوانم ئاگر هەڵبگیرسێنم.

راگرەکە کە سەری هەڵبڕی چاوە کزەکانی قووچاند و گوتی:

- تۆ هونەرمەندیت، وانی یە ستیڤن؟ ئامانجی هونەرمەند خولقاندنی جوانی یە. بـەڵام جـوانی چی یە. ئەوە لە خۆیدا باسێکی ترە.

بەوشکی و شێنەیی دەستەکانی لەبەر ئەو گێروگرفتە لێك خشاند، ئینجا پرسی:

- هەنکە دەتوانیت ئەو کێشەیە ساغ بکەیتەوە؟

ستیڤن گوتی: ئەکوینەس دەڵێ:

[113]Pulcra sunt quae visa placent.

١١٣. مانای ئەو رستەیە: ((جوانی ئەوەیە کە چاو حەز بە دیتنی بکات.))

راگرەکە گوتی: ئەو ئاگرەی ئێمە شتێکە کە چاو حەز بە دیتنی دەکات. کەواتە بەو گوێرەیە بێ دەبێ ئەوە شتێکی جوان بێت؟

- تا ئەو رادەیەی کە چاو پەی پێ دەبات، کە وابزانم لێرەدا مەبەست لە پەی پێ بردنی ئیستاتیکی یە، بە شتێکی جوان دادەنرێت. بە لام ئەکوینەس ئەوەش دەڵێت:

(Bonum est in quod tendit appetitus.)[114] جا بەو پێ یەی کە ئاگر جێ ی تامەزرۆیی هەموو گیانلەبەرێکە بۆ گەرمی وەرگرتن، ئاگر شتێکی چاکە. بەڵام ئاگری دۆژە شتێکی بەدە.

راگرەکە گوتی: زۆر تەواوە. ناوەندی نیشانەت پێکا.

بە چوستی هەڵسایە سەر پێ و کەلێنێکی لە دەرگاکە خست و گوتی:

- دەڵێن فرێك خواردنەوە لە حاڵەتی وا باشە .

هەرکە گەڕاوە لای ئاگردانەکە کەمێك دەلەنگی بەڵام بەچوستی هەنگاوی هەڵدێنا، ستیڤن بینی کە رۆحی خامۆشی جێزوێتی یەك بە چاوە کزە بێ خۆشەویستی یەکانی تەماشای دەکات. وەکو (ئیگناتۆس) دەلەنگی بەڵام هەمان تروسکەی خوێن گەرمی(ئیگناتۆس) لە چاوی ئەو نەدەبینرا. تەنانەت پیشەی ئەفسانەیی جێزوێتی یەکان ـــ کە پیشەیەکی رازاوی تر و کارامەتر بوو لە هینی پەرتووکە ئەفسانەیی یەکانی ڕاز و کارامەیی ـ ئاگری چاڵاکی پەیامبەرێتی یان لە رۆحی ئەودا هەڵنەدەگیرساند. بەڵام وا پێ دەچوو وەك بلێ ی هەموو فڕوفێڵ و ژیری و کارامەیی دنیایی بەکار دەهێنا، وەك چۆن فەرمانی پێ کرابوو، لەپێناوی بەرز کردنەوەی پایەی خوادا بە بێ ئەوەی چێژ لەو کارەی ببینێ یا رقی لە لایەنە خراپەکانی ئیشەکەی ببێتەوە. دیسان هەر بەهەمان شێوە گوێڕایەڵی فرمانەکانی دەکا و لەو خزمەتگوزاریە بێ دەنگەی دا دەردەکەوت کە هەرگیز گەورەکانی خۆش ناوێ و کەمێك، ئەگەر بە تەواوی نەبێت، حەزی بەو ئامانجانە دێت کە لەپێناویانا خزمەت دەکات. Similiter atqu senis baculus[115] هەروەك چۆن دامەزرێنەری تیرەکە وای لێ ی ویستبوو، ببێتە گۆپاڵێ دەستی پیرەمێردێك. تا بەکەیفی ئەو هەرکە شەو

١١٤. ماناکەی: ((شتی چاك ئەوەیە کە تامەزرۆیی بیزوێنێت.))

١١٥. مانای وایە: ((وەکو گۆپاڵی دەستی پیرەمێردێکە.)) ئەو رستەیە لە کتێبی دەستووری جێزوێتی دایە کە لە ساڵی (١٦٣٥) دا دانراوە و لە پێناو پشتگرتنی پاپا نوسراوە هەر کاتێك ویستی دەبێ بە گوێ ی بکەی.



رادەشکێ یا لە رۆژی دژوار و تووشدا، هەڵس و کەوت بکا و لەگەڵ گوڵی دەستی کیژۆڵان لەسەر ئەسکەمێلێ ناو باغان بحەوێت، بەڵام یەکەم هەرشە و مەترسی لە خەوا ڕاپیەڕێنێ.

راگرەکە هاتەوە بەر ئاگردان و بەنەرمی شەپی لە چەنەگەی خۆی دەدا و پرسی:

- کەنگێ رەنگە شتێکت لێ چاوەڕێ بکەین لەبارەی مەسەلەی فەلسەفەی جوانناسی؟

ستیڤن بە سەرسوڕمانەوە گوتی: لە من؟ دوو هەفتان جارێك سەر سمکم لە بیرێکی واگیر دەبێت، ئەویش ئەگەر بەخت یارم بێت.

راگرەکە گوتی: ئەو بابەتانە زۆر قوڵن مستەر دیدالۆس. وەکو ئەوە وایە لە دوندی چیای (مۆهێر) هوە بڕوانیتە بنی دۆڵە هەزار بە هەزارەکان. زۆر کەس بە ناخی ئەو قولاییانەوە روو دەچن و جارێکی دی هەرگیز سەرناکەونەوە. تەنیا نقوورڤانی شارەزا دەتوانێت بەناخی ئەو قووڵاییانە بچێتە خوارێ و بپیشکنێ و دیسان سەر بکەوێتەوە.

ستیڤن گوتی: گەورەم، گەر تۆ مەبەستت لە رامان و لێ وردبوونەوەیە، منیش بە تەواوی لەو دڵنیام کە هیچ شتێك نی یە ناوی بیرکردنەوەی ئازاد بێت، چونکە هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەك دەبێ دەسبەرداری یاساکانی خۆی بێت.

- ها!

- هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئێستا دەتوانم بەهۆی تروسکەی رۆشنایی بیرێك یان دوانی ئەرستۆ و ئەکوینەس رێ ی خۆم بدۆزمەوە.

- تێگەیشتم، بە تەواوی لە مەبەستت گەیشتم.

- من تەنیا پێویستم پێ یانە بۆ کەڵکی تایبەتی و رێ نیشاندانم تا ئەو کاتەی شتێکی چاك بۆ خۆم بەدەست دێنم بەهۆی تاڵە ڕوناکی یەکانی ئەوان. خۆ ئەگەر چراکە دووکەڵی کرد یا بۆنی هات هەوڵ دەدەم رێکی بخەمەوە. بەڵام ئەگەر ئەوەندە رۆناکی نەدایە دەست ئەوا دەیفرۆشم و یەکێکی دی دەکرم.

راگرەکە گوتی: ئێپیکتیتۆسیش چرایەکی هەبوو کە لە پاش مردنی بە نرخێکی ئەندێشەیی فرۆشرا. ئەوە ئەو چرایە بوو کە هەموو وتارە فەلسەفییەکانی لەبەر دەنووسی. ئەرێ ئێپیکتیتۆس[116] دەناسی؟

١١٦. ئێپکتێتۆس: فەیلەسوفێکی مەندخواز بوو و لە (55 ـ 120 پ.ز.) ژیاوە. بیروباوەڕی وابوو کە دەبێ مرۆڤ دەست بە سەر ئارەزووەکانی دابگرێ. هەروا چاکەشی وا پێناس کردووە کە شتێکە خوا پێ ی خۆشە.

ستیڤن به دەنگێکی گڕەوە گوتی: ئەو پیاوماقولە پیرە بوو کە دەیگوت ڕۆح وەکو دەولکێکی پڕ ئاوە.[117]

ڕاگرەکە بەردەوام بوو: ئەدی هەر ئەو نەبوو کە بە زمانێکی پەتی بۆمانی گێڕاوەتەوە کە جارێکیان چرایەکی ئاسنینی بەرامبەر پەیکەری خوایەك دانابوو و دزێك هاتبوو لێ ی دزی بوو. بڵێ چی کرد؟ فەیلەسوفەکە گوتی ئەو دزە خووی بەدزی کردنەوە گرتووە، بۆیە بڕیاری دا لە ڕۆژی ئایندەدا چرایەکی فەخفووری لە جیاتی چرا ئاسنەکە بکڕێتەوە.

بۆن بەزی تواوە لە قونکە مۆمەکانی ڕاگرەکەوە هەڵدەسا، ئەو بۆنە لەناو مێشکی ستیڤن دا خۆی تێکەڵ بە لەرەی وشەکانی چرا و دەولك، دەولك و چرا دەکرد. هەمان لەرە لە دەنگی قەشەکەش دەبیسترا. مێشکی ستیڤن لەخۆوە ڕاوەستا، کە بەو دەنگە لەرزۆك و وێنە و دەم و چاوی قەشەکە بەربەرستکرابوو کە هەر لە چرایەکی هەڵنەکراو یا ئاوێنەیەك دەچوو کە لەناو مۆڵگەیەکی ساختە هەڵواسرابێت. دەبێ چی لەناو یان لەپشت ئەو دەم و چاوەوە بێت؟ تەوەزەلی یەکی ڕۆحی دەبەنگ یان تەڵخی گەواڵە هەورێکی بروسکاوی کە پڕە لە هێزی بیرکردنەوە و نادڵنیایی لە خوا؟

ستیڤن گوتی: گەورەم، من مەبەستم لە جۆرە چرایەکی جودا بوو.

ڕاگرەکە گوتی: ئەوە گومانی تێدا نییە.

ستیڤن گوتی: تاقە کۆسپێك کە دێتە بەردەم لەکاتی گفتوگۆکردن لەبارەی بابەتی ئیستاتیکی ئەوەیە کە بزانیت ئایا وشەکان بە پێ ی مانا ئەدەبی یان بازاڕی یەکانیان بەکاردێن. ڕستەیەکی(نیومان) م لەو بارەیەوە هاتەوە بیر کە دەربارەی (مریەم) ی پیرۆز دەڵێ: ئەو لە نێوان کۆمەڵە حەزرەتێك پارێزراوە.[118] کەچی مانای ئەو وشەیە تەواو جودایە: وەکو: هیوادارم ڕاگیرم نەکردبیت.

---

١١٧. ستیڤن لەو قسەیەدا وادەنوێنێ کە لە کارەکانی ئێپیکتیتۆس شارەزایە و بە پیرەمێردەکە ناوی دەبا و دەڵێ، ئێپیکتیتۆس دەڵێ:
((ڕۆح وەکو دەولکە ئاوێکە و بیرۆکەکانی مرۆڤ وەکو روناکین کە بە سەر ئاوەکەوە بدرەوشێنەوە. کاتێ ئاوەکە دەشڵەقێنی وادەزانی روناکیەکە شڵەقاوە- بەڵام وا نییە)) ((لە کتێبی دەمەتەقێکانی ئێپیکتیتۆس، بەرگی سێهەم))

١١٨. لێرەدا کێشەکە لە سەر وشەی (detain) ی ئینگلیزی یە کە بە دوو مانای جودا دێت. یەکەمیان: پارێزراوە، دووەمیان: گیراوە یان دەست بەسەرکراوە یان ڕاگیر کراوە.



ڕاگرەکە بەڕێزەوە گوتی: نەخێر، هەرگیز.

ستیڤن بە بزەیەکەوە گوتی: نەخێر، نەخێر، من مەبەستم.....

ڕاگرەکە بەپەلە گوتی: بەڵێ، بەڵێ، تێگەیشتم، بەتەواوی تێگەیشتم، مەبەستت لە وشەی (پارێزراوە) بوو.

شەویلاگی ژێرەوەی هێنا پێش و کورتە کۆکەیەکی وشکی کرد و ئینجا گوتی:

- با بگەڕێینەوە سەر چراکە. خۆراکی ئەویش لە خوێدا هەر گرفتێکی سەیرە. دەبێ زۆر ئاگادار بیت نەوەك بڕژێت، ناشبێت لەوە پتری تێ بکەیت کە ڕەحەتیەکە هەڵی دەگرێت.

ستیڤن گۆتی: کام ڕەحەتی؟

- ئەو ڕەحەتی یەی کە نەوتی پێ لە چراکە دەکەیت.

ستیڤن گوتی: ئەوە؟ بەوە دەڵێ ی ڕەحەتی؟ ئەدی بەوە ناڵێن قۆفك؟

- قۆفك چی یە؟

- ئەو... ئەو... ڕەحەتیەیە...

ڕاگرەکە پرسی: لە ئێرلەندە بەوە دەڵێن قۆفك؟ لەوەتێ هەم ئەم وشەیەم نەبیستووە.

ستیڤن بە پێکەنینەوە گوتی: لە (درەمکۆندرا)ی خواروو پێ ی دەگوترێ قۆفك، خەڵکی ئەوێش چاکترین شێوە ئینگلیزی دەزانن.

ڕاگرەکە بە دەم بیرکردنەوەوە گوتی: قۆفك، ئای کە وشەیەکی زۆر خۆشە. دەبێ لە فەرهەنگ تەماشای ئەو وشەیە بکەم. بەخودای هەردەبێ تەماشای بکەم.

هەڵس و کەوتە دڵنەرمانەکەی کابرا مۆرکی درۆزنێ پێوە دیار بوو و ستیڤن بەهەمان چاوی براگەورەی پەندە بەناوبانگەکە تەماشای برا دەستبڵاوەکەی دەکرد، ئا بەو چاوە دەیڕوانی یە رابەڕە ئینگلیزەکەی. ئەو رابەرە لەناو ئاژاوەی ڕێنماکردنی خەڵکی یاوەرێکی ساویلکە بوو، ئینگلیزێکی بەسەزمان بوو لە ئێرلەندە، وادیاربوو کە ئەو هاتە ناو شانۆی مێژووی جێزوێتی شانۆنامەی پیلانکاری و ئەشکەنجە و ئێرەیی پێ بردن و ململانێ و ریسوایی دەستی پێ کردبوو ـ ئەویش تەنیا میوانێکی درەنگ و گیانێکی بەجێماوە. دەبێ چۆن دەستی پێ کردبێت؟ لەگوینە لەناو هەڵگەڕاوەکان لە دایك بووبێ و پەروەردە کرابێت و تەنها ڕێ ی رزگاربوونی لە یەسوعدا بینیبێ و ڕقی لە هەموو کەشکەشە و فشفشەی پێڕەوەکە بێت. دەبێ هەستی بە پێویستی بڕوایەکی ئاشکرا لەناو گەڕاپێچەی تیرەپەرستی و غەڵبە غەڵبی ئەو هەموو لێك دابڕانە بەزەبر و زەنگانەی شەش کەسە سەرەکی یەکە و

خەڵكە سەیر و سەمەرەكە و بەناوكراوانی پێستەی مار و دانەوێڵە و بڕوادارانی پیرەوی پڕ لە هەڵە كردبێت؟ دەبێ هەر كتوپڕ كلێسایەكی ڕاستی دۆزیبێتەوە بە هەڵكردنەوەی تاڵێكی باریك لە كلافەی بیركردنەوەی لەكاتی فووكردن پاش دەست بەسەر داهێنان لە ئاهەنگی بەناوكردندا یان كۆڕەو بەرەو ڕۆحی پیرۆز؟ یاخۆ دەبێ مەسیح دەستی پێ ی گەیشتبێت و فەرمانی پێ كردبێت بەدوای بكەوێت، وەكو ئەو یاوەرەی كە لە نوسینگەی گومركدا ئیش دەكات و هەركە لەپێش دەرگای كلێسا سەربان چینكۆكە دادەنیشێ و كە پارەی كلێسا دەژمێرێت باوشێك دەدات؟

ڕاگرەكە دیسان وشەكەی دووبارە كردەوە:

- قۆفك، باشە، ئەمە وشەیەكی خۆشە!

ستیڤن بە ساردی یەوە گوتی:

- بەڵام ئەو پرسیارەی تاوێك لەمەوبەر لێت پرسیم لەلای من زۆر خۆشترە. دەبێ ئەو جوانی یە چی بێت كە هونەرمەند لە پێناوی دەجەنگێ و لەناو قۆمەتە خۆڵی دنیا دەیەوێ دەری بهێنێت.

ئەو وشە گچكەیە بوو وا پێ دەچوو ببووە قلنجێكی نووك تیژی هەستیاریەكەی بەرامبەر بەو دوژمنە زارشیرینە چاوكراوەیەی. بەدڵتەنگی یەكی بەسوێ وە هەستی كرد ئەو پیاوەی لەگەڵی دەدوێت یەكێكە لە هاوولاتیانی (بێن جۆنسن).[119] ستیڤن بیری كردەوە:

- ئەو زمانەی قسەی پێ دەكەین پێش ئەوەی هی من بێت زمانی ئەوە. دەبڕوانە ئەو وشانە چەند جودان: *ماڵ، مەسیح، مەی، خودان*، لەسەر زمانی ئەو و لەسەر زمانی من. من ناتوانم ئەو وشانە بدركێنم یا بنوسم بەبێ ئەوەی بێ ئارامی یەك لە ڕۆحمدا جینگڵ بدات. نە من وشەكانیم دروست كردووە و نە پێشیان ڕازی بوویم. دەنگم هەمیشە لەگەڵیان لە ململانێ دایە. ڕۆحیشم لەژێر سایەی زمانی ئەودا بێ ئارام و پەریشانە.

ڕاگرەكە بەردەوام بوو:

- جا بۆ ئەوەی هونەری بالاّ و جوان لێك جیا بكەینەوە، هەروەها جوانی مەعنەوی و جوانی مادیش لێك جیا بكەینەوە، دەبێ لەوەش بكۆڵێنەوە كە كام تەرزە جوانی لە هەر هونەرێكی جودادا دەوەشێتەوە. جا لێرەدا هەندێ خالێ گرنگ هەیە دەتوانین لێ ی بكۆڵینەوە.

١١٩. بێن جۆنسن (١٥٧٣؟- ١٦٣٧) یەكێكە لە شانۆنامەنووسەكانی سەردەمی شێكسپیر. گەلێك شانۆنامەی نوسیوون: لەوانە (ڕێوی) و (ئێدواردی دووەم) و زۆری دیكەش.



ستیڤن بە شێوەقسەكردنە ڕەق و تەقەكەی ڕاگرەكە لەپڕ ورەی بەردا، بێ دەنگ بوو، لە ناو ئەو بێ دەنگی یەوە هەروازەنایەكی دووری كۆمەڵە پێلاوێك و كۆمەڵە دەنگێكی بێ سەروبەر لەسەر پەیژەكەوە دەبیسترا.

ڕاگرەكە بەبڕواوە گوتی:

- هەرچەندەیش لە خۆخەریك كردن بەم جۆرە بیرانەوە ترسناكی یەكی گەورەی نانبڕانی لێ بەدی دەكرێت، یەكەم جار دەبێ تۆ بڕوانامەكەت وەربگری، ئەوە بكە یەكەم ئامانجت، پاشان بەرەبەرە ڕێی خۆت دەدۆزیتەوە. مەبەستم وایە بەگشتی ڕێگای ژیان و بیركردنەوەت. ئەوەش وەك ئەوە وایە بەشاخێكەوە هەڵبگەڕێیت. هەر بۆ نموونە مستەر مۆنان[120] وەربگرە، كاتێكی دوورودرێژی بەسەر برد تاگەیشتە چلەپۆپە. بەڵام سەرەنجام هەر پێ ی گەیشت.

ستیڤن لەسەرخۆ گوتی: ڕەنگە من بەهرەی ئەوم نەبێت.

ڕاگرەكە بەچوستی گوتی: كێ دەزانێ. كەس نازانێ چ لە ناخی دا هەیە. بە هەموو بڕوایەكمەوە دەڵێم نابێ مرۆڤ نائومێد بێت:

(Per aspera ad astra).[121]

بەتالووكە ئاگردانەكەی جێ هێشت و چووە سەر پاگەی پەیژەكە تا لە سەرڕا تەماشای هاتنی پۆلی یەكەمی ئەدەبی بكات.

كاتێك كە ستیڤن خۆی بەسەر ئاگردانەكە دا چەماندبۆوە، گوێ ی لێ بوو كە ڕاگرەكە بە گەرمی بە بێ جیاوازی بەخێرهاتنی گشت قوتابیانی پۆلەكەی دەكرد، هەروەها بەئاستەم بزە ئاشكراكانی قوتابی یە مۆنەكانی دەبینی. دڵتەنگی یەكی پڕ لە بەزەیی وەكو شەونم بەسەر دڵە پڕناسۆریەكەی دا باری بەرامبەر ئەو نۆكەرە ڕاستگۆیە سوارچاكەی (لۆیۆلا)، بەرامبەر بەو نیمچە برایەی ئایینی، كە لە قسەكردندا زۆر لەوان زمان لوسترە، زۆر لەوان دڵسۆزتریشە، پیاوێكی وایە كە هەرگیز ستیڤن ناتوانێ بە باوكی ڕۆحی خۆی ناوی ببات؛ ئینجا بیری لەوە كردەوە كە چۆن ئەو پیاوە و هاوڕێكانی نازناوی دنیایی یان بەدەست هێنا نەك تەنیا لەسەر دەستی نادنیایی یەكان بەڵكو دنیایی یەكانیش بەهەمان تەرز، چونكی ئەوانە بەدرێژایی مێژووی ژیانیان لە بەرامبەر دادگای خوای مەزن لە خوا دەپاڕێنەوە بۆ ڕوحە وێڵ بووەكان و دەبەنگەكان و ژیرەكانیش.

١٢٠. ناوێكی خەیاڵی كەسیكە كە لە زانكۆ خەریكی نوسینی وتاری ڕۆژنامەیی بوو لەسەر هەردوو لای ڕامیاری.

١٢١. مانای: ((هەر ڕێ ی سەخت مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەستێران.))

هاتنەژوورەی مامۆستا بەهۆی هەندێ خشەخشی پیلاوی قورسی ئەو قوتابیانەی کە لە ڕیزی سەرەوەی هۆڵە تاریکەکەی تاقیگەکە دانیشتبوون دیارخرا، لەبەر ئەو پەنجەرە بۆرانەی بە تەونی کاکڵەمووشان نەخشێنرا بوو. دەستکرا بە خوێندنەوەی ناوەکان و وەڵامەکانیش بە هەموو جۆرە دەنگێك دەدرانەوە تا گەیشتە ناوی (پیتەر بێرن).

- لێرەیە!

دەنگێکی گەورەی ناخۆش لە ڕیزی سەرەوە وەڵامی دایەوە، کە دوابەدوای ئەوە دەنگی کۆخە کۆخی نارەزایی لە هەموو ڕیزەکانی تر دەبیسترا.

- کرێنلی!

وەڵام نەبوو.

- مستەر کرێنلی!

زەردەخەنەیەك پەڕیە سەردەم و چاوی ستیڤن هەرکە بیری لە خوێندنی هاوڕێکەی دەکردەوە. دەنگێك لە ڕیزی پشتەوە بەرزبۆوە: ناوی (لیۆپاردز تاون)[١٢٢] بانگ بکە!

ستیڤن خێرا چاوێکی بەرزکردەوە بەڵام دەم و چاوی (مۆینیهان) ی کەپووەبەرازی زۆر بەمردۆخی هاتە بەرچاو کە لەبەر تیشکە بۆرەکە دەرکەوت. هاوکێشەیەك خرایە ڕوو. لەناو خشەخشی دەفتەرکردنەوەدا ستیڤن دیسان ڕووی کردە پشتەوە و گوتی:

- بۆ خاتری خوا هەندێ لاپەڕەم بدەنێ!

مۆینیهان بەگرژینەوەیەکی گەورەوە پرسی: حاڵت بەو خراپی یە گەیشت؟

پەڕێکی لە دەفتەرەکەی کردەوە و لەژێرەوە بۆی ڕەوانە کرد و بەچرپەوە گوتی:

- لە کاتی ناچاری دا هەموو بۆرە پیاو و ئافرەتێکیش هەروا دەکات.

ئەو هاوکێشەیەی بە ملکەچی لەسەر لاپەڕەکەی نووسی، ژمارە بە پێچ و بێ پێچەکانی مامۆستا، هێما تاپۆئاساکانی، هەموو ئەوانە هێز و خێرایی مێشکی ستیڤنیان خەیاڵبردە و هیلاك دەکرد. گوێ ی لە هەندێ قوتابی بوو دەیانگوت ئەو پیرە مامۆستایە گاورێکی ماسۆنی یە. وای لەو ڕۆژە تەماوی یە ناخۆشە! ئەو جێگایەی وەکو کاولگەیەکی نەخۆشە بێ ئازارە بە ئاگاکان خۆی دەنواند، کە لەوێ ڕۆحی ئەوانەی بە بیرکارییەوە خەریکن تیایا دەسوڕێتەوە، کە ئەوان لەوێ تاڵە چنراوی درێژی ناسك لە دەشتێکەوە بۆ دەشتێکی تر

١٢٢. لیۆپاردز تاون: مەیدانی قۆشمەی ئەسپانە لە نزیك دەبلن.



دەخەنەڕوو کە زۆر دەگمەن و لاوازترە لە کازێوە، گێژەنە تیژڕەوەکان ڕوناك دەکەنەوە تا دەگاتە ئەوپەڕی ئاسۆی گەردوونێکی فراوانتر و دوورتر و نەگیراو.

ـ کەواتە دەبێ ئێمە شێوەی هێلکەیی و نیمچە هێلکەیی لە یەك جودا بکەینەوە. هاورێ یان: ڕەنگە هەندێکییان شارەزاییتان لە کارەکانی مستەر (وو. س. گیلبێرت) هەبێت. جا لە گۆرانی یەکدا دەربارەی یەکێك لەوانە دەدوێ کە لە یاری (بیلیارد) دا فێڵ دەکەن و بە یاریەکە ڕاهاتوون:

**لە سەر مێزیکی پڕفێڵ**
**بە دارێکی لوول خواردوو**
**تۆپە هێلکەیی یەکانی بلیارد.**

- ئەو مەبەستی لە شێوەی هێلکەیی هەردوو تەوەرە سەرەکی یەتی کە تاوێك لەمەوبەر بۆم باس کردن.

مۆینیهان سەری بردە بن گوێ ی ستیڤن و چرپاندی:

- دەبێ ئەو تۆپە هێلکەیی یانە بە چەندێك بن؟ خانمینە بەدەوام بکەون، من یەکێك لە سوارچاکانم!

ئەو گاڵتە ڕەمەکی یەی هاوپۆلەکەی ستیڤن وەك ڕەشەبایەك بەناو هەیوانی مێشکی ستیڤندا تێپەڕی، ئەو پۆشاکە شل و خاوە کەشیشەیی یانەی کە بەسەر دیوار شۆڕ ببوونەوە دەهەژاندەوە و ژیانێکی بەختەوەری پێ دەبەخشین، دەیهەژاندنەوە و دەیهێنانە سەما لەناو هەرا و ئاشوبی شەممەی پیرۆزدا. لەناو ئەو جل و بەرگەی ڕەشەبا دەیهەژاندنەوە و چەندین کەس و مرۆڤی دەستەی جێزوێتی دەرچوون: لەمانە راگری لێکۆلێنەوەکان، گەنجینەوانە قووتەخنە سوورکەڵەکەی کۆلیج کە کڵاوێکی بۆری لە تووك دروستکراوی لەسەر بوو، بەرێوەبەر، ئەو قەشە گچکەیەی کە تووکی سەری هەر لە پەڕاموو چەی باڵندان دەچوو و شیعری ئایینی دەنووسی، بالا تێکسمراوە دەشتەکی یەکەی مامۆستای ئابووری، بالا کەڵەگەتەکەی مامۆستای مێشکزانی کە لەسەر پایەی پەیژە وەستا بوو لەگەڵ کۆمەڵە قوتابییەك بە دوورودرێژی لەسەر مەسەلەی وێژدان دەدوا، کە هەر لە زەڕافەیەك دەچوو گەڵای دارە بەرزەکان لێ بکاتەوە لە ناو ڕەوە کارمامزێك دا، یان چاودێرە مەندە خەفەتخانەکەی دەستەکە، یان مامۆستا گۆشتنە سەرخڕەکەی وانەی ئیتالی و چاوە ئۆینبازەکانی. هەموویان بەهێواشی

هاتن، بەساتمە کردن و بەربوونەوە و هەڵقۆزتنەوە، عەباکانیان هەڵ دەکرد بۆ یاری بۆقەبازانی[123]، هەر یەکە پشتی ئەوی دی گرتبوو، بە پێکەنینێکی قووڵی پڕ درۆ دەچەمانەوە، هەریەکەی بەتووندی شەپێکی لەپشتی ئەوی دی دەدا و گاڵتەیان بە تووڕەبوونە ڕەمەکەکەی دەکرد، هەریەکەی ئەوی دی بەناو و ناتۆرەیەکەوە گاز دەکرد، یا لەنکاوڕا نارەزایی یان دەردەبری بەوەی بەرێز بن و زمانی وا پیس بەکار نەهێنن، هەردوو دووش سەریان لەبن گوێ ی یەکتر نابوو و دەستیان لە یەك کردبووە پەنا و بە چرپە دەدوان.

مامۆستاکە چووە کن سندووقە شوشەییەکانی دیواری لاتەنیشت، لە تاقیچکەیەکەوە وایەرێکی کارەبایی دەرهێنا، لە زۆر شوێنی تۆزی داوەشاند و ئینجا بە ئاگاداری یەوە بەسەر مێزەکەی داهێنا و هەرکە بە وانەگوتنەوە خەریك بوو بە سەرپەنجەیەك گرتبووی. ئینجا بۆی روون کردنەوە کە وایەری کارەبایی هاوچەرخ لە پێکهاتوویەك دروست دەکرێ پێ ی دەڵێن (پلاتێنیود) کە لەو دوادواییانەدا (ف.م.مارتینۆ) دۆزیەوە.

ناوی تەواو و سەرپیتی دۆزەرەوەی ئەو مادەیەی زۆر بەروونی گوت. مۆینیهان لە پشتەوەڕا بە چرپەوە گوتی:

- ئای، ئەی پیرە باران برکەی چاکی سەر ئاوی سازگار[124]!

ستیڤن بە گاڵتەکردنێکی ماندووانەوە بۆ پشتەوە چرپاندی:

- لێ ی بپرسە، ئەگەر دەیەوێ کەسێك بە کارەبا لە ناو ببات، من ئامادەم.

مۆینیهان کە بینی مامۆستا سەری بەسەر وایەرەکە داگرتووە، لەسەر کورسی یەکەی خۆی هەڵسا و بە بێدەنگی پەنجەکانی دەستی ڕاستی تەقاندەوە، ئینجا بەدەنگی منداڵێکی بزۆزی دەم بەلیکاو دەستی کردە هات و هاوار.

- تکایە مامۆستا ئەو کوڕە قسەیەکی خراپ دەکات.

مامۆستا بەسەنگینی بەردەوام بوو:

- پلاتینیۆد لە زیوی ئەڵمانی باشترە چونکە هاوکۆلکەی بەرگریەکەی نزمترە لەکاتی گۆڕانی پلەی گەرمی. وایەری پلاتینیۆد دابڕکراوە، ئەو قاتە ئاوریشمەی دابڕی دەکات لە خڕیلەی

١٢٣. یاری بۆقەبازانی: جۆرە یاریەکە هەریەکەی لە سەر پشتی ئەوی دی باز دەدات.

١٢٤. لێرەدا مۆینیهان گاڵتە بەناوی مارتینۆ دەکات کە وشەی (Martin بە ئینگلیزی مانای باڵندەی (باران برکە)یە، باڵندەیەکە لە بەهاران دەردەکەوێ — ڕەنگی ڕەشە و لە پەرەسێلکە دەکات.



پلاستیکی ئاڵێندراوە، ئا لەو شوێنەی پەنجەم لەسەریەتی. خۆ ئەگەر بە تاکی تێ ی ئاڵاندرابێ ئەوا تەوژمەکە بەناو وایەرەکەدا دەڕوات. بۆشایی یەکانیش بە شەمێ ی پارافینی گەرم پڕ کراوەنەتەوە....

دەنگێکی تیژی ئۆلستری لە ڕیزەکەی دوای ستیڤن قیژاندی:

- ئایا پرسیارمان لێ دەکەیت لە بارەی زانستی خستنەکاریەوە؟

مامۆستاکە بە سەنگینی دەستی کردە قسەهێنان و بردن لە نێوان هەردوو زاراوەی زانستی رووت و زانستی خستنەکار. قوتابیەکی نەفرەجا کە چاویلکەی زێڕینی لە چاو بوو بە سەرسوڕمانەوە لەو پرسیارە ورد دەبۆوە. مۆینیهان لە پشتەوەڕا چرپەیەکی کرد و بەدەنگە سروشتی یەکەی گوتی:

- تو خوا (ماك ئەلیستەر) بە خۆ و بەو گۆشتەی لەشی شەیتان نی یە؟

ستیڤن بەساردی تەماشایەکی ئەو کاپێلکە لاکێشەیی یەی پێش خۆی کرد کە پرچی دوو ڕەنگی وەکو گەڵاشك داپۆشی بوو. هەم دەنگ و هەم شێوەی قسەکردن و هەم بیرکردنەوەی پرسیارکەرەکە بێزاری دەکرد، ستیڤن لێ گەڕا ئەو بێزاریەی بەرەو دڵڕەقی یەکی بەئەنقەست بیبات و مێشکی وا لێکرد وا بیربکاتەوە، باشتر وا بوو باوکی ئەو قوتابیە کوڕەکەی ناردبا (بلفاست) لەوێ بخوێنێ، هەر هیچ نەبوایە کەمێك کرێ ی شەمەندەفەری بۆ دەگەڕایەوە.

کاپێلکە لاکێشەیی یەکەی خوارووی ئەو ئاوڕی نەدایەوە تا بەرەو ڕووی ئەو چەپکە بیرکردنەوانە ببێتەوە، کەچی تیری ئەو بیرکردنەوانە گەڕایەوە ناو کەوانی خۆی، چونکە هەر یەکسەر دەم و چاوە هەڵبزرکاوەکەی قوتابیەکەی بینی.

ستیڤن خێرا بەخۆی گوت: ئەوە بیروڕای من نی یە. ئەو بیرە لەلایەن ئێرلەندیە فشەکەرەکەی ڕیزی پشتەوەوە هات. کەمێك ئارامت هەبێت. ئایا دەتوانی بەوپەڕی دڵنیایی یەوە بڵێیت کێ سەودای بە ڕۆحی ڕەگەزەکەت کرد و کیهایان ناپاکیان لەگەڵ پێشەوا کرد ـ پرسیارکەرەکان یان گاڵتە پێ کەرەکان؟ ئارامت بێ. ئێپیکتیتۆس لەبیر مەکە. لەوانەیە سروشتەکەی ئەو وای لێ کردبێت ئەو پرسیارە لەو دەم و دەستەدا بەو شێوە دەنگە بکات و وشەی (زانست) بە یەك برگەیی بڵێ.

دەنگە ناسازەکەی مامۆستا بەشێنەی دەستی کردە لوول و پێچ خواردن لەدەوری ئەو وایەرەی لێ دەدوا، هێزی دەنگە خەواوی یەکەی دوو قات و سێ قات و چوار قات دەبۆوە هەروەك وایەرەکە یەکەکانی بەرگری خۆی دووقات دەکردەوە.

دەنگی مۆینیهان لە پشتەوە وەك زایەڵەی زەنگێکی دوور گوتی:
- برایان، ئێستا کاتی پێوەدانی پەڕتووکەکانتانە!
دەروازەی هۆڵەکە پڕبوو لە دەنگە دەنگی قسەکردن. لەسەر مێزی نزیك دەرگاکە دوو وێنەی چوارچێوەدار دانرابوون و لەنێوان ئەوانیشەوە لیستەیەکی درێژی کاغەز هەبوو کە کۆمەڵە ئیمزایەکی کلکداری ناڕێکی لەسەر بوو. (ماك کان) بەگورجی لەناو قوتابیەکان دەهات و دەچوو، خێرا دەدوا، وەڵامی بەرپەرچکەرەوانی دەدایەوە و قوتابی یەك لە دوای یەك بەرەو مێزەکە دەبردن. لە هۆڵەکەی ناوەوە راگری لێکۆڵینەوەکان لەگەڵ مامۆستایەکی لاو وەستا بوو و قسەی دەکرد و بەسەنگینی لە چەناگەی خۆی دەدا و سەری دەلەقاندەوە.
ستیڤن بەبێ دەستی خۆی لەبەر قەڵەباڵغی یەکەی بەردەرگا وەستا و نەیتوانی بڕوا. چاوە رەشەکانی(کرێنلی) لە بن کڵاوێکی نەرم و پانەوە تەماشایان دەکرد.
ستیڤن پرسی: ئەرێ واژۆت کرد؟
کرێنلی دەمە لێوبارێکە درێژەکانی داخستەوە و بۆ تاوێك لەگەڵ خۆی دەدوا و وەڵامی دایەوە:
- Ego habeo[125]
- ئەو ئیمزاکردنە بۆ چی یە؟
- Quod ?[126]
کرێنلی دەم و چاوە سیسەکەی کردە لای ستیڤن و بەنەرمی و تووڕەیی گوتی:
- Per pax universalis[127]
ستیڤن پەنجەی بۆ لای وێنەی قەیسەر درێژ کرد و گوتی:
- دەم و چاوی مەسیحێکی شێتی هەیە.
ئەو گاڵتە و تووڕەییەی ستیڤن چاوی کرێنلی بەرەودوا کشاندەوە و هەرکە لە وێنەکانی سەر دیوارەکە ورد دەبۆوە لە ستیڤنی پرسی:
- ئەری بێزارم کردیت؟
ستیڤن وەڵامی دایەوە: نەخێر
- ستیڤن چیتە، نەساغیت؟

١٢٥. ماناکەی: ((بەڵێ ئیمزام کرد.))
١٢٦. واتە: ((چی؟))
١٢٧. ماناکەی: ((لە پێناو ئاشتی جیهان دا))



- نەخێر.
- Credo ut vos sanguinarius mendax estis quia facies vostra monstrat ut vos in damno malo humore estis[128].
مۆینیهان کە بەرەو مێزەکە دەچوو بە گوێ ی ستیڤن دا چرپاندی:
- هەنووکە (ماك کان) لە ترۆپکی بەرزی دایە. ئامادەیە تا دوا دڵۆپ برێژێت. هیچ دێڵە سەگێك نە مافی هاندانی هەیە و نە مافی دەنگ دانیشی هەس.
ستیڤن بەو چەشنە دڵنیایی و بڕوایەی هاوڕێکەی دەخەنیەوە، جا هەرکە مۆینیهان ڕەتبوو دیسان رووی وەرگێڕا تا چاوانی کرێنلی ببینێ. ئەو گوتی:
- رەنگە تۆ بتوانی پێم بڵێ ی، بۆچی ئەو وا لەخت و خۆڕایی رۆحی خۆی دادەبارێنێتە ناو گوێم، دەتوانیت؟
مرۆمۆچی یەکی دەبەنگانە لەسەر هەنیەی کرێنلی وەدەرکەوت. لەو مێزە مووڕ بۆوە کە مۆینیهان خۆی بەسەردا نوشتاندبۆوە تا ناوی خۆی لەسەر لیستەکە بنوسێت. ئینجا گێلانە گوتی:
- ئای زمان لووس!
ستیڤن پێ ی گوت: Quis est in malo humore, ego aut vos?[129]
کرێنلی ئاگای لەو تانەیە نەبوو. چونکە مێشکی بەتووندی بەلێکدانەوەکانی خۆی خەریك بوو و بەهەمان تووندی و گەوجی یەوە دەیانی گوتەوە:
- ئەی زمانلووسی برندەی مرۆڤ پرووکێن، ئا ئەوە خۆیەتی!
ئا ئەوە بوو نەخشی سەر کێڵی هەموو هاوڕێ یەتییە مردووەکەی، ستیڤن لە خۆی پرسی دەبێ بەهەمان دەنگ ئەو قسەیەی پێ بڵێت کە بە بیری بێتەوە. ئەو کۆمەڵە وشە قورسانە لە مەودای بیستن نەمان وەك چۆن بەردێك بەناو زەندۆڵێکدا دەچێتە خوار. ستیڤن دەیبینین کە نقووم دەبوون، هەروەك گەلێك لەمانەی دیوە، بەڵام هەستی بەوە دەکرد کە قورسایی ئەوانە دڵی دەبەنە خوارەوە. قسەکانی کرێنلی، بە پێچەوانەی هینەکانی دێڤین، نەزاراوەی دەگمەنی ئینگلیزی سەردەمی ئێلیزابێسي و نەشێوە بەرەواژ و هەڵگەڕاوەکانی زاراوەی ئێرلەندی تیا دەبینرا. درێژکردنەوەی دەنگەکانی زایەڵەی لەنگەرگاکانی دەبلنی پێوە دیار بوو کە ئەو دەنگانە بەهۆی

١٢٨. ماناکەی: ((وابزانم تۆ درۆزنێکی نەقۆڵای چونکە لە رەنگ و رووخسارت دیارە حاڵت شڕە))
١٢٩. ماناکەی: ((ئەری کیهامان حاڵمان شرە، من یان تۆ؟))

بەندەرێکی دارڕزاوی چۆلکراو دەگەڕانەوە، تواناکەشی زایەڵەی ڕەوانبێژی یە پیرۆزەکەی دەبلن بوو بەڵام دەنگەکە بە بێ تامی لە مینبەرێکی (ویکلۆ) دەگەڕایەوە.

مرۆمۆچییە ڕەزاقورسەکە سەر رووخساری کرێنلی بەجێ هێشت لەوکاتەی کە (ماك کان) لەوسەری هۆڵەکەوە بەچوستی بۆ لایان دەهات:

(ماك کان) بە خەنی خۆشیەوە گوتی: ئەوە تۆ لێرەیت!

ستیڤن گوتی: ئا بەڵێ لێرەم!

- وەك هەموو جارێك درەنگ هاتووی. ئایا ناتوانی بیرە پێشکەوتنخوازەکەت لەگەڵ ڕێزگرتنی پابەستبوون بەکاتەوە یەك بخەیت؟

ستیڤن گوتی: ئەو پرسیارەت هیچ پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە نییە. چ مەسەلەیەکی دیت پێ یە بیڵێ.

چاوە بزەدارەکانی بەسەر ئەو لوولە کاغەزە بەرگ زیوینە ڕەنگ چوکلێتی یە شیری یەوە چەسپابوو کە لە گیرفانی بەرباخەڵی پڕۆپاگەندەچی یەکەوە سەری دەرهێنابوو. بازنەیەکی گچکەی گوێگران کۆبوونەوە تا گوێ لە شەڕەقسەی زیرەکەکان بگرن. قوتابیەکی لاوازی پێست زەیتونی کە قژێکی ڕەشی خاوی هەبوو ڕاست دەم و چاوی خۆی لە نێوانیان پەستی، لەویانەوە چاوی وەردەگێرا لای ئەوی دی، هەرکە وشەیەك لە دەمی یەکێکیان دەهاتە دەر، ئەو دەیەویست بە دەمە پڕ لیکاوەکەی بیگرێت. کرێنلی تۆپێکی بۆری گچکەی لە بەرکی خۆی دەرهێنا و بەوردی تێ ڕادەما و هەڵگێڕ و وەرگێڕی پێ دەکرد.

(ماك کان) گوتی: مەسەلەی دی؟ همم!

کۆکەیەکی بەرزی گاڵتەپێکردن بیسترا. زەردەخەنەیەکی پان و بەرینی بۆ کرد و دوو جاران ردێنە ڕەنگ قەسەڵیەکەی خۆی ڕاکێشا کە بە چەناگە خڕەکەی شۆڕ ببۆوە.

- مەسەلەکەی دی ئەوەیە کە ئەو پشتگیری نامەیە ئیمزا بکەی.

ستیڤن پرسی: شتێکم دەدەیتێ ئەگەر ئیمزام کرد؟

(ماك کان) گوتی: وامدەزانی تۆ مرۆڤێکی ئایدیالیستی.

قوتابی یە دەم و چاو قەرەجانی یەکە رووی کردە ئەملاو ئەولا، ئینجا رووی کردە خەڵکەکە و بەدەنگێکی بەمنگە منگ گوتی:

- سوێند دەخۆم بە دۆزەخ ئەوە بیرێکی زۆر سەیرە. من ئەوە بە بیرێکی بە گرێگیراو دادەنێم. دەنگەکەی لەناو خامۆشییەکەدا توایەوە، خۆ هیچ کەسێك هەر گوێشی بەوشەکانی نەدا. دەم و



چاوە زەیتونی یەکەی کە لە دەربڕینداا ئەسپ ئاسابوو، رووی وەرگێڕا لای ستیڤن و داوای لێ کرد دیسان قسە بکات.

- (ماك کان) بە وزەیەکی ڕەوانەوە دەستی کردەوە قسە دەربارەی بەياننامەکەی قەیسەر و (ستێد)[١٣٠]، کە دەربارەی چەك داماڵینی گشتی بوو، هەروەها ناوبژی کردن لە گیروگرفتە جیهانی یەکان، نیشانەکانی ئەو چەرخە، دەربارەی مرۆڤپەروەری نوێ و ئینجیلی نوێ ی ژیان کە کار و پیشە بە هەرزانترین شێوە بۆ کۆمەڵ مسۆگەر بکات و گەورەترین بەختەوەری بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵك بهێنێتە ئاراوە.

- قوتابی یە دەم و چاو قەرەجانی یەکە وەك وەڵام دانەوەیەك بۆ دوا وشەکانی قسەکە هاواری کرد:

- سێ هاوار بۆ برایەتی دنیا!

قوتابی یەکی سوورەی گۆشتن لە تەکی یەوە گوتی:

- بەردەوام بە، تێمپڵ. دوایی داوەتێکی خواردنەوەت دەکەم.

تێمپڵ بە چاوە ڕەشە هێلکەیی یەکانی تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی:

- من یەکێکم لەوانەی بڕوایان بە برایەتی جیهانی هەیە. مارکسیش لە ماسی یەکی چەپەڵ بەولاوە چیتر نییە.

کرێنلی توند پیلی گرت تا نەهێڵی چی دی قسە بکات، بەبێ ئارامی پێ دەکەنی و دووبارەی دەکردەوە:

- پیاوێکی ئێرلەندی بوو کە سۆشیالیزمی دامەزراند، (کۆلینز) یەکەم کەس بوو لە ئەوروپا کە داوای ئازادی بیری کرد[١٣١] دووسەد ساڵ لەمەوبەر ئەو قەشایەتی تاوانبار کردووە، فەیلەسوفی هەرێمی (میدڵ ئیسێکس) بوو. سێ هاواری شادی بۆ جۆن ئەنثنی کۆلینز.

---

١٣٠. بەیاننامەی قەیسەر: نیکۆلای دووەم زنجیرەیەك سکالانامەی بڵاوکردەوە بۆ واژۆکردن لە لایەن خەڵکە(ئاشتیخوازەکانی) دنیا.

و.ت. ستێد: (١٨٤٩- ١٩١٢) یەکێك بوو لە دیارترین رۆژنامەنووسانی ئەو سەردەمە و پڕۆپاگەندەچی یەکی مەزنی ئاشتیش بوو.

١٣١. مەبەست لە جۆن ئەنثنی کۆلێننزە: کە نامیلەیەکی لە ساڵی(١٧٠٩) دا نووسی دەربارەی (کەشیشی بە تەواوەتی) کە لەو نامیلکەیەدا کلێسای ئینگلیزی بەوە تاونبار دەکات کە (٣٩) بڕگەیان گۆڕیوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان. بەڵام ئەو کابرایە ئێرلەندی نەبوو، ئێنگلیز بوو. تێمپڵ لێرە قسەی بێ سەروبەر دەکات.

دەنگێکی نەرم لە کەرخێکی بازنەکە وەڵامی دایەوە:

- پیپ! پیپ!

مۆینیهان لە نزیك گوێ ی ستیڤن چرپاندی:

- ئەدی خوشکە گچکە بەسەزمانەکەی جۆن ئەنشنی چی بەسەرهات، دەزانی:

**(لۆتی کۆلینز) دەرپێ ی خۆی ون کرد**

**تو خوا هی خۆتی نادەیتی؟**

ستیڤن پێکەنی و مۆینیهان بەو ئەنجامە دڵخۆش بوو. دیسان چرپاندیەوە گوێ ی:

- هەریەك لە ئێمە پێنج پاز دەدات بۆ جۆن ئەنشنی کۆڵێنز.

(ماك کان) بە کورتی گوتی: من چاوەڕێ ی وەڵامی تۆم.

ستیڤن بەبێزاری یەوە گوتی: تەنانەت من کەمترین ئارەزووشم لەو کارە نی یە. تۆش ئـەوە چاك دەزانیت. کەواتە بۆ ئەو هەراو هۆریایە دەنێیتەوە؟

(ماك کان) لێوەکانی خۆی دەمرچاندەوە و گوتی: زۆر باشە! دە کەواتە تۆ کۆنەپەرستی؟

ستیڤن پرسی: وادەزانی کارم لێ دەکەیت کە شمشێرە دارینەکەت بە ڕووما هەڵدەکێشی؟

(ماك کان) بەوشکی یە گوتی: بە خوازە قسان مەکە. وەرە سەر راستی.

ستیڤن سوور هەڵگەڕا و رووی کرد بە لایەکدا. (ماك کان) لـە جـێ ی خـۆی چـەقی و بـە نوکتەیەکی دوژمنانەوە گوتی:

- وابزانم شاعیرە گچکەکان لە مەسەلەی وا هیچ و پووچ بەرزترن- وەکو مەسەلەی ئاشتی جیهانی.

کرێنلی سەری خۆی بەرزکردەوە و تۆپەکەی لە نێوان ئەو دوو قوتابی یە راگرت وەك بیـەوی ئاشتیان پێ ببەخشێ و گوتی:

- Pax super totum sanguinarium globum.[١٣٢]

ستیڤن ئەوانەی دەوروبەری خۆی لادا و بە تووڕەیی شـانی هەڵدەتەکانـد بەرامبـەر وێنـەی قەیسەر و گوتی:

- وێنەکەی خۆت بۆ خۆت. ئەگەر پێویسمان بـە مەسـیحێك هەیـە، بـا مەسـیحێکی ئەسـڵ زادەمان بۆ بێت نەك یەکێکی بیژی.

قوتابە یە قەرەجانی یەکە بەوانەی دەوروبەری خۆی گوت:

١٣٢. ماناکەی: ((ئاشتی لە سەرووی سەرپاکی گەردوونی چەپەڵ)).



- سویند بە دۆزەخ دەخۆم، ئائەوە قسەیەکی جوانە. من زۆر ڕام لەو قسەیەیە.

خوزی ناو دەمی خۆی قووتدا هەروەکو بلێ ی زاراوەکەشی لەگەڵی قووت بدات، رووی کردە ستیڤن هەرکە دەستی بە سەرەوەی کڵاوە مووەکەی دادەهێنا. پاشان گوتی:

- ببورە گەورەم. پێم ناڵێ ی مەبەستت لەو قسەی کردت چی بوو؟

هەرکە هەستی بە قەرەپەستەی قوتابیەکانی دەوری خۆی کرد، پێ یان گوت:

- من تامەزرۆی ئەوەم بزانم مەبەستی لەو قسەیەی چی بوو.

جارێکی تر رووی کردە ستیڤن و بەچرپەوە پێ ی گوت:

- ئەرێ تۆ بڕوات بە مەسیح هەیە؟ من باوەڕم بە مرۆڤ هەیە، بێ گومان من نازانم ئایـا تـۆش باوەڕت بە مرۆڤ هەیە. من بە تۆوە دڵگیرم. من رێزی مێشکی مـرۆڤ دەگـرم دوور لـە هـەموو ئاینێك. ئایا ئەوە ڕای تۆیە دەربارەی مێشکی مەسیح؟

قوتابی یە سورکەڵە گۆشتنەکە هاتەوە سەر هەمان بیری پێشووی و گوتی:

- بەردەوام بە، تێمپڵ. پەرداخە مەیەکە چاوەڕێتە.

تێمپڵ بۆ ستیڤن روونی کردەوە:

- ئەو وا تێدەگات من دەبەنگم چونکە من باوەرم بە هێزی مێشکی مرۆڤ هەیە.

کرێنلی قۆڵی خستە ناو قۆڵی ستیڤن و دڵگیرەکەی و گوتی:

- Nos ad manum ballum jocabimus.[١٣٣]

ستیڤن وەخت بوو لەگەڵ هاورێکەی بڕوات کە دەم و چاوە سورهەڵگەڕاوە دەبەنگانەکەی (مـاك کان) ی بینی و بەرێزەوە گوتی:

- ئیمزای من هیچ بایەخێکی نی یە. تۆ مافی ئەوەت هەیە رێ ی خۆت بگریت و لێگەڕێ بـا منیش بەرێ ی خۆم دا بڕۆم.

(ماك کان) بەوشکی یەوە گوتی:

- دیدالۆس من باوەڕم وایە کە هاوڕێ یەکی چاکیت، بەڵام تۆ هێشتا ماوتە رێزی خەڵك بگری و خەڵکی دیکەت خۆش بۆی و هەست بە لێپرسینەوە بکەیت بەرامبەر هەموو تاقە مرۆڤێك.

دەنگێك گوتی:

- چاکتر وایە گفتوگۆ و ململانێ ی بیری لە دەرەوەی ئەو بزووتنەوە دابێت نەك لە ناوی دابێت.

١٣٣. ماناکەی: "با بچین تۆپەدەستانێ بکەین." تۆپەدەستانێ یارییەکە لە یاری سەبەتە و بالە جودایە.

ستیڤن کە دەنگە زڕەکەی ماك ئالیستەری ناسیەوە ڕووی نەکردە ئەو ئاراستەیەی کە دەنگەکەی لێوە هات. کرێنلی بەسەنگینیەوە پاڵی بە جەنجاڵی یەکەوە دەنا و پیلی ستیڤن و تێمپڵی گرتبوو و وەك قەشەیەك بوو کە ئەو دووە بەرەو قوربانگە بەرێت.

تێمپڵ بە تاسەوە خۆی بەرەو سینگی کرێنلی چەماندەوە گوتی:

- ئەرێ بیستت ماك ئالیستەر چی گوت؟ ئەو گەنجە ئێرەیی یت پێ دەبات، خۆ دیتت؟ مەرجت لەگەڵ دەکەم کرێنلی ئەوەی نەبیست. بەڵام من بینیم و دەستبەجێ لە مەبەستی گەیشتم، سوێند بە دۆژە.

هەرکە چوونە هۆڵەکەی ناوەوە، راگری لێکۆڵینەوەکان خەریکی خۆقورتارکردن بوو لە دەست ئەو قوتابیانەی گفتوگۆیان لەگەڵ دەکرد. لەسەر دوا پایەی پەیژەکە وەستا بوو پێ یەکی لەسەر پایەی پێش دوایی بوو، زۆر جار سەری دەلەقاندەوە و دووبارەی دەکردەوە.

- ئەوە گومانی تێدا نی یە، مستەر هاکێت! زۆر باشە، ئەوە گومانی تێدا نی یە.

لە ناوەراستی هۆڵەکەدا چاودێری کۆمەڵەی کۆلیج بە دەنگێکی نەرمی خەماوی پڕ لە جەرگسۆزی لەگەڵ قوتابیەکی بەشی ناوخۆیی دەدوا. لەکاتی قسەکردندا ناوچەوانی زیپکەداری گرژ دەکردەوە، هەر رستە نا ڕستەیەك، قەپێکی لە پێنوسە ئێسکنە باریکەکەی دەگرت.

- هیوادارم هەموو قوتابیە وەرگیراوەکان بێن. لە قوتابیانی پۆلی یەکەمی وێژەیی دڵنیاین. پۆلی دووەمیش هەروا. بەڵام دەبێ لە قوتابیە نوێیەکان دڵنیا بین.

تێمپڵ هەمدیس خۆی بەڕووی کرێنلی دا چەماندەوە هەرکە لە دەرگاکەوە دەچوونە دەرێ، بە چرپەیەکی لەسەرخۆوە گوتی:

- دەزانی ئەو ژنداره؟ خۆ پێش ئەوەی ببێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە ئەو ژنی هێنا بوو. ژن و منداڵەکانی لە شوێنێکن. سوێند بە دۆژە ئەوە سەیرترین شتە کە دەبیستم؟ ها؟

ئەو چرپەیەی بە پێکەنینێکی بە قاقای پڕ ئاین و ئۆین کۆتایی پێ هات. هەرکە لەبەر دەرگاکە بوون کرێنلی تووند قرتقرتۆکی گرت و دەیهێنا و دەیبرد و گوتی:

- هەی گەوجەی ئاگری بنکایێ! سوێند بە پەڕتووکی پیرۆز دەخۆم کە لە هەموو جیهان مەیمونێکی لە تۆ چەپەڵ و پیستر نی یە!

تێمپڵ بە فرۆفێڵ و تەڵەکەبازی یەوە خۆی لە چنگی رادەتەکاند، هێشتاش هەر بەدزی پێدەکەنی، کە کرێنلی بە بێ تامی وشەکانی دووبارە دەکردەوە لەگەڵ هەر جارە راوەشاندنێکی تێمپڵ:



- هەی گەوج، هەی ئاگری بنکایێ!

هەردووکیان پێکەوە لە باخچە پڕ گژ و گیایەکە تێ پەڕین. سەرۆکی کۆلیج کە خۆی لە عەبایەکی ئەستووری شۆڕ لوولدا بوو، لەسەر رێچکەیەکەوە بەرەو روویان دەهات، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی دەچوو. پێش ئەوەی وەربچەرخێ لە سەر رێچکەکە وەستا و چاوی بڵند کرد. قوتابیەکان سلاویان لێ ی کرد، تێمپل وەك جاران دەستی بە تەپڵەسەری شەپقەکەی داهێنا. ئینجا بە بێ دەنگی یەوە بەرەو پێش چوون. هەرکە لە ڕاڕەوێکەوە نزیك کەوتنەوە ستیڤن گوێ ی لە شریخەی دەنگی دەستی یاریکەران بوو، دەنگی شووت لە تۆپ هەڵدان و لەگەڵ هەر شووتێکیش دەنگی دێڤین بە شڵەژاوی بەرز دەبۆوە.

هەر سێ قوتابیەکە لەدەوری ئەو سندووقە ڕاوەستان کە دێڤین لەسەری دانیشتبوو تا یاریەکە ببینێ. تێمپل پاش چەند تاوێك چووە تەنیشت ستیڤن و گوتی:

- ببورە، دەمەوێ لێت بپرسم ئایا تۆ باوەڕت وایە (جان جاك رۆسۆ) مرۆڤێکی پاك و دڵسۆز بوو؟

ستیڤن یەکسەر پێکەنی. کرێنلی پارچە شەپکەی بەرمیلێکی دارینی لەسەر گیاکەی بن پێ ی هەڵگرتەوە و بە خێرایی و تووڕەیی یەوە پێ ی گوت:

- تێمپل، سوێند بە خودای زیندوو دەخۆم ئەگەر وشەیەکی دیت لە زار دەرچێ، بەرامبەر هەر کەسێکی تر و دەربارەی هەر بابەتیکی تر دەتکوژم: super spottum[١٣٤]

ستیڤن گوتی: وابزانم ئەو وەك تۆ پیاوێکی سۆزاوی بوو.

کرێنلی بە زەق و زۆپی گوتی: خوا لە ناودەمت بدات، نەفرەتی خوات لێ بێت! هەر قسەی لەگەڵ مەکە، کە لەگەڵی دەدوێ ی وابزانە لەگەڵ قەعدەیەکی پڕ ئاگر دەدوێ ی. تێمپل، بۆ خاتری خوا بڕۆوە ماڵێ.

تێمپل هەرکە لەمەودای شەپکەدارەکە دوورکەوتەوە، نیشانەی بۆ ستیڤن دەکرد و وەڵامی کرێنلی دەدایەوە:

- هەرگیز گوێت پێ نادەم، کرێنلی. ستیڤن کەسێکی ئەو دانیشتگایەیە کە خاوەنی مێشکێکی تاقانە بێت.

کرێنلی هاواری کرد: دانیشگا! تاقانە! بڕۆ ماڵەوە، هەی خوا لە ناودەمت بدات لەبەر ئەوەی تۆ مرۆڤێکی بێ ئۆمێدی چەپەڵی.

١٣٤. واتە: (هەر بەم دەم و دەستە.)

تێمپڵ گوتی: من مرۆڤێکی سۆزاویم. ئای لەو قسەیە چەند راستە. من زۆر شانازی بەو سۆزاویەتیەی خۆم دەکەم.

لەدالانەکە دوور دەکەوتەوە و بەدزیەوە بزەی دەهاتێ. کرێنلی بە دەم و چاوێکی سارد و سڕ تەماشای دەکرد و گوتی:

- تەماشای بکە! تەماشا! توخوا تا ئێستا مرۆڤێکی وا دەبەنگت دیوە؟

ئەم قسەیەی بە پێکەنینێکی سەیر دەم خۆشانەی لێکرا لەلایەن ئەو قوتابییەی کە پشتی دابووە دیوارەکە و شەپقەکەشی لار کردبۆوە سەرچاوەکانی. ئەو پێکەنینە گەیشتە ئەوپەڕی بەرزی و لە لاشەیەکی وا نێرانە دەرچوو کە هەر لە دەنگی فیل دەچوو. قوتابییەکە لەگەڵ پێکەنین هەر لە تووکی سەری تا نینۆکی پێ ی دەهەژایەوە. جا بۆ ئەوەی خۆی هێور بکاتەوە هەردوو دەستەکانی بە کەیف لە قۆرتی رانی دەخشاند. کرێنلی گوتی:

- (لینچ) واگاهاتەوە.

لینچ وەك وەڵامدانەوە، خۆی قیت کردەوە و سینگی دەرپەڕاند. ستیڤن گوتی:

- لینچ وەك رەخنەگرتن لە ژیان سینگی خۆی دەردەپەڕێنێ.

لینچ کوڵەمستێکی قایمی لە سینگی خۆی دا و گوتی:

- کێ شتێکی لە دڵدایە دەربارەی تەنگەم با بیڵێ؟

کرێنلی ئەو قسەیەی بەڕاست وەرگرت و بەربوونە گیانی یەکتری. کاتێك دەم و چاویان سوور هەڵگەڕا لە یەك جیا بوونەوە و هەناسەبڕکێ یان پێ کەوتبوو. ستیڤن خۆی بۆ لای دێڤین چەماندەوە، کە لەناو یاریەکە نقووم ببوو و گوێ ی بە قسەی ئەوانی تر نەدەدا، لە دێڤینی پرسی:

- دەبی قازە گچکە کەویەکەم چۆن بێ؟ ئەویش ئیمزای کرد یا نەء؟

دێڤین سەری لە قاندەوە و گوتی: ئەدی ئەتوو، ستیڤی؟

ستیڤن سەری نەکردنی بۆ بادا.

دێڤین قەلنە کورتەکەی لە دەم دەرهێنا و گوتی:

- ستیڤی، تۆ مرۆڤێکی سامناکی، هەمیشە تەنیای.

ستیڤن گوتی: بڵێ کەواتە تۆش سکالانامەی ئاشتی جیهانیت ئیمزا کرد، بۆیە وا باوەڕ دەکەم کە دەبێ ئەو کتێبە گچکەیەی لە لام دیتی بسوتێنیت.

کاتێك دێڤین وەڵامی نەدایەوە، ستیڤن چەند دێڕێکی کتێبەکەی بۆی گوت.



- هەنگاو هەڵێنە، فییانا! بۆ لای راست وەرچەرخێ، فییانا، بە ژمارە سەڵاو بکە؛ یەك... دوو! [١٣٥]

دێڤین گوتی: ئەوە مەسەلەیەکی ترە. من یەکەم جار و پێش هەموو شتێك نەتەوەپەرستێکی ئێرلەندیم. بەڵام تۆ وانێت. ستیڤی، تۆ هەر بە گاڵتەجاڕی لە دایك بوویت.

ستیڤن گوتی: ئەگەر جارێکی تر یاخی بوویت و ئاشووبت نایەوە پێویستت بە پەیامنێرێکی زۆر گرنگ بوو، پێم بڵێ، تا هەندێکی وات لە کۆلێج بۆ بدۆزمەوە.

دێڤین گوتی: من لە مەبەستت تێ ناگەم. جارێك تۆ دژ بە ئەدەبی ئینگلیزی قسان دەکەیت. ئێستاش دژ بە پەیامنێرە ئێرلەندی یەکان دەدوێ ی.... ئەدی ناو و بیرەکانت چی یان لێ هات.... ئەرێ بە ڕاست تۆ ئێرلەندیت؟

ستیڤن گوتی: وەرە با بچینە فەرمانگەی سەربازی با سەرجەلەی بنەماڵەکەمت پیشان بدەم.

دێڤین گوتی: کەواتە ببە یەکێك لە ئێمە. بۆ خۆت فێری زمانی ئێرلەندی ناکەیت؟ بۆچی هەر دوای یەکەم وانە ریزی کۆمەڵەکەمانت جێ هێشت؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە: تۆ خۆت دەزانیت بۆ.

دێڤین سەری خۆی ڕاوەشاند و پێکەنی و گوتی: ئۆه، دە ئێستا وەرە ستیڤن. ئایا لەبەر خانمەکە و باوکە مۆران بوو وات کرد؟ بەڵام ئەوانە هەموو خەیاڵاتی مێشکی تۆ بوون، ستیڤی. ئەوان بە بێ نیاز قسەیان دەکرد و پێ دەکەنین.

ستیڤن دەمێك داما و پاشان دەستێکی هاوڕێ یانەی دانا سەرشانی و گوتی:

- لەبیرت ماوە کەی ئێمە یەکترمان ناسی؟ ئەو بەیانیەی لێت پرسیم ژووری قوتابیە تازەوەگیراوەکان لە کوێ یە. برگەی یەکەمین وشەت زۆر بە قورسی گوت. لەبیرتە؟ پاشان خووت بەوەوە گرتبوو کە جێزۆێتی ی یەکان بە باوکە بانگ بکەیت، لەبیرتە؟ پاشان لە خۆم پرسی: دەبێ ئەو قوتابیە وەکو قسەکانی ساویلکە و بەسەزمان بێت؟

دێڤین گوتی: خۆت دەزانی کە من مرۆڤێکی سافیلەکەم. سوێند بە خوا ستیڤی ئەو شەوەی کە لە شەقامی (هارکۆرت) دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆتت بۆ باس کردم، سوێندت لەسەرم نی یە نەمتوانی شام بکەم. ئەوەندە پێ ی تێك چووم و زۆربەی ئەو شەوە خەو نەدەچووە چاوم. بۆ ئەو شتانەت بۆ باس کردم؟

---

١٣٥. ستیڤن ئەم وشانەی لە کتێبێکی نهێنی مەشقکردنی کۆمەڵەی (فینیان)ی ئێرلەندی بۆ دێنێتەوە، ئەم کۆمەڵەیە قەدەغە بوو و دەیەویست کۆماری ئێرلەندی بە زەبری چەك دابمەزرێنێت.

(فییانا: بەزمانی گێیلی کە زمانی رەسەنی ئێرلەندیەکانە لەجیاتی فینیانە.)

ستیڤن گوتی: زۆر سوپاس. مەبەستت وایە بلّێ ی من دیۆ و درنجم.

دیڤین گوتی: نەخێر، بەلاّم خۆزیا هەر بۆت باس نەکردبام.

لەژێر ئەو هاورێ یەتی هێمنەی ستیڤن تەوژمێك خەریکی شەپۆل هێنان بوو. ئینجا گوتی:

- ئەو نەتەوەیە و ئەم خاکە و ئەم ژیانە منی خولّقاندووە، جا بۆیە چۆن بمەوێ ئاوا راستەقینەی خۆم دەردەبڕم.

دیڤین گوتی: هەولّ بدە ببیتە یەکێك لە ئێمە. تۆ لە ناخی دلّتەوە ئێرلەندیت، بەلاّم لە خۆ بایی بوونەکەت یەگجار بەهێزە.

ستیڤن گوتی: باپیرانی من زمانی خۆیان فرێ داوە و یەکێکی دیکە یان لە جێ ی ئەو بەکارهێناوە. هەر ئەوان خۆیان رێ یان بە مشتێ بێگانە دا ملیان پێ ی کەچ بکەن. ئایا تۆ وا دەزانی کە من ژیان و کەسیتێ خۆم لەجیاتی قەرزی ئەوان دەدەمەوە؟ لەپیناوی چی دا؟

دیڤین گوتی: لەپێناوی ئازادیمان دا.

ستیڤن گوتی: هیچ کەسێکی دلّسۆز و بەرێز ژیان و نەوجەوانی و خۆشەویستی خۆی نەکردۆتە قوربانی ئەو رێ یە هەر لە سەردەمی (تون)* ەوە بگرە تا دەگاتە (پارنێلّ). بەلاّم هەر ئێوە بوون فرۆشتتانە دوژمن و رووخاندتان، لەوکاتەی پێویستی پێتان بوو فرێتاندا و ناپاکیتان لەگەلّ کرد و وازتان لێ هێنا و پشتی یەکێکی ترتان گرت. ئێستا داوام لێ دەکەن ببمە یەکێك لە ئێوە. کەچی من پێم خۆشە لە قوڕ بچنە خوار.

دیڤین گوتی: ستیڤن ئەوان لە پێناوی بیرە بەرزەکانیان سەری خۆیان بەخشی. باوەڕم پێ بکە، ستیڤی، رۆژی ئێمەش هەر دادێت.

ستیڤن کە لە بیرەکانی خۆی وردبۆوە تاوێك بێ دەنگ بوو. پاشان بە لێلّ و وێلّێ گوتی:

- رۆح یەکەم جار لەو تافانەی پێم گوتی لە دایك دەبێت. بەشێوەیەکی زۆر هێواش و شاراوە دێتە دنیا کە زۆر ڕازاویترە لە هاتنە دنیای جەستە. بەلاّم کە رۆحی مرۆڤێك لەم ولاّتە لە دایك دەبێت چەندین تۆڕی بە سەردا هەلّدەدرێ تا لە هەلّفرین بەربەستی بکات. تۆ بۆ من دێیت باسی نەتەوەپەرستی و زمان و ئایین دەکەیت. کەچی من هەولّ دەدەم لەو تۆڕانە رزگار ببم.

* وۆلف تۆن (١٧٦٣- ١٧٩٨) نەتەوە پەرستێکی ئێرلەندی بوو کە هەولّی دەدا یارمەتی پلانی داگیرکردنی ئێرلەندا لەلایەن فەرەنساوە بدات و لە سالّی ١٧٩٨ گیرا و لە زیندان خۆی کوشت.



دیڤین سۆتەکی ناو قەلّنەکەی داکوتا و گوتی:

- تۆ زۆر قوولّ بە ناو ئەو مەسەلەیەدا دەچیتە خوار، ستیڤی. بەلاّم ولاّتی مرۆڤ پێش هەموو شتێك دێت. ستیڤی، ئێرلەندە لە پێش هەموو شتێکە، پاشان کەیفی خۆتە دەبیتە شاعیر یا کەسێکی صوفی.

ستیڤن بە ساردی پرسی: تۆ دەزانی ئێرلەندە چی یە؟ ئێرلەندە پیرەبەرازێکە کە بێچوەکانی خۆی دەخوات.

دیڤین لە سەر سندووقە کە هەلّسا و بەرەو ڕووی یاریکەرەکان چوو و بەدلّتەنگی یەوە سەری بادەدا. بەلاّم تاوێك پاشتر ئەو دلّتەنگی یەی نەما و بە گەرمی گفتوگۆی لەگەلّ کرێنلی و دوو یاریکەرەکەی تر دەکرد کە لە گەمە کردن ببوونەوە. یاریەکیان ڕێك خست کە چوار قۆلّی بێ، کرێنلی لەسەر ئەوە رشت بوو کە دەبێ تۆپی ئەو بەکار بێنن. دوو سێ جار هەلّی دەدا و دەیگرتەوە، پاشان بەتین و تیژی یەوە بۆ ناوەندی دالاّنەکە تووڕی دا وەك بلّێ ی وەلاّمی تێ هەلّدانەکە بداتەوە، هاواری کرد:

- بە رۆحی تۆ!

ستیڤن لەگەلّ لینچ راوەستا تا گۆل کردن بەرەو زۆری چوو، پاشان قۆلی جلکەکەی راکێشا تا برۆن. لینچ بە گوێڕایەلّیەوە گوتی:

- با لێرە برۆین هەروەك کرێنلی پێ ی خۆشە.

ستیڤن بەو لە قەبرغەدانە بزەیەکی هاتێ.

بەناو باخەکەدا بەرەودوا گەڕانەوە و بەناو ئەو هۆلّەدا تێپەڕین کە دەرگاوانێکی لەرزەك راگەیاندنێکی هەلّدەواسی. لەسەر دوا پایەی پەیژەکە وەستان و ستیڤن جگەرەیەکی لە بەرکی دەرهێنا و یەکێکی پێشکەش هاوڕێکەی کرد ئینجا گوتی:

- دەزانم تۆ هەژاریت.

لینچ گوتی: هەی نەفرەت لەو جوێنە رەنگ زەردەت بدات.

دووەم بەلّگەی رۆشنبیری لینچ وای لە ستیڤن کرد دیسان بزە بیگری. پاشان گوتی:

- ئا ئەوە رۆژی مەزنی کەلەپووری ئەوروپی یە کە تۆ نفرین بە رەنگی زەرد دەکەیت.

جگەرەکانیان داگیرساند و بەلای دەستە ڕاست بایاندایەوە. پاش کەمێك بێ دەنگی، ستیڤن هەلّی دایێ:

- ئەرستۆ پێناسەی بەزەیی و تۆقینی نەکردووە. بەلاّم من پێناسی دەکەم و دەلّێم.....

لینچ وەستا و بەڕەمەکی گوتی:
- بوەستە! توانای گوێگرتنم نی یە! نەساغم! دوێنی شەوم بە خواردنەوەی مەی زەرد لەگەڵ (هۆران) و (گۆگینز) بەسەربرد.

ستیڤن بەردەوام بوو:

- بەزەیی هەستێکە کە مێشکی مرۆڤ دادەگرێ لە بەردەم هەر شتێکی سەنگین و هەمیشەیی لە ئازار و ئەشکەنجەی مرۆڤایەتی و ئەو هەستەش بەو مرۆڤەوە گرێ دەدا کە ئازار دەکێشێت. بەڵام تۆقین هەستێکە کە باڵ بە سەر مێشکی مرۆڤ دادەگرێ لەکاتی بوونی هەر شتێکی سەنگین و بەردەوام لە ئازار و ئەشکەنجەی مرۆڤایەتی و ئەوەش دەبەستێتەوە بە هۆیەکی نادیار و بزر.

لینج گوتی: دووبارەی بکەوە.

ستیڤن لەسەرخۆ پێناسەکەی بۆ دووبارە کردەوە. ئینجا بەردەوام بوو:

- چەند رۆژێك لەمەوبەر کیژێك لە (لەندەن) سواری پەیتوونێك بوو. چاوە چاوەی ئەوەی بوو دایکی خۆی ببینێ کە چەند ساڵێك بوو نەیدیتبوو. لە سووچی شەقامێکدا لۆریەك خۆی لە پەنجەرەی پەیتوونەکەدا، جامی پەنجەرەکە هەلا بە هەلا بوو، پارچەی وەکو دەمی چەقۆی لێ هات. پارچەیەکی درێژ و باریکی شوشە شکاوەکە لە ناو دڵی کیژەکە چەقی. هەر دەستبەجێ کیژەکە مرد. پەیامنێرێك ئەو رووداوەی بە مەرگێکی تراژیدی دانا. بەڵام راستی یەکەی وا نییە. چونکی بە پێ ی پێناسەی من نە بەزەیی و نە تۆقینی تیابوو.

- ئەوەی راستی بێ، سۆزی تراژیدی روویەکە دوو لایەنی هەیە، لایەنی تۆقین و لایەنی بەزەیی، کە هەردووکیان رووخساری ئەون. تۆ بینیت کە وشەی (دادەگرێ)م لە پێناسەکەم بەکارهێنا. مەبەستم وایە کە بڵێم سۆزی تراژیدی، یا باشتر وایە بڵێم سۆزی دراماتیکی سۆزێکی مەنگە(static)، کەچی ئەو هەستانەی کە هونەرە ناڕەسەنەکان دەیورژێنن سۆزێکی بزۆکن (kinetic)، چونکی یان ئارەزوو یان رق و کینە دەبزوێنن. ئارەزوو هانمان دەدات شتێك دەستگیر بکەین، یان بە شتێك بگەین، بەڵام رق و کینە هانمان دەدەن کە واز لە شتێك بێنین یان لێ ی دوور بکەوینەوە. جا ئەو هونەرانەی کە هەستمان دەورژێنن، چ هونەری رووتپەرستی[١٣٦] بن، یا فێرکاری بن، ئەوانە هونەری ناڕەسەنن. ئەوەی ڕاستی بێت، سۆزی

١٣٦. مەبەست لە هونەری رووتپەرستی هەموو ئەو هونەرانەیە کە مامەڵە لەگەڵ سێکس و هەوەسبازی دەکەن بۆ مەبەستێکی بازرگانی نەوەك مرۆڤایەتی. (pornographical arts).



جوانناسی (لێرە زاراوە گشتی یەکەم بەکارهێنا) سۆزێکی مەنگە. چونکی مێشکی مرۆڤ دادەگرێ و لە هەستی ئارەزوو یان کینە بەرزتری دەکاتەوە.

لینچ گوتی: تۆ گوتت هونەر دەبێ ئارەزوو نەورژێنێت. من پێم گوتیت رۆژێکیان لە مۆزەخانە ناوی خۆم بە خامەی رەش لەسەر پشتی پەیکەری ڤینۆسی پەرەکسیتیلس نووسی. ئەدی ئەوە ئارەزوو بزوان نی یە؟

ستیڤن گوتی: من دەربارەی سروشتە ئاسایی یەکان دەدوێم. ئەدی هەر خۆت پێت نەگوتم کە منداڵ بوویت و لەو خوێندنگا ئایینی یە سەیرە بوویت چەند پارچە ریخی مانگات خوارد.

لینچ دیسان دایە قاقای پێکەنین و هەمدیس هەردوو دەستی خۆی لە خالیگەی دەخشاند بەڵام بە بێ ئەوەی دەستەکانی لە گیرفان دەربێنێ هاواری دەکرد:

- بەلێ وام کرد! وام کرد!

ستیڤن رووی کردە هاوڕێکەی و بە ئازایی یەوە بۆ تاوێك روانیە دوڕ چاوانی. لینج هەرکە هێور بۆوە بە چاوە ساویلکەکانی وەڵامی تێ ڕامانەکەی داوە. کاپێلکە باریکە درێژکۆڵەکەی ژێر کڵاوە درێژە نووکتیژەکەی وەکو خشۆکە سەر بە پۆپیتەکان دەهاتە پێش چاوی ستیڤن. تروسکە و تێڕامانی چاوەکانیشی هەروا خشۆك ئاسا بوون. کەچی لەو تاوەدا، تێڕامانیان ساویلکە و هوشیارانە بوو، نوختەیەکی گچکەی مرۆڤانە دەیدرەوشاندنەوە کە ئەمانە دەلاقەی گیانێکی ژاکاو بوون کە تووڕە و توونڕ و پڕ لە ناسۆری بوون.

ستیڤن (بەڕێزێکی) ناو کەوانەوە گوتی:

- خۆ ئەگەر بێینە سەر ڕاستی، هەموومان گیانەوەرین. منیش هەروا گیانەوەرم.

لینچ گوتی: تۆش!

ستیڤن بەردەوام بوو:

- بەڵام ئێمە ئێستا لە جیهانی بیردا دەژین. ئەو ئارەزوو و رق و کینەیەی کە هۆ ئیستاتیکی یە ناڕەسەنەکان دەیورژێنن، بەراستی ئەوانە سۆزی ئیستاتیکی نین نەك تەنیا لەبەر ئەوەی هەستی بزۆکن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانە لە هەستی جەستەیی پتر نین. جەستەمان گرژ دەبێتەوە لە بەرامبەر ئەو شتانەی لێ یان دەترسێ و لە بەرامبەر ئەو هاندەرانەی ئارەزووی لێیانە دێتە وەڵام بە هۆی کرداری نواندنەوەی (فعل شرطی) دەزگای دەماری. بۆ نمونە، پێڵوی چاومان قەپات دەبێ بەر لەوەی ئاگامان لەوە بێت کە مێشك دەیەوێ بچێتە ناو چاومان.

لینچ بە ڕەخنە لێ گرتنەوە گوتی: بەڵام هەمیشە وانی یە.

ستیڤن گوتی: جەستەت بە هەمان شێوە وەڵامی هاندەرەکەی دەداتەوە کە پەیکەرێکی ڕووت دەبینێ، بەڵام من بەساکاری دەڵێم ئەوە بریتی یە لە کرداری نواندنەوەی ئەو دەمارانە. کەچی ئەو جوانی یەی کە هونەرمەندێك دەیخولقێنی بە هیچ چەشنێك ناتوانێ سۆزیکی (بزۆك) یان هەستێکی تەواو جەستەیمان لەلا بورژێنی. ئەو چەشنە هونەرە (مەنگی)یەکی ئیستاتیکی کە بریتی یە لە بەزەیی یا تۆقێنێکی باڵا، واگادێنی یا پێویستە واگابێنی، دەرەخسێنێ یان پێویستە بیرەخسێنێ. جا ئەو چەشنە مەنگی یە خولقێنراوە درێژەی پێ دەدرێ و لەئاکامدا لەناو ڕەوتی جوانی دا دەتوێتەوە.

لینچ گوتی: پێم ناڵێ ی ڕاستەو ڕاست ئەو ڕەوتە چی یە؟

ستیڤن گوتی: ڕەوت بریتی یە لە یەکەمین پەیوەندی ڕێك و پێکی ئیستاتیکی کە بەشێك بە بەشێکی تری ئیستاتیکی یە گشتی یەکە دەبەستێتەوە، یاخود بریتی یە لە پەیوەندی ئیستاتیکی یە گشتی یەکە بە بەشێکی یا بەشەکانی یەوە، یان بریتی یە لە پەیوەندی بەشێك بە ئیستاتیکی یە گشتی یەکەوە کە ئەو بە خۆی بەشێکیتی.

لینچ گوتی: ئەگەر ئەوە ڕەوت بێت، پێم ناڵێ ی جوانی چی یە. بەڵام تکات لێ دەکەم ئەوەت لەبیر بێت هەرچەندە ڕۆژیکیان من پارچەیەك ڕیخم خوارد بەڵام من دڵم لە جوانی بەولاوە هیچ ناگرێ.

ستیڤن کڵاوەکەی وەك نیشانەی پێشوازی کردن بەرزکردەوە پاشان کەمێك سوور بۆوە، دەستی خستە سەر قۆڵە ئەستوورەکەی چاکێتە خیوەتەکەی لینچ و گوتی:

- ئێمە ڕاستین و خەڵکی دی هەڵەن. هونەر بریتی یە لە باسکردنی ئەم جۆرە شتانە و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە سروشتیان، جا هەرکە لێ یان تێگەیشتین، با بەشێنەیی و ساکاری و بەردەوامی ئەو وێنانە بدرکێنین، ئێنجا لەناو ئەو زەمینە بێ سەروبەرەدا هەوڵ بدەین لە ڕوخسارەکانی هونەر کە بریتین لە دەنگ و شێوە- کە دەرگای زیندانی ڕۆحمانن- وێنەیەکی ئەو جوانی یە دەربڕین و بیخولقێنین.

گەیشتنە لای پردی جۆبارەکە، لە ڕێگاکە لایاندا و بەتەك دارەکانەوە لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون. تیشکێکی بۆری خاو لە ناو ئاوە مەنگەکەدا دەشکایەوە، بۆنی لقە دارە وشکەکانی ژوور سەریان، وایێ دەچوو لەگەڵ ڕێڕەوی بیرکردنەوەی ستیڤن لە شەڕدا بن.

لینچ گوتی:

- بەڵام تۆ وەڵامی پرسیارەکەمت نەدایەوە. هونەر چی یە؟ هەروا ئەو جوانی یە چی یە کە هونەر دەری دەبڕێت؟



ستیڤن گوتی:

- ئەوە یەکەم پێناسە بوو کە بۆم کردیت هەی داماوی خەواڵوو، وەختی لەگەڵ خۆم کەوتبوومە گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە. ئەرێ ئەو شەوەت لەبیر ماوە کە کرێنلی تەواو تێك چوو بوو و کەوتبووە باسکردنی گۆشت بەرازی (ویکلۆ).

لینچ گوتی: بەڵێ لە بیرمە، کە دەربارەی ئەو بەرازە بە دە ئاگرینانەی بۆ باس کردین.

ستیڤن گوتی: هونەر بریتی یە لە توانای ڕێکخستنی مرۆڤ بۆ مادە هەست پێ کراو و بیر لێ کراوەکان لە پێناو مەبەستێکی ئیستاتیکی دا. بەرازەکانت لە بیرماوە کەچی ئەوانەت لەبیر دەچێتەوە.

تۆ و کرێنلی دوو هاوڕێ ی دڵتەنگ کەرن.

لینچ دەم و چاوی خۆی لە ئاسمانە بۆرە خاوەکەدا مڕ و مۆچکردەوە و گوتی:

- مادام دەتەوێ گوێ لە فەلسەفەی ئیستاتیکیت بگرم، هەر هیچ نەبێ جگەرەیەکم بدەرێ. من نە گوێ بەمە و نە گوێ بە ئافرەت دەدەم. نەفرەت لە تۆ و لە خڕ شتێك. من دەمەوێ ئیشێکی وا ببینمەوە کە سالێ پێنج سەد جونەیهێکم پێ ببرێ. تۆ ناتوانی ئیشێکی وام بۆ بدۆزیتەوە.

ستیڤن پاکێتە جگەرەکەی دایێ. لینچ دوا جگەرەی برد کە تیای مابوو و بە ساکاری گوتی:

- بەردەوام بە!

ستیڤن گوتی: ئەکوینەس دەڵێ: ((ئەو شتە جوانە کە بە تێگەیشتنی دڵخۆش دەبیت)).

لینچ سەری بۆ لەقاندەوە. ستیڤن گوتی:

- ئا بە بیرم هاتەوە کە دەڵێ: Pulcra sunt quae visa placent[137]

ستیڤن گوتی:

- ئەکوینەس وشەی (visa)ی بە مانای جۆرە هەست پێکردنێکی ئیستاتیکی بەکار دێنێ. جا ئەوە لە ڕێگای بینین یا بیستن یان هەر ڕێگایەکی دیکەی هەست پێکردن بێت. وشەکە، هەرچەند ئالۆزیشە، بەڵام بای ئەوەندە ئاشکرا و ڕوونە کە چاکە و خراپە لە خۆی بە دوور بگرێ کە ئەو دووانە دەبنە هۆی ورژاندنی ئارەزوو و ڕق و کینە. بەدڵنیایی یەوە ئەو وشەیە مەبەستی مەنگی یە نەوەك بزۆکی. ئەدی چی بڵێین دەربارەی ڕاستی؟ ئەویش هەروەها مەنگی یەك لە مێشك دروست دەکات و وات لێ دەکات ناوی خۆت بە خامەی ڕەش لە سەر ژێ ی سێ گوشەی قیت بنوسیت.

---

١٣٧. واتە: ((جوانی ئەوەیە کە چاو حەز بە دیتنی بکات))

لینچ گوتی: نەخێر، بەڵام کوا ژێ لە پەیکەری ڤینۆسی پراکسیتیللس دا هەیە.

ستیڤن گوتی: هەربۆیەش سۆزەکە مەنگە. وا بزانم ئەفلاتوونە دەڵێ جوانی تیشکی راستی یە. من وابیر دەکەمەوە ئەوە لەو مانایە پتر نابەخشێت کە راستی و جوانی هاوتای یەکترن. مرۆڤ بە هۆی بیرەوە پەی بە راستی دەبات کە ئەویش بە هۆی پەیوەندی یە هەرە بڕواپێهێنەرەکانی تێگەیشتن دامرکاوەتەوە؛ کەچی هەرچی جوانی یە ئەندێشەی مرۆڤ پەی پێ دەبات کە ئەویش لە رێ ی پەیوەندی یە هەرە بڕوا پێ هێنەرەکانی شتە هەست پێ کراوەکان دامرکاوەتەوە. یەکەم هەنگاو بەرەو راستی ئەوەیە دەبێ لە مەودا و چوارچێوەی بیر بگەین، کەواتە دەبێ لە کرداری بیرکردنەوە و هرزکردن بگەین. هەموو ڕێرەوی فەلسەفەی ئەرستۆ لەسەر کتێبی سایکۆلۆژیەکەی دەوەستێت، کە ئەویش، من واتێ دەگەم، دەوەستێتە سەر ئەو قسەیەی کە دەڵێت ناتوانرێت هەمان ئاکار لە هەمان کات و هەمان شوێندا لەمەر هەمان بابەت بێ و لەمەڕیشی نەبێت.[138] خۆ یەکەم هەنگاویش بەرەو راستی ئەوەیە کە دەبێ لەمەودا و چوارچێوەی ئەندێشە بگەیت؛ تا لە کرداری تێگەیشتنی ئیستاتیکی بگەیت. ئایا ئەوەت لەلا روونە؟

لینچ بە بێ ئارام گرتنەوە گوتی: بەڵام جوانی چیە؟ پێناسەیەکی تری بکە. شتێك کە دەیبینین و حەزی لێ دەکەین! تۆ و ئەکوینەسیسش لەوە چاکتر نازانن؟

ستیڤن گوتی: با ئافرەت وەك نمونە وەربگرین.

لینچ بەگەرمی یەوە گوتی: دەبا وەری بگرین!

ستیڤن گوتی:

– گریك، تورك، چینی، قیبتی[139]، هۆتنتۆت، هەریەکەیان بە تەرزە جوانییەکی مێینە دڵگیرن. ئەوەش وەك ونگەیەك دەردەکەوێت کە ناتوانین لێ رزگار ببین. لەگەڵ ئەوەش دا من دوو رێگای دەرچوون لەو ونگەیە پێ دەزانم. یەکەمیان ئەو گریمانەیەیە: کە هەر ئەدگارێکی جەستەیی ئافرەت کە پیاو پێ یەوە دڵگیر بێت پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە فرمانە هەمە چەشنەکەی

138. بەو قسەیەی ستیڤن دەدەکەوێت کە ئەرستۆ لەو قسەیەی دا بەڕووی فەیلەسوفە دیالیکتیکیەکانی یۆنان رادەوەستێ کە بڕوایان بە جوولەی مادە و یەکێتی دژەکان هەبوو. هەروا بەو قسەیەی دەردەکەوی کە فڕ بڕوای بە قسەکەی هیراکلیتس نەبووە کە دەڵێ: ((ناتوانێت لە هەمان رووباردا دووجار مەلە بکەیت))

139. قیبتی: نەتەوە دێرینەکانی میسر.



ئافرەت دەربارەی پەرەسەندنی چەشنەوە[140] هەیە. لەگوینە ئەم گریمانەیە راست بێت. لینچ، وا پێ دەچێ، تەنانەت دنیا لەوەش ترسناکتر بێت کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. من لەلای خۆمەوە دڵم بەو گریمانەیە ئاو ناخواتەوە چونکە ئەو رێ یە بەرەو لای زانستی چاککردنی وەچەمان دەبات نەوەك جوانناسی. ئەو رێ یە لە ونگەکەوە بەرەو وانەخانەیەکی زرقی نوێت دەبات کە (ماك کان)ی لێ دانیشتووە و دەستێکی داناوەتە سەر کتێبی (سەرچاوەی چەشنەکان)[141] و دەستەکەی دیشی لە سەر کتێبی (مزگێنی نوێ)[142] داناوە. ئینجا پێت دەڵێت، تۆ بۆیە بە ناوقەدە پڕەکەی ڤینۆس دڵگیری چونکە وا هەست دەکەیت ئەو دەتوانێت نەوەیەکی کەتەت بۆ بهێنێتە دنیاوە، بۆیەش بە مەمکە گەورەکانی دڵگیریت چونکە وا هەست دەکەیت ئەو دەتوانێت شیرێکی چاك بداتە منداڵەکانت.

لینچ بە چوستی گوتی: کەواتە (ماك کان) درۆزنێکی نەقۆڵای چەپەڵە.

ستیڤن بەپێکەنینەوە گوتی: هێشتا رێگایەکی تریش ماوە بۆ رزگار بوون لەم ونگەیە.

لینچ گوتی: بۆ نمونە؟

ستیڤن دەستی پێ کردەوە: ئەو گریمانەیەیە.....

لۆریەکی درێژی پڕ لە کۆنە ئاسن لە نزیك لۆفەی نەخۆشخانەی (سێر پاتریك دەن) دەرکەوت و دوا قسەکانی ستیڤنی لەگەڵ چرقە چرق و غرەغری میتاڵەکان ڕاپێچا. لینچ گوێکانی خۆی گرت و جۆین لە دوای جوێن لە دەمی دەردەپەڕی تا لۆریەکە ڕەت بوو. پاشان زۆر ڕەمەکانە لەسەر پاشپانی پێ ی سوڕا. ستیڤنیش ئاوڕی دایەوە چەند تاوێك چاوەڕێ ی کرد تا کۆڵی دڵی هاوڕێکەی دامرکایەوە.

ستیڤن دووبارەی کردەوە:

– ئەو گریمانەیەش رێگایەکی ترە: ئەویش ئەوەیە هەرچەندە رەنگە هەمان شت لە لای هەموو کەسێك جوان نەبێت، بەڵام هەموو کەسێك کە بە شتێکی جوان سەوداسەر دەبێت پەیوەندییەکی وا لە ناو ئەو شتە دەبینێتەوە کە لەگەڵ قۆناغەکانی هەست پێکردنی ئیستاتیکی دەگونجێ و لەگەڵیشی هاوکاتە. پەیوەندی ئەو شتە هەست پێکراوە، لە شێوەیەکدا

140. لێرەدا مەبەست لە چەشن (نوع)ی بایۆلۆجی یە. (species).

141. ئەمە ئاماژەکردنە بە کتێبە مەزنەکەی داروێن (اصل الانواع) (On the Origin of Species).

142. مەبەست لە کتێبی پیرۆزی مەسیحیانە. (العهد الجدید).

بۆ تۆ خۆی دەنوێنێ، بەڵام بۆ من لە شێوەیەکی دیکەدا، جا هەر بۆیە ئەو پەیوەندیانە دەبنە ئاکارە پێویستەکانی جوانی. با هەنکە بگەڕێینەوە لای حەزرەتی تۆماس و چەند گەردێکی تر لە ژێریەکەی وەربگرین.

لینچ پێکەنی و گوتی:

- زۆر حەز دەکەم هەمیشە قسەکانی ئەو جار لە دوای جار بە نموونە بهێنێتەوە وەکو چیرۆکی کابرا سەرخۆشەکەی کن قەشەکە. ئەوە لەبنەوە پێ دەکەنی، وانی یە؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە:

- (ماك ئالیستەر) بە بیردۆزی جواناسی من دەڵێ خستنەکاری ئەکوینەسی. تا ئەو ئاستەی ئەو بەشەی فەلسەفەی ئیستاتیکی دەگرێتەوە، ئەکوینەس هەتا ئەوێم دەگەیەنێت. بەڵام کە دێینە سەر دیاردەکانی هزرکردنەوەی هونەری، رسکانی هونەری، خولْقاندنی هونەری، ئەوسا پێویستم بە زاراوەی نوێ و ئەزموونی تایبەتی نوێ ی خۆم دەبێ.

لینچ گوتی: هەڵبەتە، وێرای ئەو هەموو ژیریەشی ئەکوینەس قەشەیەکی سەرراستی چاك بوو. بەڵام ئەزموونی تایبەتی خۆت و زاراوەی نوێم رۆژێکی دی بۆ باس بکە. دەی خێراکە کۆتایی بە بەشی یەکەم بێنە.

ستیڤن بە بزەیەکەوە گوتی: کێ دەزانێت؟ رەنگە ئەکوینەس لە تۆ باشتر لێم تێ بگات، چونکە ئەو خۆی شاعیر بوو. ئەو سروودێکی ئایینی بۆ رۆژی پێنج شەممەی پیرۆز نووسی کە بەم وشانە دەست پێ دەکات: (Pange lingua gloriosi)[١٤٣]. دەڵێن ئەو سروودە بەرزترین پایەی بەدەست هێناوە. ئەگەرچی سروودێکی ئاڵۆز و هێورکەرەوەیە، بەڵام من حەزی لێ دەکەم؛ خۆ هیچ سروودێك نی یە شان لە شانی ئەو سروودە کۆڕەوی یە مەزنە خەماویە بدات، سروودی ((بەیداغی شای)) ڤینەنتیەس فۆرتۆنەتوس.

لینچ لەسەرخۆ و بەسەنگینی بەدەنگێکی نێرانەوە تێی هەڵکردە گۆرانی گوتن:

Impleta sunt quae concinit
David fideli carmine

١٤٣. ماناکەی: ((ئەی زمان، گورانی بە رازی جەستەی پیرۆزدا هەڵبڵێ.))



Dicendo nationibus
[١٤٤]Regnavit a lingo Deus.

ئەو گوتی: ئەوە مەزنە! زۆر خۆشە، مۆسیقایەکی نەمری تیایە!

بەرەو لای شەقامی (لۆوەر ماونت) بایاندایەوە. چەند شاقاوێك لە سووچەکەوە رەت بوون کە تووشی گەنجێکی قەڵەو هاتن کە ملپێچێکی ئارمووشی کردبووە بەر سڵاوی لێ کردن و وەستا. ئینجا گوتی:

- ئەری ئەنجامی ئەزموونەکانتان زانی! (گریفین) کەوت (هالپین) و (ئۆفلێن) بەرەو پیشەیەك رەوان دەکرێن. (موونان) بە پێنجەم دەرچوو. هاورێ ئێرلەندیەکانی خەڵکی (کلارك) دوێنێ شەو داوەتی یان کردن. بەڵام خواردنێکی پڕ لە بەهارات و کاری دانێ.

دەم و چاوە خەپە زەردەکەی مۆرکی کینەیەکی خۆشی پێوە بوو، جا هەرکە هەواڵی دەرچوونی پێ ڕادەگەیاندن چاوە خڕە هەڵدەفاوەکانی ون دەبوون و دەنگە بە نووزەکەشی بە ئاستەم دەبیسترا.

لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ستیڤن چاو و دەنگە کەرخەکەی لە پەرسارگە هاتنە دەر، ئینجا گوتی:

- بەڵێ، من و (ماك کۆلا). ئەو ماتماتیکی رووت و منیش مێژووی دەوڵەتان دەخوێنم. بیست بابەت دانراوە. من رووەکزانیش وەردەگرم. خۆ خۆت دەزانی من ئەندامی یانەی گوندیم.

زۆر بە بەرێزی یەوە لێ یان دوورکەوتەوە و دەستێکی خەپەی پەنجەوانەداری دانا سەر سینگی و پێکەنینێکی کەرخی لێوە دەرچوو.

ستیڤن بەوشکی یەوە پێ ی گوتی.

- ئەگەر جارێکی تر چوویتە سەیران، برێك توور و پیازمان بۆ بینە تا مزەورەیەکی باشی پێ لێ بنێین. قوتابی یە دوبەکە لەسەرخۆ پێکەنی و گوتی:

- هەموو ئەندامانی یانەی گوندی زۆر بەرێزن. شەمووی رابردوو حەوت کەس لە ئێمە چووینە (گلێنمالیور).

لینچ گوتی: ئافرەتتان لەگەڵ بوو، دۆنۆڤان؟

دۆنۆڤان هەمدیس دەستی دانایەوە سەر سینگی و گوتی:

١٤٤. ماناکەی: ((ئەو رازەی ئێستا دەیدرکێنین پێشتر گۆرانی یە راستگۆکانی داود پێشبینی لێ کردووە: کە دەربارەی شانشینی خوایە و خوا لە سەر درەختێکەوە فەرمانڕەوایی نەتەوان دەکات)).

- ئامانجی ئێمە بەدەست هێنانی زانستە.

پاشان خێرا گوتی:

- وام بیست کە خەریکی نووسینی هەندێ وتاری دەربارەی ئیستاتیکا.

ستیڤن گرێشمەیەکی نادیاری ڕەتکردنەوەی بۆ کرد.

دۆنۆڤان گوتی:

- (گۆتە) و(لێسینگ) زۆریان لە سەر ئەو بابەتە نوسیوە؛ دەربارەی قوتابخانەی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی و هەموو ئەو مەسەلانە. کتێبەکەی (لاوکۆن)[١٤٥] تەواو سەرنجی ڕاکێشام. هەڵبەتە ئەو ئایدیالیستێکی ئەڵمانی یە.

هیچ یەکێکیان وورتەی لەزارەوە نەهات. دۆنۆڤان زۆر بەرێزەوە خواحافیزی لێ کردن. جا لەسەرخۆ بەدڵنەرمی یەوە گوتی:

- دەبی بڕۆم، چونکی وا هەست دەکەم، ئەو هەستەشم گەیشتۆتە ڕادەی بڕواهێنان کە ئەوڕۆ خوشکم بۆ فراوین کێك بۆ خێزانی دۆنۆڤان دەکات.

ستیڤن بە دەم ڕێگاوە گوتی:

- خوات لەگەڵ. بەڵام نەکەی تۆورت لەبیر بچێت بۆ خۆم و هاوڕێکەم.

لینچ تا ڕۆیشت، تەماشای دەکردن. لەبەر ڕق و کینە لێوی بەیەکدی قڕمساند بوو تاوەکو دەم و چاوی وەکو دەمامکی شەیتانی لێ هات. ئینجا لە کۆتایی دا گوتی:

- دە ئینجا وەرە بڕوانە ئەو گووخۆڕە چەپەڵە بگاتە پایەکی وابەرز، کەچی هەر دەبێ من جگەرەی هەرزان بکێشم!

هەردووکیان ڕوویان بەرەو (گۆڕستانی مێریان) وەرگێڕا و تا بەینێك بە بێ دەنگی دەڕۆیشتن. پاشان ستیڤن گوتی:

- ڕێم بدە با کۆتا بەو شتە بێنم کە دەربارەی جوانی دەمگوت. جا پەیوەندی یە تەواو بڕوا پێهێنەرەکانی شتە هەستپێکراوەکان دەبێ لەگەڵ قۆناغە پێویستەکانی هەستپێکردنی هونەری بگونجێن. هەر ئەو پەیوەندیانەت دۆزیەوە، ئەوا لە ئاکارەکانی جوانی گشتی تێ دەگەیت. ئەکوینەس دەڵێ:

١٤٥. لێسینگ و.... لاوکۆن: گ.ی. لێسینگ لە ساڵی (١٧٦٦) دا شیکردنەوەیەکی بە ناوبانگی لە سەر ((سنووری شیعر و نیگارکێشان)) نووسی کە لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوە لە پەیکەری لاوکۆن و دوو کوڕەکانی کە لەگەڵ مار دەجەنگن بنیات نابوو.



- ((Ad pulcritudinem tria requiruntur integratis, consonantia, claritas.))

جا بەو شێوەیە وەری دەگێرم: ((جوانی سێ شتی پێویستە: تەواوی و تەبایی و ڕوونی.)) ئاخۆ ئەوانە لەگەڵ قۆناغەکانی هەستپێکردن دەگونجێن؟ ئاگات لە منە؟

لینچ گوتی:

- بێ گومان. ئەگەر وا دەزانیت مێشکێکی گواویم هەیە، بنێرە دوای دۆنۆڤان با ئەو گوێت لێ بگرێت.

ستیڤن نیشانەی بۆ بەرچنەیەك کرد کە منداڵە گۆشت فرۆشێك سەر بەرەوخوار لەسەر سەری خۆی نخوون کردبۆوە و گوتی:

- بۆ ئەوەی ئەو بەرچنەیە ببینیت، مێشکت بەر لە هەموو شتێك ئەو بەرچنەیە لەو هەموو شتانەی گەردوونی بینراو جیادەکاتەوە کە بەرچنە نیین. یەکەم قۆناغی تێگەیشتن بریتی یە لەو هێڵە جیاکەرەوەیەی کە بە دەوری ئەو بابەتە دەکێشرێت کە دەمانەوێ لێ ی تێ بگەین. جا وێنەی ئیستاتیکی یان لە چوارچێوەی کات یا لە چوارچێوەی شوێن دا بۆمان دەخرێتە ڕوو. ئەوەی دەبیسترێ لە کات دا دەخرێتە ڕوو، ئەوەی دەبینرێ لە شوین دا دەخرێتە روو. بەڵام وێنەی ئیستاتیکی چ شوێنی بێ یان کاتی، بەرایی بەڕوونی وەك شتێکی تەواو خۆجیاکەرەوە لە سەر پاشخانە بێ ئەندازەکەی کات و شوێن، کە خۆی نی یە، لێ ی تێ دەگەین. جا تۆ ئەوە وەك تاقە شتێك دەبینی و بە شتێکی تەواوی دادەنێت. بەم شێوەیە لە تەواوێتی ئەو شتە تێ دەگەیت، هەر ئەوەشە کە پێ ی دەگوترێ: تەواوی.

لینج گوتی: ناوەندی نیشانەت پێکا! بەردەوام بە.

ستیڤن گوتی:

- پاشان لە خاڵێکەوە دەچیتە لای خاڵێکی دی، کە هێڵە شێوەیی یەکان بەرەو ئەوێمان دەبەن. تۆ هەر بەشێك لەگەڵ بەشەکەی تری ئەم چوارچێوەیە بە هاوسەنگی دەبینیت، هەروەها هەست بە ڕەوتی پێك هاتنەکەی دەکەیت. بەشێوەیەکی تر دەڵێین: دوا بە دوای پێکهاتەی تێبینی کردنی دەسبەجێ، شیکردنەوەی تێگەیشتن دێت. پاش ئەوەی کە بەرایی هەستت کرد کە ئەوە تاقە شتێکە ئێستا هەست بەوە دەکەیت کە ئەوە شتێکە. تۆ وا لەم شتە دەگەیت کە شتێکی ئاڵۆزە، چەند جایە، دابەش دەکرێ، جیا دەکرێتەوە، لە بەشەکانی پێك هاتووە، کە لە ئەنجامی بەشەکانی و سەرجەمی ئەوانە شتێك پێك دێت کە زۆر ڕێك و پێك و لێك وەشایەوە. بەمەش دەڵێین: تەبایی.

لینچ بەزرنگی یەوە گوتی: دیسان ناوەندی نیشانت پێکا. دە ئێستا پێم بڵێ ڕوونی چی یە تا جگەرەیەکم لێ ببەیتەوە.

ستیڤن گوتی:

– چەمکی ئەو وشەیە کەمێك نادیارە. ئەکوینەس لە بەکارهێنانی ئەو وشەیەدا زۆر ورد نی یە. ئەو وشەیە ماوەیەکی دوورودرێژ سەری لێ شێواندم. ئەو وشەیە تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ خۆی دەتبات کە وابزانیت ئەو مەبەستی لە هێماخوازی یان ئایدیالیزمە، کە ئاکاری باڵای جوانی بریتی یە لە تروسکەی روناکی دنیایەکی دی، مانای ئەو بیرۆکەیە ئەوەیە مادە هیچ نی یە بێجگە لە سێبەر، راستی یەکەیشی لە هێما پتر نییە. من وای بۆچووم کە لەگوینە مەبەستی ئەو لەوەدا ئەوە بێت کە (روونی) بریتی یە لە دۆزینەوە و دەرخستنی هونەری مەبەستی خوایی لە هەر شتێکدا، یا بریتی یە لە هێزی بەگشتیکردن کە ئەمەش روخسارێکی گشتی دەدا بە وێنەی ئیستاتیکی، هەروا وای لێ دەکات کە لە چاو دۆخە راستەقینەکەی خۆی گەشاوەتر بێت. بەڵام ئەو قسانە قسەی ئەدەبین. منیش ئاوا لێ ی تێ دەگەم، کاتێك تۆ لەوە گەیشتیت کە ئەو بەرچنەیە تاقە شتێکە و پاشان ئەوەت بە گوێرەی شێوەکەی شی کردەوە و وەك شتێك لێ ی تێگەیشتیت، تۆ تاقە تەبایی یەك دەرەخسێنی کە هەم لە لایەنی لۆژیکی و هەم ئیستاتیکی شتیکی رێ پێ دراوە. پاشان دەبینیت ئەو شتە شتێکە و یەکێکی دی نی یە. ئەوسا دەگەیتە ئەوەی کە ئەو روونی یەی لە کتێبە سکۆلاییەکەی (quidditas) باسی دەکات بریتی یە لە (چییەتی) شت. جا هونەرمەند هەست بەو ئاکارە باڵایە دەکات هەرکە یەکەم جار وێنە ئیستاتیکی یەکە لە ناو ئەندیشەی دا دەرسکێت. (شێللی) لەو تاوە پڕ لە ڕازەدا مێشکی بە پەنگرێکی دامرکاو چواندووە.[١٤٦] ئەو تاوەی کە ئاکاری باڵای جوانی، کە روونی یە دیارەکەی وێنەی ئیستاتیکی یە، مێشك بە گەشی لێ ی تێ دەگات، کە پێش ئەو ساتە مێشك بەهۆی تەواوی و تەبایی یە ناسکەکەش داگیرکراوە، ئەمەش بریتی یە لە مەنگی یەکی خامۆشی دڵگیری کامی ئیستاتیکی، کە لە خۆیدا بارێکی رۆحی یە کە زۆر لەو دۆخەی دڵ دەکات کە کارئەندامزانی ئیتاڵی (لیوگی گالڤانی) زاراوەیەکی بە قەد شێللی جوانی بەکار هێناوە بۆ وەسفکردنی ئەو بارە، کە ناوی لێ ناوە سەرمەست بوونی دڵ.

١٤٦. لە وتاری شێللی ((بەرگری لە شیعر)) وەرگیراوە.



ستیڤن دەمێك داما، هەرچەند هاورێکەی قسەی نەدەکرد، هەستی بەوە کرد کە وشەکانی خامۆشی سەرمەستی بیریان لە دەوریان دروست کردەوە. دیسان دەستی پێ کردەوە:

– ئەوەی من گوتم ئاماژەیە بۆ جوانی بە مانا گشتی یەکەی، بەو مانایەی کە ئەو وشەیە لە رێبازی ئەدەبی دا هەیەتی. بەڵام مانا بازاڕی یەکەی شتێکی دی دەگریتەوە. هەرکە ئێمە بە مانای دووەمی زاراوەکە لە جوانی دەدوێین، پێش هەموو شتێك بڕیارەکانمان دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هونەرە و شێوەی ئەو هونەرە. ئەوەی روونە ئەوەیە، دەبێ وێنە دابنرێتە بەر مێشك و هەستەکانی هونەرمەند و مێشك و هەستەکانی خەڵکی دیش. جا ئەگەر ئەوەت لەبیر بێنی دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە هونەر بە ناچاری بە سەر سێ چەشن دابەش دەکرێت کە لە یەکێکیانەوە بەرەو ئەوەی دیکە گەشە دەکات. ئەو چەشنانە بریتین لە: شێوەی سترانی، ئەو شێوەیەی کە هونەرمەند وێنەکەی پێشکەش دەکات کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە خودی خۆیەوە هەیە، شێوەی داستانی: ئەم شێوەیە کە هونەرمەند وێنەکەی دەخاتە ڕوو کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە خودی خۆی و خەڵکی تریشەوە هەیە، شێوەی دراماتیکی: ئەو شێوەیەیە کە هونەرمەند وێنەکەی پێش کەش دەکات کە پەیوەندی راستەوخۆی بە خەڵکی دیکەوە هەیە.

لینچ گوتی: چەند شەوێك لەمەوبەر تۆ ئەوەت بۆ روون کردمەوە ئەوکاتەی کە گفتوگۆیەکی گەورەمان لەسەر ئەوە کرد.

ستیڤن گوتی:

– لە ماڵەوە کتێبێکم هەیە کە پرسیاری سەرنج راکێشترم لە هینەکانی تۆی تێدا نوسیوەتەوە. گەڕان بە دوای وەڵامەکانیان گەیاندمیە بیردۆزی ئیستاتیکی کە دەمەوێ ڕاڤەی بکەم. ئەوانە چەند پرسیارێکن کە خۆم دام ناون: ئایا ئەو کورسی یەی بە جوانی دروست کراوە شتێکی تراژیدیە یان کۆمیدیە؟ ئایا کەڤاڵی مۆنالیزا بە شتێکی چاك دادەنرێت کە من ئارەزووی دیتنی دەکەم؟ ئایا نیوە پەیکەرەکەی (سێر فیلیپ کرامپتن) شێوەی سترانی، داستانی، یا دراماتیکی گرتۆتەخۆ؟ ئەگەر وا نی یە، بۆچی؟

– لینچ بە پێکەنینەوە گوتی: ئەرێ بە ڕاست، بۆ وا نییە؟

ستیڤن بەردەوام بوو: ئەگەر مرۆڤێك بە تووڕەیی پارچە دارێکی دەنەخشاند و پاشان وێنەی مانگایەکی لەسەری دروست کرد، ئایا ئەم وێنەیە بە کارێکی هونەری دادەنرێت؟ ئەگەر نا، بۆچی؟

لینچ دیسان بە پێکەنینەوە گوتی: ئەمە پرسیارێکی جوانە، بە راستی تام و بۆی رێبازی سکۆلائی پێوە دیارە.

ستیڤن گوتی: نەدەبوا (لیسینگ) کۆمەڵە پەیکەرێکی هەڵبژاردایە و لە سەریانی بنوسیبایە. ئەو چەشنە هونەرە کە پایەکەی لەوانی دی نزمترە؛ ئەو شێوانەی کە من باسم لێ کردن و کە بە ڕوونی لە یەکتر جیاوازن ناخاتە ڕوو. تەنانەت ئەدەب کە بالاترین و رۆحیترین هونەرە زۆر جار ئەو شێوانە تێکەڵ و پێکەڵ دەکات. ئەوەی راستی بێت، شێوەی سترانی سادەترین نمونەی روخساری هەڵچوونی سۆزە، هاوارێکی رەوتاوی یە وەك ئەو هاوارانەی کە چەند چەرخێك لەمەوبەر خۆشی پرژاندۆتە ناو دڵی ئەوانەی سەولیان لێ دەدا یان بەردێکیان لە هەوراژێکەوە بەسەر دەخست، دەهاتە کایەوە. ئەو کەسەی کە ئەو هاوارەی لێ بەرز دەبێتەوە پتر ئاگای لەو تاوەی سۆزهەڵچوونە نەوەك لە خۆی لە تاوی سۆز هەڵچوون دا. سادەترین شێوەی داستان لە ئەدەبی سترانی یەوە سەر هەڵدەدات، لە کاتێکدا کە هونەرمەند درێژە بە بیرکردنەوەی خۆی دەدات و خۆی دەکاتە چەقی ڕووداوێکی داستانی، جا ئەم شێوەیە گەشە دەکات تا چەقی قورسایی سۆزی هونەرمەند لەگەڵ خەڵکی تر هاودووری دەبێ، هەر بەم جۆرە شێوەی گێرانەوەکە نابێتە شێوەیەکی خوودی رووت، کەسایەتی هونەرمەند دەخزێتە ناو گێرانەوەکە، کە بەدەوری کەس و ڕووداوەکان دەسوڕێتەوە بە چەشنی دەریایەکی ژیانبەخش و زیندوو. ئەم چەشنە گەشەکردنە بە ئاسانی لە لاوکی ئینگلیزی (تێرپین هێرۆ) بەدی دەکرێ، کە بە کەسی یەکەم دەست پێ دەکات و بە کەسی سێ یەم کۆتایی دێت. کەچی لە کاتێکدا دەگەینە شێوەی دراماتێکی هەرکە ئەو زیندوویێتی یەی لە هونەرمەندەوە هەڵدەقوڵێ بەدەوری کەسەکان دەسوڕێتەوە، هەریەکێك لەو کەسانە ئەوەندە پڕ لە چالاکی و زیندوویێتی دەکات تا ئەو کەسە دەبێتە خاوەنی ژیانێکی ڕەسەن و نەبینراوی ئیستاتێکی. بەرایی کەسایەتی هونەرمەند بریتی بوو لە هاوارێك، ئاوازێك یا دۆخێك، پاشان تێکەڵ بە چیرۆکێکی ناسکی ورشەدار دەبێت، لە کۆتایی دا خۆی لەم بوونەدا پاك دەکاتەوە و باشتر وایە بڵێین خۆی لێ نەناس دەکاو دەست لە کەسێتی خۆی بەردەدات. جا بۆیە وێنەی ئیستاتێکی لە شێوەی دراماتیکی دا بریتی یە لە ژیانێکی پاکژ کراوە و لە نوێ داڕێژراوە لە ناو ئەندێشەی مرۆڤایەتی دا. خۆ ڕازی وەبەرهێنانی ئیستاتیکی وەکو خولڤاندنی مادە وایە، هونەرمەندیش وەکو خوای ئافەریدەکردن لە ناو یا لە پشت یا لەوبەر یا لەسەر دەستکردەکەی بە نەبینراوی دەمینێتەوە، لە بوونی خۆی پاکژ کراوەتەوە و بە بێ باکی نینۆکی سەرپەنجەکانی ڕێك دەخات.



لینچ گوتی: هەروا هەوڵ دەدات خەڵکیش لە بوونی خۆیان پاکژ بکاتەوە.

نەرمە بارانێك لە ئاسمانە تەماوی یە بەرزەکەوە خۆی بۆ باوەشی زەوی هەڵدەکوتا. ئەوان بەرەو پاوەنی (دیوك) رۆیشتن تا بگەنە لای پەڕتووکخانەی نیشتیمانی بەرلەوەی ڕێژنەیەك دابباریێتە سەر زەوی.

لینچ بە وشکی یەوە پرسی: پێم نالێ ی مەبەستت لەو چەنە چەنەت چی یە دەربارەی جوانی و ئەندێشە لەو دوورگە داماوە خوا بەجێ هێشتووەدا؟ پێت سەیر نەبێت ئەگەر هونەرمەندێك لە ناو یان لە پشت بەرهەمەکەی پەنجەی تاوان بۆ ئەم وڵاتە ڕابکێشی.

بارانەکە بە گوڕتر دایدەکرد. هەرکە لە ڕێچکەکەی کن (خانووی کیلدار) تێ پەڕین، کۆمەڵە قوتابیەکیان بینی کەخۆیان لە ژێر هەیوانی پەڕتووکخانە پەسار دابوو. (کرێنلی) پاڵی بە دینگەیەك دابۆو، بن ددانەکانی خۆی بە دەنکە شقارتەیەکی تیژ دەکڕۆڵیەوە و گوێ ی بۆ هەندێك هاوڕێ ی شل کردبوو. چەند کیژێك لە بەردەرگا وەستابوون. لینچ بە چرپەوە بە ستیڤنی گوت:

- دولبەرەکەت لێرەیە.

ستیڤن بە بێدەنگی لەسەر پایەیەك لە خوار کۆمەڵە قوتابیەکانەوە وەستا، ئاگای لەو بارانە نەبوو کە بەگوڕ دەباری، هەر کاتە نا کاتێك تی چاوێکی دەکردە کیژەکە. ئەویش هەروا بەهێمنی لەناو دەستە خوشکەکانی راوەستابوو. هیچ قەشەیەك لێرە نی یە تا ئەو کیژە چاوبازی لەگەڵ بکات، ئەوەی بە هەستێکی تاڵ و جەرگبڕ بەبیرهاتەوە کە دواجار لێ ی بینی بوو. لینچ راستی دەکرد. نە بیردۆز و نە ئازایەتی لە مێشکی ستیڤن ما، بێجگە لە خامۆشی یەکی مەنگ نەبێت.

گوێ ی لێ بوو کە قوتابیەکان لە نێوان خۆیان دەدوان. ئەوان باسی دوو هاوڕێ یان دەکرد کە لە ئەزموونی سەری ساڵی پزیشکی دەرچوو بوون، هەروا دەربارەی ئەوەش دەدوان کە ئەوان ماوەی کارکردنیان پێ دراوە لەو پاپۆڕانەی کە لە ئۆقیانووسان تێ دەپەڕن، هەروەها باسی پیشەی بەخێر و پیشەی بێ خێریان دەکرد.

- ئەوانە قسەی پووچن، ئیش کردن لە لادێکانی ئێرلەندە زۆر چاکترە.

- (هاینز) دووساڵی ڕەبەقی لە (لیڤەرپووڵ) بەسەر بردووە ئەویش هەر هەمان شت دەڵێ. دەڵێ ئەوێ کونیکی مرۆڤ ترسێنە و لە مامانی بەو لاوە ئیشی دی دەست ناکەویت.

- مەبەستت وایە بڵێیت باشتر وایە ئیشێك لە لادێکانی ئێرلەندە بدۆزیتەوە نەوەك بچیتە شارێکی وا دەوڵەمەند؟ من هاوڕێ یەك دەناسم...

- (هاینز) بێ مێشکە. هەربۆیەش چی بەدەست نەهێنا. ئەوە تەواوی مەسەلەکەیە.

- گوێ مەدەرێ. لە شارێکی گەورەی بازرگانی دا مرۆڤ دەتوانێت بە ئیش کردن سامانێکی گەورە بەدەست بێنێت.

- ئەوەش دەوەستێتە سەر ئیش کردن.

- Ego credo ut vita pauperum est simpliciter atrox, simpliciter sanguinarius atrox, in Liverpoolio. [147]

دەنگەکانی وا دەهاتە بەرگوێ کە لە شوێنێکی دوورەوە بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بێت. کیژەکە خۆی ئامادە کرد تا لەگەڵ دەستە خوشکەکانی بڕوات.

نەرمەبارانە کورتەکە کڕی کردەوە، دڵۆپە بارانە باریوەکان وەك دەنکە ئەڵماس لەسەر دەوەنەکانی گۆڕەپانە چوارگۆشەیی یەکە خۆیان دەنواند کاتێك عاردە رەش داگەڕاوەکە خەریکی هەناسەدانەوە بوو. پووتە ناسکەکانیان ترقە ترقی لێوە دەهات کە لەسەر پایەکی تەك تەیمانەکە وەستابوون، زۆر لەسەرخۆ و بە کەیفخۆشی دەدوان، تەماشای پەڵە هەورەکانیان دەکرد، بە ئایین و ئۆینەوە سەیوانەکانیان لە نزیك گۆشەکە داگرتبوو کە دوا دڵۆپە بارانی لێ دەچۆڕایەوە، دیسان وێکیان دەهێنانەوە، ئینجا بەسەنگینی تەنوورەکانیان هەڵدەکرد.

ئەدی ئەگەر ئەو بە دڵڕەقی بڕیاری خۆی لەسەر ئەو کیژەدا بوو؟ ئەدی ئەگەر ژیانی ئەو کیژە زنجیرەیەکی سادەی چەند ساتی بوو بێت؛ کە لە بەیانیان دا بەکەیفە و بەدرێژایی رۆژ بێ ئارامە و ئێوارانیش هیلاك و شەکەتە؟ ئەدی ئەگەر دڵی وێ بەقەد دڵی باڵداران سادە و سەرسەخت بێت؟

* * *

بەرەبەری سپێدە بوو واگاهاتەوە. ئای چ موسیقایەکی شیرینە! هەموو رۆحی بە خوناو تەڕ ببوو. لە خەودا شەپۆلە رووناکی رەنگ زەرد بەسەر چوارپەلەکانی دا رەت ببوو. بە بێ جووڵە راکشابوو، وەك بڵێ ی رۆحی لە ناو ئاوێکی سارد راکشابێت وابوو و تەنیا ئاگای لەو مۆسیقایە شیرینە کزە بوو. میشکی بەکاوەخۆ لەو زانیاریە لەرزۆکەی سپێدە، لە ئیلهامی بەیانیان، واگادەهاتەوە. رۆحێکی پاك وەکو بێ گەردترین ئاو، شیرین وەکو خوناو، دڵبزوێن وەکو مۆسیقا، هەموو ئازای لەشی داگرت. بەڵام ئای هەناسەی چەند کز و

١٤٧. ماناکەی: ((من وا بیردەکەمەوە کە ژیانی هەژارانی (لیڤەرپوول) زۆر ناخۆشە: هەر مەرگەساتە بۆ خۆی.))



سست بوو وەك وابێ فریشتە خۆیان هەناسە بەسەر سەریەوە هەڵبکێشن! رۆحی بەکاوەخۆ واگا دەهاتەوە، لەوە دەترسا بە تەواوی واگابێتەوە. ئەوە ئەو کاتژمێرە خامۆشەی بەیانیان بوو کە شێتی واگادێتەوە و رووەکە سەیرەکان لێو بۆ ماچی روناکی دەکەنەوە و پەروانەش بە هێمنی بەرەو دوور دەفڕێت.

سەرمەستی دڵ! ئەم شەو شەوێکی ئەفسووناوی بوو. لە خەون دابوو یان خەیاڵ کە بە دیدەنی ژیانی فریشتان شاد بوو. ئایا ئەوە تەنیا تاوێکی سەرمەستی بوو یان چەندین سەعات و ساڵ و چاخی دوور و درێژ؟

هەنووکە ئەو ساتەی ئیلهام واپێ دەچوو کە لە هەموو لایەکەوە دەنوێنراوە لە ناو کۆمەڵە دۆخێکی لێڵی ئەو رووداوانەی قەومان یان لەگوینە بقەومێن، ئەو ساتە وەك نووکە رووناکی یەك دەبریسکایەوە، ئەوا شێوەیەکی تێك چڕژاوی وەرگرت و دوا بریسکەکانی خۆی لە ناو گەواڵە هەورێکەوە بۆ ناو گەواڵەیەکی ئەم دۆخە لێڵە دەپێچایەوە. ئۆ! لە ناو منداڵدانە پاکەکەی ئەندێشەی دا ئەو وشەیە ڕسکاوە لاشەی بۆ دروست بوو. جبرائیلی فریشتە هاتە ژووری ئەو کیژە عازەبە. تاڵە تیشکێکی دی بەناو رۆحیدا رووچووە خوارێ، جا هەر بە تێپەڕبوونی گڕە سپی یەکە، ئەو تاڵە تیشکە پتر رووچوو تا بووە تیشکێکی پەمبەیی گەش. ئا ئەو تیشکە پەمبەیی یە گەشە دڵە سەرسەختە سەیرەکەی ئەو کیژەیە، ئەوەندە سەیرە کە هیچ پیاوێ لێ ی تێ نەگییووە یان لێ ی تێ ناگات، هەر پێش ئەوەی ئەو دنیایە بوونی هەبێت سەرسەخت بوو، جا کە بەو تیشکە پەمبەیی یە گەشەوە فریودرا، کۆرسی فریشتان لە ئاسمان بەردەبوونەوە.

**ئەرێ لەو سەختە ڕێ یانە بێزار نەبوویت**
**ئەی ڕاوکەری فریشتەی کەوتوو؟**
**چی دی باسی رۆژانی سەرمەستیت مەکە.**

ئەو دێرانە لە مێشکی یەوە هاتنە سەر لێوی، جا کە لەبەرخۆ دەیگوتنەوە، هەستی بە بزووتنەوە پڕ رەوتەکەی (ڤیلانێلا)[148] یەکی تێدا دەکردن، هەر ئەو تیشکە گوڵ ڕەنگە بوو

١٤٨. ڤیلانێلا: جۆرە هەڵبەستێکە لە هەژدە دێڕ و دوو سەروا پێك دێت، هەندی جار دێرەکان پتریشن.

که داوی سەرواکەی بۆ دەنارد: ڕێگاکان، ڕۆژەکان؛ بڵێسە، پەسن، هەڵبڕان.[149] تیشکەکانی ئەو گڕە دنیای دەسووتاند، دڵی مرۆڤ و فریشتەی دەفەوتاند؛ تاڵە تیشکی گوڵی دڵە سەهەندەکەی.

**چاوت کززە لە دڵی مرۆڤ وەدێنێ**
**دەیکاتە بەندە و ئەڤانی لێ دەستێنێ**
**ئەرێ لەو سەختە ڕێ یانە بێزار نەبوویت؟**

ئەدی پاش ئەوە؟ ڕەوتەکە مرد.... وەستا، ئینجا لە نوێ کەوتەوە جوولە و لێ دان. ئەدی پاشتر؟ چڕە دووکەڵ و بخوورد لە قوربانگەی دنیا بەرز دەبۆوە.

**لە سەر بڵێسە دووکەڵی پیاهەڵدان**
**دەتەنێت هەردوو کەناری ئۆقیانووسان**
**چی دی باسی ڕۆژانی سەرمەستی مەکە.**

لە سەرتاپای زەمین چڕەدووکەڵ بەرز دەبۆوە، لە ئۆقیانوسە هەڵماوی یەکان، چڕەدووکەڵی پیاهەڵدانی ئەو کیژە. زەوی ببووە بخووردانێکی لەرزۆك و هەژاوە، ببووە تۆپەڵە بخووردێك، بەڵام تۆپەڵەیەکی هێلکەیی. کت و پڕ ڕەوتە کپ بوو، هاواری ناودڵی پچڕا. لێوەکانی بە بەردەوامی کەوتنە گوتنەوەی دێرە یەکەمەکان، بەڵام کە دەگەیشتنە ناوەندی هەڵبەستەکە ساتمەیان دەکرد، پاشان دەم و دووی تێك دەئالاّ و دەشڵەژا، سەرەنجام وەستا. هاواری دڵی پچڕا. ئەو کاتژمێرە خامۆشە تارادارە تێ پەڕی و لە پشت مینای پەنجەرە بێ پەردەکە دەیدیت کە تیشکەکانی سپێدە خەریکی خۆ کۆکردنەوەن. دەنگی زەنگێك بەکزی لە شوێنێکی زۆر دوور دەهاتە گوێ. ئەوا باڵندەیەك جریواندی، ئەوە بوونە دووان، ئەوە سێ. دەنگی زەنگ و باڵندان

١٤٩. هەرچەندە هەوڵێکی لەڕادەبەدەرم داوە ئەو دێرە شیعرانەی ئەم ڕۆمانە بە جوانترین شێوە بکەمە کوردی، بەڵام زۆر ئەستەمە یەکێك لە کوردی دا بتوانێت سەروای دوابەندەکانی شیعری وەرگێڕدراو لەسەدا سەد یەك بخات، چونکە هەرگیز وەکو ئینگلیزی یەکەی نایەتەوە.



کپ بوو، ئینجا تیشکێکی سپی تەڵخ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای داگرت؛ هەموو دنیای داگرت و تاڵە تیشکە گوڵ ڕەنگەکەی دڵی پێچایەوە.

لە ترسی ئەوەی نەوەکا هەمووی لە بیر بچێتەوە، یەکسەر هەڵسایەوە سەر ئانیشك تا پێنوسێك و پارچە کاغەزێك بدۆزێتەوە. هیچ یەکێکیان لەسەر مێزەکە نەبوون: تەنها قاپی ئەو برنجەی کە ئێوارە شۆربای برنجی تیا خواردبوو، لەگەڵ تاڵەدەزووی مۆمەکان و بەرگە کاغەزیەکەی کە دوا بڵێسە هەڵی کزاندبوو. بە هیلاکی یەوە قۆڵی خۆی بۆ لای پێلینگانی نوێنەکەی ڕاکێشا، دەستی لەناو بەرکی ئەو قاپووتە دەگێڕا کە لەوێ هەڵواسرابوو. پەنجەکانی لە خامەیەکی ڕەش و پاکێتی جگەرەیەك گیر بوو. پاڵی دایەوە و پاکێتەکەی لەباریەك دەرهێناو دوا جگەرەی لەسەر لێوی پەنجەرەکە دانا و بە پیتی ورد دەستی کردە نوسینی بڕگەکانی (ڤیلانێلا) یەکە لە سەر ڕووە دڕەکەی پاکێتەکە.

دوای ئەوەی لە نووسینی هەموان بۆوە، سەری داناوە سەر بالیفە ڕەقەکە و دیسان لەبەرخۆی دەگوتنەوە. بالیفە ڕەقە پڕ سەرکە خوریەکەی ژێر سەری، کورسی ژووری پێشوازی کیژەکەی هێناوە بیر کە لە مووی ئەسپ دروست کرا بوو، کە لەوێ لە سەری دانیشت، بەبزە یا بەپەستی، لەخۆی دەپرسی بۆ هاتۆتە ئێرە، لە کیژەکە و لە خۆیشی وەڕس دەبوو، دەپەشۆکا بە هۆی وێنەی ئەو دڵە پیرۆزەی کە لە سەر تەختە بۆشەکە چاپ کرابوو. دەیبینی کە کیژەکە لە نێوان خامۆشی قسەکانیەوە لێ ی نزیك دەکەوتەوە و لێ ی دەپاڕایەوە کە گۆرانی یەکی دڵڕفێنی بۆ بڵێت. پاشان خۆی لەسەر پیانۆ کۆنەکە دەبینیەوە، بە نەرمی بە جێ پەنجە خاڵدارەکان ژێکانی دەکوتی و لەناو ئەو دەنگەی کە دیسان لە ناو ژوورەکە بەرز دەبێتەوە، گۆرانی بۆ کیژەکە دەڵێ کە خۆی بەسەر ئاگردانەکە چەماندۆتەوە، گۆرانیەکی خۆشی سەردەمی (ئێلیزابیثی) بۆ دەڵی، سکاڵای پڕ خەمی لێك جیابوونەوە، یا سروودی سەرکەوتنی (ئەگنیکۆرت)، یان نەوا بە کەیفەکانی (گرین سیلفی) بۆ دەچڕی.[150] هەرکە ئەو گۆرانی دەگوت و ئەویش گوێ ی لێ دەگرت یا وای دەنواند گوێ ی لێ دەگرێ، دڵی ئارامی دەگرت، بەڵام هەرکە گۆرانی یە دڵفڕێنەکانی کۆتایی پێ دێت، دیسان گوێ ی لە دەنگەکانی ناو

١٥٠. (سرودی سەرکەوتنی ئەگنیکورت) یا نەوا بەکەیفەکانی (گرین سیلفی) ئەوانە گۆرانی و ئاوازی زۆر بەناوبانگی سەردەمی ئیلیزابیثی بوون لە ئینگلتەرادا.

ژوورەکە دەبیٚ و توانجەکەی خۆی بە بیر دێتەوە: ئەوە ئەو ماڵەیە کە لاوان لەویٚ بە ناوی خۆیان نەك بنەماڵەکانیان بانگ دەکرێن.

لە چەند تاوێکی دیاردا، چاوی کیژەکە وایان دەنواند کە خەریکە بڕوای پیٚ بکەن، بەڵام ئەو بەبیٚ هوودەیی چاوەڕیٚ ی دەکرد. هەنووکە کیژەکە لەسەرخۆ لەناو شانۆی بیرەوەریەکانی سەمای دەکرد، وەك ئەوەی کە لە ئاهەنگی کەرنیڤاڵ دا، جلکە سپی یەکەی هەڵکردبوو و دەنکە پرۆشکی سپی لەنێو قژەکەیدا سەمای دەکرد. کیژەکە لەسەرخۆ لەو پێچە سەمایەدا هەڵدەپەڕی. کیژەکە بەرەو لای ئەو سەمای دەکرد، هەرکە دەهاتە پێشەوە، تی چاوێکی لیٚ وەرگێڕابوو، بڵێسەیەکی کز لەسەر کۆڵمەکانی دەسووتا. هەرکە لە سەما کردن بوونەوە و بۆ تاوێك دەستەکان خزێنرانە ناو یەکتری، دەستەکانی ویٚ کەوتنە ناو هی ئەم. ئای چ شتێکی ناسك و نەرم بوو.

- ئێستاکە تۆ نامۆیەکی تەواوی.
- بەڵیٚ لە دایك بوویم تا ببمە ڕەبەن.
- دەترسم تۆ کافر بیت؟
- ئەریٚ زۆر دەترسیت؟

وەك وەڵامێك بۆ پرسیارەکەی، کیژەکە دەستی کردە سەما و لیٚ دوورکەوتنەوە بەدرێژایی دەستە لێك گیرکراوەکان، کیژەکە بە خامۆشی و سەنگینیەوە سەمای دەکرد، خۆی نەدەدا دەست کەس، دەنکە پرۆشکە سپی یەکان لەگەڵ سەماکردن هەڵدەپەڕینەوە و هەرکە کەوتە بەر سێبەر بڵێسەکە گەشتر دەردەکەوت.

ڕەبەن! وێنەی خۆی وەك کافرێکی ناو دێر، کافرێکی فرانسیسکانی دەهاتە پێش چاو، کە دەیەویٚ و نایەویٚ خزمەت بکات، بە چەشنی (گێراردینۆ دە بۆرگۆ سان دۆنینۆ)[١٥١]، خەریکی چنینی چنراوێکی ناسك و ئاڵۆزکاوی تەڵەکەبازی یە و ئەوانە دەچرپێنیتە ناو گویٚ ی کیژەکە.

١٥١. (گیرار دینۆ دە بۆرگۆ سان دۆنینۆ): قەشەیەکی فرانسیسکانی بوو (لە ساڵی ١٢٧٦دا مردووە)، کە ویستی یاسای کڵێساکەی زۆر قورس و گرانتر بکات. کتێبە سەرەکی یەکەی بە کوفر درایە قەڵەم و لە زیندان نرا. بەڵام هیچ شتێکی وا نی یە ئەوە بسەلمێنی ئەو کابرایە ژیانێکی راستی پڕ خواپەرستی بەسەر نەبردووە. لەگوینە لەبەر ئاوازی ناوە رۆمانتێکی یەکەی لێرە ناوی هاتبێت.



نەخێر ئەوە وێنەی خۆی نەبوو. ئەوە لە وێنەی ئەو قەشەیە دەچوو کە بەو دوایی یە لەگەڵ کیژەکەی دیبوو بە چاوە کۆترئاساکانی تەماشای دەکرد و گەمەی لەگەڵ پەڕەکانی کتێبی زاراوەی ئێرلەندی یەکان دەکرد.
- بەڵیٚ، بەڵیٚ هەموو ڕۆژێك خانمەکان دێنە لامان. هەموو ڕۆژێك دەیانبینم. خانمەکان لەگەڵمانن. ئەوان باشترین یاریدەدەری زمانن.
- ئەدی هی کڵێسا، باوکە مۆران؟
- هەروەها کڵێساش، ئەوان دێنە ئەویش. لێرەش کارەکە بەردەوامە. لەبارەی کڵێساوە خۆت نیگەران مەکە.

پەه! چاکی کرد بە ڕیسواکردنەوە ژوورەکەی جیٚ هێشت. هەروەها چاکیشی کرد کە لەسەر پەیژەی پەڕتووکخانە سڵاوی لیٚ ی نەکرد! چاکیشی کرد کە کیژەکەی بەجیٚ هێشت تا لەگەڵ قەشەکە چاوبازی بکات، با بەکەیفی خۆی کە نۆکەری مەسیحیەتە گاڵتە بە کڵێسا بکات.

تووڕەیی یە دڕندانە بیٚ بەزەیی یەکەی دوا تاوی سەرمەستی کە لە گیانی دا مابوو وەدەرنا. بەگورژمەوە وێنە نازدارەکەی ئەوی پارچە پارچە دەکرد و هەر پارچەی بە لایەکدا تووڕ دەدا، لەهەموو لایەکەوە دیمەنی وێنە قۆپاوەکەی کیژەکە لە ناو یادنامەکانی سەری هەڵدەدا: وێنەی کیژە گوڵفرۆشە جلك شڕو شەپرێوە قژ تەڕە تێك شێواوە دەم و چاو وشك هەڵاتووەکەی هاتەوە بیر کە پیٚ ی دەگوت کیژی تۆم و داوای خێری لیٚ ی دەکرد، وێنەی ئەو کیژە نۆکەرەی هاوسیٚ یان کە لەگەڵ خڕ و هۆڕی هیربارەکان لەبەر خۆی گۆرانی دەگوت- بە پێك و ئاوازی گۆرانبێژە لادیٚ بییەکان، یەکەم بەندی گۆرانی (لەتەك دەریاچە و کێوەکانی کیلارنی) دەگوت، وێنەی کیژێك کە بە کەیفخۆشی پێدەکەنی و کە ئەوی دیت ساتمەی لەو پارچە ئاسنە کونجڕ کونجڕەی پاگەی نزیك (کۆرك هیل) کرد کە لە پاشپانی یە شکاوەکەی پێڵاوەکەی گیر ببوو، وێنەی کیژێك کە تەماشای کرد و دەمە بچکۆڵە ناسکەکەی سەرنجی ڕاکێشا، جا هەرکە کیژەکە لە کارگەی بسکویتی (یاقوب) هاتە دەریٚ و بە ئاوڕدانەوە هاواری کرد:
- ئەتۆ بەچی منەوە دڵگیر بوویت؛ بە پرچی خاو و برۆ تێك ئاڵاوەکانم؟

بەڵام ئەو هێشتاش هەر هەستی بەوە دەکرد کە چەند جوێنی پیٚ بدا و گاڵتەی پیٚ بکات، ئەو تووڕەیی یەی هەر جۆرە ڕێز لیٚ نانێکە لە کەسێتی ئەو کیژە. بە بێز لیٚ کردنەوە پۆلەکەی بەجیٚ هێشت، بەڵام ئەوەشی لەدڵەوەڕا نەبوو، هەستی بەوە کرد کە

رەنگە نهێنی رەگەزی ئەو کیژە لە پشت ئەو چاوە ڕەشانەوە شاردرابنەوە کە برژانگە درێژەکانی بەپەلە سایەی لەسەر دەکەن. هەرکە لە شەقامەکە پیاسەی دەکرد بەرقەوە بەخۆی دەگوت کە ئەوکیژە نموونەی ئافرەتانی ولاتەکەیەتی، کە رۆحێکی شەمەشەمەکوێرە ئاسایە و لە ناو تاویکی و نهێنی و تەنیا بالی دا هۆشی دێتەوە بەرخۆی بە بێ خۆشەویستی و بێ گوناە لەگەڵ دڵدارە دڵنەرمەکەی دەمێك دەمێنێتەوە، پاشان ئەو بەتەنیا بەجێ دێڵی تا سەرپێچیکردنە بێ گوناهەکەی بچرپێنێتە ناو گوێ پەردە پۆشکراوەکانی قەشەیەك.[152] تووڕەیی و رقی ئەو بەوە دامرکایەوە کە بەدڵڕەقی شالاوی دەبردە سەر دڵدارەکەی کە ناوودەنگ و روخساری ئەو شانازی یە پەشۆکاوەکەی پێشێل دەکرد؛ دەشتەکی یەکی قەشە، کە برایەکی هەیتەیە لە دەبلن و براکەی تریشی مەیگێڕە لە (مۆیکولین). کیژە رۆح شەرمنەکە خۆی بۆ ئەو قەشەیە رووت دەکاتەوە، تەنانەت بۆ کەسێك کە بێجگە لە جێ بە جێ کردنی پێڕەوە ئایینی یە وشکەکان چی دی فێرنەبووە و چش لەو بەرزتر نی یە — قەشەی خەیالە سەرمەدی یەکان، کە نانی رۆژانەی ئەزموون دەگۆڕێ و دەیکاتە جەستەی ژیانێکی هەرهەری.

دیسان وێنە ورشەدارەکەی قوربانی پیرۆز لە تاوێکدا تێکەڵ بە بیرە تاڵ و نائومێدەکانی بوو، هاواری بەشداران بە نەپچڕاوی لە ناو سروودێکی ستایشکردن بەرز دەبۆوە.

**هاواری پچڕاو و گۆرانی خەفەتبارمان**
**لە ناو سروودی ستایش دێنە هەڵقوولان**
**ئەرێ لەو سەختەڕێ یانە بێزار نەبوویت؟**

* * *

**هەرکە دەستی قوربانی دەران هەڵبڕان**
**جامی پیرۆز پڕ دەبێت تا درەك و لێوان**
**چی دی باسی ڕۆژانی سەرمەستی مەکە.**

١٥٢. گوێ یە پەردە پۆشکراوەکانی قەشەیەك: ستیڤن لێرە دڵپیسی و ئێرەیی بەوە دەبات کە (ئێما)ی دولبەری لەپشت پەردەوە بۆ قەشەیەك پێ لە گوناهەکانی دەنێت. هەر بۆیەش گوێ ی قەشەکە بەمجۆرە وەسف دەکات.



ئەو هەڵبەستەی هەر لە یەکەم دێرەوە بە دەنگ دەگوت تا مۆسیقا و رەوتەکەی مێشکی نقووم کرد، ئینجا بەخامۆشی بەناویان رووچوو، دوایی بەئازارەوە نوسیانیەوە تا بە دیتنیان چاکتر هەستیان پێ بکات. پاشان دیسان سەری داناوە سەر بالیفەکەی.

چەپکە تیشکی سپێدە دەرکەوتن. هیچ دەنگێك نەدەبیسترا، بەلام دەیزانی کە ژیان خەریکە لە دەوری ئەو واگادێتەوە، بە هەراوهۆریای جارانی، بە دەنگە زڕ و کەرخەکانی یەوە، بەنوێژە خەواویەکانی یەوە. لە بەرامبەر ئەو تەرزە ژیانە سڵەمیەوە و رووی بۆ لای دیوار وەرگێرا، بەتانیەکەی لەخۆی لوول دا و لە گوڵە گەورە قورمزیە پەلك کراوەکانی ناو کاغەزە دڕاوەکەی سەردیوار ورد دەبۆوە. دەیەویست زەوقە مردووەکەی خۆی لەناو گڕە قورمزیەکان گەرم بکاتەوە، وای دەهێنا بەرچاوی خۆی کە رێگایەکی بە گوڵ داپۆشراو لە کن ئەوەوە تا ئاسمان بە گوڵی قورمزی رازێنراوەتەوە. بێزارە! بێزارە! ئەویش هەروا لە دەست رێگا سەختەکان بێزارە!

گەرمی یەکی لەسەرخۆ و هیلاکی یەکی پڕ لە تەوەزەلی لەسەرە تەواو پێچڕاوەکەیەوە بە ناو کۆڵگەی پشتی دا بەرەو خوارەوە جینگڵی دەدا. هەستی دەکرد کە شۆڕ دەبێتەوە، بزەیەك پەرپە سەر لێوەکانی کە خۆی بەڕاکشاوی دەدیت. هەر هەنووکە خەو دەیباتەوە.

دە ساڵ پاشتر دیسان شیعری بۆ ئەو کیژە نووسی. دەساڵ لەمەوبەر ئەو کیژە شاڵەکەی کلاوئاسا لە سەری ئالاند بوو، پڕوشکی هەناسەی گەرمی بە ناو هەوای شەودا بلاو دەکردەوە و لە سەر رێگا شووشاویەکەش پێ ی لە زەوی دەکوتا. لە دوا پەیتون دا بوون: ئەسپە قاوەیی یە تۆخەکانیش ئەوەیان دەزانی، هەربۆیەش لەو شەوە خامۆشەدا زەنگوڵەکانیان دەزرینگاندەوە تا ئەو هەواڵە بە خەڵکی ڕابگەیەنن. پلیت برِەکە لەگەڵ لێخۆڕە دەدوا و هەردووکیان زۆر جار لە ناو تیشکە سەوزەکەی چرادا سەریان دەلەقاندەوە. هەردووکیان لەسەر پایەکانی پەیتونەکە راوەستابوون؛ خۆی لەسەرەوە و کیژەکە لەخوارەوە. زۆر جار لەکاتی قسەکردن دا کیژەکە دەهاتە سەر پایەکەی ئەو و دیسان دەچووە خوارەوە. بەلام جارێك یان دووان لەلای ئەو مایەوە و لەبیری چوو بچێتە خوارێ، پاشان چووە خوارێ. بابچێ! بابچێ!

دە ساڵ کەوتە نێوان ژێری مندالی و گەوجێتی یەکەی. چ دەبێ ئەگەر ئەو شیعرانەی بۆ نارد؟ لەکاتی بەرچایی کردن لەگەڵ چرقەی شکاندنی پەلکە هێلکە دەخوێندرێتەوە. بەڕاستی گەوجی یە! براکانی دەدەنە قاقای پێکەنین و بە پەنجە ڕەقە پڕ هێزەکانیان پەڕەکە لە دەست یەکتری دەرفێنن. قەشە دڵنەرمەکەی مامیشی لەسەر کورسی یەکەی خۆی

دانیشتووە و لاپەڕەیەکی یـەك بـاڵ درێـژی والاّ کردۆتــەوە و بـەبزە دەیخوێنێتــەوە و شـێوە ئەدەبیەکەی پەسەند دەکات.

نەخێر، نەخێر، ئەوە گەوجی یە! تەنانەت ئەگەر ئەو هۆنراوەشی بۆ بنێرێت پێشانی کەسـی نادات، نەخێر، نەخێر؛ کیژە ناتوانێت.

ئێستا هەستی دەکرد کە خراپەی لەگەڵ کیژەکە کردووە. هەستکردن بە بەسەزمانی کیژەکە وای لێ کرد کە بەزەیی پێدا بێتەوە؛ بەسەزمانێکی وا کە ئەو تا گوناهی نەکرد هـەرگیز لێ ی تێ نەدەگەیشت هیچ شتێکیشی دەربارەی نەدەزانی؛ بەسەزمانی یەك کە تەنانەت کیژە خۆشـی لێ ی تێ نەدەگەیشت، ئەوساکە بەسەزمان بوو یان بەرلەوەی زەبوونی یە سـەیرەکەی سروشـتی بەسەریدا زاڵ بێت. پاشـان رۆحـی کیژەکـە وەك هـی ئـەو دەژیـا بـەر لـەوەی گونـاه بکـات، هەرئەوەش دڵی پڕ لە سۆزێکی ناسك کرد کە رەنگە زەرد و چاوەکانی کیژەکەی بە بیرداهاتەوە، کە بەو شەرمە تاریکە ئافرەتانەیەی زەبوون و پڕ لە خەم بوون.

کاتێك رۆحی ئەو لە سەرمەستی یەوە کەوتە ناو داوەشان ئەدی ئەو کیـژە لـە کـوێ بـوو؟ ڕەنگە، بە رێگا پڕرازەکانی ژیانی رۆحی، رۆحی ئەو کیژە لەو ساتانەدا ئاگای لـە رێـزلێ نـانی ئەو هەبوو بێت؟ ڕەنگە.

تروسکەیەکی ئارەزوو دیسان رۆحی دادەگیرساندەوە و لەشی گڕتێ بەردەدا و هەموو ئـازای لەشی پڕ لە وزە و چالاکی کرد. کیژەکە ئاگـای لـە حـەز و ئـارەزووی ئـەو بـوو، لـە فریـووی هەڵبەستی ڤیلانێلاکەی، لە خەوێکی بۆنخۆش واگا دەهاتـەوە. چـاوە ڕەش و بـە خومارەکـانی بەرامبەر بە چاوی ئەو دەکرانەوە. رووتێتی کیژە خۆی خستە بەردەستی ئەو، ئەو رووتێتەی کە ورشەدار و گەرم و بۆندار و دەست و پێ نەرمۆکە بوو، ئەمە وەکو هەورێکی بریـسکەدار بـاڵی تێوەرینا، وەکو ئاوی حەیات باڵی تێ ی وەرینا: هەروا وەکو پەڵـە هـەورێکی هـەڵم یـان وەك ئاوی بە گوڕی ئاسمان و پیتە نەرمەکانی قسە، کە هێمـای تووخمـە پڕرازەکـانی بـوون، لەسـەر مێشکی شەپۆلیان دەدا.

**ئەرێ لەو سەختە ڕێیانە بێزار نەبوویت**
**راوکەری فریشتە کەوتووەکان؟**
**چی دی باسی رۆژانی سەرمەستی مەکە.**

*



**چاوت کززە لە دلێ مرۆڤ وەدێنێ**
**دەیکاتە بەندە و ئەڤانی لێ دەستێنێ**
**ئەری لەو سەختەرێ یانە بێزار نەبوویت؟**

*

**لەسەر بلێسە دووکەڵی پیاهەڵدان**
**دەتەنێ هەردوو کەناری ئۆقیانوسان.**
**چی دی باسی رۆژانی سەرمەستی مەکە.**

*

**هاواری پچڕاو و گۆرانی خەفەتبارمان**
**لە ناو سروودی ستایش دێنە هەڵقوولاّن**
**ئەرێ لەو سەختە ڕێیانە بێزار نەبوویت؟**

*

**هەرکە دەستی قوربانی دەران هەڵبڕان**
**جامی پیرۆز پڕ دەبێ تا دەرك و لیۆان**
**چی دی باسی ڕۆژانی سەرمەستی مەکە.**

* * *

**تۆ هێشتاش رادەکێشی چاوی تامەزرۆمان**
**بەچاوی نەرم و پەلە ناسك و نەرمۆڵەکان**
**ئەرێ لەو سەختە ڕێیانە بێزار نەبوویت؟**
**چی دی باسی رۆژانی سەرمەستی مەکە.**

* * *

ئەوانە چ جۆرە باڵندەیەکن؟ لەسەر پەیژەی پەڕتووکخانە وەستا تا تەماشـایان بکـات و بەشکەتی یەوە خۆی بەسەر حەیزەرانەکەی دا چەماندبۆوە. ئەو باڵندانە بە دەوری دیـوارێکی دەرپەڕیووی خانوویەك لە شەقامی (مۆڵسـوۆرث) دەسـوڕانەوە. هـەوای ئێـوارەی دوادوایـی مانگی خاکەلێوە هەڵفڕینیانی دەنەخشاند، جەستە رەشە باریکـە لەرزۆکـەکانیان لـە کـاتی فڕین دا بەڕوونی لە ئاسمان دیـاربوون، دەتگـۆت لەسـەر پارچـە قوماشـێکی شـینی تـۆخی تەماوی دەفڕن.

تەماشای فڕینیانی دەکرد: باڵندە لە دوای باڵندە، تروسکەیەکی ڕەش، تیێك سوڕان، فڕەی باڵیانی دەبیست. دەیویست بیانژمێرێت بەر لەوەی جەستە باریکە لەرزۆکەکانیان تێ پەڕن، دە، یانزە: هەروا لەخۆی دەپرسی دەبێ تاك یان جووت دەربچن. ئەوە دوانزە، سێزدە، چونکە دووان بە پێچ خواردن لە جەرگەی ئاسمانەوە بەرەخوار هاتن. بەرز و نزم دەفڕین، بەڵام بەردەوام پێچیان دەخوارد لە شێوەی هێڵی ڕاست یا کەوانەیی و هەمیشەش لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەفڕین و بە دەوری پەرستگایەکی ئاسمانە دەسوڕانەوە.

گوێ ی لە دەنگیان گرت؛ دەنگیان هەر لە ڕزیکەی مشکی پشت شەپکەداری دەکرد؛ زریکەیەکی دوودەنگی تیژ. بەڵام دەنگەکانیان درێژ و تیژ و زریکەدار بوون، کەچی وەك دەنگی گیاندارە دڕندەکان نەبوون. جا کە سێ یان چواریان لێ جیا دەبوونەوە و نزم دەبوونەوە و دەیان قیژاند کە دەنووکە تیژەکانیان هەوای شەق دەکرد. دەنگیان تیژ و ساف و خۆش بوون، هەر دەتگۆت تاڵە تیشکی ئارمووشی نەڕێسراون کە لە تەشیەکی بە ویزەویز بەردەبوونەوە.

ئەو هەراوهۆریا باڵندانەیان گوێ ی خامۆش کردەوە کە ئەنسك و سەرزەنشتی دایکی بەردەوام بەناوی دا دەیانچرپاند، هەروا لاشە لەرزۆکە باریکە ڕەشەکانیان دەشەکانەوە و دەسوڕانەوە و لە ئاسمان بازنەیان لە دەوری پەرستگای ناو هەوای ئاسمانە جوانەکە دروست دەکرد، چاوەکانی ڕۆشن کردنەوە کە هێشتا وێنەی دەم و چاوی دایکی تیا مابوو.

ئەرێ بۆ لەسەر پەیژەی پێش تارمەی پەڕتووکخانە لە ئاسمان ڕادەما و گوێ ی لە قیژە دوو دەنگەکانیان دەگرت و تەماشای فڕینیانی دەکرد؟ دەبێ ئەوانە موژدەدەری خێر بن یان شەڕ؟ جا قسەیەکی (کۆرنێلیاس ئەگریپە)[١٥٣] بە ناو مێشکی دا تێ پەڕی، پاشان لەملاو لەولا چەند بیرێکی بێ سەروبەری (سویدنبۆرگ)[١٥٤] هاتە ناو مێشکی کە دەربارەی تەبایی باڵندان بوو لەگەڵ شتەکانی بیر، یان ئایا چۆن گیانلەبەرە ئاسمانی یەکان زانیاری خۆیان وەدەست دێنن و کات و سات و کەژ و وەرزی خۆیان دەزانن- چونکە ئەوانە لەناو پێڕەوێکی ژیانی خۆیان دا دەژین و ئەو پێڕەوەشیان وەك مرۆڤ بە هۆی بیرەوە نەشێواندووە.

١٥٣. لە ساڵی (١٥٣١) دا کۆرنیلیاس ئەگریپە کتێبی (فەلسەفەی جادوو) ی دەربارەی رازی جادوو نووسی. بەشەکانی (٤٤- ٤٦) دەربارەی ((موژدەی باڵندان))ە و دەڵێ: خێر دەبێ ئەگەر ڕووناکی لە لای ڕاستەی باڵندەکان بدا و بە ژمارەش جووت بن.

١٥٤. ئەمانوێل سوێدنبۆرگ (١٦٨٨- ١٧٧٢) کتێبی (بەهەشت و دۆژە)ی نوسی. بەشی (١١٠)، ئەو بەشەی کە لەو ڕۆمانەدا جۆیس باسی لێ دەکات دەربارەی هاوڕێکی باڵندانە لەگەڵ شتەکانی ناو بیری مرۆڤ.



مرۆڤیش هەروەکو ئەو چەندین چاخ ڕووەو ئاسمان لە فرینی باڵندان وردبۆتەوە. هەیوانەکەی ژوورسەری وای لێکرد بە لێڵی بیر لە پەرستگایەکی دێرین بکاتەوە و ئەو حەیزەرانەی کە ئەویش خۆی بەسەردا چەماندبۆوە دیمەنی گۆچانێکی خواری موژدەدەرێکی دەهێنا پێش چاوی. هەستی ترسی شتێکی نەزانراو لە ناخە شەکەتەکەی دا دەجمی، ترسی هێما و پەڕجووی ئەو مرۆڤە هەڵۆئاسایەی کە ناوی ئەوی لێ یە و بە باڵە شوولکە شۆڕەبی یەکانی لە ئاسمان دوور لە زیندانەکەی دەخوولێتەوە، هەروا لە (ثۆث) ی خوای نووسەران دەترسێ کە بە پارچە قامێشێك لەسەر لەوحێك دەنووسی و سەرە باڵندەیی یە باریکەکەی هەردوو دەمەداسی مانگی پێوە هەڵواسراوە.

بزەی هاتێ کە بیری لە وێنەی خوا کردەوە، چونکە ئەوە وای لێکرد بیر لە دادپرسێکی کەپوو سەرکەزووڕنای پرچ بە باڕووکە بکاتەوە، کە خەریکی دانانی وێرگوڵە بوو لەسەر ئەو بەڵگەنامەیەی کە باڵێك درێژ بوو، هەروا چاك دەیزانی کە ناتوانێت ناوی خوایەکەی بێتەوە بیر بەڵام ئەوەی لەبیر بوو کە لە سوێندێکی ئێرلەندی دەچێت. ئەمەش هەر گەوجی یە. بەڵام دەبێ هەر لەبەر ئەو گەوجێتی یەش بوو بێ کە ئەو خەریك بوو خانەی نوێژ و وردەکاری کە لە ناویدا هاتۆتە دنیا و ئەو پێڕەوەی ژیانی ئەوی بە بەرهەم هێناوە هەتا هەتایە بەجێ بهێڵێت؟

دیسان باڵندەکان گەڕانەوە و بە دەنگە تیژەکانیان بەسەر سووچێکی دەرپەڕیووی خانووەکە دەسوڕانەوە و لەناو هەوا تەماویەکەدا ڕەش دەچوونەوە. ئەرێ ئەوانە چ جۆرە باڵندەن؟ وای بیر کردەوە کە دەبێ ئەوانە پەرەسێلکە بن و لە هەرێمی خوارووە گەڕابنەوە. کەواتە دەبێ ئەویش بڕوات چونکە ئەو باڵندانە بەردەوام دێن و دەڕۆن، هەرگیز هێلانەیەکی هەتا هەتایێ لە بن سواندەی مالان دروست ناکەن و بۆ گەڕان و سوڕان هەمیشە ئەو هێلانانەی دروستیان کردووە بە جێ دێلن.

**ڕووتان بکەنە زەوی ئەی ئوانا و ئەلیل**
**من وەك پەڕەسێلکە لێ یان ورد دەبمەوە**
**لە هێلانەی ژێر سواندوولکان**
**بەرلەوەی لە ناو ئاوە بەرزەکان دا وێڵ بێت.**[١٥٥]

١٥٥. ((ڕووتان بکەنە زەوی ئەی ئوانا و ئەلیل.)) ئەمە گۆرانی سەرەمەرگی کۆنتێسە لە شانۆنامەی (کۆنتیس کاسلین) لەنووسینی و. ب. ییێتس. ئەو خانمە ڕۆحی خۆی دەفرۆشێتە شەیتان تا ڕۆحی ئەو جوتیارانە رزگار بکات

لە نێو گەنجینەی یادگارەکانی خۆشی یەکی نەرم و ناسك وەك خوڕە و قەڵبەزەی چەندین دەریا و کانیاو هەڵدەقولا، لە کانگای دڵیشیەوە هەستی بە خامۆشی ئاسمانە خامۆشە کپە تەماویەکە دەکرد کە بەسەر ئەو ئاوانەدا هەڵکشاوە. بێ دەنگی یەکی دەریالووشی- ئەو ناوەی داگرتبوو و پەڕەسێلکەکانیش لە زەردەپەڕدا بەسەر ئاوە هەڵقولاوەکان دا هەڵدەفرین.

خۆشی یەکی نەرم و ناسك لەناو ئەو وشانە هەڵدەقولا کە پیتە بزوێنە درێژەکان تیایان دا بە بێ دەنگی دەردەپەڕین و دەکەوتنەوە: دەسوڕانەوە و ئینجا دیسان هەڵدەقولانەوە و بەردەوام زەنگی سپی شەپۆلەکانیان بە لێدانێکی کپ و زرینگانەوەیەکی کپ دەهەژاندەوە، لەگەڵ هاوارێکی نزمی هۆشبەر و جا هەستی کرد کە ئەو موژدەیەی لەناو دڵێدا بەچەشنی باڵندەی سەر بوورجێك بەئەسپایی و خامۆشی هەڵدەفڕین.

ئەوانە هێمای کۆچ و ڕەو بوون یان تەنیایی؟ ئەو هەڵبەستانەی بەشێنەیی خۆیان دەهۆنیەوە لە کونی گوێ ی یادگارەکانی دەزرنگانەوە بەرلەوەی چاوەکانی دیمەنی هۆڵی شانۆی میللی لە شەوی کردنەوەیدا بێتەوە یاد. ئەو لەلایەکی بانیژەکەدا بە تەنیا بوو و بە چاوە شەکەتەکانی یەوە تەماشای کەلتووری دەبلنی دەکرد و لە کورسی و جل و بەرگە سەیر و بووکۆکە ئادەمی یەکان ورد دەبۆوە کە تیشکە زرقی و ڕەنگاورەنگەکانی شانۆ بەگوڕ بەسەریان دا دەڕژا. هەیتەیەکی چوارشانە لە پشت ئەو ئارەقی کردبوو و لە هەموو تاوێکدا وای دەنواند کە وەختە دەورەکەی ببینێ. میاوە میاو و سسەسس و هات و هاوار و دەنگە دەنگی گاڵتەجاڕی بێ تامی قوتابیە هاوڕێکانی هۆڵەکەی هەڵدەگرت.[156]

- ئەوە لەکەیەکە بە نێوچەوانی ئێرلەندەوە نرا!
- لە جەڕمانیا ئەوە دروست کراوە.
- کفرە!
- هەرگیز بیروباوەڕی خۆمان نەفرۆشتوە!

---

کە ڕۆحی خۆیان بۆ قازانج و پارەوپوول بەدەستهێنان فرۆشتووە. ئەم شانۆییە لەیەکەم پێشکەشکردنیدا هەرا و زەنایەکی گەورەی نایەوە لەلایەن خوێندکارانی ئەو زانکۆیەی جۆیسی لێ بوو، لەسەرئەوەی ئەو شانۆییە بریتی یە (لەناوزڕاندنی ئێرلەندا)، جا خوێندکاران سکاڵانامەیەکی ناڕەزاییان نووسی کەچی جۆیس ئیمزای نەکرد.

١٥٦. لێرەدا جۆیس هەڵوێستی ئەو خوێندکارانەی کە نارەزاییەکی توونودتیژیان دەربڕیبوو بەرامبەر شانۆیی (کۆنتیس کاسلین) ی و. ب. ییێتس کە لە زانکۆدا پێشکەشکرا دەخاتەڕوو.



- هیچ ئافرەتێکی ئێرلەندی وای نەکردووە!
- ئێمە هیچ کافرێکی هەرزەکارمان ناوێت.
- ئێمە هیچ بوزیەکی نوێمان ناوێت.

سسەسسێکی لە ناکاو لە پەنجەرەی ژوور سەری ئەوەوە هات، ئەو زانی ئەوە چرای هۆڵی پەڕتووکخانەیە هەڵکراوە. بەرەو هۆڵە پڕ دینگەکە رووی وەرگێڕا، کە هەر ئێستا لەسەرخۆ رووناك کرابۆوە، لە پەیژەکە بەسەرکەوت و بەناو دەرگا خوول دارە جیڕە جیڕکەرەکەدا تێ پەڕی.

(کرێنلی) لە لای فەرهەنگەکان دانیشتبوو. لەسەر تەختەدارەکەی پێشی پەڕی روونکردنەوەی پەڕتووکێکی قەبە کرابۆوە. پشتی بە کورسی یەکەی دابۆوە و گوێ ی خۆی لە دەمی قوتابیەکی کۆلیجی پزیشکی بردبووە پێش وەك وابێت دان پیانانەکەی لێ وەربگرێت و قوتابیەکەش دەربارەی کێشەیەکی یاری شەترەنج لە رۆژنامە بۆی دەخوێندەوە. ستیڤن لەلای دەستە ڕاستی دانیشت و قەشەکەش لەلایەکی دی مێزەکە بوو و بە تووڕەیی شریخەی لە رۆژنامەی (تەختە)[157] وە هێنا و لە پێ ڕابوو.

(کرێنلی) بەنەرمی و نادیاری تەماشای کرد. قوتابیەکەی کۆلیجی پزیشکی بە دەنگێکی نزمتر بەردەوام بوو:

- سەرباز ببە چوارەم خانەی (شا).

ستیڤن بە ئاگادارکردنەوە گوتی:

- دیکسن، باشتر وایە بڕۆین، ئەو چوو سکاڵامان لێ بکات.

دیکسن رۆژنامەکەی لوول دا و بەڕێزەوە هەڵسا و گوتی:

- هیزەکانمان بە سەلامەتی گەڕانەوە شوێنی خۆیان.

ستیڤن بە نیشانەکردن بۆ سەردێری کتێبەکەی کرێنلی کە لێ ی نوسرابوو (نەخۆشیەکانی گا)، ئەو قسەیەی بۆ تەواو کرد و گوتی:

- بەخۆ و بە چەك و بەگا و گۆتەڵەوە.

هەرکە بە نێوان کەلێنی مێزەکانی تێ پەڕین ستیڤن گوتی:

- کرێنلی دەمەوێ لەگەڵت بدوێم.

---

١٥٧. تەختە: رۆژنامەیەکی هەفتانەی کاسۆلیکی رۆمانی کۆنەپەرستی ئینگلیزی یە.

کرێنلی نە وەڵامی دایەوە و نە ڕووشی بۆ وەرگێرا. کتێبەکەی لەسەر مێزەکە دانا و بەرەو دەرەوە کشا، پێڵاوە ناڵچەدارەکانی بەپانی لە زەوی دەکووتا. لەسەر پەیژەکە وەستا و بە بێ ئاگایی تەماشای دیکسنی کرد و دووپاتی کردەوە.

– سەرباز ببە چوارەم خانەی (شا) ی چەپەڵ.

دیکسن گوتی:

– هەرچۆنێکی مەیلت لێ یەتی وا دایبنێ.

دەنگێکی کپ و نزمی هەبوو و ڕەوشتی بەرز بوو، جار وابوو ئەنگوستیلەیەکی بە نەخش لە پەنجەیەکی دەستە خرپنە خاوێنەکانی دەبینرا.

هەرکە لە هۆڵەکە تێ پەڕین کابرایەکی شەمووڵە بەرەو ڕوویان دەهات. لە بن گومبەتی شەپقە گچکەکەی دەم و چاوە نەتاشراوەکەی بە کەیفەوە بزەی دەهاتێ و گوێشیان لە منگە منگی کابرا بوو. چاوەکانی وەکو هی مەیمون پڕ خەم بوون.

دەم و چاوە پرزلکە قەسەڵە مەیمون ئاساکەی گوتی:

– ئێوارەتان باش، خانەدانان.

کرێنلی گوتی: لەچاو مانگی خاکەلێوە هەواکەی گەرمە. پەنجەرەکانی سەرەوەش کراونەتەوە.

(دیکسن) خەنی یەوە و ئەنگوستیلەکەی سوڕاند. دەم و چاوە ڕەشە لۆچ لۆچە مەیمونانیەکە بە شادیەکی نەرمەوە دەمە مرۆڤانەکەی کردەوە و مڕاندی:

– لە چاو مانگی خاکەلێوە ئاو و هەواکەی خۆشە، زۆر خۆشە.

دیکسن گوتی: کاپتن، لە نهۆمی سەرەوە دوو خانمی شۆخی نەشمیل لە چاوەڕێ کردن بێزار بوون.

(کرێنلی) زەردەخەنەیەکی کرد و بە نەرمی گوتی:

– کاپتن، سێر والتەر سکۆت تەنها تاقە دولبەرێکی هەیە؟ وانی یە، کاپتن؟

دیکسن گوتی: کاپتن، ئێستا چی دەخوێنیتەوە؟ (بووکی لامیرموور)؟

لێوە نەرمەکانی گوتی:

– من حەزم لە پیرە (سکۆت)ە. وابیر دەکەمەوە کە شتی نایاب دەنووسێت. هیچ نوسەرێك نی یە شان لە شانی (سێر والتەر سکۆت) بدات.

هەرکە بەشان و باڵی ئەو نووسەرەی هەڵدەدا، دەستە کورژە قاوەیی یە چورچەکانی لە هەوادا هەڵدەشەقاند و پێلوە تەنکەکانیشی بە خێرایی دووسێ جار بەسەر چاوە پڕ خەمەکانی لە هەڵبەز و دابەزدا بوون.



قسەکانی خەماویتر دەهاتنە بەر گوێ ی ستیڤن، کە دەنگێکی ناسك و نزم و تەڕ و پڕ لە هەڵە و چەوتی بوو، جا هەر کە گوێ ی لێ دەگرت لە خۆی دەپرسی دەبێ ئەوە ڕاست بێت کە ئەو خوێنەی لە ناو جەستە کورژەکەی دەسوڕێتەوە خوێنی بەگزادەیەك بێ و لە خۆشەویستی نێوان لە یەکتری قەدەغە کراوان کەوتبێتەوە؟

دارو درەختی سەیرانگا بە باران قورس ببوون.[١٥٨] هێشتا باران دەباری و بەردەوام دەکەوتە ناو ئەو دەریاچە بۆرەی وەك مەتاڵ والا بوو. ڕەوە قازێك هەڵفڕینە ناو دەریاچەکە، ئاو و کەنارەکەیان بە سیانە سەوزە سپی پاتەکەی بنی ئاوەکە شێلو کرد. ڕووناکی یە بۆرەکەی پاش باران و خامۆشی یە تەڕەکەی درەختەکان و دەریاچە بینراوە مەتاڵ ئاساکە و ڕەوە قازەکە ئەوانی سەرمەست کردبوون و پاڵی دەنان یەکتر بگرنە ئامێز. بە بێ نیاز و مەبەست یەکتریان دەگرتە باوەش و دەستیان دەکردە ملی خوشکیان. عەبایەکی خوری بۆر کە لە سەرشانی یەوە تا کەمەری داپۆشی بوو و سەرکە نازدارەکەشی بە شەرمێکی خۆکردی کیژانەوە داگرتبوو. سەری کوڕەکەش بە قژێکی خاوی سووری تۆخ داپۆشرابوو، دەستەکانیشی ناسك و بە هێز و پەڵەدار بوون. ئەدی دەم و چاوی؟ دەم و چاوی دیار نەبوو. دەم و چاوی براکەی بەسەر قژە پڕ بۆن بارانەکەی کیژەکە چەمابۆوە. ئەو دەستە زیپکەدارە قەڵەوە ڕێکانەی باوەشیان تێ ی وەرێنابوو، دەستی دێڤین بوون.

بە تووڕەیی ڕووی لە بیرەکانی خۆی و هەروا لەو شەمووڵە چورچەی ئەو بیرانەی بە مێشکی دا هێنا گرژ کردەوە. گاڵتە و مەزاق کردنی باوکی بە چەتەوڵی (بانتری)[١٥٩] لە مێشکی دەرپەڕی. ئەوانەی لە مێشکی خۆی بەدەرنا و بە زەحمەت توانی جارێکی دی مێشکی بباتەوە سەر بیرەکانی پێشتری. بۆچ ئەوانە دەستی کرێنلی نەبن؟ ئایا ساویلکەیی و بەسەزمانی دێڤین پتر بە دزی پێ یەوە دەدات؟

لەگەڵ دیکسن لە ڕۆیشتن بە ناو هۆڵەکەدا بەردەوام بوو، کرێنلی یان بە جێ هێشت تا بە فێڵێك خواحافیزی لە شەمولەکە بکات.

---

١٥٨. دار و درەحتی سەیرانگا... ستیڤن لە خەیاڵی دا وا دەبینێ کە تەماشای دیمەنێکی خۆشەویستی نێوان قەدەغەکراوان دەکات، کە لە سەر زەوی ئەو ناوەدا ڕوودەدات.

١٥٩. چەتەوڵی (بانتری): ئەوانە کۆمەڵە سیاسی یەکی دژ بە پارنێڵ بوون. وایان ناو لێ نابوون، چونکە زۆربەیان، تەنانەت سەرکردەکەیان کە (ت.م. هێلی) بوو خەڵکی شارۆچکەی (بانتری) بوون.

لە ژێر هەیوانەکەدا (تێمپل) لە ناوەڕاستی کۆمەڵێکی بچووکی قوتابیان وەستا بوو. یەکێکیان هاواری کرد:

- دیکسن وەرە پێش با گوێت لێ بێت. ئەمڕۆ (تێمپڵ) لە بارێکی یەکجار چاکدایە.

تێمپڵ چاوە ڕەشە قەرەجانی یەکەی بۆ لای ئەو وەرگێڕا و گوتی:

- (ئۆکێفی) تۆ دووڕوویت، (دیکسن) یش کوڕێکی رووخۆشە. سوێند بە دۆژە من وابیر دەکەمەوە کە ئەوە دەربڕینێکی ئەدەبی جوانە.

لە بن لێوان پێ دەکەنی. تەماشای ستیڤنی کرد و دووبارەی کردەوە:

- سوێند بە دۆزەخ، من زۆر کەیفم بەو ناوە: رووخۆش، دێت.

قوتابیەکی تێك سمڕاو کە لەسەر پایەکەی خوار ئەوان راوەستابوو گوتی:

- تێمپڵ وەرە سەر باسی خاتوون. دەمانەوێ لەو بارەیە وە شتێ ببیستین.

تێمپڵ گوتی:

- سەرەڕای ئەوەی کابرا بە ژن بوو، دەنکێکیشی هەبوو. هەموو قەشەکانیش لەوێ کێشتیان دەخوارد. سوێند بە دۆژە من وای دەبینم کە ئەوانیش بەشی خۆیان لەو شتە بەرکەوتووە.

دیکسن گوتی:

- ئێمە بەوەی تۆ دەڵێین: سواری ئەسپی کرێ ببی و ئەسپی ڕاو بەرەڵلا بکەیت.

ئۆکیفی گوتی:

- پێمان بڵێ(تێمپڵ) هورگت چەند چارەکە گالۆن بیرەی ڕەشی تێدایە؟

تێمپڵ بە گاڵتە پێکردنێکی ئاشکراوە گوتی:

- ئۆکێف، هەموو بیر و ڕۆحت هەر ئەو رستەیان فێرکردی.

بە گران رۆیشتنەوە بە دەوری کۆمەڵەکە دەسوڕایەوە و ڕووی دەمی کردە ستیڤن و لێ ی پرسی:

- ئایا دەزانی کە بنەماڵەی (فۆرستەر) شاهەنشای بەلچیکان؟

کرێنلی لەناو دەرگای هۆڵی چاوەڕوانی هاتە دەرەوە و شەپقەکەی بەردابۆوە سەر تۆقەڵەی ملی و بن ددانەکانی بەوردی دەکژۆڵیەوە.

تێمپڵ گوتی:

- ئا ئەوە فەلسەفەچی یەکە هات، ئەرێ تۆ دەربارەی (بنەماڵەی فۆرستەر) شتێك دەزانیت؟

دەمێك وەستا و چاوەڕێ ی وەڵام بوو، کرێنلی بە سەری داروچکەیەك ناوکە هەنجیرێکی لە بن ددانی دەرهێنا و بەوردی تێ ی ڕادەما.



تێمپڵ گوتی:

- بنەماڵەی (فۆرستەر) لە (بۆڵدوین) ی یەکەم، شای فلاندەرز کەوتونەتەوە. ناوی ئەو بە فۆریستەر بانگ دەکرا. فۆریستەر و فۆرستەر هەر یەك شتن. کاپتن فرانسیس فۆرستەر، نەوەی بۆڵدوینی یەکەم، لە ئێرلەندا گەنجێ بوو و کیژی دوا سەرەك هۆزی (کلان براسیل)ی خواست. ئێستا بنەماڵەی (بلێیك فۆرستەر)یش هەیە. بەڵام ئەمە لقێکی ترە.

کرێنلی، کە دیسان بە ئەنقەست ددانە بریقەدرە بەدەرەوەکانی دەکژۆڵیەوە دووبارەی کردەوە:

ـ بڵێ ئەوان لە (بۆڵدهێد)[160]، شای فلاندەرز کەوتونەتەوە.

ئۆکێفی پرسی: ئەتوو لە کوێ ئەو هەموو زانیاری یە مێژوویی یە دەزانیت؟

تێمپڵ کە ڕووی بۆ لای ستیڤن وەرگێرا گوتی: من مێژووی تەواوی بنەماڵەی تۆش دەزانم. ئەرێ دەزانی (گیراڵدۆس کامبرێنسیس) دەربارەی بنەماڵەکەت چی دەڵێ؟

قوتابیەکی کەڵەگەتی سیلداری چاوڕەش گوتی:

- ئایا ئەویش لە نەوەی بۆڵدوینە؟

کرێنلی کە کەلێنی نێوان ددانەکانی دەمژی دووپاتی کردەوە: بۆڵدهێد!

تێمپڵ بە ستیڤنی گوت: Pernobilis et Pervetusta familia[161]

ئەو قوتابیە کەتەیەی کە لەسەر پایەکەی خوار ئەوەوە وەستابوو بایەکی کورتی لێ بەربوو.

دیکسن ڕووی بۆ وەرگێرا و بە دەنگێکی نەرم گوتی:

- ئەرێ فریشتەیەك قسەی کرد؟

(کرێنلی)یش بە خوێن گەرمی یەوە ڕووی وەرگێرا، بەڵام بە بێ تووڕەیی گوتی:

- گۆگینز، دەزانی تۆ چەپەڵترین شەیتانی تا ئێستا دیبم.

گۆگینز بەبڕواوە گوتی:

- ئەوەی لە ناخم بوو دەرم کرد. زیانم بە کەس گەیاندووە، کەسم ئازاردا؟

دیکسن بەزارشیرینیەوە گوتی:

- هیوادارم ئەوەی تۆ لەو جۆرە شتانە نەبێت کە لە زانست بە (Paulo Post Futurum)[162] ناسراوە.

---

١٦٠. بۆڵدهێد: مانای سەر کەچەڵە. کە ئەمەش گاڵتە کردنە بە ناوی بۆڵدوین.

١٦١. ماناکەی((بنەماڵەیەکی زۆر کۆن و بەناوودەنگ)).

١٦٢. ماناکەی: ((دۆخیکە یا بارێکە کە لە داهاتوودا ئەنجامی دەبێت.))

تێمپڵ ڕووی بە لای ڕاست و چەپی دا وەرگێڕا و گوتی:

- پێتانم نەگوت ئەو ڕووخۆشە؟ ئەدی من ئەو ناوەم لێ ی نەنا؟

کوڕە کەڵەگەتە سیلۆیەکە گوتی: بەڵێ گوتت، خۆ ئێمە کەڕ نین.

کرێنلی هێشتا بە مرومۆچی تەماشای کوڕە چوارشانەکەی خوارەوەی خۆی دەکرد، پاشان بەمرەیەکی بێزلێکردنەوە لەسەر پەیژەکان پاڵەسووی خوارەوەی ناو و بە تووندی پێ ی گوت:

- برۆ لێرە دووربکەوە هەی بۆگەن. بە ڕاستی تۆ بۆگەنیت.

گۆگینز بە پازدان چووە خوارەوە تا گەیشتە سەر چەوەکە و پاشان دەسبەجێ بە کەیفخۆشی هاتەوە شوێنی خۆی. تێمپڵ بۆ لای پشتەوە ڕووی کردە ستیڤن و پرسی:

- ئەرێ بڕوات بە یاسای بۆماوە هەیە؟

کرێنلی بە سەرسوڕمانەوە ڕووی تێ کرد و لێ ی پرسی:

- ئەرێ تۆ سەرخۆشیت، چیت، یا دەتەوێ چی بڵێیت؟

تێمپڵ بە خوێن گەرمی یەوە گوتی:

- قووڵترین ڕستە تا ئێستا نووسرابێت، ئەو ڕستەیەی کۆتایی کتێبی (گیانەوەرزانی) یە کە دەڵێ: زاوزێ سەرەتای مردنە.

بە نەرمی ئانیشکی ستیڤنی گرت و بە پەرۆشەوە پێ ی گوت:

- خۆ هەست دەکەیت چەند قووڵە، چونکە تۆ شاعیریت؟

کرێنلی بە پەنجە دۆشامژەکەی نیشانەی بۆ کرد و بە گاڵتە پێ کردنەوە بە خەڵکی تری گوت:

- سەیری بکەن! تەماشای هیوای ئێرلەندا بکەن!

ئەوان بە وشە و نیشانەی سەر دەم و چاوی پێکەنین. تێمپڵ نێرانە ڕووی تێ کرد و گوتی:

- کرێنلی تۆ هەمیشە گاڵتەم پێ دەکەیت. من هەست بەوە دەکەم. بەڵام بە هیچ شێوەیەك من هیچ ڕۆژێك لە تۆ کەمتر نیم، دەزانی هەنووکە چۆن بیرت لێ دەکەمەوە کە لەگەڵ خۆم بەراوردت پێ دەکەم؟

کرێنلی بە ڕێزەوە گوتی:

- ئەی هاوڕێ خۆشەویستەکەم، دەزانی تۆ ناتوانی، هەرگیز ناتوانی بیربکەیتەوە؟

تێمپڵ بەردەوام بوو:

- بەڵام دەزانی من چۆن بیر لە خۆم و تۆ دەکەمەوە کە بەراوردیان دەکەم؟

قوتابی یە چوارشانەکە لە سەر پەیژەکانەوە هاواری کرد:



- دە پیمان بڵێ، تێمپڵ! پێمان بڵێ، تێمپڵ! پێمان بڵێ، وشە بە وشە!

تێمپڵ بۆ لای ڕاست و چەپی خۆی ڕووانی و هەرکە دەدوا و بە نائومێدی سەری دەهەژاندەوە هێمای بچووکی کت و پڕی دەکرد:

- من گونەوێڵەم. من وام و دەشزانم کە وام. دانیش پیادەنێم کە وام.

دیکسن بە هێواشی لە سەر شانی دەدا و بە نەرمی پێ ی دەگوت:

- ئەوە ئەوپەڕی سەربەرزیە بۆ تۆ، تێمپڵ.

تێمپڵ کە نیشانەی بۆ کرێنلی دەکرد گوتی:

- بەڵام ئەو، ئەویش هەروەها گونەوێڵەیە وەکو من. بەڵام ئەو بەخۆی نازانێت. ئا ئەوەش تاقە جیاوازی نێوان من و ئەوە.

وشەکانی لە ناو شەپۆلی پێکەنین دا نقووم بوون. بەڵام دیسان ڕووی بۆ ستیڤن وەرگێڕا و بە پەرۆشیەکی کت و پڕەوە گوتی:

- ئەوە خۆشترین وشەیە. ئەو تاقە وشەیەکی جووتی ئینگلیزی کۆنە. دەزانی؟

ستیڤن بە نادیاری یەوە پێ ی گوت: بە ڕاستت؟

تەماشای ڕووخسارە دان بەخۆگرەکەی کرێنلی دەکرد کە ئازاری دەچێژت، ئێستا دەم و چاوی بە بزەیەکی درۆیاوی بە ئارام گەشایەوە. ئەو ناوە ناشیرینە وەك ئەوەی کە چڵکاوێك بە سەر پەیکەرێکی بەردی کۆن، کە لە ڕووی ئازاردا پشوودرێژە دا بکرێت بە سەری داتێپەڕی؛ جا کە تەماشای کرد بینی کڵاوەکەی سەری بۆ سەلاو بەرز کردۆتەوە و قژە ڕەشەکەی نێو چەوانیشی وەك تاجی ئاسن قیت بۆتەوە.

کیژەکە بە لای تارمەی پەڕتووکخانەدا تێ پەڕی و لە کاتی وەڵامدانەوەی سڵاوی کرێنلی سەرێکی بۆ ستیڤن داگرت. ئەویش؟ ئەرێ گرێکی گچکە نەپەڕیە سەر کۆلمی کرێنلی؟ یان ئەو گڕە لە هەژمەتی وشەکانی تێمپڵ ڕوخساری تەنی بۆوە؟ گڕەکە کوژایەوە. چی دی نەیدەتوانی بیبینێت.

ئایا ئەوە کرێ یە بن بریەکەی هاوڕێکەی روون دەکاتەوە، پلارە تیژەکانی، خۆ تێ هەڵقورتاندنە کت و پڕەکەی بەو قسە رەقانەی کە زۆر جار دان پیانانە پڕ بە دڵە سەرسەختەکەی لێ ورد و خاش دەکرد؟ ستیڤن بە تەواوی گەردنی ئازاد کردبوو چونکە هەمان ڕەقی و وشکیشی لە خۆی بەدی دەکرد. هەروا ئەو ئێوارەیەی هاتەوە یاد کە لە پایسکلە خوازراوە بەجیڕە جیڕەکەی لە جەنگەڵێکی نزیك (مالاهاید) دابەزی تا نوێژ بۆ خوای خۆی

بکات. باڵەکانی بەرز کردبۆوە و بە سەرمەستی یەوە بۆ باوەشی نووتەکی درەختەکان دەدوا، ئەوەشی چاك دەزانی کە لەسەر عاردێکی پیرۆزە و لە سەعاتێکی پیرۆزیش وەستاوە. جا هەرکە لە پێچی ڕێگا تاریکەکە دوو هەیتەی لێ بەدەرکەوت، نوێژەکەی بڕی و بە دەنگێکی بەرز بە فیکە نەوای دوا پانتۆمایم کە دیتبووی دەگوتەوە.

بە سەرە خوراوەکەی حەیزەرانەکەی کەوتە لێ دان لە بنی یەکێك لە کۆڵەگەکان. دەبێ کرێنلی گوێی لێ نەبێ؟ هێشتا دەتوانی چاوەڕێ بکات. بۆ تاوێك قسەکردن لەسەر ئەو نەما و نەرمە سسەیەك لە پەنجەرەی ژوورسەری ئەو دەبیسترا، بەڵام هیچ دەنگێکی تر لە هەواکەدا نەبوو، تەنانەت ئەو پەڕەسێلکانەی کە بە چاوە ماندووەکانی تەماشای فڕینیانی دەکرد نووستبوون، کیژەکە بەناو زەردەپەرەدا تێ پەری، هەر بۆیەش هەواکە خامۆش بوو و لە سسە زێتری تیا نەدەبیسترا، هەربۆیەش زمانی ئەوانەی کە چەنەیان لەسەر ئەو لێ دەدا لە گۆکەوتن، تاریکی دادەرژا.

((تاریکی لە هەواوە دادەرژێت))

شادییەکی لەرزۆك، بە تروسکە وەکو رووناکیەکی کز، وەك خانەخوێیەکی پەری لە دەوری گەمەی دەکرد، بەڵام بۆ؟ دەبێ لەبەر تێپەڕبوونی کیژە بێت بە ناو هەوا تاریکەکە یان لەبەر ئەو هەڵبەستە بووبێت کە پیتە بزوێنە درێژەکانی و دەنگە پڕ لەرەکەی وەکو دەنگی عود تێر و پڕە؟

بەکاوەخۆ بەرەو ناخی سێبەری هەیوانەکە دەڕۆیشت، بە سەری حەزەیرانەکەی بەنەرمی لە بەردەکانی بەر پێی خۆی دەدا تا زیندە خەونەکەی لەو قوتابیانە بشارێتەوە کە بەجێیانی دەهێشت، هەروا جلەوی بۆ مێشکی شل کرد تا سەردەمی (داولاند) و (بێرد) و (ناش)[١٦٣] بژیێنتەوە.

ئەو چاوانەی کە لە قوڵایی ئارەزووودا دەکرێنەوە، ئەو چاوانەن کە گزنگی خۆر تاریك دەکەن. دەبێ جوانیە تەپەکانیان جگە لە ناسکی یەکی درۆزن چی بێت؟ ئەدی دەبێ بریسکەکانیان چی بێت بێجگە لە بریسکەی کەفی چڵکاوی ناو دەربارەی سیتوارتی دەم بە

١٦٣. داولاند و بێرد: ئاوازدانەری سەردەمی شا(جێمسی یەکەم) بوون کە لەو رۆمانەدا ئەو شایە بە (ستیوارتی دەم بەلیکاو) ناو دەبرێت.

ناش: تۆماس ناش، شانۆنامەنووسێکی ئیلیزابێسی یە: دێری:((رووناکی لە هەواوە دادەرژێ))دێرە گۆرانیەکی ناو شانۆنامەکەیەتی.



لیکاو؟ لەناو زمانی بیرەوەریەکانیدا بادەی کەهرەمانی چەشت، کپ بوونەوەی ئاوازە شیرینەکانیان و سەمای بە جووتەی پڕ شانازی و هەروا بە چاوی بیرەوەریەکانی دەیدەیت ئافرەتی دڵنەرمی خانەدان لە (کۆڤێت گاردن)[١٦٤]دا بە لێوە مژراوەکانیان لەبەر هەیوانەکانی خۆیانەوە دەپاڕانەوە و نۆکەرە خوریکەدارەکانی ناو مەیخانە و ژنە جاحێلەکان بە کەیف و خۆشی خۆیان دەدا دەست پیاوە تامەزرۆکان، ئەوانیش ئیشی خۆیان لەگەڵ دەکردن و دووبارە لەگەڵیان دەکردنەوە.

ئەو دیمەنەی کە لە ناو بیرەوەریەکانی زیندووی کردەوە هیچ شادیەکی پێ نەبەخشی، ئەوانە وێنەی نهێنی و رق هەڵسێن بوون، بەڵام وێنەی ئەو کیژە لەهی ئەوان نەدەئالاّ و تێکەڵ بەوان نەدەبوو. تەنانەت هەر شایەن بەو کیژە نەبوو ئەو وا بیری لێ بکاتەوە. کەواتە دەبێ باوەڕی بە مێشکی خۆی نەیەت؟ قسەی کۆن تەنها تامی شیرینی گۆڕیان لێ دەهات وەکو ئەو ناوکە هەنجیرەی کە کرێنلی لە بن ددانە بریسکەدارەکانی دەرهێنا.

ئەوە نە بیر بوو نە خەیاڵیش ئەگەرچی بە شێوەیەکی نادیار دەیزانی ئەوە باڵای کیژەیە و بە ناو شاردا بەرەو ماڵ دەچێت، بەرایی بە نادیاری، بەڵام پاشتر بە توندی بۆنی جەستەی ئەوی کرد، بێ ئارامیەکی واگایانە لە ناو خوێنی دا کەف و کوڵی بوو. بەڵێ، ئەوە بۆنی جەستەی ئەو بوو کە بۆنی دەکرد، بۆنێکی خاو و کێوی، ئا ئەوە پەلە گەرمۆکەکانی کیژەن کە مۆسیقاکەی بە ئارەزوو بەسەریدا هەڵدەکات، ئا ئەوەش کەتانە نەرمە پڕ رازەکەیە کە جەستەی کیژەکە بۆن و ئاونگی بەسەردا دەڕشت.

ئەسپێیەك بەسەر تۆقەڵەی ملی ستیڤن هەڵدەگەرا، پەنجەی گەورە و دۆشاومژەی بە ئەسپایی بردە بن یاخە بەرینەکەی و گرتی. ئەسپێ یەکەی لە نێوان هەردوو پەنجەکەی بادەدا، ئەسپێیەکە وەکو دەنکە برنجێك لەبەر پەنجەکانی نەرم و ناسك بوو، بۆ ساتێك لە نێوان پەنجە گەورە و دۆشاومژەی هێشتەوە و بەرلەوەی فرێی بدات لە خۆی پرسی دەبێ بژی یان بمرێت. ئینجا قسەیەکی زۆر سەیری (کۆرنیلیاس ئەلاپیدی)[١٦٥] هاتە بیر کە دەڵی: ئەو ئەسپێیەی کە

١٦٤. (کۆڤێت گاردن): بە مانای باخی ئارەزوو و تامەزرۆیی دێت.

١٦٥. کۆرنیلیاس ئەلاپید: (١٥٦٧-١٦٣٧) نووسەرێکی جێزوێتی بوو، کتێبی ((سەرنجی مەزن)) لەبارەی ((کتێبی پیرۆز))ی نووسی، کە لەوێدا یەکێك لە سەرنجەکانی دەربارەی ((خولقان: بەشی یەکەم: دێری٢٥)) دا دەڵێ کە هەندێ لە جۆراوجۆرە خشۆکەکان راستەوخۆ خوا دروستی نەکردوون، بەڵام لە سروشتی شتە خولقێنراوەکانەوە دروست بوون، وەکو مێش و مەگەز لە گۆشت، کرمی پەنیر لە شیرنەمەنی؛ ئەسپێ لە

له ئارەقەی مرۆڤ دەرسکێ، خوا له شەشەم رۆژدا لەگەڵ گیانەوەرانی تر دروستی نەکردووە. بەڵام زوورانەوە و ختووکەی پشتی ملی وای لێکرد مێشکی خاو و گەرم دابێت. ژیانی جەستە پۆشاك خراپ و خۆراك خراپ و ئەسپێ خواردووەکەی وای لێ کرد بە گرژ بوونەوەیەکی کت و پڕی نائومێدی پێلوی چاوانی دا بداتەوە. لە تاریکی دا دەبینی کە لاشە ناسکە بریسکەدارەکانی ئەسپێ لە هەوا دەژین و زۆرجار کە بەردەبوونەوە خۆیان وەردەگێرا. بەڵێ ئەوە شەوەزەنگ نەبوو کە لە هەواوە دادەرژا. بەڵکو رووناکی بوو.

**((رووناکی لە هەواوە دادەرژێ))**

تەنانەت نەیدەتوانی دێرەکانی (ناش)ی بە چاکی بەبیر بێتەوە. خۆ گشت ئەو وێنانەی لەبەرچاوی زیندووبوونەوە درۆ بوون. مێشکی تەنیا کرم دەزا، بیرەکانیشی تەنیا ئەسپێ بوون کە لە ئارەقەی زەمتەیی و تەوەزەلی دەخولقان.

خێرا بەناو هەیوانەکە گەڕاوە لای کۆمەڵە قوتابییەکان. کەواتە کیژە با بڕوا و نەفرەتی لێ بێت! با حەز لە وەرزشوانێکی خاوێن بکات کە هەموو سبەینەیەك تا ناوقەدی دەشوا و سینگی پڕ مووی رەشە، با بڕوات!

کرێنلی لەتکە هەنجیرێکی تری لە گەنجینەی ناو بەرکی دەرهێنا و لەسەرخۆ بە مرچەمرچ دەیخوارد. تێمپڵ لەسەر سووچی دینگەکەوە دانیشتبوو و خۆی پشتەوشکێن کردبوو و شەپقەکەی هێنا سەرچاوە خەواڵووەکانی. گەنجێکی قەڵەوی قوتەخنە لەبەر تارمەکە دەرچوو، جانتایەکی قایشی لە بن هەنگڵی بوو. بۆ لای کۆمەڵە قوتابییەکە هەنگاوی دەنا، پاشپانی پووتەکەی و نووکی چەترەکەی لە بەردەکانی شۆستە دەچەقاند، پاشان چەترەکەی بۆ سڵاو کردن بەرز کردەوە و بە هەمووانی گوت:

- ئێوارەتان باش، گەورەکانم.

دیسان لە بەردەکانی هەڵدا و هەرکە سەری دەهەژاندەوە بە جوولەیەکی گچکەی دەمارگرژیەوە، پێکەنینێکی نیمچە شاراوەی کرد، قوتابیە بەژن درێژە سیلدارەکە و دیکسن و ئۆکێفی بە زمانی ئێرلەندی دەدوان و وەڵامی ئەویان نەدایەوە. پاشان رووی وەرگێرا لای کرێنلی و گوتی:

---

ئارەقەی مرۆڤ. ئەو بیردۆزەی لە خۆڕاخولڤان بووە جێی باوەڕی هەموو کەسێك تا پاستۆر هات و گوتی:((کرم لە ئەنجامی رزی بوون و بۆگەن بوون دروست دەبێ.)) ئینجا(چارلس داروین)ی مەزن هات و بە تەواوی بن و بنۆتکەی ئەو بیردۆزانەی هەڵتەکاندەوە.



- ئێوارە باش، بەتایبەتی لە تۆ.

چەترەکەی وەك نیشانەیەك بۆ ئەمە جوولاندەوە و پێکەنینێکی نیمچە شاراوەی بۆ کرد. کرێنلی کە هێشتاش هەر خەریکی جووینی لەتکە هەنجیرەکەی بوو، بە جوولانەوەیەکی بە دەنگی شەویلاگەکانی وەڵامی دایەوە:

- باش؟ بەڵێ ئەوە ئێوارەیەکی باشە.

قوتابیە قەڵەوە قوتەخنەکە بە جەرگسۆزیەوە تەماشای کرد و بەکاوەخۆ چەترەکەی هەژاندەوە و بە سەرزەنشتکردنەوە گوتی:

- دەزانم تۆش دەتەوێت هەندێك پەلاری ئاشکرام تێبگریت.

کرێنلی بە (ئم)ێك وەڵامی دایەوە و لەتکە هەنجیرە نیوە جووراوەکەی دەرهێنا و بۆ لای دەمی ئەو هەڵبەز و دابەزی پێ دەکرد بەو مانایەی کە دەبێ ئەوە بخوات.

قوتابی دوبە قوتەخنەکە نەیخوارد، کەمێك دەستی بەسەر سروشتی خۆی داگرت. هەرچەندە هێشتا پێکەنینێکی شاراوەی دەهاتێ، بەڵام بە سەنگینیەوە وشەکانی بە نووکی چەترەکەی پاڵ دەنا و گوتی:

-نیازت وایە کە....

قسەکەی بڕی و بەدەبەنگی یەوە نیشانەی بۆ هەنجیرە جووراوەکە کرد و بە دەنگ گوتی:

-من مەبەستم لەوەوەیە.

کرێنلی وەك جاری گۆڕینی گوتی: ئم.

قوتابیە قەڵەوە قوتەخنەکە گوتی:

- تۆ مەبەستت لەوە وەك راستیەکی بینراوە، یا بابڵێین، هەر قسەیەکی ئاسایی یە؟

دیکسن رووی لە کۆمەڵەکەوە وەرگێرا و گوتی:

-گلێین، گۆگینز چاوەڕێی تۆی دەکرد- چووە کن (ئەدێلفی) تا تۆ و مۆینیهان بدۆزێتەوە.

پاشان لێی پرسی و شەپێکی نەرمی لە جانتاکەی بن هەنگڵی دا:

- پێم نالێی ئەوە چی تێدایە؟

گلێین وەڵامی دایەوە:

-کاغەزی تاقیکردنەوەی تێدایە، من تاقیکردنەوەی مانگانەیان بۆ دادەنێم تا بزانم لە وانە تایبەتیەکانم سوودیان وەرگرتووە یان نەء.

ئەویش شەپێکی بە نەرمی لە جانتاکەی دا و نەرمە کۆکەیەکی کرد و بزەیەکی هاتێ.

کرێنلی بە وشکی گوتی:

-وانەی تایبەتی! وابزانم مەبەستت لەو منداڵە پێخواسانەیە کە مەیمونێکی چەپەڵی وەك تۆ وانەیان پێ دەڵێتەوە، خوا یارمەتیان بدات!

ئەوەی لە لەتکە هەنجیرەکە مابوو جووی و قونکەکەی فڕێ دا.

گلێین بە شیرینی پێی  گوت:

– من داوا لەو منداڵە بچکۆلانە دەکەم بێن بۆ لام.

کرێنلی بەکێش خستنە سەر وشەکانەوە دووبارەی کردەوە:

-ئەی مەیموونی چەپەڵ، مەیموونی کافری چەپەڵ!

تێمپڵ هەڵسایەوە و پاڵەسووی کرێنلی دا و رووی کردە گلێین و گوتی:

– ئەو قسەیەی تۆ کردت لە کتێبی (موژدەی نوێ)وەرگیراوە کە مەسیح دەڵێ: داوا لە منداڵێ بچکۆڵە دەکەم بێن بۆ لام.

ئۆکێفی گوتی: تێمپڵ، برۆ دیسان بخەوە.

تێمپڵ بەردەوام بوو و قسەی لەگەڵ گلێن دەکرد:

ـ زۆر باشە، کەواتە، مادام یەسوع داوا لە منداڵی بچکۆڵە دەکات بچنە لای ئەدی بۆ کڵێسا هەموویان بۆ ناو دۆژە دەنێرێت ئەگەر بەبێ ناو لێ نان بمرن؟ ئەدی ئەوە بۆ وایە؟

قوتابیە سیلدارەکە پرسی: تێمپڵ، ئەرێ ئەتوو ناونراویت؟

تێمپڵ چاوەکانی بەدوای چاوی (گلێین) گێڕدەدا و گوتی:

ـ بەڵام بۆ ئەوان دەنێرێنە دۆژە ئەگەر مەسیح بەخۆی داوای لێ کردبن هەموویان بچنە لای؟

گلێین کۆکەیەکی کرد و بەگرانی ئەو پێکەنینەی ناو دەنگی پێ ڕادەگیرا و لەگەڵ هەر وشەیەك کە بەنەرمی دەیگوت چەترەکەی دەهەژاندەوە:

ـ مادام حاڵ ئاوایە، من پڕ بەدەم لێت دەپرسم بۆ ئەوە وایە.

تێمپڵ گوتی:

ـ چونکە کڵێسا وەکو هەموو گوناهکارە نەقوڵاکان دڵڕەقە و بێ بەزەیی یە.

دیکسن بەشیرینی یەوە گوتی:

ـ ئەرێ تۆ تەواو دڵنیایت دەربارەی ئەو مەسەلەیە، تێمپڵ؟

تێمپڵ وەڵامی دایەوە:



ـ حەزرەتی (ئۆگستین) دەڵێ منداڵە ناو لێ نەنراوەکان دەبردرێنە ناو دۆژە چونکە ئەویش گوناهکارێکی ناقوڵای دڵڕەق بوو.

دیکسن گوتی:

ـ من لەوەدا لەگەڵ تۆم. بەڵام من وای بۆ دەچم (لیمبۆ)[١٦٦] بۆ ئەو مەبەستە دروست کراوە.

کرێنلی بەدڕندەیی گوتی:

ـ چی دی لەگەڵی پێدا مەچوو، دیکسن. نە قسەی لەگەڵ بکە و نە تەماشای بکە. بەڵام وەك بزنێکی بەباعەباغ پەتکی لەمل بکە و جڵەوەی بەرەو ماڵ ڕابکێشە.

تێمپڵ هاواری کرد:

ـ (لیمبۆ)! ئەوەش داهێنانێکی مەزنە، وەکو دۆزەخ.

دیکسن گوتی:

ـ دۆزەخە و بەس شتە رەزا قورسەکانیان لێ ی وەدەرناوە.

بەزەردەخەنەوە ڕووی کردە ئەوانی تر و گوتی:

ـ من وابیردەکەمەوە کە من بەقسەکانم گوزارە لەبیروڕای هەموو ئەوانەی ئێرە دەکەم.

گلێین بەدەنگێکی پتەوەوە گوتی:

ـ ڕاست دەکەی. ئێرلەندا لەسەر ئەو مەسەلەیە یەکتری گرتووە.

نووکی چەترەکە لەزەوی یە بەردرێژەکەی هەیوانەکە کووتا.

تێمپڵ گوتی:

ـ دۆژە. من ڕێزی داهێنانی ژنە بۆرکەڵەکەی شەیتان دەگرم. دۆژە وشەیەکی ڕۆمانییە و دیوارەکانی وەکو شێوازی هونەری تەلارکاری ڕۆمانی خەپلە و ناشیرینە. بەڵام (لیمبۆ) چی یە؟

ئۆکیفی هاواری کرد:

ـ کرینلی، بیخەرەوە ناو عارەبانۆکەی منداڵان.

کرێنلی هەنگاوێکی چوستی بەرەو تێمپڵ نا، وەستا و پێی خۆی لە زەوی کوتا وەك بڵێی کشە لە مریشك دەکات:

-هش!

---

١٦٦. لیمبۆ: شوێنێکە بۆ ئەو گیانە بێ گوناهانەی پێش هاتنی مەسیحیەت و ئەو منالانەی بەبێ ناو لێ نان دەمرن تەرخان کراوە.

تێمپڵ بەچوستی تێ ی تەقاند و هاواری کرد:

ـ دەزانی (لیمبۆ) چی یە؟ دەزای ئێمە بیرۆکەی وا لە (ڕۆزکۆمۆن) بەچی ناو دەبەین؟

کرێنلی هاواری کرد و دەستەکانی لێك دەدا:

ـ هش! خوا لەناو دەمت بدات!

تێمپڵ بەگاڵتە پێ کردنەوە هاواری کرد:

ـ نە بایە و نە بارانە، ئا ئەوە (لیمبۆ)یە گیانە.

کرێنلی گوتی:

ـ ئەو گۆپاڵەم بدەرێ.

بەتووندی حەیزەرانەکەی لە دەستی ستیڤن قەپاند و کەوتە پازدان بەسەر پەیژەکانەوە: بەڵام هەرکە تێمپڵ بیستی ڕاوی دەنێت وەك گیاندارێکی کێوی لەناو تارماییەکە بزر بوو، سوك و خێرا تێ ی تەقاند. دەنگی پووتە قورسەکانی کرێنلی لەنزیك گۆڕەپانە چوارگۆشەکە بەتووندی دەهات و بەقورسی هەنگاوی دەنا و بەزێنرابوو و بەسەرسمك چەوی بەرپێ ی تێ هەڵدەدا.

هەنگاوەکانی مۆرکی تووڕەیی یان پێوەبوو و بەهێمایەکی کت و پڕی تووڕەیی گۆپاڵەکەی تێ هەڵداوە ناو دەستی ستیڤن. ستیڤن هەستی بەوە کرد کە ئەو لەبەر شتێکی تر تووڕەیە، بەڵام وای دەنواند کە پشوودرێژە و بەنەرمی پیلی گرت و لەسەرخۆ پێ ی گوت:

ـ کرێنلی پێم گوتی دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم. وەرە با بڕۆین.

کرێنلی بۆ چەند تاوێك تەماشای کرد و پرسی: هەنووکە؟

ستیڤن گوتی:

ـ بەڵێ، ئێستا ناتوانین لێرە قسە بکەین، با بڕۆین.

پێکەوە لەگۆڕەپانە چوارگۆشەیی یەکە ڕەت بوون بەبێ ئەوەی ورتە لە کەسیان بێت. لە (سیگفرید) دەنگی باڵندەیەك بەنەرمی دەیجریواند و هەر لەسەر پەیژەکە تا لای تارمەکە بەدوایانەوە بوو. کرێنلی ئاوڕی دایەوە و دیکسن کە فیکەی لێ دەدا هاواری بۆ کردن:

ـ هاوڕێ یان دەچنە کوێ؟ ئەدی مەسەلەی یاری یەکە بەچی گەیشت، کرێنلی؟

لەناو هەوا خامۆشەکەدا، ئەوان بەدەنگ گفت و گۆیان دەربارەی ئەوەبوو کە یاری (بیلیارد) لە ئوتێلی (ئەدیلفی) بکەن. ستیڤن بەتەنیا بەرەو خامۆشی شەقامی (کیلدار) دەڕۆیشت و لەبەرامبەر ئوتێلی (ماپڵ) وەستا و بە پشوودرێژی چاوەڕێ ی کرد. ناو ئوتێلەکە و تەختە بەبریسکە ڕەنگ زەردەکە و ڕووە زەردەکەی ئوتێلەکە وەك تەماشاکردنێکی تەوساوی بەڕێز



چزوویان لەناخی دەچەقاند. بەرقەوە ئاوڕی دایەوە لای ژوورە کەم ڕۆشنەکەی پێشوازی کردنی هۆتێلەکە، ئەمەش وای بۆ هێنا کە ژیانە بێ گیروگرفتەکەی بەگزادەکانی ئێرلەندا لەباوەش دەگرێت. ئەو بەگزادانەی کە بیریان لە لێژنەی سەربازی و نوێنەری زەوی و زار دەرکردەوە، جوتیارانیش بەدرێژایی ڕێگاوبانەکانی گوند دەوەستان بۆ بەخێرهاتن کردنیان، ئەو بەگزادانەی کە ناوی هەندێ خۆراکی فەرەنسیان دەزانی و بەدەنگێکی لادێ ی بەرز کە پەردەی شێوە زمانەکانیانی دەدڕاند فرمانیان بەلێخوڕی پەیتوونەکان دەکرد بۆیان ئامادە بکەن.

دەبێ چۆن ئەو بتوانێت لە تەلی وێژدانیان بدا، یان چۆن بتوانێ سێبەری خۆی بەسەر ئەندێشەی کیژەکانیان دابباریێنێ پێش ئەوەی خزمە بەگزادەکانیان دەستیان پێ یان ڕابگات، تا بتوانێت ڕەگەزێکی کەمتر نەجیب زادە لە هینەکانی خۆیان لێ یان وەپاش بێخێت؟ هەروەها لەژێر باڵی ئەو شەوەزەنگە نوتەکە هەستی بەبیرکردنەوە و ئارەزووی ئەو ڕەگەزە کرد کە خۆی یەکێکە لەو ڕەگەزە شەمشەمە کوێرئاسایەی کەنار ئاو و زۆنگاوە چڵکاویەکان. ئافرەتێك لەبەردەگا چاوەڕێ ی دەکرد کە (دێڤین) بەشەو بەلای دا تێ پەڕی، گۆزەیەك شیری پێ دا و لێ پاڕایەوە ئەوشۆ لەناو نوێنەکەی بەسەر ببات: ئەوەش لەبەرئەوەی (دێڤین) دووچاوی نەرمی هەبوون و لە هی ئەو کەسانە دەچوون کە ڕازیان قایم بێت، بەڵام چاوی ئەو هیچ ئافرەتێکی ڕاو نەکرد.

چنگێکی بەتێن پیلی ستیڤنی گرت و دەنگی کرێنلی گوتی:

ـ با لێرە بڕۆین.

بەکڕی بەرەو خوار ڕۆیشتن. ئینجا کرێنلی گوتی:

ـ ئەو دەبەنگە بێزەوەرە، تێمپڵ. سوێند بە موسا ڕۆژێکیان دەبمە هۆی مردنی. بەڵام چی تر دەنگەکەی مۆرکی تووڕەیی پێوە دیار نەبوو و ستیڤن لە خۆی دەپرسی ئاخۆ بیر لە سڵاوی ئەو کیژە دەکاتەوە کە لەژێر تارمەکە بەلای دا تێپەڕی.

بەرەو لای چەپ ملیان نا و وەك جاران ڕۆیشتن. هەرکە ماوەیەکی باش ڕۆیشتن ستیڤن گوتی:

ـ کرێنلی، ئەوڕۆ ئێوارە من شەڕێکی گەورەم کرد.

کرێنلی پرسی: لەگەڵ ماڵێ؟

ـ لەگەڵ دایکم.

ـ دەربارەی ئایین؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە: بەڵێ.

پاش کەمێك وەستان کرێنلی پرسی: دایکت تەمەنی چەندە؟

ستیڤن گوتی: پیر نی یە. داوای لێ دەکردم ئەرکەکانی جەژنی ڕەممانە[١٦٧] بەجێ بگەینم.

ـ ئایا بەجێ ی دەگەیەنی؟

ستیڤن گوتی: بەجێ ی ناگەیەنم.

کرێنلی پرسی: لەبەرچی؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە: نامەوێ خزمەت بکەم.[١٦٨]

کرێنلی بەهێمنی گوتی: ئەو قسەیە پێشتریش گوتراوە.

ستیڤن بەگەرمی گوتی: ئەوا ئەمنیش ئێستا دەیڵێمەوە.

کرێنلی پیلی ستیڤنی گوشی و گوتی:

ـ لەسەرخۆ بە هاوڕێی خۆشەویستم. دەزانی تۆ مرۆڤێکی زوو هەڵدەچیت.

هەرکە قسەی دەکرد بە پەشۆکاوی پێ دەکەنی و بەچاوێکی هـاوڕێ یانـە و هەسـت بـزوێن تەماشای دەم و چاوی (ستیڤن)ی کرد و گوتی:

ـ دەزانی تۆ مرۆڤێکی زوو هەڵدەچیت؟

ستیڤن بەپێکەنینەوە گوتی: وابزانم وام.

بیریان، کە بەو دوایی یە لە یەکتری نامۆ ببوو، لەپڕ لە یەکتری نزیك بۆوە و کرێنلی پرسی:

ـ ئەرێ تۆ باوەڕت بە قوربانی پیرۆز هەیە؟

ستیڤن گوتی: نەخێر.

ـ کەواتە بڕوات پێ ی نی یە؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە: من نە بڕوام پێ ی هەیە و نە بڕواشم پێ ی نی یە.

کرێنلی گوتی:

ـ زۆر کەس گومانیـان لێ یـەتی، تەنانـەت مرۆڤـە ئـایین پەرسـتەکانیش، بـەڵام بەسـەر گومانەکانیان زاڵ دەبن و بەلایان دەنێن. ئەرێ گومانی تۆ لەمەڕ ئەو بابەتە زۆر بەهێزە؟

---

١٦٧. ڕەممانە یان جەژنی پەڕقەندانە: بەرامبەر بەوشەی (Easter) دێت و بەعەرەبی (عید الفصح)ە. مەسیحی یەکان بڕوایان وایە کە لەو ڕۆژەدا (مەسیح) ڕاست دەبێتەوە، هەر بۆیەش ئەو ڕۆژە دەکەنـە جـەژن و هێلکـەی تێدا زەرد و سوور و ڕەنگاوڕەنگ دەکەن.

١٦٨. ئەوە هەمان ئەو قسەیەیە کە شەیتان لەکاتی یاخی بوونی لە خوا کردی.



ستیڤن وەڵامی دایەوە: من بەهێزی نیم بەسەر گومانەکانم دا زاڵ ببم.

کرێنلی بۆ تاوێك شڵەژا. هەنجیرێکی دیکـەی لـە گیرفـانی دەرهێنـا و ئەوەنـدەی نـەمابوو بیخوات کە ستیڤن گوتی:

ـ تکایە مەیخۆ. تۆ ناتوانیت بەدەمی پڕ لە هـەنجیری جـووراوەوە گفتوگـۆ لەسـەر ئـەو بابەتە بکەیت.

کرێنلی لەبەر تاڵە تیشکی چراکەی ژوور سەریان لە هەنجیرەکە وردبۆوە و پاشان بە هـەردوو کونەلووتی بۆنی کرد، پارچەیەکی گچکەی لێ قرتاند، تفی کردەوە و بەتووڕەیی هەنجیرەکەی تێ هەڵدا ناو چڵکاوەکە و گوتی:

ـ لەبەرچاوم گوم بە هەی نەفرەت لێ کراو، بڕۆ ناو ئاگری دۆژەی هەتا هەتایێ!

دیسان قۆڵی (ستیڤن)ی گرت و لەڕۆیشتن بەردەوام بوون و گوتی:

ـ ئەرێ لەوە ناترسیت لە ڕۆژی لێ پرسینەوەدا ئەو قسانەت پێ بگوترێت؟

ستیڤن گوتی:

ـ ئەگەر وانەبێ لەجیاتی ئەوە چیم پێ دەبەخشێ؟ بەختەوەریەکی هەمیشەیی لە بەهەشـت لەگەڵ راگری لێکۆڵینەوەکان؟

کرێنلی گوتی: بەڵام ئەوەشت لەبیر بێت کە بەشی ئەو نەمری دەبێت.

ستیڤن بەهەندێ دڵتەنگی یەوە گوتی:

ـ ئاه، بەشەوق و زرنگ و ئازارنەدیوو لە سەرووی هەموانیش ناسك.

کرێنلی بەساردی یەوە گوتی:

ـ دەزانی شتێکی سەیرە کە مێشکت پڕکراوە لەو ئایینەی ئێستا دەڵێ باوەڕم پێ ی نی یە. ئەرێ کە لە خوێندنگا بوویت باوەڕت پێ ی هەبوو؟ مەرج دەکەم بڕوات پێ ی بوو.

ستیڤن وەڵامی دایەوە: هەنگی بڕوام پێ ی هەبوو.

کرێنلی بەشێنەیی پرسی:

ـ ئەرێ ئەوسا دڵخۆشتر بوویت؟ بۆ نموونە، دڵخۆشتر بوویت لە ئێستات؟

ستیڤن گوتی: زۆرجار دڵخۆشتر و زۆرجاریش دڵتەنگتر. ئەوسا من کەسێکی دی بووم.

ـ چۆن کەسێکی دی؟ مەبەستت لەو قسەیە چی یە؟

ستیڤن گوتی: مەبەستم وایە، من ئەوسا خۆم نەبووم کە ئێستا هەم و دەمەوێ ببم.

کرێنلی دووبارەی کردەوە: وەك ئەوەی ئێستا هەیت و دەتـەوێ ببیـت نـەبوویت، ڕێـم بـدە پرسیارێکت لێ بپرسم: ئایا تۆ دایکی خۆت خۆش دەوێت؟

ستیڤن لەسەرخۆ سەری بۆ لەقاندەوە و بەساکاری گوتی: نازانم مەبەستت لەو قسانە چییە؟

کرێنلی پرسی: هەرگیز کەست خۆش نەویستووە؟

ـ مەبەستت ئافرەتە؟

کرێنلی بەدەنگێکی ساردتر گوتی: من باسی ئەوە ناکەم. لێت دەپرسم ئاخۆ ئەگەر هەرگیز هەستت بە خۆشەویستی بەرامبەر کەسێ یا شتێك کردبێت؟

ستیڤن لەتەك هاوڕێکەی هەنگاوی دەنا و لە ڕێگاکە وورد دەبۆوە. لەکۆتاییی دا گوتی:

ـ ویستم خوام خۆش بوێت. بەڵام ئێستا وا دەردەکەوێت لەوە سەرنەکەوتبم. ئەوە ئیشێکی زۆر زەحمەتە. ویستم تاو بەتاو ئەڤانی خۆم تێکەڵ بە ئەڤانی خوا بکەم. لەوەدا هەمووجار نەدەکەوتم. لەگوینە هێشتاش توانای ئەوەم هەبێت...

کرێنلی بەپرسیار کردن قسەکەی لە کورتی بڕیەوە: ئەرێ دایکت لە ژیان بەختەوەر بوو؟

ستیڤن گوتی: من چۆن بزانم؟

ـ چەند منداڵی بووە؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە: نۆ یان دە. هەندێکیان مردوون.

ـ ئاخۆ باوکت...... کرێنلی بۆ تاوێك قسەکەی بڕی و پاشان گوتی:

ـ من نامەوێت تێکەڵی کاروباری خێزانەکەت ببم. بەڵام ئایا باوکت حاڵی باش بوو؟ مەبەستم وایە کاتێك تۆ هەراش بوویت؟

ستیڤن گوتی: بەڵێ.

پاش ماوەیەك وەستان کرێنلی پرسی: چ کارەبوو؟

ستیڤن بەزمان لووسی یەوە دەستی کردە ژماردنی ئاکارەکانی باوکی:

ــ قوتابی زانکۆی پزیشکی، سەوڵ لێدەر، گۆرانی بێژی دەنگ نێر، ئەکتەرێکی ئارەزوومەند، ڕامیاریەکی بەهات و هاوار، خاوەن زەویەکی گچکە، پارە وەبەرهێنەرێکی گچکە، ئارەق خۆر، هاوڕێ یەکی چاك، چیرۆکخوان، سکرتێری فلانە کەس، شتێك لەکارگەی ئارەق، باج کۆکەرەوە، قەلۆشێکی گیرفان ساردوسڕ و هەنکەش کای کۆن بەباکەرە.

کرێنلی پێکەنی و توند پیلی ستیڤنی گوشی و گوتی:

ـ ئیشی کارگەی ئارەق خراپ نی یە.

ستیڤن گوتی: چی دی هەیە دەتەوێت بیزانیت؟

ـ ئەرێ ئێستا حاڵتان باشە؟



ستیڤن بەگەوجی گوتی: ئایا پێمەوە دیارە وابم؟

کرێنلی بەدەم بیرکردنەوە و خەیاڵ بردنەوەوە گوتی:

ـ کەواتە، ستیڤن لە کۆشی پڕ ناز و نیعمەت لە دایك بوویت.

ئەو قسەیەی پان و درێژ کردەوە هەروەك زۆرجاران زاراوە هونەری یەکانی بەم شێوەیە بەکاردەهێنا، دەتگۆت حەز بەوە دەکات وا لەگوێگرەکەی بکا تێ بگات کە ئەو ئەم وشانە بە بێ بڕواییەکی تەواو بەکاردێنێ. پاشان گوتی:

ـ بێ گومان دەبێ دایکت زۆر تاڵی و سوێری چێژتبێ. ئایا تۆ هەوڵ نادەیت لەم ئەشکەنجەیە ڕزگاری بکەیت، تەنانەت ئەگەر... یا تۆ ڕازیت بەوەی؟

ستیڤن گوتی: ئەگەر بمتوانیبایە، ئەوە لەلام زۆر هاسان بوو.

کرێنلی گوتی: کەواتە وا بکە. چۆن ئەو حەز دەکات وا بکە. ئەوە شتێکی ئاسانە لای تۆ، وانی یە؟ خۆ تۆ باوەڕت پێ ی نی یە. ئەوە تەنها ڕواڵەتە و هیچی دی. جا بەم چەشنە مێشکی دەحەسێنیتەوە.

هەرکە ستیڤن وەڵامی نەدایەوە، ئەو لە قسەکردن وەستا و بەبێ دەنگی مایەوە پاشان وەك بیەوێت ئەو بیرانەی لە مێشکی دەخوولانەوە دەربڕێ گوتی:

ـ هەرچی یەك لەم دنیا گوواوی یە بۆگەنە گومان لێ کراوبێت، خۆشەویستی دایك گومانی لێ ناکرێت. دایکت تۆ دێنێتە ئەو دنیایە دوای ئەوەی کە تۆی لەناو لەشی خۆی هەڵگرتووە. ئێمە چی دەربارەی هەست و نەستی ئەو دەزانین، بەڵام هەرچیەکی ئەو هەستی پێ بکات، هەر هیچ نەبێ دەبێ ڕاست بێت. دەبێ وابێت. بیروڕا و ئارەزووی ئێمە چین؟ گاڵتە و گەپ. بیروڕا! تەنانەت ئەو بزنە چەپەڵە بەقارە قارەش، تێمپڵ، بیروڕای هەیە! (ماك کان) یش بیروڕای هەیە. هەر گێلیك بەڕێگادا بڕوا وادەزانی بیروڕای هەیە.

ستیڤن کە گوێ ی بۆ مانا شاراوەکانی پشت وشەکانی شل کردبوو، بەکەمتەرخەمی یەکی ڕاستەقینە گوتی:

ـ پاسکاڵ، ئەگەر تەواو لە بیرم مابێت، لێ نەدەگەڕا دایکی ماچی بکات چونکە لەبەیەك گەیشتنی ڕەگەزی وێ دەترسا.

کرێنلی گوتی: پاسکاڵ بەراز بوو.

ستیڤن گوتی: وابزانم (ئەلۆیسیس گۆنزاگە)[١٦٩] ش هەمان ڕای هەبوو.

١٦٩. ئەلۆیسیس گۆنزاگە (١٥٦٨ ـ ١٥٩١) حەزرەتێکی جزوێتی یە و شوانکارەی گەنجانە.

کرێنلی گوتی: کەواتە ئەویش بەرازێکی تر بوو.

ستیڤن بە پەسندنەکردنەوە گوتی: بەڵام کلێسا ئەو بە حەزرەت دادەنێت.

کرێنلی بەوشکی و بێ تامی گوتی:

ـ من بای تۆزقاڵێك گوێ بەوە نادەم کە چەپەڵێك بە چی ناوی دەبات. بەڵام من بە بەرازی ناودەبەم.

ستیڤن بەوردی وشەکانی لە مێشکی خۆی ئامادە کرد و بەردەوام بوو:

ـ (یەسوع)یش هەروا لەپێش خەڵکی بە نەرم و نیانیەکی نیوەچڵ لەگەڵ دایکی ڕەفتاری کردووە، بەڵام (سواریز)[١٧٠] کە ئایینزانێکی جێزوێتی یە و خانەدانێکی ئیسپانی یە پاکانەی بۆ کردووە.

کرێنلی پرسی: ئەرێ هەرگیز وات بە بیرداهاتووە کە یەسوع بەڕاستی وەك ئەوە نەبوو کە خۆی نیشان دەدا؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە: یەکەم کەس کە ئەو بیرەی بە مێشك داهاتووە یەسوع خۆی بوو.

کرێنلی گوتی:

ـ مەبەستم وایە ئایا تۆ هەرگیز ئەو بیرەت بە مێشکدا هاتووە کە ئەو بەخۆی هەستی بەدووڕوویێتی خۆی کردووە. ئەرێ جوولەکەکانی سەردەمی خۆی بەچی ناوبردووە: بەگۆڕە سپی کراوەکان؟ یان، با ئاشکراتر بڵێم، زانیویەتی کە بەخۆی سلۆرتە؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە:

ـ هەرگیز ئەو بیرەم بەمێشکدا نەهاتووە. بەڵام زۆر بە پەرۆشم بزانم ئایا دەتەوێت من بهێنیتەوە سەر ڕێ یان بەخۆت لە ئایین هەڵگەڕێیتەوە؟

ڕووی بۆلای دەم و چاوی هاوڕێکەی وەرگێڕا و بزەیەکی کاڵی تیا بەدی کرد کە ئەویش هەوڵی دەدا بەهۆی هێزی ئەڤانی بیکاتە شتێکی گرنگ.

کرێنلی یەکسەر بەدەنگێکی زری پڕ لە هەست و نەست پرسی:

ـ توخوا ڕاستم پێ بڵێ، ئەرێ ئەو قسانەی من هیچ تۆی شڵەژاند؟

---

١٧٠. سواریز (١٥٤٨ ـ ١٦١٧) فرانسیسکۆ سواریز، حەزرەت و ئایینزانێکی جێزوێتی یە کە سەرنجی خۆی دەربارەی ئەو وشانە دەربڕیوە کە دەڵێ: ((ئافرەت من لەگەڵ تۆ چی بکەم)) (ئینجیلی جۆن: بەشی دووەم: دێری چوارەم)



ستیڤن گوتی: تا ڕادەیەك.

کرێنلی بەهەمان شێوە دەنگ بەدوواداچوو:

ـ ئەدی بۆ شڵەژایت مادام لەوە دڵنیایت کە ئایینەکەمان درۆیە و یەسوع کوڕی خودا نییە؟

ستیڤن گوتی:

ـ من تەواو لەوە دڵنیا نیم. ئەو پتر لە کوڕی خوا دەچێت نەك کوڕی مریەم.

کرێنلی پرسی:

ـ بڵێ هەر لەبەر ئەوەشە قوربانی پیرۆز وەرناگرێت چونکە تۆ لەوە دڵنیا نیت. چونکە تۆ هەست دەکەیت کە ڕەنگە قوربانیەکە خوێن و جەستەی خوا بێت نەك لەتەنانێك؟ لەبەرئەوەی لەوە دەترسیت نەوەك بەڕاستی ئەمە وابێت؟

ستیڤن بەهێمنی یەوە گوتی:

ـ بەڵێ من وا هەست دەکەم و لەوەش دەترسم.

کرێنلی گوتی: تێگەییم.

ستیڤن بەکۆتایی هاتنی گفتوگۆکە پەشۆکا، جا دەم و دەست بەردەوامی بە گفتوگۆکردن دایەوە و گوتی:

ـ من لەزۆر شت دەترسم: لە سەگ، لە ئەسپ، لە چەکی ئاگرهاوێژ، لە دەریا، لە ڕەشەبای بروسکەدار، لە ئامێرسازی و لە ڕێگای لادێ ی شەوان.

ـ بەڵام بۆ لەو لەتەنانە دەترسیت؟

ستیڤن گوتی:

ـ چونکی وا هەست دەکەم کە ڕاستی یەکی وێرانکەر لەپشت ئەو شتانەوە هەیە کە دەڵێم لێ یان دەترسم.

کرێنلی گوتی:

ـ کەواتە لەوە دەترسیت کە خوای کاسۆلیکە ڕۆمانەکان تۆبزی مەرگت لێ بوەشێنێ و نفرینت لێ بکات ئەگەر شتێکی دژ بە ئاینت کرد و شتە پیرۆزەکانت گڵاو کرد؟

ستیڤن گوتی:

ـ خودای کاسۆلیکە ڕۆمانەکان هەنووکەش لەدەستی دێ وا بکات. من لەوە پتر لەو کارتێکردنە کیمیاویە دەترسم کە لەوانەیە لەناو ڕۆحم دا ڕووبدات لە ئەنجامی ڕێزگرتنێکی درۆزن لەو هێمایەی کە لەپشتیەوە بیست سەدە لە دەسەڵات و شکۆداری کەڵەکە کراوە.

کرێنلی پرسی: ئینجا تۆ لەژێر ئەو بارە پڕ مەترسی یە مەزنەدا، دەتەوێت شتە پیرۆزەکان گڵاو بکەیت؟ بۆ نموونە ئەگەر هاتبا لەو چاخانەدا ژیابایت کە سزادان باو بوو؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە:

ـ من ناتوانم وەڵامی ڕابردوو بدەمەوە. ڕەنگە نەتوانم.

کرێنلی گوتی: کەواتە، خۆ نیازت وانی یە ببیتە پرۆتستانت؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە:

ـ من کە گوتم بڕوای خۆم ون کردووە، خۆ نەم گوت ڕێزی خودی خۆشم ون کردووە. ئایا چ جۆرە سەربەستی یەك لەوە وەدەست دێنم کە شتێکی بێ مانا جێ بهێڵم کە لۆژیکی تر و پتەوترە و باوەش بۆ شتێکی تر بکەمەوە کە نالۆژیکی و سەرپچڕترە؟

لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون تا گەیشتنە لای ئەنجوومەنی ناوچەی (پێمبروك)، جا هەرکە بەکاوەخۆ لەناو کۆڵانەکان پیاسەیان دەکرد، دار و درەخت و چەپکە تیشکی رژاوی ڤیلاکان مێشکی یان هێور دەکردەوە. ئەو ئاو و هەوا پڕ سامان و بەختەوەری یەی دەوروبەریان واپێ دەچوو هەستی نەداری و نەبوونی یان دامرکێنێتەوە. لەپشت تانۆکێکی درەختی غارەوە، ڕوناکی پەنجەرەیەك دەبریسکایەوە و گوێشیان لە دەنگی خزمەتکارێك بوو کە لەگەڵ چەقۆ تیژکردنەوە گۆرانی دەگوت. بە ئاوازێکی کورت و پچڕپچڕ تێ ی هەڵ کردبووە گۆرانی (ڕۆژی ئۆگرێدی).

کرێنلی وەستا تا گوێ ی لێ بگرێ گوتی: Mulier cantat[171]

جوانی یە ناسکەکەی وشە لاتینی یەکە تاریکی ئێوارەی بە پەنجە لێ گرتنێکی ناسکتر و تامەزرۆکەرتر لە لەرەی مۆسیقا یا دەستی ئافرەتێك سەرمەست دەکرد و دەگرتەخۆ. ململانێ ی ناو مێشکیان دامرکێنرایەوە. نیگای ئافرەتێك وەك ئەوەی کە لە پێڕەوێکی ئایینی کڵێسا دەربکەوێت بەهێمنی بەناو تاریکی یەکەدا تێ پەڕی. نیگایەك کە ڕۆبێکی سپی لەبەر بوو و باریك و گچکە بوو وەك منداڵ. هەروەها پشتێنێکی نەرم و شلی لەپشت بەستبوو. دەنگی وەك دەنگی منداڵ ناسك و تیژ بوو و لەناو کۆرسێکی دوور دەنگی دەدایەوە. یەکەمین وشەکانی ئەو ئافرەتە جەرگی تاریکیەکە و هەراوزەنای ئاوازە بەسۆزەکەی بەرایی شەق دەکرد.

---

١٧١. ماناکەی: ((ئافرەتێك گۆرانی دەڵێت)) ئەو وشانە هی گۆرانی سەرکەوتنی ڕۆژی یەکشەمەی پیرۆزن و دێنەوە بیر ستیڤن کە لە ئاهەنگی ئەو یەکشەمەیەدا ئافرەتێك لە ڕۆڵی نۆکەرێك دا گۆرانی دەڵێت.



ـ Et tu cum Jesu Galilaeo eras[172].

ئەو دەنگە کە وەك ئەستێرەیەکی شۆخ دەدرەوشایەوە، هەموو دڵێکی هێنایە لەرز و گشتیان ڕوویان تێ کرد، کە دەنگە تیژەکەی تێ ی هەڵ دەکرد بەورشەتر دەبوو، کزتریش دەبووە کە ڕەوتەکە بەرەو کپی دەچوو.

گۆرانی یەکە وەستا. پێکەوە ملی ڕێ یان گرتەبەر. کرێنلی بەڕەوتێکی توند و بەهێز کۆتایی دوابەندەکانی دەگوتەوە:

**کاتێك لێکتری مارە دەکرێین**

**ئۆ، ئای چەند بەختەوەر دەژیێن**

**چونکە من ڕۆزی ئۆگرێدی ناسکم خۆش دەوێ**

**دڵی ڕۆزی ئۆگرێدیش هەر منی دەوێ.**

ئەو گوتی: ئا ئەوەیە شیعری ڕاست. ئا ئەوەتا خۆشەویستی ڕاستەقینە.

بەتێ ی چاوێکەوە تەماشایەکی ستیڤنی کرد و بەبزەیەکی سەیرەوە گوتی:

ـ ئایا تۆ ئەوە بە شیعر دادەنێیت؟ یان ئەرێ دەزانی مانای ئەو وشانە چی یە؟

ستیڤن گوتی: یەکەم جار دەمەوێ (ڕۆزی) ببینم.

شەپقەکەی هاتبووە سەر ئەنێ یەی. بۆ دواوە پاڵی بە شەپقەکەوە نایەوە. لەبەر سێبەری دارەکان ستیڤن دەم و چاوە زەردەکەی بینی کە بە تاریکی چواردەوری درابوو، هەروەها چاوە ڕەشە گەورەکانیشی دەبریسکانەوە. بەڵێ. دەم و چاوی ڕێکە و جەستەی بەهێز و پتەوە. باسی خۆشەویستی دایکی بۆ کردبوو. کەواتە هەستی بەئێش و ئازاریان کردووە و هەستیشی بەبێ هێزی لاشە و ڕوحیان کردووە. بە بازوو ئەستوورە بەهێزەکانی دەیان پارێزێ و سەریشی لەئاستیان کەچ دەکات.

کەواتە بادوور بکەومەوە: کاتی ئەوە هاتووە بڕۆم. دەنگێك بەنەرمی لەگەڵ دڵە تەنیاکەی ستیڤن دەدوا و داوای لێ دەکرد بڕوات، هەروا پێیشی ڕادەگەیاند کە هاوڕێیەتیەکەی بەرەو نەمان دەچێت. بەڵێ، ئەو دەڕوات. لەتوانایدا نەماوە دژ بە یەکێکی تر خەبات بکات. ئەویشی خۆی چاك دەزانێت. ئینجا گوتی:

---

١٧٢. ماناکەی: ((تۆش لەگەڵ مەسیح بوویت ئەی گالیلی)).

ـ لەوانەیە من بچمە دەرەوە.

کرێنلی پرسی: بۆ کوێ؟

ستیڤن گوتی: بۆ ئەو شوێنەی بتوانم بیگەمێ.

کرێنلی گوتی:

ـ بەڵێ، لەوانەیە زۆر زەحمەت بێت بۆ تۆ لێرە بژیت. بەڵام ئایا ئەوە وات لێ دەکات بڕۆیت؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە: پێویستە بڕۆم.

کرێنلی بەردەوام بوو:

ـ چونکە تۆ ناتەوێت وەك بەزێنراوێك یا گاورێك یا یاخی بوویەك تەماشا بکرێیت ئەگەر نەتەوێ بڕۆیت. زۆر کەسی بڕواداریش هەن هەروەك تۆ بیردەکەنەوە. ئایا ئەوە سەرت لێ سوڕدەهێنێ؟ کڵێسا نە ئەو خانووە بەردینەیە و نە قەشەیە و نە بڕوا وشکەکانیشە. کەچی کڵێسا سەرپاکی هەموو ئەو شتانەیە کە لەناوی دا لە دایك دەبن، نازانم تۆ نیازت وایە لەم ژیانەدا چی بکەیت. ئایا دەتەوێ ئەو شتە بکەیت کە ئەو شەوەی لەدەرەوەی وێستگەی (هارتکۆرت ستریت) وەستابووین پێت گوتم؟

ستیڤن بەبێ دەستی خۆی زەردەخەنەیەکی هاتێ بەوەی کە کرێنلی بیرەکانی لەگەڵ شوێنەکان پێکەوە لە یاد ماوە. پاشان گوتی:

ـ بەڵێ، ئەو شەوەی کە نیو سەعاتی خشت لەگەڵ (دۆهێرتی) شەڕە قسەتان بوو لەسەر ئەوەی کە کورتترین ڕێگا لە (سالی گاپ) بۆ (لاراس) کامەیە.

کرێنلی بە سووك کردنێکی هێمنانەوە گوتی:

ـ ئەو دەبەنگە چی دەربارەی ڕێگا لە (سالی گاپ) ەوە بۆ (لاراس) دەزانێت؟ ما چ شتێکی دی لەم بارەیەوە دەزانێت؟ ئای لەو سەرکە تەشتە بێ مێشکەی ئەو.

دایە قاقای پێکەنینێکی بەهاوار.

ستیڤن گوتی: باشە؟ ئەدی ئەوەندەکەی ترت لەبیر ماوە؟

کرێنلی پرسی: ئەوەی تۆ گوتت؟ بەڵێ، لەبیرمە. بۆ ئەوەی شێوە ژیانێك یا هونەرێکی وا بدۆزیتەوە کە بەهۆیەوە بتوانیت رۆحت لە ئازادیەکی کۆت نەکراودا دەربڕیت.

ستیڤن بەدان پیانان و سوپاسمەندی یەوە شەپقەکەی بۆ بەرزکردەوە.

کرێنلی دووبارەی کردەوە:

ـ ئازادی! بەڵام هێشتا ئەوەندە ئازاد نیت تا شتی پیرۆز گڵاو بکەیت. پێم بڵێ، دزی دەکەیت؟



ستیڤن گوتی: باشتر وایە پێش ئەوەی وابکەم دەرۆزە بکەم.

ـ جا ئەگەر هیچت دەست نەکەوت، دزی دەکەیت؟

ستیڤن وەڵامی دایەوە:

ـ دەتەوێ بڵێم مافی موڵکدارێتی شتێکی کاتییە و لەهەندێ باری دیاریکراودا دزی کردن شتێکی قەدەغە نی یە. هەموو کەسێکیش بەپێ ی ئەو یاسایە ڕەفتار دەکات. هەر بۆیەش وەڵامی ئەو پرسیارەت نادەمەوە. ئەوەش لەگەڵ قسەی ئایینزانی جێزوێتی (خوان ماریانا دی تەلەڤیرە)[١٧٣]دا یەك دەگرێتەوە کە بۆت ڕوون دەکاتەوە لە چ بارێکدا تۆ بەڕەوایی دەتوانیت (شا)ی خۆت بکوژیت یا باشتر وایە ژەهر بکەیتە ناو پەرداخێیەوە یا جلکی یا سەرزینی ئەسپەکەی پێ چەور بکەیت. لەجیاتی ئەوە لێم بپرسە ئایا ڕێگا بدەمە خەڵکی تر دزیم لێ بکەن، یا ئەگەر هاتوو وا بەرامبەرم جوولانەوە، دەبێ ئەو شتەیان لەسەر بسەپێنم کە وابزانم پێ ی دەگوترێ سزای دنیایی؟

ـ ئایا وا دەکەیت؟

ستیڤن گوتی:

ـ وا بیردەکەمەوە کە ئەوەش بارتەقای ئەوە ئازارم دەدا ئەگەر لێ بگەڕێم دزیم لێ بکەن.

کرێنلی گوتی: لەمەبەستت گەیشتم.

شقارتەکەی دەرهێنا و دەستی کردە خاوێن کردنەوەی کەلێنی ددانەکانی، پاشان بەکەمتەرخەمی یەوە گوتی:

ـ بۆ نموونە، پێم بڵێ ئەرێ کیژێکی جاحێڵی پاك کوون دەکەیت؟

ستیڤن بەڕێزەوە گوتی:

ـ ببوورە، ئایا ئەوە ئاواتی زۆربەی گەنجە ماقوولەکانمان نی یە؟

کرێنلی پرسی: کەواتە تێ ڕوانینی تۆ چین؟

دوا واژەی کرێنلی ورەڕووخێن و بۆن تیژ بوو وەك بۆنی خەڵوزی ڕووەکی و مێشکی ستیڤنی وروژاند و واپێ دەچوو کە چرەدووکەڵەکەی بەسەریدا هەڵنیشتبوو.

---

١٧٣. خوان ماریانا: لەساڵی (١٥٣٧) دا لە تەلەڤێرە لەدایك بووە. کتێبی ( De Rege et Regis Institutione) ی نووسی. لەبارەی ئەو کاتانەی کە دەشێ ژێردەستەیەك (شا)ی خۆی بکوژێ. شا (فیلیپی سێ یەم) کە کتێبەکەی پێشکەشکرا، پشتی ماریانای گرت، بەڵام ئەو کتێبە لە وڵاتانی تر زۆر بەتووندی تاوانبار کرا ـ بەتایبەتی لە فەرەنسا.

پاشان گوتی:

ـ گوێ بگرە، کرێنلی. تۆ لێت پرسیم من چی دەکەم و چی ناکەم. منیش پێت دەڵێم چی دەکەم و چی ناکەم. من خزمەتی ئەو شتە ناکەم کە چیتر بڕوام پێ ی نی یە، ئینجا ماڵی خۆمان بێ، نیشتیمانم بێ یا کڵێساکەم. هەروا من تێ دەکۆشم ئەوەندەی بتوانم خۆم لەناو شێوە ژیانێك یا هونەریك بە ئازادی و بە تەواوەتی دەرببڕم و بۆ بەرگری کردنیش لەخۆم ئەو تاقە چەکانە بەکاردێنم کە خۆم ڕێگای بەکارهێنانیان دەدەم ـ ئەوانیش بێ دەنگی و گۆشەگیری و ئایین و ئۆینن.

کرێنلی قۆڵی گرت و بەرەو ئەولا سوڕاندی تا بەرەودوا بۆ لای (لێسن پارك) ببیات. بەنیمچە دزییێکەوە پێ دەکەنی و پیلی ستیڤنی بە هەمان سۆزی گەورە پیاوان دەگوشی. ئینجا گوتی:

ـ بەڕاستی بە ئایین و ئوینی! ئایا ئەوە خۆتی؟ تۆ ئەی شاعیری بەسەزمان!

ستیڤن بەقۆڵ گوشینەکە هەڵچوو و گوتی:

ـ تۆ ناچارت کردم دانت بۆ پیابنێم، هەروەك دانم بەگەلێ شتی تر بۆت ناوە، وانی یە؟

کرێنلی کە هێشتاش کەیف خۆش بوو گوتی: بەڵێ، ڕۆڵە.

ـ تۆ وات لێ کردم کە دان بەهەموو ترسەکانم بنێم. بەڵام با ئەوەشت پێ بڵێم کە لە چ شتێك ناترسم. من لەوە ناترسم کە تەنها بم یان بەڕیسوایی کردنەوە دەست بەڕوومەوە بنێن، یان ئەو شتانە بەجێ بهێڵم کە دەبێ بەجێ یان بهێڵم. من لەوەش ناترسم کە هەڵە بکەم، تەنانەت هەڵەیەکی مەزن ـ هەڵەیەك، کە بەدرێژایی تەمەن بەردەوام بێ و بەقەد بەردەوامی سەرمەدیەت درێژە بکێشێت.

کرێنلی ئێستا دیسان بە سەنگینی هەنگاوەکانی خاو کردەوە و گوتی:

ـ بەتەنها، تەواو تەنها. تۆ لەوە ناترسیت. ئایا دەزانی مانای ئەو وشەیە چی یە؟ نەك تەنیا لەخەڵکی دابڕێت بەڵکو تەنانەت تاقە هاوڕێیەکیشت نەبێت.

ستیڤن گوتی:

ـ من خۆم لەقەرەی ئەو مەترسی یە دەدەم.

کرێنلی گوتی: تەنانەت تاقە کەسێکیشت نەبێت، ئاخۆ دەبێ کێ لە هاوڕێ لەپێشتر بێت. هاوڕێ مەزنترین و ڕاستگۆترین کەسی مرۆڤە.

لەوشەکانی یەوە وا دەردەکەوت کە ئەو قسانە لە تەلیکی قوولّی دەروونی دێنە دەرەوە. ئەرێ باسی خۆی دەکرد، باسی خۆی وەك هەبوو یا حەزی دەکرد ببێت؟ ستیڤن چەند تاوێك



بەبێ دەنگی تەماشای دەم و چاوی کرد. خەمێکی سارد لەسەر دەم و چاوی دەبینرا. ئەو باسی خۆی دەکرد، باسی ئەو تەنهاییەی لێ ی دەترسا.

ستیڤن سەرەنجام پرسی: ئەرێ دەربارەی کێ دەدوایت؟

کرێنلی وەڵامی نەدایەوە.

* * *

(٢٠)ی خاکەلێوە.[174]

گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەگەڵ کرێنلی دەربارەی یاخی بوونم.[175] ئەو بە ڕەفتاری سەنگینی و من بەدڵنەرمی و زارشیرینی. ڕەخنەی توندی لێ دەگرتم دەربارەی خۆشەویستی مرۆڤ بەرامبەر دایکی. ویستم دایکی بێنمە بەرچاوم: نەمتوانی. لەتاوێکی بێ ئاگایی دا پێ ی گوتم کە باوکی لە تەمەنی (٦١)ساڵیدا ئەوی بوو. دیمەنی باوکی وا لەبەرچاومە. جوتیارێکی کەتە. جلێکی بەڵەکی لەبەرە. پێ پانە. ڕدێنێکی بەگڵوازەی گنجی گنجی، لەگوینە بەردەوام بچێتە تەماشای یاری شەڕەسەگ، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەڵام نەك بە فرەیی باج دەداتە (دوایەر)ی مەڵبەندی (لاراس). هەندێ جار پاش ئەوەی شەو ڕادەشکێ لەگەڵ کیژۆڵان دەدوێ. ئەدی دایکی؟ زۆر جاحێڵ یا زۆر پیر؟ زۆر زەحمەتە یەکەمیان بێت. ئەگەر وا بوایە کرێنلی ئاوا قسەی نەدەکرد. کەواتە پیرە. لەگوینە، پشتگوێش خرابێت. هەر ئەوەشە هۆی نائومێدی ڕۆحی کرێنلی: ڕۆڵەی ناولینگانە ماندووەکان.

---

١٧٤. لەبەرئەوەی ناوی مانگە ئینگلیزی و کوردی یەکان بەرێکی بەرامبەر یەك ناوەستنەوە، بە پێویستم زانی ئەو ڕوونکردنەوەیە بنووسم. مانگی کوردی بەشێوەیەکی ئاسایی لەپاش (٢٠)ی مانگەکانی ئینگلیزی دەست پێ دەکەن، چونکە سەری ساڵی کوردی هەموو ساڵێك لە (٢١)ی مارت دەست پێ دەکات کە ئەو ڕۆژە دەبێتە نەورۆز. کە ئەو جەژنەش بەپێ ی ڕۆژژمێری کوردی دەکەوێتە مانگی خاکەلێوە یان ئاخەلێوە، کە هەر ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژە لە ساڵنامەی کوردی، پاشی ئەوە مانگەکان بەم شێوەیە دێن:
خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردان (یا گولان)، پووش پەڕ، خەرمانان، گەلاوێژ، ڕەزبەر، گەڵاڕێزان، سەرماوەز (یا سەرماوەرز)، بەفرانبار، ڕێبەندان، ڕەشەمە.

١٧٥. ئەو بەشانەی دادێ لەڕۆمانەکە بریتیین لە بیرەوەریە تۆمارکراوەکانی ستیڤن کە بە شێوازی بروسکەیی (telegraphic style) نووسراوە بەر لەوەی ئیرلەندا جێ بهێڵێ و بچێتە فەرەنسا. ئەگەرچی کە ئەو بیرەوەریانە بەشێکی کورتن لەو ڕۆمانە، بەڵام یەگجار گرینگن.

(٢١)ی خاکەلێوە. سەر لەبەیانی.

دوێنێ شەو لەناو نوێن بیرم لەوە کردەوە. زۆر تەمبەڵ و زۆر بێ ڕوو بووم بۆ درێژەدان بەو مەسەلەیە. بێ ڕوو، بەڵێ. ئەو ناولینگانە ماندووانە هی (ئیلیزابیث و زاخاری) بوون. کەواتە ئەو موژدەدەرە.[١٧٦] کورتە هەواڵێك: خۆراکە سەرەکی یەکانی ئەو بریتین لە ورگی بەراز و لەتکە هەنجیر. خوێندنەوەشی لەبارەی کوللە و شەمەتلێنکەیە هەروەها کە بیری لێ دەکەمەوە هەمیشە سەرێکی بڕاوی ڕەق یان دەمامکی مردنم دێتە پێش چاو کە لەسەر پەردەیەکی خۆڵەمێشی یان گوڵی مینا دانراوە. ئەندامانی هەوێزی کلێسا بە سەرپەلدراو ناوی دەبەن. تاڕادەیەك حەزرەتی (جۆن) شڵەژاندمی کە ئاهەنگی یادکردنەوەی زۆر نزیك کەوتۆتەوە[١٧٧] بڵێ کێ دەبینم؟ موژدەدەرە سەربڕاوەکە کە دەیەوێت کلۆمێك بکاتەوە.

(٢١)ی خاکەلێوە. شەو

ئازاد. گیان ئازاد و خەیاڵ ئازادم. با مردوو مردوو بنێژێت. بەڵێ، با مردوو مردوو مارە بکات.

(٢٢)ی خاکەلێوە.

لەگەڵ لینچ بەدوای سستەرێکی خڕوپڕی نەخۆشخانە کەوتین. ئەوە لەسەر ڕای لینچ بوو، من حەزم نەدەکرد. دوو تاژی برسی لەڕ بەدوای مێنگینێك کەوتوون.

(٢٣) ی خاکەلێوە.

دوای ئەو شەوە کیژەم نەدیتەوە. نەساغە؟ ڕەنگە لەبەر گۆڕکە دانیشتبێ و چارۆگی دایکی بەسەر شانی دادابێت. بەڵام ئەوە مرۆڤ بێزار ناکات. لەگەنێك پیرخەنی پەڕشتەی بەتام؟ ناتەوێ ئێستا؟

(٢٤) ی خاکەلێوە.

کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ دایکم. بابەت: حەزرەتی مریەمەی داوێن پاك. گەنجێتی و زایەندام کۆسپن لە ڕێم. تا خۆم قورتار بکەم پەیوەندی نێوان یەسوع و پاپام بە نموونە

---

١٧٦. موژدەدەر: مەبەست لە حەزرەتی (جۆن بابتیست)ە کە ناردرا بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ هاتنی مەسیح. بەڵام گیرا و سەری پەلدرا.

١٧٧. مەبەست لە ئاهەنگی یادکردنەوەی حەزرەتی (جۆن بابتیست) ە کە لە (٦ ی جۆزەردان) دەگیرێ بەبۆنەی خواپاراستنی حەزرەتی جۆن لە مەرگ.



هێناوە دژ بەو پەیوەندی یانەی لەنێوان مریەم و کوڕەکەی هەبوو. گوتم ئایین وەك نووستن لە خەستەخانە نی یە. دایکم زۆر سینگ فراوان بوو. پێ ی گوتم کە من مێشکێکی عەنتیکەم هەیە و زیاد لە پێویستیشم خوێندۆتەوە. ڕاستی یەکەی وانی یە. من کەمم خوێندۆتەوە و کەمتریش تێ گەیشتووم. پاشان پێ ی گوتم هەر دەبمەوە بڕوادار چونکە مێشکێکی ڕاڕام هەیە. ئەوە مانای وایە کە لە دەرگای بنەبانی کلێسا بەهۆی گوناه بچیتە دەرەوە و دیسان بەناو کلاورۆژنەی پەشیمانی بێتەوە ناوی. ناتوانم پەشیمان ببمەوە. ئاوام پێ ی گوت و داوای شەش پێنسم لێ ی کرد. بەڵام تەنیا سێ پێنسی دامێ.

پاشان چوومە کۆلیج. زۆرانبازی یەکی ترم لەگەڵ (گێزی)[١٧٨] سەرخڕی گچکەی چاودمۆر کرد. ئەمجارە دەربارەی (برۆنۆ)ی (نۆلان)[١٧٩] بوو. بەزمانی ئیتاڵی دەستمان پێ کرد و بە ئینگلیزیەکی لەنگە[١٨٠] کۆتایی مان پێ هێنا. ئەو گوتی (بڕۆنۆ) گاورێکی نەقوڵا بوو. منیش گوتم زۆر بە سامناکی سووتاندیان. ئەویش لەوەدا لەگەڵ من بوو و کەمێك خەمیشی خوارد. پاشان وەسفێکی ئەوەی بۆ کردم کە پێ ی دەڵێن (risotto alla bergamasca)[١٨١] هەرکە پیتی ناسکی (ۆ) گۆ دەکات لێوە ناسکە بەگۆشتەکانی دێنێتە پێش وەك بڵێ بیەوێ پیتە بزوێنەکە ماچ بکات. ئەرێ کردی؟ ئایا دەشێ پەشیمان بێتەوە؟ بەڵێ. دەشێ. ئینجا دوو دڵۆپە فرمێسکی خڕ لە چاوە پڕ ئایین و ئۆینەکانی بەردەبنەوە. هەر دڵۆپەی لە چاوێك.

لەکاتی تێپەڕبوون بە سەیرانگەی ستیڤن، یان ئەو باغەی پێ ڕاهاتبووم پیاسەی تیا بکەم، بەبیرم هاتەوە کە هاوڵاتیانی ئەو نەك هی من ئەوەیان داهێنا کە دوێنێ شەو کرێنلی پێ ی دەگوت ئایینەکەمان. چوار کەس لەوان، کە سەربازی تیپی پیادەی نەوەد و هەفت بوون، لە پێلینگانی خاچەکە دانیشتبوون و زاریان هەڵدەدا تا بڕیار لەسەر پاڵتۆی لەخاچ دراو بدەن.

---

١٧٨. گێزی: باوکە چارلس گێزی لە زانکۆدا زمانی ئینگلیزی بە جۆیس دەگوتەوە.

١٧٩. برۆنۆی نۆلان: گیرار دۆ بڕۆنۆ: لەساڵی (١٥٤٨) دا لە نزیك ناوچەی بڕونۆ لە دایك بوو، بە تاوانی گاوری لە ساڵی (١٦٠٠) دا لە ڕۆما سوتێنرا، جۆیس زۆر بە بیروڕای ئەو کابرایە دڵگیر بوو.

١٨٠. ئینگلیزی لەنگە: ئەو ئینگلیزی یەیە کە پڕی وشەی چینی و پورتوگاڵی و مالایۆی و زمانانی ترە.

١٨١. ناوی چێشتخانە ئیتاڵی یەکانە.

چوومە پەرتووکخانە. ویستم سێ گۆڤاری ڕەخنەیی بەسەر بکەمەوە. بێ سوودە. کیژە هێشتا دەرنەچووە. ئەرێ ترسم لێ نیشت؟ ترسی چی؟ لەوەی کە کیژە جارێکی دی نەیەتە دەرەوە.

(بلّیك) دەڵێ:

**نازانم ئایا ولیام بۆند دەمرێت**

**چونکە گومانی تێدا نی یە زۆر نەساغە**

**مخابن، ویلیامی بەسەزمان!**

جارێکیان لە (ڕۆتەندا) لەپێش شاشەیەك وەستام. لەوبەری شاشەکە وێنەی سەرکی بەگزادەکان دەرکەوتن. (ویلیام ئێوارت گلادستۆن) لەناو ئەوان بوو، کە هەر ئەوسات مردبوو. ئۆرکێستراکەش ئاوازی (ئۆ ویلی، تۆمان لەدەست چوو)ی لێ دەدا.

ئای ڕەگەزی گێژ و وێژان!

(٢٥) ی خاکەلێوە. سەر لەبەیانی.

شەوێکی خەونە ناخۆشەکان. دەمەوێ لەسەر سینگی خۆم بەلایان بنێم. بانیژەیەکی کەوانەیی درێژ. لەسەر عاردەکەوە ئەستووندەگی هەڵمی ڕەش بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە. پڕاوپڕە لە وێنەی (شا)یە ئەفسانەیی یەکان، کە لە بەرد گیراون. دەستیان، وەك نیشانەی ماندوویی، لە چۆکیان وەرهێناوە و چاویشیان ڕەش داگەڕاوە چونکە هەڵەکانی مرۆڤ وەك هەڵمێکی ڕەش لە پێشیان هەتا هەتایە بەرز دەبێتەوە.

نیگای سەیر بەرەو پێش دێن، وەك بڵێ کە لە ئەشکەوت بێنە دەرەوە. ئەوانە هێندەی مرۆڤ درێژ نین. لەوەش ناچێت کە هیچ یەکێکیان دوورەپەرێز لەوەی تر بوەستێت. دەم و چاویان فسفۆری یە، بەلاّم هێڵی کەمێك تاریکیان تیایە. ئەوان لە من ڕادەمێنن و لەوە دەچێ چاوەکانیان شتێکم لێ بپرسن. بەلاّم دەنگ ناکەن.

(٣٠) ی خاکەلێوە

ئەورۆ ئێوارە کرێنلی لەبەر تارمەی پەرتووکخانە بوو، مەتەڵێکی لە دیکسن و براکەی دەپرسی، دایکێك لێگەڕا ساواکەی بکەوێتە ناو (نیل). هێشتاش هەر قەوانی دایك لێ دەدات.



تیمساحێك ساواکەی گرتەوە. دایکەکە داوای لێ کرد بیداتەوە. تیمساحەکە گوتی: دەباشە، ڕازیمە، بەلاّم پێم بڵێ چی لە ساواکەت دەکەم: دەیخۆم یان نەء.[١٨٢]

لیپیدەس[١٨٣] دەڵێ: ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە زادەی ئاو و خاکەکەتە[١٨٤] ئەدی بیرکردنەوەکانی من زادەی چین؟ ئەوانیش وا نین؟ کەواتە قوڕی (نیل) یان بەسەر بێ!

(١) ی بانەمەڕ.

من دوا ڕستەی خۆم پەسند ناکەم.

(٢) ی بانەمەڕ.

کیژەم دیت لە (جۆنستن و موونی و ئۆبرێین) چایە و کێکی دەخوارد. یا ڕاستی یەکەی بڵێم: (لینچ) ی چاوتیژ کیژەی بینی کە تێ دەپەڕین. پێمی گوت کە براکەی کرێنلی بۆ ئێرە بانگهێشت کردووە. دەبێ تیمساحەکەشی لەگەڵ خۆی هێنا بێت؟ ئێستا ئەو ئەستێرەی پڕشنگدارە؟ باشە، بەنهێنی ئەو کەوتم. من لەوە دڵنیام. ئەو لەو جۆرە کەسانەیە کە لەسەرخۆ لەپشت قەسناغێك کەپەکی (ویکلۆ) دەدرەوشێتەوە.

(٣)ی بانەمەڕ.

(دێڤین)م دیت لەنزیك دوکانی چرووەفرۆشێك بەرامبەر کڵێسای (فیندلاتەر)، بلووزێکی ڕەشی لەبەردابوو و گۆپالێکیشی لەدەست بوو. لێ ی پرسیم ئایا ڕاستە کە دەچمە دەرەوە و بۆچ دەچم. پێم گوت کورترین ڕێگا بەرەو (تارا)* ڕێگای (هۆلی هێد)*ە. هەر ئەوسات باوکم بەسەردا هات. پێکم ناساندن. باوکم بەڕێز و نەریت پەروەر بوو، بە (دێڤین)ی گوت حەز دەکات ساردەمەنی بخوات. (دێڤین) داوای لێ بووردنی لێ ی کرد، چونکە کۆبوونەوەی هەبوو. هەرکە گەڕاینەوە باوکم پێ ی گوتم کە چۆن دڵی (پێنی

---

١٨٢. ئەوە مەتەڵێکی زۆر کۆنە کە وەڵامەکەی وایە، دایکەکە دەڵێ: (تۆ دەیخۆیت).

١٨٣. لیپیدەس: ئیشارەتە بۆ شانۆنامەی (ئەنتۆنی و کیلۆپاترا) بەشی دووەم، دیمەنی حەوتەم، (دێری ٢٩ـــ٣١) کە لەوێ ئەنتۆنی شەڕ لەسەر تیمساح بە لیپیدەس دەفرۆشێت.

١٨٤. لە ئینگلیزی یەکەی دەڵێ: ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زادەی قوڕ و تیشکی خۆری وڵاتەکەتە.

* تارا: پایتەختی کۆنی شانشینی ئێرلەندایە، لەناوچەی (میث) دایە، هێمای ناسنامەی کەلتووری و سیاسی نەتەوەی ئێرلەندیە.

* هۆڵی هێد: لە هەرێمی (وێلز)ە و بەندەری سەرەکی بەریتانی یە لەرووی ئێرلەنداوە.

فیزەر) ی شکاند. ئەو حەز دەکات یاسا بخوێنم. دەڵێ من هەر بۆ ئەو شتە دروست کراوم. قوڕی زێتر و تیمساحی پتر.

(٥) ی بانەمەڕ.

بەهارێکی شێت و شەیدا. گەواڵە هەوری خۆشڕەو. ئای ژیان! جۆگەیەکی تاریکی زۆنگاوێکی گێژەناوییە کە دار سێو گوڵی ناسکی بەسەردا دەبارێنێ. چاوی کێژۆڵان لەناو پەلکی داران. کیژی سەنگین گەمە و یاری دەکەن. هەموویان نازدار و گوڵ ڕەنگین: ئەسمەریان تێدا نی یە. پتر سوور دادەگەڕێن. ئەها!

(٦) ی بانەمەڕ.

بەدڵنیایی کیژە ڕابردووی لەبیر ماوە. لینچ دەڵێ ئافرەت هەموویان وان. کەواتە کیژە کاتی منداڵی خۆی و هی منیشی لەبیر ماوە، ئەوە ئەگەر ڕۆژێکیان منداڵ بووبم. ڕابردوو لەناو ئێستادا تواوەتەوە، ئێستاش تەنها لەبەرئەوە دەژیت چونکە داهاتوو دادەهێنێ. ئەگەر لینچ ڕاست بکات، پێویستە سەرتاپای پەیکەری ئافرەت بەقوماشی ئەستووری لۆچدار داپۆشرێ چونکە ئەوان هەمیشە بە هەستێکی پەشیمانی یەوە دەست لە دواوەی خۆیان دەگێڕن.

(٦)ی بانەمەڕ. پاشتر

(مایکڵ ڕۆبەرتز)[185] جوانی لەبیرچووی بەبیر دێتەوە، جا کاتێك باوەشی پێدا دەکات، ئەو جوانی یە لە باوەش هەڵدەگوشێت کە ماوەیەکی دوورودرێژە لە جیهاندا ئاوابووە. ئەوە نا. هەرگیز ئەوە نا. من تامەزرۆی ئەوەم ئەو جوانی یە لە باوەشم هەڵگوشم کە هێشتا نەهاتۆتە دنیا.

(١٠) ی بانەمەڕ.

لەژێر باڵی شەوی قورس، لەناو خامۆشی شارە پڕ خەونەکەدا، کە خەویان خەونی لێ فڕیوە، وەك دڵدارێکی ماندوو کە ماچی دولبەرەکەی نایبزوێنێ، دەنگی سمکۆڵی ئەسپان بەلاوازی لەسەر ڕێ وا دەبیسترێ. هەرکە لەپردەکە نزیك دەبنەوە ئەوەندەی بڵێ ی کز دەبێتەوە، جا

١٨٥. مایکل ڕۆبەرتز: ناوی شیعرێکی (یێتس)ە کە سەردێرەکەی ئاوایە: (مایکل ڕۆبەرتز جوانی لەبیرچووی بەبیردێتەوە) لە (کۆمەڵە هۆزانە کۆکراوەکانی) و. ب. یێتس. ل. (٦٩).



لەتاوێکدا بە بەرپەنجەرە تاریکەکان دا تێ دەپەڕن، خامۆشی یەکە لەنکاوڕا دەپچڕێت وەك وابێت تیرێك شەقی بکات. ئێستا دەنگیان لەدوورەوە دێتەبەر گوێ. چەخماخەی سمی ئەسپەکانیان لەنێو ئەو شەوەزەنگە نووتەکەدا وەکو دوڕ و گەوهەر دەدرەوشێتەوە. ئەوا بەپەلە بە پشت کێڵگە خەوتووەکان دا دەڕۆن- بەرەو چ مەبەستێك دەڕۆن؟ ـ ئای چ دڵێکیان هەیە؟ ـ دەبێ چ هەواڵێکیان پێ بێت؟

(١١) ی بانەمەڕ.

ئەوەی دوێنێ شەو نوسیومە بخوێنەوە، وشەی نادیار بۆ سۆزی نادیار. دەبێ کیژە ڕای لێ یان بێت؟ وابزانم ئا. کەواتە دەبێ منیش ڕام لێ یان بێت.

(١٣) ی بانەمەڕ.

لەمێژە وشەی (قۆفك) لە مێشکم دەخولێتەوە. لە فەرهەنگدا بەدوای دا دەگەڕام و دۆزیمەوە کە ئینگلیزی یە ـ ئینگلیزیەکی تەواو کۆن و ڕەسەن. هەی نەفرەت لە ڕاگری لێکۆڵینەوە و ڕەحەتیەکەی بدات! ئەرێ ئەو بۆ ئەمە هاتۆتە ئێرە تا زمانی خۆیمان فێر بکات یان لێمان فێر ببێت. بەهەرحاڵ نەفرەتی خوای لێ بێت!

(١٤) ی بانەمەڕ.

هەر ئێستا (جۆن ئەلفۆنسس مۆلرینان) لە ڕۆژئاوای ئێرلەندە گەڕایەوە. ڕۆژنامە ئاسیایی و ئەوروپییەکان دەی بنوسن. بۆمانی گێڕایەوە کە لە خانووێکی چیایی چاوی بە پیاوێکی پیر کەوت. پیرەمێردێکی چاوسوور کە قەلنەیەکی کورتی پێ بوو، پیرەمێردەکە بە ئێرلەندی دەدوا و (مۆلرینان)یش بە ئێرلەندی لەگەڵی دوا. پاشان پیرەمێردەکە و (مۆلرینان) بە ئینگلیزی کەوتنە قسەکردن. (مۆلرینان) دەربارەی گەردوون و ئەستێرەکان قسەی بۆ دەکرد. پیرەمێردەکە دانیشت. گوێ ی گرت، قەلنەی کێشا، تفی ڕووکرد و پاشان گوتی:

ـ ئاه، کەواتە دەبێ لەوسەری دنیا گیانلەبەری زۆر سەیر و سامناك هەبن. من لەو پیرەمێردە دەترسم. لە قەراغی چاوە سوورە قۆچدارەکانی دەترسم. دەبێ ئەوشۆ تا بەیانی لەگەڵ ئەو بجەنگم، تا ئەو کاتەی یەکێکمان دەمرین. قرتقرتۆکە ماسولکەدارەکەی دەگرم تا... تا چی؟ تا سەرم بۆ دادەنوێنێ؟، نا، نەخێر نامەوێ ئازاری بدەم.

(١٥)ی بانەمەڕ.

ئەمڕۆ بەرێکەوت لە شەقامی (گرافتن) چاوم بە کیژە کەوت. جەنجاڵی یەکە ئێمەی ڕووبەڕووی یەکتر کردەوە. هەردووکمان وەستاین. ئەو لێ ی پرسیم بۆ هەرگیز

نەدەچوومە لای، هەروەها گوتی گەلێ تەرزە چیرۆکی لەبارەی منەوە بیستووە. ئەو هەموو قسانەی بۆ وەدەست هێنانی کات بوو. لێ ی پرسیم: ئایا هۆزان دەنووسم؟ من لێم پرسی: دەربارەی کێ؟ ئەو قسەیەم پتری شێواند و منیش هەستم بە پەشیمانی و پووچێتی خۆم کرد. یەکسەر ئەو مەوجەم گۆڕی و ئامرازی فێنك کردنەوەی قارەمانێتی رۆحیم بەکارهێنا، کە (دانتی ئەلیگیری) دای هێناوە و لە هەموو وڵاتێك گوێ خۆی بردۆتەوە. پاشان بەپەلە دەربارەی خۆم و پرۆژەکانم دوام، لە بەدبەختی خۆم لە ناوەڕاستی قسەکانم گرێشمەیەکی لەناکاوم کرد کە سروشتێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو. دەبێ لەو کەسە چووبم کە چەنگە لۆبیایەك بەهەوادا تووڕ بدات. خەڵکی کەوتنە تەماشاکردنمان. تاوێك پاشتر چەپەکی لەگەڵ کردم و بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی کە ئاواتەخوازە ئەوەی گوتم بەجێ ی بگەیەنم.

هەنکە من ئەو قسانە بە شتێکی هاوڕێ یانە ناو دەبەم، ئەدی تۆ؟

بەڵێ. ئەورۆ حەزم لێ ی کرد. کەم یا زۆر؟ نازانم من حەزم لێ ی کرد و ئەوەش لەلام هەستێکی نوێ بوو. کەواتە ئەگەر وابێت، هەموو شتەکانی تر، هەرچی یەکی بیرم لێ کردبێتەوە و بیرم لێ کردۆتەوە، هەرچی یەکی هەستم پێ کردبێت و هەستم پێ ی کردووە، هەموو ئەوانەی پێش ئێستا، لەڕاستیدا... ئۆ کوڕی باش، واز لەوە بێنە! ئەو بابەتە قەپات بکە!

(١٦) ی بانەمەڕ.

هەڵبێ! هەڵبێ!

جادووی باوەش و دەنگەکان: باوەشی سپی ڕێگاکان و بەڵێنی توند گرتنە ئامێز و باوەشی ڕەشی پاپۆڕە درێژەکان کە بەرەو رووی مانگ وەستاون، کە چیرۆکی نەتەوە دوورەکانیان پێ یە. ئەو باوەشانە کراونەتە وەك ئەوەی بڵێین: وەرە ـ ئێمە تەنیاین. دەنگەکانیش لەگەڵ ئەوان دەڵێین: ئێمە خزم و کەسی تۆین. هەواکەش لەگەڵ دەنگی مۆسیقاژەنەکان قورس بووە کە بانگم دەکەن، من خزمی ئەوانم، جا خۆ ئامادە دەکەن بۆ ڕۆیشتن و لەگەڵ ئەو قسانە باڵە پڕ کەیف و سامناکەکەی نەوجەوانی دەشەکێننەوە.

(٢٦) ی بانەمەڕ.

دایکم جلە نیوداشتە تازەکانم بۆ ڕێك دەخات. دایکم ئێستا لە خوا دەپاڕێتەوە دەڵێت بەشکەم لە ژیانی تایبەتیم دا، دوور لە ماڵ و دۆست و هاوڕێ، تێ بگەم دڵ چییە و هەستەکانی چین. ئامین. یاخوا وابێت. ئەی ژیان، بەخێر بێت! من دەڕۆم تا بۆ ملیۆنەمین



جار ڕووبەڕووی ڕاستی ئەزموون ببمەوە و تا لە کوورەی روحم دا وێژدانە نەخوڵقاوەکەی نەتەوەکەم دابڕێژم.

(٢٧) ی بانەمەڕ.

ئەی پیرە باوك،[١٨٦] ئەی کۆنە داهێنەر، هەنووکە و هەمیشە بەهانام وەرە.

دەبلن ١٩٠٤
تریستا ١٩١٤

١٨٦. پیرە باوك: مەبەست لە دیدالۆسە، ئەو هونەرمەندە ئەفسانەیی یە باڵدارەی کە لە پێشەکی ئەم ڕۆمانەدا بەتەواوی ڕوون کراوەتەوە. پاشان لە ناوەڕاستی ڕۆمانەکە ئیشارەتی بۆ کراوە وەك: (ئەو پێشەزانە مەزنەی کە ناوی ئەوی لێ یە). لەم ڕۆمانەدا ستیڤن دەوری هەردووکیان (دیداڵوس و ئیکارۆس) دەبینی.
دوا تێبینیمان ئەوەیە: هەر چوار بەشی ڕۆمانەکە بە هاوسەنگی یەکی سەرکەوتووانە کۆتایی پێ دێت. بەڵام هی بەشی پێنجەمی ڕوون نەکراوەتەوە. کەچی شێوەی هەڵنانی ڕۆمانەکە وا نووسراوە کە ئەوە پێشنیار دەکات کە هەمان هاوسەنگی بۆ جاری پێنجەمیش ڕوو دەدات.

# فەرهەنگۆك

تێبینی: مانای ئەو وشانەی خوارەوە بەپێ ی بەکارهێنانیان لە دەقی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانەدا لێك دراونەتەوە، نەك بەپێ ی مانا گشتی یە فەرهەنگیەکانیان.

## ئا

ئامێز: باوەش.
ئەستانە: بەردەرگا
ئەشکەفت: ئەشکەوت
ئەفسون: جادوو
ئاودیوکردن: هەڵدانەوە، ئاوا کردن
ئارمووش: ئاوریشم
ئاونگ: شەونم، خوناو.
ئەنگاوتن: پێکان.
ئەستێو: پارچە ئاسنێکی دەم پانە و لە کەوگیر دەچێ، بۆ هەڵگرتن و هەڵگێڕ و وەرگێڕکردنی پەنگر بەکاردێت.
ئەنی یە: هەنی یە، تەوێڵ، نێوچەوان.
ئەشکەنجە: ئازاری قوڕس.
ئەسپەچێوین: ئەسپەدارین.
ئێرەیی پێ بردن: چاو پێ هەڵنەهاتن.
ئەڤانی: ویست، ارادە.
ئاوزینگ دان: گیانەلا.
ئاژێر: زەنگی گەورە.



## ب

بەش: والا، کراوە.
بەبتوونی: بەتەواوی.
بڕست لێ بڕان: توانا نەمان.
بزۆز: چەتوون، چەقاوەسوو.
بوکۆکە: بوکەشوشە.
بەکاوەخۆ: لەسەرخۆ.
بەشێنەیی: بەهێواشی.
بەتالووکە: بەپەلە.
بەردەباز: بەردی بن پێ یان بۆ پەڕینەوە لە تەنکاو.
بێ خش: بێ گومان.
بەبێ حەجمان: بەبێ ئۆقرە گرتن.
بەهاناهاتن: بەفریاکەوتن.
بەرداش: بەردی ئاسیاو.
بەزمگا: جێ ی ڕابواردن، ملهی.
بەلەك: نێوانی پێ و سەرچۆك.
بەسوێ: بەئازار.
بەیاز: جۆرە قوماشێکی سەوزە.
بەرغەبابە: گۆشتی شۆڕبۆوەی بەرگەردن.
بەڕەمەکی: بەشێوەیەکی بێ ڕێز و نابەجێ.
بوغز: ڕق و کینە.
بەشکوم: دەشقەم، بەڵکو.
بادە: مەی.
بەربەرۆژك: بەربەرۆچك، بەرهەتاو.
بەرك: گیرفان.
بەخێوکردن: پەروەردەکردن.
باوان: دایك و باوك.

بن پیل: بن باڵ، بن قۆڵ.
بیژی: زۆڵ.
بەکرێ: بەهێمنی.
بەرەواژ: پێچەوانە، معکوس.
بەرۆك: پێش یاخە، بەرسینگ.
بزۆك: جوولەدار.

## پ

پلار: توانج.
پەڕپووت: دارزاو.
پستەپست: چرپەچرپ.
پشتەوشکێن: بەپشت داگەڕان.
پەنگاو: ئەو شوێنەی کە ئاو لێ ی پەنگ دەخواتەوە.
پەیك: نێرراو، قاصد.
پەسن: پیاهەڵدان.
پەرگە: شوێنێکی لاپەڕ یا لاچەپ.
پەرژین: تەیمان، تانۆك.
پەیژە: قاڵدرمە.
پێڕەو: مەزهەبی ئاینی.
پەردەی ئەعراف: ئەو شوێنەیە کەوتۆتە نێوان دۆزەخ و بەهەشت، لەوێ دا گیانی ئەو گوناهبارانەی کە خوا لێ ی بوردوون ماوەیەك دەمێنێتەوە تا پاك ببنەوە بەر لەوەی بچنە بەهەشت.
پێلینگان: لای پێ.
پاڵەسوودان: پاڵ پێوەنان
پشتێن: پشت بێند.
پرچ: قژ.
پایدۆست: دەست هەڵگرتن لەشتێك.



پنچك: بنجی گیژوگیا.
پێتۆڵ: فێڵباز.
پێوەنان: زیادە هاوێشتنە سەر، (مبالغە).
پەڕاموچە: پەڕی مەل.
پەچە: گەوڕ.
پاشگەزبوونەوە: پەشیمان بوونەوە لە کردنی شتێك.

## ت

تێرکە: دوو هەگبەیە دەخرێتە سەر پشتی گوێ درێژ و وڵاخ بۆ ئاوهێنان.
توور: ترپ.
تامەزۆیی: زۆر حەزکردن لە شتێك.
تیخ تیخەدان: هاندان.
تەزین: سڕبوون لە سەرمان.
تێ وڕوکان: تێ وەرهاتن.
تووك: پەڕاموچە.
تاپۆ: شبح.
تفەڕك: هەر شتێکی پیرۆز کە لەلای یان لەسەر چاکێکەوە هاتبێت وەکو نوقڵ و شتی تر.
تەفرەدەر: فریودەر.
تیرێژ: تیشکی درێژ.
تەوەزەل: تەمبەڵ، زەمتە.
تاژی: تانجی.
تیز پێ کردن: گاڵتە پێ کردن.
تەونی جاڵجاڵۆکە: تەونی کاکڵەموشان.
تەزوو: موچڕك.
تەنکێش: قەبڕغە، کەلەکە.
تنۆك: دلۆپ.

## ج

جادووگەر: ئەفسونباز.

جینگز: توڕەوترۆ.

جل شۆر: کۆڵ کەر.

جۆرك: کیسەیەکی گچکە.

## چ

چاوەچاوبوون: چاوەڕوان بوون.

چەنەچەن: چەنە لێ دان.

چنکەنان: وردکەنان.

چاپەست: قۆری.

چك کردن: وشك کردن.

چەپڵەڕێزان: چەپڵەکۆتانی بە کۆمەڵ.

چتۆیی: چۆن چۆنی.

چەپاڵەدان: یارمەتی دان بۆ سەرکەوتن.

چەو: چەگڵ.

چەتوون: سورتك.

چەشمە: ئاودەسخانە.

چەپەك: دۆقەکردن.

چوغوڵ کردن: زمانی لێ دان.

حەزرەت: پیاوچاك (القدیس).

## خ

خەستەخانە: نەخۆشخانە.

خۆرانگازی: هەتاوبردن.

خم: ڕەنگی شینی تەڵخ.

خڵوەت: خۆ دوورکردنەوە لە خەڵکی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بۆ مەبەستی خواپەرستی.

خدوو پێ گرتن: دەق پێوەگرتن.



خوزی: تف و لیکی ناودەم.

خەنی: شاد و بەختەوەر، شاگەشکە.

خێواندن: پێ گەیاندن، ئاراستە کردن و گەیاندن پێ ی.

خڕ: بازنەیی.

خڕ: گشت، هەموو.

خڕکردنەوە: کۆکردنەوە.

خرێنکە: دوای کشت بادراو، قەیتان.

خۆڵەپۆك: وردەخۆڵ.

خەرتەل: بازی گەورە.

خۆزیا: کاشکا، خۆزگە، بریا.

خۆڕەپێش کردن: خۆ بردنە پێش (بۆ هەر مەبەستێك).

دەشقەم: بەڵکو، بەشکوم.

دەلاقە: پەنجەرە، یان قورتێکە لە دیوار کە دووبەدەر نی یە، تەرەجە.

دەنك: قل.

داسەکنان: ئۆقرەگرتن.

دۆژە: دۆزەخ.

دۆغەوا: جۆرە خواردنێکی شلە کە لە ساوار و ماست و جار وایە ورتکە گۆشت دروست دەکرێت.

دمۆر: الوغد.

دەرپێ قوتە: شۆرتی تۆپانێ.

دەمبەلۆز: ئاسنی یاری پێ کردن بۆ بەهێزکردنی قۆڵ و باسك.

دەهری بوون: کەللەیی بوون، یەکجار تووڕە بوون.

دەلەنگێ: دەشەلێ.

داڵغە لێ دان: خەیاڵ بردنەوە.

دەنگ گڕ: دەنگ ناخۆش.

دامەن: دامێن، خوارەوەی کاڵا یان هەر شتێك.

دارەبازە: دارەمەیت.

دابڕکردن: لێ جیاکردنەوە.

دوبە: قەڵەو.
دوند: لوتکەی لوتکە.

### ر

رەگاژۆ: ڕەگ داکوتاو.
رفۆك: ناپتەو. (هش).
رسکان: فراژوو بوون، پێ گەیشتن.
راز: پەنهان، نهێنی.
رووکەش: ساختە.
ریخ: شیاکە.
راپسکاندن: راتەکاندن.
رەبەن: راهب.
رەژوو: خەڵووز.
راچەنین: راچڵەکین.
رەبەق: خشت، تەواو، بێ زیاد و کەم.
رێشمە: جڵەو.
رەممانە: یان پەرقەندانە: جەژنێکی گەورەی مەسیحیانە، کە بەبۆنەی ئەوەوە ئاهەنگ ساز دەکرێت و هێلکە کەسك و زەرد و سور دەکرێت، کە لەو باوەڕەدان لەو ڕۆژەدا مەسیح ڕاست دەبێتەوە.

### ز

زارجوو: تۆپەڵێك خۆراك یان هەر شتێکی تری پڕ بەدەم.
زار: دەم.
زایەڵە: دەنگ دانەوە.
زوورانەوە: کزانەوە.
زلکەقەسەڵ: لاسکی گەنم یان جۆ.
زایەندام: سێکس.



### س

سەرزەنشت: سەرکۆنە کردن.
سەراودوونان: راونان، بەدواکەوتن.
سەرگرتە: سەرنج، (انطباع).
سەحەر: بەیانی.
ساماڵ: سایەقە، ئاسمانی بێ هەور.
سەکۆ: شوێنێکە کە لەبەر دەرگای ماڵان لە قوڕ دروست دەکرا بۆ دانیشتن، بەڵام ئێستا مانای ئەو وشەیە بەگشتی بۆ شوێنێکی کەمێك بەرزتر لەچاو دەوروبەری خۆی بەکاردێت.
سەراوگە: سەروچاوە.
ساتمەکردن: هەڵەنگوتن.
سپی پات: مەیلەو سپی.
سەرسەدە: سنوور، تخووب.
سوراحی: گومگومە.
سواخ دان: ماڵنج دان، داپۆشین.
سەروسەکوت: ڕوخسار.
سەودا کردن: ئاڵ و گۆڕ، گۆڕینەوە.
سوبڵەتی: جۆرە درەختێکە گوڵی سور دەردەکات و دەنکی سووریش دەگرێت کە وەك گێوژە.
سیان: قوڕەشینکە، لم و لیتەی چڵکاو.
سورتك: چەتوون، چەقاوەسوو.
سووچ: گۆشە، قوژبن.
سێ ینەی پیرۆز: الثالوث المقدس.
سانا: ئاسان.
سواندە: گێسەبانە.
سەهەند: سەرسەخت. لامل.

## ش

شەپکەدار: تەختەدار.

شپرزە: شێواو.

شاگەشکە: یەکجار کەیف خۆش.

شاقاو: هەنگاو.

شێرە: بەلووعە.

شەپۆلۆکە: شەپۆلی گچکە.

شوولك: لقی تەڕ و ناسکی دار و درەخت.

شەموولە: کورتە بالآ.

شەمەتڵێنکە: هەنگوینی هەنگەکێوی.

## ع

عارد: زەوی.

## غ

غژۆل کردنەوە: گلۆل کردنەوە.

غاردان: ڕاکردن.

## ف

فەڕ: بەرەکەت.

فیت فیتە: فیقەنە.

فراوین کردن: نان خواردنی نیوەڕۆ.

فرە: زۆر، زەبەند.

فرێك: قومێك.



## ق

قاچی: مقەسەت، قەیچی.

قاڵی: مافوور، قالیچە.

قەپ: گاز، قەمپار.

قوربانگە: شوێنی قوربانی پێشکەش کردن لە کڵێسا (المذبح).

قەڵبەزە: شەلالێکی گچکە.

قیچێك: تۆزێك کەمێك.

قرمساندن: بەتووندی بەیەکەوە نووساندن.

قۆفك: کۆفك، ڕەحەتی.

قۆغە: پەرداخێکی بەدەسکە کە لە پلاستیك یا فافۆن دروست کراوە.

قۆنگرە: شەپۆلی یەگجار گچکە.

قاقۆل: بوکلە پرچی سەر نێو چەوان و تەپڵی سەر، کاکۆڵ.

قەراڵ: شا.

قەپێلك: قاوغ.

قۆچ: شاخی گیاندار.

قووتە: کوڵەبنە، کورتەبنە.

قیسکەتەنگ: بێ حەوسەڵە.

قەڵانگ: دارێکی درێژە بەزۆری بۆ داوەشاندنی گوێز یا هەنار ڕنین بەکاردێت کە چوکڵەیەکی خوار بۆوەی لە سەرێکی هەیە.

قرغ کردن: قەلاش کردن.

قەلنە: پایپ: دارجگەرەی درێژ.

قەرەپەستە: قەڵەبالغاییەکی گەورە کە مرۆڤ هەست بە پەستان بکات.

قەپاند: فڕاند.

قەوان: جۆرە ئامرازێکی دەنگی بوو کە پێش دەرچوونی تۆمارکەر بەکاردێنرا، پێشی دەڵێن (گرام)، هەروەها بە شریتەکەشی دەڵێن قەوان.

قووچاند: نووقاند.

قوژین: سووچ.

قلنج: جۆرە شمشێرێکی باریکی تیژە.

قرتقرتۆك: خنخنۆك، گەردن.

قەلەموون: عەلەشیش.

## ك

کوارگ: قارچك.

کژۆڵێنەوە: کۆڵێنەوە.

کۆتەڵ: پەیکەر.

کەشکەلانی فەلەك: بەرزترین پنتی ئاسمان.

کڕخەو: شیرین خەو.

کەڤاڵ: تابلۆ.

کۆك: قۆز.

کەزی: پرچی هۆنراوە.

کەڕەنا: بوق: ئامێرێکی مۆسیقی یە.

کۆڕخانە: جێ ی کۆڕگێڕان.

کۆڕەو: بەکۆمەڵ ڕۆیشتن. (المسیرة).

کەڵەگەت: بەژن درێژ.

کۆمڕ: قۆمەتە ڕەژوو.

کەڵەباب: کەڵەشێر.

کرۆك: ناوکی هەر شتێك.

کرێت: ناشرین.

کەپر: سابات.

کەپەك: کە ئارد لە هێللەگ دەدرێت ئەو پەلکە وردانەی دەمێنێتەوە لەناو هێللەگ پێ ی دەگوترێ کەپەك.

کەڵکەڵە: وهم.

کەشەنگ: ماندوو.

کونجڕ کونجڕ: تیخ تیخی زبر.

کەسك: سەوز.



کۆرایی: کوێرایی.

کەلەچەمبەری: کەڵەکەوێت، پۆغام کەر.

کاسەلێس: ئەوەی لەسەر کاسە و کەوڵی یەکێکی تر دەژی و چڵێسە.

کەنگێ: کەی.

کورژ کردنەوە: کرمۆڵە کردنەوە.

کەتە: نەقۆلا، نەفرەجا.

کرێڤ: برای یەکێك بەپێ ی نەریتی ئایینی یان کۆمەڵایەتی، نەك برای ڕاستەقینە.

کوودی: کولەکە.

کەپوو: لووت.

کەوە: شینی ئاسمانی.

کلافە: گلۆڵە.

کەمۆ: زۆرزان.

کولووك: گولی کێوی.

کورتەك: چاکێت.

کەوش: سۆل، (نعل).

کیها: کامە.

## گ

گەڤاهی نامە: شایەتی نامە.

گریمان: فرضیة.

گونەوێڵە: گون.

گلۆوازە: لوولی پرچ.

گوزارە: دەربڕین.

گۆلمێك: مشتێك، چەنگێك.

گرژینەوە: نەرمە خەنینەوەیەکی بێ دەنگە (پتر بۆ منداڵ بەکاردێت).

گنە: منگن، یەکێك کە قسەکانی لە لووت بێتە دەرەوە.

گرنج گرنج: گرێ گرێ.

گۆرین: جاران، هی پێشوو.

گەروو: قوڕگ.
گەچلاند: لۆچاوی کرد.
گچکە: بچووك.
گوجیلە سەگ: تووتکە سەگ.
گازاندە: گلەیی.
گەندەترین: خراپترین.
گەردان کردن: تصرف کردن بەناو و کردار لە ڕێزماندا.
گلێنە: بەشە ڕەنگینەکەی چاوە.
گەدێ: معدە.
گەڕەلاوژە: گۆرانی ووتن بەنۆرە و لەدوای یەك، بەڵام لێرە بەمانای هەراوزەنا دێ.
گڕوو: نەخۆشی گوڵی.
گەف: هەڕەشە.
گاز دەکات: بانگ دەکات.
گۆلم: چەنگ.
گرێشمە: نیشانەی سەر دەم و چاو.
گەوج: گەمژە، گێل.

## ل

لۆژیکی: منطقی.
لەگوینە: لەوانەیە، پێ دەچێت.
لێك ترازان: لەبەریەك دەرهاتن.
لەتەك: لەتەنیشت.
لەهیکڕا: لەنکاوڕا.
لەکن: لەلای.
لەنگەرگا: جێ ی لەنگەرگرتنی کەشتی.
لەگەن: قاپێکی گەورە.
لەکە: لطخة، وصمة عار.
لەهەژمەتان: لەتاوان.



لەباتی: لەجیاتی.
لەڕ: لەغەر، لاواز.
لێژگە: شوێنی لێژایی.
لێ خەفتن: لێ ووردبوونەوە و جوان کردن و تیف تیفەدان.

## م

مەخمەر: قەدیفە.
موشەمما: خێوەتی مێودار.
مەزاق: گاڵتە و قەشمەری.
مێنگین: مانگای بچووکی دووساڵە.
مەندخواز: رواقی.
موژدەدەر: مزگێنی دەر.
مورتك: دەوەنی مۆرد.
مورید: دەروێش، دواکەوتە.
مێمڵ ئاسا: خێو ئاسا.
متەق نەکردن: ورتە نەکردن.
ماهی: عاج: ددانی فیل.
مجرۆبوون: کوێرایی داهاتن.
مڕومۆچی: مۆنی.
مێخ: بزمار، پارچە گۆشتێکی ڕەقە لە پێ دەردەچێت.

## ن

نووتەك: زۆر تاریك.
نەساغ: نەخۆش.
نووزانەوە: کڕوزانەوە.
نوقڵ: شەکرۆکە و چوکلێت.
نانی شێوان: نان خواردنی ئێوارەی درەنگ.

ناورانەوە: پاڕانەوە.
نووشتاندەوە: دانەواندەوە، چەماندەوە.
نقوورڤان: ئەو کەسەی نقومی ژێر ئاو دەبێت بۆ راوی مرواری و دوڕ و شەوچرا.
نەوا: ئاواز.
ناندین: شوێنی نان لێنان.
نۆمینە: نۆ رۆژ لە خواپەرستی.
نەوی: نزم.
نەنگ: کرێت، شورەیی.
نێمدار: شێدار.
ناسۆری: مەینەتی.
نشێو: شوێنی لێژایی.

**ه**

هۆزانڤان: شاعیر.
هەنسك: هەناسەی سارد.
هەڵ تلیشاند: هەڵ زراند.
هەڵاو: گڕ و بڵێسەی ئاگر.
هەوێن: خمیرە.
هان دان: تشجیع.
هێسك: ئێسقان.
هاوزە: هاوزا، هاوتەمەن.
هەنگێ: ئەوکات؛ ئەوسا.
هەنووکە: هەنکە؛ ئێستا.
هۆزان: هۆنراوە.
ستران: گۆرانی.
هزرکردنەوە: بیرکردنەوە.
هەندەران: دوورەوڵاتی؛ دەرەوە.



هەوراز: بەرزایی.
هەشەری: شهوانی.
هێور کردنەوە: هێمن کردنەوە.
هەوریلە: هەوری بچووك.
هەیتە: پۆلیس.
هەڵنان: بناء .
هەڵتوترکان: هەڵترۆشکان.
هەراج کردن: فرۆشتنی بە مەزات.
هەڵبزرکان: رەنگ تێکچوون.
هەڵزۆپان: هەڵدەفان، ئاوسان، پەنمان.
هەراش: گەورە.
هەرهەری: سەرمەدی؛(ابدی).
هەراوزەنا: هات و هاوار، دەنگەدەنگ.

**و**

وەرچەرخان: بادانەوە؛ سورانەوە.
واژی کردنەوە: والآ کردنەوە.
وێرای ئەوە: لەپاڵ ئەوە.
واژۆ: ئیمزا.
وێرگوڵ: فاریزە.(،).
وارسك: غریزە.
واز: زەوق، ئارەزوو.
وێ: راناوی کچە لە کرمانجی سەروو بەکاردێت.
ووشی: هێشوو.